بحران در مرداد در بستر اختلافات جاف و هەورامی، رقابت مکتب قرآن با دیگر جریان‌های سیاسی و مداخله سپاه تشدید می‌شود. پس از کشته‌شدن دو پاسدار در تصادف و انتشار شایعه بمب‌گذاری و سپس درگیری 22 مرداد میان فردی از پاوه و باینگان، شهر در اعتراض به کشته‌شدن فرد پاوه‌ای به اعتصاب کشیده می‌شود. هم‌زمان، نیروهای کماندو به فرماندهی ابوشریف وارد شهر می‌شوند؛ در قوریقه‌لا (قوری قلعه) نیز تحصنی در مخالفت با حضور پاسداران شکل می‌گیرد در شب 26 مرداد، درگیری میان پاسداران و متحصنین قوری‌قه‌لا با کشته‌شدن یکی از متحصنین وارد مرحله مسلحانه می‌شود. نیروهای قوری‌قلعه پاسداران را عقب می‌رانند و تنها پاسگاه ژاندارمری در اختیار پاسداران باقی می‌ماند (مسته‌فایی، 2015 : 88 ـــ 89). در اینجا دو جبهه مخالف شکل میگیرد. متحصنین قوری‌قه‌لا خواهان خودمختاری، خروج پاسداران و تشکیل شورای شهر بودند، در حالی که شورای پاوه که اکثریت آن در اختیار مکتب قرآن بود، مورد حمایت پاسداران بودند و در نتیجه این جنگ پاسداران به فرماندهی چمران شکست و در محاصره می افتند و. این وضعیت باعث صدور پیام خمینی در 27 مرداد ماه میشود و و این آغاز جنگ صلیبی حاکمیت بود علیه کوردستان. و طرفدار پاسداران بود، خواستار تأمین امنیت شهر توسط ارتش و سپاه بودند. در نتیجه جنگ میان متحصنین قوری قه‌لا و پاسداران، از این منظر، شکست نیروهای سپاه در پاوه، پس از بحران‌های مریوان و ارومیه، به نقطه‌ای تبدیل می‌شود که حاکمیت را از مواجهه سیاسی به عملیات نظامی گسترده سوق می‌دهد و زمینه مداخله مستقیم خمینی در منازعه کوردستان را فراهم می‌کند. شکست سپاه پاسداران در پاوه، فرصتی فراهم کرد تا خمینی مداخله مستقیم خود را در منازعه کوردستان به سطحی سراسری ارتقا دهد.

2 ـ 6 ـ تدارك اعلام جنگ صلیبی

خمینی که دیگر تحمل شکست حاکمیت در کوردستان را نداشت، خود مستقیما وارد میدان شد و رهبری مقابله با کوردستان را بر عهده گرفت. اخبار پاوه از 25 مرداد، خمینی را به‌شدت آزرده کرده بود؛ از این تاریخ وارد مرحله‌ای تازه شد و به مدت چهارده روز، بدون وقفه، از طریق صدور احکام نظامی، ارسال پیام، ایراد سخنرانی و تبلیغات رادیو تلویزیونی به سازمان‌دهی و هدایت مقابله نظامی و سیاسی با کوردستان پرداخت.
از 25 مرداد تا 7 شهریور 1358 این مداخله در دو سطح به‌طور هم‌زمان پیش رفت: در سطح نظامی بازسازی و یکپارچه‌سازی ماشین سرکوب و در سطح گفتمانی، بازتعریف کوردستان از یک منازعه سیاسی به مسئله‌ای امنیتی و مذهبی. سخنرانی‌ها، احکام و پیام‌های این چهارده روز در کنار یکدیگر مقدمه سیاسی، نظامی و گفتمانی جنگ را شکل دادند.
در 25 و 26 مرداد پیش از آنکه فرمان عملیاتی گسترده صادر شود، خمینی دولت، ارتش و سپاه را به دلیل مسامحه و ملایمت در برابر کوردستان مورد انتقاد قرار داد. در 26 مرداد، این مسامحه را خطای خود نیز دانست و توبه و طلب استغفار کرد و خواستار برخورد انقلابی با کوردستان شد و ارتشیانی که از کشتار در کوردستان خودداری می‌کردند، تهدید کرد (خمینی، 1363 : 80 ـ 81).
در 27 مرداد این سیاست به فرمان نظامی تبدیل شد. خمینی برای اولین بار بعد از انقلاب خود را به عنوان مقام فرمانده کل قوا معرفی کرد و به بهانه کردستان مجوزی پیدا کرد که ارتش را تحت کنترل فرماندهی خود درآورد (بنی صدر، 1380 : 97). خمینی در این پیام به دولت، ارتش و ژاندارمری و سپاه پاسداران اخطار کرد که ظرف 24 ساعت با توپ، تانک و قوای مجهز به سوی پاوه حرکت کنند؛ سپس به پادگان‌ها دستور حرکت فوری داد و دولت را مأمور تأمین امکانات اعزام پاسداران کرد. در فرمان دیگری نیز تعقیب احزاب کوردستان، بستن مرزها و دستگیری رهبران کوردستان را مقرر کرد (خمینی، پیشین : 286). بنابراین هدف از بازپس‌گیری پاوه فراتر رفت و تعقیب نظامی با دستگیری رهبران سیاسی کوردستان پیوند خورد.
28 مرداد این روند به بسیج گسترده علیه

سراسر کوردستان رسید. خمینی با استناد به خبر محاصره نیروهای ارتش و گروگان گیری زنان در سنندج، دستور حرکت قوای انتظامی، ارتش و داوطلبان و اعزام هوایی پاسداران به سراسر کوردستان را صادر کرد و حتی یک ساعت تأخیر را تخلف دانست (پیشین : 306). خمینی در این حکم در واقع فرمانی برای جهاد و فراتر از آن برای تبدیل منازعه کوردستان به یک جنگ صلیبی صادر کرد. او در اقدامی تبلیغاتی، با طرح ادعای گروگان‌گیری زنان در یک مسجد توسط حزب دمکرات، تصویری از وضعیت کوردستان ساخت که می‌توانست زمینه روانی و اجتماعی لازم برای سرکوب نظامی را فراهم کند. این در حالی بود که نه نیروهای ارتش در محاصره بودند و نه هیچ زنی به گروگان گرفته شده بود؛ چنان‌که به گفته خود بازرگان، نخست‌وزیر وقت، اساسا هیچ‌یک از این ادعاها در سنندج رخ نداده بود. بازرگان در شرح ارشادهای آمرانه و تداخلات سازمانی خمینی فرمان حمله به سنندج را یکی از نمونه‌های این مداخلات می‌داند؛ اقدامی که به تعبیر او، بسیج مردم کشور برای نجات سنندج بود، در حالی که این فرمان بر پایه یک خبر مشکوک و یک تماس تلفنی آشوبگرانه و خلاف واقع با دفتر خمینی صادر شد، بی‌آنکه پیش از آن از نخست‌وزیری یا ستاد ارتش کسب اطلاع شود (بازرگان، 1363 : 75). خمینی در بعدازظهر همان روز نیز از نیروهای اعزامی تشکر کرد و به ارتش و سپاه دستور داد غائله کوردستان را خاتمه دهند و ضدانقلاب را سرکوب کنند (خوشحالی، 2020 : 527).

در 29 مرداد با صدور حکمی اختیار گسترده‌ای به رئیس ستاد مشترک ارتش داد (خمینی، پیشین : 313) که ارتش در کوردستان آزاد است آتش به اختیار کشتار و سرکوب کند. در 31 مرداد هماهنگی ارتش، سپاه، ژاندارمری و نیروهای انتظامی، اطاعت بی‌چون‌وچرا از مافوق و ممنوعیت اعتصاب نیروهای مسلح را مورد تأکید قرار داد؛ برای سرپیچی نیز برپایی دادگاه صحرایی را مطرح کرد (پیشین : 317). این حکم بعد از آن صادر شد که عده‌ای از ارتشیان حاضر به کشتار مردم کوردستان نشده بودند. هم‌زمان، عفو پیشمرگان در صورت تحویل سلاح و وعده پاداش برای معرفی رهبران کوردستان، در کنار فشار نظامی قرار گرفت.

همراه با این سازمان‌دهی نظامی، خمینی در حال تغییر معنای خود منازعه بود. در 25 مرداد مفهوم منافق در برابر متعهد قرار گرفت و احزاب کوردستان در چارچوب توطئه‌گر و وابسته تعریف شدند (پیشین : 276–277). این زبان در 26 مرداد از حالت کنایه خارج شد و مستقیما کوردستان را هدف قرار داد: خمینی با استناد به آیه «أشداء علی الکفار رحماء بینهم»، احزاب کوردستان را در صف کفار قرار داد و برخورد با بنی‌قریظه نیز به‌عنوان نمونه‌ای تاریخی برای این شدت عمل ذکر کرد (پیشین، : 282). به این ترتیب، خودمختاری کوردستان از قلمرو اختلاف سیاسی به قلمرو تقابل مؤمن و کافر منتقل شد.

27 مرداد، این بازتعریف کامل‌تر شد. خمینی در سخنرانی در جمع معلمان، کوردستان را در قالب احزاب کمونیستی فاسد و اشرار معرفی کرد و در سخنرانی عصر همان روز، حزب دمکرات جمعیتی خرابکار، فاسد و مفسد و عامل خارجی خوانده شد. دکتر قاسملو و شیخ عزالدین حسینی مستقیما هدف قرار گرفتند و دکتر قاسملو به عامل شخصی‌شده همه غائله‌ها تبدیل شد. (: پیشین 289–291؛ 296–301).

29 مرداد، خمینی حزب دمکرات را غیرقانونی و حزب شیطان معرفی و آن را متهم کرد که با آمریکا و صهیونیزم رابطه دارد (پیشین : 311). در 2 شهریور، این دشمن‌سازی به سطح مذهبی عمیق‌تری رسید: احزاب کوردستان منافق و فتنه‌گر معرفی شدند؛ مخالفت آنان با استناد به ضرورت اطاعت اهل سنت از «ولی امر»، دیگر صرفا مخالفت سیاسی نبود، بلکه نفاق دینی تلقی شد (پیشین : 331–339). در سخنرانی دیگر همان روز، خون کشته‌شدگان پاوه را در چارچوب شهادت و رشد اسلام از طریق خون معنا کرد و دمکرات را از نام یک حزب به عنوانی جنایتکارانه انتقال داد (پیشین : 340–346).

در 6 شهریور، این گفتمان با سازمان نظامی و مذهبی تلفیق شد: سران حزب دمکرات خائن و قیام‌کننده علیه حکومت مرکزی معرفی شدند، علمای اهل سنت به همکاری با قوای

انتظامی فراخوانده شدند تا در سرکوب و کشتار کوردستان شرکت کنند و برای حذف خودمختاری کوردستان هم‌زمان از برادری کورد و فارس و لر و عرب و برابری شیعه و سنی سخن می گفت (پیشین : 351-352).

سرانجام در 7 شهریور، خمینی اعلام کرد که «مسئله کوردستان، مسئله کل ایران است» (پیشین : 356-357). بدین‌ترتیب طی چهارده روز مناقشه کوردستان از یک خواست سیاسی به «غائله»، از غائله به «ضدانقلاب» و از آن به مسئله کل ایران تبدیل شد. در سطح نظامی، فرماندهی مستقیم، بسیج نیرو، کنترل مرزها، تعقیب رهبران و الزام نیروها به اطاعت شکل گرفت؛ و در سطح گفتمانی احزاب و رهبران سیاسی کوردستان به «منافق، کافر، مفسد، اشرار و دشمن» تبدیل شدند. بنابراین، این چهارده روز را باید نه صرفا واکنش خمینی به شکست پاوه، بلکه مرحله‌ای برای ساختن هم‌زمان ابزار جنگ و مشروعیت جنگ دانست؛ جایی که فرمان نظامی و دشمن‌سازی گفتمانی یکدیگر را تکمیل کردند.

2 ـ 7 اعلام جنگ صلیبی و بازتاب میدانی

علی خامنه‌ای، رهبر بعدی جمهوری اسلامی که در آن وقت عضو شورای انقلاب بوده است در دیدار با هیئت دولت در شهریور 1376 با اشاره به فرمان 27 مرداد خمینی برای لشکرکشی به پاوه، می‌گوید که پس از پخش پیام در ساعت 2 بعدازظهر، ظرف مدت کوتاهی اوضاع دگرگونه شد و مردم در خیابان‌ها از مراکز سپاه و مراکز اعزام راهی پاوه شدند. (خامنه‌ای، 1376).

بر اساس گزارش روزنامه‌های کشور در 28 مرداد، فرمان خمینی در همان نخستین ساعات از سطح اعلام سیاسی فراتر رفت و به یک بسیج گسترده نظامی ـ انسانی در کوردستان تبدیل شد. لشکر 28 کوردستان بامداد آن روز از ورود پاسداران و داوطلبان جنگ از شهرهای مختلف به پادگان سنندج و آمادگی گروه‌های مختلف در سطح کشور برای اعزام نیرو خبر داد. در ساعت 15:38 نیز نخستین جنگنده‌های نیروی هوایی ارتش جمهوری اسلامی وارد سنندج شدند و اقدام به شکستن دیوار صوتی کردند. هم‌زمان، فرمانده نیروی زمینی ارتش به سنندج رسید و ساعت 19:35 همان روز در پادگان جلسه تشکیل داد (خوشحالی، 201012 : 57). ژاندارمری استان کوردستان نیز از ورود هواپیماها و هلیکوپترهای حامل نیرو به سنندج گزارش داد (خوشحالی، 201013 : 54).

گزارش رئیس ستاد مشترک ارتش به خمینی نیز از به‌کارگیری یگان‌های زرهی، توپخانه، هوابرد، ژاندارمری و پاسداران انقلاب برای درهم کوبیدن کوردستان و پیشروی نیروها حکایت دارد. در همین چارچوب اطلاعیه هوانیروز از آماده‌باش تمامی پرسنل در سراسر کشور، لغو مرخصی نیروهای مسلح از 28 مرداد تا اطلاع ثانوی و فراخوان پرسنل در مرخصی به پادگان‌ها خبر می‌داد (خوشحالی، 201012 : 54) اقدامی که خود نشان‌دهنده تبدیل کوردستان به یک وضعیت سراسری نظامی در روایت رسمی بود. لشکر 28 کوردستان همچنین از ورود نیرو از اصفهان، شیراز، زنجان، خرم‌آباد و اهواز و اعزام 200 پزشکیار و پزشک از شیراز و 30 پزشک و پزشک‌یار از اصفهان خبر داد و هم‌زمان از (پیشین : 56). حتی سربازان منقضی‌خدمت برای ادامه خدمت فراخوانده شدند و برای افزایش انگیزه نیروهای شرکت‌کننده برای کسانی که در عملیات پاوه شرکت کرده بودند، موضوع ترفیع درجه آنان اعلام شد. مجموعه این گزارش‌ها نشان می‌دهد که اعلام جنگ در همان نخستین روزها، صرفا به افزایش حضور نظامی در پاوه و سنندج محدود نماند، بلکه با فراخوان نیرو از نقاط مختلف کشور، فعال‌سازی هم‌زمان ارتش، هوانیروز، ژاندارمری و پاسداران و تبدیل وضعیت به آماده‌باش سراسری، دامنه مداخله نظامی در کوردستان را به سطحی فراتر از یک عملیات محلی گسترش داد. به منظور تشویق مردم کشور برای سرکوب و کشتار کوردستان حتی از رادیو اعلام میکردند که سلطنت طلبان و اسرائیلیها از کوردستان حمایت میکنند (گادانی، 2008 : 234). در تهران افراد حزب الله و و اعضای حزب جمهوری اسلامی در پشتیبانی از حمله به کوردستان مشغول به راه انداختن تظاهرات و راهپیمایی بودند (مرادبیگی، بی تا : 178).

شاپور فیروزی، رئیس کمیته حزب دمکرات در کامیاران در خاطرات خود تصویری از ورود

نیروهـــای اعزامی به شـــهر ارائه می‌دهـــد: اوضاع متشـــنج و غیرعادی بـــود؛ خیابان‌هـــا از خودرو و نیروهای مســـلح پر شـــده، گروه‌ها و دســـته‌های مختلـــف علیـــه احـــزاب و خلـــق کـــورد شـــعار می‌دادند و شـــعار کوردســـتان را بـــه خاک و خون می‌کشـــیم ســـر می‌دادنـــد؛ نیروهـــای مســـلح با مسلســـل و فریاد الله‌اکبر در شـــهر مســـتقر شده بودنـــد، خانه‌های مردم بازرســـی می‌شـــد، مردم مورد ضرب‌وشـــتم قـــرار می‌گرفتنـــد و در کوچه‌ها و خیابان‌هـــا تیرانـــدازی می‌شـــد؛ وضعیتـــی که مـــردم را ناچـــار به ترک شـــهر می‌کـــرد (فیروزی، 1381: 38).

نتیجه گیری

ایـــن پژوهـــش نشـــان داد کـــه نـــگاه حاکمیت جمهـــوری اسلامـــی به کوردســـتان در شـــش ماه نخســـت پس از انـــقلاب 1357 از ابتدا یکســـان و ثابـــت نبود؛ بلکه در فاصلـــه 22 بهمن تا 28 مرداد 1358 از مواجهه سیاســـی با مطالبـــه خودمختاری به تحدیـــد و تقلیل آن، و از آنجا به امنیتی‌ســـازی و جنـــگ تغییـــر کـــرد. بنابرایـــن 28 مـــرداد را نمی‌تـــوان صرفا واکنشـــی ناگهانی بـــه حادثه پاوه دانســـت؛ این روز نقطه نهایی فرایندی شـــش‌ماهه اســـت که طـــی آن حاکمیت به‌تدریـــج امکان حل سیاســـی مســـئله کوردســـتان را کنار می‌گذارد.

در مرحلـــه نخســـت حاکمیـــت بـــا خواســـته خودمختاری روبه‌رو شـــد که گســـتردگی اجتماعی آن امـــکان نادیـــده گرفتنـــش را دشـــوار می‌کرد. هیئت‌هـــای اعزامـــی دولت موقـــت و خمینی در کوردســـتان با اجتماعاتی مواجه شـــدند که شـــعار اصلی آنهـــا خودمختاری بـــود. هیئتهـــای اعزامی حاکمیـــت در گزراشـــهای خـــود خودمختـــاری را مطالبـــه‌ای قابـــل طـــرح در قانون اساســـی آینده دانســـتند با تأکید بر حفظ تمامیت ارضی کشـــور. ایـــن موضع را نمی‌توان پذیـــرش خودمختاری مورد نظر کوردســـتان دانســـت؛ بلکه نوعـــی اعتراف به وجود یـــک مطالبـــه واقعی، همراه بـــا تلاش برای تحدیـــد معنای سیاســـی آن از ســـوی مرکز بود.

در مرحلـــه دوم، حاکمیت کوشـــید مســـئله را از «خودمختاری سیاســـی» بـــه «اداره محلی» منتقل کنـــد. شـــوراها در اینجـــا اهمیت پیـــدا می‌کنند: به‌جـــای پذیـــرش ســـاختار سیاســـی ویـــژه برای کوردســـتان، مشـــارکت مردم در اداره امور محلی در قالـــب نهـــادی عمومی و سراســـری پیشـــنهاد می‌شـــود. نگرانی از پیروزی احزاب کوردســـتان در شـــوراها و بحث تقویت ســـپاه نیز نشان می‌دهد که شـــوراها تنها یک ســـازوکار مشـــارکتی نبودند، بلکـــه در کوردســـتان بخشـــی از سیاســـت مهار خودمختـــاری را تشـــکیل می‌دادند.

در مرحله ســـوم، این راه‌حل سیاســـی زیر فشـــار بحران‌هـــای پی‌درپـــی فرســـوده می‌شـــود. نقده نقطـــه مهمی در انتقال مســـئله بـــه عرصه امنیتی اســـت؛ تبلیغات علیه کوردســـتان شـــدت می‌گیرد، ســـپاه و ارتش وارد ســـازمان‌دهی نیروهای محلی می‌شـــوند و نقش ســـپاه در مدیریت کوردســـتان افزایـــش می‌یابد. پـــس از آن، مریـــوان و ارومیه و ســـرانجام پاوه، فاصلـــه میان سیاســـت و جنگ را کوتاه‌تـــر می‌کننـــد. در پاوه، شکســـت ســـپاه به حاکمیـــت امـــکان می‌دهد از مواجهه سیاســـی به عملیـــات نظامـــی گســـترده عبور کنـــد و خمینی مســـتقیما رهبری مقابله با کوردســـتان را در دست گیرد.

مرحله نهایـــی از 25 مرداد آغاز می‌شـــود. خمینی طـــی چهـــارده روز بـــا فرمان‌های نظامی، بســـیج نیـــرو، تبلیغـــات و بازتعریف دشـــمن، هـــم ابزار جنگ و هـــم مشـــروعیت جنگ را می‌ســـازد. در این فراینـــد کوردســـتان از «مطالبه سیاســـی» به «غائلـــه»، از غائله بـــه «ضدانقلاب» و ســـرانجام به «مســـئله کل ایـــران» تبدیل می‌شـــود؛ احزاب و رهبران کوردســـتان نیز در گفتمـــان حاکمیت از بازیگران سیاســـی به «منافق، کافر، مفســـد، اشرار و دشـــمن» تبدیل می‌شـــوند. بنابرایـــن، جنگ تنها بـــا حرکت نیروهـــای نظامی آغاز نمی‌شـــود؛ پیش از آن در زبان سیاســـی و مذهبی حاکمیت ســـاخته و مشروعیت‌بخشـــی می‌شود.

از ایـــن منظـــر، تعبیر جنـــگ صلیبـــی در عنوان پژوهـــش آگاهانه بـــر «جهاد» ترجیح داده شـــده اســـت. «جهاد» عنـــوان رســـمی و دینـــی فرمان خمینـــی در 28 مرداد اســـت؛ امـــا «جنگ صلیبی» در ایـــن پژوهـــش مفهومـــی تحلیلی برای نشـــان دادن ماهیـــت گســـترده‌تر ایـــن مواجهه اســـت: جنگـــی کـــه در آن ابـــزار نظامی، زبـــان مذهبی، تبلیغات، دشمن‌ســـازی، بســـیج عمومـــی و حذف امـــکان سیاســـی خودمختـــاری هم‌زمـــان به کار گرفتـــه می‌شـــوند. مهم‌تـــر آنکه ایـــن تعبیر صرفا

برســاخته پژوهشــگر نیســت؛ داریــوش فروهر، وزیر کار و امور اجتماعــی دولت موقت و یکی از مقامات بلندپایــه حاکمیت، نیــز از تعبیر «جنگ صلیبــی» درباره مواجهه با کوردســتان اســتفاده می‌کنــد. بنابرایــن، می‌تــوان گفــت ایــن تعبیر دســت‌کم در ســطحی از زبان درونــی حاکمیت، نشــان‌دهنده نوعی تصــور از کوردســتان به‌مثابه طرف یــک جنــگ فراگیر اســت، نــه صرفا یک طرف مناقشــه سیاســی یا یک مســئله اداری.

در نتیجــه عنــوان از «خودمختــاری تــا جنــگ صلیبــی؛ رویکرد حاکمیت ایران به کوردســتان» دو قطــب اصلی پژوهــش را به هم پیونــد می‌دهد: خودمختــاری به‌عنوان مطالبه سیاســی و اجتماعی کوردســتان؛ و جنــگ صلیبــی، به‌عنــوان صورت نهایــی مواجهه حاکمیــت با این مطالبــه. فاصله میــان ایــن دو همان شــش ماهی اســت که در آن حاکمیــت ابتــدا تلاش می‌کنــد خودمختاری را تحدیــد کند، ســپس آن را به شــورا و اداره محلی تقلیــل دهد، بعــد آن را به مســئله امنیتی تبدیل کند و ســرانجام بــا جنگ و ســرکوب به حذف آن روی آورد. از ایــن منظر، 28 مــرداد نه یک حادثه منفرد، بلکه نقطــه پایان مرحلــه‌ای از تغییر نگاه حاکمیــت به کوردســتان اســت: از یــک مطالبه سیاســی که می‌توانســت موضوع مذاکره باشــد، بــه مســئله‌ای که باید بــا زور نظامی حل شــود.

منابع

منابع فارسی

احمدیــان، مجیــد (2017). «سرنوشــت فراموش‌شــده‌ی نخســتین انتخابات شوراهای شهر و روســتا در جمهــوری اسلامی». در دســترس در: http://www.news.gooya.com/2017/03/post-3713.php

اســکندری، احمــد (2020). «قطعنامــه 8 ماده‌ای مهابــاد، دولــت موقــت و کردســتان ایــران». در دســترس در: https://ahmadeskandari.com/?p=242&lang=fa

اســکندری، احمد (2021). «مذاکــرات و مبارزات مــا و جنگ‌افــروزی جمهــوری اسلامــی». در دســترس در: https://ahmadeskandari.com/?p=1004&lang=fa

امجــدی، ساســان (1396). «نگاهــی گــذرا بــه کــوچ اعتراضی مــردم مریوان در ســی و دومین ســالگرد آن». در دســترس در: https://www.radiozamaneh.com/351998

بــازرگان، مهــدی. (1363) انــقلاب ایــران در دو حرکــت. چاپ چهــارم. تهــران: چــاپ مظاهری.

بنی‌صدر، ابوالحســن. (1380) خاطرات ابوالحســن بنی‌صــدر (اولیــن رئیس‌جمهــوری ایــران). بــه کوشــش حمید احمدی. تهران: انجمــن مطالعات و تحقیقــات تاریــخ شــفاهی ایران و انتشــارات انــقلاب اسلامی.

تلاش در راه تفاهــم. (1359). مجموعــه اســناد. جلــد 1. حــزب دمکرات کردســتان ایــران، بخش انتشــارات و تبلیغات.

توکلــی، رئــوف. (1363). جغرافیــا و تاریــخ بانه کردســتان. تهران: چاپخانه ســهیل.

چشــم‌انداز ایران. (1382). «کردســتان همیشــه قابــل کشــف: گفتگــو بــا آقــای صــدر حاج ســیدجوادی، ویژه‌نامه کردستان، ، شــماره اسفند و فروردین.

خامنــه‌ای، ســیدعلی. (1376). لشــکر حقیقــی خــود را پیدا کنیــد. در دســترس در https//khi.ink/f/24654

خمینــی، روح‌الله. (1363). صحیفــه امام. جلد 9. تهران: مؤسســه تنظیم و نشــر آثار امــام خمینی.

خوشــحالی، بهــزاد (20202. (20102، . کردســتان روزهای بحــران 2: دکتــر عبدالرحمن قاســملو و کردســتان. در دســترس در: https://behzadkhoshhali.com/books

خوشــحالی، بهــزاد (20109)، کردســتان روزهای بحران 9: حــزب دمکرات و کردســتان.

خوشــحالی، بهــزاد (20108)، کردســتان روزهای بحــران 8، چمران و کردســتان.

خوشــحالی، بهزاد (201012). کردســتان روزهای بحــران 12: ارتش و کردســتان.

خوشــحالی، بهزاد، (201013) کردســتان روزهای بحران 13: ســپاه و کردســتان.

خوشــحالی، بهزاد (201015)، . (2010). کردســتان روزهای بحــران 15: دولت موقت و کردســتان.

خوشحالی، بهزاد (201017)، . (2010). کردستان روزهای بحران 17: روحانیون و کردستان.
خوشحالی، بهزاد (201019). روزهای بحران 19: استانداران وقت و کردستان.
رحمانی، بهرام. (2022). «بنکه‌ها (شوراها) در کردستان و ترکمن‌صحرا». در دسترس در: http:// /www.mashal.org/blog
راستی، محمد. (2021). «شهر مریوان را چگونه اداره کردیم: تحولات بعد از انقلاب». در دسترس در: https://hekmatist.com/fa/organ/daftar-kordestan/0531dm
سازمان چریک‌های فدایی خلق ایران. (1358). نوروز خونین سنندج و دستاوردهای آن. دفتر هواداران سنندج. برلین غربی: انتشارات سازمان چریک‌های فدایی خلق ایران، تکثیر از سازمان دانشجویان پیشگام.
سرداری، صالح. (2013). «23 تیر 1358، روزی تاریخی در مبارزات مردم مریوان». در دسترس در: https://hekmatist.com/fa/organ/daftar-kordestan/0531dm
سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، (1358)، گزارشی پیرامون وقایع نقده.، انتشارات سپاه پاسداران انقلاب اسلامی.
سفارت آمریکا، تهران (1358)، «تشریح وضعیت ایران مرداد 58 (انتخابات خبرگان - تظاهرات یادبود مصدق - وضعیت مریوان)»، سند شماره 270، اسناد لانه جاسوسی، جلد 10، ص. 586، در دسترس در: پایگاه اسناد لانه جاسوسی، http site:usdoc.ir// تاریخ دسترسی: 8 اکتبر 2026.
سیار، محمد. (1397). تنها سنگر بازمانده از قیام: مروری بر جنبش کردستان. اسلو: ناشر دیجیتال پرینت سرویس.
سمیعی، احمد. (1371). طلوع و غروب دولت موقت. تهران: انتشارات شباویز.
شورای انقلاب (بی‌تا)، صورت مذاکرات شورای انقلاب جمهوری اسلامی ایران، اردیبهشت 1358. کانال تلگرامی آرشیو اپوزیسیون ایران. /t.me iranarchive
شورای انقلاب (بی‌تا)، صورت مذاکرات شورای انقلاب جمهوری اسلامی ایران،خرداد 1358. کانال تلگرامی آرشیو اپوزیسیون ایران.
شورای انقلاب (بی‌تا)، صورت مذاکرات شورای انقلاب جمهوری اسلامی ایران،تیر 1358. کانال تلگرامی آرشیو اپوزیسیون ایران.
شورای انقلاب (بی‌تا)، صورت مذاکرات شورای انقلاب جمهوری اسلامی ایران،مرداد 1358. کانال تلگرامی آرشیو اپوزیسیون ایران.
فیروزی، شاپور. (1381). یادداشت‌های یک پیشمرگ قهرمان. به کوشش جلیل گادانی.
کدیور، محسن. (1397). «جفای جمهوری اسلامی به احمد مفتی‌زاده». در دسترس در: https:// /kadivar.com/16486
کریمی، بهزاد. (2008). «این‌چنین کژخوانی تاریخ در حضور زندگان». در دسترس در: http://www. iran-chabar.de/article.jsp?essayId=14538
مرادبیگی، حسین. (1383). تاریخ زنده: کردستان، چپ و ناسیونالیسم.
مافی، حمید. (1401). «مقاومت در کردستان؛ از بنکه‌ها تا جوانان انقلابی محلات: در گفتگو با یوسف اردلان». در دسترس در: http://www. /radiozamaneh.com/144048
مجموعه قانون اساسی جمهوری اسلامی. (1395). چاپ چهارم، ویرایش دوم. تهران: معاونت حقوقی ریاست جمهوری، معاونت تدوین، تنقیح و انتشار قوانین و مقررات.
نادری، محمود. (1394). حزب دمکرات کردستان ایران. تهران: مؤسسه مطالعات و پژوهش‌های سیاسی .

منابع کوردی

بلوریان، غەنی. (1997) ئاڵەکۆك. ستۆکهۆڵم.
حیسامی، کەریم. (1992) لەبیرەوەرییەکانم 1979. بەرگی شەشەم. ستۆکهۆڵم.
حەسەن زادە، عەبدوللا. (1374) نیوەسەدە تێکۆشان، ئاوڕێك لە رابردووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم.
گادانی، جەلیل. (2008) پەنجا ساڵ خەبات. بەرگی 1. هەولێر، دەزگای موکریانی.
سەعیدی، فاتح (2725). «ڕێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانی کورد؛ ئایدۆلۆژیا و سەرکوتی ئۆتۆنۆمی کورد لە ئێران، گۆڤاری تیشك.
مستەفاسوڵتانی، ڕەشاد. (2006) کاك فوئاد؛ ڕێبەر، سیاسەتمەدار و زانایەکی سیاسی (1979-

1948). ئەڵمـــان: چاپخانەی باقـــر مرتضوی.
مســـتەفایی، تەیموور. (2015). 70 70 وێســـتگەی مێژوویی حیزبـــی دیموکراتی کوردســـتانی ئێران.
پێشنەماز، ڕەســـوڵ. (2012). ســـەربردەی ژیانم. ســـلێمانی: بڵاوکراوەکانـــی بنکـــەی ڕۆشـــنبیری شە هید .
کاردۆ، هەیـــاس. (2012). ئەزموونـــی خەبـــات؛ بەشـــێك لە ژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەنزادە. چاپی دووەم. ســـوێد: چاپخانـــەی ئەڕزان.
کوێســـتانی، ســـەعید. (1997). ئاوڕێـــك لـــە بەســـەرهاتی خـــۆم و ڕووداوەکانـــی نـــاو حیزبی دیموکراتـــی کوردســـتانی ئێران. در دســـترس در: http://www.said.kurdland.com

ژنەپێشمەرگە و قسەکردن:

لێکدانەوەی سڕینەوەی دەنگی ژن لە کەیسێکی سیاسی-چەکداریی کوردیدا

پەری کەریمی نیا

ئایا ژنەپێشمەرگە دەتوانێت قسە بکات؟ قسەکردن بەو واتایە کە دەربڕابێت، گۆێگری هەبووبێت و کاریگەری بەجێ هێشتبێت. ئەم وتارە دەیەوێت ئاوڕێک لە کەیسی گیانبەختکردوو خەزاڵ مەولان، ژنەپێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- کۆمەڵە- بداتەوە کە لە باشوور بە درۆنی ئێران گیانی بەخت کرد. کاتێک برێندار بوو، هەندێک نەخۆشخانە (وەک سیستەم و دەسەڵاتی تەندروستی) لە تیمارکردنیدا کەمتەرخەمییان کرد، هەندێک مزگەوتیش (وەک دەسەڵاتی ئایینی) لەبەر ژنبوون و پێشمەرگەبوونی لە شۆردنی تەرمەکەیدا درێغییان کرد و ئاسایش (وەک دەسەڵاتی پاراستن) ڕێگەدان بە دەرمانکردنی و ماتڵکردن و لەسەرخەت هێشتنەوەی دوا خست. دەمەوێ لەم نووسینەدا باس لەوە بکەم کە ئایا دەنگ و قسەی ژنەپێشمەرگەکە بیسترا هەر وەک گایاتری سپیڤاک باسی دەکات؟ ئایا کە قسەی کرد، کێ بوو قسەی کرد و کێ بوو گوێگر بوو، یا هەر گوێگرێک هەبوو؟ هەر وەک دەزانین پێشمەرگە بە بەشێکی هەرەگرینگی شۆڕشی ئازادیخوازیی نەتەوەی کورد، بەرخۆدان و پاراستنی ئەم نەتەوەیە دادەنرێت. ژنەپێشمەرگە لە سیستەمی نەتەوەییدا پێشمەرگەیە، بەشێک لە شۆڕشە و وەک نیشتمان و دایک دەبینرێت.

ئەوەی کە قسەکردن بۆ Speaking for، دێلوز، لێرەدا بەوردی بەسەر کەیسی گیانبەختکردنی گیانبەختکردوو خەزاڵ مەولانیدا دادەڕێژم و کێ ڕۆڵی خەزاڵ مەولانی نمایشت کردووە، هەڵدەسەنگێنم. سیستەمی پیاوسالاری (کۆمەڵگا، دین، دامودەزگا) لێرەدا دەچێتە ژێر لێنزی ڕەخنەوە و چۆنیەتیی مامەڵەی ئەوان لەگەڵ بوونی ژنەپێشمەرگەکەدا شیتاڵ دەکرێت؟ پێش ئەم باسە لە وتارەکەدا، شەپۆلە فێمێنیستییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرک و ڕۆڵیان ڕوون دەکرێتەوە. فێمێنیزمی ناو شاخ بەشێکی تری کە لە شۆڕشی نەتەوایەتی، شەڕی چەکداری و فێمێنیستی کوردیدا ڕۆڵیان هەبووە و ئەم وتارە لە درێژەدا ئاوڕیان لێ دەداتەوە. بەکورتی ئەم وتارە باس لەوە دەکات کە پێشمەرگەی ژنی کورد ناتوانێت قسە بکات، چونکە پێکهاتە دامەزراوەیی، سیاسی و پیاوسالارییەکان بەشێوەیەکی سیستماتیک دەنگی دەسڕنەوە.

پێشەکیی تیۆری:

گێلس دێلوز لەسەر ئەوەی کە کێ قسە بۆ کێ دەکات و یا کێ نوێنەرایەتی کێ دەکات دەڵێ کە 'نوێنەرایەتی وەک "قسەلەبریکردن" یەکێکە لە نوێنەرایەتیەکان ،کە لە ڕێگای سیاسەت، یاسا و دامودەزگای گشتییەوە ڕێک دەخرێت کە ئەوانیش هەر بەشێکن لە سیستەم (Spivak, 1988). نوێنەری پارلمان دەتوانێ نوێنەرایەتی خەڵک بکات لە پارلمان، پارێزەر لە دادگا و مەلا و مامۆستای ئایینی لە دامودەزگای دینی وەکو مزگەوت و وەزارەتی ئەوقاف. ئەمان 'خاوەن دەسەڵاتن، خاوەن بڕیارن، دەنگیان دەبیسترێت و لە جێگای کەسەکان، قسان دەکەن' (هەمان سەرچاوە). ئەمە خاڵی گرینگە کە نابێ ون بێت و دێلوز جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەمانەی خاوەن دەسەڵاتن، دەتوانن 'بەس دەرخەری دەنگی کۆمەڵە کەسێ بن کە بەڕژەوەندیی ئەمان دەپارێزن و ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەمان ناگونجێن، بسڕنەوە و دەنگیان کپ و کۆنترۆڵ بکەن و ئاستیان دابەزێنن' (هەمان سەرچاوە). لە ڕاستیدا ئەمانە ئایا دەتوانن نوێنەری ڕاستەقینە بن یا نا پرسیارێکە لە لێکۆڵینەوەکانی ئەو وتارەدا بەجوانی ڕوونتر دەبێتەوە. بەڵام پێش ئەوە زانینی ئەو خاڵە گرینگە کە نوێنەری ڕاستەقینە دەبێ دەنگی هەموو لایەک ببیسێت و نوێنەرایەتی بکات بێ کەم و زۆر و فەرق و فرووق. دووهەم نوێنەرایەتی کە دیلۆز باسی دەکات، نوێنەرایەتییەکە وەک "دووبارە نمایشکردن" خۆی دەردەخات. ئەمە لە 'هونەر' یان 'فەلسەفە'دا ڕەنگ دەداتەوە کە میدیاش دەتوانێ بێگومان لەم دووبارە نمایشکردنەدا پشکی هەبێت (هەمان سەرچاوە). ئەم دووبارە نمایشکردنە ڕاستییەکان دەنوێنێتەوە، زانیاری دەگوازێتەوە، ئاستی هوشیاریی خەڵک بەرز دەکاتەوە، لایەنی نادیاری ڕووداوەکان و باسەکان ڕوون و دیار دەکەن. ئەمان 'تێگەیشتنی خۆیان لە بابەتەکە دەردەبڕن'. ئەمانە زیادتر ڕووی ڕاستەقینەی باسەکان و زانیارییەکان دەردەخەن. هەڵبەت دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەمە کاتێک ڕاستە کە میدیاکان سەربەخۆیی خۆیان نەدۆڕاندبێت و دەنگەکان بەئەمانەتەوە بگوازنەوە.

قسە لەبریکردن و نمایشتی دەنگەکان لە لایەن گایاتری چاکرافۆرتی سپیڤاک لە وتارە بەناوبانگەکەیدا 'ئایا ژێردەستە دەتوانێ قسان بکات؟' دا پەرە پێ دەدرێت. کە دێلوز باسی ئەوە دەکات کە کەسە بەهێزەکان قسە بۆ کەسانی دی دەکەن و دەبنە نوێنەریان، سپیڤاک زیادتر دەچێتە پێش و لایەکی تری باسەکە دەوروژێنێت کە ئەویش ئەوەیە ئایا تاکێک کە بێدەسەلاتە یا لەژێر دەسەڵاتی کەسی دیکەدایە، (بەکورتی ژێردەستە)، دەتوانێ قسەکانی دەربببڕێت. سپیڤاک باسی ژنانی 'ساتی' (لە کولتووری هیندستاندا 'ساتی' بە ژنانی بێوەژن دەوترێ) دەکات کە دوای مێردەکانیان دەبێ خۆیان بسووتێنن. بەڵام ئایا ئەم ژنانە پرسیاریان لێ کراوە کە بەم سووتانە ڕازین یا ملکەچ کراون بەم بەشە کولتوورییە. سپیڤاک ئەوە دەدرکێنێت کە ژنانی ساتی ناتوانن قسان بکەن و دەنگ هەڵببڕن، مەبەست ئەوەیە کەس دەنگی ئەوان نابیسێت. سپیڤاک بەشێوەیەکی قایلکەرانە دەڵێت ژنان بەگشتی و ژنانی ساتی بەتایبەتی نەک تەنها لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە بێدەنگ دەکرێن، بەڵکو لەلایەن پێکهاتە پیاوسالارییەکانیشەوە دەنگیان کۆنترۆڵ و سنووردار دەکرێت (هەمان سەرچاوە). هەر بۆ پاڵپشتیی سپیڤاک دێلوزیش لێرەدا دەتوانێ وەڵامدەر بێت کە ژنانی ساتی نوێنەرەکانیان قسەیان بۆ دەکەن لە پانتای بڕیاردان بە

وەفاداربوون بە مێـردەوە (هەڵبـەت وەفاداربوون بەپێی پێناسـەی سیسـتەم).
کۆنتـرۆڵ و سـنووردارکردن لـەلای سـپیڤاک ئەو خاڵە دەردەخات کـە چۆن بنیاتنانـی ئایدیۆلۆژیای جێندەر هێزی ژنان لەم ڕۆڵ و بەشـانەی خوارەوەدا تەنگەبـەر دەکاتەوە کـە بریتین لە ڕۆڵی پاراسـتن، بێدەنگـی، یـان تەنانـەت قوربانیدان. سـپیڤاک دەڵێت، "کاتێک دەگەینە سـەر پرسـیاری پەیوەست بـە هۆشـیاریی ژێردەسـت، چەمکی ئـەوەی کە کارەکـە ناتوانێت بیڵێت گرنگ دەبێـت" (ویلیامز و کریسـمان). سـپیڤاک باس لـەوە دەکات کە بابەتە ژێردەسـتەکان بەئاسـانی بێدەنگ ناکرێـن. ئەوان بەشـێوەیەکی سیسـتماتیک قسـەیان بۆ دەکرێت، وەردەگێڕدرێـن و دووبـارە تێکـەڵ دەکرێنەوە لە چوارچێـوەی مەعریفـەی زاڵـدا (Spivak, 1988). کەواتـە بێدەنگـی لە لایـەن خودی ژێردەسـتەوە بـەزۆری سـەرهەڵنادات، بەڵکـو سیسـتمێک بە هاوکاریی وردە سیسـتمەکانی دەوروبەری دەسـت دەدەنە دەسـتی یـەک. ئەوان وا دەکـەن دەنگەکە وا لـێ بکـەن کـە هەر لـە بنەمـاوە نەبـووە یا دەنگەکان بـە شـێواوی دەنوێنرێنەوە.

مێژووی ژن لە سەردەمی کۆماردا

ژنـان لە ئێـران ماڤی خـۆ کاندیدکردنیـان نەبوو. ئاسـتیان لە ئاسـتی بریندار، شـێت و منداڵدا بوو. ئەم چینانە مافی بەشـداربیان لە کاروباری سیاسـیدا نەبوو. دوای سـاڵی ١٩٦٣ بوو کە ژنـان ئەو مافەیان پـێ درا کە لـە پارلمانـدا بەشـدار بـن و بوونە خاوەنی مافی هاوشـێوەی پیاوان لە بواری سیاسـی و کۆمەڵایەتیـدا (Mashruteh). کوردیـش بەهۆی هەلومەرجـی جوگرافیایـی و سیاسـییەوە هەمان یاسـا گرتییـەوە. دەبێ ئـەوە بوترێت کـە پێگە و هەلومەرجی ژنـی کورد لەچاو ژنانێ کـە کورد نین، جیـاوازە، چونکە کوردبوون لە بـەرز و نەزمی پلەی کورد بەگشـتی و ژنی کورد بەتایبەتی زۆر کاریگەری هەیـە. مەکدۆوال لـە کتێبی مێـژووی هاوچەرخی کـورد (McDowall 2004)دا ئامـاژە بـەوە دەکات کـە لە کوردسـتان بەدرێژاییی مێـژوو وەبەرهێنانی سـنووریداری دەوڵەتـی لـە بەرانبەر پـەروەردە و گەشـەپێدانی ئابووریـدا کـراوە. ئەم سیاسـەتانە کاریگەریی بەرچاوی لەسـەر دەسترۆگەیشـتنی کورد بەگشـتی و ژنـان بەتایبەتی بە خوێنـدن هەبووە. زیادتـر لە 66 لە سـەدی خەڵکی ناوەڕاسـتی ئێران خوێنـدەوار بوون، بـەڵام کورد بە بەراورد لەسـەدا 36 خوێنـدەوار بووە. مەکدۆوال دیسـان ئاماژە بەوە دەکات کـە پیاوان 43.8 لەسـەد و ژنان 20 لەسـەد خوێنـدەوار بوون.
کۆماری کوردسـتان سـاڵی ١٩٤٦ دامەزرا و ئاڵوگۆڕی لـە ژیانـی کـورد بەگشـتی و ژنـان بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان داناوە. کۆماری کوردسـتان بـووە هـۆی جووڵاندنـی ژنـان لـە بوارەکانـی پـەروەردە و ڕۆشـنبیری و ژیانی سیاسـیدا (زنان و ناسیونالیسـم در جمهـوری کردسـتان" 2020). بۆ نموونە لە ڕێوڕەسـمی "سـەربەخۆیی کوردستان" لـە 22 ی ژانویـەی 1946 لـە کـۆی 16 کەس کە قسـەیان کرد، دووانیان ژن بوون. قسـەکەرە ژنەکان کە هەردووکیـان مامۆسـتای قوتابخانەیەکی کچانە بـوون، ڕێزیان لە سـەربەخۆیی کوردسـتان گرت و جەختیان لەسـەر پێویستیی بەشـداریی چالاکانەی ژنـان لە خەباتدا کردەوە. پێشـەوا قـازی بۆ ئەوەی کـە بڕەو بـە خوێندن بـدا، کچەکانی خـۆی نارده قوتابخانـە. ٨ی مارسـی ١٩٥٦ هـەر لـە کۆمـار کۆنفڕانسـێک بەڕێوە چـووە کە لـەودا خاتوو مینا حەسـەنخاڵی، هاوسـەری پێشەوا قسـەی لەسەر گرنگیـی پـەروەردە و ڕاهێنـان بۆ ژنـان و کچانی کـورد کـردووە. هەر لـە مانگـی مارچـدا پارتی دیموکراتی ژنانـی کوردی دامەزرا کە سـەرەتا ناوی حیزبی یایـان بوو کە دواتـر گۆڕدرا بـە یەکیەتیی ژنان (مێـژووی کۆماری کوردسـتان، ٢٠١٨).
یەکـەم ئامانجی یەکیەتیی ژنـان کۆکردنەوەی ژنانی پێگەیشـتوو بوو بۆ پشـتیوانی لە کۆمـار و نەتەوە. لەبەر ئـەوەی زۆرینەی ئـەو ژنانـە نەخوێندەوار بوون، پارتەکـە وانەی خوێنـدەواری و کۆبوونەوەی ناڕەسـمیی بۆ ڕێکخسـتن. چالاکییەکانی دیکەش کە ئەنجام درا، بریتـی بوون لە کۆکردنـەوەی کۆمەک بۆ سـپای نیشـتمانی، بەشـداریکردن لـە ڕێپێوان، خۆپیشـاندان و نووسـین لە ڕۆژنامەکاندا. هاوکاریی سـپای نیشـتمانی بریتی بوو لە کاری ژنان لە چنین و گۆڕەوی بۆ پێشـمەرگە(هەمان سـەرچاوە).
بوونی ژنان لـە سیاسـەتدا لە سـەردەمی کۆماردا گرینـگ بـووە، هەربۆیە لـەو سـەردەمەدا ئاڵای کوردسـتان لـە لایـەن ژنانـەوە دیزاین کـراوە و دواتر بـەکار هێنـراوە. کاتێک کۆماری کوردسـتان دامـەزرا، دوو ئاڵا پێشـنیار کـرا. یەکـەم دیزاینی ئـاڵا لەلایـەن فاتیمە ئەسـعەد شـاهین لەسـەر داوای قـازی محەممەد و پێشـنیاری مەلا مسـتەفا

بارزانی دروست کرا. دواتر دیزاینی دووەمی ئاڵا لەلایەن فاتیمە سەید مەناف حوسەینی بە پێشنیاری میرزا کەریم ئەحمەدی (وەزیری پۆستە و تێلێگرافی کۆماری کوردستان پێشنیار کرا) و پێشکەش بە قازی محەممەد کرا. کەواتە هەڵ بۆ ئەوە ڕەخساوە کە لەو کاتەدا کە ژن تا ڕادەیەک دەنگ و ڕەنگی هەبێت.

کۆمەڵە

هاوکات لەگەڵ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، کۆمەڵەش لە ڕێکخستنی ژنانی کورددا دەستێکی والّا و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. کۆمەڵە، ڕێکخراوێکی کوردیی چەپی-ماوی بوو کە 'داکۆکی لە ئۆتۆنۆمیی کوردان لەناو چوارچێوەیەکی دیموکراتی لە ئێراندا دەکرد. کۆمەڵە جەختی لەسەر ڕزگاربوونی ژنانی کورد لە دەسەڵاتی پیاوسالارانەدا دەکرد. باسوخواسە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنان؛ هەژاری؛ تووندوتیژی دژی ژنان؛ و فرەژنی چڕ دەبوونەوە (Mojab 2023). ئەم ڕێکخستنەی کۆمەڵە کە ژنانی چالاکتر کردبوویەوە، وای لێکردن کە 'ژنانی کۆمەڵە و گرووپە چەپەکانی دیکە ڕێپێوانی ژنانیان لە ٨ی مارسی ١٩٧٩دا ڕێک خست، کە ئەم ڕێپێوانە لە شارەکانی سنە، کرماشان، مەریوان، سەقز و شنۆ بەڕێوە چوو. هەموو ئەم هەوڵانە لە کۆتاییدا بووە هۆی پێکهێنانی کۆمەڵەی ژنان' لە لایەن کۆمەڵەوە (هەمان سەرچاوە).

کۆمەڵە یەکەم حیزب بوو کە ژنانی چەکدار کردەوە. ڕێزان حەسەنی، مامۆستا لە پەیمانگای تەکنیکیی کوردستان- سلێمانی لەسەر پەرەسەندنی ئایدیای چەپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرهەڵدانی حیزبە چەپەکان لە وتاری 'ڕۆڵی ژنان وەک سووژە لە خەباتی دژەداگیرکاریی کوردستاندا' ئاماژە بەوە دەکات کە 'پاییزی ١٩٨٢ یەکەم پەلی پێشمەرگەی ژنانی کورد، کە بەشێوەی ڕێکخراو دەرئەکەون، لە لایەن کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئیرانەوە چەکدار دەکرێن و ژنان بەفەرمی وەک هێزی چەکدار دەناسرێن. وەک فەرماندەی سەربازی دەرئەکەون، پلەی بەرزی حیزبی بەدەست دەهێنن' (Hassani, 2025).

هەروەک حەسەنی لە وتارەکەیدا باسی دەکات، شێعری "بەیان" لە نووسینی شێرکۆ بێکەس، نموونەیەکی دیاری بەسووژەبوونی ژنە لەناو کۆمەڵە و ئەدەبیاتی کوردیدا کە هەر بەپێی وتەکەی دێلوزیش بێت نمایشی بابەتێکی ڕاستەقینە دەکات. بەیان بەرقروە لە گوندێکی بچووکی نزیک مەریوانەوە، دژی بێدادی، دژی سیستەمی پیاوسالاری، دژی دەسەڵاتی تاران دەست ئەداتە چەک و وەک فەرماندەی هێز دەرئەکەوێت و سەرەنجام گیانی بەخت دەکات.

شێرکۆ بێکەس لە شێعری "بەیان"دا دەڵێ:

لە ئیستەوە ئیتر بەیان ئەو کچەیە
تاریکیی ماڵ،
شەوی درێژی کۆیلەیی،
وەکو پرچی زیاد و تەمەڵ
هەمووی ئەبڕێ!
شێری مێیە و لەناو لانەی
ئازادەوە دێتە دەرێ.
وەکو چیام سەر هەڵئەبڕێ
لێشاوێکە و ئەو دیواری
نامۆییە ڕائەماڵێ
کە دەمێکە، زۆر دەمێکە
لەم کوردستانە دیلەدا
بەر لە تیشکی نیوەی خۆرم
نیوەی حەقیقەتم ئەگرێ
لە ئیستەوە ئیتر بەیان
ئەو بیرە شاربەدەر ئەکا
کە ژن ئەبێ
هەر لەسەر جێ و هەر لە ماڵدا
بژی و بمرێ.

(شێرکۆ بێکەس، کتێبی کەشکۆڵی پێشمەرگە، ١٩٨٤ (Vejin Books

گوڵڕۆخ قوبادی یەکێک بوو لە یەکەم ژنەکان کە پەیوەندی بە باڵی چەکداریی کۆمەڵەوە کرد، پاش ئەوەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە هاوینی 1979 هێرشیان کردە سەر هەندێک لە شارە گەورەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات- ئێران. گوڵڕۆخ ساڵی 1956 لە شاری سنە لەدایک بوو و چالاکیی سیاسی و نهێنیی خۆی لە ڕۆژهەڵات دەست پێ کرد و بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆگرامی سیاسیی خۆی لە کوردستان وەک مامۆستا لە گوندەکانی ئەو پارێزگایە کاری کرد. لە شۆڕشی ساڵی 1979 دا بەشداری کرد و یەکێک بوو لە

دامەزرێنەرانــی ئەنجومەنــی ژنانی ســنە. ســاڵی 1980 بــوو بــە یەکــەم ئەندامی ژنــی ڕێکخراوی شۆڕشــگێڕی زەحمەتکێشــانی کوردســتانی ئێــران (کۆمەڵــە). گوڵڕۆخ لــە چاوپێکەوتنێکــدا (Mojab 2023) جەخــت لەســەر خەباتــی چەکداریی ژنان دەکاتەوە. جەختکردن لەســەر خەباتــی چەکداری، گوڵــڕۆخ دەکاتــە کەســێک کــە قســان دەکات و قســەکانی گوێگــری هەیە لەناو ســنووری خەباتی چەکداریی ژنانــی کۆمەڵەدا. خەزاڵیــش ژنەچەکدار بوو لەنــاو کۆمەڵــەدا، لەنــاو سیســتەمی ئێراندا نەمابوویەوە و نەیوســیت دەنگی کــپ و کونترۆڵ بکرێت، بــەڵام هەر ئەو سیســتەمە بەشــێوەی تر شــوێنی کــەوت (درۆن) و دەنگــی کپ کرد.

ئامینــە کاکەبــاوە کچــە کۆمەڵەییەکــی تــرە کە لــە گوندی «تورجان»ی ســەر بە شــاری ســەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان لەدایک بــووە. کاتێک دەبێتە ١٣ ســاڵان، پەیوەندی بە کۆمەڵەوە دەکات و دەبێتە پێشــمەرگە. ئامینــە دەڵێــت، فەرمانــدەی بنکەی سپای پاســداران لە گوندەکەیان گوشــاری بۆ باوکی هێنابوو کە لەگــەڵ ئامینەی گەنجدا هاوســەرگیری بکات، بــەڵام ئامینە هــەڵات و بووە پێشــمەرگەی حیزبــی کۆمەڵــەی کوردســتانی ئێران. بــەم کارە ئامینــە نەیهێشــت دەنگی لــە لایــەن نوێنەرانی ئێرانــەوە قــۆرخ بکرێــت. ئامینــە لە شــاخ فڕی خوێندنەوە و نووســین بووە و لە ســوید بڕوانامەی بەکالۆریۆســی لــە بــواری ڕاوێــژی کۆمەڵایەتی و بڕوانامــەی ماســتەری لــە فەلســەفە لــە زانکۆی ســتۆکهۆڵم بە ســەرکەوتوویی بەدەســت هێناوە. ســاڵی ٢٠٠٥، لقی ســوێدی ڕێکخراوی فێمێنســتی فەرەنســی بەناوی «نە لەشــفرۆش و نە ستەمدیدە» دادەمەزرێنێــت. ئــەو ڕێکخراوە داکۆکــی لە مافی کچانــی کۆچبەر و پەراوێزنشــینیی ســوید دەکات. ســاڵی ٢٠٠٨، ئامینــە کاکــە بــاوە لەلایــەن پارتی چەپی ســوێدەوە کاندید دەکرێــت و وەک یەکێک لە نوێنەرانی شــاری ســتۆکهۆڵم دەبێتە پەرلەمانتاری ئەو وڵاتە و لــەو کاتەوە تا ئێســتا توانیویەتی وەک پەرلەمانتــار بمێنێتەوە.

بــە گوتــەی ئامینــە کاکەبــاوە (Mojab 2023) هەڵگرتنی چــەک و لەبەرکردنــی جلوبەرگی پیاوان و پێشــمەرگەبوون، وەک بەرخــۆدان لەبەرانبــەر نەریتە پیاوســاالرییەکان ســەیر دەکران و هەستێکی بەهێزبوونیــان پــێ دەبەخشــی. کۆمەڵــەش لــە وەگەڕخســتنی تواناییــی ژناندا دەســتێکی باشــی هەبــووە و هەوڵی بــۆ بەڕێکخراوەکردنی شۆڕشــی چەکداریی ژنــان داوە. ئامینە لە سیســتەمی زاڵ کە ویســتوویەتی ئەو بەزۆر بەشــوو بــدات، هاتووەتە دەر و پەیوەســت بــووە بــە هێزی ژنانــی کۆمەڵە و درێــژەی بــە بوونی خــۆی داوە وەک کەســێکی چالاک کــە دەنــگ هەڵدەبڕێ و بێدەنــگ نەبووە. ئامینــە و خــەزاڵ هەردووکیــان لە ناو سیســتەمی زاڵــی کۆمــاری ئیسلامــی هاتوونــە دەر و بــە مەبەســتی ئەوەی کە هەڵگری دەنگــی خۆیان بین و لە دەرەوەی سیســتەمی ئێران لەنــاو چوارچێوەی شۆڕشــی چەکداریــدا دەنگــی خۆیــان هەڵبڕیوە. هەڵبەت مــەرگ مەودای نەدا کە خــەزاڵ بەتەواوی خاوەنی ئــەو دەنگە ببــێ بــۆ هەتاهەتایە.

شەپۆلە فێمێنیســتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هەڵبــەت بە گۆڕینی ڕژیــم لە ئێران، ســاڵی ١٩٧٩ ژیانــی کــورد لەچاو خەڵکانــی تر لــە ئێراندا هەر لە ئاســتی نزمــدا مایــەوە. حکوومەتی ئێــران بە پەهلــەوی و کۆماری ئیسلامییەوە کــە کاراکتەرێکی سیاســیی بەهێزن، دەبووایــە نوێنەرایەتیی کوردیان بکردایــە بــۆ گەیشــتن بــە خواســتەکانیان، بەڵام ئــەوان قســەیان بۆ کورد نەکــرد و ناکــەن و تەنیا خواســتەکانی ئەوانیــان ســەرکوت کــرد و بەهۆی دەســەڵاتی خۆیانــەوە، زینــدان، کوشــتن، بڕین و ئاوارەبوونیان تووشــی کــورد کرد.

خاتــوو ســوڕەیا فــەاڵح لــە وتارێکــدا لەژێــر نــاوی بەدواداچــوون بــۆ بارودۆخــی ژنــان لــە ناوچــە کوردییەکانی ئێــران، لێنزەکان و ســووچی چەوســاندنەوە و بەرخــۆدان ســاڵی ٢٠١١ ((Asre Nouدا بــاس لــەوە دەکات کــە بەگوێرەی ڕاپۆرتی ســاڵی 1988ی یونیســێف لەسەر بارودۆخی ژنان و کچــان لە پارێزگای کوردســتان لــە کۆماری ئیسلامیــی ئێرانــدا، ڕێــژەی خوێندەواریــی ژنان و کچانــی کورد لــە لادێ و شــارۆچکە بچووکەکان لە کەمترین یــان نزمتریــن ڕێژەدایە لە وڵاتــی ئێران. بەگوێــرەی ڕاپۆرتــی "هەڵســەنگاندنی نەتەوەیی نەتــەوە یەکگرتووەکان" بــۆ ســاڵی 2003، ڕێژەی خوێندەواری گشــتی لە تەمەنی 15 بۆ 24 ســاڵ لە کوردســتان بەشــێوەیەکی بەرچاو لە تێکــڕای ئێران کەمتــرە .

ژنانــی کــورد ئــەو بارودۆخــە خراپــە وای لــێ

نەکـــردوون کە بێدەنـــگ بن. خاتوو ســـۆرەیا فەلاح لـــەو بەدواداچوونەدا کـــە کردوویەتـــی، ئاماژەی بە نەســـرەوتنی ژنانی کورد داوە و باســـی سێ شەپۆلی خەباتـــی ژنانی ڕۆژهـــەلات دەکات کە لـــە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتـــی وڵاتـــدا هەیانبـــووە، هەڵبـــەت ئەمە دەرخـــەری ئەوەیە کـــە ژنانی کورد چ لـــە ناوخۆ، چ لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان وەک پێشمەرگە و چ وەک چالاک لە بواری جۆراوجۆر لە دیاســـپۆرادا لە خەبات ڕانەوەســـتاون.

شەپۆلی یەکەم

خاتوو ســـۆرەیا فەڵلاح شـــەپۆلی یەکەمی بزووتنەوە و خەباتی ژنانـــی کورد لەدوای ڕاپەڕینـــەوە لەنێوان ســـاڵانی ١٩٧٩-١٩٨٩دا پۆلیـــن دەکات. کوردســـتان بەگشـــتی و ژنان بەتایبەتی لە ســـەرەتای شۆڕشـــدا نەچوونە ژێـــر ڕکێفی دەســـەڵاتی ئیسلامیی ئێرانەوە و بـــەردەوام بـــوون لە شـــەڕ بۆ گەیشـــتن بە مافی نەتـــەوەی کورد. فـــەلاح باســـی ئـــەوە دەکات کە ژنان لە کوردســـتانی ڕۆژهەڵات خێراتـــر چوونە پاڵ شۆڕشـــی کوردەوە، چونکە شۆڕشـــەکە و حیزبەکان کە ئـــەوکات زیادتـــر حیزبی دیمۆکـــرات و کۆمەڵە بوون، عیلمانی و ســـێکۆلار بـــوون، لقیان هەبوو بە ناوی کومیتـــەی ژنان و لەناو خەڵکـــدا چالاک بوون؛ کەواتـــە لە زۆربەی بەشـــەکاندا ژنان چـــالاک بوون. ژنی کورد هـــاوڕا لەگەڵ کۆمەڵـــگا، ڕووخانی ڕژیمی پەهلـــەوی و هاتنـــی کۆمـــاری ئیسلامییـــان وەک دەرفەت قۆزتـــەوە ‘بۆ دەســـتەبەرکردنی جۆرێک لە مافی چارەی خۆنووســـینی سیاســـی .... لـــە ناوچە ناوەندییەکانـــی ڕۆژهەڵاتـــدا... کـــە ئازەربایجانـــی ڕۆژاوا، کوردســـتان و بەشـــەکانی کرماشـــانی لەخۆ دەگرت، کـــە زۆرینەیـــان ناوچەی کوردیی ســـوننە بوون [هەلبـــەت ئەم شۆڕشـــەی کـــورد و هەوڵ و هەلە ســـەری نەگرت چونکە] لە ١٩ی ئابی ١٩٧٩دا، خومەینی جیهادێکـــی پیرۆزی دژی کـــورد ڕاگەیاند، ئەوانی وەک ” منداڵی شـــەیتان“ و ”کافـــر“ ناو برد (هەمان ســـەرچاوە). تـــا ســـاڵی ١٩٨٣، حکوومەتی ئێـــران دووبـــارە دەســـەڵاتی خۆی لە سەرتاســـەری کوردســـتان ســـەپاندەوە (حاجی ئاقایی،هامەلینگ، ٢٠٢٥).

دروشـــمی ســـەرەکی لە کوردســـتاندا کـــە ئەو کات ڕژیـــم پڕوپاگەنـــدەی بـــۆ دەکـــرد، ئەوە بـــوو کە ئێمە شـــەڕ لەگـــەڵ کوفـــر دەکەین نـــەک لەگەڵ کورد. ئەم دروشـــمە لـــە زمان خومەینییـــەوە بۆ ناو خەڵـــک گوازرایەوە. لـــە زۆربەی هـــەرەزۆری دار و دیـــواری شـــارەکان و قوتابخانەکاندا ئەو دروشـــمە نووســـرابوو کە نوێنەرایەتیی بۆچوونـــی داموددەزگای کۆمـــاری ئیسلامـــی دەکـــرد لەبەرانبـــەر کـــورددا. ئـــەو داموددەزگایە خۆی بـــە ئیسلامی ڕاســـتەقینە- هەڵبـــەت ئیسلامـــی شـــێعە- دادەنا و هـــەر کەس لەبەرانبـــەر ئیسلامـــدا بوەســـتایە، کافر بـــوو. کافر دەبـــێ جیهادی لەبەرانبـــەردا بکـــرێ و زۆر بینرا کە خومەینـــی فەرمانـــی جیهـــادی دەردەکـــرد لە دژی کـــورد. خومەینی دەیگوت کـــە ســـەربازەکان نابێ پۆتینەکانیـــان دابکەنن هەتـــا کوردســـتان لە کوفر خاوێـــن نەکەنـــەوە. بـــۆ نموونە شـــەڕی خوێناویی ســـنە و بەرخۆدانی پـــاوە هەر لە درێـــژەی فەرمانی جیهـــادی خۆمەینییـــەوە ســـەری گـــرت. ڕژیمـــی کۆماری ئیسلامی بەو دروشـــمە شـــەرعییەتی دینیان بە کوشـــتار و ســـەرکوتی کورد بەخشـــی. ئەوان بەو شـــێوە بانگەشـــەیان دەکرد کە گوێا ئـــەو کوردانەی ئـــەوان شـــەڕی لەگەڵـــدا دەکـــەن، کافرن و شـــەڕ لەگەڵ کافـــر لە دینـــدا ڕەوایە. (ئەمـــەش هەڵبەت لـــە مێـــژووی کـــورددا بـــەردەوام ڕووی داوە و بە هەمان دروشـــمی شـــەرعی بـــە ســـوورەی ئەنفال، سەدامیش شـــەرعییەتی دا بە ئەنفال و کۆمەڵکوژیی کوردی باشـــوور).

لەم شـــەڕە دژی کوفرەدا بەپێی بـــڕوای داموددەزگای ئیسلامی، ژنان هـــەر وەکو پیاوان لە کاتی شۆڕشـــدا قوربانیی زۆریـــان دا و زۆر کەس دەســـتگیر کران و لەســـێدارەش دران. بـــۆ نموونە نەییـــرە ئەعزەمی 1979 شـــەهلا و نەســـرین کەعبـــی ١٩٨٠، نەرمین کەریمی ١٩٨٣.

بێجگە لەو چەند کەســـەی ســـەرەوە، نووسەری ئەم وتارە لە ســـەقز درواســـێیەکیان هەبـــووە کە ناوی هاجەر کچی کولســـووم خانمیان پـــێ دەوت. هاجەر لـــە دوای شۆڕشـــی١٩٧٩ گیرابوو و لە کاتی شـــەڕی ئێـــران و عێراقدا هەر لە زینـــدان مابوویەوە. کاتێک کە زیندانی ســـەقز لە لایـــەن ســـەدامەوە بۆردمان کرابـــوو، ئەو کچە کـــە گەنج بوو لە زینـــدان لەگەڵ چەندا کەســـی تـــر گیانی بەخـــت کردبـــوو. تاوانی هاجەر بیـــر و بـــڕوای کوردانە بوو کە بـــووە هۆی ئەوەی کە ســـەری لەســـەر دابنێت.

ئـــەم ســـەر لەســـەردانانە کاریگـــەری لەســـەر چالاکبوونـــی ژنـــان دادەنێـــت و لـــە دۆخـــی چـــالاک دەیانگوازێتەوە بـــۆ دۆخی خۆپاراســـتن و دوورەپەرێـــزی. فـــەللاح لـــە لێکۆڵینەوەکەیدا ئەوە

ڕوون دەکاتەوە کە لەنێوان ساڵانی 1983 و 1988، شەپۆلی دەرکردن و لەسێدارەدان و دەستگیرکردنی هەڕەمەکیی کچانی خوار تەمەن 18 ساڵ ڕوو دەدا. ئەم شەپۆلە زۆرێک لە خێزانەکانی ناچار کرد هانی کچەکانیان بدەن یان لە هەندێک حاڵەتدا ناچاریان بکەن هاوسەرگیری بکەن. هەڵبەت هەر ئەو هاوسەرگیرییە لەگەڵ کۆمەڵێک هۆکاری تر بووە هۆی ئەوەی کە ژنان چالاک نەمێنن و نەتوانن پێشکەوتنی باش لە ژیاندا بەدەست بهێنن. ئەمەش بەگشتی کاریگەری لەسەر دواکەوتنی شۆڕشی کوردیدا هەبوو.

شەپۆلی دووەم

خاتوو سۆرەیا فەلاح شەپۆلی دووەمی چالاکی و بزووتنەوەی ژنانی کورد بۆ ١٩٩٧-٢٠٠٥ دەگەڕێنێتەوە. لەپێش ئەودا شەڕی ئێران و عێراق، کۆچی حیزبەکان بۆ باشووری کوردستان وای کرد کە ژنان چالاکییەکانیان کەمتر ببێتەوە و ئەگەر ڕێ بکەوتایە، ژنان دەچوون بۆ باشوور و لەناو حیزبەکاندا دەبوونە پێشمەرگە. ژنان لەم ماوەیەدا لە ناوخۆ دەستیان دایە خوێندن و دامەزراندنی کۆڕ و کۆمەڵە. ئەم گەشەکردنە چەند هۆی هەبوو کە ئەمانەن:

'یەکەم: بیرەوەرییەکانی سەردەمی سەرەتای شۆڕش هێشتا زیندوو بوون.

دووەم: پەیوەندیی نێوان شارە کوردییەکان و چینی خوێندەواری شارنشین لە گەشەکردندا بوو.

سێیەم: هەڵبژاردنی محەممەد خاتەمی وەک سەرۆککۆماری ئێران (١٩٩٧-٢٠٠٥)، چاکسازی و دەرفەتی گرنگی بۆ ژنان هێنایە کایەوە' (حاجی ئاقایی،هامەلینگ، ٢٠٢٥).

فەلاح ئەوە زیاد دەکات کە هەندێک لەم کۆڕ و کۆمەڵانە لەسەر کێشەکانی ژنان وەستان و ئامانجیان ئاشناکردنی ژنانی کورد بە مافەکانیان بوو. بۆ نموونە کۆمەڵەی ژنانی ئازەرمێهری کوردستان ساڵی 1998 لە سنە دەستی بە چالاکی کرد. ئەم کۆمەڵەیە لەسەر بنەمای داخوازییەکانی بەشێک لە ژنانی ڕۆشنبیری کورد سەری هەڵدا. داخوازییەکان بریتی بوون لە بەرەوپێشبردن، تێکۆشان بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی کولتووری و کۆمەڵایەتیی ژنانی کورد و دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ ژنانی کورد. هەروەها ئەم کۆمەڵەیە ئامانجی ئاشناکردن و پەروەردەکردنی ژنانی کورد بە مێژووی کوردستان و زمانی دایکیان بوو. فێرکردنی خوێندنەوە و دامەزراندنی کتێبخانە لە گوند و شارەکان بۆ ژنانی کورد بەتایبەتی کتێب و فیلمەکانی پەیوەست بە کێشەی فێمێنیستیی تایبەت بە ژنانی چالاک یەکێکی تر لە مەبەستەکانی کۆمەڵەی ژنانی ئازەرمێهری کوردستان بوو (هەمان سەرچاوە).

شەپۆلی سێیەمی بزووتنەوە و چالاکیی ژنانی کورد لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ەوە تا ئێستا

فەلاح باسی ئەوە دەکات کە 'بە ئازادانە هاتوچۆکردن بۆ باشوور، خوێندن لە ئاستی سەرەوە و ئینترنت بووەتە هۆی ئەوەی کە ژنان لە سنووری داخراوی ولاتدا نەمێننەوە و دەنگی ژنان زیادتر ببیسرێت'، (هەمان سەرچاوە). چالاکیی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ژنان زۆر گەشەی کردووە و سەدان ژن لە بواری بلۆگدانان، فەیسبووک، ئینستاگرام و .. چالاکیان نواند. ئەمان بە بەردەوامی خەریکی بابەت دروستکردن و ڕووبەڕووکردنەوەی خەڵک و زانیارییەخشین بوون. هەڵبەت با ئەوە لەبیر نەکەین کە ڕاستە ژنان خەریکی چالاکین بە ئاشکرا و بە نهێنی، بەڵام کوشتنی ژنان بە بچووکترین بیانوو هەر بەردەوام بووە و بەردەوامە. نموونە لە ٢٠ی سێپتامبەری ٢٠٢٢دا ژینا ئەمینی کە خەڵکی شاری سەقز بوو، بەهۆی دەرکەوتنی چەند تاڵەمووی لە تاران لە لایەن ڕژیمەوە گیانی بەخت کرد. گیانبەختکردنی ژینا بووە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکی بەرین لە ڕۆژهەڵات و کاریگەری لەسەر هەندێکی شاری ئێرانیش دانا.

ژینا لە تاران لەژێر ناوی ئایین دامودەزگای دینی بەری پێ گرت، پاشان لایەنی ئەمنیی ئێران دەستبەسەریان کرد و لێپێچینەوەیان لەسەر ئەو لادان لە چوارچێوەی ئایینی لێ کرد. لایەنی ئایینی لەبری ژینا قسەی کرد و تاوانباری کرد، لایەنی ئەمنی وەک کەسی سیاسی سەیری کرد، دەستبەسەری کرد، ئەشکەنجەی دا و لە کۆتاییدا گیانی بەخت کرد. دێلوز لێرەدا نوێنەرایەتی دەخاتە ژێر پرسیار کە نەهاتوون لەبری ژینا قسان بکەن. سپیڤاکیش لەسەر ژینا دێتە دەنگ و باسی ئەوە دەکات کە لە کاتی لێپێچینەوەدا ژینا قسەی کردووە و باسی چەند تاڵەقژەکەی

خۆی کـــردووە. کەچی سیســـتەم گوێگـــری نەبووە و بەیەکجـــاری دەنگـــی ڕەش کردووەتـــەوە. ژینا و خەزاڵ وەک یەک بێدەنگی سیاســـی کـــران، چونکە نوێنەرەکانیـــان شـــایەتحاڵی ڕاســـتەقینەی ئـــەوان نەبوون.

هەڵبـــەت بـــا ئـــەوە لەبیـــر نەکەین کـــە گیرانی ژنـــان لە هەمـــوو بواردا هـــەر بەردەوامـــە. زارا محەممـــەدی کـــە مامۆســـتای زمانی کـــوردی بوو، هێشـــتا لە زیندانداید و زۆر ژنـــی چالاکی تر دەیان جار دەســـتگیر کراون، وەکـــو لەیلا پاشـــایی و ژینا مـــودەڕەس گورجی. ڕاســـتە کە ژنان لە کۆنفرانســـی باشـــوور و وڵاتانـــی دیکەدا بەشـــدار دەبـــن، بەڵام چـــاوی تیـــژی حکوومەتیـــان هـــەر لەســـەرە و لـــە چوونـــەوەدا ئەگـــەری گرتنیـــان هەیـــە. لەم دواییانەشـــدا خاتوو شیلان ســـەعدی کە دەرهێنەرە، ســـاڵی ٢٠٢٥ چوو بۆ فێســـتیڤاڵی فیلم لـــە کانادا و نەیتوانی بگەڕێتەوە، چونکە تووشـــی کێشـــە بوو و ناچار بـــوو لە وڵاتـــی کانـــادا بمێنێتەوە.

خەزاڵ مەولان

قۆناغی یەکەم: بریندار بوون

سێشـــەممەی ، 14ی ئەیپریلی 2026، لـــە ئەنجامی بۆردومانـــی ئێـــران بۆ ســـەر بارەگایەکـــی کۆمەڵە لە ســـنووری شـــارۆچکەی ســـوورداش لە پارێزگای ســـلێمانی، ژنەپێشـــمەرگەیەکی کۆمەڵـــە بـــە ناوی خـــەزاڵ مەولان کـــە تەمەنـــی تەنیا ١٩ ســـاڵ بوو، بریندار بوو و لە سورداشـــەوە بە ماشـــینی ئاســـایی گوازرایـــەوە بۆ ســـلێمانی بۆ وەرگرتنی چارەســـەری پز یشکی .

قۆناغی دووەم: ڕەتکردنەوەی نەخۆشخانە

بەپێی هەواڵەکان، نەخۆشـــخانەکان لە دەرمانکردنی ئـــەم گیانبەختکـــردووە کەمتەرخەمییـــان کردووە و ئەمـــە بووەتە هـــۆی ئەوەی کـــە ئـــەم هاوڕێیەی کۆمەڵەیـــە گیانی بەخت بکات. ئـــەم کەمتەرخەمییە نیشانەی سیاســـیبوونی جەســـتەی ژنەپێشمەرگەیە. نەخۆشـــخانەکان تیماریان نەکرد، یا دوایان خســـت بەهـــۆی کاروبـــاری ئیداریـــیەوە - بیرۆکراســـی- یا ڕەفزیان کـــردەوە. بێدەنگکردن بە ناوی بیرۆکراســـی لە نەخۆشـــخانەی بەخشـــین ڕووی دا و دەرمانی ئەم بریـــنـــدارەی نەکـــردووە و پێوەندی بە ئاسایشـــەوە کردووە کـــە بزانێ ڕێگایان دەدرێ کـــە ئەو بریندارە وەربگـــرن یان نـــا. کاروباری بیرۆکراســـی بووە هۆی ئەوەی کـــە هاوڕێیانی خەزاڵ نیگەرانـــی سڵامەتیی ئەو کچـــە پێشـــمەرگەیە بـــن، چونکە دڵـــی تەواو خاو ببوویەوە .کارمەندانی نەخۆشـــخانەی بەخشین داوای نامـــەی ئاسایشـــیان لە پێشـــمەرگەکان کرد و ئەوانیش نەیانبوو. نەخۆشـــخانە بۆ مـــاوەی ٢٠-٢٥ خولـــەک لەســـەر هێڵ بوو کـــە ئیجازە لە ئاســـایش وەربگـــرێ بـــۆ دەرمانی خـــەزاڵ. بێدەنگکـــردن بە ناوی ئەمنییـــەت لێرەدا لە لایەن ئاسایشـــەوە ڕووی دا. هیـــچ کام لەمانـــە بـــە ئەنجام نەگەیشـــت و لە ئەنجامدا لەوپـــەڕی بێهیوایدا بریندار گواســـترایەوە بۆ شـــوێنی تر بـــۆ وەرگرتنی چارەســـەر.

کاروان عەلی، بەرپرســـی ڕاگەیاندنی نەخۆشـــخانەی بەخشـــین بـــە ڕووداوی وتـــووە کـــە "بڕیـــاری بەڕێوەبەرایەتیـــی تەندروســـتیی ســـلێمانی هەیە، دۆســـیەی پۆلیـــس و ئاســـایش لە نەخۆشـــخانەی کەرتـــی تایبـــەت وەرناگیـــرێ، ئـــەو کەیســـە پەیوەندیـــی بـــە ئەمنییەت هەبووە و پێویســـتی بە نووســـراوی فەرمیی لایەنـــی ئەمنییە، بـــەڵام پێیان نەبووە"(Rudaw (2026 . کەواتە ئەم ســـووژەیە کە مان و نەمانی لە دەســـتی سیســـتەمی تەندروستیدا بووە، نەیانویســـتووە نوێنەرایەتیی ئەم پێشمەرگەیە بکەن. هـــەروەک دێڵـــوز باســـی دەکات، نوێنەرانی خـــەزاڵ بەپێـــی حـــەز و بەرژەوەنـــدی هەڵیـــان بـــژاردووە، بۆیـــە ئەنجامەکەی مەرگـــی خەزاڵی لێ کەوتەوە. هەر بەپێی یاســـای نەتـــەوە یەکگرتووەکان ئەم خەمســـاردییەی نەخۆشـــخانەی بەخشین ئەوان وەک کەمتەرخـــەم دەردەخـــات، چونکـــە هەمـــوو کەســـێک مافی ئەوەی هەیە کە دەرمـــان بکرێت و ئەگـــەر دەرمان نەکرێت دەبێ لێپێچینەوەی یاســـایی لـــە لایەنی بەرپـــرس ئەنجـــام بدرێت.

کانۆنی بـــوار لە زمانـــی وەزارەتی تەندروســـتییەوە ڕایگەیاند کـــە لێکۆڵینەوەکان پاڵپشـــت بە یاســـای مافـــی نەخـــۆش (ژمـــارە ٤ی ســـاڵی ٢٠٢٠) ئەنجام دەدرێـــن. وەزارەتـــی تەندروســـتی، جەختـــی لەوە کردووەتەوە کـــە 'ئەم ڕووداوە جێگـــەی قبووڵکردن نییـــە' و بەڵێنـــی داوە ســـەرپێچیکاران ڕووبەڕووی 'قورسترین ســـزای یاســـایی' بکرێنەوە. لە پەیامێکی توند و ڕاشـــکاودا، وەزارەتی تەندروســـتی هۆشداری دەداتە تـــەواوی ناوەنـــدە پزیشـــکییەکان و دەڵێ، پاراســـتنی گیانی مرۆڤ ئەرکێکـــی مرۆییە و نابێت داموودەزگاکانـــی تەندروســـتی بکەونـــە ژێـــر هیچ گوشـــار یان نیازێکی سیاســـییەوە.

قۆناغی سێیەم: ڕەتکردنەوەی مزگەوت

بانگەشەی مزگەوت

کێشەکە بەس بە کەمتەرخەمی و بەسیاسیکردنی جەستەی خەزاڵ نییە، بەڵکو لادان لە یاسا لە لایەن نەخۆشخانەکانەوە نەوەستا، بەڵکو مزگەوتەکانیش بە هەر بیانوویەکەوە بێ، تەرمی ئەم پێشمەرگەیان وەرنەگرتووە کە گۆیا ژن لە مزگەوتدا ناشۆردرێ و شەرع ڕێگا نادات. دوو ڕۆژ بەم هۆیەوە ناشتنی ئەم گیانبەختکردووە دوا دەکەوێت و هەر لە بەشی ساردخانەدا دەمێنێتەوە. مەلا عەباس خدر بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقافی سلێمانی لەسەر ڕێگریکردن لە شوردنی ئەم هاوڕێ پێشمەرگەیە لە مزگەوتەکانی سلێمانی بە ڕوونداوی وتووە کە بەپێی شەرع ئافرەت لە مزگەوت ناشۆردرێت، نابێ نامەحرەم جەستەی ببینێ و دەبێ مەحرەمی خۆی بیشوات Rudaw (2026)) .

سەرچاوە دینییەکان

بەدواداچوونم بۆ ئەم باسە شەرعییە کرد، سەرچاوەم بۆ قەدەغەبوونی دەرگای مزگەوت بۆ ژنی مردوو نەدۆزییەوە.

ئەم پێشنیارانە کرابوو: بۆ غوسڵ و کفن و دەفن لە ماڵپەڕی 'شوشتن و کفنکردنی مردووەکان'دا کە بەم شێوەیە باسی شۆردنی ژن و پیاو دەکات؛

- 'پێشنیار دەکرێت بە لایەنی کەمەوە چوار کەس ئامادە بن بۆ یارمەتیدان لە شوشتن و هەڵگرتنی تەرمەکە (شەش ئافرەت لە حاڵەتی مردنی ئافرەتدا).
- شوشتن بەشێوەیەکی ئاسایی لە شوێنی تایبەت بۆ ناشتن و کفنکردن ئەنجام دەدرێت، یان لە مزگەوت کە ئاسانکاری تێدا هەیە
- ئیمامی مزگەوت یان کارمەندانی شوشتنی شارەزا ئامادە دەبن بۆ ڕێنمایی کردن لە شوشتن و کفنکردنی مردوو.
- تەنها ژنان دەبێت جەستەی ئافرەت بشۆن و پیاوانیش دەبێت جەستەی پیاوان بشۆن. ڕێگەپێدراوە ژن جەستەی مێردەکەی بشوات و بەپێچەوانەوە. هەروەها ئافرەت دەتوانێت جەستەی کوڕێکی بچووک بشوات.
- ئافرەت بۆی نییە لاشەی مردوو بشوات، ئەگەر خوێنبەربوونی مانگانە یان خوێنبەربوونی هەبێت پاش لەدایکبوونی منداڵ، چونکە شوشتنی جەستە بە پەرستن دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە یارمەتیی جلشۆرەکە بدات بەبێ ئەوەی دەست لە جەستە بدات یان چاودێری بکات بۆ سوودی فێربوون.
- دەبێت زۆر بەنەرمی مامەڵە لەگەڵ تەرمەکە بکرێت. دەبێت خۆت لە خشاندنی توند بەدوور بگیرێت.

ئەو کەسانەی مردووەکە دەشۆن، دەبێت دەستنوێژیان هەبێت' (Islamic Burials 2026) . کەواتە بەم پێیە قسەی ئەم مزگەوتانە هەڵە تێگەیشتن لە سەرچاوە دینییەکانە.

تەنانەت لە سەردەمی جێگیربوونی ئیسلامیشدا ڕێزنەگرتن لە مردوو لە کتێبە مێژووییەکاندا باسی لێوە نەکراوە. عەبدوڵڕەحمان بن ئەبی لەیلا دەگێڕێتەوە کە سەهل بن حونایف و قەیس بن سەعد لە شاری قادسیە دانیشتبوون. کاروانی تەرمێک لەبەردەمیانەدا تێپەڕی و هەستان. پێیان ڕاگەیەنرا کە کاروانی تەرمەکە هیی یەکێک لە دانیشتووانی ئەو زەوییە، واتە بێباوەڕێک بوو لەژێر چاودێریی موسڵمانانداە. هەر دەگێڕنەوە کە کاروانێک لەبەردەم پێغەمبەر تێپەڕی و پێغەمبەر هەستا. کاتێک پێی ڕاگەیەنرا کە ئەمە تابوتی جوولەکەیە، فەرمووی: ئایا ئەو بوونەوەرە زیندوو نییە؟"" ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە خودی حەزرەتی محەممەد ڕێزی بۆ مردوو داناوە، بێ لەبەرچاوگرتنی بیر و باوەڕی کەواتە ئەوەش نابێتە هۆی ئەوەی کە ژنی مردوو لە شۆردنی لە مزگەوتدا بەربەستی بۆ دابنرێت، ("Sahih al-Bukhari 1312").

لە قورئانیشدا خودا باسی ڕێزگرتن لە هەموو مرۆڤێک دەکات. لە سووڕەی ئیسراء ئایەتی 70 دا هاتووە کە:

لَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ٧٠

'سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە و لە وشکانی و دەریادا هەڵمان گرت و ڕزق و ڕۆزیی چاک و پاکمان پێ بەخشین و ڕێزی زۆرمان دابین کرد بەسەر زۆربەی

دروستکراوانی ئیمەدا'.
Qur'an (2026) Surah Al-Isra 17:70
ماموستا مەسعوود کانی کوردەیی کە ئەویش مەلایەکی ئایینییە، تێگەیشتنی جیاوازی لەسەر ئەم کردەی مزگەوتەکان هەیە. ئەم مەلا نەتەوەییە دوابەدوای ئەوە پشتگیری بۆ کچە پێشمەرگەکە دەردەبڕێ و لە گرتە ڤیدیۆیەکدا دەڵێت: 'کچە پێشمەرگەکەیان بهێنابا لای من، لەسەر سەری خۆم دادەنا' (Facebook 2026). لە ڤیدیۆیەکدا ماموستا مەسعوود کانی کوردەیی ئامادەیی خۆشی دەردەبڕێ و دەڵێت، من ئامادەییم تێدا بوو کە لە مزگەوتی مندا بشۆردرایەت و کفن و دفن بکرایە و ئامادە بووم ئەرزاق بۆ سەرەخۆشییەکەشی دابین بکەم' (هەمان سەرچاوە). ماموستا مەسعوود کانی کوردەیی نمایشکردنی ڕاستەقینەی لە گیانبەختکردنی خەزاڵدا نواند.
بە قسەی کوردیش بێ دەڵێ کە کەسێ مرد، شەیتانیش وازی لێ دێنێ بەو مانایە کە مردن کۆتایی بە هەموو شت دێنێ، بەڵام لێرەدا داموددەزگاکان، مزگەوتەکان، چونکە ناتوانن بێلایەن بن، هەروەک کارمەندەکانی بەشی دەرمان و ئاسایش، و سیاسەت، بڕوای کەم یا زۆر بەهەڵە تێگەیشتوو دەخەنە پێش. کەواتە دێن بڕیاری هەڵە و تێگەیشتنی ناڕاست دەکەنە پاساو بۆ ئەرک و بەرپرسیارییەتییەکانیان. مزگەوت خەزاڵی بە ناوی شەرعەوە بێدەنگ کرد. هەڵبەت لە کۆتاییدا تەرمی ئەو ژنەپێشمەرگەیە لەنێوان ئاسمان و زەویدا نەمایەوە و سیاسەتمەداری کورد، سەردار عەبدوڵڵا، ئەم ئەرکەی وەئەستۆ گرت و تەرمەکەی بردەوە ماڵەکەی خۆی بۆ ئەوەی بیشۆن و کفنی بکەن.

ئایا ژنەپێشمەرگە دەتوانێت قسان بکات ؟

گایاتری سپیڤاک لە وتارە بەناوبانگەکەی خۆیدا کە 'ئایا ژێردەستە دەتوانێ قسان بکات؟ قسەکردنی ژێردەستە دەخاتە ژێر زەرەبینەوە و ئەم نووسینە لێرەدا پرسیارەکە دەگوازێتەوە بۆ سەر ژنە پێشمەرگە و دەپرسێت بەپێی ئەو شتانەی کە شی کرایەوە، چۆن دامەزراوە سیاسی، تەندروستی و ئایینییەکان بەشێوەیەکی سیستماتیک دەنگی ژنەپێشمەرگە دەسڕنەوە؟ کە بریندار بوو ئەو شوێنە فەرمییانە کە دەبوایە لە شوێن ئەو قسەیان بکردایە وەک نەخۆشخانە، ئەوقاف، ئاسایش و مزگەوت، نەیانتوانی ئەرکی خۆیان وەئەستۆ بگرن کە خاوەن هێز، دەسەڵات و خاون دەنگ بوون. ئەوان بێلایەن نەبوون کە لەڕاستیدا دەبوایە ئەو تایبەتمەندییەیان هەبێت تا ببنە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک. ئەوان هەرچەند شەرعییەت بە خۆیان دەدەن بەو ئەرکەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەنجامی دەدەن، بەڵام لەڕاستیدا هەڵدەبژێرن لەوەی کە قسە لەبریی کێ بکەن و قسەبۆلەبەریکردن لە کێ دڕێغ بکەن. ئەوان بەو کارە دەنگی خەزاڵیان کوشت و کۆنترۆڵ کرد، نەیانبیست و لە کۆتاییدا سڕییانەوە.
بوار، ڕووداو، ڤیدیۆکەی مەلا مەسعوود و بەڕێز سەردار عەبدوڵڵا، بەو کارانەی کردیان، دەموچاوی ڕاستەقینەی ڕووداوەکەیان ئاشکرا کرد و نمایشیان کرد. ئەوان نیشانیان دا ئەو کەسانەی کە دەبوایە قسەیان بۆ خەزاڵ بکردایە، نەیانکرد. ئەمان خەزاڵیان وەک سیمبۆڵێ نیشان دا کە عەداڵەت لە بەرانبەریدا بەڕێوە نەچووە، توندوتیژی بەرانبەر کراوە لەلایەن ئێران و بە درۆنەوە هێرش کراوەتە سەری. ئەمان بوون بە زمانی خەزاڵ، خەزاڵ خۆی توانی قسان بکات لە ڕێگای بەسیمبۆلکردنەوە. ئەم بەسیمبۆلکردنەوە نەهات دەنگی کۆنترۆڵ بکات، لە کاتی برینداربوونیدا، لە کاتی وەرنەگرتنی لە لایەن نەخۆشخانە و مزگەتەوە و تەنانەت لە کاتی گیانبەختکردنیدا نەیانسڕییەوە.
نەخۆشخانە قسانی کرد، ئاسایش قسانی کرد، ئەوقاف و مزگەوت قسانی کرد، بەڵام لە بەرژەوەندیی خۆیان نەک لە بەرژەوەندیی ئەو کەسەی کە دەبوایە نوێنەری بن. قسە و مەبەستی خەزاڵ بەبەردەوامی لە لایەن پێکهاتەکانی دەسەڵات نێوەندگیری کرا، جێگۆڕکێی پێ کرا، جێنشینی بۆ دۆزرایەوە و لە کۆتاییدا سڕایەوە. خەزال چەندین جار کپ و کۆنترۆڵ کرا، جارێک لە لایەن ڕژیمی ئێرانەوە و جارێک لە لایەن ئەو شوێنانەی کە دەبوایە نوێنەری بن؛ نەخۆشخانە، ئاسایش و مزگەوت. جەستەی ژنەپێشمەرگەی برینداربوو کە بووە هەوێنی ئەو هەموو ڕەفزکردنەوەیە لە نەخۆشخانەکان. تەرمی ئەو کە دیسان هەر جەستەی ئەو بوو کە ئەوقاف شەرعییەتی بە خۆی دا کە دەرگای ماڵی

خـــوای لێ دابخات. ئەو جەســـتەی ژنە لـــە هەر دوو حاڵەتـــدا، هەم لە نەخۆشـــخانە و هەم لـــە مزگەوتدا کۆنترۆڵیـــان کرد کە هەر هەمان قســـە بـــۆ نەکردنە. هەم سیاســـەت، هـــەم خـــودی کۆمەڵـــگا خەزاڵی ســـەرکوت کرد، چەوســـاندنەوەی چەندلایەنە ڕووی دا. جەســـتەی ژن خودی بابەت- ســـووژە نییە دەبێتە کەرەستە-تۆبژە کە بڕیاری لەســـەر دەدرێت. جەستە بەسیاســـی دەکرێـــت و کاتێـــک جەســـتەی خەزاڵ بەسیاســـی کـــرا، هـــەم سیســـتەم مافی ئـــەوەی بە خۆیدا، هـــەم ڕژێمی ئێـــران کە ڕێگە بە جەســـتەی بـــدرێ کە گیانـــی دەربچـــێ. وێنەی بەسیاســـیکراو، بڕیـــاردەر بوو.

کەواتـــە ژنەپێشـــمەرگە دەتوانێـــت قســـان بکات، مافی قســـەکردنی هەیە. بـــەڵام کە دەوتـــرێ مافی قسەکردنی هەیە، مەبەســـت هەڵبژاردن و دەربڕینی چەند ڕســـتەیەک نییـــە، بەڵکو مەبەســـت ئەوەیە کە قســـەکانی گوێگری نییە و ڕەش دەکرێتەوە؛ قسەیەک کە نەگۆڕدرێـــت، وەرنەگێڕدرێت و نەســـڕێتەوە. ئەو سیســـتەمە کە کۆنترۆڵی شـــتەکانی لەژێر دەستدایە، ڕێگرە لە بیســـتنیش. ژنەپێشـــمەرگە قســـە دەکات، بەڵام سیســـتەمەکان ڕێگە بـــە بیســـتنەکەی نادەن. ئەم کەیســـە تەنیا کەیسێکی تاکەکەســـی نییە، بەڵکو نموونەیەکـــی سیســـتەماتیکی بێدەنگکردنـــی ژنانە لەناو سیســـتەمدا.

ئەگـــەر دەمانەوێ دەنگـــی خەزاڵـــەکان ون نەبێ و ببیســـترێ و بـــەس بایەخـــی نەبێ کاتێک کە شـــەڕ دەکات و کاتێـــک داوای مافـــی خـــۆی کـــرد نەبێتە کێشـــە، نەخۆشـــخانە دەبـــێ مافـــی مـــرۆڤ پێش سیاســـەت بخات، مزگەوت تێگەیشتنی کۆن و داخراو وەلا بنێ و دوای بنەما ڕاســـتییەکان بکەوێت. ئاسایش کاری بەڕاســـتی دروستکردنی ئاسایشـــت بێ بۆ کورد نەک کۆنترۆڵ. جەســـتەی خەزاڵەکان کەرەســـتە نییە کە بڕیاری لەســـەر بـــدرەێ. خاوەن بوونـــە و دەبێت ســـووژە و بابـــەت بێ کـــە مافی ئـــەوەی هەبێ کە قســـەی بـــۆ بـــکات و نوێنەرایەتی بکات. سیســـتەم دەبـــێ ڕێگە بدات کـــە دەنگی ژنەپێشـــمەرگە بگات بە شـــۆێنی کاریگەر، نـــەوەک بەس کەیســـی ئەمنی بێت لە نەخۆشـــخانە، کەیسی شـــەرعی لە مزگەوت و لە میدیاشدا وەک ســـیمبۆل و قوربانی بنوێرێت کە ژن بـــوو، کورد بوو، پێشـــمەرگە بوو، لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بوو، لە دۆخی شـــەڕ بوو و ئێران دەستی والای لـــە باشـــوور و عێراقدا بوو و هەیـــە. بەکورتی سیســـتەمەکان (کە دەبێت قســـە بکـــەن) بۆ ئەوەی زیادتر کارا بن، پێویســـتییان بەبێدەنگیی هەمەلایەنە هەیـــە بـــۆ بەڕەوپێشـــچوونی کارکردنـــی خۆیـــان نـــەک بیســـتنی دەنگـــەکان. ئەگەر سیســـتەمەکان گۆڕانکارییان تێدا دروســـت نەبێ، پرســـیاری سپیڤاک هـــەر چەندپاتـــە دەبێتەوە :ژنەپێشـــمەرگە قســـە دەکات، بـــەڵام هیچ کـــەس گوێی لـــێ ناگرێت.

سەرچاوەکان:

Asre Nou (2011). بررســـی وضعیـــت زنان مناطق کردنشـــین در ایران ،لنزها و زوایا ی ســـتم و مقاومـــت. Available at: https:// asre-nou.net/php/view_print_version.php?objnr=14281(Accessed: 25 April 2026).

Eskandari, A. (2020) 'Zanan va nasyonalism dar Jomhuri-ye Kordestan sal-e 1946'. Available at: https://ahmadeskandari.com/?p=423&lang=fa (Accessed: 25 April 2026)).

Ghobadi, G. (2026). گـــرخ قبادی . Available at: https://www.noghteh.org/golrokh-ghobadi-2/ (Accessed: 25 April 2026)).

Hassani, R. (2026). "ڕۆڵـــی ژنـــان وەک ســـووژە لـــە خەباتـــی دژە داگیـــرکاری کوردســـتاندا" KTI University. Available at: https://sites.google.com/kti.edu.iq/rizan-hassani/different-other-issues (Accessed: 26 April 2026).

International Committee of the Red Cross (n.d.) Health care in danger: The responsibilities of health-care personnel. Available at: https://www.icrc.org/sites/default/files/document/file_list/health-care-law-factsheet-icrc-eng.pdf(Accessed: 25 April 2026).

Islamic Burials (2026). Washing and shrouding the deceased. Available at: https://www.islamicburials.com/whsng-shrdng (Accessed: 25 April 2026).

Kurdistan u Kurd (2018) Mejûyî Komarî Kurdistan û çend taybetmendiyekî mejûyî. Available at: https://kurdistanukurd.com/?p=30224 (Accessed: 25 April 2026).

McDowall, D. (2004) A modern history of the Kurds. 3rd edn. London: I.B. Tauris.

Mashruteh Project (2026.) Islah-e qanun-e

entekhabat-e Iran be manzur-e dadan-e haqq-e ra'y be zanan va hoquq-e barabar-e siyasi ba مـــردان. Available at: https://mashruteh.org/wiki/index.php/اصلاح_قانون_انتخابات_ایـــران_به_منظور_دادن_حق_رای_به_زنان_و_حقوق_برابر_سیاســـی_با_مردان (Accessed: 25 April 2026).

Qur'an (2026) Surah Al-Isra 17:70. Available at: https://quran.com/al-isra/70 (Accessed: 25 April 2026).

(Rudaw (2026 بۆچـــی هیـــچ مزگەوتێـــک دەرگـــەی لەســـەر تەرمـــی غـــەزال نەکـــردەوە؟. Available at: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1604202623-amp(Accessed: 25 April 2026).

Spivak, G.C. (1988) Can the subaltern speak? Available at: https://voidnetwork.gr/wp-content/uploads/2016/09/Can-the-subaltern-speak-by-Gayatri-Spivak.pdf (Accessed: 25 April 2026).

Sunnah.com.Sahih al-Bukhari 1312 — funerals (Al-Janaa'iz). Available at: https://sunnah.com/bukhari:1312(Accessed: 25 April 2026).

Tishk Organization (2026.) Xebatî jinên Kurd le Êran. Available at: https://tishk.org/ku/خەباتی-ژنانی-کورد-لە-ئێران-خەبات-بـــۆ-داگ/ (Accessed: 25 April 2026).

Vejin Books (2026). بەیان. Available at: https://books.vejin.net/ck/text/9219 (Accessed: 25 April 2026).

Facebook (2026). Video. Available at: https://www.facebook.com/watch/?v=1450354636137938 (Accessed: 25 April 2026).

جێگەت گەرمە:
بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی لە سیاسەتی کوردیدا

فاتح سەعیدی

لە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدا، کوردستان وڵاتێکی دابەشکراوە و بەشێک لە بزووتنەوەی کورد پێی وایە بەپێی پەیوەندیی کۆلۆنیالیستی هەڵسوکەوت لەگەڵ پارچەکانی کوردستان کراوە و دەکرێ. ئەم شێوە دەربڕینە تەنیا لەسەر ئاستی قسەکردن نامێنێتەوە، بەڵکو کاریگەری لەسەر گێڕانەوەی مێژوویی و تەنانەت پێگەی ئەخلاقیی لایەنەکان دادەنێ. ئەگەر پەیوەندیی ئەو دەوڵەتانەی کە دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە، کۆلۆنیالیستی بێ، ئەوە تەنیا ڕزگاریی کوردستانە دەتوانێ کۆتایی بەم سوڵتەیە بهێنێ و ناکرێ خەبات بە داواکردنی چەند ئیمتیازێک لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە کورت بکرێتەوە. ئەم تێگەیشتنە خۆیندنەوەیەکی نوێ بۆ سازبوونی سنوور و نەخشەکان، سەرکوتی زمان و ڕێکخراوە سیاسییەکان، و وێناکردنی نەخشەی کوردستانی گەورە ساز دەکا.

پێشەکی

زۆربەی جار و لە گەرمەی مشتومڕی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەوترێ کە ئازادی، سەربەخۆیی و ڕزگاری لە سوڵتەی داگیرکەر تێچووی هەیە. ئەم وتەیە ئەگەرچی سادەیە و هەموو کەس دەیزانێ، بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە خەباتکار و چالاکانی سیاسیی قوواڵ بۆ باسەکان ناڕوانن. ئەوان بەباشی دەزانن کە خەبات دەتوانێ زیندان، ئاوارەیی، دوورخستنەوە، مەرگ، داڕمانی ئابووری و گوشار بۆ سەر بنەماڵەکانی بەدواوە بێ. لێرەدا و دوای قەبووڵی ئەم تێگەیشتنە، پرسێکی ئەخلاقیی دژوارتر خۆی دەردەخا. کێ جۆر و ڕادەی تێچووەکان دیاری دەکا؟ چ کەسێک بە ویستی خۆی بەرەوپیریان دەچێ و تێچووەکان بێڕەزامەندی بەسەر چ کەسێکدا دەسەپێت؟ کێ لە بڕیارەکان قازانجێکی سیاسی یا سەمبولیک دەبا، و چ کەسێک دەتوانێ لێی پاشگەز ببێتەوە؟ کێ دەتوانێ بەرپرسیارەتیی ئەنجامە نەخوازراوەکان وەئەستۆ بگرێ، لە کاتێکدا ئەوانی تر خۆیانی لێ بێبەری دەکەن؟

لەنێو چالاکانی دیاسپۆرا، کادری ڕێبەری و سیاسیی حیزبەکان، پێشمەرگەکان، چالاکانی مەدەنی و خەڵکی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم پرسیارانە مشتومڕیان لێ کەوتووەتەوە. چالاکێکی دانیشتووی ئەوروپا ڕەنگە پشتیوانی لە گەرانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵات بکا، و پێ وابێ بە هیچ شێوەیەک نابێ لە ویستی نەتەوەیی کورد بۆ سەربەخۆیی پاشگەز بینەوە و تەنانەت هەر جۆرە دانوستاندنێک ڕەت بکەینەوە. ئەو پێشمەرگەیەی کە دەبێ ئەو سیاسەتانە جێبەجێ بکا، مەترسیی مەرگ و بریندار بوون لەسەر ڕێیەتی. ڕێبەرایەتیی حیزبەکان دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی و زانیاریی زیاتریان سەبارەت بە ڕووداوەکان هەیە و بڕیارەکانیان دەتوانێ کاریگەری لەسەر ژیانی ئەندامانیان و خەڵکی ئاسایی دابنێ. چالاکانی مەدەنی دڵەڕاوکێی گیران و سووکایەتییان هەیە و دەیانەوێ فەزای سیاسی کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵات ئەگەرچی کەمیش بێ، بەرفراوانتر بکەنەوە. هاوواڵتییەکیش کە ئەندامی هیچ حیزبێک نییە، ڕەنگە لە ئاکامی شەڕ و سەرکوتی حکومەتی ئێراندا ئاوارە ببێ یان نەتوانێ لەبەر گرانی و دۆخی نالەباری ئابووریی، ژیانی هەڵسووڕێنێ. هەموو ئەم کەسانە دەتوانن خۆیان بە بەشێک لە خەونێکی مەزنتر بۆ کوردستان بزانن، بەڵام ئاستی بڕیار و تێچووەکانیان وەک یەک نییە. لەم ڕوانگەوە وتەی "جێگەت گەرمە"، ئاماژەیەکی کورت و پوختە بۆ ئەم نایەکسانییە. ئەم وتەیە زۆر جاران بە کەسێک دەگوترێ کە لە ژینگەیەکی ئەمنتەرەوە سەبارەت بە بابەتێکی هەستیار بڕیار دەدا کە تێچووە جەستەیی یان ئابوورییەکەی بۆ کەسانێکی دیکە زیادترە لە خۆی. هەڵبەت، ئەم وتەیە بۆخۆی قسەیەکی یەکلاییکەرەوە نییە و ناتوانێ کۆتایی بە مشتومڕەکان و بەڵگاندن بهێنێ. مەودای جوغرافی ناتوانێ مافی داوەریکردن لە کەسێک بستێنێتەوە، هەروەک چۆن نزیکایەتیی پێشمەرگە و چالاکانی مەدەنی لە مەیدانی خەبات بەو مانایە نییە ئەو کەسانە بێگەردن و مافی بڕیاری کۆتاییان هەیە. ئەو چالاکە سیاسییەی لە دیاسپۆرایە، ڕەنگە دەستی بە میدیا، زانکۆ، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و تۆڕی نێودەوڵەتی ڕابگا، بێئەوەی لەژێر سەرکوتی ڕاستەوخۆی ڕژیمی ئێراندا بێ. لە بەرانبەریشدا، ئەو خەباتکارەی لە مەیدانایە باشتر لە سنووری ئەو چالاکییە تێدەگا کە بەکردەوە بەڕەوڕووی کێشەکانی دەبێتەوە، و باشتر لە ترس، دڵەڕاوکێ، و ئاکامی ڕاستەوخۆی چالاکییەکان تێدەگات. لەم بارەوە، لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە ناسیۆنالیزم لە مەودای دوورەوە و پێگەی دیاسپۆرا نیشانی دەدەن کە مەودا هەم دەتوانێ ماتەوزە(پوتانسیەل)ی سیاسی ساز بکا و هەم لەنێوان بڕیار و لێکەوتەکانیدا کەلێنێک پێک بێنێ (Anderson 1992; Koinova 2018). هەربۆیە لێرەدا پرسیارەکەمان ئەوە نییە کە کێ مافی قسەکردنی هەیە، بەڵکو پرسیارەکەمان ئەوەیە هەر قسەیەک لە چ پێگەکەیەوە دێ و بڕیاردەر کامە بەرپرسیارەتی لە بەرانبەر ئاکامەکانی وەئەستۆ دەگرێ.

ئامانجی ئەم وتارە، تاوتوێی خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان نییە. مەبەست ئەوەیە دۆخی ئەخلاقی داوەری و بڕیاردان سەبارەت بە ڕێگاکانی خەبات بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی یان هەر شێوازێک لە مافی چارەی خۆنووسین

هەڵبسەنگێندرێ. ئەم وتارە لەم بۆچوونەوە دەست پێ دەکا کە مرۆڤی کورد مافی ئەوەی هەیە ئامانجی سەربەخۆیی هەبێ، بەڵام ئەمە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هەر ئامرازێک ڕەوا بێ. بۆ وێنە، دەزانین کە سەبارەت بە نەتەوەی کورد ستەمێکی مێژووییی هەبووە، ناسنامە و داواکارییە سیاسییەکەی سەرکوت کراوە و ئەمانە دەتوانن مەشروعییەت بە ویستی ڕزگاری بدەن. بەڵام دیسان دەبێ نیشان بدرێ کە چ کەسێک دەتوانێ نوێنەری نەتەوەی کورد بێ، پێویستە خەڵک بەڕەووڕووی کامە مەترسی ببنەوە، جێگرەوەکانی خەباتی چەکداری چین و لە ئاکامدا بۆچی کەسانێک کە زۆرترین زیان و خەساریان بەردەکەوێ، دەتوانن کاریگەرییان لەسەر شێوازەکانی خەبات هەبێ.

ڕزگاری، سەربەخۆیی و ئازادیی سیاسی

لە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدا، کوردستان وڵاتێکی دابەشکراوە و بەشێک لە بزووتنەوەی کورد پێی وایە بەپێی پەیوەندیی کۆلۆنیالیستی هەڵسوکەوت لەگەڵ پارچەکانی کوردستان کراوە و دەکرێ. ئەم شێوە دەربڕینە تەنیا لەسەر ئاستی قسەکردن نامێنێتەوە، بەڵکو کاریگەری لەسەر گێڕانەوەی مێژووییی و تەنانەت پێگەی ئەخلاقیی لایەنەکان دادەنێ. ئەگەر پەیوەندیی ئەو دەوڵەتانەی کە دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە، کۆلۆنیالیستی بێ، ئەوە تەنیا ڕزگاریی کوردستانە دەتوانێ کۆتایی بەم سوڵتەیە بهێنێ و ناکرێ خەبات بە داواکردنی چەند ئیمتیازێک لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە کورت بکرێتەوە. ئەم تێگەیشتنە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سازبوونی سنوور و نەخشەکان، سەرکوتی زمان و ڕێکخراوە سیاسییەکان، و وێناکردنی نەخشەی کوردستانی گەورە ساز دەکا. کێشانەوەی وڵاتی کوردستانێک لە گەمارۆی نەخشەی ئەو وڵاتانەی کە بەڕەسمی ناسراون، پەیوەندی بە گۆڕانکاریی مێژووییی، کۆلۆنیالیزم، سیستەمی نێودەوڵەتی و هەڵسوکەوتی ناسیۆنالیستەکانەوە هەیە. هەربۆیە ناسنامەی کوردی کتوپڕ و خەیاڵاوی نییە و سنووری سیاسییەکانی ئێستا شتێکی لەمێژینە و دڵخوازی کورد نین (Kaya 2020). ئەم وتارە ناپەرژێتە سەر ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پێشتر تووێژەرانی کورد سەبارەت بە بەکارهێنانی تیۆریی دژەکۆلۆنیالیستی نووسیویانە. ئەم وتارە باسی بابەتێکی ئەخلاقیی سنووردارتر دەکا کە تیایدا ڕزگاری ناتوانێ جێی ئامرازی خەبات بگرێتەوە. بێعەدالەتی و سوڵتەی داگیرکەر دەتوانێ هۆکاری بەرگری بێ، بەڵام ناتوانێ هەر جۆرە بەرگرییەک کە گرێدراوی ڕزگارییە، بە مەشرووع دابنێ. ئەو خەڵکەی قەرارە ڕزگار بکرێن ناتوانن تەنیا وەک ماددەیەکی مرۆیی بۆ پڕۆژەیەکی نەتەوەیی سەیر بکرێن. ئەگەر ئەوان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە، ئەم مافە هەندێک بابەتی دیکەش وەکو بەشداری لە دیاریکردنی کاتی خەبات و شێوازەکانی، هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان و چۆنیەتیی نەزمی سیاسیی دوای ڕزگاری لەخۆ دەگرێ.

لێرەدا ئەو جیاکارییەی ئارێنت لەنێوان ڕزگاری و ئازادی دایدەنێ، بەکەڵکمان دێ. ڕزگاری کۆتاییهێنانە بە گوێڕایەڵی و سوڵتە؛ ئازادیی سیاسی بریتییە لەو دەرفەتەی بۆ ڕادەربڕینی ئازاد لە فەزای گشتیدا دەڕەخسێ و تیایدا مرۆڤ دەتوانێ لە سازکردنی کۆمەڵ و خێڕی گشتیدا بەشدار ببێ. هەربۆیە ئارێنت پێی وایە شۆڕش بە ڕزگاری کۆتایی نایەت، چونکە ئەنجامی کۆتایی بریتییە لەوەی فەزایەکی سەقامگیر بۆ ئازادی دابمەزرێ (Arendt 2006, chaps. 1 and 4). ڕەنگە سەربەخۆیی مەرجی سەرەکیی سازکردنی ئەم فەزایە بێ، بەڵام خۆی ناتوانێ گەرەنتیی ئازادی بکات. سەروەری دەتوانێ لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بۆ ڕێبەرایەتییەکی نەتەوەیی بگوازرێتەوە، بەڵام کێشەیەک لەسەر جێی خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەر هاووڵاتییەکان هێزی ئەوەیان نەبێ لە ڕەوتی سازبوونی بڕیاردا بەشدار بن.

هەربۆیە دەبێ ئەخلاقی سەربەخۆیی هەر لە ئێستاوە لەگەڵ شێوازی ئازادی لە داهاتوودا سازگار بێ. بزووتنەوەیەک کە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی بە خیانەتکار بزانێ و هەر جۆرە ڕەخنەیەک لە سیستەمی بەڕێوەبەریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وەک بێڕێزی بە خوێنی شەهیدان پێناسە بکات، یان مافی قسەکردن گرێ بداتەوە بەوەی کێ زیادتر فیداکار بووە، بەڕەوڕووی ئەم کێشەیە دەبێتەوە کە لۆژیکی سوڵتە لەناو سیاستی ڕزگاریدا بەرهەم

دێنێتـــەوە. ڕەنگـــە زیادتر بیر لـــەوە بکرێتەوە کە دوای ســـەربەخۆیی چ حکومەتێک لە کوردســـتان ســـاز ببـــێ، بـــەڵام لێـــرەدا بـــاس لـــەوە دەکرێ شـــێوازی خەبات دەتوانێ عادەتەکان، هیرارشـــیی کۆمەڵایەتـــی، و تەنانەت پێوەرەکانـــی گوێڕاڵەتی ســـاز بکاتـــەوە. ئەگـــەر هاوواڵاتییـــان لـــە کاتی خەباتـــدا تەنیا وەک هێزێکی ئامـــادەی جەماوەری ســـەیر بکرێـــن، ئـــەو نیگەرانییە ســـاز دەبێ کە دوای ســـەرکەوتنی خەبات لە دەسەڵاتدا دەورێک نە گێڕن.

ئەخلاق و ئەو دەرەنجامانەی پێشـــبینی دەکرێن

ماکـــس ڤێبـــەر لە وتاری سیاســـەت وەکـــو ئەرک بـــاس لە ئاقـــاری ئەخلاقـــی دەکات: ئەخلاقی بڕوا و ئەخلاقـــی بەرپرســـیارەتی. لە ئەخلاقـــی بڕوادا، بکەر پێداگری لەســـەر وەفاداربوون بە ڕێسایەکی دروســـت دەکا و دەرەنجامەکانـــی کردەکـــەی بۆ چارەنـــووس یان ئیـــرادەی کەســـانی دیکە بەجێ دەهێڵـــێ. لـــە ئەخلاقـــی بەرپرســـیارەتیدا، بکەر دەبـــێ جێگەیەک بـــۆ دەرەنجامەکانـــی کارەکەی بکاتـــەوە کە پێشـــبینی دەکرێن. ڤێبـــەر نالێ ئەم دوو شـــێوازە دوو نوسخەی ســـادەکراوەی خراپە و چاکەن. سیاســـەتمەدار ئەگەر بـــڕوای نەبێ دەبێتە کەســـێکی بەڕێوەبەر، بەڵام ئەگەر بەرپرســـیارەتی نەبـــێ و تەنیا بۆ ئەوەی خۆی بێگـــەرد بمێنێتەوە، ئامادەیـــە خەڵک تووشـــی ڕەنج ببن. بـــە باوەڕی ئەو، کردەی سیاســـیی جیددی کاتێک ســـاز دەبێ کە بەرپرســـیاربوون لە ئاســـت ئامانجەکان لەگەڵ هەڵسەنگاندنی دروســـتی ئامراز و دەرەنجامەکان هاوکات بێـــت (Weber 2004, 76-93).

پێداگریی ڤێبەر لەســـەر دەرەنجامـــەکان بە مانای ئەوە نییە دەبێ هەموو شـــتێک پێشـــبینی بکرێ، چونکە هەمیشـــە ئەنجامی سیاســـەت تارادەیەک ناڕوونە. کردەی سیاســـی زنجیرەیەک ســـاز دەکا کە هیچ کەســـێک لە ســـەرەتاوە ناتوانـــێ هەموویان کۆنتـــرۆڵ بـــکات. هەڵبـــەت بەرپرســـیارەتی لەو شوێنەوە دەســـت پێ دەکا بکەری سیاسی لەنێوان ڕاســـتییەک کە نایزانـــێ و ئەو بابەتـــەی نایهەوێ بیزانـــێ، جیـــاوازی دادەنـــێ. ئەگـــەر ئەزموون و زانیارییـــەکان نیشـــانی بدەن چالاکیـــی چەکداری بە ئەگـــەری زۆرەوە دەبێتە هۆی تۆڵە لە ئاســـتی بەرفراوانـــدا و لـــە ئەنجامدا چالاکانـــی مەدەنی دەگیرێن و بێسەروشـــوێن دەکرێـــن، و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئاســـایی دەکوژرێن یـــان ئاوارە دەبن، ناکرێ بڕیاری سیاســـی بۆ شـــەڕەکە بدرێ و دواتر چـــاوەڕێ بکرێ تـــا بزانـــرێ هەر بەڕاســـت ئەم دەرەنجامانـــە ڕوو دەدەن یا نا. چونکە هەرچۆنێک بێ دەکـــرێ هەندێک لەو دەرەنجامانە پێشـــبینی بکرێن. لـــە هەمان کاتدا، بەرپرســـیارەتی بە مانای گرێدانـــەوەی تووندوتیژیـــی دەوڵەتـــی داگیرکەر بـــە دژبەرانییەوە نییـــە. ئەوەی ســـەرکوت دەکا هەمیشـــە وەک بەرپرســـی تووندوتیژی دەمێنێتەوە. جیاکارییەکـــە لێـــرەدا لەنێـــوان بەرپرســـیارەتیی ڕاستەوخۆی دوژمن و بەرپرســـیارەتیی کەسێکە کە دەزانێ بڕیارە سیاســـییەکەی دەتوانێ مەترسییەک بـــۆ هاووڵاتیان ســـاز بکات.

ئـــەم جیاکارییە ناهێڵـــێ ئێمە هەندێـــک بابەت ســـادە بکەینەوە. لە لایەکەوە، دەوڵـــەت ناتوانێ لـــە ڕێگـــەی هەڕەشـــەکردن بـــۆ بەکارهێنانـــی تووندوتیـــژی، بەرگـــری و خەبات بە نامەشـــرووع پێناســـە بـــکات. چونکە ئەگـــەر وابـــێ، هەرچی دەوڵەتی داگیرکـــەر بێڕەحمتر بـــێ، مافی خەڵک بـــۆ بەرگـــری کەمتـــر دەبێتـــەوە. لـــە لایەکـــی دیکـــەوە، بزووتنەوەکـــەش ناتوانێ بڵـــێ چونکە بەرپرســـی ســـەرەکی و ڕاســـتەوخۆی تووندوتیژیی دەوڵەتە، هەڵســـەنگاندنی دەرەنجامەکانی بڕیاری سیاســـیی خەبات گرنگییەکی ئەوتـــۆی نییە. ڤێبەر ســـەرنجمان بۆ بەشـــی خۆڵەمێشـــیی سیاســـەت ڕادەکێشـــێ کە تیایدا بەرپرسیارەتییەکان ئەگەرچی لە یـــەک کاتدان، بەڵام هاوســـەنگ نیـــن. کاتێک ئێمە پرســـیار لە حیزبە سیاســـییەکانی ڕۆژهەڵات دەکەیـــن کـــە ئەگـــەری هەیـــە لـــە ئەنجامـــی چالاکییەکانیانـــدا مەترســـی بۆ ســـەر هاووڵاتییان زۆر ببـــن، ئەمـــە بەرپرســـیارەتیی دەوڵـــەت کەم ناکاتـــەوە؛ تەنیا ناهێڵـــێ ئەو حیزبـــەی کە خۆی بـــە نوێنەری سیاســـیی ســـتەملێکراوەکان دەزانێ، پێـــی وابـــێ پارێزبەندییەکی سیاســـی هەیە.

ئەخلاقـــی بەرپســـیارەتی هەروەهـــا پەیوەندی بە ئاســـتی گرێدراوەیی ئامـــراز و ئامانجـــەوە هەیە. حیزبێکـــی چەکدار ســـەرەڕای ئـــەوەی دەیهەوێ بەشـــێوەیەکی ســـنووردار تووندوتیژی بەکار بێنێ، بـــەڵام مێکانیزمەکان بەشـــێوەیەکن کە پێویســـتە فەرمانـــدەی نیزامی نهێنییـــەکان بپارێـــزێ، نەزم و دیســـیپلین ســـاز ببێ و هیرارشـــییەک لەنێوان ئەندامەکانـــدا چـــێ ببێ. ئـــەم پێداویســـتییانەی

چالاکیی چەکداری ئەگەر نەبن خەبات سەر ناگرێ، بەڵام دەشتوانن کاریگەری لەسەر فەرهەنگی سیاسیی داهاتوو دابنێن. ڕێبەرایەتیی حیزبەکان بە قۆناغی شەڕ عادەت بکەن کە نابێ سەبارەت بە وردەکارییەکان لێپرسینەوەیان لێ بکرێ، لە دوای سەرکەوتنیش ناتوانن فەزایەکی فرەچەشن پێک بێنن. کەواتە هەڵسەنگاندنی ستراتێژیی خەبات تەنیا تاوتوێی ڕێگاکانی گەیشتن بە سەربەخۆیی نییە، بەڵکو دەبێ پرسیار لەوەش بکرێ ئەم ستراتێژییە چ شێوازێکی پەیوەندی لەنێوان حیزبی سیاسی، ڕێبەرایەتی، خەباتکار و هاوواڵاتی ساز دەکا.

لە ڕوانگەی قێبەرەوە، پێگەی بڕیاردەر کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ئاستی بەرپرسیارەتی دادەنێ. کەسێک کە زانیاریی نهێنی هەیە، دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی بەدەستەوەیە و ئیمکانی دەستپێکردن یا وەستانی چالاکییەکی نیزامی هەیە، ناتوانێ بەرپرسیارەتییەکەی لەگەڵ کەسانێک کە ئەندامی ئاساییی حیزبەکەن، بەشێوەی یەکسان هاوبەش بکات. ئامانجی هاوبەش، بەرپرسیارەتیی هاوبەشی یەکسان ساز ناکات. بەپێی ئاراستەی کاریگەری لەسەر ئاراستەی ڕووداوەکان، و زانیاری سەبارەت بە سازبوونی مەترسی و ئیمکانی کەمکردنەوەی خەسارەکان، ئاستی وڵامدەربوونی کەسەکان سەبارەت بە کێشەکان جیاواز دەبێ. قەبووڵکردنی بەرپرسیارەتی تەنیا ئەوە نییە بوترێ ئامادەی هەموو دەرەنجامەکانین. کەسێک یان حیزبێک کە ئەو ئامادەییە دەردەبڕێ، دەبێ سەرەتا نیشانی بدا پێش لە بڕیارەکە ئایا بەرنامەی جێگرەوەی هەبووە، چ شتێکی بۆ پاراستنی هاوواڵاتیان کردووە و پاش ڕوودانی کێشەیەک چ ئەرکێک وەئەستۆ دەگرێ و تا چ ڕادەیەک دەتوانێ قەرەبووی بکاتەوە یا بە بڕیارەکانی خۆیدا بچێتەوە.

ئاڕێنت و داوەریکردن لە ڕوانگەی ئەوانی دیکەوە

قێبەر دەپرسێ لەگەڵ دەرەنجامەکانی بڕیار، دەبێ بکەر چ هەڵوێستێکی هەبێ. هانا ئاڕێنت پێی وایە سەرەتا دەبێ پرسیارێکی دیکەش لە خۆمان بکەین. بکەر چۆن دەتوانێ داوەری بکات و چۆن دەتوانێ دنیا لە ڕوانگەی ئەو کەسانەوە ببینێ کە پێکەوە یەک چارەنووسیان هەیە؟ بە باوەڕی ئاڕێنت داوەریی سیاسی کاتێک دەتوانێ موعتەبەر بێ کە بکەر بتوانێ خۆی لە جیاتی کەسانی دیکە دابنێ، نەک تەنیا لە دەروونی خۆیدا دڵنیا بووبێتەوە کە چ هەڵسوکەوتێکی هەبێ. ئاڕێنت بە کەڵکوەرگرتن لە کانت، پێی وایە مرۆڤ لەگەڵ ئەوەیدا توانای داوەری هەیە، زەینی مرۆڤیش دەتوانێ پەرە بستێنێ و تەنیا لەناو خۆیدا سنووردار نەمێنێتەوە و؛ کاتێک دەیهەوێ بڕیارێک بدا، ڕوانگەی ئەو کەسانەش ببینێ کە بڕیارەکەی ئەو کاریگەری لەسەر ژیانیان دادەنێ (Arendt 1992, 42-44).

ئەم تێڕوانینە بۆ چالاکانی سیاسیی دیاسپۆرای کورد گرنگە. کاتێک چالاکێک لە ئەوروپا بیر دەکاتەوە و خۆی لەجیاتی پێشمەرگەیەک دادەنێ، مەودای نێوان ستایشکردنی بوێری لەگەڵ ئەزموونی ترس و دڵەڕاوکێ، وەڕەزبوون، دیسیپلینی نیزامی و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ خۆی دەردەخا. بەڵام باشترە لێرەدا هەڵوێستەیەک بکەین: تاقیکردنەوەی ئەخلاقی نابێ تەنیا لەسەر ئەم پرسیارە بوەستێ کە ئایا خۆم ئامادەم گیانم بەخت بکەم؟ ڕەنگە تاکێک ڕاستگۆیانە ئامادە بێ فیداکاری بکا، بەڵام ئەم ئامادەییە هێشتا ناتوانێ مافی ئەوەی بداتێ کە سەبارەت بە گیانی کەسانی دیکە بڕیار بدا. کاتێک کەسێک ئامادەیە خۆی قوربانی بکا، بڕیارێکی بەکردەوەی داوە، بەڵام لە سیاسەتدا بڕیار لەسەر چالاکیی حیزبێک زنجیرەیەک لە دەرەنجامەکان بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێنێ و خوازراو و نەخوازراو کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دادەنێ. لێرەدا گرنگە بیر لەوە بکرێتەوە بڕیارەکان چ کاریگەرییەک لەسەر ژیانی ئەو کەسانە دادەنێ کە خۆیان ئامادە نین لە خەباتەکەدا بەشدار بن.

هەربۆیە لێرەدا ڕوانگەی هاوواڵاتییەکی ئاسایی پێگەیەکی گرنگ پەیدا دەکا. زەینی پەرەسەندووی مرۆڤی کورد، داوا لە چالاکی سیاسی، ڕۆشنبیر یا ڕێبەرێکی حیزبی دەکا کە بڕیاری سیاسی لە ڕوانگەی دایکێکەوە ببینێ کە نیگەرانە منداڵەکەی بگیرێ، وەرزێڕێک کە خانووەکەی بۆمباران دەکرێ، خوێندکارێک کە قوتابخانەکەی دادەخرێ، یا بنەماڵەیەک کە ئاوارە دەبێ.

لێرەدا باس لەم نموونانە ناکرێ بۆ ئەوەی هەستی خوێنەر ببزوێ. ئەوانە نموونەی ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەن و ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی خەباتی ناسیۆنالیستیدا نابێ پشتگوێ بخرێن، و نابێ پاساوی بۆ بهێنرێتەوە کە وەک تێچوویەکی لاوەکی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی مەزنتر دەکرێ پشتگوێ بخرێن. ئەم تێچووانە بۆ ئەو کەسانەی خەساریان بەردەکەوێ هەموو دنیاکەیان دەگۆڕدرێ. داوەریکردنی بەرپرسیارانە کاتێک دەست پێ دەکا کە ئەم نموونانە بە هەندێک ژمارە کورت نەکرێنەوە کە دەکرێ لە کاتی خەباتدا چاوپۆشییان لێ بکرێ.

ئارێنت کردەی ئەخلاقی لەگەڵ دۆخی فرەچەشنی مرۆیی گرێ دەداتەوە. مرۆڤەکان یەکسانن تا بتوانن لە یەکتر تێبگەن، و جیاوازن تا لە قسەکردن و کردەی هەر کامیان مانایەکی نوێ ساز ببێ. دەرەنجامی کردەی سیاسی چونکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پەیوەندیی مرۆییەوە هەیە، چی تر لە دەستی ئەو کەسەدا نامێنێتەوە کە لە سەرەتاوە دەستی پێ کردووە (Arendt 1998, 175-200). لێرەدایە دوو خاڵی گرنگمان سەبارەت بە سیاسەتی ڕزگاری بۆ دەردەکەوێ. سەرەتا، نەتەوە تاقە یەک ئیرادەی یەکپارچە نییە. لەناو کۆمەڵگای کوردیدا سەبارەت بە سەربەخۆیی، کات و ساتی خەبات، مەشرووعییەتی خەباتی چەکداری، جیاوازی و ڕوانگەی تەنانەت دژبەیەک هەیە. دووەم، چونکە بەدڵنیاییەوە نازانین ئەنجامی کردەی سیاسی چ دەبێ و ناشکرێ دەرەنجامەکان بەتەواوی کۆنترۆڵ بکەین، باسکردن لە بەرپرسیارەتی، ئیکمانی ڕەخنەگرتن و پێداچوونەوە بەسەر بڕیارەکاندا دەهێڵێتەوە.

پێنج پێگە لە یەک مەیدانی نایەکساندا

پێنج دیمەنی چالاکی دیاسپۆرا، پێشمەرگە، ڕێبەری حیزب، چالاکی ڕۆژهەڵات و هاووڵاتییەکی ئاسایی پێنج ناسنامەی نەگۆڕ و جیا لە یەک نین. تاکێک ڕەنگە ماوەیەک پێشمەرگە بووبێ و دواتر بووبێتە پەنابەر یا ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبێکی سیاسی؛ بنەماڵەکان لەنێوان ناوخۆی ڕۆژهەڵات، هەرێمی کوردستان و ئەوروپا (ڕۆژاوا) دابەش دەبن. بەڵام کاتێک بەشێوەیەکی شیکاری سەیری ئەم پێگانە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ چۆن دەسەڵات، بەرپرسیارەتی و خەسارەکان دابەش دەبن. جیاوازیی سەرەکی لەنێوان بوێر و ترسنۆک یا وەفادار و بێلایەندا نییە، بەڵکو جیاوازییەکان کاتێک ساز دەبن کە بزانین هەر کام لەم پێگانە تا چ ڕادەیەک دەتوانن بڕیاری سیاسییان بەدەستەوە بێ و تا چ ڕادەیەک ئەو بڕیارانە مەترسی ساز دەکەن. ڕۆشنبیر یا چالاکی سیاسیی دیاسپۆرا زۆربەی کات ئازادییەکی زیادتری بۆ قسەکردن و دەستڕاگەیشتن بە هەندێک میدیا و سەرچاوە هەیە و دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێ لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەنگی کوردستان و کورد بێ. تۆڕی دیاسپۆرا لە بەرهەمهێنانی ڕەوایەتی کوردی، دابینکردنی سەرچاوەکان، لۆبیکردن و ڕێکسختنی گشتیدا دەورێکی ڕاستەقینە دەبینێ و ناکرێ ئەوان تەنیا وەک بینەری ڕووداوەکان سەیر بکرێن (Baser et al. 2015). هەر ئەم هێزە، بەرپرسیارەتی بۆ دیاسپۆرا ساز دەکا. بۆ وێنە هەرکات ئەندامێکی دیاسپۆرا بیەوێ مەشرووعییەت بۆ پەرەسەندنی گرژی و خەباتی چەکداری ساز بکا، ئەوسا بەوشیاری و وردبینییەکی زیادترەوە دەبێ باسی زانیارییەکان، ئەگەری سەرکەوتن و پەرەسەندنی مەترسییەکانی شەڕ بۆ ناو کۆمەڵگای کوردستان بکات. ڕاستگۆیی چالاکی دیاسپۆرا هەر بەوە هەڵناسەنگێندرێ کە ئامادەیە بۆ ڕۆژهەڵات بگەڕێتەوە و گیانی خۆی بەخت بکا. بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی لە هەندێک شێوازی کەمتر پاڵەوانانەدا دەردەکەوێ: لەو کاتانەدا کە بەشێوەی ئابووری پشتگیری لەو کەسانە دەکا کە لە ڕۆژهەڵات یا لە هەرێمی کوردستان زیانیان بەرکەوتووە، هاوکاریی پەنابەرانی سیاسی دەکا، بەداواداچوونی بۆ پێشلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵات هەیە، و ناهێڵێ ناوی ئەو کەسانەی کە لە بەرەی پێشەوەی چالاکی لە ڕۆژهەڵاتدان، بەخراپە ببردرێ.

پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە بەو مانایەی کە بێئەو بڕیاری سیاسی ناتوانێ جێبەجێ بکرێ. مەترسی بۆ سەر گیانی پێشمەرگە تەنیا لەسەر کاغەز نییە. ئەگەرچی ئەو بە ویستی خۆی و بەپێی ئیرادەیەکی ئازاد مەترسییەکانی قەبووڵ کردووە، بەڵام حیزبی سیاسی دەبێ هەمیشە ئامادە بێ کە بەپێی زانیاریی تەواو

پێشمەرگەکان بۆ مەئموورییەت بنێرێ، پشتیوانی لە بنەماڵەکانیان بکا و ڕێگەیەک بۆ ئەوە دابنێ کە ڕۆژێک ئەوان چی تر نەیانهەوێ پێشمەرگە بمێننەوە یان گرنگی بە ڕەخنە و بۆچوونەکانیان بدات. ئەگەرچی لە ئاستی نیزامیدا جێبەجێکردنی فەرمانەکان مەرجی سەرکەوتنە، بەڵام هەمیشە پێشمەرگە دەتوانێ سەبارەت بە کردەوەی حیزبەکەی پرسیاری ئەخلاقی هەبێ، ئەگەرنا پێشمەرگە لە گرنگترین بکەری سیاسەتی نەتەوەییەوە بۆ ئامرازێکی حیزبی دەگۆڕدرێ.

ڕێبەریی حیزبی ڕێک لەو خاڵەدا وەستاوە کە بڕیار و دەرەنجامەکان لێک نزیک دەبنەوە. هەرچەند لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێبەریی حیزبەکان هەمیشە بەرەوڕووی مەترسیی گیانی بوونەتەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێ مەترسیی گیانی بۆ سەر ئەوان لە پێشمەرگەکان کەمتر بووە. ڕێبەرایەتیی حیزبەکان بەرپرسیارەتییەکی تایبەتیان هەیە، چونکە دەستیان بە زانیاری ڕادەگات و هەر لەو ڕێیەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی دادەنێن. ڕێبەر دەبێ لەنێوان پاراستنی نهێنییەکان و مافی ئەندامەکان و خەڵک بۆ زانینی هۆکاری بڕیارەکان هاوسەنگییەک ساز بکا. ئەو ناتوانێ لە کاتی عەمەلیاتدا هەموو وردەکارییەکان بدرکێنێ یان ڕوونکردنەوەی بۆ فەزای گشتی هەبێ، بەڵام دەتوانێ پێوەرەکانی بڕیاردان، هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان، سازوکاری وڵامدەربوون و چۆنیەتیی کشانەوە ڕوون بکاتەوە. بەڵام هەندێک جار دەبێ ڕێ لەجیاتی باسکردنی ئەم مێکانیزمانە باسی زەروورەتی مێژوویی، داواکاریی خەڵک یا دریژەپێدان بە ڕێگای شەهیدان دەکرێ و لە ئاکامدا بەرپرسیارەتی لە ڕێبەرەوە بۆ هەندێک چەمکی دەرهەست دادەبەزێنێ.

هاووڵاتیی ئاسایی زۆربەی کات کەمترین بڕاردەی بۆ کاریگەری لەسەر سیاسەت هەیە، بەڵام بەگشتی زۆرترین تێچووەکانیش لەسەر شانیەتی. تێچووەکان تەنیا ئەوە نییە کە هاووڵاتییەک بکوژرێ، بەڵکو لەدەستدانی کار، پچڕپچڕبوونی ڕەوتی پەروەردە، کۆچی زۆرەملێ، ترسی بەردەوام، گوشاری ئەمنییەتی بەشێکن لە تێچووەکان. ئەم بارگرانییانە تەنانەت بەشێوەیەکی یەکسان لەناو کۆمەڵگادا دابەش نابن. ئەو بنەماڵانەی داهاتەکانیان کەمە، ئەو کەسانەی لە گوندەکانی سەر سنوور دەژین، زیندانییانی سیاسی و بنەماڵەکانیان، ژنانی سەرپەشتیاری بنەماڵە بەشێوەی گشتی زۆرترین مەترسی بۆ ژیانی ئاساییان ساز دەبێ. هەر لەبەر ئەمانە تەنیا باسکردن لە ژمارەی قوربانییەکان بێئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سەیر بکەین، ناتوانێ وێنایەکی دروستمان لەو مەترسییانە پێ بدا کە شەڕ و گرژییەکان بەرهەمی دەهێنن.

ئەو چالاکە مەدەنییەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژی نە لە پێگەی هاووڵاتییەکی ئاساییدایە و نە دەسەڵاتی ڕێبەرێکی حیزبی هەیە. ئەو بەوشیارییەوە دێتە ناو فەزای گشتییەوە و لە ڕێگەی چالاکیی پیشەیی، کولتووری، ژنان، خوێندکارەکان و مامۆستایانەوە لە بەرانبەر سووڵتەدا بەرگری ساز دەکا. ئەو بەشێوەیەکی سنووردار دەتوانێ دەرەنجامەکان کۆنترۆڵ بکا و هەندێک جار تێچووی چالاکییەکانی کاریگەری لەسەر بنەماڵە و هاوکارەکانیشی دادەنێ. بەرپرسیارەتیی ئەخلاقیی چالاکێکی مەدەنی لە مەودای نێوان دەسەڵاتێکی سنووردار و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان ساز دەبێ. ئەو ناتوانێ توندوتیژیی حکوومەت کۆنترۆڵ بکا، بەڵام دەبێ سەبارەت بە شێوازەکانی لێپرسینەوە، ئەشکەنجە و زیندانیکردن، دوورخستنەوە و بێبەشکردنی تاکی کورد بەرپرسیارەتی هەبێ. ئەم وتەیە بەو مانایە نییە کە بەرپرسیارەتیی سەرکوت لە حکوومەتەوە بۆ قوربانی بگوازینەوە. بەرپرسیارەتیی ئەشکەنجە و زیندانیکردن هەر لەسەر شانی حکوومەتە، بەڵام چالاکی مەدەنی لەم شوێنانەدا هەر بەرپرسیارە کە بەئاسانی نەبێتە هۆی گیرانی خۆی و هاوڕێکانی، بەهۆی چالاکییەکەوە داهاتووی ڕێکخراوەکە نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، و خۆی بۆ ئەو مەترسییانەش ئامادە بکا کە پێشبینی دەکرێن.

ئەخلاقی بەرپرسیارەتیی قێبەر لێرەدا ناهێڵێ بە دوو شێوازی سادە داوەری بکەین. لە لایەکەوە ناکرێ هەر پارێزێک وەک ترس یا سازش ناو ببەین و نابێ لە چالاکی مەدەنی داوا بکرێ کە بۆ سەلماندنی خۆی تێچووی زیادتر بدا. لە

لایەکی دیکەشــەوە، ناکرێ هەر جۆرە ســازکردنی ڕێکخراوەیــەک بەباش دابنــدرێ. چالاکی مەدەنی باشــترە خۆی لــە نمایش بەدوور بگــرێ و گرنگی بــەو مەترســییانە بــدا کــە بــەرەوڕووی کۆی چالاکییەکان لە کوردســتان دەبێتــەوە. ئەگەرچی ئــەو ناتوانــێ دەرەنجامەکانــی چالاکییەکانــی کۆنتــرۆڵ بــکا، بــەڵام ئەرکی ســەر شــانیەتی مەترســییەکان بناســێ و کەمیان بکاتــەوە. بەم واتایــە پارێزکــردن بەشــێک لە بوێریی سیاســی پێــک دێنێ.

ئارێنــت تێگەیشــتنێکی دیکەمان بۆ ســاز دەکا. چالاکیــی مەدەنی تەنیــا ئامرازێک بۆ گەیشــتن بە ســەربەخۆیی یــا گۆڕینی ڕێژیم نییــە، بەڵکو دەبێتــە ئەکتــەری ســەرەکیی ئەو شــوێنەی کە تیایــدا ڕاهێنــان بۆ ئــازادی و سیاســی دەکرێ. کاتێــک چالاکانــی مەدەنی پێکەوە کــۆ دەبنەوە و قســە بۆ خەڵک دەکــەن و ئەوان بــۆ کارێکی بەکۆمــەڵ دەجوولێنن، شــێوازێک لە دەســەڵاتی گشــتی پێک دێنــن کە لەگــەڵ ئەو دەســەڵاتە جیــاوازە کە بەناچــاری قەبووڵ کراوە و بەســەر کۆمەڵــگادا بەزۆرەملێ ســەپاوە. لــەم ڕوانگەوە، ئەنجومەنــە مەدەنییــەکان تەنیــا ئامرازێکــی کاتــی بۆ خەبــات نین، ئــەوان دەتوانن شــێوازە ســەرەتاییەکانی هەمــان ئەو ئازادییــە بەرهەم بێنــن کــە بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــی کــورد مــژدەی دەدا. ئەگــەر ئــەم ڕێکخراوانــە لەناو خۆیاندا بۆچوونــی ڕەخنەگــران بێدەنگ بکەن و بڕیــارەکان تەنیا لەنــاو بازنە داخراوەکاندا ســاز ببــێ، ئەگەری ئــەوە هەیە کە لۆژیکی ســوڵتە لە ناویانــدا بەرهــەم بێتەوە.

نزیکایەتیــی چالاکانــی مەدەنــی بــە مەیدانی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان دەتوانــێ قورســایی بە بڕیارەکانیــان بــدا، بــەڵام ناتوانێ ئــەوان وەک تەنیــا نوێنــەری خەڵک نیشــان بــدا. ئەزموونی زیندانیکــردن و چالاکیــی نهێنــی ڕەنگــە تێگەیشــتنێک ســاز بکا کــە چالاکانی دیاســپۆرا نەتوانــن هەیانبێ، بــەڵام ئەزموونی ڕاســتەوخۆ ناتوانێ جێگەی ئیســتدلال و بەڵگاندن ســەبارەت بە ســتراتیژیی خەبات بگرێتەوە. پێویستە چالاکی مەدەنــی ڕوونی بکاتــەوە کە لەجیاتی کێ قســە دەکا و هەروەهــا نابــێ خۆی لە ڕەخنــە بەدوور بگــرێ. پەیوەندیــی چالاکانــی ناوخــۆ لەگــەڵ حیزبــەکان و دیاســپۆرا باشــترە لەســەر بنەمای پەیوەندییەکــی وڵامدەرانــەی دووڵایەنــە ســاز ببێ. پشــتیوانیی ئابووریــی، میدیایی و یاســایی لــە دەرەوە دەتوانــێ فەزای کارکردنــی چالاکانی مەدەنــی بەرفــراوان بکا، بــەڵام وابەســتەیی بە ســەرچاوەی دەرەکــی ڕەنگە ببێتە هــۆی ئەوەی ئەولەوییەتەکانیان بگۆڕدرێ یا کاریگەری لەســەر بڕیارەکانیــان دابنــێ. هەربۆیە چالاکــی مەدەنی دەتوانــێ پەیوەندی لەگــەڵ دەرەوەی ڕۆژهەڵاتدا هەبێ، بێئەوەی ســەربەخۆیی بڕیــاردان لەکیس بدا.

دیاسپۆرا و سیاسەت لە نزیکەوە

ژیان لە دیاســپۆرا بە مانای ئاســایش و ڕفاە نییە. دوورکەوتنەوە لە کوردســتان، ڕاســیزمی ڕۆژاوایی، فێربوونــی زمانی بێگانــە، کێشــەکانی پەنابەری، نەبوونــی ناســنامەی وڵاتــی دووەم و دابڕان لە بنەماڵــە هەندێــک لــەو ئەزموونە ســەختانەی کوردانی دیاســپۆران. لەم ســاڵانەدا لێکۆڵینەوەکان نیشــانی داوە کە دیاســپۆرای کــوردی ڕۆژهەڵات (بەتایبەت ئەوانەی پێشــتر پێشــمەرگە بوون و یا ئەو خەباتکارانەی کە ئیســتا پەنابەری سیاســین) هەســتی نەتەوەیــی و گرێدراوییەکــی تۆختریان بۆ کوردســتان لەلا ســاز بووە. وێنای کوردســتانی گــەورە لە خەیاڵی دیاســپۆرای کوردیــدا پڕڕەنگە و وەک ئاســۆیەکی هاوبەش ئەوانــی پێکەوە گرێ داوەتــەوە. ئەگەرچــی جاروبار بــەرەوڕووی ئەو کێشــەیە دەبنەوە کە جیاوازیی پرســی نەتەوەیی لە پارچــەکان لەبەر چــاو ناگرن.

نابــێ ئــەوە لەبیــر بکەیــن کــە نزیکایەتی لە مەیدانی خەبات ناتوانێ هەمیشــە مەعریفەیەکی تەواو ســاز بکات. گوشــاری ئەمنییەتــی بازنەی زانیــاری ســنووردار دەکا، هەندێــک جــار وابەســتەیی بە حیزبــەکان ڕەخنەگرتن ئەســتەم دەکاتــەوە، و خەمــی ژیانــی ڕۆژانــە دەرفەتی کەمتر بــۆ خۆتەرخانکردن بە کاروبــاری مەدەنی دەهێڵێتــەوە. بــەڵام هەندێــک جــار خەڵکــی ڕۆژهــەڵات و ئەندامانــی حیزبــەکان تانەی ئەوە لە دیاســپۆرای کورد دەدەن کــە جێگەتان گەرمە و ئەمــە نەتەنیا بــەو مانایە بەکار دێنــن کە بیریان بهێننەوە مەترســییەکی نایەکسان لەئارادایە، بەڵکو هەندێــک جاریش بۆ ئەوەیە کــە ڕەخنەکانیان بە هەنــد وەرنەگرن. ئەم شــێوازە بەکارهێنانە لەگەڵ ئەخلاقی بەپرســیارەتی نایەتــەوە. ئەگەرچی ئەو

کەسانەی ڕەنجی زیادتر دەکێشن، قورساییەکی مەعریفەتی زیادتریان بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتانە هەیە کە پەیوەندییان بە ئەزموونی ڕاستەوخۆوە هەیە، بەڵام هەر کات بیانەوێ باس لە ستراتیژی و نوێنەرایەتیی خەڵک یا نەتەوە بکەن، دەبێ بەڵگەیان بەدەستەوە بێ.

پەیوەندیی ئەخلاقیی نێوان دیاسپۆرا، حیزبەکان و ناوخۆی ڕۆژهەڵات دەکرێ لەسەر بنەمای دابەشکردنی ئەو ئەرک و چالاکییەکانە بێ کە پێکەوە وەئەستۆیان گرتووە و لەهەمبەریشیدا دەبێ وڵامدەر بن. دیاسپۆرا دەتوانێ هەندێک لە تێچووەکان وەئەستۆ بگرێ و حیزبەکانیش دەتوانن بەشێوەی مەیدانی کارەکان بەڕەوپێش ببەن. هیچ کامیان جێی ئەوی دیکە ناگرێتەوە. داوەریکردن لە ڕوانگەی ئارێنتەوە پێویستی بە سەرنجدان بە ڕوانگەی ئەوانی دیکەیە، نەک ئەوەی دەست بەسەر دەنگی ئەواندا بگیرێت.

دەرەنجام: گەڕانەوە بۆ وتەی جێگەت گەرمە

دەکرێ ئیستا وتەی جێگەت گەرمە لەسەر سێ ئاست شی بکرێتەوە. یەکەم، ئەم وتەیە باس لە نایەکسانییەک دەکا کە کاتی بەڕەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسییەکان تووشی مرۆڤ دەبێ. ئەوەی وتەکە دەردەبڕێ دەیهەوێ بیرمان بێنێتەوە کە هەمووان وەک یەک بەڕەوڕووی گیران، بۆمباران، مەرگ، بێکاری و کێشەی ژیانی بنەماڵەیی نابنەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئایا جێگەی گەرم بە واتای ئەوە دێ کە ئیتر ژیان بێخەم و سەرئێشەیە بۆ خەڵکی دیاسپۆرا؟ چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی لە هەندەران دەژین، بۆخۆیان تووشی دوورکەوتنەوە لە زێد و نیشتمان، پەنابەری، دابڕان لە بنەماڵە و تەنانەت ڕاسیزم بوونەتەوە. گەرمی، چەمکێکی ڕێژەییە و گرێدراوی یەک بڕیاری ڕوونە: چ کەسێک دەتوانێ لە دەرەنجامی بڕیاری شەڕ و گرژی، خۆی دوور ڕابگرێ و چ کەسێک بەناچاری لە مەیدانەدا کێشەکانی بۆ بەجێ دەمێنێتەوە؟

دووەم، ئەم وتەیە بەڕپرچدانەوەیەکی مەعریفەتییە. ڕاستە، مەودای شوێن دەتوانێ کاریگەرییە نەرێنییەکانی شەڕ لەسەر ژیان کەم بکاتەوە کە لە سایەی سەرکوت، تۆقاندن و ناسەقامگیریی بارودۆخی ئاساییی ژیان ساز بوون. بەڵام ئەم بەڕپرچدانەوەیە کاتێک بایەخی هەیە کە نیشانی بدا ئەوەی بۆچوونێکی هەبووە، هەڵەیەکی ئاشکرای کردووە یا لە کاتی بڕیارەکەیدا ئاگاداری کێشەکان نەبووە و ئاگامەند قسەی نەکردووە. هەربۆیە تەنیا لەبەر ئەوەی کەسێک دوور لە ڕۆژهەڵات دەژی، ناکرێ بەو دەرەنجامە بگەین کە بەڵگاندن و بۆچوونەکانی هەڵەن. تەنانەت هەندێک جار مەودا دەتوانێ دەرفەتی بەراوردکردن، تۆڕینەوە و دەستڕاگەیشتنی ئازاد بە سەرچاوەکان و ڕادەربڕینی بێترس لە سانسۆر بڕەخسێنێ. نزیکایەتیش لەگەڵ مەیدانی ڕۆژهەڵات ڕەنگە هەندێک جار لەبەر گوشاری ئەمنییەتی، وابەستەیی بە حیزب و ڕێکخراوە و هەروەها سنووردارکردنی زانیارییەکان ناتوانێ بەڵگەی پێویست فەراهەم بکات. کەواتە ئەگەرچی پێگەی بڕیاردەر کاریگەری لەسەر جۆری مەعریفەکە دادەنێ، بەڵام ناتوانێ جێگەی لۆژیک و بەڵگاندن بگرێتەوە.

سێیەم، وتەی جێگەت گەرمە، ناڕەزایەتییەکە بۆ ئەوەی ئایا ئەو کەسەی لە دوورەوە بڕیار دەدا شیاوە لە ڕووی ئەخلاقییەوە ئاستێک لە مەترسی بە سەر هاوواڵتیانی ئاساییدا بسەپێنێ یا نا؟. ڕەنگە ئەمە بەهێزترین بەشی ئەم وتەزایە بێ. تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەی لە دیاسپۆرایە و دوور لە ڕۆژهەڵات دەژی، بتوانێ ڕووداوەکان بەدروستی شی بکاتەوە، دیسانەوە دەبێ ڕوونی بکاتەوە کە لە چ پێگەیەکەوە دەتوانێ خەڵک بۆ ئەنجامی کارێک ڕابسپێرێ کە بارەکەی لەسەر شانی خۆی نییە. زانینی ئەوەی کە کارێک دەتوانێ قازانجی هەبێ لەگەڵ ئەوەی کە مافی بڕیاردانت لەوبارەوە هەبێ وەک یەک نییە. ئەگەرچی ئامادەیی تاکێک لە دیاسپۆرا بۆ گەڕانەوە بۆ وڵات و فیداکاریی شەخسی دەتوانێ مەودای قسە و کردەوە کەم بکاتەوە، بەڵام ڕەزایەتیی مرۆڤ بۆخۆی بۆ ئەنجامدانی کارێک ناتوانێ جێگای ڕەزایەتیی ئەوانی دیکە بۆ ئەنجامدانی هەر ئەو کارە بگرێتەوە.

هەڵبەت ئەگەر ئەم وتەیە بۆ کۆتاییهێنان بە گفتوگۆ بێ و پارێزبەندییەک بۆ ڕێبەریی حیزبەکان لە ڕەخنە ساز بکا هەتا دەنگی دیاسپۆرا کەمرەنگ بکاتەوە، چی تر مانایەکی ئەخلاقی نامێنێ. لەم جۆرە بەکارهێنانەدا،

بیرهێنانەوەی مەترسی وەک ئیمتیازێکی سیاسی بۆ کەسانێک بەکار دێ کە خاوەنی دەسەڵاتن. هەندێک جار ڕێبەریی حیزبەکان دەتوانن بە بیانووی نزیکایەتی لە مەیدانی ڕۆژهەڵات خۆیان لە وڵامدانەوە بدزنەوە، لە کاتێکدا جاروبار خۆیان ئەمنییەتی زیادتریان لە هاووڵاتییەکی ئاسایی هەیە. چالاکی مەدەنیی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتیش ڕەنگە ئەزموونی تاکەکەسیی خۆی وەک دەنگی کۆمەڵگا پێناسە بکات و گوێ بە شێوازەکانی دیکەی خەبات نەدا کە کەسانی دیکە پێشنیاری دەکەن. هەربۆیە جێگەت گەرمە نابێ ببێ بە نوسخەیەکی دیکە لەو ئیدەعایە کە تەنیا ئەو کەسانەی ڕەنجیان کێشاوە مافی قسەکردنیان هەیە؛ خۆی لە خۆیدا ڕادەی ڕەنج ناتوانێ دروستبوونی داوەریکردن یا مافی نوێنەرایەتی بسەلمێنێ .

لە ئەنجامدا دەکرێ مانای کۆتایی جێگەت گەرمە بەم شێوەیە بێ: هەرچەندە مەودای مرۆڤ لە دەرەنجامەکە زۆرتر بێ، ئەرکی ئەو بۆ بیستن، ڕوونکردنەوە و گرێدانەوەی وتەکانی لەگەڵ بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی قورستر دەبێ؛ هەرچەندە مرۆڤ بە مەیدانی خەبات نزیکتر بێ، دەبێ ئەزموونەکانی زیادتر بەهەند بگیرێ، بێئەوەی لە ڕەخنە و بەڵگاندن بێبەری بێ. کاتی وتنی ئەم وتەیە نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە نایەکسانی لە پێگەدا باشترە بگوازرێتەوە بۆ گفتوگۆیەک سەبارەت بە مافی بڕیاردان و بەپرسیارەتی. بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ بێدەنگکردنی ئەویتر ئەم وتەیە بەکار بێ، هەر ئەو فەزا دێموکراتیکە سنووردار دەکرێتەوە کە سیاسەتی ڕزگاری دەیهەوێ لە کوردستان پەرەی پێ بدا.

سەرچاوەکان:

Anderson, Benedict. 1992. Long-Distance Nationalism: World Capitalism and the Rise of Identity Politics. Amsterdam: Centre for Asian Studies Amsterdam.

Arendt, Hannah. 1998. The Human Condition. 2nd ed. Chicago: University of Chicago Press.

Arendt, Hannah. 2003. Responsibility and Judgment. Edited by Jerome Kohn. New York: Schocken Books.

Arendt, Hannah. 2006. On Revolution. New York: Penguin Classics.

Baser, Bahar, Ann-Catrin Emanuelsson, and Mari Toivanen. 2015. "(In)visible Spaces and Tactics of Transnational Engagement: A Multi-Dimensional Approach to the Kurdish Diaspora." Kurdish Studies 3 (2): 128–150.

Kaya, Zeynep N. 2020. Mapping Kurdistan: Territory, Self-Determination and Nationalism. Cambridge: Cambridge University Press.

Koinova, Maria. 2018. "Sending States and Diaspora Positionality in International Relations." International Political Sociology 12 (2): 190–210.

Weber, Max. 2004. Politics as a Vocation. In The Vocation Lectures, edited by David Owen and Tracy B. Strong, translated by Rodney Livingstone, 32–94. Indianapolis: Hackett.

چیرۆکی پێشکەوتنی میرنشینی دۆستەکی

ئەحمەد محەممەد هەرووتی

شارستانییەتی ئیسلامی وەک یەکێک لە شارستانییەتە پێشکەوتووەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، بەرهەمی هەوڵ و بەشداریی هاوبەشی گەلانی جۆراوجۆر بووە. زانا و بیرمەندە موسڵمانەکان، یان ئەوانەی لەژێر سایەی دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا ژیاون، خزمەتێکی بەرچاویان بە مرۆڤایەتی کردووە و داهێنانی گرنگیان لە سەردەمی خۆیاندا پێشکەش کردووە. لەم چوارچێوەیەدا، کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن کیانی سیاسی لە ناوچەکانی خۆیدا، هاوشانی گەلانی تری وەک عەرەب، فارس، هیندی، تورک و ئەمازیغ، ڕۆڵێکی کارای لە بنیاتنان و پێشخستنی شارستانییەتی ئیسلامیدا گێڕاوە. ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنە سەر بەشداریی هەمەچەشنەکانی کورد لەم بوارەدا، بە دیاریکردنی میرنشینی دۆستەکی-مەروانی وەک نموونەیەکی بەرجەستە. لە ڕێگەی شیکردنەوەی بواره جیاوازەکانی وەک شیعر و ئەدەب، پزیشکی، بیرکاری، فەلەکناسی، فەلسەفە، هونەر و ئابووری، هەوڵ دەدرێت ئەو ژینگە لەبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بخرێتەڕوو کە لە سایەی سەقامگیریی ئەم میرنشینەدا هاتە ئاراوە و بووە هۆی گەشەسەندنی بزووتنەوەیەکی زانستی و ڕۆشنبیریی زیندوو لە کوردستاندا.

دامەزراندنی میرنشینی دۆستەکی و گرنگیی سەردەمەکەی

میرنشینی دۆستەکی کە بە (مەروانی)یش دەناسرێت لەلایەن "ئەبو عەبدوللا حەسەنی کوڕی دۆستەک"، ناسراو بە "میربادی کوردی"، دامەزرێنرا. سنووری فەرمانڕەوایەتیی ئەم میرنشینە، کوردستانی باکوور بوو، هەریەکە لە شارەکانی نسێبین، مەلازگرد، ئامەد، جزیرە، حەسەن کێف، ئەرزەن، بەدلیس، ڕوحا و دەوروبەری دەریاچەی وانی لەخۆ دەگرت. سەردەمی ئەم میرنشینە بە قۆناغێکی جیاواز لە مێژووی ناوچەکەدا هەژمار دەکرێت، کە هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ ئەو سەقامگیری و ئاسایشە دەگەڕێتەوە کە لە سنووری میرنشینەکەدا بەرقەرار کرا. ئەم بارودۆخە ئارامە ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی بەرچاوی هەبوو و زەمینەی بۆ پێشکەوتنی ئابووری، پیشەسازی، بازرگانی و ژیانی ڕۆشنبیری خۆش کرد.

ڕەچەڵەکی دامەزرێنەر لە دیدی مێژوونووسانەوە

سەبارەت بە بنەچەی میر باد، دیدی جیاواز لەلایەن مێژوونووسانەوە خراوەتەڕوو. مێژوونووسانی وەک "ئیبن شەداد"، "ڕۆزراوری"، "ئیبن ئەسیر" و "ئیبن ئەلعەجری" ئاماژە بەوە دەکەن کە ناوبراو سەر بە هۆزی "حەمیدییە" بووە. لە بەرانبەردا، "فارقی"ی مێژوونووس بە "خاربوختی" ناوی دەبات و ڕەچەڵەکی میرباد بۆ ئەم هۆزە دەگەڕێنێتەوە. ئەو سەقامگیرییە سیاسی و ئابوورییەی لە سایەی میرانی میرنشینی دۆستەکیدا هاتە ئاراوە، بووە هۆی گەشەسەندنی لایەنی زانستی و هونەری. لە گرنگترین ئەو بوارانەی کە لەو سەردەمەدا بایەخیان پێ درا بریتین لە:

شیعر و ئەدەب

شیعر و ئەدەب، لە مێژووی کۆنی عەرەب و دواتریش لە سەردەمی ئیسلامیدا، پێگەیەکی گرنگ و بنچینەیی هەبووە. بازاڕی عوکاز لە حیجاز وەک ناوەندێکی زیندووی کێبرکێی شاعیران، هەروەها نەریتی هەڵواسینی شیعری شاعیرە براوەکان بە ئاوی زێڕ لەسەر دیواری کەعبە، بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەم گرنگییەن. ئەم بایەخپێدانە لە سەردەمی خەلافەتی ئیسلامیشدا بەردەوامیی پێ درا و بووە بەشێک لە کلتووری سیاسی و کۆمەڵایەتی. لەم چوارچێوەیەدا، میرنشینە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسی، بە تایبەتی میرانی دۆستەکی (مەروانی)، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پەرەپێدانی ئەم بوارەدا گێڕاوە.

ڕۆڵی میرانی کورد لە پشتیوانیکردنی شاعیران

میرە کوردەکان، بە درککردن بە گرنگیی شیعر وەک ئامرازێکی کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی، دەرگای کۆشک و دیوەخانەکانیان بە ڕووی شاعیراندا کردبووەوە. ئەوان بە ڕێزگرتن، نزیککردنەوە و سازکردنی کۆڕی شیعری، ژینگەیەکی لەباریان بۆ داهێنانی ئەدەبی دەڕەخساند. میر "نەسرووددەوڵە"، میری میرنشینی دۆستەکی، نموونەیەکی دیاری ئەم سیاسەتە کلتوورییەیە. ناوبراو گرنگییەکی تایبەتی بە شاعیران دەدا و پشتیوانییەکی زۆری لێ دەکردن. لەنێو ئەو شاعیرانەی لەژێر چاودێری و نزیکیی ئەودا بوون، "عەلی ئیبن محەمەد توهامی" یەکێک بوو لە هەرە بەناوبانگەکان. توهامی دیوانێکی شیعریی گەورەی هەیە کە تێیدا قەسیدەیەکی درێژی بۆ وەسفکردن و پیاهەڵدانی کار و دەستکەوتەکانی میر نەسرووددەوڵە تەرخان کردووە.

شیعر وەک میدیای سەدەکانی ناوەڕاست

بە بڕوای خۆم، خۆنزیککردنەوەی میر و دەسەڵاتداران لە شاعیران، هەنگاوێکی سیاسیی ژیرانە بوو. لە سەردەمێکدا کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی مۆدێرن وەک تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و ئینتەرنێت نەبوون، شیعر باشترین و کاریگەرترین ڕێگە بوو بۆ گەیاندنی پەیامی دەسەڵات و وروژاندنی هەستی جەماوەر. شاعیران لە ڕێگەی هونەری وشەوە، دەسکەوت و سیاسەتەکانی

میرانیـــان دەگەیانـــدە خەڵـــک لە بازاڕ و شـــوێنە گشـــتییەکاندا. بەمـــەش، شـــیعر ڕۆڵـــی پردێکی پەیوەندیی لەنێوان دەســـەڵات و کۆمەڵگادا دەگێڕا و شـــەرعییەتی سیاســـیی میرەکانی پتەوتر دەکرد.

زمانی شیعر و پاراستنی ناسنامەی کوردی

شـــایەنی باســـە کە بەهـــۆی باڵادەســـتیی زمانی عەرەبـــی وەک زمانـــی ئایینـــ و زانســـت لـــەو ســـەردەمەدا، زۆربـــەی بەرهەمە شـــیعرییەکانی شـــاعیرانی ئەو کاتە بـــە زمانی عەرەبـــی بوون و لـــە ســـەرچاوە مێژوویییەکانـــدا بەم زمانـــە تۆمار کـــراون. لەگەڵ ئەوەشـــدا، ئەمە بـــەو مانایە نییە کـــە کـــوردەکان زمانـــی دایکی خۆیان پشـــتگوێ خســـتبێت. بەڵگـــەی مێژوویـــی هەیە کـــە زمانی کوردی لـــە ژیانی ڕۆژانـــە و تەنانەت لە ئاســـتی فەرمانڕەواییشـــدا بـــەکار هاتـــووە. بـــۆ نموونە، بنەماڵـــەی ئەیوبییـــەکان، کـــە بنەچەیەکـــی کوردییـــان هەبـــوو و لـــە دەرەوەی کوردســـتان حوکمڕانییـــان دەکـــرد، لە میســـر و شـــام، نەک هەر بـــە زمانی کوردی قســـەیان دەکـــرد، بەڵکوو نامە و پەیوەندییەکانی نێوان ســـەرکردە سیاســـی و سەربازییەکانیشـــیان بـــە زمانی کـــوردی بووە. هەروەهـــا، پابەندبوونیان بە پۆشـــینی جلوبەرگی کـــوردی، نیشـــانەی پارێزگاریکردنیـــان بـــووە لە ناســـنامە و کلتـــووری ڕەســـەنی خۆیان.

زانستی پزیشکی

زانســـتی پزیشـــکی یەکێکە لەو بواڕە زانستییانەی لـــە مێـــژووی کوردســـتاندا بایەخێکـــی بەرچاوی پـــێ دراوە. گەشەســـەندنی ئەم زانســـتە لەســـەر بنەمای ســـوودوەرگرتن لە سروشـــتی دەوڵەمەندی کوردســـتان و دواتـــر لـــە ڕێگـــەی دامەزراندنی ناوەندی زانســـتی و دەرکەوتنی پزیشکی پسپۆڕ و نووســـەری گەورەوە بووە، کـــە کاریگەرییان نەک تەنها لەســـەر ئاســـتی ناوخۆیی، بەڵکوو لەســـەر جیهانـــی ئیسلامی و ئەوروپـــاش هەبووە.

قۆناغی سەرەتایی و گەشەی دەرمانسازی

لـــە قۆناغە ســـەرەتاییەکاندا، پزیشـــکەکان خۆیان ڕاســـتەوخۆ دەچوونـــە ناوچـــە شـــاخاوییەکانی کوردســـتان بـــە مەبەســـتی کۆکردنـــەوەی گژوگیا دەرمانییـــەکان و دروســـتکردنی داوادەرمـــان. نموونەی ئـــەم پزیشـــکانە، (ئیبن دینـــار)ە کە لە شـــاری میافارقینی کوردســـتانی باکوور (ســـلێقانی ئێســـتا)، شـــرووبی بـــۆ چارەســـەری نەخۆشـــی دروســـت دەکـــرد. دواتـــر، بـــە پەرەســـەندنی پیشـــەیی، پســـپۆڕیی "دەرمانســـازی" ســـەری هەڵدا. ئەم کەســـانە ئەرکی کۆکردنـــەوەی گژوگیا دەرمانییەکانیـــان لە ئەســـتۆ گـــرت، ئەمەش وای کـــرد پزیشـــکەکان بتوانـــن ســـەرنجی خۆیان بە تەواوی لەسەر دەستنیشـــانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشـــییەکان چـــڕ بکەنەوە. بێگومان سروشـــتی دەوڵەمەنـــد و هەمەجۆریی ڕووەکیی کوردســـتان، هۆکارێکـــی ســـەرەکی بوو بـــۆ گەشەســـەندنی خێـــرای زانســـتی دەرمانســـازی لـــە ناوچەکەدا. دەرکەوتنی پزیشـــکە نـــاودارەکان و پشـــتیوانیی میر نشینە کا ن

لە دیارترین پزیشـــکەکانی ئەو ســـەردەمە، (جبرائیل کـــۆڕی بەختیشـــوع) بـــوو. ناوبراو لـــە بەغدادی پایتەختـــی خەلافەتی عەباســـیدا خزمەتێکی زۆری پێشـــکەش کـــرد و پزیشـــکی تایبەتی هـــەردوو خەلیفـــە (هـــاروون ئەڕەشـــید) و (مەئمـــوون) بـــوو. ناوبانـــگ و لێهاتوویـــی ئـــەم پزیشـــکە لە ســـەرانســـەری هەرێمەکانـــی جیهانـــی ئیسلامیدا بڵاوبـــووەوە، تـــا ئـــەو ڕادەیەی میری میرنشـــینی دۆســـتەکی، (مومەهـــەد ئەلدەولە)، بانگهێشـــتی کوردســـتانی کـــرد. بەختیشـــوع بانگهێشـــتەکەی قبوڵ کـــرد و ڕووی لـــە پایتەختی میرنشـــینەکە کـــرد. لەوێ بـــۆ مـــاوەی چەندین ســـاڵ خزمەتی خەڵکی ناوچەکەی کـــرد و قوتابخانەیەکی تایبەتی بـــۆ فێرکردنـــی زانســـتی پزیشـــکی دامەزرانـــد. هەروەها چەندیـــن بەرهەمی نووســـراوی گرنگی لەدوای خۆی بەجێ هێشـــت، کـــە یەکێک لەوانە کتێبی (رســـالة فـــي عصب العيـــن) بوو.

کاریگەریـــی پزیشـــکانی کوردســـتان لەســـەر زانســـتی جیهانـــی

کاریگەریـــی زانســـتی پزیشـــکی لە کوردســـتان تەنهـــا لە چوارچێـــوەی ناوخۆدا قەتیـــس نەما. بۆ نموونە پزیشکێکی وەک (ماســـۆیەی ماردینی)، کە هەرچەندە لـــە بنەماڵەیەکی مەســـیحی بوو بەڵام

له چوارچێوەی دەوڵەتی ئیسلامی و کوردستاندا خزمەتی دەکرد، نموونەیەکی درەوشاوەی ئەم کاریگەرییەیە. ماسۆیە خوێندنی پزیشکی و دەرمانسازیی لە شاری قاهیرە تەواو کردبوو و خاوەنی چەندین کتێبی گرنگ بوو. وەک کتێبی (الاقرابادین)، کە لە ١٢ بەش پێک دێت، ئەم بەرهەمەی ئەوکات وەرگێڕدرایە سەر زمانەکانی لاتینی و ئیتاڵی. هەروەها کتێبێکی دیکەی بە ناوی (الجراحة) کە بەپێی گێڕانەوەی (تۆماس ئارنۆڵد)، تا ساڵی ١٨٣٠ی زایینی لە قوتابخانە پزیشکییەکانی ئەوروپادا وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی دەخوێندرا.

پسپۆڕییە جۆراوجۆرەکان و ناوەندە زانستێییەکان

بواری پزیشکی لە کوردستان چەندین پسپۆڕیی جیاوازی لەخۆ گرتبوو. (ئەبو نەسر یەحیا) کتێبێکی دەربارەی سوودەکانی وەرزش نووسی و پێشکەشی وەزیری میرنشینی دۆستەکی، (محەمەد کوڕی جەهیر)ی کرد. (ئیبن بوتلان) ئەمیش یەکێکی دیکە بوو لە پزیشکە ناودارەکانی کوردستان و ناوچەکە. شایەنی باسە شاری "میافارقین" وەک پایتەختی دۆستەکییەکان، بووبووە ناوەندێکی زانستیی گرنگ. (مەنسوور)، ناسراو بە (زاهد العلماء)، مامۆستای زانستگە پزیشکییەکانی ئەم شارە بوو و لە هەمان کاتدا پسپۆڕی نەخۆشییەکانی چاویش بوو.

بە کورتی، زانستی پزیشکی لە کوردستاندا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا قۆناغێکی زێڕینی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم پێشکەوتنە بەرهەمی تێکەڵاوبوونی سامانە سروشتییەکانی ناوچەکە، پشتیوانیی سیاسیی میرنشینە کوردییەکان و هەوڵ و داهێنانی پزیشک و زانایانی لێهاتوو بوو کە توانییان کاریگەرییەکی قووڵ نەک هەر لەسەر ئاستی ناوچەیی، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش دا بنێن.

زانستی بیرکاری

زانستی بیرکاری، بەهۆی سروشتە پراکتیکییەکەیەوە، یەکێک بووە لەو زانستانەی لە ژیانی ڕۆژانە و کارگێڕیی کۆمەڵگاکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا پێگەیەکی گرنگی هەبووە. لە کوردستاندا، ئەم زانستە نەک هەر لەلایەن زانایانەوە گرنگیی پێ دەدرا، بەڵکوو لە بواری بازرگانی و بەڕێوەبردنی کارگێڕییشدا ڕۆڵێکی سەرەکیی دەگێڕا.

بەم پێیە، ئەم توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا بە مەبەستی بەراوردکردنی بێلایەنیی ئەم ڕوانگەیە نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ ڕەخنەگرتن لە بنەمای تیۆری و سیاسیی گوتاری هاوواڵتیتەوەر و هەندێک لە شێوەکانی گوتاری نەتەوەیی -ئێرانشەهری و لێکۆڵینەوە لەوەی کە ئەم گوتارانە تا چەند دەتوانن لە کردارا ببنە بنەمای پرۆژەیەکی سیاسی بۆ یەکخستنی پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازەکان لەژێر ناسنامەیەکی باڵادەست دا. پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە لەم ڕوانگەیەوە ئەوەیە؛ ئایا پێشنیاری هاوواڵتیبوونی یەکسان و ناسنامەی نەتەوەیی هاوبەش، کە لەلایەن هەندێک لە توێژەرانی ئەم بوارەوە پێشنیار کراوە، دەتوانێت لە کۆنتێکستی فرەچەشنیی نەتەوەیی و زمانیی ئێراندا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بێلایەن بێت، یان لە کۆتاییدا دەتوانێت ببێتە میکانیزمێک بۆ سەپاندنی ناسنامەی نەتەوەی هێژمۆنی، ئەنتێگرەیشن و لە کۆتاییدا ئاسیمیلەکردنی ناسنامە جیاوازەکان؟ لەبەر ئەمە، توێژینەوەکە هەوڵ نادات ڕوونی بکاتەوە کە یەکسانیی هاوواڵتیبوون لە کۆمەڵگایەکی فرەچەشنەدا تا کوێ دەتوانێت بێ ئەوەی ببێتە ئامرازی هاوشێوەکردن، بنەمای یەکگرتووییی سیاسی بێت، بەڵکوو ئاماژەیەکی ڕەخنەگرانە بەوە دەکات کە دەق و تیۆری، چۆن دەتوانێت وەک ئامرازێک بەکار بێت بۆ ئەوەی بە مافی شارۆمەندی پێناسە بکرێت، بەسەر کۆمەڵگای ئامانجدا بسەپێنرێت. هەروەها لە دەرنجامی ئەم تۆژینەوەیەدا باس لە مافی یەکسانی تاک و مافی کۆمەڵایەتی دەکرێت کە وەک کێشەیەکی ئۆنتۆلۆژیک قورساییی خۆی بەسەر تەواوی بابەتەکاندا دەخات.

میتۆدۆلۆژی

ئەم توێژینەوەیە بە ڕێبازی چۆنیەتی و لە چوارچێوەی شیکاریی گوتاریی ڕەخنەییدا دەکرێت. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە تەنیا ناساندن، یان بەراوردکردنی بیرۆکەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و هاوواڵتیبوون نییە، بەڵکوو هەوڵ دەدات ئەو میکانیزمە گوتارییە دەستنیشان بکات کە لە ڕێگەیەوە ناسنامەی هاوبەش، یەکسانیی هاوواڵتیبوون و یەکگرتنی سیاسی پێناسە و ڕەوا دەکرێن.

لە پرۆسەی شیکارییەکەدا، سەرەتا چۆنیەتیی پێناسەکردنی «ناسنامەی هاوبەش» و «هاوواڵتیبوونی یەکسان» لەلایەن نووسەرانەوە دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە؛ پاشان ئەوە شیکاری دەکرێت کە جیاوازییە زمانی، کەلتووری و گرووپییەکان چۆن پێناسە، سنووردار، یان کەمڕەنگ دەکرێن. هەروەها سەرنج دەدرێت بەوەی کێ بە ناوی کۆمەڵگا، یان گرووپەوە قسە دەکات و تا چەندێک ڕای تاکەکەسی، یان دەستەبژێری دیاریکراو وەک دەنگی گشتیی کۆمەڵگا پێشان دەدرێت. لەم ڕووەوە، چەمکەکانی هێژمۆنی، ڕەوایی، نوێنەرایەتیی هەڵبژێردراو، سروشتیکردنی گوتار و ئادیافۆریزەیشن وەک پۆلە سەرەکییەکانی شیکاری بەکار دەهێنرێن.

لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات دیاریی بکات کە ئاخۆ گوتاری هاوواڵتیتەوەر تەنیا میکانیزمێک بۆ دامەزراندنی یەکسانیی سیاسییە، یان لە کۆنتێکستی نایەکسانیی هێزدا دەتوانێت ببێتە میکانیزمێک بۆ بەرهەمهێنانەوە و ڕەواکردنی ناسنامەیەکی هێژمۆنیک و، لە هەندێک بارودۆخدا، بۆ گواستنەوە لە یەکگرتنی سیاسییەوە بۆ پاکتاوکردنی ناسنامەیی؟ لەو پرۆسەیەدا، ئەو پەیوەندییەی نێوان دەق، هێز، نوێنەرایەتی و ڕەوایی دروست دەبێت، بەڵگەتەوەرانە شیکاری دەکرێت؛ بۆیە حوکمی کۆتاییی توێژینەوەکە دەبێت لەسەر بنەمای بەڵگەی

دەقی و شیکارییەکان بێت، نەک لەسەر پێشبینی، یان گریمانەی پێشوەختە.

هێژمۆنیی سیاسی و بەرهەمهێنانی ڕەوایی لە ڕێگەی دەستەبژێرانی پەراوێزەوە

یەکێک لە چوارچێوە تیۆرییەکان کە دەتوانێت بۆ تێگەیشتن لە میکانیزمی بەرهەمهێنانی ڕەوایی بۆ گوتاری ناسنامەی هاوبەش، هاوواڵاتیبوونی یەکسان و هەندێک شێوەی گوتاری نەتەوەیی-ئێرانشەهری بەکار بهێنرێت، تێگەیشتنەکانی زیگمۆنت باومنە، بەتایبەتی چەمکی ئادیافۆریزەیشن (Adiaphorization). لە تێگەیشتنی باومندا ئادیافۆریزەیشن بە پرۆسەیەک ئاماژە دەکات کە لە ڕێگەیەوە کردار، بڕیار، یان پەیوەندییەک لە بازنەی هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی و هەستی بەرپرسیارێتیی مرۆیی دوور دەخرێتەوە و وەک بابەتێکی تەکنیکی، ئیداری، سیستەمی، یان ئاسایی پێشان دەدرێت. لەم پرۆسەیەدا، ئەو کردار و بڕیارانەی لە بنەڕەتدا دەتوانن پرسیاری ئەخلاقی و سیاسی دروست بکەن، بە شێوەیەک دادەڕێژرێن کە ئەو پرسیارانە کەمڕەنگ، یان بێ پەیوەندی دەر بکەون. (Bauman, ١٩٨٩) باومەن ئاماژە بەوەش دەکات کە ئادیافۆریزەیشن چۆن کار دەکات؟

لە وەڵامدا دەبێت بگوترێت، بۆ نموونە، ئەو گرووپ و چینانەی لە تەبەقەکانی سەرووی دەسەڵاتدا جێگیرن و نوێنەرایەتیی ئەخلاقی زاڵ لە کۆمەڵگادا دەکەن، بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی خۆیان بۆ نموونە بەرانبەر بە کێشەی هەژاری لە کۆمەڵگە، یان ناوچەیەکی دیاریکراودا، سوود لە هەمان ئەو دەستکارییە کۆمەڵایەتییە وەردەگرن.

بەم شێوەیە، لەجیاتی ئەوەی سەرنجی گشتی بۆ هەژاری وەک کێشەیەکی بەرفرەوان و کۆمەڵایەتی ڕابکێشرێت، سەرنج دەخرێتە سەر ژمارەیەک کەس، یان گرووپ کە لە هەمان کۆمەڵگادا، بۆ نموونە، کردەوەی نادروست، یان ڕەفتاری تاوانکارانەیان کردووە. لەو بارودۆخەدا، چینە دەسەڵاتدارەکان بە بەکارهێنانی دامەزراوە بەهێزەکانی خۆیان ــ لەوانە میدیا و دامەزراوە ئیداری و سیاسییەکانــ نەک خۆیان لە هەرجۆرە بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی بەرانبەر بە بێبەشی و ئازاری ئەو گرووپە هەژارانە دەبوێرن، تەنانەت بە پشتبەستن بە پرۆسەی ئادیافۆریزەیشن دەتوانن، بە پێچەوانەی ڕاستیی کۆمەڵایەتی، ئەو کەسانەی هەژار و بێمافن وەک بەرپرسیار و تاوانبار پێشان بدەن.

بە گواستنەوەی ئەم چوارچێوەیە بۆ کۆنتێکستی ناسنامە و نەتەوەسازی لە ئێراندا، دەتوانرێت پرسیارێکی بنەڕەتی بێتە گۆڕێ؛ ئایا ئەوەی بە ناوی هاوواڵاتیبوونی یەکسان، ناسنامەی نەتەوەیی هاوبەش یان تێپەڕین لە ناسنامەی گرووپی پێشنیار دەکرێت، دەتوانێت لە هەندێک بارودۆخدا کێشەیەکی بنەڕەتیی دەسەڵات و هێژمۆنی لە ئاستی ناسنامە و کەلتووردا بشارێتەوە؟ بە واتایەکی دیکە، ئەگەر پێناسەکردنی ناسنامەی هاوبەش خۆی لەناو پەیوەندییەکی نایەکسانیی دەسەڵاتدا بکرێت، لەوانەیە بانگەشەی یەکسانیی هاوواڵاتی، کێشەیەکی سیاسی بکاتە کێشەیەکی یاسایی و تەکنیکی، یان تەنانەت ئاستی کێشەکە بۆ کێشەیەکی فەرهەنگیی ناوخۆیی دابەزێنێت. بەو شێوەیە پرسیاری ئەوەی کە کێ مافی پێناسەکردنی ناسنامەی هاوبەشی هەیە؟ لەناو باسەکەدا کەمڕەنگ بکرێت.

لەو ڕوانگەیەوە، هێژمۆنیی سیاسی تەنیا بە واتای کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی دامەزراوەکانی دەسەڵات نییە؛ بەڵکوو بریتییە لە تواناییی پێناسەکردن، سنووردارکردن و سروشتیکردنی ئەو چوارچێوەیەی کۆمەڵگا لە ڕێگەیەوە خۆی و پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەبینێت. لەم مانایەدا، هێژمۆنی کاتێک بەهێزتر دەبێت کە گوتاری گرووپێکی تایبەت بتوانێت خۆی وەک گوتارێکی گشتی، بێلایەن و سەرووی جیاوازییە گرووپییەکان پێشان بدات. لەو کاتەدا، ئەوەی لە بنەڕەتدا دەتوانێت پێویستی بە بەرگری و ڕەخنەی سیاسی هەبێت، وەک یاسای گشتی، یەکسانیی هاوواڵاتی، یان بەرژەوەندیی گشتی

دەر دەکەوێت.

لە کۆنتێکستی ئەم توێژینەوەیەدا، یەکێک لە میکانیزمە گرینگەکانی بەهێزکردنی ئەم جۆرە هێژمۆنییە، پەیوەندیی نێوان هێژمۆنیی سیاسی و هەندێک لە دەستەبژێرانی کۆمەڵگا پەراوێزەکانە کە لە ڕووی فکرییەوە لەگەڵ گوتاری ناوەندیدا هاوتان. مەبەست لێرەدا ئەوە نییە کە هەر دەستەبژێرێکی پەراوێزی کە لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەییی هاوبەش، یان هاووڵاتیبوونی یەکساندا هاوڕایە، بەشێکە لە پرۆژەیەکی هێژمۆنیک. بەڵکوو پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن دەنگی ئەو دەستەبژێرە هاوڕایانە دەتوانێت لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕەوایی بۆ مۆدێلێکی سیاسی کە بۆ هەموو کۆمەڵگایەک پێشنیار دەکرێت، بەکار بهێنرێت. چەمکی ئادیافۆریزەیشن کە لەودا بەشێک لە کۆمەڵگای ئامانج وەک نۆینەری گشتی هەمان کۆمەڵگا پێناسە دەکرێن و کردەوەی وان بە کردەوەی تەواوی کۆمەڵگا پێناسە دەکرێت، لێرەدا خۆی دەخاتە ڕوو.

لەم چوارچێوەیەدا، دەتوانرێت پرۆسەکە بە سێ قۆناغ لێک بدرێتەوە: هەڵبژاردن، گشتاندن و ڕەواییدان. لە قۆناغی یەکەمدا، هەندێک دەستەبژێر لە کۆمەڵگە پەراوێزەکاندا کە لەگەڵ گوتاری ناوەندی هاوتان، زیاتر دەخرێنە بەرچاو. لە قۆناغی دووەمدا، ڕوانگەی ئەوان لە ئاستی تاکەکەسییەوە بۆ ئاستی دەستەبژێرەکان و لەوێشەوە بۆ ئاستی کۆمەڵگاکە دەگشتێندرێت. لە قۆناغی سێیەمدا، ئەم هاوڕاییە وەک بەڵگەیەک بۆ بەرفرەوانی و بێلایەنبوونی مۆدێلی پێشنیارکراو بەکار دەهێنرێت.

بەم شێوەیە، زنجیرەیەکی تایبەت لە بەرهەمهێنانی ڕەوایی دروست دەبێت:

هێژمۆنیی سیاسی ← پەیوەندی و هاوبەشی لەگەڵ ئێلیتەی هاوڕای پەراوێز ← گەشەپێدانی دەنگی ئەوان ← نۆینەرایەتیکردنیان وەک دەنگی کۆمەڵگا ← گشتاندنی ڕوانگەکە ← ڕەواییدان بە مۆدێلی پێشنیارکراو بۆ کۆمەڵگا بەگشتی.

لێرەدا چەمکی نوێنەرایەتیی هەڵبژێردراو (Selective Representation) گرنگ دەبێت. ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی پەراوێزدا دەنگە جیاواز و ناکۆکەکان هەبن، بەڵام تەنیا ئەو دەنگانەی کە لەگەڵ گوتاری ناوەندیدا هاوتان زەق دەکرێنەوە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کە فرەدەنگیی ناوخۆی کۆمەڵگاکە لە پرۆسەی نوێنەرایەتیدا کەمڕەنگ بکرێت. لە قۆناغێکی دواتردا، ئەو دەنگە هەڵبژێردراوە دەتوانێت وەک دەنگی دەستەبژێرەکانی ئەو کۆمەڵگایە و دواتر وەک دەنگی کۆی کۆمەڵگا بناسێنرێت.

ئەم پرۆسەیە لە ڕووی زانستییەوە پێویستی بە ئاگادارییەکی زۆرە، چونکە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەنێوان ئەوەی تاکێک بڵێت من لەگەڵ ئەم مۆدێلە هاوڕام و ئەوەی بگوترێت، کۆمەڵگای من لەگەڵ ئەم مۆدێلە هاوڕایە . لەنێوان ئەم دوو دەربڕینەدا پرۆسەیەکی گواستنەوەی واتا ڕوو دەدات کە پێویستی بە بەڵگە و شیکاری هەیە. هەرچەندە دەستەبژێرەکان مافی ئەوەیان هەیە بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەبێت، بەڵام بوونی هەندێک دەستەبژێری هاوڕا لەناو کۆمەڵگایەکی پەراوێزدا بەڵگەی ئەوە نییە کە مۆدێلی پێشنیارکراو لەگەڵ بەرژەوەندی، خواست و پێناسەی هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە یەکسانە.

لەو مانایەدا دەکرێت پەیوەندیی نێوان هێژمۆنیی سیاسی و ئێلیتەی هاوڕای پەراوێز وەک جۆرێک لە بەرهەمهێنانی ڕەوایی لە ڕێگەی دەنگی پەراوێزەوە لێک بدرێتەوە. دەبێ هێژمۆنی گوتاری خۆی تەنیا وەک دەنگی ناوەند نەخاتە ڕوو، بەڵکوو وێنایەکی بەرفرەوانی خۆی نیشان بدات؛ یەکێک لە ڕێگاکان ئەوەیە دەنگی ئەندامانی پەراوێز کە لەگەڵی هاوڕان، ببێتە بەڵگەی بەرفرەوانبوونی ئەم گوتارە. لەم حاڵەتەدا، پەراوێز تەنیا شوێنی جیاوازی نییە، بەڵکوو دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی ڕەوایی بۆ گوتاری ناوەندی.

ئەمەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ چەمکی ئالیبیی ئەخلاقی (Moral Alibi) دا دروست دەکات. بوونی هەندێک دەستەبژێر لە کۆمەڵگا

پەراوێزەکان کە لەگەڵ مۆدێلی ناسنامەی هاوبەش و هاوواڵاتیبوونی یەکساندا هاوڕان، دەتوانێت وەک بەڵگەیەک بەکار بهێنرێت بۆ ڕەتکردنەوەی بانگەشەی هێژمۆنی، یان هاوشێوەکردن: (ئەگەر ئەم گوتارە هێژمۆنیک بووایە، کەسانێک لە خودی کۆمەڵگا پەراوێزەکاندا پشتگیرییان لێ نەدەکرد.) بەڵام ئەم هۆکارهێنانەوەیە لە ڕووی لۆژیکییەوە کێشەی هەیە، چونکە هاوڕاییی هەندێک تاک بە هیچ شێوەیەک بەتەنیا ناتوانێت پێکهاتەی هێژمۆنیک، یان ئەگەری ئەنجامە هاوشێوەکەرەکانی مۆدێلێکی سیاسی بسەلمێنێت، یان ڕەت بکاتەوە.

لەوێدا ئادیافۆریزەیشن دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگتر بگێڕێت. ئەگەر پەیوەندیی نێوان هێژمۆنیی سیاسی و ئێلیتەی هاوڕای پەراوێز بتوانێت مۆدێلێکی دیاریکراو وەک مۆدێلێکی گشتی، سروشتی و بێلایەن پێشان بدات، کێشەی دەسەڵات و بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی دەتوانێت لە مەیدانی باسەکەدا کەمڕەنگ بکرێت. لەو کاتەدا، پرسیاری ئەوەی کە ئەم مۆدێلە لە چ پەیوەندییەکی دەسەڵاتدا بەرهەم هاتووە؟ جێگای خۆی بە پرسیاری کێ لەگەڵی هاوڕایە؟ دەدات. بەم شێوەیە، پرسیاری هێژمۆنی دەگۆڕدرێت بۆ پرسیاری ڕەوایی و بەرپرسیارێتیی سیاسی لە دەرەوەی بازنەی باسەکە دادەنرێت.

لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەم میکانیزمە دەتوانێت بە شێوەیەکی تیۆری بەم زنجیرەیە کورت بکرێتەوە:

هێژمۆنیی سیاسی ⟵ پەیوەندی لەگەڵ دەستەبژێری هاوڕا لە پەراوێز ⟵ هەڵبژاردن و پەرەپێدانی دەنگە هاوڕاکان ⟵ گشتاندنی دەنگی تاکەکەسی ⟵ بەرهەمهێنانی وێنەی ڕەزامەندیی پەراوێز ⟵ ڕەواییدان بە مۆدێلی گشتی ⟵ سروشتیکردنی مۆدێلەکە ⟵ کەمڕەنگکردنەوەی پرسیاری دەسەڵات و هێژمۆنی ⟵ ئادیافۆریزەیشنی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و سیاسی.

بەپێی ئەم چوارچێوەیە، لە ڕوانگەی گرامشیدا دەتوانین بەم جۆرەی لێ تێ بگەین، دەکرێت بانگەشە بکرێت کە هێژمۆنیی سیاسی لە کۆمەڵگایەکی فرەچەشنیدا تەنیا بە پشتبەستن بە زۆر و دەسەڵاتی دامەزراوەیی بەردەوام نابێت؛ بەڵکوو دەتوانێت لە ڕێگەی دروستکردنی ڕەوایی و بەرهەمهێنانی کۆنسێنسووسی کۆمەڵایەتییەوە خۆی دووبارە بەرهەم بهێنێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، هاوبیریی هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵگای پەراوێز- وەک دەستەبژێر - لەگەڵ گوتاری هێژمۆنیکدا، دەتوانێت ببێتە یەکێک لە میکانیزمەکانی گواستنەوەی مۆدێلێکی دیاریکراو لە ئاستی گرووپێکی دەسەڵاتدارەوە بۆ ئاستی کۆمەڵگای گشتی.

گرنگتر لەوەش، لە ڕوانگەی ئەم توێژینەوەیە، کێشەکە تەنیا بەردەوامیی هێژمۆنی لە چوارچێوەی ڕژێمێکی سیاسیی دیاریکراودا نییە؛ بەڵکوو پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا هێژمۆنی دەتوانێت لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی گوتار، پێناسەکردنی ناسنامەی هاوبەش و دروستکردنی کۆنسێنسووس لەنێوان بەشێک لە دەستەبژێرانی ناوەند و پەراوێز، لە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسیی داهاتوودا بە شێوەیەکی نوێ خۆی بەردەوام بکات. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر هەندێک مۆدێلی ناسنامەیی و سیاسی بتوانن لە ئاستی گوتاردا وەک بەرژەوەندیی گشتی، یەکسانیی هاووڵاتی و ناسنامەی هاوبەش، بەسروشتی و بێلایەن بکرێن، گۆڕینی ڕژێمی سیاسی بەتەنیا لەوانەیە نەتوانێت پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی هێژمۆنی بگۆڕێت.

بەم پێیە، یەکێک لە گرینامە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئامانجی هێژمۆنیی سیاسی لەوانەیە تەنیا پاراستنی دەسەڵاتی سیاسیی ئێستا نەبێت، بەڵکوو بەرهەمهێنان و پاراستنی ئەو چوارچێوە گوتارییەش بێت کە بتوانێت لەڕێ بارودۆخ و ڕژێمە سیاسییە جیاوازەکاندا بەردەوام بمێنێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، هاوبیریی هەندێک ئێلیتی پەراوێز لەگەڵ گوتاری هێژمۆنیک دەتوانێت، بەبێ ئەوەی هاوشێوەکردن یان ئاسیمیلاسیۆن هەرجارە پێویست بێت، لە کرداردا بە میکانیزمێک

بۆ بەرهەمهێنانی ڕەوایی و بەردەوامیی ئەو مۆدێلە گوتارییە بگۆڕدرێت.

لە ئەنجامدا، ئەوەی ئەم توێژینەوەیە پێشنیاری دەکات ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان هێژمۆنی، ئێلیتی پەراوێز، نوێنەرایەتی و ناسنامەی هاوبەش تەنیا لە ئاستی هاوڕاییی فکریدا نەخوێندرێتەوە، بەڵکوو لە ئاستی بەرهەمهێنانی دەسەڵات و ڕەواییدا شی کرابێتەوە. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوە نییە کە ئایا ئێلیتەکی پەراوێز لەگەڵ گوتاری ناسنامەی هاوبەشدا هاوڕایە، یان نا؛ بەڵکوو ئەوەیە کە چۆن هاوڕاییی ئەو ئێلیتەیە بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی مۆدێلێکی تایبەتی و مێژوویی لە ناسنامە و دەوڵەت، وەک مۆدێلێکی گشتی و بێلایەن بۆ هەموو کۆمەڵگا پێشکەش بکرێت و چۆن ئەم پرۆسەیە دەتوانێت پرسیاری بەرپرسیارێتیی سیاسی و ئەخلاقی لە بەرانبەر ئەنجامەکانی ئەو مۆدێلەدا کەمڕەنگ بکات.

کۆتایی

هەولی سەرەکیی ئەو وتارە ئەمە بوو کە باسی مافی شارۆمەندیی ئێرانی وەک مۆدێلێک بۆ چارەی کێشەی ئێتنیسیتە لە وڵاتی ئێراندا ڕوون بکاتەوە. پاشان بە شیکارییەکی ورد ئامانجی ئەو مافە لە چۆنێتیی ئەنجامیدا بە شیوازیکی مۆدێلی قۆناغبەندیی پێکهاتن و بەسروشتیکردنی هێژمۆنی پێشکێش بکات و مەترسییە سەرەکییەکانی بۆ کۆمەڵگای کورد ڕوون بکاتەوە. وەک کۆتابەش باس لە پارادۆکسێک دەکرێت کە گشتی ئەو باسە تووشی کێشەی ئۆنتۆلۆژیک دەکات. گەر یەکەم جار مافی شارۆمەندی بە شیوازێکی ئاکادێمیک لەلایەن تۆماس هامفری مارشاڵ تیۆریزە کرا، ئەم مافە لەسەر بنەمای شارۆمەندی لە ڕوانگەی لیبێراڵییەوە پێناسە دەکرێت. لەگەڵ ئەوەی مافی شارۆمەندی لە ڕوانگەی لیبێراڵییەوە بە بنەمای یەکسانیی تاکەکان لەبەردەم یاسا و ناسینەوەی تاک وەک سەرچاوە و سووژەی سەرەکیی ماف دامەزراوە، بەکارهێنانی ئەم چوارچێوەیە بۆ شیکردنەوەی کێشەی نەتەوەیی و ئێتنیکی، وەک پرسی کورد لە ئێراندا، کێشەیەکی ئۆنتۆلۆژیک لەبارەی «خاوەن ماف» و «پرسەکە لە چ ئاستێکدایە» دروست دەکات. ئەگەر نایەکسانییەکانی کۆمەڵێکی ئێتنیکی تەنیا لە ئاستی تاکە شارۆمەندەکاندا پێناسە بکرێن و چارێشیان بە دابینکردنی مافی یەکسانیی تاکەکان لەبەردەم یاسادا سنووردار بکرێت، ئەگەری ئەوە هەیە خودی کۆمەڵەکە وەک سووژەیەکی مێژوویی، زمانی و کولتووریی ماف لە چوارچێوەی شیکردنەوەکەدا لەبەرچاو نەگیرێت. بە واتایەکی دیکە، گواستنەوەی کێشەی ئێتنیکی لە ئاستی کۆمەڵ بۆ ئاستی تاک دەتوانێت کێشەیەک کە بنەمایەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی هەیە، بە کێشەی «یەکسانیی تاکەکان» دابەزێنێت؛ لەو حاڵەتەدا، ئەوەی وەک یەکسانیی یاسایی پێشکەش دەکرێت، دەتوانێت لە ئاستی کردارەدا ببێتە هۆی نادیارکردنی ئەو جیاوازی و نایەکسانییە مێژوویی و دامەزراوەییەی کە کۆمەڵە ئێتنیکییەکان تێیدا دەژین. لەبەر ئەمە، پرسیاری سەرەکی تەنیا ئەوە نییە کە ئایا تاکە کوردەکان وەک شارۆمەند مافی یەکسانیان هەیە یان نا؛ بەڵکوو ئەوەیە کە ئایا مافی شارۆمەندیی هاووڵاتیتەوەر دەتوانێت ئەو نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە بناسێت و چارەسەر بکات کە سووژەکەیان تەنیا تاک نییە، بەڵکوو کۆمەڵێکی ئێتنیکییە. لەم ڕوانگەیەوە، کێشەی حەمیدی ئەحمەدی تەنیا کێشەی ئەوە نییە کە چۆن مافی شارۆمەندی پێناسە دەکات، بەڵکوو کێشەکە پەیوەندیی بە ئەو ئۆنتۆلۆژییەوە هەیە کە لەپشت پێناسەکەیەتی: ئەگەر تاک وەک یەکەی سەرەکیی کۆمەڵ و ماف دابنرێت، ئەوا پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت کە ئایا ئەم ئۆنتۆلۆژییە توانایی بینین و ناسینەوەی کۆمەڵە مێژوویی و کولتوورییەکان وەک هەبوونێکی کۆمەڵایەتی جیاواز هەیە، یان بە پێچەوانەوە، جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان بە ناوی یەکسانیی تاکەکانەوە نادیار دەکات. بەم مانایە، «یەکسانی لەبەردەم یاسا» خۆی بەتەنیا بەڵگەی یەکسانیی کۆمەڵایەتی نییە؛ چونکە دەتوانرێت هەموو تاکەکان بە یەک شێوە لەبەردەم یاسادا

دابنرێن، بەڵام هەمان یاسا نەتوانێت جیاوازییە مێژووییەکان، زمانی و کولتوورییەکان و نایەکسانییە دامەزراوەییەکانیان بناسێت. لێرەدا پرسیاری ئۆنتۆلۆژیکیی سەرەکی بۆ ڕوانگەی شارۆمەندیی ئەحمەدی ئەوەیە کە ئایا «تاکی شارۆمەند» دەتوانێت بەتەنیا وەک بنەمای شیکردنەوە و چاری کێشەی کۆمەڵێکی ئێتنیکی کار بکات، یان پێویستە کۆمەڵەکە خۆیشی وەک بوونێکی مێژووییی، زمانی و کولتووری لە چوارچێوەی ماف و یەکسانیدا بناسرێت. هاوکات لە مۆدێلی شارۆمەندیی ئەحمەد بۆستانیدا ئەگەری هەیە پرسی سەرەکیی ئێتنیسیتە لە بابەتێکی قووڵی سیاسی-کۆمەڵایەتی دەگەڵ ناوەندەوە بۆ بابەتێکی کەلتووری دابەزێنێت. بەتایبەتی سەبارەت بە کێشەی کورد وەک نەتەوە ئەم مۆدیلە وێڕای بەفەرمیناسینی جیاوازیی زمانی و کەلتووریی گرووپە ئێتنیکەکان، ئاستی پرسەکە بە پرسێکی کەلتووری دەناسێنێت و خزین لە باوەشی ئەم چەشنە مۆدێلانە بۆ کۆمەڵگای کوردی خەساری زۆر گەورەی لی دەکەوێتەوە.

سەرچاوەکان

گرامشی، آ. (۱۹۷۱). گزیده‌هایی از دفترهای زندان. نیویورک: انتشارات بین‌الملل.

تیلور، چ. (۱۹۹۴). سیاست به‌رسمیت‌شناسی. در آ. گاتمن (ویراستار)، چندفرهنگ‌گرایی: بررسی سیاست به‌رسمیت‌شناسی (صص. ۲۵-۷۴). پرینستون: انتشارات دانشگاه پرینستون.

ساوارد، م. (۲۰۱۰). ادعای نمایندگی. آکسفورد: انتشارات دانشگاه آکسفورد.

بستانی، ا. (۱۴۰۰). دولت ـ ملت در ایران؛ نگرشی سیاسی ـ فلسفی. مطالعات خاورمیانه، ۲۸

احمدی، ح. (۱۳۸۸). بنیادهای هویت ملی ایرانی: چارچوب نظری هویت ملی شهروندمحور. تهران: پژوهشکده مطالعات فرهنگی و اجتماعی.

Bauman, Z. (۱۹۸۹). Modernity and the Holocaust. Cornell University Press.

Kymlicka, W. (۱۹۹۵). Multicultural citizenship: A liberal theory of minority rights. Clarendon Press.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قەیرانی گواستنەوەی سیاسی لە ئێران

نیاز ڕۆژهەڵات

قەیرانی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەیەکی گشتی تر دەبێ بخوێندرێتەوە. ئەو سیستەمە لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەوڵی داوە دوو سەرچاوەی جیاواز وەک ڕەوایی بەکار بێنێ و ڕەواییی جمهوری یا کۆماری و ڕەواییی ئایینی لە یەک پێکهاتەدا کۆ بکاتەوە. بەڵام کاتێک لە نێوان دەسەڵات و خواستی کۆمەڵگادا شکاف دروست دەبێ، ئەو دوو جۆرە ڕەواییەش ناتوانن بە ئاسانی پشتگیری یەکتری بکەن. بۆیە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ئێران نابێ تەنیا وەک دژکردەوەیەک لەبەرامبەر گرانبوونی ژیان یا کێشەیەکی تاکی و ئابووری بخوێندرێتەوە. لە پشت ئەو ناڕەزایەتییەدا پرسی متمانە، ئازادی، دادپەروەری، مافی ژن، مافی نەتەوەکان و پەیوەندیی نێوان هاوواڵاتی و دەوڵەت هەیە. بە تایبەتی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» نیشانی دا کە داڕشتی جۆری نوێی سووژەی سیاسی دەتوانێ لە سنووری داواکارییە تەسکەکانی ئابووری تێپەڕێ و پرسیاری گۆڕینی ڕێکخستنی دەسەڵات بخاتە بەرباس و پرسیارەوە.

پوختە

قەیرانی سیاسی و سەربازیی ئێران دەو دواییانەدا، بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ بەرەوڕووبوونەوەی ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکا، پرسی داهاتووی سیستەمی سیاسیی ئێران و شێوەی گواستنەوەی دەسەڵاتەکەی کردووەتەوە بە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی سیاسەتی ناوچە. ئەو قەیرانە تەنیا لە ئاستی توانایی سەربازی یا بەردەوامیی ڕژێمدا کۆتایی نایە؛ بەڵکوو کێشەیەکی قوواڵتر لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت، کۆمەڵگە، نەتەوەکان و شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات لە ئێراندا دەخاتە ڕوو. دەو نێوانەدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی مێژووی خەباتی سیاسی، بوونی حیزبە کوردییەکان، هێزی پێشمەرگە، کۆمەڵگای مەدەنی و دیاسپۆرا، دەتوانێ یەکێک لە سووژە سیاسییە گرینگەکانی قۆناغی گواستنەوە بێ. بەڵام ئەو دەرفەتە خۆبەخۆ بەرهەم نایە؛ چونکە لاوازبوونی دەسەڵات بە مانای سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن نییە و ڕووخانی ڕژێمیش بەواتای مسۆگەربوونی دیموکراسی نییە.

ئەو وتارە بە ڕێبازی شیکاریی/ڕەخنەیی، پەیوەندیی نێوان قەیرانی دەسەڵات، شەڕی دەرەکی، ناوەندگەرایی، ناسیۆنالیزمی ئێرانی، پرسی نەتەوەکان و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخاتە بەرباس. گرینگەی سەرەکی ئەوەیە کە گرینگیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغی نوێدا تەنیا لە توانای بەرگری یا هێزی سەربازیدا نییە، بەڵکوو لە توانای گۆڕینی قەیران بۆ پڕۆژەیەکی سیاسیی بەردەوام دایە. ئەگەر حیزبەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆژهەڵات بتوانن لە ئاستی بەرگریی نەتەوەییەوە بەرەو سووژەبوونی سیاسی، لە هاوکاریی تاکتیکییەوە بەرەو دامەزراوەسازی و لە گوتاری قوربانیبوون بەرەو گوتاری ماف و بەشداری بگوازنەوە، ئەوا قۆناغی گواستنەوەی ئێران دەتوانێ بۆ کوردستان ببێتە دەرفەتێکی مێژوویی.

وشە سەرەکییەکان: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران، قەیرانی دەسەڵات، گواستنەوەی سیاسی، ناوەندگەرایی، فیدرالیزم، ناسیۆنالیزم، پێشمەرگە، کۆمەڵگەی مەدەنی، دیاسپۆرا، سووژەی سیاسی.

پێشەکی

هەر شەڕێک، لەگەڵ وێرانکردنی بنکە و شار و ژێرخانەکان، شێوەیەکی نوێ لە پرسیارکردن لەسەر دەسەڵاتیش دروست دەکا. کاتێک دەوڵەتێک دەکەوێتە ژێر زەخت و گوشارێکی سەربازیی دەرەکی و هاوکات لە ناوخۆدا لەگەڵ قەیرانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرەوڕوو دەبێتەوە، شەڕ تەنیا مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو هێز نییە؛ بەڵکوو دەبێتە تاقیکردنەوەی توانای دەوڵەت بۆ بەرهەمهێنانی ڕەوایی و بەردەوامکردنی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا. لەو ڕوانگەیەوە، پرسیاری سەرەکی لەبارەی ئێران تەنیا ئەوە نییە کە ئایا کۆماری ئیسلامی دەتوانێ لە شەڕێکی درێژخایەن دەربچێ یا نا؛ پرسیاری قوواڵتر ئەوەیە کە ئەگەر پێکهاتەی دەسەڵات لاوازتر بێ، ئەوا کێ و بە چ پڕۆژەیەک دەتوانێ وڵامدەرەوە و بەرپرسیاری قۆناغی دوای قەیران بێ. ئەو پرسیارە بۆ کوردستان گرینگییەکی تایبەتی هەیە. کوردستان لە مێژووی دەوڵەتسازیی نوێی ئێراندا زۆرجار لە پێگەی کێشەی کوردەوە ناسێنراوە، نەک وەک بەشێک لە کێشەی بنەڕەتیی پەیوەندیی نێوان ناوەند و پەراوێز. ئەو جیاوازییە تەنیا جیاوازییەکی وشەیی نییە؛ دوو تێڕوانینی سیاسیی جیاواز لەخۆ دەگرێ. لە یەکەمدا کوردستان شتێکە کە بەهۆی لادان و تێکدانی لە دیسیپلینی نمادین، دەوڵەت دەبێ «کۆنترۆڵی» بکا(کریستوا: ئابجێکشێن)، بەڵام لە بەشی دووهەمدا کوردستان سووژەیەکی سیاسییە کە دەبێ لە پرۆسەی دانانی یاسا و پێکهێنانی داهاتووی دەوڵەتدا بەشدار بێ. ئەو گۆڕانەی پێناسە، بە بڕوای ئەو وتارە، یەکێکە لە بنەڕەتیترین مەسەلەکانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. چونکە ئەگەر گۆڕانکاریی سیاسیی ئێران تەنیا بە گۆڕینی دەسەڵات لە کەسێک یان

گرووپێکەوە بۆ کەس و گرووپێکی تر سنووردار بێ، ئەوا دەکرێ شێوەی دەسەڵات بگۆڕێ بەڵام لۆژیک و ستراکتۆرەکەی هەر بمێنێ. ئەوەی کوردستان پێویستی پێیەتی تەنیا گۆڕینی ناوی دەسەڵات نییە؛ گۆڕینی مێعماریی دەسەڵات و شێوازی دارشتنەوەی سەرلەنوێیەتی.

چوارچێوەی تیۆریکی: کێشەی ناوەند و پەراوێز

سەرەتا دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە پرسی کوردستان، دەبێ لە تێگەیشتنێکی سادەی جۆغرافیا تێپەڕین. جۆغرافیا دە سیاسەتدا تەنیا خاک و سنوور نییە؛ بەڵکوو دە سادەترین شکڵی خۆی دا، شێوەی دابەشکردنی دەسەڵاتە. هەر دەوڵەتێک پەیوەندیی نێوان ناوەند و پەراوێز بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕێک دەخا. لە دەوڵەتێکی ناوەندگەرادا، ناوەند خۆی بە سەرچاوەی سەرەکیی بڕیاردان دادەنێ و جیاوازییە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی زۆر چڕ، لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا دێڵێتەوە؛ لە بەرامبەردا، سیستەمی فیدراڵ یا لامەرکەزی هەوڵ دەدا بەشێک لە دەسەڵات بە شێوەی دەستووری لە ناوچەکاندا جێگیر بکا. لەو ڕوانگەیەوە، پرسی نەتەوەکان لە ئێران تەنیا پرسیاری زمان و فۆلکلۆر و جیاوازیی فەرهەنگی نییە. پرسیارەکە پەیوەندی بەوە هەیە کە کێ دەتوانێ لەسەر ژیان و چارەنووسی خۆی بڕیار بدا. ئەگەر نەتەوەکان تەنیا وەک پێکهاتەیەکی فەرهەنگی بناسرێن، دەسەڵات هەر لە ناوەنددا دەمێنێتەوە؛ بەڵام ئەگەر وەک سووژەی سیاسی بناسرێن، ئەوا پرسی دابەشکردنی دەسەڵات دەبێتە ناوەندی گفتوگۆ. ئەوە لەگەڵ بیرۆکەی «هاوڵاتییەتیی فرەفەرهەنگی»ی و تیۆریی کۆمەڵگەی فرەچەشن پەیوەندیی تیۆریکی هەیە. کێشەی سەرەکی لە کۆمەڵگەی فرەنەتەوە دا ئەوە نییە کە چۆن جیاوازی بسڕدرێتەوە، بەڵکوو ئەوەیە کە چۆن جیاوازیی سیاسی و فەرهەنگی بە شێوەیەکی دامەزراوەیی بەڕێوە ببرێ. دەو مانایەدا، فیدراڵیزم دەکرێ نەک وەک دژایەتیی یەکپارچەیی، بەڵکوو وەک شێوازێک بۆ پاراستنی یەکپارچەیی لەڕێگەی دابەشکردنی دەسەڵات و سووژەگی بخوێندرێتەوە. (کیمیلکا و لیپارت).

قەیرانی کۆماری ئیسلامی و پرسی ڕەوایی

قەیرانی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەیەکی گشتی تر دەبێ بخوێندرێتەوە. ئەو سیستەمە لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەوڵی داوە دوو سەرچاوەی جیاواز وەک ڕەوایی بەکار بێنێ و ڕەوایی جمهوری یا کۆماری و ڕەوایی ئایینی لە یەک پێکهاتەدا کۆ بکاتەوە. بەڵام کاتێک لە نێوان دەسەڵات و خواستی کۆمەڵگادا شکاف دروست دەبێ، ئەو دوو جۆرە ڕەواییەش ناتوانن بە ئاسانی پشتگیری یەکتری بکەن. بۆیە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ئێران نابێ تەنیا وەک دژکردەوەیەک لەبەرامبەر گرانبوونی ژیان یا کێشەیەکی تاکی و ئابووری بخوێندرێتەوە. لە پشت ئەو ناڕەزایەتییەدا پرسی متمانە، ئازادی، دادپەروەری، مافی ژن، مافی نەتەوەکان و پەیوەندیی نێوان هاوواڵاتی و دەوڵەت هەیە. بە تایبەتی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» نیشانی دا کە دارشتی جۆری نوێی سووژەی سیاسی دەتوانێ لە سنووری داواکارییە تەسکەکانی ئابووری تێپەڕێ و پرسیاری گۆڕینی ڕێکخستنی دەسەڵات بخاتە بەرباس و پرسیارەوە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو پرۆسەیەدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. چونکە لێرەدا قەیرانی دەسەڵات لەگەڵ مێژووی خەباتی نەتەوەیی و داواکارییەکانی ماف و خۆبەڕێوەبردن تێکەڵ دەبێ. بۆیە هەر گۆڕانێک لە ئێران دەتوانێ بە شێوەیەکی زنجیرەیی لە کوردستاندا کاریگەری هەبێ.

شەڕ و دەرفەتی سیاسی

شەڕ وەک کەرەستەیەکی تووندوتیژ، خۆی دەخۆیدا دەرفەت نییە؛ شەڕ تەنیا بواره سیاسییەکان دەگۆڕێ. ئەوەی ئەو بواره بۆ چی بەکاربهێنرێ، پەیوەندی

به توانای سووژە سیاسییەکانەوە هەیە. ئەگەر دەسەڵاتێک لەبەر شەڕ لاواز بێ، بەڵام ئۆپۆزسیۆن پرۆژەیەکی سیاسی ڕوونی نەبێ، ئەوا بۆشاییی دەسەڵات ڕوو دەدا و پێویستە لەلایەن هێزێکی تردەوە پڕ بکرێتەوە. بەو پێیە، ئەو یەکسانکردنەی کە هەندێک جار لە گوتاری سیاسیی کوردیدا دەبینرێ «لاوازبوونی ئێران = سەرکەوتنی کورد» لە ڕووی تیۆریکییەوە نادروستە. لاوازبوونی دەوڵەت تەنیا بۆشایی دروست دەکا؛ ئەوەی بۆشاییەکە پڕ دەکاتەوە، پرۆژەی سیاسییە. ئەگەر ئەو پرۆژەیە نەبێ، دەکرێ هێزی دیکە لە ناوخۆ یا دەرەوە ــ بێتە شوێنی دەسەڵاتی کۆن. ئەو خاڵە بۆ ڕۆژهەڵات گرینگە، چونکە دەرفەتی مێژوویی لە خودی شەڕدا نییە؛ لە توانای ئامادەبوون بۆ قۆناغی دوای شەڕ دایە. لەوێدا پرسیار لە «کێ ڕژێم دەڕووخێنێ؟»ەوە دەگوازرێتەوە بۆ «کێ دەتوانێ قۆناغی دوای ڕووخان ڕێک بخا؟».

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات

یەکێک لە گۆڕانکارییە گرینگەکان لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵ بۆ نزیککردنەوە و هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانە. ئەو هەوڵانە لە ڕووی مێژوویەوە گرینگن، بەڵام پێوانەی سەرکەوتنیان تەنیا ژمارەی حیزبە بەشدارەکان نییە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا هاوپەیمانییەکە دەتوانێ لە هاوکاریی تاکتیکییەوە بگوازرێتەوە بۆ دامەزراوەیەکی سیاسیی بەردەوام؟ دە سیاسەتی کوردیدا زۆرجار «یەکگرتن» بە مانای لابردنی جیاوازییەکان فام کراوە. بەڵام دە سیستەمێکی دێمۆکراتیکی پێشکەوتوودا یەکگرتن بە مانای کۆتاییهێنان بە جیاوازییەکان نییە؛ بەڵکوو بە مانای دروستکردنی میکانیزمێکە بۆ بەڕێوەبردنی جیاوازی. حیزبەکان دەتوانن لە ئابووری، کۆمەڵگا و شێوازی خەبات دا جیاوازییان هەبێ، بەڵام دەتوانن لەسەر مافە بنەڕەتییەکان، دیموکراسی، سێکیۆلاریزم، مافی نەتەوەکان و دابەشکردنی دەسەڵات ڕێک بکەون.

ئەگەر هاوپەیمانییەک بتوانێ ئەو جیاوازییانە بە شێوەیەکی دامەزراوەیی بەڕێوە ببا، ئەوا دەتوانێ لە خۆی تێپەڕێ و ببێتە سووژەیەکی سیاسی. بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ وڵامدانەوە بە قۆناغێکی تایبەت دروست کرابێ، ئەوا مەترسیی ئەوە هەیە کە لەگەڵ گۆڕانی هاوکێشەدا خۆی لاواز بکا.

پێشمەرگە: لە هێزی خەباتەوە بۆ دامەزراوە و پێکهاتە

پێشمەرگە لە مێژووی کوردا زیاتر لە هێزێکی سەربازییە؛ نیشانەیەکی سیاسی و مێژوویە. بەڵام هەر ئەو هێزەی کە لە قۆناغی خەباتدا سەرمایەی سیاسییە، لە قۆناغی گواستنەوەدا دەبێت بە شێوەیەکی نوێ پێناسە بکرێ. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە لە داهاتوودا هێزی چەکدار لە ژێر دەسەڵاتی کێدا دەبێت؟ کێ بڕیاری بەکارهێنانی هێز دەدا؟ پەیوەندیی نێوان حیزب و هێزی سەربازی چۆن دەبێ؟ و چۆن دەتوانرێ هێزی پێشمەرگە لە هێزی حیزبییەوە بگوازرێتەوە بۆ هێزێکی نیشتمانی و دامەزراوەیی؟ ئەو گۆڕانە بە مانای کەمکردنەوەی گرنگیی پێشمەرگە نییە؛ بە پێچەوانەوە، بە مانای بەهێزکردنی ڕەواییەکەیە. هێزی چەکدار کاتێک لە دیموکراسییدا ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕێ کە خۆی دە ژێرکۆی دەسەڵاتی یاسا و دامەزراوەی سیاسیدا ببینێ. بۆیە یەکخستنی پێشمەرگە نابێ تەنیا وەک پرۆژەیەکی سەربازی ببینرێ؛ پرۆژەیەکی دەستووری و سیاسییە.

کۆمەڵگەی مەدەنی و سووژەی نوێی کوردستان

ئەگەر خەباتی کورد تەنیا لە چوارچێوەی حیزب و هێزی چەکداردا بمێنێتەوە، توانای کۆمەڵایەتییەکەی سنووردار دەبێت. کوردستانی داهاتوو پێویستی بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بەهێز هەیە کە بتوانێ لەگەڵ حیزبەکان گفتوگۆ بکا و هەندێک جار

تەنانەت ڕەخنەیان لێ بگرێ. لەو ڕوانگەیەوە، «ژن، ژیان، ئازادی» گرنگییەکی تیۆریکیی هەیە. ئەو دروشمە دەتوانێ وەک نیشانەی گۆڕینی سووژەی سیاسی بخوێندرێتەوە: کورد تەنیا نەتەوە نییە؛ کۆمەڵگاشە. ژن، خوێندکار، مامۆستا، کرێکار، ژینگەپارێز و هاوڵاتی هەموویان بەشێکن لە پێکهاتەی سووژەی نوێی سیاسی. ئەوە بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵات گرینگە، چونکە پرسی کوردستان کاتێک دەتوانێ پشتیوانیی نێودەوڵەتیی فراوانتر بەدەست بێنێ کە لە گوتاری تەسکی نەتەوەیی تێپەڕێ و ببێتە بەشێک لە پرسیاری گشتیی دیموکراسی، مافی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

دیاسپۆرا و دیپلۆماسیی سیاسی

دیاسپۆرا لە قۆناغی نوێدا نابێ تەنیا وەک سەرچاوەی دارایی یان کۆمەڵێک پشتیوانیی دەرەکی ببیندرێ. دیاسپۆرا دەتوانێ ببێتە تۆڕێکی سیاسی و زانستی بۆ گواستنەوەی گوتاری کوردستان بۆ پەرلەمان، دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ، زانکۆکان و میدیا. بەڵام بۆ ئەوە پێویستە گوتاری دیاسپۆراش بگۆڕێ. گوتاری «کورد قوربانییە» بۆ دروستکردنی هاوسۆزی گرینگە، بەڵام بۆ دروستکردنی پەیوەندیی سیاسی بەس نییە. گوتاری نوێ دەبێ بتوانێ وڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە کوردستان بۆ داهاتووی ئێران چی پێشکەش دەکا. لەوێدا دیاسپۆرا دەبێ لە نێوان «یادەوەریی تراژیدیا» و «پرۆژەی داهاتوو»دا پەیوەندی دروست بکا. یادەوەریی مێژوویی سەرمایەیە، بەڵام پرۆژەی سیاسی ئەو شتەیە کە ئەو سەرمایەیە دەخاتە ناو سیاسەتی ئێستاوە.

داهاتووی سیستەمی سیاسیی ئێران

گفتوگۆ لەسەر داهاتووی ئێران زۆرجار بە دوگمەی «کۆماری یان پاشایەتی» سنووردار دەکرێ. بەڵام بۆ کوردستان پرسیاری بنەڕەتیتر ئەوەیە: دەسەڵات چۆن دابەش دەکرێ؟ دەتوانرێ کۆمارێکی زۆر ناوەندگەرای هەبێ کە مافە نەتەوەییەکان سنووردار بکا؛ هەروەها دەتوانرێ پاشایەتییەکی پارلەمانی هەبێ کە دەسەڵات لە بنەڕەتدا دابەش کراو بێ. بۆیە شێوەی حکومەت بە تەنیا وەڵامی کێشەکە نییە؛ معماریی دەسەڵات گرینگترە. دەو چوارچێوەیەدا فیدراڵیزم دەتوانێ ببێتە یەکێک لە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی کێشەی مێژوویی ناوەندگەرایی. فیدراڵیزم لە بنەڕەتدا پێویستی بە دابەشکردنی دەستووریی دەسەڵات هەیە؛ واتە ناوچەکان تەنیا لە ڕەهەندی «میهرەبانیی ناوەند»ەوە، بە مافەکانیان ناگەن، بەڵکوو بە شێوەی یاسایی و دەستووری، دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن. بۆیە کێشەی کوردستان نابێ بە پرسیاری «جودابوونەوە یا یەکگرتن» کورت بکرێتەوە. پرسیاری پێشکەوتووتر ئەوەیە: چۆن دەتوانرێ یەکپارچەیی دەوڵەت لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵات هاوکات بێ؟

ئەو پرسیارە دەتوانێ بنەمای گفتوگۆیەکی نوێ لەسەر ئێرانی داهاتوو بێ.

مەترسیی ناسیۆنالیزمی ڕاستئاراست

یەکێک لە گەورەترین هەڵەکان ئەوەیە کە کۆتایی کۆماری ئیسلامی بە کۆتایی ناوەندگەرایی تێکەڵ بکرێ. دەکرێ ڕژێمی ئایینی لاواز بێ، بەڵام لەجێی ئەو، ناسیۆنالیزمی توندی ئێرانی بێتە پێشەوە و هەمان پەیوەندیی ناوەند و پەراوێز بە شێوەیەکی نوێ بەرهەم بێتەوە. ئە مەترسییە بۆ کوردستان زۆر جدییە. چونکە گوتاری «یەکپارچەیی ئێران» دەتوانێ بە ئاسانی بگۆڕدرێ بۆ گوتاری «یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک دەوڵەت». لەو دۆخەدا، دەسەڵاتی ئایینی دەڕوا، بەڵام لۆژیکی سڕینەوەی جیاوازییەکان دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوە، دەبێ جیاوازییەکی بنەڕەتی بکرێ لەنێوان یەکپارچەیی خاک و یەکپارچەیی دەسەڵات. وڵات دەتوانێ یەکپارچە بێ، بەڵام دەسەڵات نابێ ناچار بێ یەکپارچە بێ. فیدراڵیزم و لامەرکەزی لە بنەڕەتدا لەسەر ئەو جیاوازییە دامەزراون.

ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و هاوکێشەی ناوچەیی

داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەنیا لە ناو سنووری سیاسیی ئێران دیاری ناکرێ. جۆغرافیای کوردستان خۆی پەیوەندییەکی زنجیرەیی لەگەڵ عێراق، تورکیا و سوریا دروست دەکا. لەبەر ئەوە هەر گۆڕانێکی قووڵ لە ئێران دەتوانێ کاریگەرییەکی فراوان لەسەر هاوکێشەی ناوچەیی دابنێ. هەرێمی کوردستان دەو هاوکێشەیەدا پێگەیەکی هەستیاری هەیە. لە یەک لایەن، شوێنی ژیانی بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنە و لە لایەکی تریشەوە خۆی بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق و پەیوەندییەکی دیاریکراوی لەگەڵ بەغدا هەیە. لە هەمان کاتدا، فشارەکانی تاران و هەستیاریی ئەنکارا و پەیوەندییەکانی هەولێر لەگەڵ واشینگتۆن و پایتەختە ئەوروواپییەکان، دەتوانێ دۆخەکە ئاڵۆزتر کا. بۆیە دیپلۆماسیی ڕۆژهەڵات دەبێ لە دیپلۆماسی «لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروواپا» تێپەڕێ و دیپلۆماسییەکی ناوچەیی بنیات بنێ. پەیوەندیی لەگەڵ عێراق، هەرێمی کوردستان، تورکیا، سوریا و هەروەها نەتەوە و کۆمەڵە سیاسییەکانی نێو ئێران دەبێ بەشێک بێ لەو ستراتیژییە بەتایبەت، مەترسی تێهەڵچوونی تورک دژ بە کوردیش دە ئارادا هەیە و کورد دەبێ دە حەولی دۆزینەوەی بەدیل و ئاڵتێرناتیوێکدا بێ.

لە «ڕووخاندن» بۆ «سازکردن»

گرنگترین گۆڕان لە ستراتیژیی سیاسیی ڕۆژهەڵات دەبێ گواستنەوە لە پرسی «ڕووخانی ڕژێم» بۆ پرسی «سازکردنی قۆناغی دوای ڕژێم» بێ. ڕووخانی ڕژێم پرۆسەیەکی وێرانکردنە؛ بەڵام دیموکراسی پرۆسەیەکی دامەزراندنە. ناتوانرێ بە یەک شێواز مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ. ئەگەر کوردستان تەنیا لە قۆناغی بەرەنگاربوونەوەدا بەهێز بێ و بۆ قۆناغی گواستنەوە پرۆژەی دامەزراوەیی نەبێ، ئەوا دەکرێ لە کاتی قەیراندا کاریگەر بێ، بەڵام لە کاتی بنیاتناندا پەراوێز بخرێتەوە. ئەوەیە کە مێژووی بەشێکی زۆر لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان نیشانی داوە: هێزی شۆڕش بەتەنیایی، خۆی دە خۆیدا بە مانای توانایی دەوڵەتسازی نییە. بۆیە پێویستە پرۆژەیەکی ڕوون بۆ قۆناغی گواستنەوە هەبێ: چۆنیەتیی پاراستنی ئاسایش، پەیوەندیی نێوان حیزب و کۆمەڵگە، شێوازی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، پەیوەندیی لەگەڵ ناوچەکانی تر، شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و پێکهێنانی دەستووری نوێ. ئەوە ئەو خاڵەیە کە سیاست لە شۆڕش جیا دەکاتەوە: شۆڕش دەتوانێ دەسەڵات بلەرزێنێ؛ سیاست دەبێ بتوانێ دەسەڵات ڕێک بخا.

کۆبەند:

قەیرانی ئێران و شەڕی دەرەکی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، بێ گومان، هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکەی خستووەتە قۆناغێکی ناسەقامگیرەوە. بەڵام ئەو ناسەقامگیرییە خۆی دەخۆیدا هیچ داهاتوویەک مسۆگەر ناکا. دەتوانێ دەرفەت بێ، هەروەها دەتوانێت ببێتە مەترسی. ئەوەی ئەو دوو ئەگەرانە لە یەکدی جیا دەکاتەوە، توانای هێزە سیاسییەکانە بۆ پێکهێنانی پرۆژەیەکی ڕوون و کۆمەڵایەتییە. بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کێشەی سەرەکی تەنیا لاوازبوونی کۆماری ئیسلامی نییە. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ئایا لە کاتی لاوازبوونی دەسەڵاتدا دەتوانێ خۆی وەک سووژەی سیاسی بناسێنێ یان نا. سووژەبوونی سیاسی بە مانای ئەوەیە کوردستان تەنیا چاوەڕێی بڕیاری هێزە دەرەکییەکان نەکا بەڵکوو، پرۆژەی خۆی بۆ داهاتوو هەبێ و بتوانێ لەگەڵ پرۆژەکانی دیکە گفتوگۆ بکا.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکان، ئەگەر بتوانێ لە هاوکاریی تاکتیکییەوە بگوازرێتەوە بۆ دامەزراوەسازی، دەتوانێ خاڵێکی گرینگ بێ. پێشمەرگە، ئەگەر لە هێزی حیزبییەوە بگۆڕدرێ بۆ هێزێکی دامەزراوەیی و یاسایی، دەتوانێ سەرمایەیەکی گرنگی قۆناغی گواستنەوە بێ. کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەگەر لە پەراوێزی سیاسەتەوە

بێته ناوەندی بەرهەمهێنانی گوتار، دەتوانێ پەیوەندیی نێوان خەباتی نەتەوەیی و دیموکراسی دروست بکا. دیاسپۆراش، ئەگەر لە ئاستی پشتیوانیی سۆزداریيەوە بگوازرێتەوە بۆ دیپلۆماسیی دامەزراوەیی، دەتوانێ ببێته بەشێک لە توانای سیاسیی ڕۆژهەڵات. لە هەمان کاتدا، مەترسیی ناسیۆنالیزمی ڕاستئاڕاست و ناوەندگەراییی نوێ نابێ کەم بگیرێ. ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کۆتایی مێژووی ناوەندگەرایی نییە. ئەگەر مێعماریی دەسەڵات نەگۆڕێ، دەکرێ ڕژێم بگۆڕێ، بەڵام لۆژیکی دەسەڵات بمێنێتەوە. لەبەر ئەوە، پرسیاری بنەڕەتی بۆ کوردستان لە قۆناغی داهاتوودا تەنیا ئەوە نییە کە «کێ دەسەڵات دەگرێتە دەست؟»؛ بەڵکوو ئەوەیە کە «دەسەڵات چۆن دابەش دەکرێ؟». ئەو گۆڕینی پرسیارە خۆی گۆڕانێکی تیۆریکییەکی گەورەیە: لە کێشەی دەسەڵاتەوە بۆ مێعماریی دەسەڵات، لە ڕووخاندن بۆ دامەزراندن و لە ئابژێکتی سیاسەتەوە بۆ سووژەی سیاسی. لە کۆتاییدا، دەرفەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خودی شەڕدا نییە؛ لە توانای ئامادەبوون بۆ دوای شەڕ دایە. شەڕ دەتوانێ دیوارەکانی دەسەڵات بلەرزێنێ، بەڵام ناتوانێ بە خۆی بنیاتنانی دیموکراسی بکا. ئەو کارە پێویستی بە کۆمەڵگە، پڕۆژە، دامەزراوە و سووژەی سیاسی هەیە. ئەگەر ڕۆژهەڵات بتوانێ ئەو گواستنەوەیە بە ئەنجام بگەیەنێ، ئەوا لە قۆناغی داهاتووی ئێراندا تەنیا «کوردستانێکی داواکاری» نابێ؛ دەبێته بەشێک لە سووژەی سیاسیی دروستکردنی ئێرانی داهاتوو.

شیکردنەوە و ڕەنگدانەوەی تیۆریی چەمکەکانی سەروەری و مافی خۆدیاریکردنی چارەنووس و خاوەندارێتیی خاک

(بەشی یەکەم)

عەلی مونەزەمی

لە ئێرانی پێش ئیسلامدا، زۆرجار پێگەی سەروەریی پاشا لە ڕێگەی چەمکی "فەرری ئیزەدی" (شکۆمەندی خودایی)یەوە شەرعییەتی پێ دەدرا، ئەمەش بەو مانایە بوو کە فەرمانڕەوا وەک ئەوەی لەلایەن خوداوە بە شێوەیەکی تایبەت هەڵبژێردرابێ بۆ حوکمڕانی، هەست پێ دەکرا. دوای سەرهەڵدانی ئیسلام، دەسەڵاتی سیاسی لە خەلافەتە ئیسلامییەکان و دواتر سوڵتانییەکانیشدا بە هەمان شێوە لە ڕووی ئایینیەوە ڕەوا بوو. لە سەردەمی شانشینی سەفەویدا، پاشای ئێران بە ڕوونی وەک "سێبەری خودا لەسەر زەوی" وێنا دەکرا، کە درێژەدان بە نەخشە کۆنەکانی شەرعییەتدانی پیرۆزیی دەسەڵاتی شاهانە بوو. دوای تیرۆرکردنی مۆزەفەرەدین شا و هەڵچوونە دەستوورییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەم چەمکە بەهۆی هەوڵدان بۆ بەدامەزراوەییکردن و عەلمانیکردنی سەروەری ، بەبێ ئەوەی بە تەواوی سەرکەوتوو بێت، بەرەوڕووی تەحەدا و بەربەست بووەوە. سەرەڕای ئەوەش هێشتا دەتوانرێت توخمەکانی شەرعییەتدانی ئایینی لە هزری مۆدێرنی ئێرانیی "ولایت فقیه"دا بەدواداچوونی بۆ بکرێت، کە ڕێبەری باڵا دەسەڵاتێکی تایبەتیی ئایینی پێ دەدرێت.

١,١ پێشەکی

ئەمڕۆ لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، تایبەتمەندیی زۆرێک لە سنووردەکانی دەوڵەتان لە ڕووی مێژوویییەوە ئەوەیە کە لە ڕێگەی پرۆسەکانی ناهاوسەنگیی هێز و پرۆسەی کۆلۆنیالیزمەوە دامەزراون. ئەمەش هۆکارە لە هاتنە ئارای بەریەککەوتن و گرژییە بەردەوامەکانی نێوان یەکپارچەیی خاکی وڵاتانی ئێستا و داواکارییەکانی گرووپە نەتەوەییەکان بۆ مافی چارەنووس، هەرچەندە هەردوو بنەماکە دانپێدانانی نۆرماتیڤی بەرفراوانیان بەدەست هێناوە.

بەم پێیە داوای ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە نێو نەتەوە ژێردەستەکاندا، پرسیارگەلێک دەوروژێنن کە تێگەیشتنە تەقلیدییەکانی ڕۆژئاوایی بۆ ئازادی بەڕەوڕووی تەحەدا و کێشەی جیددی دەکەنەوە. نموونەیەکی بایەخدار لەو بارەیەوە لە نەریتی سیاسیی کوردیدا دەبینرێت کە عەبدوڵڕەحمان قاسملوو چەمکێکی ئازادیی پەرەپێداوە کە هەردوو ڕەهەندی ئازادیی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ تێکەڵهەکێش دەکات و کاکڵی ئەو هزرە لە ئازادی وەک نەبوونی هەژموونی خۆی دەنوێنێت.

شیکردنەوەی چەمکەکانی سەروەری، مافی چارەنووس و خاوەندارێتیی خاک، دانانی بنەمایەکە بۆ تووێژینەوە لەسەر پرسیاری سەرەکیی «چۆن دەتوانین لە ئازادی تێبگەین لە کاتێکدا کە ئازادی تەنیا پەیوەندیی بە تاکەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە کۆلێکتیڤێکەوە هەیە کە بەدوای مافی دیاریکردنی چارەنووسدا دەگەڕێت؟ ئەم تووێژینەوەیە لە ڕێگەی شیکردنەوەیەک بۆ تیۆرییە سەرەکییە کلاسیک و مۆدێرنەکانی پەیوەندیدار بە پرسی ئازادی (بەرلین، تایلۆر، پێتیت)، لە ژێر ڕۆشنایی ڕوانگەی قاسملوو، لە ئازادی دەکۆڵێتەوە و هەوڵ دەدات تێگەیشتنێکی سیاسی-فەلسەفیی فراوانتر لە چەمکی ئازادی بەدەستەوە بدات. ئامانج بریتییە لە پەرەپێدانی تیۆرییەکی فرەڕەهەند کە لێرەدا وەک ئازادیی کۆمپلێت ناوزەد کراوە.

ئازادیی کۆمپلێت حاڵەتێکی نۆرماتیڤی ئاڵۆزە کە تێیدا تاک و لە هەمان کاتدا کۆلێکتیڤێک تەنها لە حاڵەتێکدا دەتوانرێت بڵێین ئازادن کە چوار ڕەهەندی ئازادی لە یەک کاتدا بوونییان هەبێت:

ئەلف. ئازادی لە زۆرەملێ و دەستوەردان

ب. ئازادی لە باڵادەستی (دۆمینانس)

ج. خودموختاری و هێزی عەمەلیی ڕاستەقینە

د. چارەنووسی بەکۆمەڵ لەسەر بابەتە سیاسی و خاکییەکان

نەبوونی یەکێک یان زیاتر لەو ڕەهەندانە بەو مانایەیە کە ئازادی بە ناتەواو هەژمار بکرێت.

پێش ئەوەی بە وردی باس لە ئازادیی کۆمپلێت بکرێت، سەرەتا مافی دیاریکردنی چارەنووس ڕوون دەکرێتەوە، چونکە ئەمە کاکڵی پێکهاتەی مۆدێلی پێشنیارکراوی ئازادی لە هەردوو ئاستی تاک و کۆدا پێک دەهێنێت. لەم چوارچێوەیەدا لە مافی چارەنووس بە پلەی یەکەم وەک پرەنسیپێکی یاسای نێودەوڵەتی تێناگەین، بەڵکوو وەک چەمکێکی نۆرماتیڤ و سیاسی-فەلسەفی کە پەیوەندیی نێوان ئازادی، دەسەڵاتی سیاسی و توانای بەکۆمەڵ بۆ کردار ڕووناک دەکاتەوە، تێدەگەین.

چارەنووسی بەکۆمەڵ لەم شیکارییەدا ئاماژەیە بۆ شتێکی سەرووتر لە دەسەڵاتی بڕیاردانی فەرمی. هەروەها چەمکەکە بریتییە لە نەبوونی باڵادەستی، ئیمکانی خۆڕێکخستنی سیاسی و توانای پاراستنی پراکتیزەکردنی کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچەیەکی جوگرافی یان خاکێکی دیاریکراودا.

لە ڕووی شیکارییەوە دەتوانرێت مافی چارەنووس بەو پرسیارەوە ببەسترێتەوە: کێ مافی ڕەوای بڕیاردانی هەیە؟ لە کاتێکدا سەروەری پەیوەندیی بەو پرسیارەوە هەیە: لە کوێ و لە ڕێگەی چ چوارچێوەیەکی دامەزراوەییەوە دەتوانرێت ئەم دەسەڵاتەی بڕیاردان بەکاربهێنرێت؟ ئازادی لەم چوارچێوەیەدا ئاماژەیە بۆ مەودای نۆرماتیڤ بۆ کردار کە لە ڕێگەی کارلێکی نێوان مافی چارەنووس، سەروەری و ئازادییە تاکەکەسییەکانەوە دامەزراوە یان سنووردار کراوە.

به پشتبەستن بە ڕووبەرووبوونەوەی سەرەوە، ئەم بابەتە لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت:

١. ڕووبەرووبوونەوەیەکی چەمکی لە سەروەری و مافی چارەنووس.
٢. باسێک لەسەر ئازادیی کۆمپلێت.

١.٢ سەروەری

هەرچەندە ڕەنگە لە ڕووی تیۆرییەوە ڕوون بێت کە پێش باس لە سەروەری، باسی مافی چارەنووس بکرێت- بەو پێیەی مافی چارەنووس وڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە «کێ مافی بڕیاردانی هەیە؟»، لە کاتێکدا سەروەری بریتییە لە «لە کوێ و چۆن دەتوانرێت ئەم مافەی بڕیاردان بەکاربهێنرێت؟ یان سەرچاوەی دەسەڵات کێیە؟» - لە ڕووی شیکاری و کرۆنۆلۆژییەوە گونجاوە کە لە چەمکی سەروەرییەوە دەست پێ بکەین.

چەمکی سەروەری هەوڵ دەدات ڕوونی بکاتەوە کە دەسەڵاتی باڵای سیاسی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت و لەسەر چ گریمانەیەکی نۆرماتیڤ وەستاوە. هەرچەندە چەمکی سەروەری بۆ یەکەمجار لەلایەن جان بۆدینەوە سیستماتیک کرا، بەڵام لە ڕەوتی مێژووییدا گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە؛ هەر لە تیۆرییە کلاسیکییەکانی سەروەریی ڕەهای دەوڵەت لە بۆدین و هۆبزەوە بگرە - لە ڕێگەی چەمکەکانی سەروەریی جەماوەری و نەتەوەییەوە - تا دەگاتە باسە مۆدێرنەکانی سەروەریی هاوبەش و سنووردار لە نەزمێکی نێودەوڵەتییەکگرتوودا.

زۆربەی تیۆرییە کلاسیکییەکانی سەروەری و مافی چارەنووس، دەبێ لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بەستێنە مێژوویی و سیاسییانەی لێیەوە سەریان هەڵداوە، تێبگەین. هەر لە بەرگریی بۆدین لە دەسەڵاتی دابەش نەکراوی دەوڵەت لە سەردەمی شەڕە ئایینییەکانی فەرەنسا تا داڕشتنی سەروەریی گەل لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا لەلایەن ڕۆسۆوە، تیۆرییەکان وەک هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆنکرێتیەکانی شەرعیەت و نەزمێکی ڕێکوپێک لە سەردەمی خۆیاندا دەردەکەون. لە هەمان کاتدا ئەم تیۆریانە هەندێک بنەمای نۆرماتیڤیان داڕشتووە کە گرنگییەکی بەردەوامیان هەبووە کە زۆر لە چوارچێوەی ڕەسەنەکانیان زیاترە. هێشتا نەزمی نێودەوڵەتیی مۆدێرن لەسەر بنەمای دەوڵەتە سەروەرەکان بنیات نراوە. بۆیە پرسیارەکانی مافی چارەنووسی بەکۆمەڵ دەبێت لە پەیوەندی لەگەڵ سیستەمێکی نێودەوڵەتییەوە کە دەسەڵات و خاک لە ڕێگەی دەوڵەتانی هەبووەوە ڕێک بخرێت، شیکردنەوەی بۆ بکرێت.

پێش ئەوەی لە ڕوانگەی فەلسەفەی ڕۆژئاواییەوە باس لە سەروەری بکەین، بە کورتی سەیری ئەوە دەکەین کە سەروەری لە ڕوانگەی ئێرانی/فارسەوە چی بەدوای خۆیدا هێناوە و دەهێنێت.

١,٢,١ سەروەری لە نەریتی ئێرانی/فارسیدا

لە ئێرانی پێش ئیسلامدا، زۆرجار پێگەی سەروەریی پاشا لە ڕێگەی چەمکی «فەرری ئیزەدی» (شکۆمەندی خودایی)یەوە شەرعییەتی پێ دەدرا، ئەمەش بەو مانایە بوو کە فەرمانڕەوا وەک ئەوەی لەلایەن خوداوە بە شێوەیەکی تایبەت هەڵبژێردرابێ بۆ حوکمڕانی، هەست پێ دەکرا. دوای سەرهەڵدانی ئیسلام، دەسەڵاتی سیاسی لە خەلافەتە ئیسلامییەکان و دواتر سوڵتانییەکانیشدا بە هەمان شێوە لە ڕووی ئایینیەوە ڕەوا بوو. لە سەردەمی شانشینی سەفەویدا، پاشای ئێران بە ڕوونی وەک «سێبەری خودا لەسەر زەوی» وێنا دەکرا، کە درێژەدان بە نەخشە کۆنەکانی شەرعییەتدانی پیرۆزیی دەسەڵاتی شاهانە بوو.

دوای تیرۆرکردنی مۆزەفەرەدین شا و هەڵچوونە دەستوورییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، ئەم چەمکە بەهۆی هەوڵدان بۆ بەدامەزراوەییکردن و عەلمانیکردنی(١) سەروەری ، بەبێ ئەوەی بە تەواوی سەرکەوتوو بێت، بەرەوڕووی تەحەدا و بەربەست بووەوە. سەرەڕای ئەوەش هێشتا دەتوانرێت توخمەکانی شەرعییەتدانی ئایینی لە هزری مۆدێرنی ئێرانیی «ولایت فقیە»دا بەدواداچوونی بۆ بکرێت، کە ڕێبەری باڵا دەسەڵاتێکی تایبەتیی ئایینی پێ دەدرێت.

هەرچەندە ئیرادەی ئارەزوومەندانەی لوتێر و چەمکی

ئێرانی بۆ «فەرری ئیزەدی» لە چوارچێوەی جیاوازدا سەریان هەڵدا، بەڵام خاوەنی لێکچوونێکی پێکهاتەییی هاوبەشن لەبارەی ئەوەی دەسەڵاتی باڵای نۆرماتیڤ یان سیاسی، لە ڕووی تیۆلۆژییەوە زەمینەسازیی بۆ کراوە. لە هەمان کاتدا دەبێت جەخت لەسەر جیاوازییەکە بکرێتەوە کە لە بیری لوتێریدا ئەمە بە پلەی یەکەم پەیوەندیی بە سەروەریی ئەخلاقیی خوداوە هەیە، لە کاتێکدا «فەرری ئیزەدی» ڕاستەوخۆ پاشخان بۆ ڕەواپێپێدانی دەسەڵاتی سیاسیی فەرمانڕەوای زەمینی ساز دەکات.

١.٢.٢ سەروەری لە نەریتی ڕۆژئاوادا

دەوڵەت بۆ بۆدین کۆمەڵگەیەکی پێکهاتوو لە بنەماڵەکان و خاوەندارێتیی زەوی بوو کە لەلایەن دەسەڵاتێکی سەروەرەوە بەڕێوە دەبرا. سەروەری، دەسەڵاتی باڵای ڕەها و ئەبەدی و دابەشنەکراو بوو لە دەوڵەتدا و بە پلەی یەکەم لە مافی دانانی یاسا پێک هاتبوو. ئەم تێگەیشتنە بنەمایەک بوو بۆ بەرگریکردن لە پاشایەتیی ڕەها، سەرەڕای ئەوەی سەروەر هێشتا پابەند بووبێت بە یاسای سروشتی، یاساکانی خودایی و ڕێککەوتنە پەسەندکراوەکان. لەسەر ئەو تێگەیشتنەی بۆدین بۆ سەروەری، دوو ناڕەزایەتیی گرنگ لە دژی وروژێنراوە. یەکەم: بۆدین بنەماکانی دەوڵەت-شار بۆ پاشایەتییە فیۆدالییە گەورەکانی سەردەمی خۆی بەکاردەهێنێت کە دوو کۆمەڵگای بەتەواوی جیاوازن. دووەم: ئەو بە شێوەیەکی جێگەی ڕەزامەندی ڕوونی ناکاتەوە کە سەروەری چۆن سەر هەڵدەدات یان دەگوازرێتەوە، کە دانینگ ئەو یەکە بەنامۆکردنی سەروەری لە لایەن بۆدینەوە ئەژمار دەکات.(٢)

بە پێچەوانەی بۆدین، هۆبز سەروەری لە گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا دەچەسپێنێت، کە تاکەکان بە گواستنەوەی مافەکانیان بۆ سەروەرێک، دەسەڵات بەو سەروەرە دەدەن. بەم پێیە دەسەڵاتی سەروەر لەسەر ئەم ڕێگەپێدانە دامەزراوە، بەڵام گرێبەستی کۆمەڵایەتی تەنیا ڕەعیەتەکان دەگرێتەوە، نەک خودی سەروەر. بۆ هۆبس یاسا سروشتییەکان ڕێسای عەقڵن، لەکاتێکدا مۆڵکایەتی و مافەکانی تر پێویستیان بە پاراستن و ڕێکخستن لە لایەن سەروەرەوە هەیە. (٣)

هەروەها بنەمای پاراستن لە زیانگەیاندن بە خۆ بۆ هۆبز بنەڕەتییە. ئەو پێی وایە سەروەر ناتوانێت داوای ئەوە بکات تاکەکان زیان بە خۆیان بگەیەنن، بەو پێیەی خۆپاراستن مافێکی بنەڕەتییە. هەروەها ئەگەر سەروەر کۆنترۆڵی کۆمەڵگای لەدەست بدات، ئەرکی گوێڕایەڵی ڕەعیەتەکانیش لەبار دەچێت و ئەوان دەتوانن لەگەڵ فەرمانڕەوایەکی دیکەدا گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ ببەستن.(٤)

لۆک بە پێچەوانەی بۆدین و هۆبس، سەروەریی سیاسی بە گەلەوە دەبەستێت کە دەچنە ناو گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە. یانی سەرچاوەی سەروەری لای لۆک، خەڵکە.

لە فەلسەفەی لۆکدا دەسەڵاتی سیاسی ڕەها نییە، بەڵکوو مەرجدارە بە ئامانجەکەی، واتە پاراستنی مافە سروشتییەکانی تاکەکان، بەتایبەتی ژیان و ئازادی و مووڵک و ماڵ. دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمای متمانە دامەزراوە و ئەگەر دەسەڵاتەکە ئیختیاری خۆی پێشێل بکات و مافە سروشتییەکان پێشێل بکات، گەل مافی خۆڕاگری و دواجار یاخیبوون دەپارێزێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە سەروەری لە لای لۆک هەرگیز بە تەواوی لە خەڵک نامۆ نابێت. (٥)

هەرچەندە ڕۆسۆ تا ڕادەیەکی سنووردار تێۆرێکی تاکگەرایی یان وردی دامەزراوەیی لەبارەی سەروەری پەرەپێدەدات، هەر لەو کاتەدا ئەو لەنگەرێکی نۆرماتیڤی ڕوونی سەروەری لە خەڵکدا وەک هەڵگری ئیرادەی گشتی دابین دەکات. بەڵام ڕۆسۆ تا ڕادەیەکی کەمتر میکانیزمە دامەزراوەییەکان بۆ موماڕەسەی سەروەری پەرەپێدەدات. بە تایبەتی بۆچوونی ڕۆسۆ لەپەیوەندی بە چۆنییەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەدا کێشەدارە: لەبەر ئەوەی گریمانە دەکرێت کە ئیرادەی گشتی بەرژەوەندیی هاوبەشی ڕاستەقینەی هاووڵاتیان دەربڕێت، تێۆرییەکە ڕێگە دەدات کە هاووڵاتییانی ناڕازی «ناچار بە ئازادبوون بکرێن». ئەمەش پارێزگارییەکی لاواز بۆ کەمینە سیاسییە بەردەوامەکان بەجێ دەهێڵێت(٦).

لە کاتێکدا لۆک لە ڕێگەی یاسای سروشتی و متمانەی جەماوەرییەوە دەسەڵاتی سیاسی مەرجدار دەکات و ڕۆسۆ بە شێوازێکی ڕادیکاڵتر سەروەریی جەماوەری لە ڕێگەی ئیرادەی گشتیەوە ڕوون دەکات، بەڵام هەردووکیان بە پلەی یەکەم لە ئاستی سەروەریی خاکیی دەوڵەتدا کاردەکەن. بەم شێوەیە هەردووکیان خۆیان لە کێشەیەکی بنەڕەتی دەدزنەوە: چۆن لە ئازادی و چارەنووسی سیاسیی لەو کۆمەڵگایانەدا تێبگەین کە خاوەنی کەمینەی بەردەوامن و لەسەر خاکەکەیان ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوە و داوای خاکەکەیان دەکەن.

لە لای لۆک فەزایەک بۆ مافەکانی تاک پارێزراوە، بەڵام بنەمای زۆرینە بۆ حوکمڕانی وەک خۆی دەمێنێتەوە؛ لە تێڕوانینی ڕۆسۆدا بۆ سەروەری، بەرژەوەندییە تایبەتەکان مەترسیی ئەوەیان لەسەرە کە بخرێنە ژێر دەسەڵاتی چارەنووسی بەکۆمەڵەوە. بەم پێیە گرژییەکان تەنیا لەپەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵدا نییە، بەڵکوو پەیوەندیی هەیە لەگەڵ پرسەکانی نێوان سەروەری خاکیی دەوڵەت و داواکارییەکانی سەروەریی خاکیی هەرێمە ناوخۆییەکان لەناو هەمان کۆمەڵگەی سیاسیدا. هەر ئەم کێشەیەیە کە ئەم وتارە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی پەرەپێدانی تێگەیشتنێکی فرەڕەهەندی ئازادییەوە ڕوونی بکاتەوە.

سەروەری خاکیی ناوخۆیی یان هەرێمی لێرەدا ئاماژەیە بۆ ڕێکخستنێکی دامەزراوەیی کە تیایدا کەمینە نەتەوەییەکان -کە لە ڕەوتی مێژووییدا لەسەری دەژین و زۆرینەیەک لە ناوچەیەکی دیاریکراودا پێک دەهێنن-، ئۆتۆنۆمییەکی سیاسیی بەرفراوانیان پێ دەدرێت لەناو ئەو دەوڵەتەی کە بەشێکن لێی. ئەمەش دەسەڵاتی بڕیاردان لەسەر بابەتە سەرەکییە ناوخۆییەکان، هەروەها داننان بە مافە بەکۆمەڵەکانی پەیوەست بە زەوی، سەرچاوەکانی کانگا سرووشتییەکان و دووبارە خۆبەرهەمهێنانی کولتووری بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

١.٢.٣ تێڕوانینە بەراوردکارییەکان سەبارەت بە سەروەری: نەریتی ئێرانی/فارسی و ڕۆژئاوایی

سەروەری لە نەریتی ئێرانی/فارسیدا چەندین تایبەتمەندی هاوبەشی لەگەڵ تێگەیشتنی ژان بۆدین بۆ سەروەری هەیە. هەردووکیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەروەری دابەشنەکراو و یەکگرتوو و سەرووترە و دەبێت لە دەسەڵاتێکی باڵادا چڕبکرێتەوە بۆ دەستەبەرکردنی ڕێکوپێکی (نەزم) و سەقامگیری. بە پێچەوانەی جۆن لۆک، هەردوو نەریتەکە لەسەر تێگەیشتنێکی پلەبەندی لە دەسەڵات دامەزراون، کە حاکم لە سەرووی ڕەعیەتەکانەوە وەستاوە و دەسەڵاتی سیاسی لە سەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕدەبێتەوە.

لە تێڕوانینی بۆدینیشدا سەروەری گرێدراوی وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەردەوامی خەڵک نییە. هەمان شت لەگەڵ بەشێکی گەورەی نەریتی ئێرانی/فارسیش دەگونجێت، کە شەرعیەت ڕەگ و ڕیشەی لە خودا، ئایین، دەسەڵاتی خانەدانی یان بەردەوامیی مێژووییدا هەیە.

جیاوازییەکە لەوەدایە بۆدین هەوڵ دەدات تیۆرییەکی یاسایی-سیاسی بۆ دەوڵەت پەرەپێبدات، کە تێیدا سەروەری بەشێکی سکۆلارکراوە و دەوڵەت وەک نەزمێکی دامەزراوەیی و ئەبستراکت دەردەکەوێت. بەڵام لە نەریتی ئێرانی/فارسیدا دەسەڵات لە ڕێگای فەرری ئیزەدی، دەسەڵاتی ئایینی یان یاسای ئیسلامییەوە ڕەوابوونی وەردەگرێت، کە دەوڵەت زیاتر پەیوەستە بە حاکم یان شەرعییەتی ئایینیی حاکم.

تێڕوانینی هۆبز جیاوازە لەگەڵ هەردوو تێڕوانینەکانی بۆدین و نەریتی ئێرانی و سەروەری لە ڕێگەی گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە، نەک شەرعیەتی ئیلاهی یان خانەدانی، پاساو دەدات. بەڵام ئەو هاوبیرە لەگەڵ بۆدین و نەریتی ئێرانی/فارسی لەو خاڵەدا کە نەزم و سەقامگیری، پێویستییان بە دەسەڵاتێکی سەروەری بەهێز و یەکگرتوو هەیە.

ئەم تیۆرییانە پێچەوانەی تێگەیشتنی لۆکن بۆ سەروەری، کە دەسەڵات مەرجدارە و خەڵک مافی بەرەنگاربوونەوەی دەپارێزێت و هەبوونی دەوڵەت بۆ پاراستنی مافی هاووڵاتیانە.

١.٢.٤ سەروەریی دەرەکی و ناوخۆیی

کراسنەر دەڵێت چەمکی سەروەری لە تێڕوانینی بۆدین و هۆبزدا، بە پلەی یەکەم بە مەبەستی پاراستنی نەزمی سیاسیی ناوخۆیی بووە. لە سەردەمی نوێدا، سەروەری زیاتر پەیوەستە بە ئۆتۆنۆمی (سەربەخۆیی بڕیاردان) و سەربەخۆیی دەوڵەتان لە یەکتر، لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا. ئەم پرەنسیپە بە جۆرێک لەسەر بیرۆکەی دەستوەرنەدان دامەزراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەوڵەتەکان مافی دەستوەردانیان لە کاروباری ناوخۆی یەکترداniیە.

لە هەمان کاتدا ئەم تێگەیشتنە لە سەروەری ئەمڕۆ کەوتووەتە بەر پەلامار و تووشی کێشە بووە. پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، زیادبوونی کارلێکی جیهانی (گلۆبالیزاسیۆن) و بەشداریکردنی دەوڵەتەکان لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و پابەندبوونیان بەو ڕێککەوتنانە وای کردووە کە سەروەری زیاتر نفووزی تێدا بکرێت و کەمتر لە چاو مۆدێلی کلاسیکی وێستفالی ڕەها و دەستلێنەدراو بێت. (٧)

کراسنەر نیشان دەدات کە هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی نۆرمەکانی نێودەوڵەتی کە ڕێکخستنی چۆنیەتیی مامەڵەکردنی دەوڵەتان لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆیان دەکەن، لە داواکارییەکانی لێبوردەیی ئایینییەوە، لە ڕێگەی مافی کەمینەکانەوە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، بۆ گرنگیدانێکی فراوانتر بە مافە گشتگیرەکانی مرۆڤ لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە پەرەی سەندووە. هەرچەندە ژمارەیەک پەیماننامەی مافی مرۆڤ واژۆ کراون، بەڵام زۆرجار جێبەجێکردنیان لاواز بووە. ململانێکانی باڵکان لە ساڵانی نەوەدەکاندا ئەوە دەردەخەن کە چۆن پاراستنی کەمینەکان جارێکی دیکە بووە هۆی دەستێوەردانی نێودەوڵەتی و دانپێدانانی مەرجدار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ. (٨)

چەندین سنووری دەوڵەتانی مۆدێرن هۆکارن بۆ پارچەپارچەبوونی پێکهاتە نەتەوەیی و خەڵکانی ڕەسەن لە نێوان دەوڵەتە جیاوازەکاندا. ئەمەش گرژی و ئاڵۆزیی لە نێوان سەروەریی خاکیی دەوڵەت و داواکارییەکانی مافی چارەنووس لەلایەن ئەو گرووپانەوە دروست کردووە کە نەزمی ئێستای دەوڵەتان بە تەواوی ڕەوا هەست پێناکەن.

هەندێک لە دەوڵەتان هەوڵیان داوە لە ڕێگەی ئاسمیلەکردن، ناوەندگەرایی یان گواستنەوەی زۆرەملێوە ئەم جۆرە گرژییانە چارەسەر کەن. ئەم جۆرە پراکتیزانە زۆرجار لەباری وێژەییەوە بە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی یان کۆلۆنیالیزمی نزیک وەسف دەکرێن. دیاردەکە تەحەدای ئەو تێڕوانینە دەکات کە داوا دەکات سەروەریی خاکی دەوڵەتان بە ڕەوا و یان لەباری سیاسییەوە نۆیتراڵ دەژمێرێت. لە ئەنجامدا داواکارییەکانی مافی چارەنووس بۆ گرووپە نەتەوەییەکان لە زۆرێک لە سنوورەکانی دەوڵەتی مەوجوودی ئێستادا، زۆرتر بەڕەنگاریان لەگەڵ دەکرێت لە چاو ئەو دژایەتییانەی پێشتر لە ئاراستەی پەیوەندییە کلاسیکییەکانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم بەرانبەر مافی چارەنووسی نەتەوەکان دەکرا.

ستراتیژێکی بەدیل بریتی بووە لە بەدامەزراوەییکردنی مافەکانی کەمینەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتانی ئێستادا. کیملیکا نیشان دەدات کە کەمایەتییە خاکی و نەتەوەییەکان لە چەندین وڵاتی دیموکراتیکی ڕۆژئاوادا لەگەڵ ڕێکخستنیان بە شێوەی ئۆتۆنۆمی ناوچەیی، فیدراڵیزم و دانپێدانانی دەستووری بە مافە کولتوورییەکان بەرەوڕوو بوونەوە. ئەم جۆرە ڕێکخستنانە چەمکی سەروەری وەک یەکەیەکی یەکگرتوو و دابەشنەکراو تووشی ئالنگاری دەکەن و ڕێگەی بەدیل بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکاندا دەکەنەوە. ئەم تێڕوانینە لە بەشی مافی چارەنووسی بەکۆمەڵدا بە وردی دەخرێتە باس.

١.٣ مافی دیاریکردنی چارەنووس

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، سەروەری بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەنووس پێک دەهێنێت. لە هەمان کاتدا مافی چارەنووس چەمکێکی فرەڕەهەندە کە دەتوانین لە ئاستی جیاوازدا لێی تێبگەین. ئەم بەشەدا شیکاری بۆ مافی چارەنووس لە ئاستی تاک و جەماوەردا دەکرێت.

یەکەم: چارەنووسی تاک لەسەر بنەمای کەرامەتی مرۆڤ

و ئۆتۆنۆمی باس دەکرێت. پاشان، چارەنووسی بەکۆمەڵ شی دەکرێتەوە، بە جەختکردنەوەیەکی تایبەت لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی. لەو بەشەدا زیاتر باس لەوە دەکرێت کە چۆن داواکارییەکان بۆ چارەنووسی بەکۆمەڵ پرسیار لەبارەی ناسیۆنالیزم، مافی خاکی، مافی کەمینەکان و ئاسمیلەکردن دەوروژێنن. هەروەها لەو بەشەدا لە پەیوەندیی نێوان مافی چارەنووس و دیموکراسی و سەقامگیریی سیاسی و ڕوانگەی کۆسمۆپۆلیتیەکان دەکۆڵرێتەوە.

١.٣.١ مافی چارەنووسی تاکەکەسی

کاتێک باس لە مافی چارەنووسی تاکەکەسی دەکرێت، دەتوانرێت ئەمە بە فەلسەفەی کەرامەت و ئۆتۆنۆمیی ئیمانوێل کانتەوە ببەسترێتەوە. لە لای کانت، لە کەرامەت وەک ئەو بەهایە زاتی و نەشکێنراوە تێدەگەین کە هەموو مرۆڤێک بەهۆی تایبەتمەندیی عەقڵانی و ئۆتۆنۆمییەوە خاوەنیەتی. ئۆتۆنۆمی بریتییە لە خۆ-یاسادانان، واتە توانای مامەڵەکردن بەپێی یاسا ئەخلاقییەکان کە تاک خۆی قەبووڵیان دەکات. ئەگەر مرۆڤەکان خاوەنی ئەو کەرامەت و ئۆتۆنۆمییە بن، دەبێت ئازاد بن لە دیاریکردنی ئامانج و کردارەکانی خۆیان بەبێ ئەوەی بکەونە ژێر زەبری ئارەزوومەندانە یان کۆنترۆڵی کەسانی دیکە. «بەجۆرێک مامەڵە و هەڵسوکەوت بکە کە هەمیشە مرۆڤایەتی بەکار بهێنیت، چ لە ناخی خۆت و چ لە ناخی هەموو ئەوانیتردا، لە هەمان کاتدا وەک ئامانجێک و هەرگیز نە بەس وەک ئامرازێک.» (٩)

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو داواکارییەی کانتدا دەتوانین لە جەختکردنەوەکانی قاسملوو لەسەر کەرامەتی مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی باڵادەستی تێبگەین کە مرۆڤەکان هەمیشە وەک ئامانجێک لە خۆیاندا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و هەرگیز تەنیا وەک ئامرازێک مامەڵەیان لەگەڵدانەکرێت.

١.٣.٢ مافی چارەنووسی بەکۆمەڵ

مافی چارەنووسی بەکۆمەڵ ئاماژەیە بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گرووپێکی گەلی کە خۆی وەک نەتەوەیەکی جیا دەناسێنێت یان بە شێوەیەکی تر خۆی لە زۆرینەی خەڵکی دەوڵەتێک جیا دەکاتەوە و بەدوای کۆنترۆڵی سیاسی بەسەر پێگە و ژیانی بەکۆمەڵی خۆیدا دەگەڕێت. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە مەرج نییە مرۆڤەکان خۆیان وەک تاکێکی گۆشەگیر هەست پێ بکەن، بەڵکوو خۆیان وەک بەشداربوو لە کۆمەڵگەیەکی مێژوویی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان هەست پێ دەکەن.(١٠) بەم پێیە زاراوەکانی وەک «گرووپی نەتەوەیی»، «کەمینە»، «خەڵک» و «نەتەوە» نەک تەنیا پۆلێنبەندییەکی وەسفکەرن، بەڵکوو لە ڕووی سیاسییەوە پۆلێنبەندییەکی نۆرماتیڤن. ئەوەی گرووپێک خۆی وەک کەمینەیەکی کولتووری یان وەک گەلێکی خاوەن ناسنامەیەکی خاکی و سیاسی بناسێنێت، کاریگەریی هەیە لەسەر ئەوەی کام یەک لە داواکارییەکانی مافی چارەنووس بە ڕەوا دابنرێت.

هەرچەندە بنەمای مافی چارەنووسی تاک و ئازادیی نەرێنی زۆرجار لە سیستەمەکانی سیاسیی لیبراڵدا دانپێدانراوە، بەڵام مەرج نییە ئەمە مانای دانپێدانانی هاوتا بە مافی چارەنووسی بەکۆمەڵش بێت. ڕەنگە نەتەوە باڵادەستەکان قبووڵی بکەن کە تاکەکانی گرووپە کەمینەکان، وەک کورد، لە هەندێک مافی تاکەکەسی بەهرەمەند بن، لە هەمان کاتدا داواکارییەکانی مافی چارەنووسی سیاسی بۆ ئەو گرووپە وەک جەماوەر (جەمع) ڕەت دەکەنەوە. بەم شێوەیە گرژییەک لە نێوان تەرکیزکردنی لیبرالیزم لەسەر مافە تاکەکەسییەکان و داواکارییەکانی مافی چارەنووس لە پێکهاتە نەتەوەیی یان ئێتنیکەکاندا سەر هەڵدەدات. ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەوەی کە چارڵز تایلۆر بە ئایدیالی ڕەسەنایەتی ناوی دەبات، ئایدیاڵێک کە دەتوانرێت ڕەگەکانی بگەڕێتەوە بۆ یۆهان گۆتفرید هێردەر و ژان ژاک ڕۆسۆ. لێرەدا ئارەزووی قەبووڵکردن و دانپێدانان پەیوەستە بە بایەخدان بە تایبەتمەندی و ناسنامەی خۆی. بە بڕوای هێردەر شوناس تەنیا تاکەکەسی نییە، بەڵکوو ڕەهەندێکی دەستەجەمعیشی هەیە. بۆیە دەبێت مرۆڤەکان و گرووپەکان بتوانن لەگەڵ خۆیاندا ڕاستگۆ بن

و بەگوێرەی ناسنامەی خۆیان بژین، نەک لاسایی شێوازی ژیانی ئەوانی تر بکەنەوە.(١١) بەم پێیە دانپێدانان پەیوەندیی بە ئیمتیازاتەوە نییە، بەڵکوو پەیوەستە بە ڕێزگرتن لە یەکسانیی مرۆڤەکان و گرووپەکان و مافی خۆیبوون. بەم شێوەیە دەکرێ لە داواکارییەکانی مافی چارەنووسی نەتەوەیی، وەک داواکارییەک بۆ دانپێدانانی بەکۆمەڵتێبگەین.

ئەم پرسیارە کێشەیەکی بنەڕەتیتر دەوروژێنێت: کێ لە ڕاستیدا دەتوانرێت بە خاوەن مافی چارەنووس هەژمار بکرێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەمەش سەرەتا دەبێت چەمکەکانی نەتەوە و ئێتنیک و خەڵکی ڕەسەنی خۆجێی ڕوون بکرێنەوە.

١.٣.٢.١ نەتەوە، گەل و ئێتنیک

چەند شێوازێکی جیاواز بۆ تێگەیشتن لە چەمکی نەتەوە بوونی هەیە. ئۆیقیند ئۆستروۆد سێ ڕێگەی سەرەکیی بۆ تێگەیشتن لەو چەمکە دەستنیشان کردووە. (١٢) یەکەمیان تێگەیشتنی دەوڵەتە، کە دەوڵەت بە هاوواتای یەک نەتەوە دادەنرێت. زۆرجار ئەو تێگەیشنە شەرعییەتدانە بە ئاسمیلەکردنی کەمینەکان بۆ پاراستنی یەکڕەنگیی نەتەوەیی و لە زۆرێەک لە دەوڵەتاندا ئەو تێڕوانینە بۆ چەمکی نەتەوە بەهێزە، بە تایبەتی ئەو دەوڵەتانەی بەشێکی کوردستانیان لەژێر کۆنترۆڵیاندایە. دووەمیان تێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییە، کە نەتەوە وەک کۆمەڵگەیەک هەست پێ دەکرێت کە لەسەر بنەمای مێژوو، زمان، کولتوور، ئایین یان ناسنامەی ئێتنیکیی هاوبەش دامەزراوە، بەبێ گوێدانە سنوورەکانی ئەو دەوڵەتانەی ئێستا بوونییان هەیە. زۆرجار داواکارییەکانی ئۆتۆنۆمیی سیاسی یان دەوڵەتی سەربەخۆ لە لایەن ئەم جۆرە پێکهاتانەوە سەرهەڵدەدەن. (١٣)

سێهەمیان تێگەیشتنی سیاسی یان ئیرادەگەرایانەی ئێرنست ڕێنانە، کە نەتەوە وەک کۆمەڵگەیەک تێدەگات کە لەسەر بنەمای ئیرادە و هاوەدەنگی و ئەزموونێکی مێژووییی هاوبەش دامەزراوە. بەمەش نەتەوەبوون نابێتە تایبەتمەندییەکی دیاریکراو، بەڵکوو دەبێتە پرسی تەعەلوق و ناسنامەی بەکۆمەڵ. (١٤)

دوو تێگەیشتنی دوایی نزیکن لە تێڕوانینی قاسملوو بۆ نەتەوەی کورد. ئەو جەخت لەسەر زمانی هاوبەش، خاک و مێژوو و کولتووری هاوبەش و هەستی تەعەلوقی بەکۆمەڵ وەک بناغەی نەتەوەی کورد دەکاتەوە و کوردیش وەک نەتەوەیەکی جیا لە فارس و عەرەب و تورک دادەنێت. ئەمەش تێگەیشتنێکی جیاوازە لەگەڵ بنیاتنانی نەتەوە لەسەر بنەمای دەوڵەت لە ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا، کە زۆرجار کورد وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی پێناسە کراوە نەک نەتەوەیەکی جیاواز. (١٥)

دەیڤید میلەر ناسیۆنالیزم بە ئایدۆلۆژیایەک پێناسە دەکات کە لەسەر بنەمای سێ گریمانەی بنەڕەتی دامەزراوە: نەتەوەکان پێکهاتەی ڕاستەقینە و بەنرخن، کە پابەندبوونی ئەخلاقیی تایبەت لە نێوان ئەندامەکانیاندا دروست دەکەن و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە شێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان ئۆتۆنۆمییەکی دیکەی سیاسیدا بە ویستێکی ڕەوا دادەنێن. لە هەمان کاتدا ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نەتەوەکان پێکهاتەی ئاڵۆزن کە دەتوانن ڕەگ و ڕیشەیان لە تێکەڵە جۆراوجۆرەکانی مێژوو، زمان، کولتوور و خاکدا داکوتن، بەبێ ئەوەی هیچ یەک لەو فاکتەرانە، بە تەنیا فاکتەری یەکلاکەرەوە بن. بۆیە میلەر تێگەیشتنی ئیرادەگەرایانەی ئێرنست ڕێنان بۆ نەتەوە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت نەتەوەکان دەبێ خۆیان وەک کۆمەڵگەیەکی پەیوەندیدار لە ڕووی سیاسیشەوە هەست پێ بکەن. میلەر لە نێوان نیشتمانپەروەری، ناسیۆنالیزمی کولتووری و ناسیۆنالیزمدا جیاوازی دادەنێت. لە ڕوانگەی ئەوەوە، نیشتمانپەروەری ئاماژەیە بۆ دڵسۆزی بۆ دەوڵەتێکی هەبوو و دامەزراوە سیاسییەکانی. ناسیۆنالیزمی کولتووری جەخت لەسەر پاراستنی زمان و کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیی دەکاتەوە، بەڵام مەرج نییە داوای چارەنووسی سیاسی بەدوای خۆیدا بهێنێت. ناسیۆنالیزم لەمانە جیاوازە بە لەبەرچاوگرتنی نەتەوە وەک پێکهاتەیەکی پەیوەندیدار لە ڕووی سیاسییەوە کە داوای مافی چارەنووس وەک مافێکی ڕەوا دەکات.

هەرچەندە ناسیۆنالیزم لە ڕوانگە کۆسمۆپۆلیتیەکانەوە

ڕەخنەی لێ دەگیرێت کە ناسیۆنالیزم جیاکاری دەکات لە نێوان خەڵکی دیکە و هاوواڵاتیانی واڵاتەکەی خۆیدا لە جیاتی پێشتریتیدان و ڕەچاوکردنی بایەخە ئەخلاقییە گشتگیرەکان، بەڵام میلەر دەڵێت ناسیۆنالیزمی لیبراڵ دەتوانێت لەگەڵ ئازادی و یەکسانیدا بگونجێت. لەسەر بنەمای ئەم پاشخانەدا، دەتوانرێت لە نەتەوەکان وەک پێکهاتەی بەکۆمەڵ کە لە ڕێگەی تێکەڵەیەک لە ناسنامەی هاوبەش، هاودەنگی و خۆتێگەیشتنی سیاسی، دەتوانن داوای ڕەوا بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس بەڕەوپێش ببەن، تێبگەین. (١٦)

بە پشتبەستن بە چالاکییە سیاسییەکانی قاسملوو و بەرهەمە تیۆرییەکانی، بە باشترین شێوە دەتوانرێت بیرکردنەوەی ئەو وەک فۆرمێک لە ناسیۆنالیزم لە ڕوانگەی میلەرەوە، تێبگەین. کورد نەک هەر وەک پێکهاتەیەکی کولتووری، بەڵکوو وەک نەتەوەیەک کە داوای ڕەوای مافی چارەنووسی خۆی دەکات، بناسین.

ئۆیڤیند ئۆستروّد ئاماژە بەوە دەکات کە وودرو ویلسۆن سەرەڕای پێشخستنی بنەمای مافی چارەنووسی گەلان، هەرگیز پێناسەیەکی وردی بۆ ئەوەی کە مەبەست لە «گەل» چییە، نەکردووە. بۆیە ئەم زاراوەیە لە تیۆریی سیاسی و یاسای نێودەوڵەتیدا بە شێوازی جۆراوجۆر لێکدراوەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو چەمکە بۆ ئاماژەکردن بەو گرووپانە بەکاردێت کە خاوەنی ناسنامەیەکی هاوبەش، بەستراوەییەکی مێژوویی، پەیوەندییەکی کولتووری یان هۆشیاریی سیاسین، کە خۆیان وەک کۆمەڵگەیەکی سیاسی هەست پێ دەکەن و داوای مافی چارەنووسی بەکۆمەڵ بەڕەوپێش دەبەن. بە هەمان شێوە پێناسەیەکی گشتگیر بۆ زاراوەکانی «ئێتنیک» و «گەلانی ڕەسەن»یش نییە. ئەم پۆلێنبەندییانە تەنیا وەسفکەر یان دێسکریپتیڤ نین، بەڵکوو لە ڕووی سیاسی و نۆرماتیڤیشەوە بارگاوین، چونکە پێناسە جیاوازەکان کاریگەرییان لەسەر ئەوە هەیە کە کام گرووپ وەک هەڵگری مافی بەکۆمەڵ و داوای مافی چارەنووس دانیان پێدادەنرێت. ئەمەش بە تایبەتی لە دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکاندا گرنگە، کە دەتوانرێت هەمان گرووپ بەپێی چوارچێوەی سیاسی بە شێوەیەکی جیاواز پۆلێن بکرێت. کەواتە چەمکەکانی وەک «نەتەوە»، «گەل» و «ئێتنیک» نەک تەنها وەک وەسفکردنی پێکهاتە کولتوورییەکان کاردەکەن، بەڵکوو وەک پۆلێنگەلێکی پەیوەست بە سەروەریی دەوڵەت و شەرعییەتی داوای مافی چارەنووس دەور دەگێڕن. (١٧)

١.٣.٢.٢ مافی چارەنووسی نەتەوەیی

ئۆیڤیند ئۆستروّد باس لەوە دەکات کە شۆڕشی فەرەنسا بنەما نەتەوەییەکان و مافی دیاریکردنی چارەنووسی ناساند، بەڵام ئەمانە بە ڕەچاوکردنی سەقامگیریی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاکی وڵات بە خێرایی سنووردار کران. لە سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، مافی چارەنووس لە ڕووی سیاسییەوە بەکارهێنرا، لە کاتێکدا زلهێزەکان ڕێککەوتنی نهێنییان لەسەر دابەشکردنی خاکەکان کرد. (١٨)

دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، چەمکی خۆ-حکوومەتداریی (self-government) وودرو ویلسۆن وردە وردە جێگەی خۆ-بڕیاردانی (self-determination) گرتەوە. ئەم پەرەسەندنە دەتوانرێت وەک هەوڵێک بۆ ئاشتکردنەوەی داوای مافی چارەنووسی نەتەوەیی لەگەڵ ڕێزگرتن لە سنووورەکانی دەوڵەتانی مەوجوود تێبگەین. لە هەمان کاتدا بنەماکە بە ناڕوونی ماوەتەوە، چونکە ویلسن هەرگیز پێناسەیەکی وردی بۆ مەبەستەکەی لە چەمکەکانی «خەڵک» یان «نەتەوە» نەکردووە. (١٩)

لەناومارکسیزمدابەشێوەیەکی جیاوازتەماشای ناسیۆنالیزم دەکرا. کارل مارکس و فریدریش ئەنگڵس ناسیۆنالیزمیان خستە ژێر سێبەری خەباتی چینایەتی، ڕۆزا لۆکسمبۆرگ مافی چارەنووسی نەتەوەیی بەوەهم لە ژێر سەرمایەداریدا دادەنا و ڕەتی کردەوە، لە بەرانبەردا ڤلادیمێر لینین، مافی چارەنووسی بە پرەنسیپێکی پێشکەوتنخوازانە لە خەبات دژی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی دادەنا.

دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، کۆمەڵەی گەلان هەوڵی دا مافی چارەنووس بە پاراستنی کەمینەکان و سیستەمی ماندات بگۆڕێت. دوای جەنگی جیهانیی دووەم، مافی چارەنووس پەیوەست بوو بە مافەکانی مرۆڤەوە و لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا چەسپێنرا، لە کاتێکدا مەبەست لێی جێخستنی پرەنسیپی یەکپارچەیی خاکی

ولّاتان و سنووردارکردنی جیابوونەوە بوو. ئەمەش بە ڕووبی لە بڕیارنامەی ١٥١٤ (١٩٦٠)ی ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەربڕدرا، کە تێیدا هاتبوو هەموو گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسیان هەیە.

لە ساڵی ١٩٧٠ کۆلۆنیالیزم وەک پێشێلکردنی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدانە کرا.(٢٠) ئەمە بە پلەی یەکەم بۆ کۆلۆنیالیزمی دوور یان سەرووی دەریاکان بوو، مەرج نەبوو بۆ فۆرمەکانی هەژموونی ناوخۆیی یان کۆلۆنیالیزمی نزیک و ناوخۆی سنووڕەکانی دەوڵەتانی مەوجوود لەخۆی بگرێتەوە.

تیۆرییە سیاسییەکان گرژییەکی بەردەوام لە نێوان مافی چارەنووسی نەتەوەیی و سنووڕە سەقامگیرەکانی دەوڵەتاندا دەخەنە ڕوو؛ بۆیە ئەو ڕاستییەی کە هەندێک لە نەتەوەکان هێشتا مافی چارەنووسی خۆیان نییە، زۆرجار بەهۆی پەیوەندییە مێژوویەکانی دەسەڵاتداری و بڕیارە سیاسییەکانەوەیە نەک نەبوونی شەرعیەت بۆ ئەم مافە. (٢١)

لای قاسملوو بە پلەی یەکەم فۆرمی دامەزراوەیی چارەنووس نەبوو کە چارەنووسساز بوو، بەڵکوو ئەوە بوو ئایا گەلێک ئازادی و کەرامەت و کۆنترۆڵی ڕاستەقینەی بەسەر کاروباری سیاسیی خۆیدا بەدەست دەهێنێت یان نا. (٢٢) لە هەمان کاتدا ئەو خەبات بۆ ئازادیی وەک پرۆسەیەکی بەردەوام و مێژوویی دەبینی، بەو پێیەی واقیعەت سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندان. (٢٣)

هەروەها مافی چارنووس پرسی دانپێدانانی بەکۆمەڵیش دەوروژێنێت. ئەگەر ئۆتۆنۆمی و کەرامەت بۆ تاک بنچینەیی بن، دەتوانرێت بپرسین گەلۆ پێکهاتە بەکۆمەڵەکان مافی دانپێدانانی هاوشێوەیان هەیە؟

فرانسیس فوکویاما دەڵێت پێویستی مرۆڤەکان بۆ دانپێدانان – ئەوەی بە تایموّس ناوی دەبات، لەسەر بنەمای فەلسەفەی ئەفلاتوون – دەتوانێت ڕەهەندێکی بەکۆمەڵیشی هەبێت. کاتێک گرووپەکان هەست بکەن کە ناسنامە یان کەرامەتیان دان پێدانانرێت، ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی سەرهەڵدانەکان و بزووتنەوەکان کە داوای مافی چارەنووسی بەکۆمەڵ دەکەن. هەرچەندە هەردوو لیبرالیزم و کۆمۆنیزم هەوڵیان داوە چارەسەری سیاسیی هەمەلایەنە پێشکەش بکەن، بەڵام فوکویاما پێی وایە ئەوان نەیانتوانیوە بە تەواوی پێویستیی خەڵک بۆ دانپێدانان تێر بکەن. (٢٤)

هەروەها ئەم ڕوانگەیە لە تێگەیشتنی قاسملوو بۆ ئازادی نزیکە، کە ئازادی نەک هەر واتای هەبوونی بوار بۆ کردار دەدات، بەڵکوو کەرامەت و ڕێزگرتن لە خۆ و دانپێدانانی بەکۆمەڵیش دەگەیەنێت. بەم پێیە مافی چارەنووس وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی ئەو چەمکەی کە بە ئازادی تەواو ناوی دەهێنرێت، خۆی دەنوێنێت.

چارڵز تایلۆر دەڵێت ڕەتکردنەوەی دانپێدانان دەتوانێت لێکەوتەی بەرچاوی هەبێت بۆ تێگەیشتن لە خۆ و ئیمکانی ژیانی گرووپە پەراوێزخراوەکان. فرانتز فانۆن هەنگاوێک زیاتر دەڕواتە پێش و دانپێدانەنان وەک فۆرمێک لە ژێردەستەیی و نامۆبوون وەسف دەکات. بۆیە لە هەلومەرجی کۆلۆنیالیزمدا، خەبات بۆ دانپێدانان دەتوانێت گەشە بکات و ببێتە خەباتێک بۆ ڕزگاریی سیاسی. (٢٥)

ئەمەش هاوشێوەی تێڕوانینی قاسملوویە کە دیموکراسی بە جێگرەوەی چەک ناو دەبات و ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر دەرفەتەکانی بەشداریکردنی دیموکراتیک و مافی چارەنووس بلۆک بکرێن، دەکرێت بەرخۆدانی چەکدار بۆ دەستەبەرکردنی ئەو یەکە بە شێوەیەکی پێویست خۆی بنوێنێت. (٢٦)

تایلۆر دەڵێت دانپێدانان پێشگریمانەی قبوڵکردنی جیاوازبوون و مافی پاراستنی بەها و ناسنامە و شێوازی ژیان دەکات. وەک چۆن تاکەکان دەبێت ئازادیی ژیانیان هەبێت بەپێی هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی خۆیان، هەروەها دەبێت جەماوەرەکانیش (گرووپە جیاوازەکانی کۆلێکتیڤ) بتوانن پێکهاتەی کولتووری و نەتەوەییەکانی خۆیان بپارێزن و پەرەی پێ بدەن. ئینکاری دانپێدانان وەک جۆرێک لە ستەمکردنە؛ چونکە ناسنامە بەشێکی جەوهەرییە لە تێگەیشتنی مرۆڤەکان. کاتێک ناسنامەیەک ئینکار یان بێ بایەخ دەکرێت، نەک تەنها پێگەی تاک یان گرووپەکە بەرەوڕووی تەحەدا دەبێتەوە، بەڵکوو شکۆ و کەرامەت و شوێنی ڕەوای

ئەوانیش لە کۆمەڵگەی سیاسیدا تەحەدای لێ دەکرێت. ئەمەش پێی دەوترێت سووبێستانتیڤ لیبرالیزم کە لەو ڕوانگەیەوە ڕۆڵی دەوڵەت بریتییە لە تاعامول لەگەڵ جیاوازییەکانی کۆمەڵگە فرە کولتوریەکان جگە لە ئازادییە تاکەکەسییەکان. (٢٧)

تایلۆر لەگەڵ جۆسلین ماکلۆر ئەمە دەبەستێتەوە بە دیموکراسییەکی عەلمانی کە لەسەر ڕێزگرتنی یەکسان (بەها ئەخلاقییە یەکسانەکان) و ئازادیی وێژدان (هەموو کەسێک دەبێت ئازادیی پێکهێنان، پاراستن و دەربڕینی بیروباوەڕی ئایینی و ئەخلاقی و فەلسەفیی خۆی هەبێت)، بەشداریی سیاسیی گشتگیر (دەبێت هەموو جەماوەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە دارشتنی ناسنامەی سیاسیی کۆمەڵگادا ببیسترێن) و ڕێزگرتنی دوولایەنەی نێوان جەماوەرەکان (بۆ هاوسەنگی و هاروموونیی کۆمەڵایەتی نێوان جەماوەرەکان)(٢٨).

بنەماکانی ڕێزگرتنی یەکسان و بەشداریی گشتگیر بە تایبەتی گرنگن، چونکە ڕێگا بۆ بەدامەزراوەییکردنی مافی چارەنووس لە کۆمەڵگا فرەییەکاندا دەکەنەوە. لە بەرانبەر ئەم پاشخانەدا، تایلۆر هەروەها تیشک دەخاتە سەر بیرۆکەی جۆن ڕاولز لەبارەی کۆدەنگیی هاوبەش (overlapping consensus) وەک مۆدێلێکی مومکین بۆ پێکەوەژیانی سیاسی لە نێوان گرووپە جیاوازەکاندا. (٢٩)

ئەمەش هاوتایە لەگەڵ بیرکردنەوەی سیاسیی عەبدولڕەحمان قاسملوو. قاسملوو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە لە ئێراندا هیچ کەسێک نابێت لە کورد بە «ئێرانیتر» هەژمار بکرێت و هەمیش کورد دەبێ لە هەمان کاتدا مافی چارەنووس و کۆنترۆڵی لەسەر چارەنووسی خۆیدا هەبێت. ناوبراو هەروەها باسی لەوە کردووە کە پرسی مافی چارەنووسی نەتەوەیی دەبێ بە مەرجی یەکسانی بۆ هەموو گرووپە نەتەوەییەکان لە ئێراندا یەکلایی بکرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە مافی چارەنووس وەک داخوازییەکی بۆئیمتیازات دەرناکەوێت بەڵکوو وەک داواکارییەک بۆ دانپێدانانی یەکسان و ئازادی و بەشداریی سیاسی خۆی دەنوێنێت. (٣٠)

تیۆ دبلیو ئەی دی ویت (Theo W.A. de Wit) ئاماژە بەوە دەکات کە سیاسەتی دانپێدانان دەتوانێت گرژیش بهێنێتە ئاراوە. داننان بە جیاوازییە کولتوورییەکان دەتوانێت کەمینەکان بەهێز بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت ببێتە هۆی هاتنەئارای جەمسەرگیری و سیاسەتی شوناس. بۆیە دیموکراسی دەبێت هاوسەنگی لە نێوان ڕەچاوکردنی فرەکولتووری لەگەڵ پێویستیی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی هاوبەشدا دروست بکات، لە هەمان کاتدا کە هەوڵ بدات ڕەسەنایەتی بۆ داواکارییەکانی تەنیا ناسنامەی سابژێکتیڤ (ف. الزامات هویتی صرفا ذهنی) دانەبەزێنێت. (٣١)

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین دانپێدانانی بەکۆمەڵ و مافی چارەنووس دەبێت بە دامەزراوەیی بکرێت. شوناس بەتەنها بەس نییە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی سەقامگیر لەکاتێکدا چەند کۆلێکتیڤێکی نەتەوەیی، کولتووری یان ئایینی لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا پێکەوە بژین. بۆیە دامەزراوە سیاسییەکان پێویستن بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی دانپێدانان و مافی چارەنووس بۆ ڕێکخستنی بەردەوام و ئاشتییانە.

بەم پێیە پرسیارەکە تەنیا ئەوە نابێ کە ئایا نەتەوەکان مافی چارەنووس و دانپێدانانیان هەیە یان نا، بەڵکوو پرسیاری سەرەکی ئەوەیە چۆن دەتوانرێت ئەم مافە بە کردەوە بە دامەزراوەیی بکرێت.

١.٣.٢.٣ فۆرمەکان و بەدامەزراوەییکردنی چارەنووسی نەتەوەیی

لە سەرەوە چەمکەکانی سەروەری، دیاریکردنی چارەنووسی تاک و چارەنووسی بەکۆمەڵ وەک ڕەهەندە بنەڕەتییەکانی ئازادیی کۆمپلێت باس کراون. لەم بەشەدا باسەکە دوو تەوەری سەرەکی لەخۆی دەگرێت و ئەوە شی دەکاتەوە کە چۆن دەتوانرێت چارەنووسی نەتەوەیی بەدی بهێنرێت و هەروەها چۆنیەتیی دانپێدانان و ڕێکخستنی ئەو جۆرە ئیدیعایانە لە یاسا و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەخاتە ڕوو.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، میلەر باس لەوە دەکات کە نەتەوەکان کۆمەڵگەیەکی بەکۆمەڵ و لە ڕووی ئەخلاقییەوە شەرعین و مافی دیاریکردنی چارەنووسیان

هەیە. ئەم مافە دەتوانرێت لە ڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیاواز و سەربەخۆ یان لە ڕێگەی فۆرمەکانی تری خۆبەڕێوەبەریی سیاسییەوە بەدی بهێنرێت. مافی دیاریکردنی چارەنووس گشتگیرە و هەموو گەلان دەگرێتەوە، تەنانەت ئەگەرچی مەرج نییە لە هەموو حاڵەتەکاندا ڕێزی لێ گیرابێت یان جێبەجێ کرابێت.

لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتیدا زۆرجار جیاوازی لە نێوان چارەنووسی ناوخۆیی و دەرەکیدا دەکرێت. چارەنووسی ناوخۆیی خۆبەڕێوەبەریی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی هەبوودا لەخۆی دەگرێت، لە کاتێکدا مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەرەکی ئاماژەیە بۆ مافی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیا. یاسای نێودەوڵەتی بەگشتی لەپێشترێتیی بە دیاریکردنی چارەنووسی ناوخۆیی دەدات، لە کاتێکدا چارەنووسی دەرەکی بە شێوەیەکی سەرەکی لە بارودۆخی کۆلۆنیالیزمدا یان لە حاڵەتەکانی چەوساندنەوەی توند و بەردەوامدا دانپێدانراوە. ئەمەش لەگەڵ تێڕوانینی ئالێن بوکانانیدا یەک دەگرێتەوە کە جیابوونەوە بە شێوەیەکی ئاسایی تەنها وەک وڵامێک بۆ نادادپەروەری دەتوانرێت شەرعیەتی پێ بدرێت. (٣٢)

بەڵام مارگریت مۆر دەڵێت هەندێک داواکاریی جیابوونەوە لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی بە کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرن نەک تەنها لە نادادپەروەرییەوە. لەبری ئەوە دەبێت شەرعیەت لەڕووی چارەنووسی بەکۆمەڵەوە وەک بەهایەکی بنەڕەتی و نۆرماتیڤ تێبگەین، ئەگەرچی ناتەواویش بێت. (٣٣)

ئەو هەردوو تێۆریی بنەمادار بە هەم دادپەروەری و هەم ڕیفراندۆم وەک پێوەرێکی کافی بۆ مافی چارەنووس ڕەت دەکاتەوە(٣٤) و دەڵێت مافی چارەنووس دەبێت لە ڕێگەی پرۆسەی دامەزراوەیی و دانوستاندنەوە بەدی بهێنرێت کە هاوسەنگی لە نێوان ئازادی و سەقامگیری و دادپەروەریدا ڕەچاو بکات. (٣٥)

هەرچەندە مارگریت مۆر جەخت لەسەر گرنگیی پرۆسەیەی دانوستاندن و دامەزراوەیی دەکاتەوە بۆ شەرعیەتدان بە جیابوونەوە، بەڵام دەتوانرێت ڕەخنە لەم ڕوانگەیە بگیرێت کە بە کەم سەیری ئەوە دەکات کە زۆرێک لە پرۆسەکانی ڕزگاریی نەتەوەیی لە مێژوودا، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تاکلایەنە پێش ئەوەی دانوستانەکان ڕووبدات، دەستیان پێ کردووە.

مایکل فریمان ئاماژە بەوە دەکات کە جیابوونەوە دەتوانێت کێشەی نوێ دروست بکات، لەوانە توندوتیژی، ململانێی نوێی کەمینەکان و ململانێی دابەشکردن. بەدیلەکانی وەک ئۆتۆنۆمی و دابەشکردنی دەسەڵات دەتوانن ئەم جۆرە گرژییانە کەم بکەنەوە، بەڵام ئەم ڕێکخستنانە سنووردارن و نیشیان هەیە. ئەو زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە مافی چارەنوس بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئازادیی ڕاستەقینەی کرداری (عەمەل) ناڕەخسێنێت، بەو پێیەی هەلومەرجی ئابووری و نێودەوڵەتی سنووردارێک بۆ ئەوە دادەنێت کە دەوڵەتان و گەلان لە ڕاستیدا دەتوانن چی بکەن. بۆیە ئەوە دەبێتە جێگەی پرسیار کە نەک کێ مافی چارەنووسی هەیە، بەڵکوو بڕیارە سیاسییەکان دەبێت لە چ ئاستێکدا بدرێن. (٣٦)

قاسملوو لە وتار و نووسینەکانیدا، بەتایبەتی باسێک لە سەر دروشمە بنەڕەتییەکانی حیزب و کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، سێ فۆرمی سەرەکی بۆ مافی چارەنووسی نەتەوەیی دەستنیشان دەکات: جیابوونەوە (سەربەخۆیی)، فیدراسیۆن و ئۆتۆنۆمی. (٣٧)

لای قاسملوو مافی چارەنووس پرەنسیپێکی ئەخلاقیی بنەڕەتییە. بەڵام هەر لە هەمان کاتدا ئەو ڕوانگەیەکی پراگماتیکیی هەیە کە چۆن دەتوانرێت ئەم مافە بەدی بهێنرێت. ئەو دەڵێت داواکاریی کورد بۆ جیابوونەوە بە مانای دەستبەسەرداگرتنی خاکی گەلانی دیکە نییە، بەڵکوو بە مانای یەکخستنی نەتەوەیەکی دابەشکراو بۆ نێو یەک دەوڵەتە کە دەوڵەتی خۆیانە. بەڵام بە هۆی بەربەستە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، بە دیهێنانی ئامانجێکی لەو چەشنە، بە زەحمەت دەزانێت. هەربۆیە تەرکیزی سیاسیی خۆی دەخاتە سەر مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هاوکات پشتیوانی لە مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بە ئەرک دادەنێت و بە

کردەوە پشتیوانییان لێ دەکات.

قاسملوو هەروەها باس لەوە دەکات کە فیدراسیۆن گونجاوترین چارەسەرە بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووس لە دەوڵەتە فرەنەتەوەییەکاندا. لە دەوڵەتی فیدرالیدا پێویستە هەموو نەتەوەکان بە مەرجی یەکسان بەشداری لە حوکمڕانیی دەوڵەتدا بکەن، بەبێ ئەوەی نەتەوەیەک زاڵ بێت بەسەر ئەوانی تردا. بەم شێوەیە فیدراسیۆن هەم یەکسانیی نێوان نەتەوەکان لەسەر ئاستی دەوڵەت و هەمپەرەنسیپێکی خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی دەگەیەنێت، کە هەر نەتەوەیەک مافی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی هەیە لەو هەرێمانەی زۆرینەی پێک دەهێنێت. قاسملوو سەربەخۆیی وەک پرەنسیپ ڕەت ناکاتەوە، بەڵکوو فیدراسیۆن بە واقیعیترین و نۆرماتیڤترین چارەسەر بۆ دەوڵەتێکی فرەنەتەوەیی دەبینێت لە پێناو پاراستنی ئاشتی، ئاسایش و دادپەروەریدا.

بۆ قاسملوو، ئۆتۆنۆمی نزمترین ئاستی مافی چارەنووسی نەتەوەیی پێک دەهێنێت. ئۆتۆنۆمی واتای خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی مەوجوودایە، لە کاتێکدا بەرپرسیارێتیی سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی دراوی و بانکی، بەڕێوەبردنی ئابووریی گشتی و بەرگری هێشتا لە ئەستۆی دەوڵەتی ناوەندیدایە.(٣٨)

مۆدێلی چارەنووسی نەتەوەیی قاسملوو بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند لێکچوونێکی لەگەڵ ئەو مۆدێلە هەیە کە ویل کیملیکا لە دیموکراسیی ڕۆژئاوادا باسی دەکات. بە گوتەی کیملیکا، زۆرێک لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی لە ئایدیالی «یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە، یەک زمان» دوور کەوتوونەتەوە و زیاتر خۆیان وەک دەوڵەتی فرەنەتەوەیی ناساندووە. ئەمەش لە ڕێگەی دامەزراوەییکردنی مافی چارەنووس بۆ گرووپە ڕەسەن و ژێرنەتەوەییەکان لە شێوەی ئۆتۆنۆمی و ڕێکخستنە فیدرالیەکان و خۆبەڕێوەبەری ناوخۆییدا ڕووی داوە. لە ئەنجامدا پرسەکانی مافی چارەنووس لە زۆر حاڵەتدا نائەمنییەتی کراوە و وەک پرسێکی سیاسیی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە نەک وەک هەڕەشەی وجودی بۆ سەر دەوڵەت.(٣٩) لێرەدا مافی چارەنووس وەک بنەمایەکی دووانەیی - یان سەربەخۆیی تەواو یان هیچ - وەک قاسملوو باسی دەکات (٤٠)، تێناگات، بەڵکوو وەک پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاو و لە پەیوەندی لەگەڵ کۆنتێکستدا تێدەگات. لەو حاڵەتەدا، پێکهاتە نەتەوەییەکان یان کۆلێکتیڤەکان دەتوانن مافی چارەنووسییان لە فۆرمی خۆبەڕێوەبەری، وەک ئۆتۆنۆمی یان ڕێکخستنە فیدرالیەکان بەدەست بهێنن و دواتر بە تێپەڕبوونی کات، کار بۆ فراوانکردنی ئەمانە لە ڕێگەی کەناڵە سیاسی و دامەزراوەییەکانەوە بکەن.

کیملیکا نیشان دەدات دەوڵەتەکان لە ڕەوتی مێژوودا هەوڵیان داوە زمان و کولتوور و خۆبەڕێوەبەریی کەمینەکان لە ڕێگەی ئاسمیلەکردن و سیاسەتی نیشتەجێبوون و جۆرەکانی تری کۆنترۆڵکردنی سیاسی سنووردار بکەن. بەڵام ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە نەبوونەتە هۆی نەمانی ناسنامەی کەمینەکان. بە پێچەوانەوە، زۆرێک لە گرووپەکان بۆ دانپێدانان، مافەکان و مافی چارەنووسی خۆیان زیاتر کۆبوونەتەوە.

لای کیملیکا، مافی چارەنووس هەروەها پەیوەندیی بە دانپێدانانەوە هەیە و هەربۆیە موبیلیزەکردنی سیاسیش بۆ ئەم مەبەستە گرنگە، نەک تەنها دانپێدانانی یاسایی فەرمی.(٤٢)

هەرچەندە مافی چارەنووس وەک مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤ دان پێدانراوە، بەڵام کیملیکا ئاماژە بەوە دەکات کە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بە دەگمەن دانیان بە ڕێکخستنەکانی ئۆتۆنۆمیی خاکی یان پێگەی زمانی فەرمی بۆ نەتەوە ژێردەوڵەتییەکان ناوە. بۆیە کەلێنێکی بەرچاو لە نێوان ئایدیاڵە نۆرماتیڤەکان و پراکتیکی سیاسیدا هەیە. لە هەمان کاتدا دیموکراتیزەکردن و بەرزبوونی ناسینی مافەکان و موبلیزەکردنی سیاسیی نەتەوەبندەستەکان، دەرفەتی نوێی بۆ کەمینەکان ڕەخساندووە بۆ پێشخستنی داواکارییەکانییان لەپێناوی دانپێدانان، یەکسانی و خۆبەڕێوەبەری. (٤٣)

چارەسەریی دیموکراتیک و فیدرالیزمی فرەنەتەوەیی دەتوانن پرسی مافی چارەنووس بە دامەزراوەیی بکەن و ململانێکان کەم بکەنەوە، بەڵام مەرج نییە ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی شوناس چارەسەر بکەن. بۆیە دیاریکردنی چارەنووسی خۆ وەک کێشەیەکی بەردەوام لە دەوڵەتە

فرەنەتەوەییەکاندا دەمێنێتەوە. بە بڕوای کیملیکا، زۆرجار ئۆتۆنۆمی لە ئەنجامی واقیعە سیاسییەکانەوە سەرهەڵدەدات نەک دانپێدانانی خۆبەخشانەی دەوڵەت، کە ئەمەش لەگەڵ تێگەیشتنی قاسملوو بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک پرۆسەیەکی دینامیکی یەک دەگرێتەوە کە پێویستیی بە خەباتی بەردەوام هەیە. (٤٤)

کیملیکا ئەو ئارگیومێنتانەی چەند دەوڵەتێکی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا ڕەت دەکاتەوە کە دژایەتیکردنی فیدراڵیزم و مافی کەمینەکان لەسەر بنەمای ئابووری یان ئیداری پاساو دەدەنەوە. ئەو دەڵێت دژبەرەکان تا ڕادەیەکی زۆر بەهۆی چەمکە ئایدیۆلۆژییەکانی یەکگرتوویی خاکی دەوڵەت و یەکنەتەوەییەوە دژایەتیی ئەو مافە دەکەن. ئەم دیدگایە لە پەیوەندی بە تێگەیشتن لە پرسی کوردستانیشەوە نامۆ نییە، کە زۆرجار داواکارییەکانی ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵیزم لە لایەن کوردەوە، بە ئاماژەدان بە یەکپارچەیی خاک و ترسی جیابوونەوە لە لایەن داگیرکەرەکانەوە بەرەوڕوو دەبنەوە. (٤٥)

بەگوێرەی بۆچوونی قاسملوو، پێویستە ململانێی چەکداری بە چارەسەریی دیموکراتیک بگۆڕدرێت. ئەم جۆرە ڕێکخستنانە دەتوانن چارەنووسی نەتەوەیی بە دامەزراوەیی بکەن و ململانێ کەم بکەنەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکەن کە پەیوەندییان بە ئیدیعای نەتەوەییەوە هەیە. مافی چارەنووسی نەتەوەیی تەنیا پەیوەندیی بە نوێنەرایەتیی سیاسی و ڕێکخستنی دامەزراوەییەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە خاوەندارێتی، کۆنترۆڵکردن و هەبوونی دەسەڵاتی ڕەوا بەسەر ئەو ناوچە خاکییانەدا هەیە کە ڕەسەنێک تێیدا چالاکییە کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسییەکانی خۆی دەپارێزێت. بۆیە پرسی دیاریکردنی چارەنووس بە ناچاری پرسیاری خاک دەوروژێنێت، بەو پێیەی ئیدیعای سەربەخۆیی، فیدراسیۆن، یان جیابوونەوە بەزۆری پەیوەستە بە ناوچە جوگرافییە تایبەتەکانەوە. بۆ ئەوەی هەم لە بنەما و هەم لە سنووری مافی چارەنووسی نەتەوەیی تێبگەین، پێویستە بە وردی لە مانای نۆرماتیڤی خاک بکۆڵینەوە.

١.٣.٢.٤ خاک وەک بنەمایەکی نۆرماتیڤ بۆ چارەنووسی نەتەوەیی

چارەنووسی بەکۆمەڵ پەیوەندییەکی نزیکیی بە ڕێکخستنی سیاسی و خۆبەڕێوەبەرییەوە هەیە. بۆ ئەوەی نەتەوەیەک یان گرووپێکی کۆڵێکتیڤ بتوانێت دامەزراوەکان دابمەزرێنێت و دەسەڵاتی سیاسی مومارەسە بکات، بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێت دیاریکردنی چارەنووس، ڕەگ و ڕیشەی لە خاکێکی دیاریکراو یان ناوچەیەکی جوگرافیدا هەبێت. بۆیە پرسی دیاریکردنی چارەنووس، پرسی مافی خاکیش دەوروژێنێت.

مارگریت مۆر جیاوازی دادەنێت لە نێوان زەوی وەک زەویی فیزیکی و خاک (قلمرو) وەک ناوچەیەکی سیاسی کە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی دادوەرییەکی تایبەتەوە. بەم شێوەیە خاک تەنها ناوچە وشکانییەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو ناوچە دەریاییەکان و سامانە سروشتییەکان و ئاسمانیش دەگرێتەوە. تیۆرییەکانی دادپەروەری خاکی هەوڵ دەدەن ڕوونی بکەنەوە کە کێ مافی خاکی هەیە، چ بەهایەک پاساویان بۆ دەهێنێتەوە و چۆن دەتوانرێت ئەو جۆرە مافانە بە ناوچە جوگرافییە تایبەتەکانەوە ببەسترێتەوە. پرسیارێکی سەنتراڵ ئەوەیە کە بۆچی نەتەوەیەک یان دەوڵەتێکی دیاریکراو ئیدیعای ڕەوای لەسەر خاکێک هەیە بەرانبەر بە خاکێکی تردا. (٤٦)

مۆر لە وتارەکەی «مافی خاکی و دادپەروەری خاکی»دا باس لەوە دەکات کە تیۆرییەکانی ئێستای مافەخاکییەکان، لەوانە تیۆرییەکانی لۆکی، کانتی و تیۆرییەکانی دیکەی بنەمادار بە دادپەروەری، تیۆرییەکانی یاسای سروشتی، تیۆرییە ناسیۆنالیستییەکان و تیۆرییەکانی ئێتنۆگرافی، هەموویان ڕووبەڕووی کێشەی بەرچاو دەبنەوە. لە کاتێکدا ئەو تیۆرییانە دەتوانن ڕوونی بکەنەوە کە بۆچی ڕەنگە گرووپەکان یان دەوڵەتەکان مافی خاکییان هەبێت، بەڵام کەمتر سەرکەوتوون لە پاساوهێنانەوە بۆ ئەوەی بۆچی گەلێکی دیاریکراو داواکارییەکی ڕەوای لەسەر خاکێکی دیاریکراو هەیە، بەتایبەتی کاتێک کە چەند گرووپێکی جیاواز لەسەر خاکێکی

دیاریکراو ڕکابەری دەکەن. سەرەڕای جیاوازیی بەرچاو، تیۆرییەکان لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراون کە خاک و دامەزراوە سیاسییەکان پێویستن بۆ جێبەجێکردنی مافی چارەنووس، پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکان. لە هەمان کاتدا ئەو تیۆرییانە بەکارهێنانی هێز، داگیرکاری و کۆڵۆنیالیزم وەک پاشخانێکی کافی بۆ مافە خاکییەکان ڕەت دەکەنەوە.

بە پشتبەستن بەم تێڕوانینانە دەتوانرێت بڵێین کە دەبێت مافی چارەنووس بۆ ئەو کۆلێکتیڤانە بە فەرمی بناسرێت لە سەر خاکێک کە تێیدا کۆمەڵگەیەکی مێژوویی و دیمۆگرافی پێک دەهێنن. بەڵام دەبێت ئەم مافە بە شێوەیەک بەکاربهێنرێت کە مافە بنەڕەتییەکانی گرووپەکانی دیکەی هاوبەشی خاکەکەش بپارێزێت. لەو ناوچانەی کە داواکارییە خاکییەکانی کۆلێکتیڤە جیاوازەکان یەکتر دادەپۆشن، فیدراڵیزم، دابەشکردنی دەسەڵات، یان جۆرەکانی تری حوکمڕانیی هاوبەش ڕەنگە چارەسەرێکی ڕەواتر بخەنە ڕوو لە چاو ئیدیعاکانی سەروەریی مۆنۆپۆل و پەڕاوێزکار. لەم چوارچێوەیەدا، بیرۆکەی ڕاوڵز لەبارەی ئۆڤێرلاپپینگ کۆنسێنسووس دەتوانێت وەک خاڵێکی نۆرماتیڤی بنەڕەتی بەسوود بێت، چونکە هەوڵ دەدات ڕێکخستنە سیاسییەکان بە چەشنێک دابمەزرێنێت کە گرووپە جیاوازەکان بتوانن سەرەڕای ناکۆکیی بەردەوام سەبارەت بە ناسنامە، مێژوو و ئیدیعای خاکی، قەبوواڵیان بکەن. (٤٧)

١.٤ ئاکام

لە ڕێگە شیکردنەوەی سەروەری و مافی چارەنووس دەرکەوت کە هەردووی ئەم چەمکانە ئاڵۆزترن لەوەی کە تیۆرییە کلاسیکییەکان زۆرجار گریمانەیان بۆ دەکەن. لە کاتێکدا کە سەروەری لەلایەن بیرمەندانی وەک بۆدین و هۆبزەوە وەک دەسەڵاتێکی سیاسیی باڵا و دابەشنەکراو و ڕەها دەخەنە ڕوو، تیۆرییە مۆدێرنەکان زیاتر جەخت لەسەر شەرعیەتی جەماوەری، مافی مرۆڤ، مافی کەمینەکان و سنووردارکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگای بەدامەزراوەییکردن دەکەنەوە.

شیکاریی مافی چارەنووسی تاکەکەسی دەریخست کە ئازادی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کەرامەتی مرۆڤ، ئۆتۆنۆمی و نەبوونی هەژموونیی ئارەزوومەندانەوە هەیە. لە هەمان کاتدا تیۆرییەکانی چارەنووسی بەکۆمەڵ نیشان دەدەن کە دانپێدانان، ناسنامە و تەعەلوق ڕەهەندێکی بەکۆمەڵیشیان هەیە. بۆیە مافی چارەنووس تەنیا بە ئازادیی تاکەکانەوە نابەسترێتەوە، بەڵکوو پەیوەندیی بە دەرفەتی گرووپەکانەوە هەیە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی پێکهاتە سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانیان.

جگە لەوەش، دەرکەوت کە داواکارییەکانی مافی چارەنووس دەتوانرێت بە شێوازی جیاواز بەدی بهێنرێت، لەوانە لە ڕێگەی ئۆتۆنۆمی، فیدراڵیزم، دابەشکردنی دەسەڵات یان لە هەندێک حاڵەتدا جیابوونەوە (سەربەخۆیی). تیۆریسییەنەکانی وەک مۆر، کیملیکا و قاسملوو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەدامەزراوەییکردنی دیاریکردنی چارەنووس زۆرجار پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ململانێکانی نێوان گرووپە نەتەوەییە جیاوازەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراتیک. لە هەمان کاتدا، مەرج نییە ئەم جۆرە ڕێگاچارانە هەموو ناکۆکییەکانی پەیوەست بە ناسنامە و دانپێدانان چارەسەر بکەن.

لە کۆتاییدا باسکردنی خاک ئەوە دەردەخات کە تێگەیشتن لە چارەنووسی بەکۆمەڵ بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە پرسە خاکییەکان ئەستەمە. زۆرجار خاک بنەمای جوگرافیای ڕێکخستنی سیاسی و دووبارە بەرهەمهێنانی کولتووری و مومارەسەی خۆبەڕێوەبەری پێک دەهێنێت. لە هەمان کاتدا، هاوپۆشبوونی داواکارییەکانی خاکی لە لایەن گرووپە جیاوازەکانەوە دەتوانێت ناکۆکی دروست بکات کە بە ئاسانی لە ڕێگەی سەروەریی تایبەت چارەسەر ناکرێ. لەم جۆرە بارودۆخانەدا، فیدراڵیزم، دابەشکردنی دەسەڵات و جۆرەکانی تری دەسەڵاتی سیاسیی هاوبەش، ڕەنگە وەک چارەسەری ڕەواتر خۆیان بنوێنن.

بە گشتی شیکارییەکە ئەوە نیشان دەدات کە ئازادی بە تەنیا ناتوانرێت بەس لە ئۆتۆنۆمیی تاکەکەسی

و چارەنووسی بەکۆمەڵدا کورت بکرێتەوە. بەڵکوو ئازادی وەک دیاردەیەکی فرەڕەهەند تێدەگەین، کە تێیدا ئۆتۆنۆمیی تاک، نەبوونی هەژموون، دانپێدانانی بەکۆمەڵ و ئەگەری بەدامەزراوەییکردنی مافی چارەنووس وەک پێشمەرجگەلێکی پەیوەندیدار و پەیوەست بە یەکتر، بۆ کەرامەتی مرۆڤ و بەشداریی سیاسی دەردەکەون. ئەمەش بنەمای چەمکی ئازادیی کۆمپلێت پێک دەهێنێت، وەک سەنتێزێک بۆ هەموو ئەو ڕەهەندانەی لێرەدا ئاماژەیان پێ درا.

سەرچاوەکان:

کوردی:

بەهرامی، کاوە. تاقگەی هەقیقەت: کۆمەڵەیەک لە بەرهەمەکانی د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو. بەرگی یەکەم. چاپی دووەم. سلێمانی، ٢٠٠٨.

بەهرامی، کاوە. تاقگەی هەقیقەت: کۆمەڵەیەک لە بەرهەمەکانی د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو. بەرگی دووەم. سلێمانی، ٢٠٠٦.

قاسملوو، عەبدوڵڕەحمان. کوردستان و کورد. وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە. هەولێر، ٢٠٠٧.

قاسملوو، عەبدوڵڕەحمان. «وتەکانی دوکتۆر قاسملوو بۆ پێشمەرگەکانی هێزی ئاگری لەسەر گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران». ١٩٨٩. https://n٩.cl/٥ynAh.

فارسی:

فانی، عنایت. «مصاحبه با قاسملو، سال ١٩٨٩». بی‌بی‌سی فارسی، ٢٠١۴. https://n٩.cl/r٤٤na.

رجائی، هوشنگ. «فلسفه سیاسی و مشکل ما». اطلاعات سیاسی و اقتصادی، شماره ۶۱-۶۲ (۱۳۷۱): ۷_۸.

English and Norwegian:

Arntzen, Sven. «Verdighet og selvbestemmelse – En aktørbasert forestilling om menneskeverdet.» I Menneskeverd – en utfordring for skole og samfunn, redigert av Ådne Valen-Sendstad og Ingrid Reite Christensen Oslo: Cappelen Damm Akademisk, ٢٠١٩. ١٩٢–١٩٦.

Dunning, Wm. A. "Jean Bodin on Sovereignty." Political Science Quarterly ١١, nr. ١ (١٨٩٦): ٨٢–١٠٤. https://doi.org/١٠,٢٣٠٧/٢١٣٩٦٠٣.

Freeman, Michael. "The Right to Self-Determination: Philosophical and Legal Perspectives." New England Journal of Public Policy ٣١, nr. ٢ (٢٠١٩): Art. ٤. https://scholarworks.umb.edu/nejpp/vol٣١/iss٢/٤/.

Fukuyama, Francis. Identitet: Kravet om verdighet og ressentimentets politikk. Oslo: Dreyer, ٢٠١٩.

Krasner, Stephen D. Sovereignty: Organized Hypocrisy. Princeton, NJ: Princeton University Press, ١٩٩٩.

Kymlicka, Will. "Multiculturalism and Minority Rights: West and East." Journal on Ethnopolitics and Minority Issues in Europe ٤ (٢٠٠٢): ١–٢٦. https://www.ecmi.de/fileadmin/downloads/_Focus٤/nr٤/٢٠٠٢/publications/JEMIE_٢٠٠٢-Kymlicka.pdf.

Miller, David. "Nationalism." I The Stanford Encyclopedia of Philosophy. Summer ٢٠٢٥ Edition. Redigert av Edward N. Zalta og Uri Nodelman. Stanford, CA: Metaphysics Research Lab, Stanford University, ٢٠٢٥. https://plato.stanford.edu/archives/sum٢٠٢٥/entries/nationalism/.

Moore, Margaret. "Territorial Rights and Territorial Justice." I The Stanford Encyclopedia Edition. Redigert av ٢٠٢٤ of Philosophy. Winter Edward N. Zalta og Uri Nodelman. Stanford, CA: Metaphysics Research Lab, Stanford University, ٢٠٢٤. https://plato.stanford.edu/

./entries/territorial-rights

Moore, Margaret. “The Moral Value of Collective Self-Determination and the Ethics of Secession”.

Rajaei, Hoshang. «Politikkens filosofi og vårt problem.» Politisk og økonomisk informasjon, nr. ٦١–٦٢ (١٩٩٢): ٧–٨.

Rasmussen, Terje. Suverenitet: Historien om folkestyrets og nasjonens idé ١٨١٤–٢٠٢٤. Oslo: Cappelen Damm Akademisk, ٢٠٢٤.

Skirbekk, Gunnar, og Nils Gilje. Filosofihistorie. Oslo: Universitetsforlaget, ٢٠٠٠.

Souleimanov, Emil Aslan, og Josef Kraus. Iran’s Azerbaijan Question in Evolution: Identity, Society, and Regional Security. Stockholm: Institute for Security and Development Policy, ٢٠١٧.

de Wit, Theo W. A. “‘My Way’: Charles Taylor on Identity and Recognition in a Secular Democracy.” Stellenbosch Theological Journal ٤, nr. ١ (٢٠١٨): ١٤٧–١٦٧. https://doi.org/١٠.١٧٥٧٠/stj.٢٠١٨.v٤n١.a٠٨

Østerud, Øyvind. Demokrati og samfunnsstyring – nasjonenes selvbestemmelsesrett. Oslo: Universitetsforlaget, ١٩٨٤.

پەڕاوێزەکان

١- هوشنگ رجائی، فلسفه سیاسی و مشکله ما. مجله‌ی اطلاعات سیاسی و اقتصادی، شماره ٦١-٦٢، (١٣٧١). ص. ٧-٨

٢- Terje Rasmussen, Suverenitet: Historien om folkestyrets og nasjonens idé ١٨١٤–٢٠٢٤ (Oslo: Cappelen Damm Akademisk, ٢٠٢٤), ١٤ & Wm. A. Dunning, “Jean Bodin on Sovereignty,” Political Science Quarterly ١١, no. ١ (March ١٨٩٦): ٨٦–٩٥, https://doi.org/٢١٣٩٦٠٣/١٠,٢٣٠٧

٣- Wm. A. Dunning, “Jean Bodin on Sovereignty,” Political Science Quarterly ١١, no. ١ (March ١٨٩٦): ٩٩-١٠٢, https://doi.org/٢١٣٩٦٠٣/١٠,٢٣٠٧

٤- Gunnar Skirbekk og Nils Gilje, Filosofihistorie (Oslo: Universitetsforlaget, ٢٣٧ ,(٢٠٠٠

٥- Gunnar Skirekk og Nils Gilje, Filosofihistorie (Oslo: Universitetsforlaget, ٢٨٧٢٨٨ ,(٢٠٠٠

٦- Gunnar Skirbekk og Nils Gilje, Filosofihistorie (Oslo: Universitetsforlaget, ٣٣٨-٣٣٧ ,(٢٠٠٠

٧- Stephen D. Krasner, Sovereignty: Organized Hypocrisy (Princeton, NJ: Princeton University Press, ٢١ ,(١٩٩٩, Sovereignty on JSTOR

٨-Stephen D. Krasner, Sovereignty: Organized Hypocrisy (Princeton, NJ: Princeton University Press, ٢٢ ,(١٩٩٩, Sovereignty on JSTOR

٩-Sven Arntzen, «Verdighet og selvbestemmelse – En aktørbasert forestilling om menneskeverdet», i Menneskeverd – en utfordring for skole og samfunn, red. Ådne Valen-Sendstad og Ingrid Reite Christensen (Oslo: Cappelen Damm Akademisk, ٢٠١٩), ١٩٢-١٩٦, Verdighet og Selvbestemmelse: En Aktørbasert Tilnærming (MBRAADLAND) - Studocu

٩- Margaret Moore, “The Moral Value of Collective Self-Determination and the Ethics of Secession,” ٥.

١٠- Theo W.A. de Wit, “‹My Way›: Charles Taylor on Identity and Recognition in a Secular Democracy,” Stellenbosch Theological Journal ٤, nr. ١ (٢٠١٨): ١٤٧–١٦٧ :https://doi.org/١٠,١٧٥٧٠/stj.٢٠١٨.v٤n١.a٠٨

١١- Øyvind Østerud, Demokrati og samfunnsstyring – nasjonenes selvbestemmelsesrett (Oslo: Universitetsforlaget, ١٧ ,(١٩٨٤.

١٢- Østerud, Demokrati og samfunnsstyring – nasjonenes selvbestemmelsesrett, ٢٠.

١٣- Østerud, Demokrati og samfunnsstyring – nasjonenes selvbestemmelsesrett,٢٢-٢١.

١٤- Abdul Rahman Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, trans. A. Hassanzadeh (Erbil, ٢٩٢–٢٨٦ ,(٢٠٠٧

١٥- David Miller, “Nationalism,” i The Stanford Encyclopedia of Philosophy, Summer ٢٠٢٥ ed., red. Edward N. Zalta og Uri Nodelman (eds.), URL = <https://plato.stanford.edu/archives/sum٢٠٢٥/entries/nationalism/>.

١٦- Emil Aslan Souleimanov og Josef Kraus, Iran’s Azerbaijan Question in Evolution: Identity, Society, and Regional Security (Stockholm: Institute for Security and Development Policy, ٢٠١٧), https://www.files.ethz.ch/isn/٢٠٠٧١٢/٤٦١٨٣_Etnonasjonalisme_Iran_Aserbajdsjan.pdf

١٧- Øyvind Østerud, Demokrati og samfunnsstyring – nasjonenes selvbestemmelsesrett, ٧٥-٧٠

١٨- Øyvind Østerud, Demokrati og samfunnsstyring – nasjonenes selvbestemmelsesrett, ٩١-٧٥ og ٩٩-٩٤ & og Michael Freeman, “The Right to Self-Determination: Philosophical and Legal Perspectives,” New England Journal of Public Policy ٣١, nr. ٢٠١٩) ٢): art. ٤-١ ,٤ https://scholarworks.umb.edu/nejpp/vol٣١/iss٤/٢/

١٩- Øyvind Østerud, Demokrati og samfunnsstyring – nasjonenes selvbestemmelsesrett, ١٢٧-١٢٦

٢٠- کاوه بەهرامی، تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل. ٢٣.

٢١- کاوه بەهرامی، تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی دووهەم، ل. ٣٦

٢٢- وتەکانی دوکتۆر قاسملوو بۆ پێشمەرگەکانی هێزی ئاگری، ١٩٨٩،

٢٣- https://n٩.cl/a٥yn٨h

Francis Fukuyama, Identitet: Kravet om verdighet og ressentimentets politikk (Oslo: Dreyer Forlag, ٦٦ ,(٢٠١٩.

٢٤- Theo W.A. de Wit, “‹My Way›: Charles Taylor on Identity and

Recognition in a Secular Democracy," Stellenbosch Theological Journal ٤, nr. ١٦٧–١٤٧ :(٢٠١٨) ١, https://doi.org/١٠,١٧٥٧٠/stj.٢٠١٨.v٤n١.a٠٨

٢٥- Fani, Enayat. *Et intervju med Ghassemlou i ١٩٨٩*. BBC Persian, ٢٠١٤. https://n٩.cl/r٤٤na.

٢٦- Theo W.A. de Wit, "‹My Way›: Charles Taylor on Identity and Recognitionin a Secular Democracy," Stellenbosch Theological Journal ٤, nr. ١٦٧–١٤٧ :(٢٠١٨) ١, https://doi.org/١٠,١٧٥٧٠/stj.٢٠١٨.v٤n١.a٠٨

٢٧- سەرچاوەی پێشوو

٢٨- سەرچاوەی پێشوو

٢٩- Enayat Fani, Et intervju med Ghassemlou i ١٩٨٩, en måned før Ghassemlous attentat, BBC Persian, ٢٠١٤, https://n٩.cl/r٤٤na (tilgjengelig ٧. februar ٢٠٢٢).

٣٠- Theo W.A. de Wit, "‹My Way›: Charles Taylor on Identity and Recognitionin a Secular Democracy," Stellenbosch Theological Journal ٤, nr. ١٦٧–١٤٧ :(٢٠١٨) ١, https://doi.org/١٠,١٧٥٧٠/stj.٢٠١٨.v٤n١.a٠٨

٣١- Margaret Moore, "The Moral Value of Collective Self-Determination and the Ethics of Secession," ٢–١.

٣٢- Margaret Moore, "The Moral Value of Collective Self-Determination and the Ethics of Secession," ٤-٢

٣٣- Margaret Moore, "The Moral Value of Collective Self-Determination and the Ethics of Secession," ١٣-٧

٣٤- Margaret Moore, "The Moral Value of Collective Self-Determination and the Ethics of Secession," ٢٣-١٩

٣٥- Michael Freeman, "The Right to Self-Determination," ٦-٥

٣٦- هەردووی ئەم نووسینانە دەتوانرێت لە بەرگی یەکەم، چاپی دووهەمی پەرتووکی تاقگەی هەقیقەت، چاپی ساڵی ٢٠٠٨ لە سلێمانی، کە نووسینەکانی دوکتۆر قاسملوو لە خۆی دەگرێتەوە و لە لایەن کاوە بەهرامی)یەوە کۆ کراونەتەوە، لە لاپەڕەکانی ١٥-٥٣، و ٢٨٥-٣١٤، چاو لێ بکرێن.

٣٧- سەرچاوەی پێشوو

٣٨- Will Kymlicka, "Multiculturalism and Minority Rights: West and East," Journal on Ethnopolitics and Minority Isues in Europe ٤, ٥ :(٢٠٠٢) https://www.ecmi.de/fileadmin/downloads/publications/JEMIE/٢٠٠٢/nr٤/Focus٢٠٠٢-٤_Kymlicka.pdf

٣٩-وتەکانی دوکتۆر قاسملوو بۆ پێشمەرگەکانی هێزی ئاگری، ١٩٨٩،

٤٠- https://n٩.cl/a٥ynAh

٤١- Kymlicka, "Multiculturalism and Minority Rights," ٧-٣.

٤٢- Kymlicka, "Multiculturalism and Minority Rights," ٤.

٤٣- Kymlicka, "Multiculturalism and Minority Rights," ١٠-٦

٤٤- Kymlicka, "Multiculturalism and Minority Rights," ١٧-١٠

٤٥- Kymlicka, "Multiculturalism and Minority Rights," ١٨

٤٦-Margaret Moore, "Territorial Rights and Territorial Justice," i The Stanford Encyclopedia of Philosophy, red. Edward N. Zalta og Uri Nodelman, Winter ٢٠٢٤ Edition (Stanford, CA: Metaphysics Research Lab, Stanford University, ٢٠٢٤), https://plato.stanford.edu/entries/territorial-rights/

٤٧- سەرچاوەی پێشوو

کاتێک پەروەردە دەبێتە کۆنترۆڵ، ڕەخنەیەک لە هەندێک شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا

م. خوشکان کامەران بابان

کۆنترۆڵی دەروونی لە کۆنترۆڵی ڕەفتاری جیاوازە. کۆنترۆڵی ڕەفتاری بریتییە لە دانانی یاسا، ڕێنمایی و چاودێریکردنی ڕەفتاری منداڵ؛ بەڵام کۆنترۆڵی دەروونی دەچێتە ناو جیهانی ناوەوەی منداڵ و دەیەوێت هەست و بیرکردنەوە و کەسایەتیی ئەو ئاراستە بکات.

لەو شێوازەدا، هەندێک تەکنیکی دەروونی بەکار دەهێنرێن؛ وەک دروستکردنی هەستی تاوان، شەرمەزارکردن، کێشانەوەی خۆشەویستی، سووکایەتی و بەکەمسەیرکردنی هەستەکانی منداڵ. هەروەها، بەراوردکاریی نەرێنی و چاوەڕوانیی لەڕادەبەدەر دەتوانن ببنە شێوازێک بۆ دەستوەردان لە ئازادیی کەسیی منداڵ. ئامانجی ئەم کۆنترۆڵە زۆرجار ناچارکردنی منداڵە بۆ گوێڕایەڵی، پاراستنی دەسەڵاتی دایک و باوک و دروستکردنی وابەستەیی دەروونی؛ بە شێوەیەک کە منداڵ هەست بکات هەست و کەسایەتیی ڕاستەقینەی ئەو پەسەندکراو نییە.

پێشەکی

ڕەفتارە نادروستەکان بەرامبەر بە منداڵان لە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆرجار بەهۆی کەمیی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، هەژاری و نەزانییەوە، بە شێوەیەکی دروست نابینرێن و هەست بە قووڵیی کێشەکە ناکرێت. سەرباری ئەمەش، هەندێک فاکتەری ئایینی و پاشخانی کەلتووری و کۆمەڵایەتی دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا بگێڕن. لە هەندێک کۆمەڵگەدا، خێزانەکان هەوڵ دەدەن ڕووداوەکانی ئازاردان و دەستدرێژی بشارنەوە، بە تایبەتی لە ترسی لەدەستدانی شکۆ و ناوبانگی خێزان و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان.

کۆمەڵگەی کوردییش بەشێکە لەم دۆخە و ناتوانرێت بڵێین لە پەروەردەی ناتەندروستی و تووندوتیژی بەرانبەر بە منداڵان بە تەواوی بێبەشە. بەڵام لە هەمان کاتدا، دەبێت دان بەوەشدا بنرێت کە کۆمەڵگەی کورد هەڵگری بەها و داب‌ونەریتێکی جوان و مرۆڤدۆستانەیە و زۆرێک لەو بەها و ڕەوشەتانە فێری منداڵ دەکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانین بە تەنها هەبوونی ئەم بەها و داب‌ونەریتانە دڵنیابین لەوەی هەمیشە دەبنە هۆی پەروەردەیەکی دروست و دروستبوونی دەروونێکی هاوسەنگ بۆ منداڵ.

ئایا لە کۆمەڵگەدا تەنها مێیینەکان تووشی ترس و سزا دەبنەوە؟

ڕەفتاری خراپ بەرانبەر بە منداڵان لە هەرێمی کوردستاندا پرسێکی پەیوەندیدار بە جێندەرەوەیە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، لە کۆمەڵگەیەکی باوکسالاردا کە تێیدا ئافرەتان لە پلەوپایەیەکی نزمتردان بە بەراورد بە پیاوان. بەڵام، بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق، ئافرەتانی کورد ڕووبەڕووی جیاکاریی کەمتر دەبنەوە، هەرچەندە هێشتا پێویستی بە باشترکردن هەیە.

ئەگەرچی یاساکانی کوردستان تاوانی شەرەف وەک تاوانی کوشتنی ئاسایی دەناسێنن، بەڵام ژمارەی ئەم جۆرە کوشتنانە بەردەوام لە زیادبوونداً بووە. بەپێی شیکارییەکی ئاماری کە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵی ٢٠١٣دا بڵاوکراوەتەوە، ٢٣٦ ئافرەت تووشی بریندارییی جەستەیی بوون لە ئەنجامی سزادانی شەرەفەوە، لەنێویاندا ١١٣یان بەهۆی خۆسووتاندنەوە بووە.Taha)(٢٠١٩

زۆربەی منداڵان ڕووبەڕووی هەردوو جۆری سزادانی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە. زۆرێک لە دایک و باوکان ڕێگەی ئاشتییانە/بێ تووندوتیژییش بەکاردەهێنن (وەک ڕوونکردنەوەی هەڵەکان یان بێبەشکردن لە هەندێک ئیمتیاز)، بەڵام زیاتر لەگەڵ ڕێگە تووندوتیژەکاندا تێکەڵی دەکەن. ئەو منداڵانەی تەنیا ڕێگەی بێ تووندوتیژییان بەرانبەر بەکاردێت ڕێژەیەکی زۆر کەمن. (World Health Organization [WHO], ٢٠٢٦)

ئەگەر تووندوتیژییەکەی مرۆڤ لە منداڵییەوە دەستی پێ کردبێت، بریندەکانی ئەو قۆناغە تەنها بە کۆتایی منداڵی کۆتایی نایەن؛ بەڵکوو ئەزموونی تووندوتیژی و مامەڵەی خراپ لە سەردەمی منداڵی دەتوانێت کاریگەرییەکی درێژخایەن لەسەر دەروون و ڕەفتاری مرۆڤ دابنێت و لە داهاتوودا تووشبوون یان ئەنجامدانی تووندوتیژی زیاد بکات.

هەڵەکانی پەروەردەکردنی منداڵ زۆرن، بەڵام لەم بابەتەدا سەرنجمان دەخەینە سەر چەند شێوازێکی باوی پەروەردە لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە پێویستیان بە ڕەخنە و لێکدانەوە هەیە:

١. پەروەردەکردن بە ترس و سزا، لەبری فێرکردن و ڕێنماییکردنی منداڵ بە شێوازێکی دروست.

٢. بەراوردکردنی منداڵ بە منداڵانی تر و دروستکردنی هەستی کەمبایەخی و نائاسایی لە ناخی منداڵدا.

٣. لە قاڵبدانی منداڵ لەلایەن دایک و

باوکەوە و نەهێشتنی بوار بۆ پەرەپێدانی کەسایەتیی سەربەخۆی خۆی.

٤. خۆشەویستیی بێسنوور و دانەنانی سنووری گونجاو، کە دەتوانێت ببێتە هۆی نەبوونی بەرپرسیارێتی و نەتوانینی منداڵ لە تێگەیشتن لە سنوور و ئەرکەکانی خۆی.

١-پەروەردەکردن بە ترس و سزا، لەبری فێرکردن و ڕێنماییکردنی منداڵ بە شێوازێکی دروست

لەبری فێرکردن و ڕێنماییکردنی منداڵ بە شێوازێکی دروست؛ هەڕەشەی سزادان تەنها وا دەکات منداڵان لە دژی دایک و باوکیان هەڵگەڕێنەوە وایان لێ دەکات یاخی بن. زۆر جار ڕەنگە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەمان لە دایک و باوکانی کورد بینیبێت؛ کاتێک منداڵ لاساریی‌ەک دەکات، وەک هەڕەشەیەک پێی دەگوترێت: «شەرت بێت ئەو دڕکە لە ژێر پێت دەربهێنم»، یان «باشە، بەسەرتەوە ناچیت، دەبێت پێت بڕێژم» و هتد. ئەمانە تەنها چەند نموونەیەکن لە دەستەواژە هەڕەشەئامێزەکان کە دەتوانن ترس و دڵەڕاوکێ لە دڵی منداڵدا دروست بکەن.

هەروەها زۆر جاران گوێمان لە گەورە سااڵن بووە دەڵێن:ڕۆڵە ئەوسا منااڵ تێرت لێ ئەدا و نانەکەشی ئەخوارد و ئەچوو ئیشەکەشی ئەکرد؛ منااڵی ئێستە گۆڕاوە.

وەک چۆن جیهانی ئەمڕۆ جیاوازە، منداڵەکانیشمان جیاوازن. چیتر وڵامیان نابێت بۆ شێوازی باوانیکردنێک لەسەر بنچینەی ترس بێت. ڕێبازە کۆنەکان کە لەسەر بنچینەی ترس بوون لە ڕاستیدا جڵەوی دایک و باوک لاواز دەکەن. بەچەترسێنکردنی منداڵ لەڕێی هاوارکردن چیتر نابێتە هۆی هێنانە کایەی جڵەوکردن، بەڵکوو بە سادەیی دەبێتە هۆی سستکردنی ویست و ئامادەیی منداڵ تا گوێ بگرێت و هاوکار بێت. دایکان و باوکان وێڵن بە شوێن پەیوەندییەکی باشتردا لەگەڵ منداڵەکانیاندا تا ساز و ئامادەیان بکەن بۆ فشارە بەردەوام هەڵکشاوەکانی ژیانی ئەمڕۆ، بەڵام بەداخەوە، هێشتا شێواز و ڕێبازە بەسەرچووەکانی باوانیکردن بەکار دەهێنن.

گەرچی لێدان و سزادانی منداڵان لە ڕابردوو کاری خۆیان دەکرد، ئەمڕۆ ئەنجامی خراپ و پێچەوانەیان دەبێت. شێوازەکانی باوانیکردنی پشتبەستوو بە ترس، گەشەی سروشتیی منداڵەکانمان سنووردار دەکەن و ئیشەکەمان وەک دایک و باوک کەم دەستکەوت دەکەن و کاتی زیاتریشمان لێ دەبەن.(Who,٢٠٢٦)

٢-بەڕاوردکردنی منداڵ بە منداڵانی تر و دروستکردنی هەستی کەمبایەخی و نائاسایی لە ناخی منداڵدا:

ئەپرسم ئایا کاتێک منداڵەکەت بە منداڵێکی تر بەراورد دەکەیت، پێت وایە بەخۆیدا دەچێتەوە، یان ڕق و کین لە دڵیدا دەچێنیت؟

دایک و باوکانی کورد پێیان وایە ئەگەر منداڵەکەیان بەراورد بکەن بە خوشک و براکانی یان هاوتەمەن و هاوپۆلەکانی، ئەوا منداڵەکە بەخۆیدا دەچێتەوە؛ بەڵام بێئاگان لەوەی ئەمە دەبێتە هۆی چاندنی ڕق و کین لە دڵیدا. زۆرجار ڕستەی «سەیری منداڵی خەڵک بکە» یەکێکە لەو دەستەواژانەی منداڵان ڕقیان لێیەتی. ئەمەش دەری دەخات کە ئەم شێوازە لەوانەیە هاندانێکی دروست نەکات، بەڵکو ئەنجامی پێچەوانەی هەبێت.

نەخش و کاریگەری لە دەروونناسیی کۆمەڵایەتی

١. کاریگەریی مۆدێلکردنی ڕەفتار (Modeling Effect):

ڕەفتاری دایک و باوک لە بەراوردکردنی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە نموونەیەک بۆ منداڵ، و منداڵان لە ڕێگەی چاودێریکردنی ئەم ڕەفتارانەوە فێری دووبارەکردنەوەیان دەبن.

٢. پێوەرگرتنی هاوتەمەنەکان:

کاتێک دایک و باوک منداڵەکانیان بە منداڵانی تر بەراورد دەکەن، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ فێری ئەوەیان دەکەن کە بەها و دەستکەوتەکانی خۆیان

لە ڕێگەی بەراوردکردن بە هاوتەمەنەکانیانەوە هەڵبسەنگێنن.

٣. دروستبوونی حەزی بەراوردکردن:

ئەم شێوازی فێربوونە ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستبوونی حەزی بەراوردکردنی کۆمەڵایەتی بەرەو سەرەوە (Upward Social Comparison) لای منداڵان دەگێڕێت؛ بە شێوەیەک کە فێر دەبن سەرنج بدەنە ئەو هاوتەمەنەیانیان کە لەوان سەرکەوتووترن، بۆ ئەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و ئەکادیمیی خۆیان هەڵبسەنگێنن.

کاریگەریی بەراوردکردن لەسەر هەستی بەهای خۆیی منداڵ

لە بواری دەروونناسیی گەشەدا توێژینەوە زۆرن کە نیشان دەدەن بەراوردکردنی کۆمەڵایەتی لەلایەن دایک و باوکەوە دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هەستی بەهای خۆیی گەنجان هەبێت. بەپێی تیۆریی بەراوردکردنی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ بەها و شوێنی کۆمەڵایەتی و کەسایەتیی خۆی لە ڕێگەی بەراوردکردن بە کەسانی تر‌ەوە هەڵدەسەنگێنێت. کاتێک دایک و باوک بەردەوام منداڵەکانیان بە کەسانی تر، بە تایبەتی بە شێوەیەکی نەرێنی، بەراورد دەکەن، ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی هەستی بەهای خۆیی منداڵ؛ چونکە منداڵ ڕەنگە خۆی بە کەمتواناتر، کەمسەرکەوتووتر یان کەمبەهاتر لە هاوتەمەنەکانی خۆی ببینێت. هەروەها، هەندێک توێژینەوە نیشانیان داوە کە منداڵ و گەنجانی ئەو دایک و باوکانەی بە ئاستێکی زۆر بەراوردکاریی کۆمەڵایەتی دەکەن، زۆرجار هەستی بەهای خۆییان کەمترە؛ چونکە ئەم بەراوردانە زۆرجار سەرکەوتوویی و باشترەکانی هاوتەمەنەکان دەخەنە بەرچاو. Liu et al. (٢٠٢٥).

٣-لە قاڵبدانی منداڵ لەلایەن دایک و باوکەوە و نەهێشتنی بوار بۆ پەرەپێدانی کەسایەتیی سەربەخۆی خۆی:

یەکێک لەو کێشانەی لە شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە هەندێک دایک و باوک چاوەڕوانن منداڵەکانیان ببنە کۆپییەکی خۆیان. واتە ئەو شێوازەی خۆیان پێی پەروەردە کراون، ئەو باوەڕ و یاسا و ڕەفتارانەی خۆیان لە منداڵییەوە فێری بوون، دەیانەوێت بە هەمان شێوە بۆ نەوەی نوێش بەردەوام بێت. ئەگەر خۆیان لە منداڵییەوە بە تووندی کۆنترۆڵ کراون، زۆرجار هەمان شێواز بە شێوەیەکی ئاسایی و دروست بۆ پەروەردەکردنی منداڵ دەبینن.

کۆنترۆڵی دەروونیی دایک و باوک شێوازێکە لە پەروەردە کە تێیدا دایک و باوک بە شێوەیەکی شاراوە دەست لە جیهانی دەروونیی منداڵ دەدەن و هەوڵ دەدەن بیرکردنەوە، هەست و سۆز و هەستی خۆبوونی ئەو کۆنترۆڵ بکەن. Schaefer (١٩٦٥) یەکێک بوو لە یەکەم توێژەران کە ئەم جۆرە کۆنترۆڵەی پێناسە کرد؛ کۆنترۆڵێک کە دەتوانێت بوار بۆ گەشەکردنی سەربەخۆی منداڵ کەم بکات.

کۆنترۆڵی دەروونی لە کۆنترۆڵی ڕەفتاری جیاوازە. کۆنترۆڵی ڕەفتاری بریتییە لە دانانی یاسا، ڕێنمایی و چاودێریکردنی ڕەفتاری منداڵ؛ بەڵام کۆنترۆڵی دەروونی دەچێتە ناو جیهانی ناوەوەی منداڵ و دەیەوێت هەست و بیرکردنەوە و کەسایەتیی ئەو ئاراستە بکات.

لەو شێوازەدا، هەندێک تەکنیکی دەروونی بەکار دەهێنرێن؛ وەک دروستکردنی هەستی تاوان، شەرمەزارکردن، کێشانەوەی خۆشەویستی، سووکایەتی و بەکەمسەیرکردنی هەستەکانی منداڵ. هەروەها، بەراوردکاریی نەرێنی و چاوەڕوانیی لەڕادەبەدەر دەتوانن ببنە شێوازێک بۆ دەستوەردان لە ئازادیی کەسیی منداڵ.

ئامانجی ئەم کۆنترۆڵە زۆرجار ناچارکردنی منداڵە بۆ گوێڕایەڵی، پاراستنی دەسەڵاتی دایک و باوک و دروستکردنی وابەستەیی دەروونی؛ بە شێوەیەک کە منداڵ هەست بکات هەست و کەسایەتیی

ڕاستەقینەی ئەو پەسەندکراو نییە

پەیوەندیی کۆنترۆڵی دەروونی بە سەربەخۆیی منداڵ.

بەپێی تیۆریی خۆبڕیاردان (Self-Determination Theory - SDT)، منداڵ بۆ گەشەیەکی دروست پێویستی بە سێ پێداویستیی دەروونیی بنەڕەتی هەیە: سەربەخۆیی، شایستەیی و پەیوەستبوون. سەربەخۆیی واتە منداڵ بتوانێت بڕیار بدات و بە شێوەیەکی ئازاد بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی فێر ببێت. کاتێک ئەم پێداویستییانە سەرکوت دەکرێن، منداڵ دەتوانێت هەستی بە فشار، بەرگری، ناکۆکیی ناوەکی و کەمبوونەوەی بڕوابەخۆبوون بکات. لەسەر بنەمای ئەم تیۆرییە، کۆنترۆڵی دەروونیی دایک و باوک شێوازێکی پەروەردەییە کە دەتوانێت ڕاستەوخۆ ببێتە هۆی سەرکوتکردنی پێداویستییە دەروونییە بنەڕەتییەکانی منداڵ . Zhu et al. (٢٠٢٦).

لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەگەر ئەم شێوازەی پەروەردە بەبێ ئاگاداری لە جیاوازیی نێوان «ڕێنماییکردنی منداڵ» و «کۆنترۆڵکردنی ناوەوەی منداڵ» بەردەوام بێت، ئەوا دەتوانێت بوار بۆ گەشەکردنی کەسایەتیی سەربەخۆی منداڵ سنووردار بکات. لەبەر ئەوە، پەروەردەکردنی منداڵ نابێت بە مانای دروستکردنی کۆپییەک لە دایک و باوک بێت؛ بەڵکو دەبێت بوار بۆ ئەوە بڕەخسێنێت کە منداڵ کەسایەتی، بیرکردنەوە و بڕیاری تایبەت بە خۆی پەرەپێبدا.

٤: خۆشەویستیی بێسنوور و نەدانانی سنووری گونجاو، کە دەتوانێت ببێتە هۆی نەبوونی بەرپرسیارێتی و نەتوانینی منداڵ لە تێگەیشتن لە سنوور و ئەرکەکانی خۆئ:

یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە باوانەی کە لە شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ لە هەندێک خێزانی کوردیدا هەیە، هەندێک دایک و باوک خۆشەویستی خۆیان بۆ منداڵ بە جێبەجێکردنی زۆربەی خواست و داواکارییەکانی دەردەبڕن. زۆرجار دەبیستین دایک و باوک دەڵێن: «ئێمە لە منداڵیماندا زۆر دەرد و نەبوونمان چەشتووە؛ ناهێڵین منداڵەکەمان لە هیچ شتێک کەم بێت، هەرچی بتوانین بۆی دەکەین و دڵمان نایەت لێی تووڕە بین.»

ئەم وتانە لە خۆیاندا نیشانەی خۆشەویستی و دڵسۆزیی دایک و باوکن، بەڵام کێشەکە لەوێ دەست پێ دەکات کە ئەم هەستە ببێتە هۆی دانەنانی هیچ سنووڕێک بۆ منداڵ. دایک و باوک لە ترسی ئەوەی منداڵەکەیان ئەو ئازار و نەبوونیە ببینێت کە خۆیان لە منداڵیدا بینیویانە، هەندێک جار هەموو داواکارییەکانی جێبەجێ دەکەن و تەنانەت لە کاتی نەبوونیشدا ناتوانن «نەخێر» بڵێن یان سنووڕێکی گونجاو دابنێن.

لە شێوازی پەروەردەکردنی دڵسۆزانەی لەڕادەبەدەر، دڵسۆزی و وەڵامدانەوەی دایک و باوک زۆرە، بەڵام داواکاری و دانانی سنوور کەمە. بەو واتایە، دایک و باوک زۆرجار هەوڵ دەدەن منداڵەکەیان لە هەر ناخۆشی و کێشەیەک بپارێزن و زۆرێک لە داواکارییەکانی بۆ جێبەجێ بکەن، بەبێ ئەوەی بە هەمان ئاست چاوەڕوانیی بەرپرسیارێتی و پابەندبوون بە یاسا و سنوور لێی بکەن.

دەتوانرێت لە سێ ڕەهەندی سەرەکییەوە لێک بدرێتەوە:

یەکەم: دڵسۆزیی مادی

بریتییە لە بەخشینی شتومەک، پارە و کەلوپەلی مادی بە شێوەیەکی زۆر و لەڕادەبەدەر، بە تایبەتی کاتێک دایک و باوک هەوڵ دەدەن بە بەخشینی شتی زۆر خواستەکانی منداڵ جێبەجێ بکەن .

Announcing the Plan to' (٢٠٢٦) .Pahlavi, R Govern the Country Under the Transition System', ١٤ March.

Securitizing' (٢٠١٩) .Pratt, N. and Rezk, D the Muslim Brotherhood: State violence and authoritarianism in Egypt after the Arab Spring', Security Dialogue ,(٣)٥٠ ,pp. ٢٣٩–٢٥٦.

The unravelling of' (٢٠١٣) .Stansfield, G the post-First World War state system? The Kurdistan Region of Iraq and the transformation of the Middle East', International Affairs ,(٢)٨٩, pp. ٢٥٩–٢٨٢.

Power in Movement: (٢٠١١) .Tarrow, S ,Social Movements and Contentious Politics ٣rd edn. Cambridge: Cambridge University Press.

Wimmer, Andreas. "Nationalist Exclusion and Ethnic Conflict: Shadows of Modernity." (٢٠٠٢) Cambridge University.

“ شیکاری ”

«ژنوشیاری»؛
لە نێوان ڕزگاریی ژنی کورد و هۆشیاریی نەتەوەییدا

خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ «مانیفێستی ژنوشیاری»ی فەریدە وەیسی

ئارینا مورادی

ئایا دەتوانرێت باس لە ڕزگاریی ژنی کورد بکرێت، بە بێ ئەوەی دۆخی سیاسی و نەتەوەییی کورد لەبەرچاو بگیرێت؟ لە بەرانبەردا، ئایا ڕزگاریی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بەسە بۆ ئەوەی ماف و ئازادیی ژنانی کورد دابین بکرێت؟ «مانیفێستی ژنوشیاری»ی فەریدە وەیسی لە نێوان ئەم دوو پرسیارەدا هەوڵ دەدات پەیوەندیی نێوان ژنبوون، کوردبوون و ڕزگاری لە ستەمی دژ بە ژنان و ستەمی نەتەوەیی بخاتە بەر باس.

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی مانیفێستەکە ئەوەیە کە ژنی کورد تەنیا لە ڕوانگەی جێندەرەوە نابینێت. ئەزموونی ژنی کورد تەنیا بە ژنبوونییەوە نابەستێتەوە. نەتەوە، چین، زمان، شوێنی ژیان و دۆخی سیاسییش کاریگەرییان لەسەر ئەزموونی ژنانی کورد هەیە. ژنێکی کورد بە هۆی ژنبوونیەوە ڕووبەڕووی پیاوسالاری دەبێتەوە و لە هەمان کاتدا بە هۆی کوردبوونیەوە تووشی هەڵاواردن و بێبەشکردنی سیاسی، زمانی و کولتووری. جۆرە جیاوازەکانی هەڵاواردن زۆر جار ستەمی دژ بە ژنان قوونڵتر دەکەنەوە؛ هەر بۆیە بۆ ئەوەی وێنەیەکی تەواو لە ژیان و ئەزموونی ژنی کورد ببینرێت، مانیفێستەکە بە دروستی داوا دەکات هەموو ئەم ڕەهەندانە لەبەرچاو بگیرێت.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە. ئەگەر ستەمی نەتەوەیی و ستەمی جێندەری بە یەکترەوە گرێ دراون، ئایا ڕزگاری لە یەکێکیان بە مانای ڕزگاری لە ئەویترە؟ بە باوەڕی من، نەخێر. ڕزگاریی نەتەوەیی و ڕزگاریی ژنان دوو بابەتی لێک جیا نین، بەڵام هیچ کامیان بەتەنیا ئەویتر بەدی ناهێنێت. هەروەها نابێت یەکێکیان بۆ دوای بەدیهاتنی ئەویتر دوا بخرێت. ئەگەر ژنی کورد هاوکات ڕووبەڕووی هەر دوو جۆرە ستەمەکە دەبێتەوە، خەبات دژی هەردووکیانیش دەبێت هاوکات و هاوتەریب بێت. ئامانجی ئەم خوێندنەوەیە ڕەتکردنەوەی بنەمای سەرەکیی «ژنوشیاری» نییە. بە پێچەوانەوە، من لەگەڵ ئەو بنەمایە هاوڕام کە ناتوانرێت ڕزگاریی ژنی کورد لە پرسی نەتەوەیی جیا بکرێتەوە. پرسیار لەوەدایە کە ئەم پەیوەندییە چۆن ڕوون دەکرێتەوە و چ ئەنجامێکی سیاسیی لێ وەردەگیرێت. بەتایبەتی، ئایا سەربەخۆیی سیاسی بە تەنیا خۆی دەتوانێت ماف و ئازادیی ژنان بپارێزێت؟ و ئەگەر نا، چۆن دەتوانرێت ڕزگاریی نەتەوەیی و ڕزگاریی ژنان بە یەکەوە پێش ببرێن، بەبێ ئەوەی یەکێکیان بخرێتە پلەی دووەم و پاشکۆی ئەویتر؟

ژنبوون، کوردبوون و پەیوەندییەکانی دەسەڵات

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە، یەکێک لە ڕەخنە سەرەکییەکانی «ژنوشیاری» لەو جۆرە فێمینیزمەیە کە ستەمی دژ بە ژنان تەنیا لە ڕێگەی جێندەرەوە دەخوێنێتەوە. ئەم تێگەیشتنە لەگەڵ بەشێکی گرنگ لە بیرکردنەوەی فێمینیستیی هاوچەرخ نزیکە. فێمینیزمی ئینتێرسێکشناڵ لەسەر ئەو خاڵە پێداگری دەکات کە کێشەکانی ژنان ناتوانرێت تەنیا بە وەرگرتنی جێندەر وەک بنەما ڕوون بکرێنەوە. چین، نەتەوە، ڕەگەز و پێگەی کۆمەڵایەتییش کاریگەرییان لەسەر ئەوە هەیە کە ژنێک چ جۆرە هەڵاواردنێک ئەزموون دەکات. فێمینیزمی پۆستکۆڵۆنیاڵ و دیکۆڵۆنیالیش ڕەخنە لەوە دەگرن کە ئەزموونی ژنانی کۆمەڵگە باڵادەستەکان وەک ئەزموونێکی گشتی بۆ هەموو ژنان پێشکەش بکرێت.

لە کوردستان سەرکوتی سیاسی، ئاسیمیلاسیۆن، شەڕ، ئاوارەیی و سنووردارکردنی مافە زمانی و کولتوورییەکان بە شێوەی جیاواز کاریگەرییان لەسەر ژیانی ژنانی کورد هەبووە. بۆیە ئەگەر فێمینیزمی کوردی ئەم دۆخە سیاسی و مێژوویییە لەبەرچاو نەگرێت، بەشێکی گرنگ لە ئەزموونی ژنی کورد پشتگوێ دەخات. لە لایەکی ترەوە نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی بووەتە هۆی ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی داگیرکراو کەمترین ڕادەی کۆنتڕۆڵ و دەسەڵاتی بە سەر یاسا، دامەزراوە، سیستەمی پەروەردە، دابەشکردنی سەرچاوە گشتییەکان و بەشداریی ژنان لە بڕیاردانی سیاسیدا هەبێت. بۆیە هەر وەک مانیفێستەکە ڕوونی کردووەتەوە، پرسی دەسەڵات نابێت لە گفتوگۆی ڕزگاریی ژناندا پشتگوێ بخرێت.

لە هەمان کاتدا، یەکێک لە بەهاکانی «ژنوشیاری» هەوڵدانە بۆ ئەوەی فێمینیزم لە ناو خودی ئەزموونی کورددییەوە بخوێنرێتەوە. ژنی کورد نابێت تەنیا ببێتە

بابەت و بەردەنگی تیۆرییەک کە لە شۆێنێکی تری جیهانـدا یـان لـە ناوەنـدەوە و لـە بارودۆخێکی جیـاوازدا لـە دایـک بـووە و داڕێـژراوە؛ ئەزمـوون و مێـژووی خۆیشـی دەتوانێـت سـەرچاوەی دروسـتکردنی چەمـک و بیرکردنـەوەی فێمینیسـتی بێـت.

ئایـا ڕزگاریـی نەتەوەیـی پێشـمەرجی ڕزگاریـی ژنانـە؟

بـۆ دەیـان سـاڵە یەکێـک لـە مشـتومڕە سـەرەکییەکانی نـاو کۆمەڵگـەی کوردسـتان ئـەوە بـووە کـە پەیوەندیـی نێـوان ڕزگاریـی نەتەوەیـی و ڕزگاریـی ژنـان چـۆن ببینرێـت. ئایـا دەبێـت سـەرەتا پرسـی نەتەوە چارەسـەر بکرێـت و ژنـان داواکارییەکانـی خۆیـان بـۆ دوای ڕزگاریـی نەتەوەیـی هەڵبگـرن؟ یـان خەبـات دژی سـتەمی نەتەوەیـی و خەبـات دژی پیاوسـالاری دەبێـت هـاوکات و هاوتەریـب بڕۆنـە پێشـەوە؟

لـە تێڕوانینـی ناسیۆنالیسـتیی نەریتخـوازدا، زۆر جـار چاوەڕوانـی لـە ژنـان ئـەوە بـووە کـە پرسـی نەتـەوە بـە گرنگتـر بزانـن و داواکارییەکانـی خۆیـان بـۆ دواتـر هەڵبگـرن. ژنـان لـە خەباتـی نەتەوەییـدا بەشـدار بوون، چەکیـان هەڵگرتـووە، زیندانـی کـراون، قوربانـی و تێچوویـان داوە؛ بـەڵام کاتێک پیاوسـالاری و نایەکسـانی لـە نـاو کۆمەڵگـەی کوردسـتان یـان خـودی بزووتنـەوە سیاسـییەکان خراونەتـە بەربـاس، زۆرجار پێیـان گوتراوە: ئێسـتا کاتـی ئـەم باسـە نییـە، سـەرەتا دەبێـت پرسـی نەتـەوە چارەسـەر بکەیـن.

ئـەم تێڕوانینـە هـەم لـە ڕووی ئەخلاقییـەوە کێشـەی هەیـە و هـەم لـە ڕووی لۆژیکییـەوە. ڕەوا نییـە داوا لـە ژنـان بکرێـت ژیـان، هێـز و توانـای خۆیـان بـۆ ڕزگاریـی نەتەوەیـی تەرخـان بکـەن، بـەڵام مـاف و ئازادییەکانیان لـە نـاو هەمـان پـڕۆژەی ڕزگاریدا پێناسـە نەکرابێـت. لـە ڕووی لۆژیکیشـەوە گەیشـتن بە کیانێکی سیاسـی، خۆبەخـۆ پیاوسـالاری لـە نـاو نابـات. دەکرێت دەسـەڵات بگۆڕدرێـت، بـەڵام ئەگـەر پەیوەندییـە نایەکسـانەکانی نـاو کۆمەڵگـە نەگۆڕدرێـن، پیاوسـالاری دەتوانێـت لـە ژێـر دەسـەڵاتێکی نوێشـدا بەرهـەم بهێنرێتـەوە. هـەر بۆیـە خەباتـی نەتەوەیـی دەبێـت وێنەیەکـی ڕوونی لـە کۆمەڵگـەی دوای ڕزگاری هەبێت. پرسـیار تەنیـا ئـەوە نییـە کە چـۆن دەگەیـن بـە ڕزگاری، بەڵکـوو ئەوەشـە کـە چ جـۆرە کۆمەڵگەیـەک لـە دوای ڕزگاری دروسـت دەکەیـن و ژنـان لـەو کۆمەڵگەیـەدا چ پێگەیەکـی سیاسـی و کۆمەڵایەتییـان دەبێـت.

لەبـەر ئـەم پاشـخانە مێژوویـیە، چۆنیەتیـی وەڵامدانـەوەی «ژنوشـیاری» بـەم پرسـیارە زۆر گرنگـە. لە سـەرەتای مانیفێسـتەکەدا، دوای باسـکردنی لێکتاڵانی سـتەمی ڕەگـەزی و نەتەوەیـی لـە ئەزموونی ژنـی کورد، فەریـدە وەیسـی دەنووسـێت:

«بـۆ ژنـی کـورد تەنیـا خەبـات بـۆ گەیشـتن بـە یەکسـانیی ڕەگـەزی چارەسـەر نییـە، بەڵکـوو لـە پێشـدا دەبـێ قوناغـی یەکـەم واتـە خەبـات بـۆ ڕزگاری تێپـەڕ بـکات.»

بەکارهێنانـی وشـەگەلی «لـە پێشـدا» و «قوناغـی یەکـەم» دەتوانێـت ئـەو تێگەیشـتنە بـدات بـە خوێنـەر کـە خەبـات بـۆ ڕزگاریـی نەتەوەیـی قوناغێکـی پێـش خەبـات بـۆ یەکسـانیی ڕەگەزییـە. هەمـان کێشـە دواتر، لـە باسـی کیانێکـی سیاسـیی کوردسـتانییدا، دێتە ئـاراوە. مانیفێسـت بـە دروسـتی دەڵێـت «نەتـەوەی کـورد لـە قوناغـی داگیرکراویدایـە» و دەنووسـێت:

«ئێمـە دەبـێ لـەم جیهانـە سـەرەتا مافـی بەرگـری لـە ژیانـی بەکۆمەڵـی خۆمـان بـە فەرمـی مسـۆگەر بکەیـن تـا بتوانیـن لـە نێویـدا خەبـات بـۆ یەکسـانی و گەیشـتن بـە ژیانێکـی ئینسـانی تـا کۆتـا قونـاغ درێـژە پـێ بدەیـن.»

لەم ڕسـتەیەی دواتـردا پەیوەندیی نێـوان دوو ئامانجەکە بـە «سـەرەتا» و «تـا بتوانیـن» داڕێـژراوە: سـەرەتا مافـی ژیانـی بەکۆمـەڵ مسـۆگەر بکرێـت، تـا بتوانرێـت لـە ناویـدا خەبـات بـۆ یەکسـانی درێـژە پـێ بدرێـت. بۆیـە دووبـارە ئـەو پرسـیارە دروسـت دەبێـت کـە ئایـا لێـرەدا ڕزگاریـی نەتەوەیـی وەک مەرجێـک بـۆ بەردەوامبوونـی خەبـات بـۆ یەکسـانی دادەنرێـت؟

بەشـەکانی دواتـری مانیفێسـتەکە ئاراسـتەیەکی جیـاواز پێشـان دەدەن. فەریـدە وەیسـی کاتێـک بـاس لـە دەوڵەتـی داهاتـوو دەکات، پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکات کـە ئامانجـە فێمینیسـتییەکان هـەر لـە یەکـەم ڕۆژی دامەزراندنییـەوە لـە بناغەکەیـدا ڕەنـگ بدەنـەوە و بـە بەشـداریی وشـیارانەی ژنـان، بیرۆکـە فێمینیسـتی

و ئامانجە یەکسانیخوازەکان ببنە بەردی بناغەی ئەو دەوڵەتە. لێرەدا پرسیارێکی بنەڕەتی بێوەڵام دەمێنێتەوە: ئەو بەشداریە چۆن مسۆگەر دەکرێت ئەگەر هەنووکە و هاوتەریب لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی کاری بۆ نەکرێت؟ مانیفێستەکە ڕوونی ناکاتەوە کە لە کوردستانی دوای ڕزگاریدا بەشداری و دەسەڵاتی سیاسیی ژنان بە چ میکانیزمێک پارێزراو دەبێت. ژنان چۆن لە دامەزراوە سیاسی و بڕیاردەرەکاندا بەشداریی یەکسانیان دەبێت؟ چ ڕێکارێک بۆ نوێنەرایەتییان هەیە؟ چۆن ڕێگە لەوە دەگیرێت کە پیاوسالاریی ناو کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد، دوای ڕزگاریی نەتەوەیی لە ناو دامەزراوەکانی دەسەڵاتی نوێدا بەردەوام نەبن؟

ئەم پرسیارانە گرنگن؛ چونکە ژنان دەتوانن لە خەباتێکدا بەشداریەکی بەرفراوانیان هەبێت، بەڵام لە کاتی دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە پەراوێزدا بمێننەوە. بۆیە ئەگەر ئامانجی مانیفێست ئەوەیە کە بیرۆکە فێمینیستی و یەکسانیخوازەکان ببنە بەردی بناغەی کیانی سیاسیی داهاتوو، پێویستە ئەو نەخشەڕێگەیەش دیاری بکات کە تیایدا ئەو ئامانجە بگۆڕێت بە ماف، نوێنەرایەتی و دەسەڵاتی سیاسیی مسۆگەرکراوی ژنان.

پەیوەندیی نێوان ئێستا و داهاتوو پەیوەندییەکی گرنگە. ئەگەر ژنان لە ئێستادا لە ناو بزووتنەوە سیاسییەکاندا دەسەڵاتی بڕیاردانی یەکسانیان نەبێت، چۆن دڵنیا بین کە دوای ڕزگاری ئەو هاوسەنگییە خۆبەخۆ دروست دەبێت؟ کوردستانی داهاتوو، یاساکانی، دامەزراوە، بیرکردنەوە و چۆنێتی پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە ناو ئەو کۆمەڵگەیە تا ڕادەیەکی زۆر لە ناو خەباتی ئەمڕۆدا شێوە و فۆرم دەگرن. بۆیە پرسیاری بنەڕەتی ئەوە نییە کە ژنان چەندە لە خەباتی نەتەوەییدا بەشدارن یان دەبێ ببن، بەڵکوو ئەوەیە کە چەندە لە دیاریکردنی ئاراستەی ئەو خەباتە و کوردستانی دوای ڕزگاری دەسەڵاتی بڕیاردانیان دەبێت.

مەبەست لە «ژنی کورد» کێیە؟

مانیفێستەکە ڕەخنە لەو فێمینیزمە دەگرێت کە «ژن» وەک کۆمەڵێکی یەکدەست پێناسە دەکات. هەمان پرسیار دەکرێت دەربارەی چەمکی «ژنی کورد»یش بکرێت. هەموو ژنانی کورد ئەزموونی یەکسانیان نییە. چین، ناوچە، ئایین، تەمەن، شار یان گوند، ئاستی خوێندن، ژیان لە نیشتمان یان دیاسپۆرا، زمان و هەڵوێستی سیاسی، جیاوازی لە نێوان ژنی کورددا دروست دەکەن. تەنانەت ئەو دەوڵەتەی ژنێکی کورد لە ژێر دەسەڵاتیدا دەژی دەتوانێت شێوەی ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو ژنە بە تەواوی بگۆڕێت. ئەگەرچی مانیفێستەکە دان بە هەندێک لەو جیاوازییانەدا دەهێنێت و هەوڵ دەدات «ژنی کورد» وەک ناسنامەیەکی نەگۆڕ و سروشتی پێناسە نەکات، بەڵام فرەڕەنگیی سیاسی ژنانی کوردی لە پێش چاو نەگرتووە. ئەگەر ژنێکی کورد دان بە بوونی ستەمی نەتەوەیی و پیاوسالاریدا بنێت، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆیی یان ناسیۆنالیزم بە چارەسەر نەزانێت و بۆ نموونە فیدراڵیزم، کۆنفیدراڵیزم، ئۆتۆنۆمی یان شێوەیەکی تری دابەشکردنی دەسەڵات بە باشتر بزانێت، شۆێنی ئەو لە ناو مانیفێستی «ژنوشیاری»دا لە کوێیە؟ چوارچێوەیەکی فێمینیستیی بەهێز دەبێت ڕوونی بکاتەوە کە ژنێک بە بیروڕای سیاسی جیاوازەوە تا چ ڕادەیەک مافی ئەوەی هەیە هەڵوێستی سیاسی جیاوازی هەبێت. ئەگەر «ژنوشیاری» جێگە بۆ ئەم جیاوازییانە بکاتەوە، دەتوانێت فرەڕەنگیی سیاسی ژنانی کورد لە خۆ بگرێت. ئەگەر نا، ئەو مەترسییە هەیە کە خودی ئەم مانیفێستە بکەوێتە ناو هەمان هەڵەوە و دیاریی بکات ژنی کورد بۆ ئەوەی «هۆشیار» بێت دەبێت چ هەڵوێستێکی سیاسیی هەبێت.

ستەمی نەتەوەیی و پیاوسالاریی ناوخۆ

ستەمی دەرەکی نابێت ببێتە هۆی کاڵکردنەوەی ڕۆڵی کۆمەڵگەی کوردستان لە بەرهەمهێنانەوەی پیاوسالاریدا. بێگومان ستەمی نەتەوەیی، هەژاری، شەڕ، ئاوارەیی و سەرکوت دەتوانن کاریگەریی قوورڵیان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت و هەندێک جار پیاوسالاریی دەرەکی تۆختر بکەنەوە، بەڵام ئەمە لە بەرپرسیارێتیی خودی کۆمەڵگەی کوردستان لە بەرانبەر ستەمی دژ بە ژنان کەم ناکاتەوە.

پیـاوان، بنەماڵـە، دامـەزراوە ئایینییـەکان، حزبـە سیاسـییەکان و دەسـەڵاتە کۆمەڵایەتییـەکان دەتوانـن لـە بەرهەمهێنانـەوە و دڕێـژەدان بـە پیاوسـالاری ڕۆڵیـان هەبێـت. توندوتیـژی دژی ژنـان، هاوسـەرگیریی زۆرەملـێ، کۆنترۆڵکردنـی جەسـتە و سێکسـوالیتەی ژنـان، شـەرمەزارکردنی کۆمەڵایەتـی و سـنووردارکردنی سـەربەخۆیی ژنـان تەنیـا بەرهەمـی دەسـەڵاتی دەرەکی نیـن. پیاوێکـی کـورد دەتوانێـت خـۆی لـە بەرامبـەر دەوڵەتێکـی باڵادەسـتدا سـتەملێکراو بێـت، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا لـە نـاو خێـزان یـان کۆمەڵگەدا دەسـەڵاتی پیاوسـالارانە بـە سـەر ژنێکـی کـوردا بسـەپێنێت و بەرژەوەندیـی خـۆی لـە بەرهەمهێنـاوەی ئـەو دەسـەڵاتەدا ببینێتـەوە. ئـەم دوو دۆخـە پێکـەوە ناکـۆک نیـن.

هـەر بۆیـە سـەربەخۆیی سیاسـی خۆبەخـۆ ئـەم پەیوەندییـە ناگۆڕێـت. ئەگـەر پیاوسـالاری لە نـاو خێزان، حـزب، دامـەزراوە ئایینـی، یاسـایی و کولتوورییەکانـدا بـەردەوام بێـت، دەوڵەتێکـی نوێـش دەتوانێـت هەمـان سـتەم دڕێـژە پـێ بـدات. فێمینیزمێکـی کوردسـتانی کـە بتوانێـت هـەم سـتەمی نەتەوەیـی و هـەم پیاوسـالاریی ناوخـۆ بـە هەمـان جدییـەت ببینێـت، لـەو مەترسـییە دوور دەکەوێتـەوە کـە یـەک جـۆرە سـتەم بـە بیانـووی ئـەوی تـر پاسـاو بـدات یـان کەمڕەنگـی بکاتـەوە.

ئایـا «ژنوشـیاری» تیۆرییەکـی نوێـی فێمینیسـتییە ؟

پرسـیارێکی دیکـە ئەوەیە کە «ژنوشـیاری» تـا چ ڕادەیەک دەتوانرێـت بـە تیۆرییەکـی نوێـی فێمینیسـتی دابنرێت. بەشـێکی زۆر لـە بیرۆکـە سـەرەکییەکانی مانیفێسـت لـە قوتابخانەکانـی تـری فێمینیزمیشـدا بـاس کـراون. فێمینیزمی ئینتێرسێکشـناڵ پێشـتر لەسـەر ئەوە پێداگری کـردووە کـە جێنـدەر بـە تەنیـا ناتوانێـت ئەزموونـی ژنـان ڕوون بکاتـەوە. فێمینیزمـی پۆسـتکۆلۆنیال و دیکۆلۆنیالیـش پەیوەندیی نێـوان دەسـەڵات، کۆلۆنیالیزم، ناسـنامە و جێندەریـان خسـتووەتە بەربـاس.

ئەمـە بـەو مانایـە نییە کـە «ژنوشـیاری» بایەخـی نەبێت. نوێبوونـی بیرۆکەیـەک بـەو مانایـە نییـە کـە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە بیرۆکەکانـی پێـش خۆیـەوە نەبێـت. بایەخـی «ژنوشـیاری» دەتوانێـت لـەوەدا بێـت کـە ئـەم پرسـیارانە لـە نـاو ئەزموونـی مێژوویـی و سیاسـیی ژنـی کـوردەوە دووبـارە دەخاتـەوە بەربـاس. بـەڵام ئەگـەر «ژنوشـیاری» وەک تیۆرییەکـی فێمینیسـتیی جیـاواز پێشـکەش بکرێـت، پێویسـتە ڕوونتـر بکرێتـەوە کـە چی زیـاد دەکات بـەو شـیکردنەوانەی پێشـتر لـە فێمینیزمـی ئینتێرسێکشـناڵ، پۆسـتکۆلۆنیال و دیکۆلۆنیالـدا هاتـوون. لەوانەیـە جیاوازیـی سـەرەکی لـەوەدا بێـت کـە «ژنوشـیاری» پرسـی ژنـی کـورد بـە ڕاسـتەوخۆ بـە پرسـی دەسـەڵاتی سیاسـی و ڕزگاریی نەتەوەییەوە گرێ دەدات. ئەگـەر ئەمـە تایبەتمەندیـی سـەرەکیی ئـەم مانیفێسـتە بێـت، ئـەوا پەیوەندیـی نێـوان سـەربەخۆیی سیاسـی و ڕزگاریـی ژنانـە کـە پێویسـتی بـە ڕوونکردنـەوەی زیاتـر، ڕوونتـر و ڕاشـکاوانەتر هەیـە. مانیفێسـتەکە دەتوانێت چ شـتێک بـە بیرکردنەوەی فێمینیسـتیی کوردی زیـاد بکات و چـۆن دەتوانێـت جیاوازیـی خـۆی لەگـەڵ چوارچێـوە فێمینیسـتییە هاوشـێوەکانی بـە ڕوونـی دیـاری بـکات؟ بـۆ مـن، گرنگتریـن پرسـیار دوای خوێندنـەوەی مانیفێسـتەکە ئەوەیە: چـۆن دەتوانرێـت چوارچێوەیەکی فێمینیسـتیی کـوردی دروسـت بکرێـت کە هەم سـتەمی نەتەوەیـی بـە جـدی وەربگرێـت و هـەم لـە بەرانبـەر پیاوسـالاریی نـاو خـودی کۆمەڵگـەی کوردیـدا سـازش نـەکات؟ ژنـی کـورد دەتوانێـت بـۆ زمان، ناسـنامە، مافی نەتەوەیـی و دەسـەڵاتی سیاسـی خەبـات بـکات و لـە هەمـان کاتـدا هەمـان کۆمەڵگـە و بزووتنـەوەی سیاسـی لەسـەر پیاوسـالاری و نایەکسـانیی جێنـدەری بخاتـە ژێـر ڕەخنـە. هیـچ یەکێـک لـەم خەباتانـە نابێـت بـە نـاوی ئەویتـر بێدەنـگ بکرێـن.

ڕزگاریـی نەتەوەیـی و ڕزگاریـی ژنـان بـە یەکتـرەوە گرێ دراون، بـەڵام یـەک شـت نیـن. هیچکامیـان گەرەنتیـی بەدیهاتنـی ئەویتـر نییـە و هیـچ کامیـان نابێـت بـۆ داهاتـوو دوا بخرێـت. ئەگـەر «ژنوشـیاری» بتوانێـت ئـەم هاوتەریبـی وهاوکاتییـە بپارێزێـت، جێگـە بـۆ جیاوازیـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی ژنانـی کـورد بکاتـەوە و ڕوونتـر نیشـان بـدات کـە مافـی ژنـان چـۆن لـە نـاو دەسـەڵاتی سیاسـیی داهاتـوودا دەپارێزرێـت، دەتوانێـت بەشـداریەکی گرنـگ لـە پەرەپێدانـی بیرکردنـەوەی فێمینیسـتیی کوردیـدا بـکا.

”

گێڕانەوە وەک ژیانێکی دووبارە

شەهلا دەباغی

“

.Jag längtar hem sen åtta långa år
.I själva sömnen har jag längtan känt
Jag längtar hem. Jag längtar var jag går
,men ej till människor! Jag längtar marken –
.jag längtar stenarna där barn jag lekt
(١٨٨٨) Verner von Heidenstams

سـولەیمان دڵسـۆز (١٩٧٢)وەرگێڕی چەند ڕۆمانی بەناوبانـگ لەوان هەرگیز بەجێـم مەهێڵە ، کاتژمێر ٢٥ و ناسـکیەتیی ژوشـک ، و هاوکات نووسـەری کورتەچیـرۆک و بیرەوەرییـە. دڵسـۆز لـە چەند گێڕانەوەیەکـدا، لـە ماوەی چەند سـاڵدا لەسـەر دیواری فەیسـبووکی خۆی باسـی دۆستێکی نزیکی خۆی، سـەلاح گـوڵاوی، دایک و بابی سـەلاح و برا گەورەکەی سـەلاح دەکات. ئەو چەنـد بیرەوەرییە کورتە کاریگەرییەکی وەهایان لەسـەر خوێنەرەکانی دڵسـۆز داناوە کـە بە دەیـان کامێنتیان لەسـەر نووسـراوە و خەڵکـی ئاسـایی و پسـپۆڕانی زمان و گێڕانـەوە هەسـتی خۆیـان سـەبارەت بـە گێڕانەوەکـە و زمانـی گێڕانەوەکـە دەربڕیوە. ئەو بیرەوەرییانـە وەبیـر دەمێنـن، یاخۆ هیـچ نەبێ ئەگـەر وردەکارییەکانیش لەبیر بچنـەوە، کارەکتەرە سـەرەکییەکان، سەلاح و وەسـتا ڕەحیم و هێندێک ڕووداو لەبیـر ناچنەوە.

ئـەو چەنـد بیرەوەرییـە ماتریاڵێکـن بـۆ ئـەم لێکۆڵینەوەیە سـەبارەت بە دووبارە سـازکردنەوەی ڕابـردوو، هاوڕێیەتـی، تاسـە و گێڕانـەوە لـە تاراوگـەدا. ئـەو بیرەوەرییانە باسـی خـودی ئەو ژیانـەن کـە نووسـەر ژیـاوە، چ لە کاتـی بوون لەگەڵ هاوڕێیەکەی لە شـاری خانـێ و چ لە کاتی دوورەوڵاتیـدا. لێرەدا باسـەکەی من تەنیـا و تەنیا لە چوارچێـوەی ئەو چەنـد بیرەوەرییـە کورتەی نووسـەر و وەرگێڕ سولەیمان دڵسـۆزدا دەمێنیتەوە.

پوختەی گێڕانەوەکان

ماڵە وەسـتا ڕەحیم ماڵێکـی پڕ لە شـادی و گاڵتە و قاقـا بـوو. خەڵک «لە لادێـرا دەهاتنە شـار، بە خۆیـان و کیتەڵەماسـتێک، سـەلکەپەنیرێک، یان گرۆکەکەشکێکی فەریکەوە لێیان وە ژوور دەکەوتن، ئینجا سـەلاح یـان عوسـمان دەبووایـە دەگەڵیان بچێتـە دوکتۆر یان ئێـداران.» ماڵ پڕ بـوو لە بەزم و کایـە و «هەر شـەقەی ئیسـتکانان بوو سـەف سـەف بە دەسـتی مریەم یان سـەلاحەوە دەگەڕا، هـەر پوولی دۆمینە بوو شـریخەی لە مەجووعەمەی فافـۆن هەڵدەسـتاند.» بێ هیـچ بیانوویەک «خاڵ و خـوارزا دەو ماڵەیدا دەیانکردە داوەت، وشـترانی پێیـان بـە عـەرز دادەدا، بە جۆرێک کـە گۆرەوی دە لاقیاندا دەسـووڕا.» تەنانەت نووسـەر بە چاوی خـۆی دیویەتی کە «پانیەی گۆرەوەیـان بە داوەتێ دڕاون.»

وەسـتا ڕەحیم پیاوێکی باریکی باڵابەرز، شـۆخیباز، دەسـتودڵکراوە و لێبـوردوو بـوو. ڕۆژێـک کـە ماشـێنێک خۆی لـە وەسـتا ڕەحیم دەدا، وەسـتا ڕەحیـم هەڵدەسـتێتەوە و دەبینـێ هیچـی لێ نەهاتـووە. ڕوو دەکاتە شـۆفیری پەشـۆکاو، دەڵێ: «بڕۆ کاکـە، بڕۆ! زوو بـە هەتا پۆلیـس نەهاتووە، با جەریمەت نەکا.» عوسـمان براگەورەی سـەلاح دەکەوێتە زیندان و دوای سـێ سـاڵ ئـازاد دەبێ، بەڵام بنەماڵـە و ڕەفیق بنباڵی عوسـمان دەگرن کە هەستێتەوە. دەوران دەسـووڕێ و ماڵێک کە بنکەی خۆشـی بوو ماتـەم دایدەگرێ. سـەلاح و براکەی جەمـاڵ تەرکەوەتەن دەبن و نووسـەریش سـەر لـە کانـادا دەردێنێ. دوای چەند سـاڵ سـەلاح لە باشوور وەستا ڕەحیم و عوسـمانی برای دەبینێتەوە. وەسـتا ڕەحیـم سـاڵی ٢٠٢٤ کۆچی دوایـی دەکا. ئەمسـاڵ (٢٠٢٦) مانگی ئاپریل عوسـمان بۆ گیای بەهارێ دەچێتە شـاخ. لەوێ لەناو ڕێواس و شـلێر و گەزیزاندا دڵی پادەوەسـتێ.

خوێنەر دەق دروست دەکاتەوە

نووسـەر و ڕەخنەگری ئەدەبی کریستۆفێر لێئاندۆر لەسـەر ئەم باوەڕەیە کە خوێنەر لە دروسـتکردنی دەقدا بەشـدارە. واتە دەق شـتێکی داخـراو نییە، بەڵکـوو دەق بـەردەوام لەگـەڵ خوێنـەری نوێ، سـەردەم و کۆنتێکسـتی جیاواز ڕووبەڕوو دەبێتەوە و واتـا و ماناکـەی دەتوانـێ بگۆڕێ. بـە ڕای ئەو ئەزموونەکانی خۆمانە کە کاریگەری لەسـەر شێوازی تێگەیشـتن و لێکدانەوەمـان بۆ کتێـب و ڕۆمان و گێڕانـەوەکان دادەنێن. مانـای ڕۆمانێک لە تەمەنێ گەنجیـدا دەتوانـێ لەگەڵ هی تەمەنـی پیری زۆر

جیـــاواز بێ. تـــا ئەو ڕادەیـــە وەک ئـــەوە کێبڕێکی ترت خوێندبێتـــەوە، چونکە ئەزمـــوون و تێڕوانینی ژیانمـــان بـــەردەوام دەگـــۆڕێ. هـــەر خوێنەرێک بۆشـــاییی دەق بە بیرەوەری، ئەزموون، هەســـت و خوێندنەوەی خۆی پڕ دەکاتـــەوە، هەربۆیە کێبڕێک بۆ هەر کەســـێک جیاوازە. لێئاندۆر دەپرســـێ چۆنە هێندێـــک کارەکتەر زۆر دواتر لە نووســـینی کێبەکە هـــەر وەبیر دەمێنـــن و زیندوون؟

واقیعتر لە واقیع

لویـــزا ئاندێن لـــە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا لەســـەر میرلاو- پۆنتی ، پرۆســـت و ســـتێندال دەنووســـێ: کاتێک پرۆســـت پەیوەندیـــی داهێنانـــی هونەری بـــە ژیانـــەوە بـــاس دەکات، لە لایەک ئـــەوە وەک کردارێکـــی ئازادانـــە دەبینێـــت و لـــە لایەکـــی دیکەشـــەوە وەک دۆزینەوەیەک. ئەو شتەی هونەر دەری دەبڕێت، پێشـــتر هەبووە، بەڵام هەم شـــاراوە بـــووە و هـــەم دەستپێگەیشـــتنی هاســـان نەبووە. ئێمە تەنیا لـــە ڕێگەی داهێنانی شـــێوازە نوێیەکانی دەربڕینـــەوە دەتوانین ئەوەی پێشـــتر ئەزموونمان کـــردووە، دووبـــارە بیاندۆزینەوە. ئەگەر بەشـــانس بین، هونـــەر دەتوانێت جیهانێکمان پێشـــان بدات کە زۆرجـــار بۆمان نەناســـراوە؛ جیهانێـــک کە هی خۆمانە و تاکـــە ژیانمـــان پێیدا تێپـــەڕ دەبێت. لە کۆتاییی ڕۆمانەکەی پرۆســـتدا وەگێڕەکە تێ دەگات کە مـــادەی ســـەرەتاییی بەرهەمەکـــەی بریتییە لە ژیانی ڕابـــردووی خۆی:

«تێگەیشـــتم کە هەموو ئەو شـــتانە، لە خۆشـــییە ســـادەکانەوە تا گاڵتە و میهرەبانـــی و ئازار، هاتبوونە نـــاو من و مـــن هەڵمگرتبـــوون، بێ ئـــەوەی بزانم بۆ چـــی هاتوون؛ هـــەر وەک تۆوێک کـــە خۆراکی پێویســـتی خۆی کـــۆ دەکاتەوە.»

هەرچەندە وا دیارە ژیانی ئـــەو هیچ پەیوەندییەکی بـــەو کێبانـــەوە نییـــە کە حـــەزی نووســـینیانی هەبوو، بـــەڵام لە ڕاســـتیدا هـــەر ئـــەو ژیانە بوو کـــە بوو بـــە ئەدەبیـــات. ئەمەش بەهـــۆی هەموو ئـــەو ماندووبوونانـــە و تەنانەت ئـــەو کاتانە کە لە نووســـین دوور دەکەوتەوە.

شیکردنەوە

کۆچەرانی کـــورد کە هێندێکیان زیاتر لە چل ســـاڵە لەوپـــەڕ تـــا ئەوپـــەڕی گـــۆی زەوی دوورەوەتەنن، بەردەوام لەگەڵ بیرەوەرییەکانـــی ڕابردووی خۆیاندا دەژیـــن. بیرەوەرییەکان تێکەڵاوی تـــرس، دڵەڕاوکێ، بیرەوەریـــی زیندانچوونـــی خۆیان، یـــان دەوروبەر، هاوڕێی شـــەهید، ئاوارەیی، سیاســـەت و شـــەڕن. کوردســـتان لـــە دووای هاتنـــە ســـەرکاری ڕێژیمی تۆتالیتاریســـتیی مەزهەبیـــی ئێـــران کەوتە دۆخی ئاوارتـــە و دۆخـــی دابڕان لـــە یەکتر. ماموســـتای زانکـــۆ لە ئەمریکا ســـەلاحەدین ئەحمەد لەســـەر ئـــەم باوەڕەیە کە فاشـــیزم تەنیا ڕژیمـــی هیتلەر و موســـۆلینی نییە، بەڵکـــوو شـــێوازێکی بیرکردنەوە و دەســـەڵاتە. ئەو پێی وایە کە فاشـــیزم پێویســـتی بـــە «ئـــەوی تـــر» هەیـــە و کەمینە بـــە دوژمن و بەربەســـتی خۆی دەزانـــێ. کەواتـــە کەمینە دەبێ هەمیشـــە خۆی بســـەلمێنێت و متمانـــەی زۆرینە/ دەســـەڵات بەدەســـت بهێنێ، بەڵام زۆرینە پێویستی بە ســـەلماندنی خۆی نییە. لە کۆتاییـــی وتارەکەیدا ســـەلاحەدین ئەحمەد باســـی ئەوە دەکا کە بەپێی ڕژیمـــە فاشیســـتییەکانیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، «کـــورد و کەمینەکانـــی دیکـــە لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا دەبێ بەبێ هیچ گلەیـــی و گازندەیەک ستەمی ڕێژیمە فاشیســـتییەکان قبووڵ بکەن.» بەم پێیە، دۆخـــی وڵاتی ئێـــران دۆخێکێ فاشیســـتییە. هـــەزاران ئینســـان لەژێـــر ســـتەمی دەوڵەتـــی و داگیرکەریـــدا دەژیـــن، بە هـــەزاران ئینســـان، یان شـــەهید بوون، یان بە ناچـــاری پـــەڕەوازە بوون و هەرچی خۆشـــیان ویســـت بەجێیان هێشت. چەند میلیـــۆن کورد ئێســـتا لەوپـــەڕی دەریـــا و چیاکان لە تاراوگـــەن و ئەوەی بۆ ئینســـانی تاراوگەنشـــین ماوەتـــەوە حەســـرەت و یادەوەرییە.

لە پلاتفۆرمەکانی جیهانی مەجازیـــدا بە پێچەوانەی زۆربـــەی بیرەوەرییـــە سیاســـییەکان، نووســـەران خۆیان لـــە هێندێک نووســـینەوە دەبوێـــرن، بەڵام بـــاوەش بـــۆ نووســـینەوەی هێندێک یـــادەوەری دەکەنـــەوە. کام یادەوەری زیاتر لـــەو پلاتفۆرمانەدا بـــاس دەکرێـــن؟ بە ئەزموونـــی ژیان لـــە تاراوگە و ساڵانی دوای دروســـتبوونی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، بەتایبەتـــی فەیســـبووک، ئـــەو بیرەوەرییانـــەی کە زیاتر لـــەو پلاتفۆرمانـــەدا دەنووســـرێنەوە باس لە

ڕەفاقەت، شادی، پێکەوەبوون، کەسایەتییەکی خۆشەویستی شار و گوند یان کارەساتێک، دۆخی ژیانی بنەماڵەکانی پێشمەرگە و شەهیدانە. ئەو بیرەوەرییانە کەمێک سوکنایی دەدەنە دڵان و لە باری قورسی ئازاری دابڕان و تەنیایی کەم دەکەنەوە. هاوکات وەک ئەرک و پێزانین لە بەرانبەر کەسایەتییەک، یان ئەوانەی گیانی خۆیان لەپێناو نەتەوەی کوردا بەخت کردووە، دەر دەکەون.

نووسینەوەی بیرەوەری لە فۆرم و حەجمی کتێبدا جیاوازن. بیرەوەرییە سیاسییەکان بەگشتی کتیبی چەندسەد لاپەڕەیی و چەندبەرگین و باسی گرفت و کێشە سیاسییەکان و ڕووداوەکانی نزیک بە حەفتا ساڵی پێشوون. بەڵام ئەو بیرەوەرییانەی وەک دەقی ئەدەبی لە دنیای دیجیتاڵیدا دەنووسرێن بەگشتی، یا پەخشانی کورتن کە ئاماژە درا زیاتر باس لە چی دەکەن، یان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەچنە خانەی ژانری ڕۆمان و چیرۆکی درێژەوە، وەک دەچمەوە سابڵاخ (٢٠١٨) لە نووسینی شیلان حەسەنپوور کە خۆی لە ڕاپۆرتەڕۆمان دەدا و باسی بنەماڵەی خۆیان لە شاری مەهاباد دەکا و تانوپۆی ماڵ و شارەکە لە ڕوانگەی کچێک لە بنەماڵەیەکی بازاڕیی دەوڵەمەند، لە منداڵی هەتا دەرواتە ئەمریکا، شی دەکاتەوە. شیلان دەچێتە ناو هەموو کەلێن و قوژبنی ماڵی خۆیان و شاری مەهاباد و باسی پەیوەندییەکانی بنەماڵە، دۆخی ژنان، خەڵکی شار، ڕووداو و گۆڕانکارییەکان دەکا. بیرەوەرییەکانی سوڵەیمان دڵسۆز سەبارەت بە هاوڕێیەکەی سەلاح و بنەماڵەکەیان کە لە نێوان ٢٠٢٤ هەتا ٢٠٢٦ لەسەر دیواری فەیسبووکی خۆی بڵاو کراونەتەوە، باسی دوای هاتنە سەرکاری ڕژێمی ئیسلامی لە تارانە. بیرەوەرییەکان لە چرکەی یەکەمدا وێنەیەک لە ژیانی بنەماڵەیەک لە چینی ماموەندی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخەنە بەرچاوی خوێنەر. زمانی پتەو و ڕەوانی دەقەکان خوێنەر لەگەڵ خۆیان دەبەنە ناو کۆمەڵگای کوردەواری، ژیانی ڕۆژانە و ڕەسم و کولتووری خەڵک و بیرەوەرییەکان هەوەڵ زیاتر وەک یاد و بیرەوەریی تاکەکەسی دێنە بەرچاو، بەڵام لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە، دەقەکان دەربارەی کاتی لەدەستچوو، کۆچی ئازیزان، دووری، دۆستایەتی، تاسە و حەسرەتی دیداری زۆربەی خوێنەری پەنابەر و کۆچەرە.

لە نووسینەکانی دڵسۆزدا، ماڵە وەستا ڕەحیم، ماڵێکی پڕ لە میوان و گەنجی قۆشمە، خواردن و شادی، گۆرانی و کایە، قاقا و پێکەنین و پڕ لە جموجوڵە. ئەم ماڵە تەنیا شوێنێکی جوغرافی لە شاری «خانێ» نییە، بەڵکوو «جیهانی لەدەستچوو»ی ئێمەی خوێنەرە کە دەمانهەوێ لە نووسینی دڵسۆزدا دووبارە بیاندۆزینەوە. ماڵێک کە دوای ڕۆیشتنی منداڵەکان دەبێتە شاهیدی ئەوە کە بابێکی مات دەست بە دامێنی بیرەوەرییەکانی بێ و دایکێک کە ببێتە مۆم و دڵۆپ دڵۆپ بتوێتەوە. ماڵێک کە «دوای سەرهەڵگرتنی منداڵەکانی و پەرتەوازەبوونی کوڕ و کچەکان قەت وەک خۆی لێ نەهاتەوە.» ئێستا ئینسانەکانی ناو ئەو ماڵە بە منداڵ و میوان و هاوڕی، یان کۆچی دواییان کردووە، یا وەک خودی دڵسۆز و نووسەری ئەم وتارە لە تاراوگەدا دەژین.

دایک واتە باجە فاتم لە «چاوەڕوانی»دا سەر دەنێتەوە، بەڵام وەستا ڕەحیم تا ساڵانی ئاخر بەهیوای دیداری کوڕەکانی واتە سەلاح و جەماڵ دەژی و مردنی خۆی بەردەوام دوا دەخات:

«پێم وایە ساڵ بە ساڵ مەرگی خۆی دوا خست، تا جارێکی دی چاوی بە سەلاح بکەوێتەوە.»

سەلاح زۆر جار بەڵێن دەدات، بەڵام ناچێتەوە کوردستان تا بابی ببینێ. ئەمە بەگشتی ئەزموونی زۆربەی پەنابەران بەتایبەت لە ساڵانی هەوەڵە کە بەهۆی دەیان گرفت ناتوانن سەفەر بکەن و ئازیزانیان ببینن.

ڕۆژێک لە ڕۆژانی ٢٠٢٤، نووسەر ئاگادارییەکی سەرەخۆشی دەربارەی وەستا ڕەحیم لە ئینتێرنێتدا دەبینێ. ئەوەش هەمیسان ئەزموونی زۆربەی پەنابەرانە کە لە ڕێگای پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە ئاگاداری کۆچی دۆست و ئاشنایان دەبن. دڵسۆز تەلەفۆن بۆ سەلاح دەکا. سەلاح بۆی باس دەکا کە دوو مانگ بەر لەوە (واتە لە پاییزی ٢٠٢٤دا) بابی لە باشوور دیوە. نووسەر دەنووسێ:

«ئۆخەی دڵم حەساوە!»

لێرەدا نووســـەر بە نووسینی سێ وشـــەی «ئۆخەی دڵم حەســـاوە»، لە ڕاستیدا حەســـانەوەی دڵی سێ کـــەس دوای ئەم دیـــدارە وێنا دەکا: وەســـتا ڕەحیم، ســـەلاح و خودی نووســـەر و، بگرە حەسانەوەی دڵی خوێنەریش دوای خوێندنەوەی ئـــەم بیرەوەرییانە.
لە نووسینەکانی دڵسۆزدا، باســـی خاڵەکان، خوشک، باجـــە فاتم، میوانانی گوند و زۆر کەســـی دیکە دێتە گۆڕێ، بەڵام باســـی ســـێ کەس زیاتر لـــە هەمووان تەونی دەقەکە داگیر دەکا؛ وەســـتا ڕەحیم، عوسمان، واتە برای ســـەلاح و خودی ســـەلاح. بەڵام کەسێکی تریـــش لەناو چەقـــی گێڕانەوەکاندا هەیـــە: ئەوەی کە لـــە دوورەوە وەســـتاوە و چاو لـــە دیمەنەکانی ســـاڵانی پێش، ماڵە وەســـتا ڕەحیم و باجـــە فاتم و پەیوەندیـــی خۆی بـــەوان دەکا و ئیســـتا خەریکە دەیاننووســـێتەوە؛ واتە خودی دڵســـۆز ئەکتەرێکی چالاکـــی گێڕانەوەکانی خۆیەتی.
نووســـەر لە هەناوی خۆیـــڕا بە ڕەنگـــی وەفاداری و خۆشەویســـتییەکی یەکجـــار زۆر ئـــەو ڕۆژانەمان بۆ دەگێڕێتـــەوە. کاتێک خوێنەر ئـــەم بیرەوەرییانە دەخوێنێتـــەوە ئەم پرســـیارەی بۆ دێتە ئـــاراوە کە ئایا ئەندامێکـــی بنەماڵەی وەســـتا ڕەحیم، یا خودی ســـەلاح بەو گەرما و تینە باســـی خۆیان دەکەن کە دڵسۆز باســـیان دەکا؟ وەکی ئەوە کە نووسەر باسی قوونڵترین هەســـتی خۆی ســـەبارەت بـــە نزیکترین ئەندامی بنەماڵـــەی خودی خۆی بـــکا و وەفادارانە دەیهەوێ چرکە شـــادەکانی ئـــەو بنەماڵەیە زیندوو بکاتـــەوە. هاوڕێیەتییـــەک کە نووســـەر دەیهەوێ زینـــدوو ڕابیگـــرێ و ڕابردوویـــەک کە لە ئێســـتادا دووبـــارەی بکاتەوە.
وەســـتا ڕەحیم کە «هەموو ئاکارێکـــی ڕەنگدانەوەی خۆشەویســـتی بـــوو تەمەنێکی درێژی بە لەشـــی ســـاخەوە بەڕێ کرد.» شـــەوێک تا درەنگانی شـــەو قســـەی خۆش بۆ ماڵـــێ دەکا و دوایـــە دەچێتە ناو جێ. بەیانی کە هەڵدەســـتن دەبینن بـــە یەکجاری چاوی لێک ناوە. دڵســـۆز بە ســـەلاح دەڵێ: «سەلاح گیان، چەند خۆشـــە مردنـــی وا»؛ هەمیســـان ئەوە نووســـەر/هاوڕێیەکە دڵی هاوڕێیەکـــەی و تەنانەت هی خۆی دەداتەوە بۆ خەمی لەدەســـتدانی وەســـتا ڕەحیـــم. لێرەشـــدا خوێنـــەر بەئاواتە وەک وەســـتا ڕەحیم شـــەوێک بەئارامی بۆ هەمیشــە چاوی لێک بنێ .
لـــەو بیرەوەرییانـــەدا دڵسۆز/نووســـەر خـــۆی لە هاوڕێیەکەی/ســـەلاح نە تەنیا جیا ناکاتـــەوە، بگرە دەڵێی باســـی دووانـــەی خۆی دەکا، یـــا هیچ نەبێ خوێنەر هەســـتێکی وای بۆ دروســـت دەبێ کە هەر بڵێی ئـــەوان دووانەن:
«دەگەڵ ســـەلاح زۆر جـــار بۆ خەو لـــە لای یەکتر دەماینـــەوە، هاوینـــان دەگـــەڵ ســـەلاح لەســـەر ســـەکۆیەکە ســـەر و پەتۆیەکمـــان دە خۆمـــان وەردەپێچا و ڕادەکشـــاین، تا خـــەو لابەلای دەکردین لە خـــەون و خەیاڵەکانمـــان دەدووایـــن کە بەقەد ئەو ئەســـتێرانەی چاومان تێ دەبڕیـــن زۆر و گەش بوون.»
دڵســـۆز و ســـەلاح کە تازەلاون بەرنامەیـــان بۆ ژیان زۆرە و هێندە شـــەو و ڕۆژیان تێکەڵاوە کە تەنانەت بە نـــۆرە کەڵک لە کەرەســـەکانیش وەردەگرن:
«ئـــەو ڕۆژانە من و ســـەلاح، بە قەولـــی بابم هەر ڕۆژەی بەرنامەیەکـــی تازەمان بە دەســـتەوە بوو. من لە ورمـــێ مێلۆدیکایەکـــم کڕیبوو، بە نـــۆرە لێمان دەدا.»
دڵســـۆز وەها ئاوێتەی هاوڕییەتیی خۆی و ســـەلاح بـــووە و بیرەوەرییەکانـــی دێنێتـــە گۆ کـــە کاتێک وێنەیەکـــی لەگەڵ دەقێک لەســـەر دیـــواری خۆی دانابوو، لێم پرســـی ئـــەوە خۆتی یا کاک ســـەلاح؟ لێـــرەدا ئامـــاژەی من بەوە بـــوو کە دڵســـۆز وەها باســـی ســـەلاح دەکا کە ئەنەهوو باســـی بەشێک لە جەســـتە و دەروونی خـــۆی دەکا و کورد گوتەنی ڕەنگی یەکتریشـــیان گرتووە.
ســـەلاح دەڕوا. نووســـەر وڵات بەجـــێ دەهێڵـــێ. خێزانـــەکان لێک دادەبڕێن. کەســـێک لـــە ئەوروپا دەژی، کەســـێک لـــە ئاڵمـــان و تاراوگـــە دەبێتـــە مەیدانـــی جودایی و تاســـە:
«ئەگەر توانیبام بۆ یەک سەعات بابم ببینمەوە...»
نووســـەر لۆمەی ســـەلاح دەکات کە بۆ ناگەڕێتەوە تا بابـــی ببینێ. بەڵام دواتـــر دەڵێت:
«مـــن کە لۆمەی ســـەلاحم دەکرد، بۆخۆشـــم چەند ســـاڵ دوواتر هەمان چارەنووســـی ویم بە بەژن بڕا و لەوســـەری گۆی زەوی گیرسامەوە.»
کاتێک ئینســـانی پەنابەر لە خۆشەویســـتانی دوور دەکەوێتـــەوە، یەک کاتژمێر دیـــداری ئازیزان دەبێتە

گەورەترین ئارەزوو. بەختەوەرانە دوو مانگ پێش مردنی وەستا ڕەحیم، سەلاح و براکەی دەگەڕێنەوە و چەند ڕۆژێک لەگەڵی دەبن. پاش گەڕانەوەی وەستا ڕەحیم بۆ خانێ شەوێک بەئارامی چاو لێک دەنێ و کۆتایی بە چاوەڕوانیی باب دێت. بەڵام ئەزموونی سەلاح لە دڵسۆزدا دووبارە دەبێتەوە. دوو ئینسانی سەر گۆی زەوی و دوو ڕووبەری چارەنووسێک.

ئەم بیرەوەرییانە هاوکات هەوڵێکن کە خەمی تاراوگە و کۆچ بە تەنز و گاڵتەیەکی دۆستانە سووک بکەن. بۆ وێنە، کاتێک وەگێڕ باسی ئەوە دەکا کە خاڵێک لە خاڵە بێئەژمارەکانی سەلاح کەڵەبابێک بۆ ماڵە وەستا ڕەحیم دێنێ، کەڵەباب زیاد لە هەموان بەربینگ بە وەستا ڕەحیم دەگڕێ و باڵ لە وەستا ڕەحیم فش دەکاتەوە و وەستا ڕەحیم ناچار دەکا کە دیوار و دیوار بڕوا و خۆ لە ژوور باوێتەوە:

«وا بزانم ئەو سەروبەندە بوو یەکێک لە خاڵە بێ ئەژمارەکانی سەلاح لە قەڵاتەڕەشرا کەڵەبابێکی بە دیاری بۆ هێنابوون کە زۆر جوان و ڕەنگین، بەڵام دڕ و بەدفەڕ بوو. کەڵەبابەکە کاری بە ژنان نەدابوو، بەڵام هەر چاوی بە پیاوێک کەوتبا تووکی ملی قڕژ دەکردن و ئانگژای دەبوو. جارێ قاتڵی سەری وەستا ڕەحیم بوو. دوور بە دوور بۆی لوور دەبوو. سەلاح گێڕایەوە گوتی: بەیانییەک بە دەنگی کشەکش»ی بابم وەخەبەر هاتم، دیتم دایکم چای دێم کردووە، بابم دەیویست بچێتە ئاودەست. ئاودەستەکەیان لەوسەری حەوشە بوو. گوتی لە بن لێفەوە بە گۆشەی چاو ئاگام لێ بوو بابم لە ترسی کەڵەباب، بن دیوار و بن دیوار، بە قوونەشەڕ خۆی گەیاندە ئاودەست. بابم لە ئاودەست زۆری پێ چوو. کەڵەبابەش ئەوە لە بەردەرگای ئاودەست دەستی دە پشت قوونێ گرتوون، دێت و دەچێ و چاوەڕێی بابمە لە ئاودەست بێتە دەر! ئاودەستەکە دەرگایەکی ئاسنی تێدا بوو کە بەشی سەرەوەی وەختی خۆی تەبەقێک شووشەی ماتی تێدابوو و ئێستا شووشەکەی تێدا نەمابوو. گوتی چاوم لێ بوو بابم بەوێدا ئەو ملە درێژەی هێنا دەرێ بۆ ئەوەی ولات بەتاقی بکاتەوە. نەخێر کەڵەباب وەک کەڵی گونی مەیدان بەر نادا. چار نەبوو، لەپڕ دەرگای ئاودەست کرایەوە و وەستا ڕەحیم لە ئاودەست دەرپەڕی و بە قەڵەمبازان بەرەو سەکۆ وەڕێ کەوت، بەڵام لەبەر باجە فاتم پێی عەیب بوو هەڵێ. کەڵەباب گەیشتە سەری و چەند جار خۆی پێدا دا. وەستا ڕەحیم هەموو جارێ ژێرشاڵوار (دەرپێ)کەی هەڵدەکێشایەوە: «کشەکش! هەی لە کلکی خێوت بەم.» باجە فاتم بۆخۆی خەنی ببوو. وەستا ڕەحیم بە سەد ناری عەلی لە چنگی کەڵەبابی شەڕانی نەجاتی بوو، وەک نە بای دیبێ نە بۆران، هات لەسەر دۆشەگەڵەیەک پاڵی وە باڵنجێ دا، لاقی هاویشتە سەر لاق، غەوری گەرووی ڕاماڵی و گوتی: «فاتم، دا چایەکی بۆ کەڵەبابی خۆت تێ کە!»

هارالد بلوم پێی وایە کە خوێندنەوە وەک چێژ، دوور لە دەمارگرژیی ئیدیۆلۆژیکی، دەبێ پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوان خوێنەر و دەق دروست بکا و بە خوێندنەوەی ژیانی کەسانی تر، خوێنەر دەتوانێ هەستی ئەوان تاقی بکاتەوە، بێ ئەوەی خۆی هەمان ئەزموونی بەسەر هاتبێت. کاتێک ڕۆمانێکی باش، لێرەدا دەقێکی باش، دەخوێنیتەوە، تەنیا چیرۆکی کەسێکی تر ناخوێنیتەوە، بەڵکوو خۆت لەناو ئەو چیرۆکەدا دەبینییەوە، بۆیە خوێندنەوە دەتوانێت لە تەنیایی تۆ کەم بکاتەوە. بە ڕای بلووم تەنز و ئیرۆنی ڕۆڵێکی گرینگی لە دەقدا هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە دژبەرەکان لە یاددا بمێننەوە. ئەگەر ئیرۆنی لە دەق پاک بکەیتەوە یەکسەر لە سرنجڕاکێشی و غافڵگیریی دەق کەم دەبێتەوە. لێرە دەبینین کە چۆن خوێنەر دوای دەیان ساڵ تێپەڕ بوون لە چوونە ئاودەستی وەستا ڕەحیم و چەند ساڵ دوای خوێندنەوەی دەقەکەی دڵسۆز، بە هەمان چێژی ئیرۆنیک شەڕی وەستا ڕەحیم و کەڵەبابی وەبیر دەمێنێ و هەر دەڵێی ئێستاکەیە کە وەستا ڕەحیم نازانێ چۆن خۆ لەدەست کەڵەباب ڕزگار بکا. هاوکات لە ڕوانگەیەکی جێندێرییەوە دەبینین کە چۆن پیاوێک کە لە کەڵەبابێک خۆی دەشارێتەوە، دەسەڵاتێکی باڵاتری هەیە و ئەم پلەبەندییە بە شۆخیش بێ، خۆی نیشان دەدا» «چایەکی بۆ کەڵەبابی خۆت تێ

که ! »
عوسمان براگەورەکەی سەلاح کە «سێ ساڵ زیندان لە تەمەنی شلکیدا، تێکی شکاندبوو» سەرەڕای کاریگەرییەکانی زیندان دوای هاتنە دەر لە زیندان دووبارە ژیان بنیاد دەنێتەوە:
«هێشتا مێرمناڵێک بوو کە لە زیندان هاتەوە. کە هاتەوە ئەو عوسمانە زاربەپێکەنین و شۆخیبازەی جاران نەبوو. سێ ساڵ زیندان لە تەمەنی شلکیدا، تێکی شکاندبوو. بڵاوکراوەی حیزبی دێموکراتی لەناو شار بڵاو کردبوونەوە. دانەیەکی لوول دابوو و لە کونی دیوارەوە خستبوویە ژووری پاسەوانیی بەردەم شارەوانیی خانێ کە ئەودەم فەرمانداری بوو. لەوسەر، بە ئەقڵی منداڵانەی خۆی بۆ دڵنیابوون لەوەی بزانێ نیگابانەکە هەڵیگرتووەتەوە، یان نا، گەڕابووەوە و سەری بەناو ئەو دەربیجەیە ڕۆگرتبوو کە بڵاوکراوەکەی تێ هاویشتبوو. ئەوە بوو توند مەچەکیان گرتبوو و پێوە بووبوو.»
ماڵی وەستا ڕەحیم، برا و هاوڕێیەکانی جارێکی تر عوسمان دەخەنەوە سەر پێ. کاتێک عوسمان زەماوەند دەکا، سەلاح و دڵسۆز وەک هەلووک لە شاییدا هەڵدەسووڕێن و خۆ لە عەرز دەکوتن:
«دووای گەڕانەوە لە زیندان وازی لە خوێندن هێنا و شانی دایە بەر باری قورسی ژیان. دوای چەند ساڵێک لەگەڵ "گوڵێ" زەماوەندی کرد. من و سەلاح وەک هەلووک لە شاییەکەیدا هەڵسووڕاین و خۆمان لە عەرز کوتا.»
ئەمساڵ (٢٠٢٦) مانگی ئاپریل، عوسمان بۆ گیای بەهارێ دەچێتە شاخ. لەوێ لەناو بیزا و ڕێواساندا دڵی ڕادەوەستێ و گیان دەدا. مەرگێکی وا کە هەموو کەس ئارەزووی دەکا.
باجە فاتم دایکی سەلاح لەناو ئەم بیرەوەرییانەدا بە وشە و ڕستە جێگایەکی زۆری پێ نابڕێ و حزووریکی زیاتر پاسیڤی هەیە، بەڵام لە دوو سێ شوێن بە چەند ڕستەی کورت باسی دەکرێ: «وەستا ڕەحیم بەناو تەمەن کەوتبوو. بەو حاڵەشەوە زۆر بەگورد بوو. کاری وەستایەتیی دیواری دەکرد. بەیانان زوو هەڵدەستا. باجە فاتم لەسەر سەکۆیەکە حەسیرێکی ڕادەخست، قاوەڵتی بۆ دێنا و بۆخۆشی دەهات لە پەنا سەماوەرەکە دادەنیشت.»
سەبارەت بە بوونی باجە فاتم لەناو دەقەکاندا، خوێنەر ئاواتەخواز بوو کە بە وشەیەکی زیاتر لەسەری نووسرابا. خوێنەر دەرکی ئەوەی هەیە کە نووسەرێکی پیاو زیاتر لەگەڵ وەستا ڕەحیم و سەلاح خۆی پێناسە دەکا و لە ڕێگای نووسینەوەی ئەوان خۆشی دەنووسێتەوە، بەڵام هەمیسان ئەرکی نووسەرانی بەبیرە کە ڕۆڵی ژنان و پرس و گرفتەکانیان لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا زیاتر دەر بخەن. سەرەڕای ئەوە کە حزووری باجە فاتم لە بیرەوەرییەکاندا کەمتر دیارە، گەرمای دایکانەی ئەو لەناو بنەماڵە و دەقدا هەست پێ دەکرێ. ئەوە خزم و کەسی ئەون کە لە ناوماڵدا لەگەڵ کوڕانی باجە فاتم لە داوەتێدا پانێی گۆرێیان دەدڕێ، ئەوە خزمی ئەون کەڵەبابێک دێنن و، دوای ڕۆیشتنی کوڕەکان، باجە فاتم «دەبێتە مۆمی فرمێسکان» و دەتوێتەوە. دوای مەرگیشی، وەستا ڕەحیم تەنیا دەمێنێتەوە و لەگەڵ کوڕێک و بووکێکی دەژی.

ئەنجام

نووسەر و وەرگێڕ سوڵەیمان دڵسۆز بە نووسینەوەی بیرەوەریی پڕ لە وەفای خۆی خوێنەر فڕێ دەداتە چەند دەیە پێش و ناو بنەماڵەی وەستا ڕەحیم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بنەماڵەی وەستا ڕەحیم و پەیوەندیی خۆی لەگەڵ هاوڕێیەکەی سەلاح دەکا. بەهۆی ئەوەی کە ژیان، ژینگە و ئەزموونەکانی زۆربەی خوێنەران زۆر نزیکن لە ئەزموونەکانی نووسەر، کارەکتەری وەستا ڕەحیم، باجە فاتم و ڕووداوەکان وەبیر دەمێنن و بۆمان زیندوون. خوێنەر بە خوێندنەوەی خۆی لە دروستکردنەوەی زەمەنێکی لەدەستچوو و دووبارە دروستکردنەوەی هەمان شوێن و کات بەشدار دەبێ. ئەوەی بیرەوەری و نووسینەکانی دڵسۆز دەری دەبڕێت، پێشتر لە کات و شوێنیکی دیکەدا ڕوویان داوە و ئێمە خۆمان لەوێ نەبووین و نەماندیوە، بەڵام لە ڕێگەی داهێنان و دەربڕینی ئەدەبیی نووسەرەوە دەتوانین بچینە ناو ئەم جیهانە هاوبەشە؛ جیهانێک پڕ لە قاقا و داوەت، پڕ لە دامە و کایە، پڕ لە کەشک و ماستی گوند و پڕ لە شۆخیی باوک و گەرمای دایک. جیهانێک کە دواتر دەکەوێتە تاراوگە و تەنیا داهێنان، نووسینەوە

و خوێندنـــەوە کاتـــی لەدەســـتچوومان دووبارە بۆ زینـــدوو دەکاتـــەوە. نووســـینەوە و خوێندنەوەی بیرەوەری دەبێتـــە فۆڕم و زەرفێکی پڕ لە خۆشـــی و ناخۆشـــی و پڕ لە وەفاداری تا خوێنەر و نووســـەری تاراوگەنشـــینی پڕ لە تاســـە دووبارە پێکـــەوە ژیان و کاتـــی لەدەســـتچوو جارێکی تـــر ســـاز و ئەزموون بکەینـــەوە. یاخود ئەگـــەر ئەو هەموو ســـاڵە لەوێ نەبووینـــن، حەســـرەتی مەرگێکمـــان هەیە لەســـەر شـــاخێکی پڕ لە ڕێـــواس و نێرگز.

فاشیزم و کۆنترۆڵی گێڕانەوە

مەسعوود بابایی

بەرایی

بۆ بەرەنگاربوونەوەی فاشیزم، پێویست بەوە ناکات کە ئێمەش فاشیست بین. فاشیزم بەرەنجامی هەژارییەکی کولتووریە کە کۆمەڵگەکانی گیرۆدەی ستەمکاری و دیکتاتۆری تووشی دەبن. فاشیزم نەخۆشییەکی ئایدیۆلۆژیکە کە لەبەر چێژێکی ساختەی خۆبەزلزانی بنەما سەرەکییە ڕەوشتییەکان، بەتایبەتی مرۆڤدۆستی پێشێل دەکات. فیدریکۆ فیلینی، دەرهێنەری بەناوبانگی ئیتالیایی، دەڵێت کە: "فاشیزم، ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵکو تەکنیکە. بەزۆری زۆرداری پێمان دەڵێت من لەسەر هەقم". تەکنیکە، ڕێوشوێنی کوشتنی گفتوگۆ و پرسیارە. ڕێوشوێنی کوشتنی ئەوی دیکە و دوژمنسازی. بەدوژمنکردن و ئاسانکردنەوەی کوشتنی ڕۆحی و جەستەیی ئەوی دیکە.

ئەدگار



لە سەردەمە کۆنەکاندا کە جەنگەکان بە شمشێر و تیروکەوان دەکران، نەزانی و دڕندەیی هۆکاری سەرەکیی کوشتن بوون؛ "کوشتن لە نزیکەوە" تایبەتمەندیی ئەم جەنگەیە. دڕندانە و گەمژانە و قێزەون دێتە بەرچاو. کاتێک لە سینەمادا دەیبینن سامناکە و ڕەنگە هەندێ کەس بەرگەی سەیرکردنی نەگرن.

بە پێشکەوتنی جەنگەکان، "کوشتن لە دوورەوە" دیمەنەکانیشی دوور خستەوە. دڕندەیی و گەمژەیی داپۆشی. تەکنەلۆژیای جەنگ، گیان و جەستەکانی کرد بە ژمارە، کردی بە یاری و چاوی ئێمەی ئەوەندە دوور خستەوە کە چی دیکە هەستی بەزەییمان نەدەوروژا. جیاوازیی "دەست و مەچەک" و جیاوازیی "پەلاپیتکە" لە دووری و نزیکیی "کوشتن"دایە. سڕینەوەی ئەوی دیکە وەک جەستە و گیان لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە وەک "کۆسپ و لەمپەر" سەیری بکەین گەلێ جیاوازە. تەکنەلۆژیای جەنگ "دوژمن" لە جەستە دادەماڵێت و دەیکات بە "کۆسپ و لەمپەر". هەر کەسێک کە وەک کۆسپ و لەمپەر لێی بڕوانیت دەبێت بە "شت"، لە "کەسبوون" و لە "ناسنامە" داماڵخاس دەکرێت و بەهای مرۆڤبوونی لێ دەستێنرێتەوە. فاشیزم، لە بیروهۆشیدا "ئەوی دیکە" وەک کۆسپ و لەمپەر دەبینێت. ئەرکی فاشیزم ئەوەیە کە ئەوی دیکە دوور بخاتەوە، پێوەندی کەم بکاتەوە و بیپچڕێنێت. ئامانجەکە ئەوەیە "لەنزیکەوە بینین"، "دیدار" و "گفتوگۆ" پەک بخات. هەروەک گوتمان لە سەردەمی کۆندا، نەزانی و دڵڕەقی و برسێتی و پادشاپەرستی و تاڵانی و دەسکەوت پاڵنەری سەرەکیی کوشتار و داگیرکاری بوون. سیاسەتی ئیمپراتۆرییەکان فراوانخوازی بوو، پاش جەنگەکان، ئیمپراتۆری داگیرکراوەکانی وەک خەڵکی خۆی دەگرتە خۆ، هەرچەند ستەمکاری بەردەوام بوو، بەڵام ئامانجەکە سڕینەوەی گیان و جەستەی ئەوی دیکە نەبوو. ئیمپراتۆری جەنگی تاک ناسنامەیی نەدەکرد، وەفاداری و ملکەچیی دەویست. فاشیزم، تەنیا داگیرکاری و فراوانخوازی نییە، فاشیزم یەکدەست و یەکسانکردنە. هەموو شتێک دەبێ یەکسان بێت، ئەوی دیکە هەمیشە دوژمنە، باشترە بڵێین "ئەوی دیکە" کۆسپ و لەمپەری ئایدیای باڵای فاشیزمە. ئەوی دیکە دەکرێ بە "شت" لەپێناو کوشتنی گفتوگۆ و لە ئەنجامدا سڕینەوەی کولتوور و زمان و نیشتمانێکی دیکە. فراوانخوازیی فاشیستەکان، لەنێوبردنی هەموو جۆرە فرەڕەنگییەکە.

"لەنزیکەوە کوشتن"، دەبێتە ئاوێنەیەک بەرانبەر خۆمان، نواندنەوەی تاوانێک بۆ تاوانبارەکە دەرکەوتێکی ویژدانی - ڕەوشتیی هەیە کە ڕاکردن لێی ئەوەندە ئاسان نییە. فاشیزم دەبێ نیگاکان دوور بخاتەوە، دەبێ وێنەیەک لە بوونەوەرێکی دووری مەترسیدار نیشان بدات، دەبێ نەهێڵێت نزیک بکەوێتەوە. بەڵام جەنگی شمشێر و تیروکەوان ئەوی دیکەی نزیک دەکردەوە و لانیکەم سەربازەکان تێدەگەیشتن کە لەگەڵ مرۆڤێکی وەک خۆیان دەجەنگن کە ناوی دوژمنە.

فاشیزم پێویستیی بە مرۆڤێک نییە کە بەرەنگاری

ببێتەوە، مرۆڤ خاوەنی زمانە، خاوەنی نیگا و بیرکردنەوەیە و شارەزای نواندن و هاوتاکردنەوەیە. ئەم مرۆڤە ئەگەر دوژمنیش بێت، بەو مەرجەی خولّکی سەر مێزێکمان بکات، چایەکمان لەگەلّدا بخواتەوە، گفتوگۆ و دانوستان بکات، لە مرۆڤبوون ناکەوێت. هەموو مێز و خوانێک دەتوانێت هەوێنی چارەکردنی کێشەکان بێت. مەگەر مێز و خوانی ژەهراوی کە ئێمەی کورد لە مێژووی خۆماندا بە هۆی ساویلکەیی سیاسی پێی کوژراوین!

فاشیزم: تەکنیک و ئایدیۆلۆژیا

فاشیزم، ئایدیۆلۆژیایەکی مودێرنە. هەرچەند ڕەگی مێژوویی هەیە، بەڵام لە زەینی نەخۆشی خۆیەوە شەقڵی ئەم ڕەگانە دەستنیشان دەکات. دیالکتیکی بیروهۆش لە هیچ ئایدیۆلۆژیایەکدا چەق نابەستێت و هیچکات لە وێستگەیەکدا ڕاناوەستێت. ئایدیۆلۆژیا بە دەستنیشانکردنی ئامانجێک لە دووڕەوە و نیشاندانی دوایین ئاکام (تێلۆس) هەقیقەتێکی تاقانە دادەتاشێت و بەم چەشنە وڵامی ئامادەکراو بۆ پرسیاری ئامادەکراو دادەڕێژێت. ئامانج لەم کارە ئەوەیە کە زەینی ئاسوودەی بەختەوەری گەمژەڵ دروست بکات کە لە پێگەی هەقیقەتی ڕەهاوە ئەوی دیکە هەڵسەنگێنێت و داوەری بکات. لەم قۆناخەدا ئایدیۆلۆگ ڕادەسپێردرێت تا جیهانسازی بکات، جیهانێک کە خۆدوێنە (مۆنۆلۆگیک) و لەگەڵ ئەوی دیکە ناکەوێتە گفتوگۆ. لە ئایدیۆلۆژیی فاشیزمدا ئەم دۆخی خۆدواندنە دەگاتە ئەوپەڕی خۆی و لەگەڵ خۆلاواندنەوەدا تێکەڵ دەبێت. "مێژووی من"، "زمانی خواییی من"، "ناسنامەی دانسقەی من"، "خوێنی پاکی من"، "نەژادی ئاریایی من" و چەندین "من"ی دیکە. لەنێو ئەم هەموو "من"ەدا تەنیا مۆنۆلۆگ لەدایک دەبێت و جیهان ئەوەندە بچووک دەبێتەوە کە جێی کەسی دیکەی تێدا نابێتەوە!

پێتان سەیر نەبێت کە "شیعریبوونەوە"ی کەتوار(واقع) یان "بەشیعریکردنی کەتوار" یەکێک لە پێداویستییەکانی فاشیزمە. ئەم "بەشیعرکردنە" بە جێگۆڕکێی "سیمبۆل" و "کەتوار" دێتە ئاراوە. شیعر نییە، "بەشیعرکراو"ە. سیمبۆلێکی وەک "خاچی شکاوە"، "هەڵۆی ڕۆمانی"، "هێمایەکی سیکهیستی" (سیخ)، "ئەستێرەی داوود"، "هیلال"، "خاچ"، "گورگ" هەموویان لە نەخشی سەر بەردێکەوە هەڵدەکەنرێن و دەلکێن بە ئاڵایەکەوە و لە سیاسەتی پڕوپاگەندای دەوڵەتدا وەک بوونەوەری زیندوو لە جەستەی سەرۆکدا گیانیان بەبەردا دەکرێت.

فاشیزم، پێکهێنەری دەوڵەت - نەتەوە نییە، ئامانجی فاشیزم نەتەوەی دەوڵەتە. نەتەوە لە خزمەت دەوڵەتدایە، دەوڵەت واتە سەرۆک. سەرۆک هەڵگری ڕۆحی نەتەوەیە نەک تەنیا لە ئێستادا، بەڵکو لە ڕابردوو و لە داهاتووشدا. لێرەدا سەرۆک بەخشندەی فەرێکی یەزدانییە، لە پێگەیەکی مرۆڤخوداییدایە کە بەم شێوەیە هەبوویەکی "بان- مێژوو"ە. نیشتمانپەروەری دەبێت بە نیشتمانپەرستی، نەتەوەپەروەری دەبێت بە نەتەوەپەرستی، هەموو ئەمانەش بە بێ "سەرۆکپەرستی" مانایان نییە. هەروەک گوتمان فاشیزم لەگەڵ ئەوەی ئایدیۆلۆژیایەکی مودێرنە، ڕەگێکی مێژوویی هەیە کە ئەویش بۆ سروتی پەرستنی سەرۆک خێڵ و ملکەچیی پەتی دەگەڕێتەوە. جادوو و ئەفسانە لە سیاسەتی پڕوپاگەندای فاشیستی دەبن بە وێنەی سیمبۆلیستی و بەشێوەیەکی مودێرن نۆژەن دەکرێنەوە.

من لەو بڕوایەدام "تەکنەلۆژیای جەنگ" لەباری بەرهەستەکییەوە(عینی، ئۆبژەکتیڤ)، دەرخەری ئەدگاری سەرەکیی فاشیزمە. فاشیزم لە مێژوودا وەک شێوازی بیرکردنەوەی میتافیزیکیی دابەشکردنی مرۆڤان بەسەر فۆرمی ئاژەڵیدا هەیە، بەربەر، نەگریس، جنۆکە کە هەر هەموویان لەپێناو کردەی زەینیی "لەمرۆڤخستن"ن. ئێمە ناتوانین کۆمەڵگەیەکی فاشیستی دروست بکەین ئەگەر تووشی دابڕان لەوانی دیکەی نەکەین. دروستکردنی شوورەیەک بە دەوری خۆتدا بە قۆرخکاریی هەقیقەتێک لەنێو ئەم شوورەیە و چاندنی ترس و

ڕق لەبەرانبەر خەڵکی ئەودیوی شووڕە، وردە وردە دەتوانێت کۆمەڵگەیەکی فاشیستی پێکەوە بنێت. لێرەوە پەی بە گرنگیی قسەکەی فیلینی دەبەین کە "فاشیزم تەکنیکە". تەکنیکی دابڕاندن و پەکخستنی گفتوگۆ لە ڕێگەی "لەمرۆڤخستنی"ئەوی دیکەوە!

تەنانەت پێناسەی "دوژمن"یش بۆ فاشیزم کێشەسازە. "دوژمن" پێگەی هەیە. داننان بە "دوژمن" داننان بە ناسنامەیە، داننان بە هێز و هەبوونی ئەوی دیکەیە. فاشیزم زیاتر حەزی لە جیاکردنەوەی بەرەیە. نەک بەرەی دۆست و دوژمن، بەڵکو بەرەی "چاکە و خراپە"، "پاک و پیس"، "دیندار و کافر". "دوژمن" باڕێکی دیپلۆماسیی هەیە، لە دیپلۆماسیی سیاسیدا پۆلێن دەکرێت و لەم زمانە دیپلۆماسییەدا جاروبار گفتوگۆی لەگەڵ دەکرێت و دان بە پێگەکەیشی دەنرێت. لە زمانی مودێرنی ئێستادا ئەگەر بمانهەوێت پێگە لەبەرانبەر بسڕینەوە و بەتەواوەتی مافی لێ بستێنینەوە و بەشێوەیەکی یاسایی هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکەین. میتافیزیکای ناولێنانی کۆن، واتە بەرەی "چاکە و خراپە"، "پاک و پیس" و ... هتد دەگۆڕین. لەم زمانەدا "تیرۆریست" باشترین و گونجاوترین زاراوەیە. ئێمە شیرازەیەکی سیاسیمان پێکەوە ناوە کە دەرەوەی شیرازە و تەکووزیی(نظم) دەوڵەت دەبێتە "تیرۆریست". لێرەدا فاشیزم چەمکەکان نۆژەن دەکاتەوە و میتافیزیکێک بە میتافیزیکێکی دیکە دادەپۆشێت. "تیرۆریست" دێو و خێو و جنۆکەیەکە کە لە لەتاریکیدا دەست دەوەشێنێت. کاری تیرۆریست ترساندنە لەبەرانبەر ترساندن!

ئەگەر فاشیزم "تەکنیک" بێت، وەک تەکنیک لە مێژوودا هەمیشە پەیڕەو کراوە. بەڵام دەرکەوتنی فاشیزم وەک ئایدیۆلۆژیا لە دەوڵەتی مودێرندا پێوەندیی بە دۆخێکی بەرهەستەکییەوە هەیە کە لەگەڵ دۆخی دەرهەستەکی (سۆبژەکتیڤ) لێک دادەپۆشن. "مێژوو" دایەنی هەموو ئایدیۆلۆژیایەکە؛ هیچ ڕەوایەک لە کاتی ئێستادا وەرناگیردرێت ئەگەر پێشینەیەکی مێژوویی بۆ دانەتاشرێت. ئەم پێشینەیە شێوەی کارکردنی مرۆڤ و کولتوورە لە مێژوودا. ڕەفتارناسیی ئەم مرۆڤە و میتافیزیکێک کە هاوتای جیهانی فیزیکی "قاچ و سەر" ئاراستە دەکات و نەخشەیەکی سیاسی کە لە جوگرافیادا دەستنیشان دەکات و هەروەها کەرستە ماددی و تەکنەلۆژیکەکان، شیوەی خەملێنی ئایدیۆلۆژیایەک لە داوێنی جیهانبینییەکدا نیشان دەدەن. فاشیزم وەک هەر ئایدیۆلۆژیایەکی دیکە هیچ خاکێکی دیاریکراوی نییە بەڵام هەمیشە زەینێکی دیاریکراوی مێژوویی - کولتووریی هەیە کە لەپێناو زاڵبوونی خۆیدا بەکاری دەهێنێت. ئەم خاکە نەخشەیەکە کە بە سەرهەڵدانی مودێرنیتەی سیاسی دەوڵەت - نەتەوەی پێدەگوترێت. بەشێکی ئەم خاکە لە ئەنجامی نەتەوەسازیی داگیرکەرانەدا فاشیزمی تێدا هەڵدەکەوێت. نەتەوەسازیی داگیرکەرانە بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو گەلانەدا سەری هەڵدا کە خاوەنی مێژوویەکی درێژ نین و لە ڕێگەی مێژووسازییەوە فاشیزمێکی سەروساخت دا، واتە وەک ناسیونالیزمی ئەوروپایی لە جەستە ئیمپراتۆرییەکی لاتینی- مەسیحی جیا نەبوونەوە، بەڵکو لە خاکێکی بێگانەوە هێرشیان کرد و لە خاکێکی نوێدا گیرسانەوە. مااڵخۆیی و خۆبەخاوەنکردن دوو واتای بەتەواوەتی جیاوازیان هەیە. ناسیونالیزمی ئەوروپی خاوەنی خاک و کولتووری مێژوویی خۆیەتی، هەڵبەت وێڕای ئەو ململانێیەی کە لەسەر هەندێ بەشی خاکەکەیان هەیانبوو. ئەم ناسیونالیزمە، ناسیونالیزمی گەلانی شارستانییە کە زۆر لەو ناسیونالیزمەی گەلانی کۆچەری جیاوازە کە دواتر لەجێی ئەوەی دەوڵەتی نیشتمانی و هاووڵاتیی لێبکەوێتەوە لە ناسیونالیزمی خێڵەکییەوە - ڕەنگە زاراوەکەش چەندان گونجاو نەبێت - بەرەو فاشیزمی نەتەوەی دەوڵەتی هەنگاویان نا.

دەوڵەت - نەتەوە، دەوڵەت بۆ نەتەوەیە. نەتەوە کاتێک بە دەوڵەت دەگات دەخڵەمێت. جوگرافیای سیاسییەکەی لە خاکی خۆیدا بنیات دەنێت کە خاکی مێژوویی نەتەوەیە. هەڵبەت لە سەرەتای

دامەزراندنیەوە بەشێکی زۆری ئەم دەوڵەتانە دیمۆکراتیک نین و وردە وردە لە ئەنجامی سەقامگیریی سیاسی، ئابووری و مەدەنییەوە بەرەو بەشداریی سیاسی و دیمۆکراسی هەنگاو دەنێن. هەڵبەت مەرج نییە ئەمە ڕەوتێکی دەستەبەرکراو بێت، بەڵام لانیکەم لە مێژووی سەدەی هەژدە و نۆزدە بەم لاوە ئەم ڕەوتە بەزەقی دەبینین.

بەڵام من واتای "نەتەوەی دەوڵەتی" لە دەوڵەتی نەتەوەیی یان دەوڵەت - نەتەوە جیا دەکەمەوە. دەکرێ دەوڵەتی نەتەوەیی یان دەوڵەت – نەتەوە، دیکتاتۆری و تەنانەت فاشیستییش بن کە ئێمە لێرەدا لەگەڵ دوو ڕوخساری جیای فاشیزمدا بەرەوڕووین: فاشیزمی ئەوروپایی (ئیتالیا و ئاڵمان) و هەروەها فاشیزمی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کە تەنانەت ڕەنگە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی فاشیزمی ئاسیاییشدا (وەک ژاپۆنی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی و ڕێژیمە دیکتاتۆریی و نیمچە فاشیستیی وەک کامبۆج و بۆرما) جیاوازییان هەبێت کە لێرەدا ئێمە دەرفەتی شیکردنەوەی وردەکارییەکانمان نییە. هەڵبەت ڕەنگە کەسانێکیش هەبن کە ستالینیزم و ماویزم و کۆریای باکوور کە ڕێژیمی کۆمۆنیستین بە تێکەڵەیەک لە کۆمۆنیزم - فاشیزم بزانن. لەم بارەوە من لەسەر ئەم پۆلێنکردنە پێداگر نیم کە هەرچەند بەپێی ئەدگاری هاوبەش ڕێژەیەک لە فاشیزم لەم نموونانەدا هەیە.

نەتەوەی دەوڵەتی، بریتییە لەو نەتەوەیەی کە لە دروستکردنیدا دەوڵەت ڕاستەوخۆ بە پشتبەستن بە داگیرکاری بونیادی دەنێت. لەم دەوڵەتەدا نەتەوە لەئارادا نییە؛ کۆمەڵە خەڵکێکی کۆچەری بە داگیرکردنی خاکێک دەبنە خاوەنی و گەلانی نێو ئەو خاکە قەڵاچۆ یان دەتوێننەوە. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئافریقا و ئاسیای بچووک (عەرەب و تورک) لە ئەتازۆنی (ئەمریکای ئێستا) بە لەنێوبردنی هیندییە سوورەکان، لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، سپانیۆڵی زمان... ئەم دۆخە دەبینرێت. ئەم نەتەوەیە، دەوڵەتییە. دەوڵەت لێرەدا نەتەوەیەکی دروست کردووە کە ڕیشەکانی لە شوێنێکی دیکەوە هاتوون، مێژوو ساخی ناکاتەوە و تاپۆی مێژوویی خاکی نییە. ئەم نەتەوەیە دەوڵەتییە، بەرەنجامی داگیرکارییە. لەبەر ئەوەی نیشتمانە مێژوویییەکەی ساخ نابێتەوە دەیهەوێت پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە بسڕێتەوە. هەربۆیە هەردووک سیاسەتی سڕینەوەی جەستەیی و کولتووری هاوکات پەیڕەو دەکرێن. پەلاماری زمانی گەلانی بندەست دەدرێت و لێیان قەدەخە دەکرێت. خاک و زمان پێوەندییەکی قوواڵیان بەیەکتردەوە هەیە. خۆشخەیاڵییە ئەگەر وا بیر بکەینەوە گەلانی بندەست دەتوانن بەشێک لە ناسنامەی وەها دەوڵەتێک بن.

فاشیزم هەمیشە دوو ئەدگاری هەن؛ بە دەمامک و بێ دەمامک. فاشیزم دەتوانێت بە ناوی هەمەچەشنەوە خۆی بنوێنێت؛ بە دەمامکی سوسیالیستی و بە دەمامکی ئایینی و بە دەمامکی مێژووی هاوبەشی ژیاری. فاشیزمی بێ دەمامک هەمیشە خۆی نیشان نادات، ئەو دەمەی دەمامکەکان لا دەبرێن فاشیزم بە زەقترین شێوە دەردەکەوێت. لەبەرانبەر ئێمەی کورد ئەم ناوونانۆرانە نیشانەی فاشیزمی بێ دەمامکن، فاشیزمی ڕووهەڵماڵدراو: "تورکی کێوی"، "کێونیشین"، "سەربڕ"، "خێڵەکی"، لەم دواییانەشدا - بە بێ هیچ شەرمێک لە ژیریی دەستکرد!- دەستەواژەی کۆچەرییە هیندییەکان دەدرێتە پاڵ کورد.

لە باری زانستییەوە، هەڵسوکەوتی فاشیزم دووفاقییە. لە فاکتۆلۆژیی فاشیزمدا، هەڵبژاردنی فاکتە زانستییەکان دڵخوازانەیە. لە زیندەناسییەوە نموونەی بۆماوەیی بەگوێرەی ڕێڕەوی دڵخوازانەی خۆی بەکار دەهێنێت، ئەفسانەی زانستی دەهۆنێتەوە. زانست لە دەزگای پروپاگەندەی فاشیستیدا زمانێکی زانستی هەڵنابژێرێت، زمانێکی شیعری و خەیاڵی و فەنتازیای دووری سەدەکانی بەختەوەریی گەل و پێشینانی پێشەوا و سەرۆکان دەهۆنێتەوە. گەلی پیرۆز و بنەماڵەی پیرۆز و بەفەڕی یەزدانی. زاراوەکانی باوکی گەل، دایەنی شێرپەروەر و کوڕانی خۆر و نەوەکانی دێڵەگورگ بە مەنجەڵی زیندەناسی(بایۆلۆژیا)،

کۆمەڵناسی و دەروونناسی دەکوڵێنێت.
دەتوانین بڵێین فاشیزم لە پزدانی مێژووییگەرییەوە بەر دەبێتەوە. نیمچەلەبارچوویەک کە بە هێزی خەیاڵ و ئەفسانە و جادوو لە سایەی دەوڵەتەوە بە بەردەوامی تەمەنی درێژ دەکرێتەوە. دەزگای ڕاگەیاندنی فاشیستی هەناسەی بەبەردا دەکات و ناهێڵێت بمرێت. "دەوڵەتی فاشیستی" ڕاگری سەرەکیی فاشیزمە. بە بێ دەوڵەت، فاشیزم لە شێوازەکانی شۆڤێنیزم و دەمارگیریی خێڵەکی و کولتووریدا وەک دەڵەمەیەک لەئارادایە. ئەم دەڵەمەیە لە ئەدەبیات و هونەر و موزیکدا بەر گوێ و چاو دەکەوێت. لە شێوەی سەبەفەڕییەکی شاعیرانەدا دەنوێنرێت و ئەو دەمەی دەوڵەت دەیپەروەرێنێ و لە تاقیگەی خۆیدا کاری لەسەر دەکات دەبێت بە فاشیزم، وەک پەیڕەو و بەرنامەی دەوڵەت.
تەکنیک و ئایدیۆلۆژیا وەک "هونەر- باوەڕ" لە تاقیگەی مێژوودا دەفراژێن. هەروەک گوتمان "مێژوو" دایەنی فاشیزمە، بەڵام چ مێژوویەک. فاشیزم بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕەوایی خۆی لە مێژوو وەردەگرێت، مێژووی شارستانییەتە گەورەکان. بەڵام فاکتۆلۆژیی فاشیزم دەستچنکردنە. فاکتەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕۆژئمێر و کرۆنۆلۆژیای مێژوویی بەکار دەهێنێت. مەوداکانی کات و ڕووداو لەبەرچاو ناگرێت و مێژوو بەشێوەیەکی "بەدەرکات" یان مۆنتاژی کاتی مێژوویی بەکار دەهێنێت و بەم شێوەیەش نۆستالۆژیایەکی چەواشەکراو دەخوڵقێنێت کە نەوەکان بەباشی نایناسنەوە بەڵام پڕوپاگەندا بەباشی بەکاری دەهێنێت و دەرخواردی کۆمەڵگەی نەتەوەیی دەوڵەتی دەداتەوە. کە وابوو فاشیزم بانمێژوو و جادوو و ئەفسانە و بەگشتی میتافیزیک لە مەنجەڵی خۆیدا دەکوڵێنێت. بەم شێوەیە سیستمی تەکنیک - ئایدیۆلۆژیا "هونەر- باوەڕ"ی فاشیزم ئاسۆی داهاتووی خۆی بە گێڕانەوەی ساختەی مێژوو وێنا دەکات. هەر بۆیە هەمیشە داهاتووی ڕاستەقینە بە چاوی خۆی نابینێت، بەڵکو لە داهاتوویەکدا دەژیت کە هیچکات نابێت بە داهاتوو. بەشێوەیەک لە شێوەکان داهاتووی فاشیزم "کۆتایی مێژوو"ە. فاشیزم، خاوەنی هیچ جیهانبینییەکی زانستی نییە، بەپێچەوانەی مارکسیزم کە بڕوای بە ماتریالیزمێکی دیالکتیک و ڕوانگەی ئۆبژەکتیڤ بۆ مێژوو هەیە و تا ڕادەیەک بەگوێرەی ئابووری و ئابووریی سیاسی و لۆژیکی پەرە و گەشە و ململانێی چینایەتی بەگوێرەی ڕاڤەی کۆمەڵناسانەی کار و سەرمایە مێژووی جیهانیی مرۆڤ ڕاڤە دەکات.

پێوەندیی تەکنەلۆژیا و فاشیزم

بەرگریکردن لە مافی ژناندا هەبووە بەڵام کاتێ لەنێو جوگرافیایێکی سیاسی، ئەزموونی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی لایەنێکی دیاریکراو لە ژنان وەکوو پێوەری گشتی بۆ ناساندنی پرسی هەموو ژنان پێناسە بکات و جیاوازیی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژنانی نەتەوە پەراوێزخراوەکانی نێو ئەو جوگرافیا سیاسییە پشتگوێ بخات، دەچێتە خانەی فێمینیزمی ناوەندخوازەوە و بە ئانقەست یان بێئانقەست خۆی دەبێتە بەشێک لە میکانیزمی بەرهەمهێنانەوەی زاڵبوون و بندەستی بۆ ژنانێک کە ئەزموونەکانیان جیاوازن. مەبەست لە فێمینیستی ناوەندخواز هەموو ئەو کەسانەن (کورد و غەیرە کورد) کە لەم چوارچێوەدا و بەو پێوەرەی باسمان کرد، دۆخی ژێردەستیی ژنی کورد شرۆڤە دەکەن. لەم حاڵەتەدا ڕەنگە ژنی کورد لەنێو گوتاری فێمینیزمی ناوەندخوزادا بوونی هەبێت بەڵام نەک بە هەموو جیاوازییە مێژوویی و سیاسییەکانی و پرسە پڕدژوارەکانی، بەڵکوو بەر لەوەی وەک "ژنی کورد" پێناسە بکرێت وەک "ژن" پێناسە دەکرێت، واتە شوناسە زایەندییەکەی زەق دەکرێتەوە و شوناسی نەتەوەیی و ئەزموونی بەکۆلۆنیکراو و مێژووە سیاسییەکەی دەخرێتە پەراوێزەوە. بۆیە پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە لە ڕەوتی وێنا کردنی ژنی کورد لەم گوتارەدا، کام بەش لە شوناسی زەق دەکرێتەوە و کام بەشی دەشاردرێتەوە؟ و ئایا ئەزموونی جیاوازی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو لە ژێر چەمکی "ژنی گەردوونی" چارەسەردەبێت؟

یەکێک لە گرینگترین میکانیزمەکانی وێنا کردنی فێمینیزمی ناوەندخواز، تواندنەوەی ژنی کوردە لەژێر چەمکی "ژن". هەڵبەت ژنێک کە پێشتر لەلایەن فێمینیزمی ناوەندخوازەوە و لە چوارچێوەی مەعریفی و زانستیی ئەودا پێناسەکەی دیاری کراوە. ئەم بابەتە ڕەنگە لە یەکەم ڕوانیندا بێ کێشە بێت، بەڵام چونکە ئەزموونی زایەندیی ژنی کورد لەگەڵ ئەزموونی نەتەوەیی و سیاسی و مێژوویی ئەو لێک ئاڵاوە، لەبەرچاونەگرتنی ئەم چوارچێوەیە واتە لەبەرچاونەگرتنی بەشێک لە ئەزموونی ژیاوی ژنی کوردە. چون ڕاستی ئەوەیە کورد وەک نەتەوەیێکی داگیرکراو، کاریگەریی لەسەر شێوازی ئەزموونی ژنبوونیش دادەنێت و خۆی دەبێتە بەشێک لە خەباتی فێمینیستیی ژنی کورد. بۆیە هەر جۆرە دەستێوەردانێک بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنی پرسی ژنی کورد، مادامێک کە جیاوازییە نەتەوەیی و سیاسی و مێژووییەکەی نەبینرێت، نابێتە هۆی چارەسەریی ئەم پرسە. بۆ وێنە کاتێک لە گوتاری فێمینیزمی ناوەندخوازدا کوردبوون (وەکوو نەتەوەیێکی خاوەن مافی سیاسی و چارەی خۆنووسین) دادەبەزێتە ئاست جیاوازییەکی بچووکی ناوچەیی-فەرهەنگی، لەم حاڵەتەدا ژنی کورد وەکوو ژنێک لە فەرهەنگێکی جیاوازی دامالّدراو لە سیاسەت پێناسە دەکرێت نەک وەکوو ژنێک کە لە هەلومەرجێکی مێژوویی-سیاسیی تایبەتدا دەژی. واتە پرسی ژنی کورد تەنیا دەبێتە پرسی پەیوەندیی ژن لەگەڵ پیاوسالاری نەک پەیوەندیی ژن لەگەڵ پیاوسالاری و دەوڵەت و نەتەوە و زمان و جوگرافیا و پێکهاتەکانی دەسەڵات بە درێژایی مێژوو.

ئاکامی ئەم شێوە وێنا کردنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسایەتییەک کە لە ژنی کورد دروست دەبێت کەسایەتی "ژنی قوربانیی پیاوسالاری" بێت. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ژنی کورد هاوکات ڕووبەڕووی چەندین پێکهاتەی ستەم و دەسەڵاتە و لە تۆڕێکی ئاڵۆز و پردژواری هێزدا دەژیت و هەر ئەم دۆخەش بووەتە هۆی ئەوەی هەتا ئێستا لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان پیاوسالارییەکی پەتی بوونی نەبووبێت و ئەگەریش هەبێت بەهۆی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستییەوە دەرفەتی دەرکەوتنی نەبووە تا بتوانین دۆخی هەنووکەیی ژنی کورد لەو سۆنگەیەوە شرۆڤە بکەین. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە ئاماژێک لە ژنکوژی لە سێ پارچەی کوردستان لە قوناغێکی دیاریکراودا دەخەمە بەرباس. بەپێی ئاماری ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی هەنگاو لە ساڵەکانی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ لە ڕۆژهەڵاتی

کوردستان سەرجەم ٦٧ حاڵەتی ژنکوژی ڕوویداوە کە زۆربەیان لەلایەن کەسوکارییانەوە بووە. هەر لەم ماوەیەدا بەپێی ئاماری ڕێکخراوەی ئومۆت(هیوا) لە باکووری کوردستان ١٦٥ حاڵەتی ژنکوژی تۆمار کراوە کە ئەگەر بە گوێرەی حەشیمەتیان لەگەڵ ڕۆژهەڵات بەراوردیان بکەین تەقریبەن لە یەک ئاستدان. هەروەها لەم دووساڵەدا بەپێی ئاماری ڕێکخراوەی بەرەنگاربوونەوەی تونددوتیژی دژ بە ژنان لە باشووری کوردستانیش ٨ حاڵەتی ژنکوژی ڕوویداوە کە بەنیسبەت حەشیمەتی باشوور لەبەراورد لەگەڵ ڕۆژهەڵات وباکووری کوردستان یەک لەسەر چوارە. ئەگەر لێرەدا شرۆڤەکردنی ئەم بابەتە بەتەنیا لە سۆنگەی زایەندییەوە بێت ئاکامەکەی نابێتە شرۆڤەی وردبینانە و تۆکمە کە هۆکار یان هۆکارگەلێکی سەرەکی بۆ چۆنیەتی و ڕێژەی کەمتر یان زیاتربوونی ئەم دیاردەیە لە هەر پارچەیەک لە کوردستان بخاتە ڕوو. لەم بابەتەدا ئەوەی لە یەکەم ڕواینداا سەرنجڕادەکێشێ ڕێژەی کەمتری ژنکوژی لە باشووری کوردستانە کە سەردەمانێک لەوێ دۆخەکە هێندە خراپ بوو کە تەرمی ئەو ژنانەیان وا لەژێر ناوی پاراستنی نامووسەوە دەکوژران و دەبوونە قوربانیی تونددوتیژی زایەندی، لە بەشێکی گۆڕستانی سەیوان دەنێژران کە هی گۆڕە بێ نێوونیشانەکان بوو. بەڵام لەدوای سەقامگیربوونی نیمچە دەسەڵاتێکی سەربەخۆی سیاسی لە ٢٠٠٣بەملاوە و بەتایبەت لە دوای سەردانی قوباد تاڵەبانی وەکوو جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ گۆڕستانی سەیوان لە ساڵی ٢٠٢٠ و دەرکردنی فەرمان بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە ناحەزە، نەتەنیا ئەو دیاردەیە بوونی نەما بەڵکوو ڕێژەی تونددوتیژی و ژنکوژیش بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هەوێنی توێژینەوەیێکی زانستی لەسەر کاریگەرییەکانی دەسەڵاتی سەربەخۆی سیاسی لە کەمبوونەوەی تونددوتیژی دژبە ژنان. لە لایێکی تردە بەپێی ئاماری ڕێکخراوەی ئومۆت هیچ جۆرە حاڵەتێکی ژنکوژی لە نێو کوردە عەلەوییەکانی باکووری کوردستان تۆمار نەکراوە. ئەمەش دەتوانێ نیشاندەری کاریگەریی بەستێنێکی ئایینی و کولتووریی تایبەت بێت کە ڕەنگە بووبێتە هۆی نەبوونی دیاردەی ژنکوژی لە نێو کوردە عەلەوییەکان و دەتوانێ ببێتە بابەتی توێژینەوەیێکی زانستیی جیا. بەڵام فێمینیزمی ناوەندخواز بە زەقکردنی کەسایەتییەک وەکوو ژنی قوربانیی پیاوسالاری، دەست بەسەر بەرهەمهێنانی زانست سەبارەت بە پرسی ژنی کورد لە چوارچێوەی ڕاستەقینەی خۆیدا دەگرێت و هەموو ڕووداوەکان لە چوارچێوەی مەعریفی و فیکریی خۆیەوە شرۆڤە دەکات. ژنی کورد بە پێوەری ژنی ناوەند هەڵدەسەنگێنێت و تەنانەت ڕێگەچارەی ڕزگاریشیان هەر بە پێوەری ژنی ناوەند دیاری دەکات. کەچی مادامێک کە ئەزموونە ژینکراوەکان جیاوازن، بەدڵنیاییەوە ڕێگەچارەی ڕزگاریش جیاوازە. بە وتەیێکی دیکە لە فێمینیزمی ناوەندخوازدا، ژنی کورد دەبینرێت بەڵام لە دەلاقەی ئەو چوارچێوە مەعریفیانەوە کە پێشتر دیاری کراون، نەک وەکوو سووژەیێکی مێژوویی-سیاسیی سەربەخۆ کە دەتوانێ هەم بابەتێک بێت بۆ بەرهەمهاتنی زانستی نوێ و هەم خۆیشی بەرهەمهێنەری زانست بێت.

وێناکردنی ژنی کورد لە گوتاری ناسیۆنالیزمی نەریتخوازدا

نەتەوە وەکوو بەردی بناغەی بیری ناسیۆنالیستی بابەتێکی سروشتی و پێشتر دیاریکراو نییە، بەڵکوو لە ڕێگای مێژوو، کولتوور، کۆیاد، زمان، جوگرافیا، ڕەنج و کردەوەی سیاسیی هاوبەشەوە دروست دەبێت و پێناسەکەی بەردەوام نوێ دەکرێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە پرسی ژنی کورد لە گوتاری ناسیۆنالیستی، تەنیا پەیوەندی بە بەشداریکردن یان بەشدارینەکردن لە بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە شێوەی پێناسەکردنی نەتەوە و دیاریکردنی پێگەی ژنان و پیاوان لە بەرهەمهێنانەوە یان گۆڕینی پێناسەی نەتەوە و کۆمەڵگە لەلایەن ئەو گوتارەوە هەیە. واتە

ژن دەتوانێ لە گوتارێکی ناسیۆنالیستی وەکوو دایکی نەتەوە، پارێزەری نەتەوە، هێمای پاکیی نەتەوە یان پارێزەری کولتوور وێنا بکرێت و لە گوتارێکی ناسیۆنالیستی دیکەدا وەکوو سووژەیێکی سیاسی سەربەخۆ بۆ بونیاتانی داهاتووی نەتەوەیێک پێناسە بکرێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە هەر لە سەرەتادا لە نێوان دوو جۆر لە ناسیۆنالیزم جیاوازی دابنێین کە لە چۆنیەتی پەیوەندیی تاکەکان بە نیسبەت نەتەوەوە دێنە ئاراوە. یەکەم ناسیۆنالیزمی نەریتخواز، کە لەوێدا پێگە و بەهای ژن بە نیسبەت ڕۆڵی لە پاراستنی زمان و کولتوور و بەرهەمهێنانەوەی بنەماڵە هەڵدەسەنگێندرێت. واتا لێرەدا گرێدراویی نەتەوەیی (تعلق ملی) ژن مەرجدار دەکرێتەوە بە جێبەجێکردنی ڕۆڵە نەریتییەکانی ژن کە پێشتر لە سونگەیێکی پیاوسالارانەوە دیاری کراون. دووەم ناسیۆنالیزمی پێشڕەو کە ژن وەکوو شارومەندێکی یەکسان و سووژەیێکی سیاسیی سەربەخۆ پێناسە دەکات. واتە لێرەدا گرێدراویی نەتەوەیی، بەپێی ماف و ئیرادە و بەشداریی یەکسانی ژن لە بواره جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا دیاری دەکرێت. لەم نووسراوەیە مەبەستی من وێناکردنەوەی ژنی کورد لە شێوەی یەکەم واتە ناسیۆنالیزمی نەریتخوازە و کەسایەتییەک کە لەم گوتارەدا لە ژنی کورد دروست بووە.

لە هەموو شێوازە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزمی نەریتخواز لە جیهاندا، ژن وەکوو تاکێکی ئازاد بە فەرمی ناناسرێت و پلە و پێگەیێکی وەهای نییە بەڵکوو لە باشترین حاڵەتدا دەیکەن بە هێما و چەندین ڕۆڵی قورس و گرینگی بە سەردا دەسەپێنن. وەکوو "دایکی نیشتمان"، "هێمای پاکیی نەتەوە"، "پارێزەری کولتوور"، "پارێزەری نەتەوە". بە وتەیێکی دیکە ناسیۆنالیزمی نەریتخواز بە ڕواڵەت ژن لە ناوەندی نەتەوە وێنا دەکات بەڵام لە ڕاستیدا لە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێبەشی دەکات. یان ژن وەکوو پارێزەری کولتوور پێناسە دەکات بەبێ ئەوەی دەسەڵاتێکی بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنی ئەو کولتووره هەبێت. ئەم ڕەوتەش ئەنجامەکەی دەبێتە ئەوەی کە لەم گوتارەدا، سەمبۆلیکبوونی ژن گرینگتر بێت لە کارتێکەریی سیاسی و کولتووریی ئەو.

ناسیۆنالیزمی نەریتخوازی کوردستانیش هەر لەم ئەقڵییەت و شێوەڕوانینەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش ڕەوایی ئەم گوتاره دەباتە ژێر پرسیار، تەنانەت ئەگەر ئامانجی بەرگریکردن لە مافەکانی نەتەوەی بەکۆڵۆنیکراوی کورد بێت. ڕاستی ئەوەیە ناسیۆنالیزمی کوردستانی لەگەڵ نەتەوەیێکی بێ دەوڵەت ڕووبەڕووبە، نەتەوەیێک کە زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوپێش خاکەکەی لەنێو چوار دەوڵەتی ساختەدا دابەش بوو و لەماوەی ئەم سەد ساڵەدا بەردەوام ڕووبەڕووی سیاسەتی ئاسمیلاسیۆن، ژینۆساید، سەرکوت و بەربەستی زمانی و فرهەنگی بووە. لە هەلومەرجێکی وەهادا پاراستنی شوناسی نەتەوەیی گرینگییەکی تایبەتی هەیە و لێرەدا ژن گرینگییەکی دووقاتی دەبێت. چون لە ڕوانگەی نەریتخوازانەوە ئەگەر لە نێو ماڵدا بە زمانی کوردی قسە بکرێت زمانی کوردی دەپارێزرێت، ئەگەر کولتووری کوردی بپارێزرێت شوناسی کوردی دەمێنێت و ئەگەر شوناسی کوردی پارێزراو بێت نەتەوەی کورد هەر دەمێنێتەوە. لێرەشدا چون بنەماڵە شوێنی سەرەکیی ئەم ڕاگواستن و پاراستنەیە، ژن دەبێتە پارێزەری نەتەوە لە بیاڤی کەسی (حوزه خصوصی) ماڵدا. واتای ئەم ڕەوتەش ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی نەریتخواز بەم شێوەیە ڕۆڵی نەریتیی ژن، نەتەوەیی دەکاتەوە و مانای نەتەوەییبوون دەبەخشێتە ڕۆڵێکی نەریتی و پێشوەختە دیاریکراو لە کۆمەڵگەدا. کوردی قسەکردن، جلی کوردی لەبەرکردن، پاراستنی داوێنپاکی، منداڵ خستنەوە و پەروەردە کردنی منداڵان بۆ بەرهەمهێنانەوەی نەتەوە، هەمووی دەبنە ئەرکێکی نەتەوەیی. بۆیە هەر ڕۆڵ یان ئەکتێکی ژن لەو پێناوەدا شرۆڤە دەکرێت کە چ قازانجێکی بۆ نەتەوەکەی هەیە و بەربەرە کەسایەتی "ژن دایکی نیشتمان"، "ژن پارێزەری نەتەوە"، "ژن هێمای پاکیی نەتەوە"، "ژن

پارێزەری کولتوور" بەرهەم دێت و لە ئاکامدا لەم گوتارەدا، ژن لەو چوارچێوەدا شرۆڤە دەکرێت. نموونەیێک کە ڕەنگە لێرە پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بەشە یارمەتیمان بدات، بابەتی شلێر ڕەسوولی ژنێکی خەڵکی مەریوان و دایکی دوو منداڵە. ژنێک کە شێوازی مەرگی دەنگدانەوەیێکی گەورەی هەبوو و هەموو سۆشیاڵ میدیای تەنییەوە و خۆپیشاندانی خۆڕسک و گەورەی خەڵکی لێکەوتەوە. چوار ساڵ لەمەوپێش و لە هاوینی ٢٠٢٢ دا شلێر ڕەسوولی لەلایەن پیاوێکی دراوسێیان و بەمەبەستی دەسدرێژیی سێکسی بە فریو و درۆ و داوای یارمەتی لێکردن، پەلکێشی ماڵەکەی دەکرێت. شلێر کاتێک لەو ماڵەدا خۆی بە تەنیا دەبینێتەوە و لە مەبەستی پیاوەکە ئاگادار دەبێتەوە و هەموو دەرگایەک بە ڕووی خۆیدا داخراو دەبینێت، لە پەنجەرەی ماڵەکەوە خۆی دەهاوێتە نێو کۆڵان و گیانی لەدەست دەدا. خوێندنەوەی ناسیۆنالیستە نەریتخوازەکان بۆ ئەو ڕووداوە هەر لەم چوارچێوەی کەسایەتی "ژن هێمای پاکیی نەتەوەیە" بوو. واتا کردەوەی شلێریان بەو شێوەیە شرۆڤە دەکرد کە بۆ پاراستنی داوێنپاکیی خۆی ئەو کارەی کردووە و کارێکی وەهاش بە تەنیا لە ژنێکی کورد دەوەشێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبوو سەرەتا باس لەو دۆخە بکراتایە کە شلێری ناچار کردبوو بڕیارێکی وا بدات. شلێر لە چرکەساتێکدا کەوتووەتە نێو دۆخێک لە تووندوتیژی لە ئاستێکی بەرزدا بەڵام لە هەمان کاتدا دەیزانی کە ئەگەر خۆی ڕادەست بکات و بەو شێوە گیانی خۆی بپارێزێت دواجار یاسا و کۆمەڵگە پاڵپشتی نابن. بۆیە هەڵبژاردنی مەرگ نەک دڵخوازانە بەڵکوو لە دۆخێکی ناچاری و زۆرەملێدا بووە.

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئەگەرچی هەمووی ئەم وێنایانەی کە لە گوتاری ناسیونالیزمی نەریتخوازدا دروستکراون، ژن وەکوو هێمای نەتەوە پێناسە دەکەن بەڵام لەڕاستیدا و لە گۆڕەپانی واقیعدا ژن لە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دوور خراوەتەوە و مافی بڕیاردانی سەربەخۆیانە سەبارەت بە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لێ ئەستێندراوە. چۆن بیاقی گشتی (حوزە عمومی) کە بیاقی سیاسەت و کۆمەڵایەتییە و وەکوو بواری بڕیاری سەربەخۆیانە ناسراوە، لە دەستی پیاوانداید. ئەو وێنایانە لەم گوتارەدا هەموویان لەو بازنەیەدا دەخولێنەوە کە ژنی کورد دەتوانێ چ ڕۆڵێک بۆ نەتەوەکەی بگێڕێت؟ بەڵام هیچکامیان ئاوڕێک لەوە نادەنەوە کە ژن وەکوو سووژەییێکی سیاسی سەربەخۆ دەتوانێ چ پێگە و ڕۆڵێکی بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردن و بونیاتنانی خۆی و نەتەوەکەی و کۆمەڵگەکەی هەبێت؟

وێناکردنی ژنی کورد لە ژێر ناوی گوتاری ژنۆلۆژیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان

بۆ باسکردن سەبارەت بە چۆنیەتیی وێناکردنی ژنی کورد لە ژێر ناوی ژنۆلۆژیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان پێویستە لە سێ ڕەهەندەوە بچینە ناو باسەکە تا لە کۆتاییدا چییەتی و چۆنیەتی ئەم وێناکردنەمان بۆ ڕوون ببێتەوە.

١- ئاخێزگە و ڕەوتی دروستبوونی کەسایەتی ژنی ئازادیخواز، شەڕڤان و بەرخۆدێری کورد.

٢- هۆکارە سەرەکییەکان و ڕەوتی پەیوەستبوونی ژنان بۆ ناو ڕیزەکانی پەکەکە.

٣- ڕوانگەی پەرتووکی ژنۆلۆژی بە نیسبەت ژن.

ڕەهەندی یەکەم، ئاخێزگە و ڕەوتی دروستبوونی کەسایەتی ژنی ئازادیخواز و شەڕڤان و زانای کورد: ڕاستی ئەوەیە لە ئاکامی ڕەوتی سەرهەڵدانی ژنە ئازاگەلێک لە مێژووی نەتەوەی کورددا، چ لە بواری ئەدەب و زانستەوە و چ لە بواری بەرخۆدان و قارەمانییەتی لە گۆڕەپانی شەڕ و هەوڵدان بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆیان و نەتەوەکەیان و هەروەها ڕووداوگەلێکی مێژوویی پەیوەندیدار بە ژنانی کوردەوە، کەسایەتییەک لە ژنی کورد هاتووەتە ئاراوە کە سێ فاکتۆری سەرەکیی ئەم کەسایەتییە بریتییە لە ئازادیخوازی، شەڕڤانی و زانایەتی. لێرەدا تاقمێک لەو کەس و کەسایەتی و ڕووداوانە کە

لە درێژەی دوو سەدەی ڕابردوو، ناو و ناوبانگ و چالاکی و هەوڵەکانیان یارمەتیدەری پێکهاتنی ئەو وێنا و کەسایەتییە لە ژنی کورد بووە، دەخەینە ڕوو تا ئەوەمان بۆ ڕوون ببێتەوە کە ئاخێزگە و مێژووی دروستبوونی ئەم کەسایەتیە، چالاکی و پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان بووە نەک حیزبێکی سیاسیی تایبەت.

١٨٠٥-١٨٤٨ی زایینی: ماهشەرەف خانم قادری ناسراو بە مەستوورە ئەردەڵان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵکی سنە. یەکەمین ژنی مێژوونووس لە ئاستی جیهان. خاوەنی چەند کتێب و دیوانی شیعر و زانا و نووسەرێکی کەمووێنە لە سەردەمی خۆیدا.

١٨٥٤ ی زایینی: ئاسیە خانم ناسراو بە قەرە فاتمە، باکووری کوردستان، خەڵکی قارەمان مەرعەش. لە شەڕی کریمە بەرامبەر بە ڕووسەکان فەرماندەی گوردانێکی ٣٠٠ کەسی بوو کە یارمەتیی عوسمانییەکانی دا. ناو و ناوبانگی وەکوو ژنێکی کوردی فەرماندە لەشکەر، ڕۆژنامە ئەوروواپییەکانی ئەو سەردەمەی تەنییەوە.

١٩٠٩ی زایینی: عادڵە خانم، باشووری کوردستان. لەدوای مردنی هاوژینەکەی دەسەڵاتی ناوچەی هەڵەبجەی بەدەستەوە گرت و ١٥ ساڵ حوکمڕانی کرد. خاوەنی مەحکەمە و بڕیاردەرێکی لێهاتوو بوو.

١٩١٩ی زایینی: فاتمە خانی گەڵواخی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵکی ناوچەی دیواندەرە. لەدوای کوژرانی سنجرخانی وەزیری و لە کاتێکدا کە خەم و بێ هیواییەکی گەورە ناوچەکەی داگرتبوو، چەکی لە شان کرد و سوپایێکی لە هۆز و گوندەکانی ناوچەکە پێک هێنا و لەگەڵ داگیرکەرانی ڕووس بەشەڕ هات. لە ژێر فەرمانی ئەو دەیان قارەمانییەتی تۆمار کرا، لەکۆتاییدا و لە ڕێگای پارێزگاری لە خاک و خەڵک، گیانی لەدەست دا.

١٩١٩ی زایینی: ئەنجومەنی ژنانی پێشڕەوی کورد لە باکووری کوردستان دامەزرا کە یەکەمین ئەنجومەنی ژنان لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. ئەنجوم یامولکی یەکێک لە دامەزرێنەران و گوتەبێژی ئەو ڕێکخراوەیە لە مەیدانی سوڵتان حەمیدی ئیستانبوڵ ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە کە زیاتر ڕاهێنان و هەوڵی بەهێزکردنی ژنان لە کوردستان بوو ڕایگەیاند و لە بەشێک لە قسەکانیدا ئاماژەی بە ڕووخانی عوسمانی کرد و وتی ئیدی کاتی ئەوەیە ئێمەی کورد وەکوو نەتەوەکانی دیکە خاوەنی سەروەریی خۆمان بین و ڕۆلی خۆمان بگێڕین. گرینگیی ئەم ڕێکخراوەیە ئەوە بوو کە نە تەنیا یەکەمین ڕێکخراوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو بەڵکوو هاوکات بۆ دەستەبەر کردنی مافی ژنان و مافی نەتەوەی کورد تێکۆشانیان دەکرد.

١٩٢٦ی زایینی: حەفسە خانی نەقیب، باشووری کوردستان، خەڵکی سلێمانی. یەکەمین قوتابخانەی کچانی لەو شارە دامەزراند و ماڵی خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان کرد. حەفسە خان لە پێگەی بنەماڵەیی خۆی کەڵکی وەرگرت و بۆ ئەوەی خەڵک ڕازی بکات کچەکانیان بۆ خوێندن بنێرن، ماڵ بە ماڵ دەگەڕا و دڵنیایی دەدایە بنەماڵەکان لە پارێزراوبوونی کچەکانیان لە قوتابخانە. هەروەها ئەنجومەنێکی ڕێکخست و هەوڵی زۆری بۆ بەتواناکردنی ژنان دا. حەفسە خان لە ساڵی ١٩٣٠ نامەیێکی بۆ کۆمەڵگەی نەتەوەکانی ئەو سەردەمە نووسی و داوای مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردی کرد.

١٩٥٧ی زایینی: ڕەوشەن بەدرخان، ڕۆژاوای کوردستان. لە کۆنفرانسی دژە ئیستیعمار لە یوونان بەشداری کرد و دۆخی کوردی باس کرد و داوای مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردی کرد.ئەم خاتوونە جیا لەوەی چالاکی مافی ژنان بوو، نووسەر و وەرگێڕێکی بەتوانا بوو کە جیا لە کوردی، ئینگلیزی، فەرانسەوی، عەرەبی و تورکی دەزانی و چەندین کتێب و نووسراوەی لە پاش بەجێماوە.

١٩٧٤ی زایینی: لەیلا قاسم، باشووری کوردستان، خەڵکی خانەقین. لەکاتێکدا کە خوێندکاری کۆمەڵناسیی زانکۆی بەغدا بوو، بەهۆی چالاکییەکانی لەپێناو وەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەسبەسەر و ئەشکەنجە

درا و تەنانەت لە دواهەمین چرکەساتەکانی ژیانی ئامادە نەبوو لە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی پاشگەز ببێتەوە و لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا لەسێدارە درا.

١٩٧٨ی زایینی: سەکینە جانسێز، باکووری کوردستان، لە یەکەم دامەزرێنەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو کە ئامانجی سەرەکییان تێکۆشان بۆ سەروەریی سیاسی و دامەزراندنی کوردستانی گەورە بوو و هەر لەسەر ئەم ئامانجەش، لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە زیاتر لە ١٠ ساڵ زیندانی کرا و لەپاش هاتنەدەرەوەی لە زیندان چووە ئەوروپا و درێژەی بە چالاکییەکانی دا. لەساڵی ٢٠١٣ لە فەڕانسە لەلایەن فاشیستە تورکەکانەوە تێرۆر کرا و گیانی بەخت کرد.

١٩٨٠ی زایینی: دوو خوشکی خەڵکی سەقز شەهلا و نەسرین کەعبی و هەروەها شەهین باوەفا خەڵکی سنە، سێ ژنە پەرەستاری کورد، ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە تۆمەتی یارمەتی گەیاندن بە شۆڕشگێڕانی کورد و چارەسەرکردنی برینی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، لەسێدارە دران.

١٩٨٠ی زایینی:فەرەنگیس حەیدەرپوور، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژنەکوردی خەڵکی گێڵانی کرماشان. لەدوای هێرشی هێزەکانی سەدام حوسێن بۆ سەر گوندەکەیان و کوژرانی چەند کەس لە خزم و کەسوکاری و ئاوارەبوونی خۆی و بنەماڵەکەی، کاتێک گەڕایەوە گوندەکەیان لەگەڵ دوو سەربازی چەکداری داگیرکەری سەدام حوسێن بەبێ ئەوەی چەکی پێبێت، بەشەڕ هات و یەکیانی کوشت و ئەویتریانی چەککرد و بەدەسبەسەرکراوی ڕادەستی خەڵکی گوندەکەیانی کرد. ئەم ئازایەتییە لەو سەردەمە دەنگدانەوەی زۆری بووە.

١٩٩٠ی زایینی: سەعدیە خالدیان ناسراو بە خوشکە لەیلا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵکی دێولان. پێشمەرگە و بەرپرسی نەخۆشخانەی حیزبی دیموکرات، کاتێک لەگەڵ چوار ژن و پیاوی پێشمەرگەی تر گەڕابوونەوە ناوخۆی ڕۆژهەڵات، لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەسبەسەر کران و دوای ماوەیێک لەسێدارە دران.

١٩٩٠ی زایینی: زەکیە ئاڵکان، باکووری کوردستان، خوێندکاری پزیشکیی زانکۆی دیجلەی ئامەد. لەدوای ناڕەزایەتی دەربڕین دژی قەدەغەکردنی ئاهەنگی نەورۆزی کوردستان لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە، چووە سەر قەڵای ئامەد و ئاگری لەخۆی بەردا و دوای چەند ڕۆژ گیانی بەخت کرد. زەکیە وەکوو شەهیدی نەورۆز ناسرا و ئەو ڕووداوە دەنگدانەوەی گەورەی بوو.

١٩٩١ی زایینی: لەیلا زانا ، باکووری کوردستان، ژنە کوردی ئەندامی پارلەمانی تورکیا وەکوو یەکەم کەس لە پارلەمانی تورکیا بە زمانی کوردی قسەی کرد و کەوتە بەر هێرش و هەڕەشەی تورکە فاشیستەکان، دوای ماوەیێک دادگایی کرا و ١٠ ساڵ لە زیندان مایەوە.

١٩٩٢ی زایینی: گوڵناز کاراتاش ناسراو بە بریتان، گریلای پارتی کرێکاران، باکووری کوردستان . لەدوای شەڕ و بەرخۆدان لەگەڵ هێزەکانی دوژمن بۆ ئەوەی بە زیندوویی دەسبەسەر نەکرێت لە لووتکەی شاخێکەوە خۆی بەردایە خوارەوە و گیانی لەدەست دا کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی بوو.

١٩٩٢ی زایینی: مزگێن ئایدین، باکووری کوردستان، بەتۆمەتی ئەندامەتی لە پەکەکەدا لە تەمەنی ١٩ ساڵەییدا دەسبەسەر کرا و ٣٠ ساڵ لە زیندانەکانی تورکیا ئازار و ئەشکەنجەی دی و لە تەمەنی ٤٩ ساڵیدا ئازاد کرا. لە یەکەم چرکەساتەکانی ئازادبوونی لەدوای خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب باسی درێژەدان بە ڕێگەی پێشەوا قازی و سمکۆی کرد.

٢٠٠٥ی زایینی: مەرزیە فەریقی، ژنە پێشمەرگە و هونەرمەندی گەورەی کورد، ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کە بە گۆرانییە شۆڕشگێڕانەکانی خزمەتی گەورەی بە کوردستان کرد و لەدوای مەرگی لە سوید و لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی گەڕایەوە بۆ باشوور و لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆدا لە سلێمانی بەخاک سپێردرا.

٢٠٠٨ی زایینی: زەینەب جەلالیان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی ماکۆ. ئەندامی پەکەکە، کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەسبەسەر کرا و

حوکمی زیندانی تاهەتایی بەسەردا سەپێنرا و تا ئێستا ١٨ ساڵ لە زیندان ماوەتەوە.

٢٠١٠ی زایینی: شیرین عەلەمهۆلی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی ماکۆ. کە لەگەڵ فەرزاد کەمانگەر و چەند کەسی دیکە لەسێدارە دران و شێرکۆ بێکەس لە شیعرێک لە وەسفی ئەودا وتی "من بازنەی دەستی شیرینی عەلەمهۆلیم".

٢٠١٤ی زایینی: ئارین میرکان، ڕۆژاوای کوردستان. لە شەڕی دژی داعش، لەدوای کوشتنی چەندین کەس لە داعشییەکان بە مەبەستی تەقاندنەوە، خۆی خستە بەر تانکی زرێپۆشەوە و گیانی بەخت کرد. ناوی وەکوو هێمای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داعش تۆمار کرا.

٢٠١٣ی زایینی: نەسرین عەبدوللا، ڕۆژاوای کوردستان . وەکوو فەرماندەی یەکینەکانی پاراستنی ژنان چەندین ساڵ دژی داعش خەبات و چالاکی کرد و لە ئازادکردنی کۆبانێ ڕۆڵی گەورەی گێڕا. وەکوو هێمای پاراستنی کەرامەتی ئینسانی ژنان دژ بە تاریکپەرەستانی داعش، لەلایەن فڕانسوا ئۆلاند سەرۆککۆماری ئەوەمی فەڕەنسە لە پاریس پێشوازی لێکرا.

٢٠١٦ی زایینی: ئاسیە ڕەمەزان، ڕۆژاوای کوردستان. کە زیاتر لە سەد کەس لە داعشییەکان بە دەستی ئەو کوژرابوون و لەکۆتاییدا لە مەیدانی جەنگ لە جرابلۆس گیانی بەخت کرد. ئاسیە بەهۆی شەڕی ئازایانەی لەگەڵ داعش ناوبانگی جیهانی دەرکرد.

٢٠١٨ی زایینی: نادیا موراد، کچەکوردی ئێزدی، باشووری کوردستان. کە دوای هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال چەندین ساڵ دیلی دەستی داعش بوو. دوای ئازادبوونی بەهۆی چالاکییەکانی دژبە بەکارهێنانی دەسدرێژیی سێکسی لە جەنگ بۆ سەر ژنان و هەروەها وەکوو هێمای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بیری داعشی، بووە براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل.

٢٠١٩ی زایینی: زارا موحەممەدی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی چالاکییەکانی بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدان بە زمانی کوردی لە شار و گوندەکانی کوردستان، لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەسبەسەر کرا و حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بۆ دەرکرا. بەرخۆدانی زارا بووە هۆی ئەوەی پرسی زمانی دایکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و و جوگرافیای سیاسیی ئێران ببێتە ڕۆژەڤ.

٢٠١٩ی زایینی: موژگان کاووسی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی کەلاردەشت کە بەهۆی چالاکییەکانی لەڕێگەی پەرەپێدان بە زمانی کوردییەوە و جەختکردن لەسەر خوێندن بە زمانی دایکی، چەند جار دەسبەسەرو زیندانی کرا.

٢٠١٩ی زایینی: والا فەرید و ڕێواز فایەق دوو ژنەکوردی خەڵکی باشووری کوردستان کە لە دوو قوناغی جیادا وەکوو سەرۆکی پارلەمانی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردران. ئەم ڕووداوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم وێنەیە.

٢٠١٩ی زایینی: ئیلهام ئەحمەد ژنە سیاسەتمەداری کورد و هاوسەرۆکی خوێبەڕێوەبەریی ڕۆژاوا کە وەکوو ژنێکی کورد بەشداری دانیشتنی کۆنگرەی ئامریکای کرد و دۆخی ڕۆژاوای کوردستان و سووریای خستە بەرباس.

٢٠٢٢ی زایینی: شلێر ڕەسوولی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵکی مەریوان. کاتێک لەلایەن پیاوێکەوە هەوڵی دەسدرێژی بۆ درا بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆی و بنەماڵەکەی لە پەنجەرەی ماڵەکەوە خۆی هاویشتە خوارەوە و گیانی لەدەست دا. ئەم ڕووداوە لە کوردستان دەنگدانەوەی زۆری بوو و خۆپیشاندانی خۆڕسکی خەڵکی لێکەوتەوە. وەحیدی، وەزیری ناوخۆی ئەو کاتەی ئێران بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە هاتە مەریوان.

٢٠٢٢ی زایینی: ژینا ئەمینی خەڵکی سەقز، لەکاتی دەسبەسەرکرانی لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە تاران و بۆسەپاندنی حیجابی زۆرەملێ گیانی لەدەست دا. ئەم ڕووداوە بووە هۆی سەرهەڵدانی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژنانی کورد لە کاتی ناشتنی ژینا لە گۆڕستانی ئایچی سەقز، بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین دژ بە کوشتنی ژینا

و حیجابی زۆرەملێ، بە دروشمی "ژن_ژیان_ئازادی" و "کوشتن لەسەر ڕووسەری هەتاکەی قوڕبەسەری" لەچکەکانیان لەسەر لابرد و لەو چرکەساتە بەملاوە ئیدی ڕژیمی مەزهەبیی ئێران سەرەڕای تەواو هەوڵ و هەڕەشەکانی نەیتوانی حیجابی زۆرەملێ بەسەر ژناندا بسەپێنێتەوە. ئەم شۆڕشە لە ماوەیێکی کورتدا گشت جوگرافیای سیاسیی ئێرانی گرتەوە. ژینا بووە هێمای شۆڕشی ژن_ژیان_ئازادی و لە دەیان وڵاتی جیهان خۆپیشاندانی گەورە بۆ پاڵپشتی لەو شۆڕشە بەرێوە چوو و چەندین شەقام لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان، ناوی ژینایان لەسەر نرا. لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دەیان ژنی کورد لە خۆپیشاندانەکان گیانیان لەدەست دا. وەکوو مینوو مەجیدی، ژنە مامۆستای خەڵکی قەسرشیرینی کرماشان کە یەکەم ژنی گیانبەختکردوو لە نێو خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی ژینا بوو. لەو ماوەیەدا سەدان ژنی کوردیش دەسبەسەر و ئەشکەنجە و زیندانی کران. بۆ وێنە یەکێک لەو ژنانە، ژینا موحەمەدپیس گورجی چالاکی مافی ژنان بوو کە دەسبەسەر کرا و حوکمی زیندانی بەسەردا سەپا. ژینا لە ساڵی ٢٠٢٤ لەلایەن بی بی سی جیهانییەوە وەکوو یەکێک لە سەد ژنی کاریگەری جیهان لەو ساڵەدا ناسرا.

٢٠٢٣ی زایینی: وریشە مورادی و پەخشان عەزیزی. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە هۆی چالاکییەکانیان لە ڕۆژاوای کوردستان و بۆ یارمەتی گەیاندن بە ژنانی ڕزگاربوو لەدەستی داعش، کاتی گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەسبەسەر کران و حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپا و تا ئێستاش لە زیندان ماونەتەوە.

ڕەهەندی دووەم، هۆکار و ڕەوتی پەیوەستبوونی ژنان بۆ ناو ڕیزەکانی پەکەکە:

لە ساڵی ١٩٧٨ی زایینی پارتی کرێکارانی کوردستان وەکوو حیزبێک کە ڕاشکاوانە بانگەشەی بۆ دامەزراندنی کوردستانی گەورە و بەدیهێنانی ئاواتی لەمێژینەی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی و یەکەوخستنی هەرچوارپارچەی کوردستانی دەکرد و بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵ ئەمە ئامانج و سیاسەتی فەرمییان بوو، دامەزرا. پەکەکە بەم سیاسەتە توانی سەرنجی ملیۆنان کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بەم سیاسەتە توانی زیاتر لە هەموو حیزبەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان لاوانی کورد بۆ لای خۆی هان بدات و لە ماوەیێکی کورتدا دەیان هەزار کچ و کوڕی کورد بباتە ناو ڕیزەکانی خۆیەوە. چۆن تا ئەو سەردەمە هیچ حیزبێکی کوردستانی لەم ئاستە و بەو ڕاشکاوییە باسی دامەزراندنی کوردستانی گەورە و سەربەخۆیی بۆ کوردستانی نەکردبوو. بەبێ شک کاتێک کەسێک پەیوەست بە حیزبێکی سیاسی و چەکدار دەبێت و ژیانێکی حیزبی و جیابوونەوە لە بنەماڵە و مەترسییەکانی ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرێت، سەرەکیترین فاکتەرێک کە سەرنجی پێ ئەدات ئەوەیە کە بزانێت ئامانجی سیاسیی ئەو حزبە چییە. لەسەر ئەم بنەما دەتوانین بڵێین لە ڕۆژێکەوە کە پەکەکە دامەزرا و ئەندامی وەرگرت و خۆی ڕێکخست و لایەنگری پەیدا کرد و میدیای دامەزراند و سەدان شەهیدی پێشکەش کرد وگەورە بوویەوە و وەکوو بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز ناو و ناوبانگی لە ئاست جیهان دەرکرد، سیاسەتەکانی نەتەوەیی و کوردستانی بوون و هەر ئەم سیاسەتەش هۆکاری گەشە کردنی بوو.

ژنانێک وەکوو سەکینە جانسێز و مزگێن ئایدین و زیلان پەپوولە و بریتان بۆ خەبات لە پێناو دروستبوونی کوردستانی گەورە و سەربەخۆ چوونە ناو پەکەکەوە. هەبوونی ئەم جۆرە ژنانە و ئەو بیرە نەتەوەییە لە ناو پەکەکەدا لە گەڵ بایەخدانیان بە ژنان، ڕێژەی بەشداریی ژنانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکردەوە. ئەگەرچی بایەخدان بە ژنان و کچان لەلایەن دامەزرێنەرانی پەکەکەوە بابەتێکی حاشاهەڵنەگرە و بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین پەکەکە زیاتر لە هەموو حیزبە کوردستانییەکانی تر لە هەر چوارپارچەی کوردستان گرینگی بە ژنان و پرسی ژنان داوە، بەڵام

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری تریش ئەوەیە کە دۆزی ژەوای کورد و خواست و ویستی بەرگریکردن لە کوردستان و هیوای گەیشتنی کورد بە سەربەخۆیی زیاتر لە هەر بابەتێکی تر، بزوێنەری سەرەکیی ژنان بۆ پەیوەستبوون و خەبات و تێکۆشان لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا بووە. تەنانەت ئێستاشی لەگەڵ بێت، سەرەڕای بەڕۆژەڤکردن و هاوردنەپێشی هەندێک چەمک و دەستەواژە وەکوو"ئێکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی" مۆرای بوکچینی سۆسیالیست، کە ژۆجەلان خۆی بە قوتابی ئەو دەزانێت و کتێبەکانی لە زیندانی ئیمرالّی گەیشتووەتە دەستی و هەروەها "ئینتگراسیۆنی دیمۆکراتیک" کە لەم ساڵانەی دواییەدا لە دوای پێشنیارەکەی دەوڵەت باخچەلی بۆ نەهێشتنی تیرۆر لە تورکیا (بەوتەی دەسەڵاتدارانی تورکیا) هاتەڕاوە، ناتوانێت ئەو ڕاستییە بشارێتەوە کە بزوێنەری سەرەکی و خواستی ڕاستەقینەی زۆربەی هەرەزۆری ژنانی بەشداربوو لە ڕیزەکانی پەکەکە، خواستی نەتەوەیی و سەربەخۆیی نەتەوەیی بوو.

بۆ نموونە دیتنی ویدیۆی چرکەساتی ئازادیی مزگین ئایدین ئەندامی پەکەکە، کە لە تەمەنی ١٩ ساڵەیی کەوتە زیندانی ڕژیمی تورکیە و لە تەمەنی ٤٩ ساڵەیی لە دوای ٣٠ ساڵ ئەشکەنجە و ئازاری زیندان، زۆر شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەو لەبەر دەرگای زیندان کاتێک لەلایەن بنەماڵە و هاوڕێیانیەوە پێشوازی لێکرا لە یەکەم چرکەساتی ئازادبوونی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبی خوێندەوە و باسی درێژەدان بە ڕێگەی سمکۆی شکاک و پێشەوا قازی موحەممەد وەکوو ڕێبەرگەلێک دەکات کە خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بوون. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە، ئەو ژنانەی کە لە دەیەی ٨٠ و ٩٠ پەیوەست بە پەکەکە بوون زیاتر لە هەر شتێک بیری نەتەوەیی هاندەریان بووە و تەنانەت لەدوای ٣٠ ساڵ ئازار و ئەشکەنجەی زیندان، لەسەر ئەو ڕێبازە ماونەتەوە. سەبارەت بە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پێویستە بڵێین ئەگەرچی "ژن، ژیان، ئازادی" وەکوو دروشم، لە پەکەکەوە هاتبوو بەڵام وەکوو بیرۆکە و خواستی ئازادیی ژنان، لە کۆیادی کۆمەڵگەی کوردستان و ئەدەبیاتی نووسەران و شاعیرانی کورد وەکوو مامۆستا هێمنەوە سەرچاوەی گرتووە. مامۆستا هێمن ٦٠ ساڵ بەر لە دروستبوونی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، لە یەک خشتەی شێعری "یادگاری شیرین" کە باسی پێویستیی خوێندن بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و ئازادی ژن دەکات، ئەم سێ وشە گرێ ئەداتە یەکەوە و ئەڵێ "تاکوو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەکەی ژین لیخنە".

کۆێ ئەم باسە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەپێچەوانەی ئەو بانگەشانەی کە هەوڵیان ئەوەیە کولتووری ئازادیخوازیی ژنانی کورد و هەروەها ئاخێزگەی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بەرتەسک بکەنەوە بە ئایدۆلۆژیای حیزبێکی وەکوو پەکەکە، بەڵام لەڕاستیدا سەرچاوەی دروستبوونی بیری ئازاد و تەنانەت پەیوەستبوون و چالاکییەکانی ژنان بۆ ناو ڕیزەکانی پەکەکەیش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی ڕێچکەی ژنی ئازاد لە کوردستان.

ڕەهەندی سێهەم، ڕوانگەی ژنۆلۆژی بەنیسبەت ژن: عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە پەرتووکی ژنۆلۆژی، دەربارەبوون لە دۆخی ئێستای کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرێ دەدات بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندییە باڵادەست و بندەستییە کە لەنێوان ژنان و پیاوان لە درێژەی مێژوودا و بەتایبەت لە دنیای سەرمایەداریدا دروست بووە و بە وتەی خۆی "تەنیا لەو هەلومەرجانەدا هاوژیانیی ئازاد لەگەڵ ژن بەدیدێت کە خاوەندارێتی یان بەسامان کردنی ژن ڕەت بکرێتەوە، ڕەگەزپەرستیی کۆمەڵایەتیی بەکارهێنراو بەتەواوی دەرباز بکرێت و لە هەموو ئاستێکدا یەکسانی جێگیر بکرێت." (ژنۆلۆژی، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ٢٠١٢). ئەگەرچی ئەم ڕێکارە وەکوو چارەسەرێکی گشتی لە پەیوەندیی نێوان ژنان و پیاوان بابەتێکی گرینگ و سەرنجڕاکێشە، بەڵام ڕوانگەی زاڵ لە سەرتاسەری ژنۆلۆژی ڕوانگەیێکی نۆستالۆژیکە بەنیسبەت ژن لە درێژەی مێژوودا. ئۆجەلان لە نووسراوەکانی ژنۆلۆژیدا

لە ڕێگای بەزاتیکردنی هەندێک تایبەتمەندی لە ژن وەکوو حەزنەکردن بە دەسەڵات و خوازیاری ئاشتیبوون و ئازادی لە کۆمەڵگە، پرسی ژن ڕۆمانتیزە و ئەفسووناوی دەکاتەوە و هاوکات لە بەرانبەر ژندا، لە ڕێگای بەزاتیکردنی هەندێکی تر تایبەتمەندی لە پیاو وەکوو حەزکردن بە دەسەڵات و زاڵبوون و شەڕ و دەوڵەت، دووانەی ژنی باش-پیاوی خراپ دروست دەکات. ئەم دووفاقییە، بیرکردنەوە لەسەر دۆخی هەنووکەیی واتە ڕامان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسیی ئێستای ژن وەلادەنێت. بۆ وێنە لە دەسپێکی ژنۆلۆژیدا ئەڵێ "وزەی ماددە و فۆرمی ژن و وزەی ماددەی پیاو جیاوازە، ئەو وزەیەی ژن هەڵیگرتووە هەم زیاترە و هەم چۆنیەتیی وزەکە جیاوازترە، فۆرمی ژن سەرچاوەی ئافراندنی ئەو جیاوازییەیە ... بوون بە پیاوی زاڵ یان بااڵدەست لە کۆمەڵگەدا گەیشتنە بە دۆخی شێوەگرتنی دەسەاڵت ... هەرچی لە ژندایە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وزە نابێتە فۆرم و ناکەوێتە شێوەیێکەوە" (ژنۆلۆژی، عەبدوڵاڵ ئۆجەلان، ٢٠١٢). مەبەست لەم بابەتەش ئەوەیە کە ژن بەشێوەی سروشتی حەزی لە دەسەاڵت نییە. هەر ئەمانەش خۆی دەبێتە هۆکار بۆ ئاڵۆزکردنی پرسی پەیوەندیدار بە ژنەوە و هەڵکەندنی لە چوارچێوە مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکانی خۆیان. بەم شێوەیە بەربەست دروست دەکات بۆ شرۆڤەکردنی دۆخی بندەستیی ژن لەسەر ئەرزی واقیع. چەمکی گەردوونی "ژنی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست" کە بەردەوام لە ژنۆلۆژی دووپات دەکرێتەوە، هاسانکارییە بۆ ئەم ئاڵۆزکردنە. ئۆجەلان لە سەرانسەری ژنۆلۆژیدا، سەردەمی دایکسالاری و مێخوداوەندەکان (بەوتەی خۆی) بە سەردەمی ئاشتی و ئازادی و یەکسانی بۆ کۆمەڵگە دەزانێت و سەردەمی باوکسالاری و نێرخوداوەندەکان (دیسان بەوتەی خۆی) وەکوو سەردەمی شەڕ و نایەکسانی و مواڵکییەت و دروستکردنی دەوڵەت و دەسەاڵت پێناسە دەکات. بۆیە هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی کۆمەڵگە بۆ سەردەمی دایکسالاری لە ڕێگای بەرەنگاری لەگەڵ دەوڵەت و هەڵوەشاندنەوەی دەسەاڵتی بااڵدەستی و ژێردەستی لە پەیوەندییەکانی نێوان ژنان و پیاوان لە ئامانجەکانی ئۆجەلان لە ژنۆلۆژییە کە لە ڕێگای ڕۆڵگێڕانی ژنان لە خەباتێکی بێوچاندا بۆ دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست بەدیدێت. ئەم کارەش بە دابڕاندنی ژنان لە ژیانی ئاساییان مسۆگەر دەبێت. بە بڕوای من لەنێو نووسراوەکانی ژنۆلۆژیدا، کۆمەڵگەیێکی خەیاڵی لە دەرەوەی کۆمەڵگەی ڕاستەقینە دروست کراوە کە گوایە تەنیا لەو کۆمەڵگەیەدا ژن دەتوانێ بگاتە ئازادی و یەکسانی و لە دۆخی ژێردەستی ڕزگاری بێت، ئەویش کۆمەڵگەی سۆسیالیستییە. بۆیە هەموو شرۆڤە و هەوڵەکان لە ژنۆلۆژیدا بۆ گەیشتن بەو کۆمەڵگە سۆسیالیستی و تا ڕادەیێکی زۆر خەیاڵاوییەیە. وەکوو لە ژنۆلۆژیدا باسی دەکات " سۆسیالیستبوون تا ڕادەیێک لە میانەی بەرجەستەکردنی خەیاڵی ئینانا-ئافرۆدیت و پرۆمیتۆس بەدیدێت." (ژنۆلۆژی، عەبدوڵاڵ ئۆجەلان، ٢٠١٢) لێرەدا هەموو ڕێگەچارەیێکیش لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە خەیاڵییەیە دێتە ئاراوە نەک لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی هەنووکەیی و بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ژن لە ژێئۆپۆلێتیکی ناوچەکە و شرۆڤەی هەلومەرجی ئێستای ژن. هەر ئەم شێوازە ڕوانینەیە کە ژنۆلۆژی دەباتە ناو جوغزی ئایدیۆلۆژیکەوە و یەکێک لە لێکەوتە نەرێنییەکانی ئەوەیە کە لە ڕێگای بردنەوەی پرسی ژن بۆ ڕابردوو و گەڕاندنەوەی ڕیشەی ئەو کێشەیە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا و ڕوانین لە سۆنگەی سەرمایەدارییەوە لەم پرسە، کاریگەریی کۆلۆنیالیزم و دۆخی داگیرکراویی نەتەوەیی لەسەر ژێردەستەبوونی ژنی کورد دەخاتە پەراوێزەوە و یان باسی ناکات. بۆ وێنە ئەڵێ "پێویستە ئەو پیاوە بزانێت ئەو ژنەی بەرانبەری قوت کراوەتەوە لە ژێر سایەی شارستانی پێنج هەزار ساڵی و هەژموونگەرایی پێنجسەد ساڵەی سەرمایەدارییەوە تووشی هەلومەرجەکانی هەموو جۆرە کۆیلایەتییەک هاتووە." (ژنۆلۆژی. عەبدوڵاڵ

ژن زاڵە و پیشاندانی هەموو ئەم بابەتانە پێویستی بە وتارێکی جیا هەیە. مەبەستم لەم کورتە باسە لەسەر ژنۆلۆژی ئەوە بوو کە بڵێم ئەو کەسایەتییەی لە ژنی کورد لە شەڕڤانی و ئازادیخوازی و زانایی هاتووەتە ئاراوە، جیاوازە لە ئەوەی لە ژنۆلۆژیدا باس کراوە. بەپێچەوانە، ژنۆلۆژی دەیهەوێ ئەو کەسایەتییە جەنگاوەرییە لە ژنی کورد کە لەو ڕەوتە وا پێشتر شرۆڤەمان کرد دروست بووە، بیهێنێتە خزمەتی بەدیهێنانی ئۆتۆپیای خۆی و پێکهێنانی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی و دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. چون ئەگەر بە باشی سەرنجی ژنۆلۆژی بدەین، ئۆجەلان لەم پەرتووکەدا بڕوای وایە کە بەهۆی گیرۆدەنەبوونی کورد بە سیستەمی دەوڵەت (مەبەستی دەوڵەتی کوردییە) و هەروەها پێکهاتە و ئایینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، کورد بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی، ئامرازێکی باشن بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هۆی ئەوانەوە دیموکراتیزە بکرێتەوە.

بۆیە لە ژنۆلۆژیدا بەردەوام بە شوبهاندنی ژن بە کۆمەڵگە و پیاو بە دەوڵەت، شۆڕشی ژن بە شۆڕشێکی مەزنی کۆمەڵگە دژی پیاو و دەوڵەت و دەسەڵات دەزانێت، واتە ئەم شوبهاندنە زیاتر لەسەر بنەمای دژایەتی لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوەیە. (هەڵبەت دەوڵەت-نەتەوە بۆ کورد). دژایەتییەک کە یەکەم زەرەرمەندەکەی خودی ژنانی کوردن کە هەر لەژێر ئەم گوتارەدا یەکێک لە سەرەکیترین مافەکانیان لێ زەوت دەکرێت.

بەگشتی، ژنۆلۆژی ڕەنگدانەوەی ژنێکی خەباتگێڕە، ژنێک کە هێمای ڕزگاربوون لە دەوڵەت و باوکسالاری و نەریتە پیاوسالارانەکانی کۆمەڵگەیە. ژنێک کە خۆی لە کۆیلەیی ڕزگار کردووە و بە خواست و ویستی خۆی جەستە و ژیانی دەخاتە خزمەتی شۆڕشێکی ئایدیۆلۆژیکەوە و بەم شێوەیە دەگاتە ئازادی. ئەو وێنەیە، وێنەیێکی بە تەواوەتی خۆبەخشانەیە کە لە هەموو حەزە تاکی و بنەماڵەیی و گشتییەکان خۆی دەرباز کردووە و پەیوەست بە ئارمانێکی گەورە و

ئۆجەلان. ٢٠١٢). ڕەنگە کۆلۆنیالیزم بەجۆرێک لە جۆرەکان لێکەوتەی سیستەمی سەرمایەداری بێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەئێستادا، کۆلۆنیالیزم لە کوردستان یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی زۆربەی ئەو ستەم و هەڵاوردنانەیە کە ژنی کورد تووشی دەبێت. بۆیە پێویستە نەک وەکوو لێکەوتە بەڵکوو وەکوو دیاردەیێکی جیاواز و ڕاستییەکی هەستپێکراو لە جوگرافیای کوردستان سەیری بکەین. پێگەی ژن لە ژنۆلۆژیدا لە هەندێک شوێن تا ئاستی خوداوەند بەرز دەکرێتەوە و وەکوو خوداوەندەکان ناویان دەبات و لە هەندێک شوێن و لە کۆمەڵگەی ڕاستەقینە تا ئاستی کۆیلەیەک نزم دەکرێتەوە و ژنۆلۆژی خۆی بە پردێک دادەنێت کە دەیهەوێ ئەو ژنە کۆیلەیە بەرەو کۆمەڵگەی سۆسیالیستی بپەڕێنێتەوە، هەر ئەو کۆمەڵگە خەیاڵییەیە کە ئازادییە ڕاستەقینەکان لەوێ دەستەبەر دەکرێت. کاتێک ئەڵێ "لە پراکتیکی پەکەکە و کەجەکەدا چەندین کوڕ و لاوی کۆیلەی دوێنێ بوون، بەبێ ئەوەی بەیەکەوە بن و جووت بن، لە میانەی ئەشقێکی ئەفلاتونییەوە کاری گەورەیان لە بونیاتنانی نەتەوەی دیموکراتی ئەنجام داوە و هێزی کەسایەتی خۆشیان سەلماندووە. لەو بارەیەوە بە سەدان شەهیدی هێژا و قارەمانمان هەیە. ئەوانە ئەو گەورە قارەمانانەن کە بوونەتە مەم و زین." (ژنۆلۆژی، عەبدوللا ئۆجەلان. ٢٠١٢)

بە وتەیێکی دیکە لەم گوتارەدا شرۆڤەی ژن بەشێوەی ئەو شتەی کە ئێستا لە ئارادا نییە دەست پێدەکات و درێژەی پێدەدرێت. ئەمەش بەپێچەوانەی کاری زانستییە. واتا ئێمە ناتوانین ئەو شتەی کە بوونی هەیە بیکەین بە "نەبوو" و ئینجا شرۆڤەی بکەین، چون زانست لەسەر بوونەکان (ئەو شتەی کە ئێستا بوونی هەیە) دامەزراوە. بۆیە پێویستە ژن لە ژنۆلۆژیدا سەرەتا لەو دنیا خەیاڵاوییە بهێنرێتە دەر و لەسەر زەوی و لەسەر ڕاستییەکان دابنرێت و ئینجا شرۆڤە بکرێت. لەنێو نووسینەکانی ژنۆلۆژیدا ڕوانینی نۆستالۆژیک، ڕۆمانسییانە و، ئەفسووناوی بۆ

سۆسیالیستی بووە.

ئەوەی لە ژنۆلۆژیدا نابینرێت ژنی ناخەباتگێڕە. واتە ژنێک وا ڕێگای ئەو خەباتەی هەڵنەبژاردووە کە ئەم گوتارە بە دروستی دەزانێت. ژنێکی نەریتی (کابان، دایک، ناسیاسی)، ژنی مودێرن (ژنێک کە بە خوێندنەوەییکی باڵا بەدوای سەرکەوتنی تاکییەوەیە)، هونەرمەند و زانا و بازرگان، مادامێک لە خزمەتی ئەم گوتارەدا نەبن، پێگەییێکی ئەوتۆیان نییە چون لە دەرەوی گوتاری ژنولۆژی و ئایدیۆلۆژیای ئۆجەلان و شۆڕشە مەزنەکەی ئەو دان. ئاکامی ئەم شێوازە ڕوانینە بۆ ڕزگاریی ژن، دەبێتە دروستبوونی ئەو باوەڕەی کە ڕزگاریی ژنان تەنیا لە یەک ڕێگاوە مسۆگەردەبێت، ئەویش خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەی سۆسیالیستی و دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بۆیە ژنێک کە پێناسەییێکی دیکەی بۆ ڕزگاری هەبێت بە فەرمی ناناسرێت. ئاڕمانی ڕزگاریی ژنان مادامێک کە لە خزمەتی ئایدیۆلۆژیاییێک بێت، دەبێتە ئامرازێک بۆ کونترۆڵ و یەک کاسەکردنەوەی ژنان و تێیدا ڕزگاریی دەستەبەر نایێت.

مەعریفەناسیی ژنوشیاری بۆ پرسی ژنی کورد

هەر پرسیارێک کە دێتە ئاراوە بەهۆی ڕەنج و ئازارێکە کە تووشی دەبین. واتە هەلومەرجێک کە تێیدا تاک یان کۆمەڵێک تووشی ئازار دەبن، خوڵقێنەری هەندێ پرسیارە و هەر پرسیارێکیش لەپێناو کەمکردنەوەی ئەو ڕەنج و ئازارانە دێنە ئاراوە. بەڵام کاتێک وڵامی ئەم پرسیارانە بەدوور لە شوناس و تایبەتمەندییەکانی ئەو تاک یان کۆمەڵەمڕۆڤە بێت، نابنە هۆی چارەسەری ڕەنج، بەڵکوو دەبنە هۆی دابڕانی سووژە و ڕەنج لە یەکتر. بە وتەییێکی دیکە، هەر ڕەنج و ئازارێک کاتێک لە بەستێنی خۆی دابەبڕێنی چارەسەری ڕاستەقینەی بۆ نادۆزرێتەوە. بۆ شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە و کردنەوەی دەلاقەییێک بەڕەو مەعریفەناسیی پرسی ژنی کورد، نمونەییێک لە هەندێک ڕووداو و ئامار کە چوار ساڵ لەمەوپێش و لە ساڵی ٢٠٢٢ لە قوناغێکی دیاریکراودا لە کوردستاندا کۆم کردووەتەوە، دەخەمەوە بەرباس. لە بەفرانباری ٢٠٢٢ هەتا گەلاوێژی ٢٠٢٢، واتە لە ماوەی ٨ مانگ ١٨٧ حاڵەتی خۆکوژی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کراون کە ٥٥ حاڵەتی مێرمنداڵانی ١٠ تا ١٨ ساڵ بوون و هۆکاری سەرەکیی زۆربەشیان دۆخی نالەباری ئابووریی بنەماڵەکانیان بووە. هەر لەم ماوەیەدا ٢٤١ حاڵەتی کوشتن و بریندارکردنی کۆڵبەران و ٤٥ حاڵەتی لەسێدارەدان و ٢٣ حاڵەتی ژنکوژی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی داوە. ئەم ئامارگەلە بەپێی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاوە کە بە بەڵگەوە ڕێکەوت، ناونیشان، هۆکار و شوێنی یەک بە یەکی ئەم ڕووداوانەی تۆمار کردووە. جیا لەمانە هەر لە ماوەی دوو حەوتووی یەکەمی گەلاوێژی ٢٠٢٢ چەندین ڕووداوی ناخەهژێن و سەرسوورهێنەر لە ئاستی کوردستان ڕوویاندا کە دەنگدانەوەی گەورەی لە سۆشیاڵ میدیادا هەبوو. وەکوو؛ ١- دانەوەی ئێسک و پرووسکی کوڕێکی کورد بە ناوی هاکان ئەرسەلان بە باوکی لەلایەن دەسەڵاتی فاشیستی تورکیەوە لە باکووری کوردستان کە دوای ٧ ساڵ لە کوژرانی بە شێوەییێکی نامرۆڤانە لە نێو کارتۆنێکی بچووک ڕادەستی باوکی کرایەوە.

٢-خۆکوژیی سوعدا خەدیرزادە ژنە زیندانیی سیاسیی کورد کە لە زیندانی ورمێ و لە دەرەنجامی گوشارەکان هاوکات هەوڵی کوشتنی خۆی و منداڵە کۆرپەکەی دابوو.

٣- هەواڵی هێرشە تیرۆریستییەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژاوا و کوشتنی لاوانی کورد و هاوکات پیلانەکانی تورکیا و ڕێژیمی ئەوکاتی ئەسەد بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی ڕۆژاوای کوردستان و هەروەها هەوڵی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردستانییەکانی دەوروبەری خانەقین لە باشووری کوردستان.

٤- گواستنەوەی ئاوی بەنداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هەمەدان و شارە ناوەندییەکانی ئێران،

لە کاتێکدا ڕێژەییکی زۆر لە شارۆچکە و ئاواییەکانی کوردستان خۆیان لە دۆخی بێ ئاوی و وشکەساڵیدان.

٥- تاڵانکردنی ژینگە و سامانە سروشتییەکانی کوردستان لەلایەن کەسانی هاوردە و سەر بەدەسەڵاتەوە. بۆ وێنە هەوڵی تێکدان و تاڵانکردنی کێوەکانی سوورمەڵێ و خورەتاوپان لە ناوچەی لەیلاخ.

واتە لە ماوەییکی کورتی دوو حەوتوویدا ئەم هەموو کارەسات و هەواڵە خراپە لە کوردستان ڕوویاندا. ئەم دۆخە ساڵەهای ساڵە، هەموو ڕۆژێک و هەموو حەوتوویەک و هەموو مانگێک بەسەر کوردستاندا زاڵە و دووپات ئەبێتەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا چوار ساڵ تێپەڕیوە و سەدان کارەساتی خراپتر ڕوویانداوە کە یەکەمیان کوشتنی ژینا ئەمینی لە خەرمانانی ٢٠٢٢ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواهەمینیان سەربڕینی سیپان حوزنی لە خەرمانانی ٢٠٢٦ لە ڕۆژاوای کوردستان لەلایەن هێزە فاشیستی و مەزهەبییەکانەوە بوو و لێرەدا مەجالی شرۆڤە کردنیان نییە. لە ڕاستیدا، ڕوانین و هەڵوێست نواندن لە گۆشەنیگای بەرتەسک و جیاجیا بۆ ئەم کارەساتە جۆراوجۆرانە، کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو ئەتۆمیزەبوون و پرژوبڵاویی زیاتر دەبات و دەبێتە هۆی لێکدابڕان و کاریگەرنەبوونی هەڵوێست و چارەسەرییەکان. بۆ وێنە ئەگەر فێمینیستێک لەنێو ئەم گشت کارەساتانەدا بە تەنیا جەخت لەسەر بابەتە زایەندییەکان بکات، ئەویش بەشێوەی جیا و دابڕاو لە چارچێوە و بەستێنە کۆمەڵایەتی و مێژوویییەکەی و باقی بابەتەکان بخاتە پەراوێزەوە یان سۆسیالیستێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنەکانی دیکە بەتەنیا کێشە کرێکاری و دژبە سەرمایەدارییەکانی زەق بکاتەوە، هەروەها ئەگەر ناسیۆنالیستێکی نەریتخوازی کورد بەشێوەی قوواڵ بابەتەکان لێکنەداتەوە و تەنیا هەوڵی پاراستنی نەریتەکان بێت و بۆچوون و خوێندنەوەییکی جیهانی لە زەینیدا نەبێت، یان کەسێکی باوەڕمەندی ئایینی هەموو خەمی داسەپاندنی یاسا و ڕێساکانی شەریعەت بێت و گرینگی بە باقی بابەتەکان نەدات، هیچکام لەمانە نە تەنیا نابنە هۆی پێشوەچوون و چارەسەرکردنی کێشەکان بەڵکوو هەڵوێستەکانیان، لێکترازانی زیاتری کۆمەڵگەی کوردستانی لێدەکەوێتەوە، کە کۆمەڵگەییکی داگیرکراوە. چونکە لەڕاستیدا ئەم کارەساتانە تایبەت بە تاقم و چین و زایەندێک نین بەڵکوو هەموویان لە جوگرافیای نەتەوەییکی بەکۆلۆنیکراودا ڕوو دەدن کە چین و توێژ، زایەند، تاقم و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم نەتەوەیە دەگرێتەوە. لەم بابەتەدا پێویستە دالێکی گەورەمان هەبێت کە هەموو ئەم ڕەنج و ئازارانەی پێوە هەڵواسرابێت و هۆکارە ورد و جۆراوجۆرەکان لە خۆیدا هاوئاهەنگ بکاتەوە. بە وتەییکی دیکە سەرچاوەی هەموو ئەم کارەساتانە لە دالی گەورە و ناوەندیی "ژنی کورد" یەکدەگرنەوە و ئەزموونێکی تازە پێک دێنن کە جیاوازە لەگەڵ ئەزموونی ژنبوون بەتەنیا، یان ئەزموونی کوردبوون بەتەنیا. گێڕانەوەی ئەم بابەتانە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە دوو چەمکی "ژن" یان "کورد" پێش لەوەی ببنە دالی ناوەندیی ژنوشیاری، دوو چەمکی بێبار و بێ‌لایەن نەبوونە و هەڵگری باریکی مانایی و ڕەنگە ئایدیۆلۆژیکن کە بەردەوام لە بەرژەوەندیی پەرگالی زاڵدا پێناسە کراون. ئەم دوو چەمکە نیشاندەری ئەوەن کە لەمێژە کۆمەڵێک لە خەڵک لە شوێنێکی ئەم جیهانە بەهۆی ئەم دوو شوناسەی خۆیانەوە (ژنبوون و کوردبوون)، ڕووبەڕووی ستەم دەبنەوە. شوناسگەلێک کە دروستبوونیان تەنیا لەلایەن خودی ئەو کەسانەوە نەبووە بەڵکوو بەرهەمی دیاریکردنی پێناسەیانە لەلایەن کۆمەڵگە، دەوڵەتە ناوەندییەکان، سیاسەتوانان و سەرجەم ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و زایەندی و نەتەوەییەکانن. بە وتەییکی دیکە هەمووی ئەمانە لە پێکهێنانی وەها شوناسێکی ئینترسێکشناڵ ڕۆلیان بووە و مادامێک کە شوناس شتێک نییە کە بەشێوەی خۆڕسک لە نێو تاکدا بوونی هەبێت, بەڵکوو لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەویتردا دروست دەبێت و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و

وێژمانە سیاسییەکان لە بەرهەمهێنان و پتەوکردنی ڕۆڵیان هەیە، ناتوانێ بابەتێکی بێبار و بێلایەن بێت بەڵکوو دەبێ وەکوو بابەتێکی سیاسی چاویان لێبکەین. بۆیە ئێمە نابێ ستەمەکان بەشێوەی جیاجیا و لە ڕێگای تاکەکان و شوناسە پەراوێزخراوەکانەوە شرۆڤە بکەین بەڵکوو دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێکهاتە و سیستەمانەوە شرۆڤەی بکەین کە هۆکاری بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ئەم ستەمانەن.

لەسەر ئەم بنەمایە، ژنوشیاری کۆکراوەی دوو جۆرە ستەمی زایەندی و نەتەوەیی نییە کە بە زۆرەملێ پێکەوە لکێنرابن. بەڵکوو هەوڵێکە کە دەیهەوێ تیشک بخاتە سەر چۆنیەتی و کاریگەریی لێکهاڵاوی ستەمەکان. ئەوەی کە ستەمی نەتەوەیی چۆن شێوازی ستەمی زایەندی دەگۆڕێت و هاوکات پیاوسالاریی چۆن کاریگەریی لەسەر ئەزموونی پرسی نەتەوەیی ژنێکی کورد دادەنێت. واتە هاوکاتبوونی ستەمەکان دەخاتە بەر باس و کاریگەریی هاوشانبوون و هاوتەریبوونی ئەم ستەمانە لێکدەداتەوە و پێویستیی شرۆڤەکردن و چارەسەرکردنیان لە گەڵاڵەی سەرەکیی ژنوشیاری پێکەوە گرێ دەدات کە بریتییە لە "نە کوردستان بەبێ ژنان و نە ژنانیش بەبێ کوردستان". کە وابوو تێگەیشتن لە ڕزگاریی ژن و ڕزگاریی نەتەوەیی دەبێ لە پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانە و دوولایەنەدا بێت و یەکسانیی زایەندی دەبێ بەردی بناغەی ڕزگاریی نەتەوەیی بێت، نەک بابەتێکی لاوەکی و پەراوێزیی کە دوای بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان بیری لێبکەینەوە. کوردستان لێرەدا بۆ ژن تەنیا بابەتێکی جوگرافیایی نییە، بەڵکوو هاوکات پرسێکی مێژوویی و سیاسی و مەعریفەییە. بۆیە ژنوشیاری لە هەلومەرجی مێژوویی-سیاسی ژنانی کورد لە جوگرافیای دابەشکراوی کوردستانەوە دەست پێدەکات.

لێرەدا، لێکهاڵاوی ناسنامەکان نەک وەکوو تیۆرییەک کە بمانهەوێ چەند شوناسبوونی ژنی کورد لەنێو ئەو تیۆرییەدا شرۆڤە بکەین بەڵکوو وەکوو مەنتقێکی تیۆریک بۆ داڕشتنی گوتاری ژنوشیاری کەڵکی لێ وەردەگیردرێت کە پێکهاتەییبوونی(ساختاری بودن) ستەمەکان بە بنەما دەگرێت. بە وتەیێکی دیکە ژنوشیاری هەوڵی ئەوەیە نیشان بدات کە ژنبوون، کوردبوون، چین و ئایین چلۆن لەنێو پێکهاتە و پەیوەندییەکانی هێزەوە پێکەوە جومگەبەندی دەکرێن و ئەزموونێکی تایبەت لە ژنبوون پێک دێنن. واتە کوردبوون شوناسێکی تەزئینی لەپاڵ چەمکی ژنەوە نییە و خۆی هەڵگری هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویییە. ئەمەش ڕێگایێکە بۆ ئەوەی پێش بە لێکەوتە نەرێنییەکانی ڕوانگە و مێتۆدی ئینترسێکشناڵێتی بگرین. چۆن ئینترسێکشناڵێتی ئەگەر بەشێوەی تاکەیی بڕوانێتە پرسی شوناس نەک بەشێوەی پێکهاتەیی، مەترسی ئەوە هەیە کە خودی ئەم ڕوانگەیە کە ئاخێزگەکەی ڕەخنەییە، بڕواتە خزمەتی پاراستنی ئەو پێکهاتەگەلە کە بەرهەمهێنەری ستەم و هەڵاواردنن. مادامێک کە ئینترسێکشناڵێتی، ستەمە پێکهاتەییەکان دابەزێنێت و وەکوو ستەمی تاکیی شرۆڤەیان بکات، هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی نایێتە ئاراوە، چون لەو کاتەدا تاک دەبێتە ئامراز و ژمارەیەک بۆ پێکهێنانی یەکسانی ڕواڵەتی لە پێکهاتە نایەکسانەکان. واتە کاتێک پێکهاتەیێک کە لەسەر بناغەی پاراستنی پەرگالی زاڵ و بەرهەمهێنانی هەڵاواردن دامەزراوە، بە زیادکردنی ڕێژەی بەشداریی تاکیی شوناسە پەراوێزخراوەکان و بندەستەکان، هەڵناوەشێتەوە و یەکسانی بەدینایەت. بەڵکوو بەپێچەوانە، ئەم کارە ڕواڵەتییە خۆی دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوە و درێژەکێشانی زیاتری ستەم و هەڵاواردن. لەسەر ئەم بنەمایە بۆ نەهێشتنی ستەم و هەڵاواردن دەبێ خودی پێکهاتەکە بکرێتە ئامانج. ئەمەش هەر ئەو شێواز لە ئینترسێکشناڵێتییە کە ژنوشیاری دەیهەوێ بۆ شرۆڤەی پرسی ژنی کورد بەکاری بێنێت.

بۆیە ئینترسێکشناڵێتی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی ژنی کورد، پێویستی بە خوێندنەوەیێکی پۆست کۆلۆنیالیستی لە دۆخی بەکۆلۆنیکراوی کوردستان و تێگەیشتن لە مافی نەتەوەیی کورد هەیە. چون ئەم

ڕوانگەیە بەتەنیا ناتوانێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە بۆچی و چۆن جۆرەکانی ستەم لە پێکهاتەیێکی مێژوویی دیاریکراودا لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتر شێوە دەگرێن و پێکەوە گرێ دەدرێن؟ کام پێکهاتە مێژوویی و سیاسی و ئابووری لە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی جۆرەکانی ستەم ڕۆڵی سەرەکییان هەیە؟ و لە کۆتاییدا میکانیزمی زاڵبوون و ژێردەستەیی چۆنە و ژنی کورد چۆن دەبێتە بندەست؟

ژنی کورد لە ئۆبژەی زانستەوە بۆ سووژەگی لە بەرهەمهێنانی زانست

ئاسەواری کۆی ستەمی زایەندی و نەتەوەیی بۆ ژنی کورد بووەتە هۆی ئەوە تا بە بەراورد لەگەڵ پیاوان، لەنێو کۆمەڵگەدا زیاتر تووشی هەڵاواردن بن. ئەم هەڵاواردنانە کە ژێردەستەیی زیاتری ژنی کوردی لێ کەوتووەتەوە، لە سێ بواردا پۆڵێنبەندی دەکرێن. یەکەم: ژێردەستەبوونی ئابووری، کە بەشێوەی نایەکسانی لە دەسترِاگەیشتن بە سەرچاوەکانی ئابووریدا خۆی دەنوێنێت. دووەم: ژێردەستەبوونی سیاسی، کە بەشێوەی نایەکسانی لە دەسترِاگەیشتن بە سەرچاوەکانی هێز و توانای بڕیاردان بۆ پرسە پەیوەندیدارەکان بە خۆی و کۆمەڵگەکەیەوە، دەر دەکەوێت. سێهەم: ژێردەستەبوونی مەعریفی، کە بەشێوەی نایەکسانی لەو هەلومەرجەدا خۆی دەردەخات کە دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ بەرهەمهێنانی زانست و ڕەواییدان بە گێڕانەوەکانی خۆی و تۆمارکردنیان.

لە ڕوانگەی ژنوشیاریییەوە گرینگترین و سەرەکیترین جۆری ژێردەستەبوون، ژێردەستەبوونی مەعریفەییە، چونکە ڕزگاربوون لەم جۆرە بندەستییە، دەرگا بۆ دەربازبوون لە جۆرەکانی دیکەی ژێردەستەبوون دەکاتەوە. ئەم بواڕە لە شەڕی گێڕانەوەکانەوە دەست پێدەکا و فێمینیستە کوردەکان کەمتر پڕژاونەتە سەری. بۆیە خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی هەر جۆرە زانست و پێناسەگەلێک کە تا ئێستا لەسەر ژنی کورد بووە، دەتوانێ لە خزمەتی کرانەوەی زنجیرەکانی ژێردەستەیی مەعریفەیی بێت.

ئەگەر باش سەرنج بدەین، لە هەر کام لەو گوتارانەدا کە پێشتر باسمان کردن و لە ڕەوتی وێنا کردنی ژنی کورددا، ئەوە خودی ژنی کورد نییە کە قسە دەکات، بەڵکوو ئەوە پەرگالی مەعریفی ئەو گوتارانەیە کە دەدوێت و زۆر جاریش لە زاری ژنێکی کوردەوە دێتە دەرەوە و بانگەشەیان بۆ دەکرێت. ئاکامی ئەم ڕەوتەش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی ژێردەستەیی مەعریفەیی بۆ ژنی کورد. یەکێک لە گرینگترین و دەتوانم بڵێم ڕووخێنەرترین لێکەوتەی ئەم جۆرە بندەستییەش، دروستبوونی "ڕوانگەی پارێزگاری" (مراقبتی) لە ناخی مرۆڤی کورد و بەتایبەت ژنی کوردە کە لە فەلسەفەی سیاسیی فێمینیزمدا کەسانێک وەکوو ویل کیملیکا، ئلیزابێت گراس و مەک کینۆن باسیان لەسەر ئاکامەکانی ئەم ڕوانگەیە بۆ ژنان کردووە. لە ڕوانگەی پارێزگارییەوە، زیاتر لەوەی هەست بە ڕەنج و ئازاری خۆت بکەیت، هەست بە ڕەنج و ئازاری کەسانی دیکە و ئەویترەکانت دەکەیت. واتە کەسێک کە ئەم ڕوانگە لە ناخیدا چێندرابێت، ڕەنج و ئازارێک کە کەسانی دیکە تەنانەت بەهۆی کەمتەرخەمی یان پاوانخوازیی خۆیانەوە تووشی بوون و هیچ پەیوەندییەکی بە ئەمەوە نییە، زیاتر لە ڕەنجی خۆی ئازاری دەدات و خۆی بە بەرپرسی ڕەنج و کێشەی ئەوان دەزانێت و هەوڵی چارەسەرکردنیانی ئەدات. ڕوانگەی پارێزگاری دوو فاکتەری گرینگی هەیە؛ یەکەم بەرپرسایەتی و دووەم پاراستن. ئەم دوو فاکتەرە ئەگەرچی لە خۆیاندا ئەرێنی و باشن بەڵام کاتێک لەجیاتی ئەوەی سەرەتا لەبەرژەوەندیی مافە ئینسانی و ڕەواکانی خۆتدا بەکاری بێنیت، بیبەیتە خزمەتی پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوە و چینی باڵادەستەوە و خۆت لە ئاست کێشەکانی ئەواندا بە بەرپرس بزانیت چیتر وەکوو چەکێک لەدژی خۆت بەکار دێت. بەگشتی ڕەوتی بەکۆمەڵایەتیبوونی نەتەوە و زایەند و چینی بندەست وەهایە کە تەنانەت ئەو شتانەی کە دەزانێت مافی خۆیەتی و بەدەستهێنانی

هاسان نییە، داوای ناکات و بەردەوام لە ڕوانگەی نەتەوە و زایەند و چینی باڵادەستەوە سەیری خۆی و ویست و مافەکانی دەکات. بۆیە مرۆڤی بندەست بۆ پاراستنی خۆی لە هەمبەر ئەم ڕوانگەیە، پێویستی بە ئەوەیە کە لە ڕوانگەی هێژەمۆنخوازیشەوە چاو لە ماف و بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات. ئەم ڕوانگە لە هەمبەر ڕوانگەی پارێزگاریدا هاتووە و تایبەتمەندیی نەتەوە و زایەند و چینی باڵادەستە کە لەو سۆنگەیەوە سەیری دنیا دەکەن. ڕوانگەی هێژەمۆنخوازی دوو فاکتەری گرینگ لەخۆ دەگرێت؛ یەکەم ناسینی مافەکان و دووەم ڕەواییدان بە خۆت بۆ گەیشتن بەو مافانە. ئەم ڕوانگەیە ئەگەر لە ڕەوتی دروست و مرۆڤانەدا بێت و تێکەڵ بە لایەنە ئەرێنییەکانی ڕوانگەی پارێزگاری بکرێت، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی دەسەڵات بۆ پێکهێنانی پێگە و دۆخێک کە ماف و بەرژەوەندییەکانی خودی ئەو کەس و کۆمەڵگەیە تێیدا پارێزراو بێت. ڕوانگەی پارێزگاری بەبێ ڕوانگەی هێژەمۆنخوازی خەساری زۆرتری لێدەکەوێتەوە و ڕەنگە ببێتە هۆی لەناوچوونی مرۆڤی بندەست، چونکە لە کۆتایی ئەم شێوە ڕوانینەدا زمانی قسەکردنی مرۆڤی بندەست دەبێتە زمانی گومان و شەرم و ناتوانێ بە هێز و متمانەوە باسی ماف و ئازادییەکانی خۆی بکات، بەڵام زمانی قسەکردنی مرۆڤی باڵادەست زمانی لێبڕاوانە و متمانەبەخۆییە و نەک لەسەر مسۆگەرکردنی مافەکانی خۆی، بەڵکوو لەسەر پێشێلکردنی زیاتری مافەکانی مرۆڤی بندەستیش سوور دەبێت. بۆیە کورد بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی سەرەتا و لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێ لە سەیرکردنی خۆیان لە چوارچێوەی مەعریفیی ئەوی‌ترەوە بۆ سەیرکردنی خۆیان لە چوارچێوەی مەعریفیی خۆیانەوە بچن. ئەمەش بە مانای پێگەیشتوویی هزری و دەربازبوون لە ژێردەستیی مەعریفەییە.

گەیشتن بە پێگەیشتوویی هزری و دەربازبوون لە ژێردەستیی مەعریفەیی دەتوانێ دەستکەوتی مەزنی بۆ ژنی کورد هەبێت. بەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتە مەزنەش لە دۆزینەوەی ولّامی پرسیارێکی گرینگەوە دەست پێدەکات. پرسیارەکەش ئەوەیە؛ چارەسەری پرسی ژنی کورد چییە؟ بێتوو بمانهەوێ بە زمانێکی لێبڕاوانە و بە متمانەبەخۆییەوە و لە چوارچێوەی مەعریفیی خۆمانەوە ولّامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، دەتوانێ ئەمە بێت؛ "سەروەری و سەربەخۆیی هەم لە بواری زایەندی و هەم لە بواری نەتەوەییەوە". هەر ولّامێکی دیکە و لە ژێر هەر چەمکێکی دیکەوە بێت، تا ئەو کاتەی بۆ نزیکبوونەوە و گەیشتن بەم ئامانجانە نەبێت، دەچێتە خانەی ڕوانگەی پارێزگاری و ڕەوتی بە ژێردەستە کردنی ژنی کوردەوە. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە ئاماژە بە خاڵێک بکەم؛ ئەگەرچی جیاوازبوون تایبەتمەندییەکی سروشتییە، بەڵام کاتێک هێز بڕیاردەربێت، جیاوازیی دەبێتە زنجیرەیێک لە پلە و پایە و هەر ئەو جیاوازییەش دەتخاتە دۆخی بندەستییەوە. بۆ وێنە لە سیستەمی کۆلۆنیالیستیدا زیاتربوونی هێز و دەسەڵاتی لایەنێک، تاقمێک، نەتەوەیێک یان زایەندێکی جیاواز دەبێتە هۆی ئەوەی قورسایی تەرازووی یەکسانی، بەرەو لای خاوەنهێز لاسەنگ بێت و هەموو بابەت و پرسێک لە بەرژەوەندی ئەو هێزەوە دیاری و پێناسە بکرێت. بەگشتی کارکرد و ئەنجامی کۆلۆنیالیزم بەرهەمهێنانی بندەستی و نایەکسانی لە جوگرافیایێکی دیاریکراو دایە. کە وا بوو، هەر جۆرە هەوڵ و چارەسەرییەک بۆ یەکسانی و دادپەروەری و دەربازبوون لە دۆخی ژێردەستەیی لەنێو ئەم سیستەمەدا، چ لە لایەن باڵادەستەوە بێت و چ لەلایەن بندەستەوە، لەژێر هەر چەمک و ناوێکەوە بێت هەوڵێکی بێ ئاکامە و تەنیا سووڕانەوەیە لەنێو بازنەی بەرهەمهێنانەوەی باڵادەستی و بندەستیدا. بۆیە یەکەم هەنگاو بۆ نەهێشتنی ژێردەستی، ڕووخانی خودی سیستەمی کۆلۆنیالیستییە و هەر بیرۆکەیێک لە ژێر ناوی گەیشتن بە ڕزگاری و یەکسانی لە نێو ئەم سیستەمەدا، دەچێتە خانەی ئایدیۆلۆژیک و پاراستنی پەرگالی زاڵ.

فێمینیزمی ناوەندخوازیش تا ئەو کاتەی لە

داهاتووی ناڕوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەگەری هەر شێوە لە گۆڕانی سیاسی، ئەم پارچەیە دەخاتە ناوەندی تێفکرین و هزرین و لە چوارچێوەی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدا وەک پرسی سەرەکی سەرلەنوێ پێناسە دەبێتەوە. پڕڕوونە کە دیاردەی شەڕ نەتەنیا بەشێکی گرینگ لە مێژووی مرۆیی پێک دەهێنێت، بەڵکو خود لە ئافراندنی مێژوودا دەوری سەرەکی دەگێڕێت. بەتەواوی ئەو ئاڵۆزییانەی کە لە لاپەڕەکانی مێژوودا بەرەوڕووی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوەتەوە، هێشتا لە بەستێنی ئاکادێمیک و لێکۆڵینەوەی کوردیدا پێگەیەکی ناوەندی نەبووە و لەم بەشەدا بۆشاییگەلێک هەیە کە پێویستە بیرمەند و خوێندکاری کورد ئاوڕی لێ بداتەوە.

ئەم وتارە بە پێنووسی پڕۆفیسۆر خالید خەیاتی، مامۆستای زانکۆ لە سوید و پسپۆڕی بواری دیاسپۆرا، تیشک دەخاتە سەر گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانەی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا؛ کە هەر چەشنە ئێرانیبوون بەرەو ئاقاری هەڵوەشاندن دەبات، دابڕانی مەعریفیی بەهێز لەنێوان کوردبوون و ئێرانیبوون دەهێنێتە ئارا و لەئاکامدا هەر شێوە لە ئەجێندا و پلەتفۆرمی حیزبیی دژە سەربەخۆیی تووشی ئالینگاری دەکات.

ئەم وتارە لەباری مێتۆدۆلۆژییەوە داهێنەر، لە ڕووی گوتارسازییەوە کاردانەر و لە ڕووی سیاسییەوە خولقێنەر دەبێت، کەوایە پێویستە لەلایەن هەموو توێژەران، خوێندکاران، ئێلیتە سیاسییەکان و کۆمەڵگای مەدەنییەوە گرینگی پێ بدرێت. جەخت لەسەر ڕۆژهەڵات نەتەنیا ناوچەگەرایی و پارچەگەرایی نییە، بەڵکو ڕەچاوکردنی ڕۆحی بەکۆی کۆمەڵگا و ئەو ئایدیایەیە کە هەڵقوڵاوی مێژوو و ویستی کۆمەڵگای مەدەنییە. لەم خوێندنەوەدا ڕۆژهەڵات و پرسی ڕۆژهەڵات لە ڕووی گوتارییەوە وەک ناوەندی پرسی کورد و لە ڕووی سیاسییەوە بناغەی گۆڕانکارییەکانی داهاتوو ئەژمار دەکرێت. کەوایە پێویستە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەوەک پەراوێزی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بەڵکو وەک پرسی سەرەکی ئاوڕی لێ بدرێتەوە. گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی کوردستان؛ پڕۆسەی ئاشتی لە باکوور و شکستی کورد لە ڕۆژاوا سەلمێنەری قەیرانی سیاسەتی کوردی لەم دواییانەدا بووە. ئەم ڕاستییە هاوکات لەگەڵ گۆڕانەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، بووە بەهۆی ئەوەی کە پێداچوونەوە لە سیاسەتی کوردی وەک پێداویستییەکی مێژوویی سیاسی بەدی بکرێت.

بە خوێندنەوەی ئەم وتارە تێدەگەین کە گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانەی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا بەشێوەی جۆراوجۆر و بە نێوەنجیی بەرهەمهێنانی وتار و دەقی زانستی، چالاکیی سەرهێڵ و ... چاویلکەیەکی کوردستانی بۆ خوێندنەوەی دۆخی کوردستان دەهێنێتە ئاراوە. بەرهەمی ئەم گوتارە لە ئاستی تیۆریکدا تیۆریزەکردنی پرسی سەربەخۆیی و لە ئاستی کردەوەدا ڕێکخستنی بەکۆمەڵ و پێناسەکردنی سەربەخۆیی وەک ئەجێندای سەرەکی و ڕێگەی ڕزگاریی نەتەوەیی و دەربازبوون لە دۆخی بندەستی بووە. دەتوانین ئیدعا بکەین کە گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانە نەتەنیا لەنێوان کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا، بەڵکو لەنێو خودی کۆمەڵگای مەدەنیی ڕۆژهەڵات لە گەشەدایە و پرسی سەرەکیی ڕۆژهەڵات ڕزگاریی کوردستان لە بندەستی و وەدیهێنانی سەربەخۆییە.

گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانەی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی ناوخۆ و دیاسپۆرا چەند کارکردی گرینگی هەیە: ١.ئەم یەکگرتووییە دیسکۆرسیڤە، عەقڵی سیاسیی کورد و بەگشتی سیاسەتی کوردی تووشی وەرچەرخان دەکات و نەخشە ڕێگەیەکی ڕوون بە مەبەستی وێناکردنی داهاتوو دەهێنێتە ئاراوە و لە عەقڵانییەتی سیاسیی کورد وەهمسڕینەوە دەکات.

٢. ئەم گێڕانەوەیە توانایی ئەوەی هەیە کە وەک گەورەترین گەرەنتی و گرینگترین پاڵپشتی بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی هاوپەیمانیی لایەنە

سیاسییەکانی کوردستان دەوری چالاکانە بگێڕێت.
٣. لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا پێگە و قورساییەکی زۆرتر بە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان؛ وەک نوێنەرانی گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت دەبەخشێت.
٣. پرۆژەی تواندنەوەی کورد لەنێو گوتاری سیاسی فەرهەنگیی داگیرکەر هەڵدەوەشێنێت؛ ڕۆڵ و کارکردێک کە لەسەر یەک بنەمای سەرەکی ڕاوەستاوە؛ گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانە.

پوختە

بەڵگاندنی سەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە کە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا لە ئاکامی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەم دواییانەدا گێڕانەوەیەکی سەربەخۆییخوازانەیان گەشە پێداوە کە هاوکات بنەما سیاسی، قەلەمڕەوی، فەرهەنگی و پێکهاتەییەکانی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی کە زۆرتر لە فۆرمی ئێرانیبووندا فۆرموولە بووە، ڕەت دەکاتەوە و بە ئاقاری ڕەخنە و هەڵوەشاندنی دەبات. ئەم گێڕانەوەیە هەروەها بەرەنگاری ڕێکخراوە سیاسییە کوردییە سەقامگیراوەکان دەبێتەوە کە سەبارەت بە بزووتنەوەی گشتگیری ناسیۆنالیزمی کوردی ناڕوون و لاواز دەجوڵێنەوە. چالاکان و توێژەرە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان کە وەک شارۆمەندێکی ژوور سنوور(١) ڕۆڵ دەگێڕن، سەرچاوە مادی و هزرییە بەردەستەکانی کۆمەڵگای نیشتەجێ، بە مەبەستی جومگەبەندی و بەرزکردنەوەی گوتارێکی نەتەوەیی دیاسپۆرایی بە ناوەندێتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک دەخەن. ئەم گوتارە هەوڵ دەدات ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان هان بدات تا وەکو لە ڕێتۆریکی فێدڕاڵ و برایەتی تەوەری گرێدراو بە ئێران دەرباز بێت و بەرەو هەڵوێستێکی ڕوونتر و سەربەست تەوەر هەنگاو هەڵبگرێت؛ بەچەشنێک کە خوازیاری دابڕان لە کۆلۆنیالیزمی ئێرانی بێت و ڕێگەخۆشکەری ئەوە بێت کە کوردی بێدەوڵەتی ڕۆژهەڵات، بۆ سەروەریی سیاسی و نەتەوەیی و لە ئاکامدا پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردی بەدواداچوون بکات.

وشە سەرەکییەکان:

گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانەی دیاسپۆرایی، کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا، دیاسپۆرای کورد، شارۆمەندیی ژوور سنوور، کوردە بێدەوڵەتەکانی دیاسپۆرا.

پێشەکی

سەردەمی شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩ و سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕژیمی ئایینی دژ بە خەڵکی کورد و بزووتنەوە سیاسی و خولیا و ئاواتەکانیان بۆ خۆبەڕێوەبەریی سیاسی، هۆکاری سەرەکیی پەرتەوازەیی کوردەکان لە فەزا جوگرافییە جۆراوجۆرەکان بووە. کەوایە گێڕانەوەی(٢) "دیاسپۆرای چەوساوە و بێدەوڵەت" نەتەنیا کەرتێکی بنەڕەتیی دیاسپۆرای زێدە سیاسیکراوی پێک هێناوە(Eliassi ;٢٠١٦ Khayati ٢٠٠٨) بەڵکو کارگێڕیی بەرچاوی لەسەر ڕوانگەی نیشتمانیی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە وڵاتانی نیشتەجێ داناوە (Brubaker ٢٠٠٥).

گۆڕانە سیاسییەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین؛ هێرشە سەربازییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حەماس لە غەززە، حیزبوڵڵای لوبنان و حووسییەکان لە یەمەن و ڕووخانی ڕژیمی ئەسەد لە سووریا کە هەموویان لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی مەحوەری موقاومەی سەر بە ئێران بوون، هەروەها بزوتنەوەی "ژن، ژیان، ئازدی" لە ساڵی ٢٠٢٢، دانوستانی بەردەوامی ئاشتی لەنێوان دەوڵەتی تورکیا و ڕێبەری دەستبەسەرکراوی پ ک ک، عەبدوڵڵا ئۆجەلان و هەر ئەم دواییانەش شەڕی داڕووخێنەری ئیسرائیلی / ئەمریکایی- ئێرانی، دوورنوێنیی ژیۆپۆلیتیکی ناوچەکەی سەرلەنوێ بیچم داوە و کاریگەرییەکی قورسی لەسەر پێگەی دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی لە ئێران داناوە. لە ئاکامدا چالاکیی سیاسیی ژوورنەتەوەیی(٣) ، دەربڕینی ناسیۆنالیزمی دوورمەودا(٤) (Anderson ١٩٩٨) و گێڕانەوەی بەرینتری دیاسپۆراییی کوردە

ڕۆژهەڵاتییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا فۆرم و ڕواڵەتی نوێ و ڕوو لە گەشەی لەخۆ گرتووە.

شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"ی ٢٠٢٢ لە ئێران کە لەلایەن نەییرە تەوحیدییەوە(٢٠٢٣) وەک دابڕانێکی قوواڵی فەرهەنگی، سیاسی، ئیدیۆلۆژیک و ئەخلاقی لەنێوان جەماوەری ناڕازی و پێکهاتەی سیاسیی گەندەڵی ئێران پێناسە کراوە، بۆ زۆرینەی کورد ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا گرینگییەکی بەرچاوی بووە و ئیمکانگەلێکی بۆ دیالۆگ لە کلاب هاوس، ئیکس، فەیسبووک و هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییە سەرهێڵەکاندا پێک هێناوە.

" پڕۆسەی ئاشتی" لەنێوان پارتی کرێکارانی کوردستان(پ ک ک) و دەوڵەتی تورکیا کە لە کۆنگرەی دوانزەهەم لە ڕێکەوتی ٥تا ٧ی" مانگی مەی بەڕێوە چوو و هەڵوەشاندنەوەی حیزب و کۆتاییپێهێنانی خەباتی چەکداری لێ کەوتەوە، وەک مژارێکی بەردەوام و دووپاتکراو لە گوتاری سیاسیی کوردی هاوچەرخدا جێگر بووە. تەوەری ناوەندیی مشتومڕەکە هەڵگری ئەم پرسیارەیە کە ئایا لە دڵی دانوستانەکانەوە، مافە بنەماییەکانی کورد بەفەرمی دەناسرێت یان تەنیا شێوازێک لە خۆڕادەستکردن بووە کە بە دەستی دەزگا هەواڵگرییەکانی تورکیا و بە ئامانجی پاراستنی یەکپارچەیی قەلەمڕەوی تورکیا و لاوازکردنی خۆبەڕێوەبەریی کوردانی باکووری سووریا ڕێک کەوتووە.

دەرکەوتوویی زۆرتری جەماوەری ئێتنۆنەتەوەیی(٥) وەک کورد، بەلووچ و گیلەک لە ماوەی خۆێشاندانی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ساڵی ٢٠٢٢ و هەروەها بەرەوڕووبوونەوەی نایەکسان و نادادپەروەرانەیان لەگەڵ سەرکوت، قەڵیشت و دابڕانی نێوان زۆرینەی کوردانی دیاسپۆرا و دیسکۆرسی زاڵی بەرخۆدانی ئێرانی و هێما پێوەندیدارەکانی زۆرتر کردووە. زۆرینەی شرۆڤەکاران لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لەسەر ئەو باوەڕەن دیسکۆرسی زاڵ کە لەسەر گۆڕینی ڕژیم، دێمۆکراتیزەکردن و هەندێک کێشەی جەندەریی زەقکراو وەک یاسای پۆشینی جلوبەرگ و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی جەخت دەکات، تا ڕادەیەکی زۆر لە بەفەرمی ناسین یان بەدواداچوون بۆ نایەکسانییە پێکهاتەییەکان و ئەو دۆخی ژیانە نالەبارە کە گرووپە ئێتنۆنەتەوەییەکان ئەزموونیان کردووە، شکستی هێناوە. لە بەرانبەر ئەم دۆخەدا، چالاکانی سیاسیی کوردانی دیاسپۆرا کە لەژێر کاریگەریی بەستێنی کۆمەڵایەتی سیاسیی وڵاتانی نیشتەجێ بیچمی گرتووە؛ هەوڵیان داوە کە ١. دیسکۆرسی فەرمی و دەوڵەت تەوەری گرێدراو بە بیری ئێرانیبوون بە ئاقاری بەرەنگاری و هەڵوەشاندنەوە ببەن. ٢. چوارچێوەی ئاڵتێرناتیڤی مەعریفەی کوردی و ڕوانگەی پراکتیکی پەرە بدەن کە دابڕانێکی بنەڕەتی لەگەڵ دیسکۆرسی باو بهێنێتە ئاراوە. ڕووخانی ڕژیمی ئەسەد لە دواییەکانی ٢٠٢٤ و هێرشەکانی ئەم دواییانەی ئیسرائیل کە ڕۆڵی ژیۆپۆلیتیکی ئێرانی تووشی داڕمان کرد و دەرفەتێکی گونجاوتری بۆ کوردان مسۆگەر کردووە؛ گێڕانەوەی لەحاڵی سەرهەڵدانی دیاسپۆرای کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی بەهێزتر کردووە. لە بەستێنی ئەم ڕەوتەدا، گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانە وەک یەکێک لە هێما سەرەکییەکانی شارۆمەندیی ژوور سنوور(Glick-Schiller ٢٠٠٥) و ناسیۆنالیزمی دوورمەودا (Anderson ١٩٩٨) ڕۆڵی گێڕاوە و هاوکات بۆ چالاکانی سیاسیی کوردی لە پلەتفۆرمە دیجیتاڵەکاندا وەک ئیکس، فەیسبووک و کلاب هاوس هێزێکی پاڵنەر و هاندەر بووە.

ئەم وتارە سەرهەڵدانی گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانەی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا لێک دەداتەوە کە لە ڕەوتی گۆڕانە سیاسییەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا خێراتر بووە. ئەم وتارە بەڕوونی دەپەرژێتە سەر ئەوەی کە توێژەران و چالاکە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان کە ڕۆڵی شارۆمەندانی ژوور سنوور دەگێڕن، بە چ شێوەیەک سەرچاوە مادی و هزرییەکانی ئەو کۆمەڵگایە وەگەڕ دەخەن تا وەکو لەڕێگەی بەهێزکردنی گوتارێکی دیاسپۆراییی جیاواز و سەربەخۆییخوازانەوە لەسەر

سیاسەتی کوردی کاریگەری دابنێن. لە کۆتاییی ئەم وتارەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەدەمەوە: خاڵە بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکانی گێڕانەوەی لەحاڵی گەشەی سەروەریخوازی چییە کە لەلایەن توێژەران و چالاکانی ڕۆژهەڵاتیی دیاسپۆراوە جومگەبەندی کراوە؟ ئەم گێڕانەوەیە بە چ شێوەیەک لەگەڵ بیری ئێرانیبوون و دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵات لەنێو ئێراندا مامەڵە دەکات؟ هەروەها بەچ هۆکارێک ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەونە بەر ڕەخنەی ئەم گێڕانەوە سەروەریخوازانەوە؟

گێڕانەوەی دیاسپۆرایی وەک مێتۆدی سەرەکی

گێڕانەوەی دیاسپۆرایی کە لەم توێژینەوەدا پێگەی سەرەکی هەیە، وەک پێگەیەکی وشیاری و ئاگامەندیی چەند لایەنە (Werbner ٢٠٠٥) لەمێژە سەرنجی توێژەرانی بواری کۆچبەری و ژوورناسیۆنالیزمی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. سەفران(١٩٩١) گێڕانەوەی گەڕانەوە وەک بناغەی بەرهەمهێنەری ناسنامەی دیاسپۆرایی بەرجەستە دەکات، لەحاڵێکدا کە کلیفۆرد(١٩٩٤) جەخت لەسەر دوانەی فەزایی دەکات کە لە پاراستنی پێوەندی و دڵبەستەییەکانی نێوان سنوورە نەتەوەییەکان بەرهەم هاتووە(see also Khayati ٢٠٠٨). لەم چوارچێوەیەدا تۆلۆلیان(١٩٩١) دۆخی دیاسپۆرایی وەک ڕەخنەیەک لە گریمانەی یەکدەستبوونی دەوڵەت نەتەوە پێناسە دەکات. کەوایە گێڕانەوەی دیاسپۆرایی، پارادۆکسی بوونی هاوکات لە ئێرە و ئەوێ یان "ماڵی دوور لە ماڵ"(٦) دەگرێتە بەر. هەر ئەو جۆرەی کە وێرتۆفک و کۆهن (١٩٩٩) دەیبێژن: سووژە دیاسپۆراییەکان لە ڕێگەی ڕێچکە و بنچینە هاوبەشەکانی خۆیانەوە، پێوەندییەکانیان بەیەکەوە ڕادەگرن. هەروەها ئایدیای ڕەوتە ژوورنەتەوەییەکان لە بەرهەمی گیلرۆی(١٩٩٣)دا جەخت لەسەر تایبەتمەندیی دینامیکی ئاگامەندیی دیاسپۆرایی دەکاتەوە. ئاگامەندییەک کە بە بڕوای کلیفۆرد(١٩٩٤)، لەڕێگەی گۆڕینی بۆشایی بەرەو سازاندنەوەی داهێنەرانە، دەستێوەردان لە دۆخی پەراوێزکەوتوویی و هەڵاواردن دەکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە مەبەستی لێکدانەوەی گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانەی نێوان چالاکە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ماوەی ساڵانی ٢٠٢٢ تا ٢٠٢٥ و لەڕێگەی تێڕوانینی هەمەلایەنەی ئێتنۆگرافیی سەرهێڵ(٨) پێک هاتووە؛ کە لە فەزا فرەچەشنە سەرهێڵەکان و کۆڕی وتووێژ و چەت ڕوومی پلاتفۆرمگەلێک وەک ئیکس، فەیسبووک و کلاب هاوس لەلایەن چالاکانی کوردەوە ساز کراوە. هەروەها بەردەوام سەردانی یوتیووب و ماڵپەڕە کوردییەکان کراوە. لە سۆنگەی ئەم توێژینەوەیەدا ئاوێتەبوونی ڕۆژانەی توێژەر لەگەڵ ئیکس و فەیسبووک و هەروەها بەشداریی بەردەوام و چالاکانە لە وێبینار و کۆڕە وتووێژە ئانلاینە کوردییەکاندا هاتووەتە ئاراوە. بەتایبەت لە کلاب هاوس کە بەشێکی زۆر لەو دانیشتنانە پتر لە چەند سەد بەردەنگ و بەشداربوو ڕادەکێشێت. هەروەها لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەدا، لەڕێگەی پەیامی ڕاستەوخۆ لە کلاب هاوس، ئیکس و مەسێنجێر، زنجیرەیەک لە وتووێژ و دیالۆگم پێک هێناوە و بەتەواوی ڕێسا ئەخلاقییەکانی توێژینەوە وەک نامۆییبوونی بەشداربووان ڕەچاو کراوە. من لەم توێژینەوەدا، پێگەی ڕێفلێکسیڤم هەیە؛ لەم ڕوانگەوە پێگەی توێژەر لە تۆڕە دیاسپۆراییەکاندا بە فەرمی دەناسرێت؛ واتا ئیمکانێک دەڕەخسێنێت کە پێوەندییە ڕاستەقینە و پراکتیکە گوتارییە چەند لایەنەکان لە فەزای دیجیتاڵی هەستیاری سیاسیدا بەڵگەمەند بکرێت.

تێڕوانینی بەشدارانە (٨) لەم لێکۆڵینەوەدا پەیڕەوی میتۆدی ئێتنۆگرافیی سەرهێڵ و ڕێفلێکسیڤە(٩) کە جەخت لەسەر سەرهەڵدانی فەزای کۆمەڵایەتی سەرهێڵ لە بەستێنی ئینتێرنێتدا دەکاتەوە(Ward ١٩٩٩). ئەم ڕوانگەیە کە لە مرۆڤناسیی میدیا(١٠) دا بناغەی هەیە(Postill ٢٠٠٥)، پێوەندییە مرۆییەکان لە بەستێنی سەرهێڵ لێک دەداتەوە و چوارچێوەیەک

بۆ تێگەییشتنی ئەم بابەتە دەهێنیتە ئاراوە کە ئەندامانی جەماوەری ئانلاین، بە چ شێوەیەک حەقیقەت و سنوورە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دەسازێنن (کارتیر، ٢٠٠٥). ئینتێرنێت لەم بەستێنەدا، دەرفەتگەلێک بۆ پێوەندیی دوو لایەنە و دەرکەوتنی گرووپە پەراوێزخراوەکان دەهێنێتە ئاراوە؛ بەتایبەت لە خەباتی گرووپە ئێتنۆنەتەوەییەکان بۆ مسۆگەرکردنی خۆبەڕێوەبەری و ئازادی(Santianni ٢٠٠٣) و سازاندنی ناسنامەی نەتەوەیی((Tsaliki ٢٠٠٣.

هەر ئەو جۆرەی کە ژوان مەحموود(٢٠١٩) بەڵگە دەهێنێتەوە، لە بەستێنی کوردستاندا کار و کاردانەوەی سێ لایەنەی بنیاتنانی دیاسپۆرا، ژوور ناسیۆنالیزم و تێکنۆلۆژییەکانی پێوەندیگرتن، 'نەخشەگەلێکی نوێ لە ناسنامە' بەرهەم دەهێنێت کە فۆرمی سنوورە جوگرافییەکانی سازکردنی ناسنامە تێدەپەڕێنێت. ئەتوانین بەم مۆدێلە سێ گۆچکەییە، ڕەهەندێکی دیکەش زۆر بکەین: واتا فۆرمگەلی جۆراوجۆری بەهێزبوونەوە کە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە وڵاتانی نیشتەجێ وەریدەگرن. لەو ڕوانگەوە، تۆڕەر و چالاکانی کورد، وەک شارۆمەندانی ژور سنوور ئەژمار دەکرێن. چون پێگەی بەهێزیان ئەو دەرفەتە دەرەخسێنێت کە لە پڕۆسەی نۆڕماتیڤ، ئابووری، سیاسی و دامەزراوەییەکانی هەم دەوڵەتانی نیشتەجێ و هەم کۆمەڵگای زێدی خۆیاندا بەشداری بکەن(Glick-Schiller ٢٠٠٥).

سەبارەت بە چۆنیەتیی هەڵبژادانی چالاکە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە سۆشیال میدیادا، هەوڵم داوە لە تیۆڕۆژییەک کەڵک وەربگرم کە لەلایەن گیوبێر وسومێر(٢٠٢٣) پەرەی ستاندووە و لەنێوان گێڕانەوەی "ئێمیک" و "ئێتیک"دا جیاوازی دادەنێت. بەپێچەوانەی گێڕانەوەی ئێتیک کە پشت بە ڕوانگەی کەسانێک دەبەستێت کەهیچ پێشینەیەکیان لە کۆچ و پەنابەری نییە، لەم لێکۆڵینەوەدا گێڕانەوەی ئێمیک بەکار هێنراوە کە لە پێگەی خۆییبوونی تۆژەر لەنێوان جەماوەری دیاسپۆرادا سەرچاوە دەگرێت(Gebauer and Sommer, cited in Diallo and Muwanga ٢٠٢٣, ٧٦).

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێوەری ڕوانگەی ئێمیک تیشک دەخاتە سەر تۆژەر و چالاکە ڕۆژهەڵاتییەکانی کوردستان کە نەتەنیا لەنێو جەماوەری دیاسپۆراییدا بەرپرسیارەتییەکی ڕۆشنبیرانەیان لەئەستۆ گرتووە، بەڵکو لە کۆمەڵگای نێشتەجێدا پێگەیەکی بەرزی هزرییان هەیە. کەسانێک کە ئەزموونی ئاکادێمیکیان هەیە، لە بەرهەمهێنانی شێوازێکی نوێی ئاگامەندیی دیاسپۆراییدا دەوری گرینگ دەگێڕن و لەم ڕێگەوە گێڕانەوەی دیاسپۆرایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گەڵاڵە دەکەن(Safran ١٩٩١). هەر ئەو جۆرەی کە چارلۆت زێتتێرقاڵ(٢٠١٣) ئاماژە دەدات ئەم ئەکتەرانە، گوتاری قوربانیبوون تێدەپەڕێنن و وەک بەرەیەکی سیاسیی چالاک سەریان هەڵێناوە کە لە بەستێنی دیاسپۆراییدا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی شوناسی نەتەویی و ڕاهێنانی ناسیۆنالیزمی دوورمەودا بوون.

هەر ئەو جۆرەی کە لە سەرەوە ئاماژە درا کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا تۆڕی پێوەندییەکی ژوورسنووریی چالاکانە پێک دەهێنن و لەوێدا پێگەی پسپۆڕانە و بەرهەمە زانستییەکانیان، وەک سەرچاوەی سەرەکیی پرەستیژ و دەسترۆیشتن لە چالاکانی ئانلایندا دەور دەگێڕێت. کەوایە ئەم کەسانە لە پلەتفۆرمەکانی ئیکس، فەیسبووک و یووتیوب وەک کەسایەتییەکی بەرچاو دەردەکەون و لەڕێگەی کورتە پۆست، شیکاریی بنەمایی، ڤیدیۆ، وتوویژی ڕاستەوخۆ، وێبینار، ڕاگۆڕینەوەی دوولایەنە، کۆنفرانسی سەرهێڵ و وتاربێژیی سەرەکییەوە، لەگەڵ بەردەنگەکانیان پێوەندی دەگرن. جگە لەم لێکۆڵەرانە، کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییەکانیش لەڕێگەی شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی ڤیدیۆیی، دەنگی و نووسراوەییەوە لە بیچمگرتنی گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانە ڕۆڵ دەگێڕن.

دەیتا ئەزموونییەکانی بەکارهێنراو بۆ سازاندنەوەی گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانەی کوردە

ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا، بریتین لە بەرهەمە زانستییەکانی تۆژەرانی کورد و هەروەها چالاکییە بەرچاوەکانیان لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا. بۆ تەواوکەری ئەم دەیتاگەلە، پشتمان بە کۆمێنتە ئانلاینەکان و ئەو زانیارییانە بەستووە کە لە دڵی تێڕوانین و وتووێژەکان وەرگیراوە. ئەم دەیتاگەلە وەک ئاماژەدان بە چەند وتەی لێکپچڕاو نەهاتووە، بەڵکو بە مێتۆدی ئیتنۆگرافیی سەرهێڵی درێژخایەن و سیستماتیک کۆ کراوەتەوە و دواتر بە چەند تێم و مژار پۆلێن کراوە و لەژێر دوو ڕەهەندی سەرەکیی جیاوازدا شی کراوەتەوە: ١. دابڕانی مەعریفی لە ئێرانیبوون، کوردی ڕۆژهەڵات وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت دەناسێنێت کە لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا لەژێر ڕکێفی کۆلۆنیالیزمی ئێرانیدا بووە. ٢. گوتارێکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە سازمانە سیاسییە کوردییەکان، لەو ڕووەوە کە ئەم سازمانانە لە نواندنەوە و بەرەوپێشبردنی خەباتی سیاسیی کورد ناڕوون و لاواز کاریان کردووە.

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە گێرانەوەی دیاسپۆرایی وەک مێتۆدێک، لەبنەڕەتدا؛ هەلومەرجی مادی و پێوەندییەکانی دەسەڵاتی وڵاتی پێشووتر زۆر لێک ناداتەوە، بەڵکو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چالاکە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا چۆن بە چاویلکەیەکی ئێمیکەوە نواندنەوە و ڕاڤەی ئەو هەلومەرجە دەهێنن ئاراوە. ئەگەرچی جاروباریش لەنێو ئەم نواندنەوانەدا ناکۆکی و جیاوازیش دەردەکەوێت. خاڵێکی گرینگی دیکە کە پێویستە جەخت بکەینە سەری ئەوەیە کە تێڕوانینی ئیتنۆگرافیی درێژخایەنی سەرهێڵ؛ کە نواندنەوە دەقی و دەنگی و ڤیدیۆییەکانی چالاکە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەبەر؛ نەتەنیا وەک تەواوکەری ئەو نووسراوە ئاکادێمیکانە، بەڵکو لە سەرووی هەموو، وەک چوارچێوەیەکی دیسپۆزیتیڤ بۆ تێگەیشتن لە ڕەوتی گەشەی گێرانەوەی دیاسپۆرایی بەکار هاتووە: لە هەست بە پێبەندیەکی بەربڵاوی گشتگیرەوە بەرەو هەستێکی جیاواز و تایبەتتر. بەشێوەیەکی بەرهەستتر، ئەم جیاوازییە پیشاندەری دەربازبوونی کوردی ڕۆژهەڵاتی لە قۆناغی پەراوێزکەوتوویی و نەبینروایی ڕێژەیی بەرەو قۆناغی وەدەرکەوتن و بینراویی زێدە بووە.

هەر ئەو جۆرەی کە ئاماژە درا، ساڵی ٢٠٢٢ ساتی دەستپێکی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بوو؛ بزووتنەوەیەک کە بە کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، خاتوونێکی لاوی کورد بەدەست گەشتی ئیرشاد (پۆلیسی ئەخلاق) سەری هەڵدا. هەروەها دواییەکانی ساڵی ٢٠٢٤ و ڕووخانی ڕژیمی ئەسەد لە سووریا، وەدیهێنەری وەرچەرخانێکی ژیۆپۆلیتیکی بوو کە کاردانەوەیەکی بەرچاوی لە گوتاری سیاسیی کورد و هەروەها سەرهەڵدانی گێرانەوەی سەربەخۆییخوازانەی دیاسپۆرا داناوە.

شارۆمەندیی ژوورسنوور: چوارچێوەیەکی تیۆریکی نۆرماتیڤ

شارۆمەندی بەگشتی وەک گرێبەندیی یاساییی تاکەکان بە دەوڵەت و دامەزراوەکان و یەکەیەکی قەلەمرەوییەوە دەبەسرێتەوە، بەشێوەی نەریتی لەڕێگەی چوارچێوەی دەوڵەت نەتەوە و نەزمی یاسایی تایبەت بەخۆیەوە ڕەوایی پەیدا دەکات. لەم بەستێنەدا دەوڵەت نەتەوە وەک ڕێکخراوەیەکی سرووشتی پێناسە دەبێت کە نەتەنیا فۆرم و ناوەرۆکی شارۆمەندی، بەڵکو چوارچێوەی ناسنامەکان بەشێوەیەک دیاری دەکات کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو ئەو سنووراندا پێک دەهێنێت.

لە بەرانبەردا، چەمکی شارۆمەندیی ژوورسنوور بەرەنگاری ئەم تێگەیشتنە نەریتییە دەبێتەوە. ئەم چەمکە تەنیا لەسەر ئایدیای شارۆمەندی وەک یەکەیەکی دامەزاوەی یاساییی سەر بە دەوڵەت ڕانەوەستاوە، هەروەها نابێ بە ئایدیای بەشداریتیی یاسایی هاوکات لە دوو دەوڵەت دابشکێت کە بە شارۆمەندیی دووانە(١١) ناوزەد دەکرێت. گلیک-شیلێر(٢٠٠٥: ٤٨) شارۆمەندیی ژوورسنوور وەک

"پارادایمی پلۆرالیزمی یاسایی" پێناسە دەکات و دەیخاتە بازنەی پەرەسەندنی ڕوانگەگەلێک کە لە نێوەڕاستی دەیەی ١٩٩٠ بەم لاوە لێکۆڵینەوەی دیاسپۆرا بەرەو گۆڕان دەبات. ئەم ئەدەبیاتە چەمکی "شارۆمەندیی دیاسپۆرایی" لە لاگێر(١٩٩٨)، چەمکی "شارۆمەندیی ژوورنەتەوەیی" لە باوبۆک(١٩٩٤) و باسی ڤێرتۆڤێک(٢٠٠١) لەسەر " شارۆمەندیی فرە ڕەهەند"(١٢) دەگرێتە بەر کە بە ئەندامێتیی نێویەکچوو لە کۆمەڵگا سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا ئاماژە دەدات. هەروەها ئایدیای "شارۆمەندیی بگۆڕ" لە ئۆنگ(١٩٩٩) گێڕانەوە ژوورنەتەوەییە نوێیەکانی سووژەی ئاسیایی دیاسپۆرا لێک دەداتەوە کە جموجۆڵ، ناسنامە و هەستی یەکبوون لەنێوان دەوڵەتەکان دیمانە دەکەنەوە. بەم پێوەرە، مەبەست لە شارۆمەندیی ژوورسنوور، ئەو کەسانەیە کە ژیانیان لەنێوان سنووری دوو یان سێ دەوڵەت نەتەوە کێشراوەتەوە. ئەم چەمکە ئەو تاک و گرووپانە لەبەر دەگرێت کە لەگەڵ ڕێسا نۆڕماتیڤەکان، ڕێکخراوە یاسایی و دامەزراوەییەکان و پراکتیکە سیاسییەکانی چەند وڵات لە هاتوچۆدان و ئەکتەکانیان بە زۆرتر لە یەک دەوڵەت پێوەند دەدرێتەوە(Glick-Schiller and Fouron ٢٠٠١; Glick-Schiller ٢٠٠٥).

چەمکی شارۆمەندیی ژوورسنوور، پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە لە چەمکی ژوورنەتەوەخوازی دەهێنێتە ئاراوە. بەهۆی ئەوەی کە ئەم چەمکە جەخت لەسەر ڕێژەی ڕوو لە فراوانی کۆچبەریی ترانس ناشناڵ دەکات. لێکۆڵینەوەکانی ئەم بواڕە تیشک دەخاتە سەر ئەو فەزا جوگرافی و کۆمەڵایەتییانەی کە چەند شوێنی نیشتەجێ لە سەرووی سنووڕە نەتەوەییەکان لەبەر دەگرێت و لەم ڕێگەوە بەرپرچی سنووڕە دامەزراوەیی و قەڵەمڕەوییەکانی دەوڵەت نەتەوەکان دەبێتەوە.(Pries١٩٩٩) لەبەرانبەردا، شارۆمەندیی ژوورسنوور سەرنجەکان بە لایەنی یاسایی و نۆڕماتیڤ ڕادەکێشێت کە لە لێکدانەوە ژوورنەتەوەییەکاندا چاوپۆشی لێ کراوە؛ بەتایبەت چوارچێوەگەلی شارۆمەندیی نەتەوەیی و مافی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری؛ ئەو مافانەی کە لەوانەیە کۆچبەر و پەنابەران لە هەردوو وڵاتی بەڕێکەر و وەرگردا(١٣) چاوەڕوانی بن.

لەم سۆنگەوە، شارۆمەندیی ژوورسنوور کە لەسەر ئایدیای شارۆمەندیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و دامەزراوەیی بنیات نراوە، گرینگییەکی زۆر لەخۆ دەگرێت.گرینگیی ئەم چەمکە تەنیا لە سیاسەتی ڕوو لەگەشەی جیاوازیدا نییە کە لەلایەن جەماوەری دیاسپوراییەوە لە دێمۆکراسییە ڕۆژاواییەکاندا هاتووەتە ئاراوە، بەڵکو لە دەربڕینی ناسنامەیەک بناغەی داکوتاوە کە خۆی لە خۆیدا، دوو فەزای نەتەوەیی پێکەوە گرێ دەدات(Pries ١٩٩٩).

لەم ڕوانگەوە ئیدعای شارومەندیی ژوورسنوور، تەنیا بەفەرمی ناسینێکی پەتیی ئاکادێمیک لە پێوەندییە ژوورنەتەوەییەکاندا کورت نابێتەوە. بەڵکو وەرچەرخانێکی بەرچاو لە سەیرکردنێکی ناچالاکەوە بەرەو فۆرمێکی چالاک، بگۆڕ و بەربڵاوی داخوازی لەخۆ دەگرێت کە جەخت لەسەر بەشداریی هاوکاتی تاک و گرووپە دیاسپۆراییەکان لە پرۆسەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی زۆرتر لە یەک نەتەوەدا دەکاتەوە(Khayati ٢٠٠٨). ئەم فۆرمە بەشداریە نەتەنیا تیشک دەخاتە سەر فەزای ناسنامەیی ژوورنەتەوەیی کە چوارچێوی فەرهەنگیی کۆمەڵگای بەڕێکەر و وەرگر پەیوەند دەدات(Pries ١٩٩٩)، بەڵکو هاوکات ئاوڕ لە پارادایمی پلۆرالیزمی یاسایی دەداتەوە. ئەم پارادایمە داوا لە توێژەران، سیاسەتدارێژەران، شرۆڤەکارە کۆمەڵایەتی و میدیاکان دەکات کە بەشداریی تاکەکان لە ڕێسا نۆرماتیڤەکان، دامەزراوە یاسایی و پێکهاتەییەکان و ڕەوتە سیاسییەکانی دوو یان چەند دەوڵەت نەتەوە بەفەرمی بناسێت (Glick-Schiller and Fouron ١٩٩٩; Glick-Schiller ٢٠٠٥, ٤٩).

گلیک- شیلێر(٢٠٠٥) بەڵگە دەهێنێتەوە کە چەمکی شارۆمەندیی ژوورسنوور، دوو جەمسەری نەریتیی نێوان شارۆمەندانی خاوەن مافە یاساییەکان

و ناشارۆمەندانی بێماف یان هەڵگری مافی بەرتەسک تێدەپەڕێنێت. ئەم چەمکە سەرنجەکان بەرەو شێوە تازە دەرکەوتووەکانی حوکمڕانیی ژوورنەتەوەیی ڕادەکێشێت کە لەلایەن چالاکانی سیاسی، بەشداربووانی هەڵبژاردنەکان، لۆبییەکان، سەرمایەگوزارەکان، بازرگانەکان، کەسایەتییە فەرهەنگییەکان، گەشتیارەکان و پارێزەرانی مافی مرۆڤەوە بیچم دەگرێت. ئەم ئەکتەرانە لەو پراکتیکە ژوورنەتەوەییانەدا بەشدار دەبن کە چوارچێوە نۆرماتیڤ، یاسایی و دامەزراوەییەکان و هەروەها ڕەوتی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییەکانی هەر دوو وڵاتی بناوان و نیشتەجێ پێوەند دەدەن.

بۆ ئەوەی کە چەمکی شارومەندیی ژوور سنوور گشتگیرتر و بەرفراوانتر بێت، پێویستە پارادایمی پلۆرالیزمی یاسایی کە هێناویەتە ئاراوە، مافی نیشتەجێبوون لەخۆ بگرێت و دەسپێڕاگەییشتنی یەکسان بە مافە مەدەنی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لە هەر دوو قەلەمڕەوی سیاسی گەرەنتی بکات. بەم پێوەرە چەمکی شارۆمەندی، لە تەنیا تیۆرییەکی نۆرماتیڤی بەشداریپێوە بەرەوە تیۆریی ماف تەوەری نوێنەرایەتی پەرە دەستێنێت(Khayati ,٢٠٠٨ ٤٤)

دیاسپۆرای کورد وەک نموونەیەکی پارادیگماتیک: تێڕامانێکی گشتی

بە پشتبەستن بە چوارچێوەی تیۆریکی دیاسپۆرا لە ڕاجێر بڕۆبەیکێر کۆمەڵناسی ئەمریکایی(٢٠٠٥)، بیچمگرتنی دیاسپۆرای کورد لە سەرانسەری جیهان، ڕەنگدانەوەی مێژوویەک لە پەرتەوازەییی زۆرەملێ لە کوردستان واتا نیشتمانی ڕەسەنە.(Safran ١٩٩١). ئەم پرۆسەیە جێگۆڕکێی فەزایی، تێپەڕاندنی سنوورەکان و سەرلەنوێ نیشتەجێبوونەوە لە دەوڵەتە جیاوازەکان لەبەر دەگرێت(Brubaker ,٢٠٠٥ ٥). لە ئەزموونی کورداندا، ئاوارەیی، قوربانیبوون و بێدەوڵەتی ماکە سەرەکییەکانی گێرانەوەی دیاسپۆرایی پێک دەهێنێت کە وەک هێزی بزوێنەر و هاندەری سەرەکی لە پراکتیکە نیشتمانییەکاندا دەور دەگێڕێت(Khayati ٢٠٠٨; Eliassi ,٢٠١٦ ٢٠٢١). لە هاوشێوەی نموونە کلاسیکەکانی دیاسپۆرا وەک یەهوودییەکان و ئەرمەنییەکان کە لەوێدا گێرانەوەی تڕۆما و یادەوەریی بەکۆمەڵ ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت؛ دیاسپۆرای کورد" یش دەتوانێت وەک نموونەیەکی پارادیگماتیک ڕەچاو بکرێت. چونکە لە ڕەوەتی مێژوویی دەسەڵاتە زاڵەکان وەک تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا مەینەتی و پەراوێزکەوتنی تووندیان ئەزموون کردووە(Khayati ٢٠٠٨). لەم بەستێنەدا، ئاراستە و ڕێڕەوی نیشتمانی بۆ کوردستان، تەنیا وەک سەرچاوەیەکی بەهێزی بەها، ناسنامە و وەفاداری دەرنەکەوتووە(Brubaker ,٢٠٠٥ ٥)، بەڵکو وەک سەرچاوەیەکی بەرهەست لە پێوەندییە ژوورنەتەوەییەکان و جماندن و ئامادەکاریی سیاسی لەنێوان کورداندا هاتووەتە ئاراوە.

لە توێژینەوە ئاکادێمیکەکان لەمەڕ دیاسپۆرا، دیاسپۆرای کورد وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی وێنا دەکرێت کە لەنێو فەزای کۆمەڵایەتیی ژوورنەتەوەیی هەڵسوکەوت دەکات. لەم چوارچێوەدا، گرووپە کوردییە جیاوازەکان بەتایبەت ژنانی کورد؛ لە ڕێگەی ڕێکخراوە فەرهەنگییەکانی خۆیانەوە وەک ئەیجەنتێکی چالاک و بەهەمهێنەری پرۆژە کۆمەڵایەتییە سیاسییەکان سەریان هەڵداوە (Alinia ٢٠٠٤). بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوە ئاکادێمیکەکان تیشکیان خستووەتە سەر مژارگەلێک وەک یەکتربڕی جەندەر، نەتەوە و دیاسپۆرا (Mojab ٢٠٠٦)، میدیا و دیاسپۆرا (Hassanpour ٢٠٠٣; Ayata ٢٠١١)، ناسنامە، زمان و میدیا (Sheyholislami ٢٠١٠)، ناسنامەی دیاسپۆرایی و ژوورنەتەوەخوازی(Van Bruinessen ١٩٩٩; Wahlbeck ١٩٩٩)، نواندنەوەی زمان لە ئەدەبیات (Ahmadzadeh ٢٠٠٣)، دەوری بەرە سیاسییەکان لە بیچمگرتنی دیاسپۆرا (Zettervall ٢٠١٣)، سیاسەتی بەرەیی لەنێوان لاوانی دیاسپۆرا (Eliassi ٢٠١٠; Alinia and Eliassi ٢٠١٤)، توندوتیژیی ناموسی لە بەستێنی دیاسپۆرا (Begikhani and Gill ٢٠١٦)،

چالاکیخوازی و سیاسەتە دیاسپۆراییەکان(Eccarius-Kelly ٢٠٠٢ ;Baser ٢٠١١, ٢٠١٢)، لۆبیگەری لە دیاسپۆرا (Berkowitz and Mügge ٢٠١٤)، بێدەوڵەتی لە دیاسپۆرا (Khayati ;Eliassi ٢٠١٦ ٢٠٠٨)، وەرچەرخان لە قوربانیبوونەوە بەرەو شارۆمەندیی چالاکی ژوورسنوور (Khayati ٢٠٠٨; Khayati and Dahlstedt ٢٠١٤) و سیاسەتی فەرهەنگیی مۆسیقا لە دیاسپۆرا(Pripp ٢٠١٩).

کۆی ئەم هەوڵانە لە پێناسەکردن و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکی دیاسپۆرای کورد کاردانەوەی بووە. دینامیزمی کۆمەڵایەتیی گرووپە کوردییەکانی دیاسپۆرا بەشێوەیەکی چالاکانە لەگەڵ دینامیکە کۆمەڵایەتی- فەزاییەکانی کۆمەڵگای نیشتەجێ ئاوێتە دەبێت و لەسەر پرۆسەی بەردەوامی گەشەی فەرهەنگی و زمانی کاریگەری دادەنێت. ئەمەش زۆرجار لەلایەن توێژەرانەوە وەک تایبەتمەندییەکی سەرەکی پێناسە دەبێت کە دیاسپۆرای کورد جیاواز دەکات. بەتایبەت سوید کە لەم بابەتەدا پێگەیەکی ناوەندی هەیە. بەهۆی بەستێنی کۆمەڵایەتی سیاسیی سوید و پۆڵی تایبەتی ئەم وڵاتە وەک خانەخوێی بەشێکی بەرچاو لە ئیلیتی کورد کە تا ڕادەیەک دەرفەتگەلێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیی باشتری لە بەروارد لەگەڵ وڵاتانی تر هێناوەتە ئاراوە(Khayati ;٢٠١٠ Eliassi ٢٠٠٨) کەواتە بە بڕوای هەندێک لە توێژەران، سوید لە دیاسپۆرای کوردا پێگەیەکی ناوەندی هەیە (Khayati and Dahlstedt ٢٠١٥; Van Bruinessen ١٩٩٩).

ئەم هەوڵە زانستییە فرەچەشنانە سەلمێنەری ئەوەیە کە دیاسپۆرای کورد نەتەنیا لە ڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریەوە، بەڵکو وەک فەزایەکی سەمبۆلیک، مانایی و مێتافۆڕیک پۆڵ دەگێڕێت. ناوەندێک بۆ پشکنینی دیسکۆرسە یەکتربڕەکان؛ کە تا ڕادەیەک لە ڕوانگە و پێگەی خودی توێژەرانەوە کاریگەری گرتووە. کەوایە ئەمە بواریکی لێکۆڵینەوەی لە گەشەونەشە پێک دەهێنێت.

سەرەڕای بڕشت و دەوڵەمەندیی ئەم بواره مەعریفییە، هێشتا لێکدانەوەیەکی قوول لەمەر دەوری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی کوردانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان نەهاتووەتە ئاراوە. هەروەها بەشێوەیەکی شیاو، چۆنیەتیی کاردانەوەی کۆمەڵگای دیاسپۆرایی لەسەر ئەجێندای سیاسیی بەشەکانی کوردستان بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان شی نەکراوەتەوە. جگە لە توێژینەوەیەکی بەهێز لەلایەن موفیدی(٢٠٢٤) کە گۆڕانکارییەکانی ناسنامەی سیاسیی چەپە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە چەند وڵاتی ئەوروپایی لێک دەداتەوە و دابڕانی ئەوان لە شوناسی سیاسیی ئێرانی بەرەو شوناسی کوردی شی دەکاتەوە؛ ئەم بواره هێشتا جێی کاری زۆرە. ئەم خوێندنەوەیە بە مەبەستی ئاوڕدانەوە لە بۆشاییی لێکۆڵینەوە و بە پێوەری ئەو ئامانجە گەورەترەی کە دیاری کرا، تیشکی خستووەتە سەر دیاسپۆرای ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەوڵی ئەم توێژینەوەیە ئەوە بووە کە نەتەنیا ئالینگارییە کۆمەڵایەتی سیاسیەکانی بەرەوڕووی ئەم کۆمەڵگایە ڕوون بکاتەوە، بەڵکو بەشدارێتیی هزری و فەرهەنگیی بیرمەندان و چالاکە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە بەستێنی گەروەتری دیاسپۆرادا؛ بەتایبەت دەوری ئەوان لە بیچمگیریی گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانەی نوێدا بەرجەستە بکاتەوە.

ئالینگارییەکانی تاکی دوو شارۆمەندی

پێوەندیی نێوان پێکهاتنی دیاسپۆرا و گەشەی ناسنامەی دیاسپۆرایی؛ ناسنامەیەک کە بە پێوەندیی بەردەوام لەگەڵ نیشتمان هەم لەئاستی سەمبۆلیک و هەم لەئاستی پراکتیکیدا دیاری دەکرێت؛ یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی ڕاجێر بروبەیکێر کۆمەڵناسی ئامریکایی (٢٠٠٥) بووە. بە واتایەکی تر خودی بوونی دیاسپۆرا، بەشێوەیەکی پێشگریمانەیی نیشاندەری بوونی نیشتمانێکە. لەم ڕووەوە کەسانی دیاسپۆرایی بەشێوەیەکی قوول و بەردەوام سەرقاڵی کێشەی ناسنامەن و زۆربەی کاتەکان لە هەوڵی

ئەوەدان کە نیشتمانەکەیان ڕەنگدانەوەی ئامانج و خولیاکانیان بێت.

لەم پرۆسەیەدا، ئەم کەسانە لە ڕێگەی گواستنەوەی بیرەوەری و گێڕانەوەی نیشتمانی خۆیان بۆ نەوەکانی تر، بە پاراستن و بەهێزکردنی ناسنامەی دیاسپۆرایی خۆیانەوە سەرقاڵن و هەوڵی بۆ ئەدەن. ئەم هەوڵانە ڕەنگە پێویستی بە قوربانیکردنی ئاڵۆزییەکانی ڕابردوو بە قازانجی ڕوانگەیەکی نەتەوەخوازانەی ئایدیالتر و ڕۆمانتیکتر لە نیشتمانی ڕابردوو بێت (Safran ١٩٩١)؛ نیشتمانێک کە هەموو کات شوێنێکی ڕەسەنتر لە دەوڵەت نەتەوەی ئێستا وێنا دەکرێت.

هەر ئەو جۆرەی کە لێکۆڵەری بریتانیایی ئاقتار برا (١٩٩٦) بەڵگە دەهێنێتەوە نیشتمان بۆ کەسانی دیاسپۆرا تەنیا شوێنێک لە جوگرافیا یان خاکێک نییە، بەڵکو شوێنێکی پراوپڕ لە هەست و سەرچاوەیەکی حاشاهەڵنەگرە، شوێنێک لە مێشکدا کە هەستی وابەستەبوون لەنێوان وڵاتی بناوان، وڵاتی ئێستا و چەندین شوێنی تر دیاری دەکات. ئەم ئاڵۆزییە دیالکتیکییەی نێوان نیشتمانی خەیاڵی و ئەزموونی ژینکراوی دیاسپۆرا، دۆخێک بۆ ئەو کەسانە دەخولقێنێت کە بەشێوەیەکی بەردەوام، لەنێوان ڕاستی و خەیاڵ، لەنێوان یەکبوون و نامۆییبووندا سەرگەردان بن.

ئەم چوارچێوە تیۆریکە لەگەڵ ئەزموونی ژینکراوی کوردانی دیاسپۆرادا هاوتەبایە. کوردستان و بەردەوامیی شۆڕشی نەتەوایەتی لە ئەوێدا، هێزی سەرەکیی کوردانی دیاسپۆرا بۆ پێکهێنانی نێتقۆرکەکان و ڕێکخراوە ژوورنەتەوەییەکان بووە. ئەم پێکهاتانە ئەو هەلە دەڕەخسێنێت کە هەوڵەکانی خۆیان لە پانتای گشتیی وڵاتی نوێدا بەرەو ناسیۆنالیزمی دوورمەودا هان بدات. لەم ڕووەوە، لە گوتاری دیاسپۆرادا، نیشتمان وەکو یەکەیەکی بریندار و داگیرکراو نواندنەوەی بۆ دەکرێت کە ڕزگاریی ئەو تەنیا لەڕێگەی بەشداریی گشتیی هەموو کوردەکان لە شۆڕشێکی گشتگیر و ئاشتیهەڵنەگردا دەستەبەر دەکرێت. لەو کاتانەی کە شۆڕش لە کوردستاندا چڕ و توند دەبێتەوە، مەودای سۆزداری و ناکۆکیی ئایدیۆلۆژیکی لەنێوان دیاسپۆرا و نیشتمان کەم دەبێتەوە و دیاسپۆرا هەم لە بەستێنی سەرهێل و هەم لە ژیانی ڕاستەقینەی وڵاتی نیشتەجێدا چالاکتر و سەرقاڵتر دەبێت (Khayati ٢٠٠٨).

بۆ نموونە کاتێک ڕێبەرێکی کورد دەبێتە سەرۆککۆماری وڵاتێک، یان بەشێک لە کوردستان لە ڕێگەی ڕێفراندۆمەوە سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت، یان کوردانی ناوچەیەک قارەمانانە لەبەرانبەر هێزی داگیرکەردا بەرخودان دەکەن، یان خەڵکی بەشێکی تر لە کوردستان لە خۆپیشاندانێکی گشتگیردا بەشدار دەبن. هەموو ئەم ڕووداوانە، نەتەنیا بە کوردانی دیاسپۆرا وزە دەبەخشێت، بەڵکو بە ژیانی ئەوان هەستێکی تازە و پڕ لە ئامانج و تەنانەت هیوای گەڕانەوەی ئایدیالی دەبەخشێت (Safran ١٩٩١)، هەرچەند ئەستەمیشە.

لە بەرانبەردا، کاتێک نیشتمان ناسەقامگیر دەبێت، ڕێبەرەکان تووشی شکست دەبن و کێشە و پرسە نەتەوەییەکان بەجیددی وەرناگیرێت، کەسانی دیاسپۆرا تووشی دڵساردی، دوورەپەرێزی و دابڕانی ناوخۆیی دەبن. شێوازی پارچەپارچەبوونی حیزبە سیاسییە کوردییەکان بەردەوام کەلێنی کۆمەڵایەتی-سیاسیی کوردانی یەک ناوچەی لێ دەکەوێتەوە. ئەم دووبەرەکییە کە زۆربەی کاتەکان لە بۆشاییی سەرۆک حیزبێکی کاریگەرەوە ڕوو دەدات، تەنیا لە جەنگەی خەبات و بە شێوەیەکی کاتەکی کڕچ دەبێتەوە.

نادیاربوونی کوردی ڕۆژهەڵاتی لە گێڕانەوەی دیاسپۆراییدا

گەرچی ڕێکخراوە زاڵەکانی دیاسپۆرای کورد واتا پارتی کرێکانی کوردستان (پ ک ک) و تا ڕادەیەکی کەمتر پارتی دێموکراتی کوردستان، گێڕانەوەیەکی دیاسپۆرایی جەوهەرخوازانە پەرە دەدەن کە جەخت لەسەر ئەزموونی هاوبەش لە قوربانیبوونی مێژوویی کوردان لە چوارچێوەی دەوڵەتە سەردەستەکان دەکەنەوە و لەم ڕێگەوە پاڵپشتی لە یەککگرتوویی

دیاسپۆرایی و ئەکته گشتییەکانی ناسیۆنالیزمی دوورمەودا دەکەن، ئەم سازمانانە بەدەگمەن توانیویانە مەیلە سیاسییەکانی خۆیان دابپۆشن. بۆ نموونە، کانالّە جۆراوجۆرەکانی تەلەڤیزیۆنی ماهوارەیی و هەروەها هەندێک لەو ڕێکخراوە کوردییانە کە لە شارە گەورە و گرنگەکانی ئەورووپا وەک پاریس، بڕوکسێل، بێرلین و ستۆکهۆڵم پێک هاتوون، بەشێوەیەکی بەردەوام ئەجێندای سیاسیی ئاشکرای ئەو حیزبەیان نواندووە کە پێوەندییان لەگەڵیان هەیە(see Khayati ۲۰۰۸). شێوازێکی هاوشێوە لە کەلێن و دووبەرەکی دەتوانین لە کاتی جەژنی بەسیاسیکراوی نەورۆز (سەری ساڵی نوێ) و هەروەها بەرزڕاگرتنی ڕۆژە یادەوەرییەکان ببینین کە زۆرجار هاوسۆزیی حیزبی بووە کە ئەم بۆنە و ڕووداوانەی ڕێک خستووە.

بوونی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی تر وەک یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، کۆمەڵە، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) سەر بە پەکەکە، دۆخی سیاسیی دیاسپۆرای کورد ئاڵۆزتر دەکات. لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانی سەر شەقامدا، پارتی کرێکارانی کوردستان، یەکێک لە بەرچاوترین ئەکتەرەکان بووە کە بەردەوام ڕێپێوان و کۆبوونەوەی جەماوەری لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپادا بەڕێوە بردووە کە زۆرتر فوکوسی لەسەر کەڵکەڵە گرنگ و سەرەکییەکانی خۆیان، بەتایبەت دەستبەسەربوونی ڕێبەرەکەیان عەبدوللا ئۆجالان بووە (see Khayati ۲۰۰۸; Khayati and Dahlstedt ۲۰۱٤). کەوایە پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چووەتە ڕکێفی ئەجێندای سیاسیی ئەکتەرە زاڵەکان یان بەتەواوی لە گوتاری بەرفراوان و گشتیی دیاسپۆرادا لابراوە.

لەم بەستێنەدا، وێنای گشتیی دیاسپۆرای کورد کە زۆرتر لە ڕێگەی چالاکییە بەرچاوە ژوورنەتەوەییەکان و ئەنجامە سیمبۆلیکەکان درێژە دەدرێت، گێڕانەوەی زاڵی دیاسپۆرایی بەرهەم دەهێنێتەوە(Khayati ۲۰۰۸). کەوایە لە گۆڕانە بەرفراوانەکانی دیاسپۆرای کورددا، پرسی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ چ لە ڕووی کرداری لۆبیگەری، دانوستانی دیپلۆماتیک یان ڕێکخستنی جەماوەرییەوە، زۆر بەدەگمەن لە دیسکۆرسی گشتیی ولاتە ڕۆژاواییەکاندا پێگەیەکی ناوەندی پەیدا کردووە. جگە لە چەند نموونەی چکۆلە، ناسنامەی کوردی ڕۆژهەڵاتی لە بازنەی بەربڵاوتری دیاسپۆرای کورد ماوەتەوە یان لەڕێگەی ئەجێندای بزووتنەوە کوردییەکانی بەشەکانی تر جومگەبەندی کراوە، نەک لەڕێگەی نواندنەوەی سیاسیی جیاوازەوە.

کەواتە پێویستە تیشک بخەینە سەر هۆکارەکانی پەراوێزکەوتوویی گێڕانەوەیەکی جیاوازی ڕۆژهەڵاتی لە گوتاری زاڵی دیاسپۆرای کورددا، تاکو لەم ڕێگەوە بتوانین لەو هەلومەرجە تێبگەین کە ئەگەری سەرهەڵدانی وەها ڕەوایەتێک مسۆگەر دەکات. ئەم وتارە بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەم ئامادەنەبوونە لە دوو هۆکاری سەرەکی و لێکگرێدراو سەرچاوەی گرتووە.

سەرەتا هەر ئەو جۆرەی کە لە سەرەوە باس کراوە، گێڕانەوەی دیاسپۆرای کورد، زیادتر لە ڕوانگەیەکی جەوهەرخوازانەوە بیچمی گرتووە؛ تێگەیشتنێک کە فەرهەنگ، نەتەوە و شوناس وەک بابەتێکی نەگۆڕ، جەوهەری و لەژێر چەشنێک دێتێرمێنیزمی مێژوونییدا فام دەکات. هەر ئەو جۆرەی کە خەیاتی(۲۰۰۸) ئاماژە ئەدات: ئەم پرسە بنەڕەتییە لەگەڵ مێتۆدۆلۆژیی پێکهێنەرانەدا دژبەری هەیە و تێگەییشتن و چەمکاندنی ئەزموونی خودی کوردی دیاسپۆرا وەک کۆمەڵێکی نەتەوەیی فرەئێتنیک، دووڕەگە، ترانس لۆکاڵ و ترانس کالچێر ئاڵوز و ئەستەم دەکات (Werbner ۲۰۰۵). گەرچی ڕاستییە ژینکراوەکانی دیاسپۆرای کورد بە بەستێنی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسیی فرەچەشنەوە گرێ دراوە، حەز و مەیلی دیسکۆرسە جەوهەرخوازەکان ئەوەیە کە ناسنامەی کورد وەک زاتێکی فەرهەنگی و ئیتنیکێکی نەگۆڕ و یەکسان پیشان بدات(Khayati ۲۰۰۸). ئەم ڕوانگەیە نەتەنیا ڕەنگدانەوەی لایەنە

پراکتیکییەکانی ناسیۆنالیزمی ناوچەیی بووە، بەڵکو گێڕانەوەیەکی ئایدیۆلۆژیکی باو لە " کوردستانی گەورە" بەهێز دەکات. لەم چوارچێوەدا دروشمی " کوردستان یەکە، کورد یەک نەتەوەیە، دوژمنی ئێمە یەکێکە"، لۆژیکێکی هاوشێوەکردن دەهێنێتە ئاراوە؛ بەشێوەیەک کە ڕێگە ئەدات ئەجێندای سیاسیی هەندێک لە ناوچەکان و حیزبێکی تایبەت، نوێنەرایەتیی هەموو نەتەوەی کورد بکات. لە ئەنجامدا دەنگە جێگرەوەکان بەتایبەت ئەوانەی کە کەڵکەڵە و پرسی تایبەت بە ناوچەیەک جومگەبەندی دەکەن؛ زۆرجار بە ئاژاوەگێڕی یان تەنانەت لاوازکردنی یەکەی کورد تاوانبار دەکرێن. کەوایە سەرەڕای هەموو ئەو ئاسەوارە هزرییانەی کە پاڵپشتی لە ئامانجی سیاسیی ڕۆژهەڵات دەکات، ئەم پرسە هێشتا لە پەراوێزی گێڕانەوەی بەرینتری دیاسپۆرادا ماوەتەوە.

دووهەم، نادیاریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دیسکۆرسی دیاسپۆرایی زاڵدا، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی سازمانە سیاسییەکان، بۆ نموونە هەر دوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) و کۆمەڵە لە دوو دەیەی ڕابردوودا چەند دابەشبوون و دووبەرەکیی ناوخۆییان ئەزموون کردووە و حیزبی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) وەک لقێک لە پەکەکە، زۆرتر لەژێر کاریگەری و لە چوارچێوەی سازمانی سەرووی خۆیەوە چالاکی دەکات. کەوایە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانیوە تێگەیشتن و دانوستانێکی بەهێز لەگەڵ دیاسپۆرا مسۆگەر بکەن و ستراتێژییەکی بەرهەست لەپێناو بەردەوامی و چالاککردنەوە و بەهێزکردنی تۆڕە دیاسپۆراییەکان بهێنن ئاراوە. ئەم بۆشاییە ڕێگەی بە سازمانە سیاسییەکانی بەشەکانی تری کوردستان داوە تاکو پۆتانسیەڵی دیاسپۆرا لەژێر چەتری بەرینتری ئازادیی نەتەوەیی کۆنترۆڵ بکات. لە سێ دەیەی ڕابردوودا پارتی کرێکارانی کوردستان ژێرخانێکی بەرینی ژوورنەتەوەیی ڕێک خستووە. بۆ نموونە پلەتفۆرمی میدیایی ماهوارەیی وەک (Med TV, Roj TV, Stêrk TV) ، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، ڕێکخراوەی توێژینەوە و هەروەها سەدان ڕێکخراوەی جەماوەریی پێک هێناوە کە گرووپی ژنان، لاوان و کرێکاران لە شارە ئەوروواپاییەکاندا ڕێک دەخات (Khayati ٢٠٠٨; Zettervall ٢٠١٣; Khayati and Dahlstedt ٢٠١٤; Eliassi ٢٠٢١). ئەم چەند نموونە پیشانی دەدات کە سەرچاوە دیاسپۆراییەکان وەک چالاکە کورد ڕۆژهەڵاتییەکان زۆربەی کات لە خزمەتی ئەو ئەجێندا سیاسییانەدان کە لە دەرەوەی بەستێنی ڕۆژهەڵاتیدا پێناسە کراوە. هەروەها بوونی دامەزراوە سیاسییە فەرمییەکانی کورد لە باشوور و ڕۆژاوا زاڵیتیی ئەم بەشانەیان لە ئەجێندای سیاسیی دیاسپۆرادا بەهێزتر کردووە. پێشهاتە سەرەکییەکان وەک ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان و پاڵپشتی لە ڕۆژاوا دژ بە داعش و هێرشە سەربازییەکانی تورکیا ڕێکخستنێکی بەرینی لە مەیدانی دیاسپۆرادا بەتایبەت لەنێوان کورد ڕۆژهەڵاتییەکان پێک هێناوە.

لەبەرانبەردا، قەیرانە پێکهاتەییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵات، وەک هێرشی مووشەکیی دەوڵەتی ئێران لە ٢٠١٨ بۆ سەر بارەگای حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکان، نەیتوانیوە لە ئاستی گشتیی دیاسپۆرادا ڕێکخستنێکی هاوتەراز و بەردەوام وەگەڕ بخات. لە ئاکامدا، ئەم ڕووداوانە نەک وەک کێشەیەکی گشتیی کورد، بەڵکو وەک کێشە و مەترسییەکی ناوچەیی فۆرموولە کراوە. بەکورتی، گوتارێکی تاک حیزبی و تاک ناوچەیی کە لەژێر ناوی یەکگرتوویی هێنەری "خەباتی هاوبەشی نەتەوەیی" هاتووەتە ئاراوە، خۆی بەسەر ئەجێندای سیاسیی کورددا سەپاندووە و بەشێوەیەکی کاریگەر پڕۆژەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پەراوێز خستووە.

سەرهەڵدانی گێڕانەوەی ڕۆژهەڵاتی

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، کورد ڕۆژهەڵاتییەکان لە وڵاتە ڕۆژاواییەکان و هەروەها لە پلەتفۆرمە

ئانلاینەکاندا بزاوتێکێ بەرچاویان بە مەبەستی پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی فەرهەنگیی ژوورنەتەوەیی پێک هێناوە. ئەم داهێنانە نوێیە بە تێڕوانینی ئێتنۆگرافیی سەرهێڵەوە، هەوڵی بووژانەوە و بەرزکردنەوەی مژارگەلێک وەک ناسنامە، مافی مرۆڤ، فەرهەنگ، سیاسەت، یەکسانیی جێندەری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەدات. سەرهەڵدانی ئەم پێکهاتە فەرهەنگییە تێکڕای بووژانەوەی چالاکیی ناوخۆتەوەر لەنێو خودی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانێت سێ فاکتەری لێککرێدراو شرۆڤە بدات.

سەرەتا، ئەم بزاوتە بەرهەمی بێهوایی ڕوو لەزۆر لە سازمانە سیاسییە زاڵەکانی بەشەکانی تری کوردستان بەتایبەت پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK) و تا ئاستێکی کەمتر پارتی دێمۆکراتی کوردستان(KDP) بووە کە لە ڕووی مێژووییەوە وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی لە ڕێکخستنی سیاسیی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان دەوری گێڕاوە. ئەم ڕێکخراوانە لە بەدواداچوونی مانادار و بەردەوام لەمەر کەڵکەڵە و کێشەی ڕۆژهەڵات شکستیان هێناوە. تێگەییشتنێکی باو کە " نە "PKK و نە "KDP " ستراتێژییەکی ڕوونیان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە"، بووە بە مژارێکی دووپاتکراو لە گێڕانەوەی دیاسپۆراییدا کە زۆرجار لەڕێگەی ڕەخنەی توند و ئاشکرا لە بەستێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت و بەم شێوەیە دژە دیسکۆرسێک سەری هەڵداوە. بۆ نموونە باوەڕگەلێک وەک "من کوردی ڕۆژهەڵاتیم، چی دی خۆم فیدای کەسانی تر ناکەم. ئێمە لەپشتی ئەواندا بووین، بەڵام ئەوان نە یارمەتیی ئێمەیان دا و نە دانیان بە پرسی ئێمە داناوە" سەلمێنەری خواست و ئاواتی ڕوو لەگەشەی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ پێکهێنانی گێڕانەوەیەکی دیاسپۆرایی سەربەخۆ بووە کە جەخت لەسەر بەرژەوەندیی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان دەکاتەوە.

دووهەم، ئەم گۆڕانە لەڕێگەی چالاکی فەرهەنگی و جەماوەری کە لەنێو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە گەشەونەشەدایە، هێزێکی زۆری گرتووە. ڕووداوە بەرجەستەکان وەک کاردانەوە و پشتیوانیی جەماوەری لە بوومەلەرزەی کرماشان لە ٢٠١٧، قەیرانی کۆتۆڵ لە ٢٠٢٠، مانگرتنی گشتیی بەربڵاو دژ بە هێرشە مووشەکییەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکان لە کۆیە، نموونەگەلێکی بەرچاو لەم ڕەوت و مەیلە بووە. ئەم بزووتنەوانە کە لەلایەن چالاکانی دیاسپۆراوە، وەک مانیفێستێکی مۆدێرن، خولیای دێمۆکراتیک و خۆ بەهێزکردنی نەتەوەیی ڕاڤە کراوە، ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە بەستینی دیاسپۆرادا بووە و لەم ڕێگەوە چەشنێک ئاگامەندیی نەتەوەیی تایبەت وەک دیسکۆرسێکی دیاسپۆرایی سەری هەڵداوە کە لە ئەزموونی ڕۆژهەڵاتییەوە بناغەی گرتووە.

سێهەم، ئەم گۆڕانکارییانە پێوەندیی ڕوو لە پێگەیشتنی نێوان دیاسپۆرا و نیشتمان (Brubaker ٢٠٠٥) و هەروەها ڕەوتێکی بەرهەستتر لە شارۆمەندیی ژوورسنوور (Glick- Schiller ٢٠٠٥) ئاشکرا دەکات. بەهۆی ئەوەی کە کەسایەتییە بەرچاوەکان و ئەندامی حیزبەکان لە ڕۆژاوا، دەستیان کردووە بە جومگەبەندیی بنەمای ئەجێندایەکی سیاسیی جیاواز بۆ کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان. بۆ نموونە، خۆپیشاندانە قەرەبالغەکانی پاییزی ساڵی ٢٠١٨ کە لە شارە گەورەکانی ئەوروپا بەڕێوە چووە؛ بەتایبەت ئەو خۆپیشاندانانەی کە لەژێر ناوی ((حەقیقەت ئەدرەوشێتەوە))دا لە شاری برۆکسێل لەلایەن "حدکا" ڕێک خراوە، وەکو دەرکەوتەیەکی بەرچاوی ئەم بووژانەوە سیاسی و کولتوورییە نوێیانە ئەژمار دەکرێت. ئەم ڕێکخستنانە دەرخەری گۆڕانێکی بنەماییە: کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە پانتای گشتیی ڕۆژاوادا بەشێوەیەکی بەرفراوان خاوەندارێتیی گێڕانەوە سیاسییەکانی خۆیان دەکەن.

لە ڕەوتی ئەم گۆڕانانەدا، بەرەیەکی نوێ لە ڕۆشنبیرە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا، دوورنوێنێکی سیاسیی یەکگرتووتر، ڕوونتر و خۆڕامان جومگەبەندی دەکەن. جیا لە چەند پلاتفۆرمی سەرهێڵ کە لەوێدا پرسی گرێدراو بە ڕۆژهەڵات

تاوتوێ دەکرێت، دەستەیەک لە دەقی ئاکادیمیک و پسپۆرانە هاتووەتە ئاراوە کە بەتایبەتی تیشک دەخەنە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم ئاسەوارەدا دەتوانین ئاماژە بە شیکاریی مێژوویی و سیاسیی عەباس وەلی لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی بدەین؛ ئەو دەبێژێت کە کۆماری کوردستان بەرهەمی تایبەتمەندیی وەلانەرانە، مۆدێرن و تاک ئێتنیکیی دەوڵەتی ئێران بووە (Vali ٢٠١٤). هەروەها کۆمەڵێک توێژینەوەی تر ئەنجام دراوە کە تیشک دەخاتە سەر هەڵاواردنی دەوڵەتی شیعی-ئێرانی دژ بە کورد و هەروەها ئەو شێوازەی کە خواستی بنەڕەتیی کوردان بۆ بەدیهاتنی مافە سیاسییەکانیان وەک مەترسییەک بۆ سەر یەکپارچەیی قەڵەمڕەوی ئێران پێناسە دەبێت (Dryaz ٢٠٢١) و هەروەها ئەوەی کە چۆن ململانێی نێوان ئێتنیکی و پێکەوەژیانی هاودژ، لەنێوان کورد کورمانجییەکان و تورکە ئازەبایجانییەکان لە بەستێنی لۆکاڵیی ورمێدا، کاردانەوەی سیاسیی جیاواز و ناکۆک دەخولقێنێت؛ نکۆڵی لە شوناسی نەتەوەیی کوردان لە لایەن دەرەوە تاکو پارچەپارچەبوونی ئەم ناسنامەیە لە ناوخۆوە یان ڕۆمانتیککردنی ئەم ناسنامەیە لەئاستی ژوورنەتەوەییدا(Khalili ٢٠٢٢). و لە نیهایەتدا، ئەوەی کە چۆن ناسنامەی ئێتنۆنەتەوەیی خوێندکارانی زانکۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنانەت لە فەزای داخراوی یاسایی و سیاسیی ڕۆژهەڵاتدا، لە بیچمگرتنی سابژێکتیڤیتی سیاسیدا دەور دەگێڕێت(Mofidi and Aghapouri ٢٠٢٣).

بەرەی نوێی خوێندکاران و چالاکانی ڕۆژهەڵات بەتەواوی ئەو بەربەستانەی کە بەرەوڕوویان دەبنەوە؛ لە ئاستی مەعریفە و فەزیلەتدا پەیامی ڕوونی هەیە. ئەم دەستکەوتە مەعریفییە، دەستەبەرکردنی تیۆرییەکی گونجاو لەپێناو سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی پێگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەستێنی بەرینتری دەوڵەتی ئێران و هەروەها دەستنیشانکردنی ڕەوتە کردەوەییەکان و ستراتێژیی ڕزگاریی مەعریفی و سیاسی بووە. کورد ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا لەڕێگەی ئەم پڕۆسە لە خۆڕامانەوە (١٤) ، گێڕانەوەیەکی یەکگرتوو، خودتەوەر و داهاتووتەوەر پێک دەهێنن. ئەم گۆڕانکارییە لە تێگەیشتنی شارۆمەندیی ژوورسنوور، لەڕێگەی بەدیهێنانی مەیدانێکی دیسکۆرسیڤی ئاگامەندانەی دینامیک و نەتەوەییەوە، وڵات و دیاسپۆرا بەیەکەوە گرێ دەداتەوە. لە دڵی ئەم گێڕانەوەدا، دوو تەوەری سەرەکی مسۆگەر دەبێت: ڕەخنەی بەردەوام لە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی ئێران و دوورنوێنیی ستراتێژیک بۆ دەستەبەرکردنی سەروەریی سیاسیی کورد.

دابڕانی مەعریفی لە ئێرانیبوون

بەرهەمە فکری و چالاکییە سەرهێڵەکانی نووسەرە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا دابڕانی ئاشکرا لەگەڵ ئێرانیبوون و ناسنامەی ئێرانی ئاشکرا دەکات. یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم گۆڕانە لەنێو کوردە پەنابەرەکاندا گۆڕینی ناسنامەی سەپێندراوی ئێرانیی پێشوو لەگەڵ ناسنامەی کوردی بووە. توێژینەوەی ئەم دواییانەی سەباح موفیدی لەمەڕ ئەم بابەتە دەوڕێکی گرینگ دەگێڕێت و پیشانی دەدات کە ئەزموونی سەرکوت لە چوارچێوەی دەوڵەتی فارسی شیعی لە ئێراندا بە چ شێوەیەک ئاگامەندیی سیاسی و نەتەوەیی بەرەی یەکەمی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی پێک دەهینا؛ کە پاشخان و ئەزموونی سیاسیی چەپیان بووە و نیشتەجێی وڵاتانی ئاڵمان، هۆڵەند، سوید و فەرانسە بوون. موفیدی بەڵگە دەهێنێتەوە کە گۆڕانی بۆچوونی سیاسی و ناسنامەی بە کۆی ئەم کەسانە، بەرهەمی کار و کاردانەوەی دینامیکی نێوان تاک و سازمانە سیاسییەکان و هەروەها نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا بووە. لەم پڕۆسەیەدا هەر ئەو جۆرەی موفیدی دەبێژێت: کوردایەتی وەک جێگرەوەی شوناسی سەپێندراوی پێشوو، دەبێت بە چوارچێوەیەکی سەرەکی کە لەو ڕێگەوە هاووڵاتیبوون و شارۆمەندی فام دەکرێت(Mofidi ٢٠٢٤).

ئەم ئاگامەندییە ڕوو لەزۆرە ڕەنگدانەوەی سەقامگیریی هێدی هێدی و بەردەوامی گێڕانەوەیەکی دیاسپۆراییی ڕۆژهەڵاتتەوەر لەنێوان کوردانی ڕۆژهەڵات بووە؛ گێڕانەوەیەک کە گرێدراوی سەرهەڵدانی هاوتەریبی پلەتفۆرم و تۆڕە نێونەتەوەییەکان و بەرەوپێشبردنی سیاسەتی ڕۆژهەڵات بووە. وەک گرینگترین و سەرەکیترین نموونەکانی ئەم بواردە دەتوانین ئاماژە بدەین بە: ڕێکخراوەی(WorldKurd)ی سوید کە پاڵپشتی لە مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسینی کوردی ڕۆژهەڵات دەکات. "ناوەندی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان"(NRK) کە بە ئامانجی مسۆگەرکردنی سەروەریی سیاسی، هێزە مرۆییەکان ڕێک دەخات. "تیشک"(١٥) گۆڤارێکی بەئەزموون و جێکەوتوو کە وتاری گشتی و زانستی چاپ دەکات؛ "ڕێگا "(١٦) تۆڕێک لە کەسایەتیە سیاسی و ئەندامانی کۆمەڵگای مەدەنیی دیاسپۆرا و هەروەها ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ستراتێژیەکی نەتەوەیی گشتگیر بۆ ڕۆژهەڵات پەرە دەدات. "سەکۆ"(١٧) (نۆڕوێژ) کە وێبیناری بەردەوام بە ئامانجی بەدەوڵەتبوون و سەربەخۆیی بەڕێوە دەبات و هەروەها "ژینا میدیا" (فەنلاند) کە دەرفەتی وتووێژ و دیمانەی ئانلاین لەمەر کێشە پێوەندیدارەکان بە ڕۆژهەڵات دەهێنیتە ئاراوە. جگە لەمانە دەتوانین ئاماژە بە "ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی لێکۆڵینەوەی کوردی"(IISKS) لە گوتینگتێنی ئاڵمان و هەروەها "ئاکادێمیی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی واشنگتۆن" (MERAW) بدەین کە هەردوو لە بواری پەروەردە و توێژینەوە لەمەر لێکۆڵینەوەی کوردیدا چالاکن و هاوکات دیمانە و وتووێژی زانستیی سەرهێل بەڕێوە دەبەن.

دابڕانی مەعریفی لە ئێرانیبوون، وەک یەکێک لە ڕەهەند بەرجەستەکانی گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانەی دیاسپۆرا؛ کوردی ڕۆژهەڵات وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت پێناسە دەکات کە لە ڕووی مێژووییەوە لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی ئێراندا بووە. لەم بەستێنەدا، چەمکی کۆلۆنیالیزمی نێوان ژێردەستەکان(١٨) لە کامران مەتین؛ توێژەری کوردی زانکوی ساسێکس و شرۆڤەکاری ناسراوی میدیا؛ ئاماژە بەو دەوەڵەتە پاش کۆلۆنیالیستییانە دەدات کە سەقامگیریی سەروەری و بەرهەمهێنانەوەی خۆیان لەڕێگەی سەپاندنی ئیستعماری بەسەر کەمینە ئەتنیکییەکان دەژێڕە بدەن. سەبارەت بە ئێران، گوتاری ناسنامەی نەتەوەیی زاڵ کە پلەیەکی سەرەکی بۆ ئێتنسیتەی فارس دادەڕێژێت، ڕوانگەیەکی هێڵی و لێکچوو لە نەتەوە ساز دەکات کە لەو چاوێلکەوە ئەزموونە مێژووییەکان و جیاوازییە فەرهەنگی و زمانییەکان دەسڕێتەوە، پەراوێز دەخرێن یان لە پلەمەندییەکی نادادپەروەرانەدا ژێردەستە دەکرێن(Matin ٢٠٢٢). چالاک و توێژەرە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ ڕوونکرنەوەی دۆخی کۆلۆنی، زۆرجار نەریتی هزریی ئەفریقایی دەکار دەکەن و پشت بەو بەرهەمانە دەبەستن کە کۆلۆنیالیزم لە بەستێنی ئەفریقادا لێک دەداتەوە. یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەم بواڕە، بەرهەمی شوێندانەری بیرمەندی کۆنگۆیی، والنتین ئیۆ مۆودیمبە بەناوی "داهێنانی ئەفریقا" (١٩٨٨) بووە کە لەوێدا، کۆلۆنیالیزم لەڕێگەی سێ ڕەهەندی بنەڕەتییەوە پێناسە دەکات.

ڕەهەندی یەکەم بە داگیرکردنی فیزیکیی قەڵەمڕەو گرێ دراوە. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕواڵەتە لە کۆلۆنیالیزم، کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا؛ بەتایبەت لەڕێگەی بەشداریی چالاکانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەردەوام جەخت لەسەر میلیتاریزەکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تووندونیژی دژ بە جەماوەری کورد دەکەنەوە. ڕێژەی زۆر و نەگونجاوی لەسێدارەدان بە بیانووی سیاسییەوە؛ کە کوردەکان لە ئێران بە ئامانج دەگرێت، زۆرجار وەک هێڵێکی جیاکەرەوەی ڕوون ئەژمار دەکرێت. ئەمە ڕەوایی بەو بۆچوونە دەدات کە "ئێرانیبوون" و "کوردبوون" لە بنەڕەتدا چوارچێوەیەکی ناسنامەی جیاواز دەخولقێنن و هەروەها جەخت لەسەر

گەشەسەندنی ستراتیژییەکی نەتەوەیی هەمەلایەنە بە ئامانجی دارمانی پێکهاتەی داگیرکاری و پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ دەکەنەوە.

ڕەهەندی دووهەم بە تێکەڵاوبوونی جەماوەری بەکۆڵۆنیکراو لەنێو سیستەمی ئابووریی ڕوژاوایی-کۆڵۆنیالی ؛ وەک مۆدیلی بەرهەمهێنان و شێوازی مەسرەف دەبەسترێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، ئاکادێمیسیەنە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا کە زۆرجار بۆ سەلماندنی ئیدعاکانیان پشت بە دەیتا ئاماریییەکان دەبەستن، سەرنجەکان بەرەو نایەکسانییە پێکهاتەییەکان و ئەو شتانە ڕادەکێشن کە بە کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی ناوزەد دەکرێت. بۆ نموونە نەبوونی بنەما و ژێرخانە پیشەسازییەکان، گەشەنەسەندوویی بەشی خەدەمات و خزمەتگوزاری و نەبوونی سەرمایەگوزاریی درێژخایەن. بەهۆی ئەم دوخەوە کەسە خوێندەوارەکان ناچار دەبن یان بەرەو بازارە کارە پرسوودەکانی ناوەندی ئێران یان بەرەو هەندەران کۆچ بکەن.

تۆێژەرە ڕۆژهەڵاتییەکان جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە ئەم جموجۆڵە، تەنیا ڕەنگدانەوەی گەشەنەسەندوویییەکی ساکار نییە، بەڵکو سەلمێنەری ئابووریییەکی ڕانتیی ئێرانیی ناڕوون، دزە دەسەڵاتداری، ئۆلیگارشی، تاڵانچی و دڕندەیە. ئەم سیستەمە بەشێوازێکی ستراتیژیک، سەرچاوەکانی کوردستان وەک ئاو و کانزا قۆرخ دەکات و بەشێوەیەکی سیستماتیک کوردان لە پڕۆسەی کۆنترۆڵ و بەشداری لە بڕیاردانا سەبارەت بەم داراییانە بێبەش دەکات.

یەکێک لە ئاکامەکانی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی و سیاسەتی گەشەسڕینەوەی دەوڵەتی ئێران لە کوردستاندا، سەرهەڵدانی پۆلێنێکی پیشەیی لە نێوان کورداندایە کە بە کۆڵبەری دەناسرێت. شێوازێکی پڕمەترسی لە پیشەی سەرسنوور کە لە دەیەی ڕابردوودا یەکێک لە دەرفەتە سەرەکییەکانی دامەزراندنی پیشە بۆ کوردی ڕۆژهەڵات بووە. چالاکان و تۆێژەرانی کوردی دیاسپۆرا کەمالّ سلێمانی و ئەحمەد محەممەدپوور(٢٠٢٠)، لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیاندا پشت بە موساحەبەی قوولّ و تێروتەسەل(٢٠) دەبەستن و، تیشک دەخەنە سەر ئابووریی سیاسیی تۆندوتیژ و دڕندانە(٢١) کە کۆڵبەرە کوردەکان ئەزموونی دەکەن؛ کۆڵبەرێک کە بەردەوام بەهۆی دەستڕێژیی فیشەک لە مەودای نزیکەوە یان کەوتنەوە خوار لە بەرزاییەکان لەلایەن هێزە دەوڵەتییەکانەوە گیانیان لەدەست داوە. ئاساییە کە زۆرجار داراییەکانیان و تەنانەت ئەسپەکانیشیان زەوت دەکرێت.

هەروەها ئەحمەد محەممەدپوور تۆێژەری کورد لە ئەمریکا؛ کە سەبارەت بەم بوارە لەم ساڵانەدا(٢٠٢٢-٢٠٢٤) تۆێژینەوەی کردووە، کۆڵبەری وەک دیاردەی نێکرۆپۆلیتیکی دەوڵەتی ئێران پێناسە دەکات؛ دیاردەیەک کە لە یەکتربڕی ناسەقامگیریی پیشەیی و شوێنمەندیدایە و لە چوارچێوەی دیسکۆرسی بەئەمنییەتیکردنی ناوچە سنوورییەکان جێگیر بووە. ئەو بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەم گوتارە کوردەکان لە دۆخی ئاوارتەیی تاهەتاییدا دەهێڵێتەوە و لەڕێگەی سەپاندنی شێوازی پڕمەترسیی پیشەی مەرگ(٢٢) ، ئەوان تا ئاستی مردووی(٢٣) زیندوو دادەبەزێنێت.

نێکرۆپۆلیتیکی دەوڵەتی ئێران وەک فۆرمێکی گەشەسەندوو لە ئیستعمار، پۆلێنێکی جێندەرتەوەر لە کۆڵبەری هێناوەتە ئاراوە. محەممەدپوور و جەواهری(٢٠٢٤) لە تۆێژەرانی کوردی دیاسپۆرا، لە دواییین بەرهەمی خۆیاندا باس لەوە دەکەن کە چۆن زۆربوونی ڕێژەی ژنانی کۆڵبەر، نەتەنیا مانای مەرگ بەڵکو مانای ژیانیش لەڕێگەی کرارە جەستەییەکانی مانەوە و بەرخۆدان، ئاشکرا دەکات. ڕەهەندی سێهەم ئاگامەندیی دوولایەنە"یە. چەمکێک کە بناغەکەی لە بەرهەمی شوێندانەری دبلیو. ئی. بی. دوبۆیس(١٩٠٣)، بەناوی "ڕۆحی خەڵکی ڕەش"(٢٤) هاتووەتە ئاراوە. دبۆیس ئەم چەمکەی بە مەبەستی وەسفکردنی ئەزموونی ژینکراوی ئەفریقایی- ئەمریکییە ملکەچ و بندەستەکان

لە کۆمەڵگای ئەمریکای سەدەی نۆزدەهەمدا بەکار دەهێنا. فرانتس فانۆن، لە بەرهەمەکەی خۆیدا(١٩٥٢) " پێستی ڕەش، دەمامکی سپی"(٢٥) ئەو چەمکەی پەرە پێدا و دۆخی بێهیوایی وجوودی لە هەبوون لەناو جیهانێک جومگەبەندی دەکات کە نە بەتەواوی ڕەش و نە بەتەواوی سپی ئەژمار دەکرێت. فانۆن و مارکمەن(١٩٦٧) پێداگری لەوە دەکەن کە فەرهەنگ و ناسنامەی ئەورووپایی لە ناوەندی سەرلێشێواویی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا جێگیر بووە؛ کە لەلایەن ڕەشپێسەکانەوە ئەزموون کراوە. ئەم سەرلێشێواوییە لە هەوڵ بۆ ئاسیمیلەبوون لەگەڵ سپیبوون(٢٦) لەڕێگەی ناوەکیکردنی بایەخەکانیان دەردەکەوێت؛ هەوڵێک کە تاک بۆ ئەو مەبەستە هان دەدات و هاوکات بەهۆی بێتوانایی حاشاهەڵنەگر لە مسۆگەرکردنی تەواوی ئامانجەکە تاوانبار دەکرێت.

بەپێی چوارچێوەی تیۆریکی پۆست مۆدێرن بەتایبەت شیکاریی گوتار و تیۆریی پۆست کۆلۆنیال، توێژەر و چالاکە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا بەڵگە دەهێننەوە کە ئەزموونی "ئاگامەندیی دووانە"(٢٧) لەنێوان کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێراندا، بەرهەمی دۆخی کۆمەڵایەتی فەرهەنگیی نایاساییکراو بووە کە لەڕێگەی تێگەیشتنی باو لە ئێرانیبوون داسەپێنراوە. ئەم چوارچێوە هێژمۆنیکە، ناسنامەی نەتەوەیی لەڕێگەی دوو ڕەهەندی سەرەکی و لێکگرێدراو جومگەبەندی دەکات:

- ڕەهەندی مێژوویی، فەرهەنگی و زمانەوانیی سێکۆلار کە لە فارسبوون و زنجیرە دەسەڵاتە باستانییەکاندا بنەمای هەیە.
- ڕەهەندی دینی و فەرهەنگی کە بنچینەکەی لە "ئیسلامی شیعیدا"یە. ئەم دوو ڕەهەندە بەیەکەوە بنەمای ئایدیۆلۆژیکیی سیاسەتی "یەک وڵات، یەک نەتەوە، یەک زمان" بیچم دەدەن؛ سیاسەتێک کە بەشێوازێکی سیستماتیک شوێنەواری چەند فەرهەنگی و چەند زمانی پەراوێز دەخات(سلێمانی و محەمەدپوور، ٢٠١٩).

بەپێی بۆچوونی محەممەدپوور و سلێمانی(٢٠١٩)، ئەم مۆنۆلۆگە ئایدیۆلۆژیکە لە سەروەری؛ کە ئێستا لە ئاگامەندیی دیاسپۆرای کورددا دەروونی و ناوەکی بووە، کوردەکان وەک ئەوی دیی(٢٨) کۆلۆنیی ناوخۆ و مەترسییەکی هەمیشەیی بۆ سەر یەکپارچەیی قەلەمڕەوی و ناسنامەی نەتەوەیی ئێرانی پێناسە دەکات. لەم چوارچێوەدا سووژەی کورد نەوەک شارۆمەندێکی یەکسان، بەڵکو وەک بوونەوەرێکی فەرهەنگی ئەژمار دەکرێت: ئەندامێک لە ئەتنیسیتەیەکی پەراوێزخراو کە ڕەنگە لە سەردەمانی سەقامگیریی سیاسیدا بەشێوەی ئیگزۆتیک و سەیروسەمەرە وەربگیرێت، بەڵام هەرکات بیردۆزی سەرەکی لە ناسنامە یان یەکپارچەیی قەلەمڕەوی بکەوێتە ژێر مەترسییەوە، بەدناو دەکرێن و پەراوێز دەخرێن. بۆ نموونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٩، نەتەنیا بەشێوازی سیستماتیک میلیتاریزە کرا، بەڵکو سیستمێک لە چاودێری، دەستکاریی دێمۆگرافی و ئاسیمیلاسیۆنێکی فەرهەنگیی تونداژۆی ئەزموون کردووە(Soleimani and Mohammadpour ٢٠١٩).

ئالینگارییەکانی گوتاری سیاسیی کورد لە هەلومەرجی بێدەوڵەتیدا

لایەنگرانی گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازی نەتەنیا بەدواداچوون بۆ هەڵوەشاندنەوە و ڕەخنە لە گوتاری ناسیۆنالیستیی یەکگرتوویی‌خوازی و تاک نێتنیکی ئێران دەگرن، بەڵکو ڕەخنەکانی خۆیان بەشێوازی جۆراوجۆر ئاراستەی سازمانە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن. بۆ وێنە، سازمانە سیاسییە فێدرالیستییەکان وەکو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) و سازمانی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە) زیادتر بەهۆی گونجاندنی پرسی کورد لە چوارچێوەی بەرفراوانتری سیاسەتی نەتەوەیی ئێران وەبەر ڕەخنە دەکەون. لایەنگرانی گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازی بەشێوەیەکی بەردەوام لە پلەتفۆرمگەلێک وکوو

فەیسبوک، کلّاب هاوس، ئیکس و تۆڕە کۆمەڵایەتییە سەرهێڵەکانی تر وەبیری بەردەنگە کوردەکانیان دەهێننەوە کە لەنێوان کوردبوون و ئێرانیبوون قەڵیشت و کەلێنێکی بوونناسانەی بنەمایی و ئاشتیهەڵنەگر لەئارادایە. لەحاڵێکدا فێدرالیستەکان پرسی کورد بە لێکەوتەی دیکتاتۆری، نەبوونی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێران پێناسە دەکەن، لایەنگرانی گێڕانەوەی سەربەخۆییخوازانە لەو باوەڕەدان کە کوردبوون و ئێرانیبوون دوو دەرکەوتەی مێژوویی جیاواز و تەنانەت لە ڕووی دێموس، ڕەوتی مودێرنیتی و بوونناسییەوە دژبەیەکە . لەم سۆنگەوە، هەر دوو لایەن پێویستییان بە بنەمای مەعریفی و پراکتیکی تایبەت بەخۆیان هەیە. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە تەنانەت ئەگەر دێموسی ئێرانی پێک بهێنرێت، هیچ شێوەیەک لە حاکمییەت و سەروەریی هاوبەش یان ڕاگواستنی هێز و دەسەڵات بە کوردەکان بەفەرمی ناناسرێت و لە کۆتاییدا لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک و دیاریکراوی وێنای نەتەوەیی و تاک ئەتنیکیی ئێران، ڕەنگە بەشدارییەکی سەمبۆلیک و فۆلکلۆریک بۆ کورد ڕەوا ببینن.

لە وەڵامی ئەم ناڕوونی و ئالۆزییە چەمکی و ستراتێژیکە، ئاکادێمیسیەنە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا کۆمەڵە باسێکی تیوریکیان دامەرزاندووە کە ئامانجیان جومگەبەندیی ڕوانگە تیۆریکەکان و تێڕوانینە ئالتێرناتیڤە سیاسییەکانە. یەکێک لە گرنگترین بەشدارییەکان لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ ژمارەی تایبەتیی ئەم دواییانەی گۆڤاری زانستی -کوردیی تیشک کە دەپەرژێتە سەر چەمکە لەیەکگرێدراوەکانی حاکمییەت و سیاسەتی کوردی. لەم ژمارەیەدا، ئاسۆ حەسەنزادە، ئاکادمیسیەن و چالاکی سیاسیی کورد، بەشێوەیەکی وردبینانە و چەندلایەنە چەمکی سەروەری تیۆریزە دەکات و لە بەستێنێکی تایبەتیی تیۆری و پراکتیکی سیاسیی کوردیدا دایدەنێت. ئەو لە حیزب و سازمانە سیاسییە فێدرالیستییەکانی ڕۆژهەڵات کە وەکو نوێنەرانی نەتەوەی ژێردەست پێناسەیان دەکات، داواکارە کە بەشێوەیەکی جیددیتر و قووڵتر بیر لە چەمکی سەروەری و مافی چارەی خۆنووسین بکەنەوە؛ ئەو چەمکانەی کە بە باوەڕی ئەو چەمکگەلێکی سەرەکی و هەرەگرنگن کە توانای یەکگرتووکردنی ئاسۆ سیاسییە فرەچەشنەکانی ڕۆژهەڵاتی هەیە و ئاوڕ لە چاوەڕوانییە گشتییەکان دەداتەوە (حەسەنزادە ٢٠٢٥).

لەم سۆنگەوە، خالید خەیاتی (٢٠٢٥) لەسەر پێوەندیی جەماوەری لەنێوان سەروەری و مافە بنەماییەکانی مرۆڤی کورد جەخت دەکاتەوە و بەڵگە دەهێنێتەوە کە خودی مافی مرۆیی لە چەمکی شارۆمەندی و پانتایی مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو چەمکە جیا ناکرێتەوە. ئەو پشت بە تێڕوانینە بنەماییەکانی هانا ئارێنت (١٩٧٣) سەبارەت بە بێدەوڵەتی و جێبەجێکردنی ماف دەبەستێت و ئەم پرسیارە دەوروژێنێت کە چۆن کوردان دەتوانن لەناو دەوڵەتێکی "کۆلۆنیالیی نێوان ژێردەستەکان" واتا ئێران (Matin٢٠٢٢) مافی شارۆمەندیی خۆیان دەستەبەر بکەن و هاوکات وەک کورد بەفەرمی بناسرێن؟ لەم ڕووەوە، لێکدانەوەکەی ئەو پشت بەمە دەبەستێت کە کوردان لە ڕۆژهەڵات پێویستە سەروەری نە وەک چەمکێکی یاسایی، بەڵکو وەک پێداویستییەکی سیاسی و وجوودی فام بکەن؛ پێداویستییەک کە لە ناوەندی ڕزگاریی بەکۆی ئەواندا جێی گرتووە.

یەکێکی تر لە سازمانە سیاسییە کوردییەکان کە لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی نەبوونی گوتارێکی ناسیۆنالیستیی ڕوون وەبەر ڕەخنەیەکی زۆر کەوتووە، حیزبی کرێکارانی کوردستان (PKK) بووە. ئەم حیزبە کە خۆی بە تەنیا نوێنەری مەشرووعی کوردان دەزانێت و تۆڕێکی لق و پۆی گرێدراویان لە سەرانسەری کوردستاندا پێک هێناوە، بە فراوانی سەرنج و ڕەخنەی لایەنگرانی سەربەخۆییخوازی دیاسپۆرای کوردی ڕاکێشاوە. لە پلەتفۆرمگەلێک وەک فەیسبووک، کلّاب هاوس و ئیکس، چالاکان و

ئاکادێمیسیەنە ڕەخنەگرە کوردەکان، ڕێبەریی پ ک ک تۆمەتبار دەکەن بە: ١) لە گوتاری گشتیی خۆیاندا داواکاری سەرەکیی کوردان بۆ بەفەرمیناسین لە ڕووی یاسایی و سیاسی پشتگوێ دەخەن و جەخت لەسەر پرسگەلی تر دەکەنەوە. ٢) بە ئەهریمەنکردنی سیستماتیکی کوردە ناسیۆنالیستەکان و ناوزەدکردنیان بە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی ٣) ڕەتکردنەوەی بەردەوامی هەر پێگەیەکی یاسایی یان سیاسی بۆ کوردان و بەڵێنی بەرەنگاری لەگەڵ هەر بزووتنەوەیەک کە ئامانجەکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یان هەر دامەزراوەیەکی هاوشێوەی تر بێت. ٤) خۆپاراستنی ئاگامەندانە لە بەکارهێنانی هێما نەتەوەییە کوردییەکان بۆ ناوڵێنانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان یان ئەو ڕێکخراوانەی سازیان کردووە. نموونەیەکی بەرجەستە لەم جۆرە سیاسەتە، گۆڕانی ناوی ڕۆژاوای کوردستان بە "باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا" بووە کە دەرخەری ئیدئۆلۆژیای ئیستای "پ ک ک" یە.

ڕەخنەیەکی تر کە لە لایەن کۆرە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆراوە لە پ ک ک و ڕێبەری دەستبەسەرکروایان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەگیرێت، کەمتەرخەمی و پێبەندنەبوونی ئەم سازمانە بە مافە سەرەکییەکانی کورد لە ماوەی دانوستانی ئەم دواییانەدا بووە؛ دانوستانانێک کە لە ٢٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤ لە لایەن دەوڵەت باغچەلی ڕێبەری حیزبی نەتەوەخوازییی تورکییەوە دەستی پێ کرد. ئەم پرۆسەیە لە گوتاری فەرمیی دەوڵەتی تورکیادا، بە "کۆتاییهاتن بە تیرۆر" ناوزەد کراوە و ئامانجی ڕوونیشیان چەککردن و هەڵوەشاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان بووە. لە بەرانبەردا، پ ک ک وەکو "پرۆسەی ئاشتی" ناوی لێ دەبات.

بەم حاڵەشەوە، هەر دوو لایەنەکە سەبارەت بە پرسگەلی پێوەندیدار بە مافی فەرهەنگی و زمانیی کوردان و هەروەها بەفەرمیناسینی یاسایی ناسنامەی کوردی، بێدەنگییان هەڵبژاردووە. لە ئاکامدا چالاکە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەم ڕەوتە وەکو پرۆسەیەکی "خۆڕادەستکردن" پێناسە دەکەن کە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە داڕێژراوە و دەرەنجامەکەی بەرژەوەندیی دەوڵەتی تورکیا و بەهێزکردنی هێژمۆنی کولتووریی زۆرینەی تورک مسۆگەر دەکات.

تۆیژەران و شرۆڤەکارانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کەماڵ سلێمانی و بێهرووز شوجاعی، بە شێوازێکی ڕەخنەگرانە ئایدیۆلۆژیی "دژە نەتەوەخوازیی کوردی "ی پ ک ک تووشی ئالینگاری دەکەن و لەم دواییانەدا بەرهەمێکی هاوبەشیان بە ناوی "پارادۆکسی بێدەوڵەتی: کۆنفێدرالیزمی ئۆجەلان و ستراتێژیی بەتورککردن" لە چاپەمەنیی Palgrave Macmillan بڵاو کردووەتەوە کە بەتەواوی بە هەڵوەشاندنەوەی چوارچێوەی تیۆریکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان؛ بە جەخت لەسەر چەمکی "کۆنفێدرالیزمی دێموکراتیک" و دەرەنجامە ئایدیۆلۆژیکەکانی تەرخان کراوە. ئەم کارە (٢٠٢٥) بە کەڵکوەرگرتن لە شیکاریی ڕەخنەیی گوتار دەیسەلمێنێت کە قەڵێشت و کەلێنی ئایدیۆلۆژیکی بەرچاو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا هەیە (Soleimani and Shojai ٢٠٢٥).

سلێمانی و شوجاعی(٢٠٢٥) بەڵگە دەهێننەوە کە هەرچەند ئۆجەلان بە شێوازێکی فەرمی فۆرمی دەوڵەت-نەتەوە ڕەت دەکاتەوە، کەچی ئایدیۆلۆژییەکەی لەپێناو ڕەواییدان بە دەوڵەتی تورکیا و چوارچێوە مێژوویی و یاسایی و ڕێکخراوەییەکانی ئەو دەوڵەتەدایە. لەم چوارچێوەیەدا کوردان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نواندنەوە دەکرێن و لە ئاکامدا داوایان لێ دەکرێت کە خولیا و ئاواتەکانیان سەبارەت بە دەوڵەتداری یان تەنانەت ئۆتۆنۆمیی فیدراڵ لە تورکیا فەرامۆش بکەن. ئەم نووسەرانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئۆجەلان بەها کۆلۆنیالیستییەکانی تورکییەی دەروونی کردووە و بە نووسراوەکانی ڕێکخراوە و پراکتیکگەلێکی سیاسی بەرهەم دەهێنێت کە لە ئاکامدا خەڵکی کورد بەرەو بەتورککردن ڕادەکێشێت.

جێگەی ئاماژەیە کە لایەنگرانی ڕۆژهەڵاتی

گێرانەوەی سەربەخوییخوازانە بەشێوەیەکی بەردەوام جەخت لەسەر چەمکی بێدەوڵەتی دەکەنەوە تا لەم ڕێگەوە دابڕانی مەعریفەیی لەگەڵ ئێرانیبوون چ لەئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ لەئاستی سەرانسەریی دیاسپۆرا بەهێز بکەن. ئەم پێداگرییە گوتارییە هەوڵێکی ستراتیژیک بە ئامانجی هاندانی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا و هەروەها سازمانە سیاسییەکانیان بووە تاکو بەدوای چالاکییە ژوورنەتەوەییەکانیان، جودا و سەربەخۆ لە چوارچێوەی ناسنامەی ئێرانیبووندا بچن.

لە ڕووی تیۆریکەوە جیاوازیی بنەڕەتی لەنێوان ڕێڕەوی ستراتیژیکی دیاسپۆرای بێدەوڵەت و دیاسپۆرای گرێدراو بە دەوڵەتەکانی هەنووکە لەئارادایە. دیاسپۆرای بێدەوڵەت بە پێناسەکردنی خۆی وەک پارێزەری نەتەوەی چەوساوە پاساو بۆ بڕیارە سیاسییەکانی دەهێنێتەوە و ئەو جۆرەی کە شێفێر(٢٠٠٢، ٢٤-٢٥) دەیبێژێت ڕەنگە ستراتیژیی وەرگرتنەوەی وڵات یان جودابیخوازی پێڕەو بکەن؛ واتا وڵاتێک کە سەردەمانێک نیشتمانی میژوویی ئەوان بووە، بدرێتەوە یان وەریگرنەوە و لە کۆتاییدا لەو نیشتمانە میژوویییەدا دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن. هەروەها شێفێر(٢٠٠٢، ٢٤) ئاماژە ئەدات دیاسپۆرای گرێدروا بە دەوڵەت ڕەنگە بۆ ستراتیژیی ڕادیکاڵی دیاسپۆرای بێدەوڵەت لەمپەر ساز بکات. بەتایبەت کاتێک کە ئەم دیاسپۆرایە لە وڵاتانی تەنیشتی نیشتمانی ئەسڵی بژین. سەبارەت بە دیاسپۆرای کورد بەتەواوی جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە بەدیهێنانی کوردستانی سەربەخۆ ماف و ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکە(Van Bruinessen ١٩٩٩; Khayati ٢٠٠٨).

بەم پێوەرە، لە هەلومەرجێکدا کە ڕژیمی ئێران زۆرتر لە هەر کاتێکی تر لە بەستێنی دەرەوە و ناوخۆی وڵات لاواز بووە، جڤاکی دیاسپۆرای کوردانی ڕۆژهەڵات، سازمانە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هان دەدەن تاکو پلەتفۆرمێکی سیاسیی وڵامدەر و بەرپرسیار پێک بهێنن کە پشتی بە بنەمایەکی تیۆریی بەهێز و ستراتیژییەکی بەرهەست ببەستێت. بە بڕوای ئەوان، بەرنامەیەکی وەها دەبێ کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پڕۆسەی بەرخۆدان دژ بە دەسەڵاتی ئیستعماریی ئێران بەهێز بکات و وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت جەخت لەسەر مافی سەروەریی سیاسی و یاسایی خۆیان بکەنەوە؛ خولیایەک کە بەدیهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەگرێتە بەر. لە ڕوانگەی تۆڕەرە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆراوە، سەروەری تەنیا بنەمایەکی یاسایی و ڕێکخراوەیی نییە، بەڵکو پێداویستییەکی سیاسی و مەعریفی بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی ئەژمار دەکرێت. سەروەری وەک مێکانیزمی کارتێکەریی بەکۆ، دانوستان بۆ بەفەرمیناسینی نێوان زەینی و ئالێنگاریی پەراوێزکەوتوویی ڕێکخراوەیی سەپێندراو لەلایەن دەوڵەت نەتەوەی زاڵ ڕۆڵ دەگێڕێت. ئاکادێمیسیەنە ڕۆژهەڵاتییەکان لەڕێگەی بەرجەستەکردنی سەروەری لەنێوان گێڕانەوەی سەروەریخوازانەی دیاسپۆرا، عاملێییەتی کورد سەرلەنوێ چەمکاندن دەکات. بەشێوەیەک کە ئەم عاملێییەتە نەتەنیا لە وشیاریی میژوویی و ناسنامەی نەتەوەییدا، بەڵکو لە داخوازییەکانی هاوچەرخ بۆ مافەکان، بەفەرمیناسین و مافی چارەی خۆنووسین ڕەگی داکوتاوە.

دەرەنجام

ئەم وتارە پشت بە چەمکی شارۆمەندیی ژوورسنوور دەبەستێت؛ واتا ئەو کەسە ئاست بەرزانەی کە لەنێوان سیستمە نۆرماتیڤ، یاسایی و ڕێکخراوەییەکان و پراکتیکە سیاسییەکانی چەندین وڵات لە چالاکیدان و بە کەڵکوەرگرتن لە گێڕانەوەکانی دیاسپۆرا وەکو گۆشەنیگای سەرەکیی میتۆدۆلۆژیکی باس لەوە دەکات کە لێکۆڵەران و چالاکە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا کە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان نیشتەجێ بوون، لەڕێگەی پلەی ئاکادمیک و کۆمەڵایەتیی خۆیانەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەقە زانستییەکانەوە گێڕانەوەیەکی سەربەخۆییخوازانە

بەپێی دوو کەرتی سەرەکی جومگەبەندی دەکەن. یەکەم، دابڕانی مەعریفی لە ئێرانییوون کە بنەما سیاسی، قەڵەمڕەوی، فەرهەنگی و ڕێکخراوەییەکانی دەوڵەت نەتەوەی ئێران بە ئاقاری هەڵوەشاندن دەبات؛ هەمان چوارچێوە کە کورد ڕۆژهەڵاتیی بێدەوڵەتەکان لە ڕووی مێژووییەوە وەک کۆلۆنی جێگیر دەکات. دووهەم، ڕەخنەی دیسکۆرسیڤ لە ڕێکخراوە و دامەزراوە سیاسیی سەقامگیرە کوردییەکان کە نەتەنیا سەبارەت بە پرۆژەی بەرینتری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەڵکو لە بڕیاردان لەمەڕ دەوەڵەت نەتەوەی ئێران و چوارچێوەی ئایدیۆلۆژییەکەی، بەرنامە و ڕیتۆریکێکی ئاڵۆز، نەزۆک و دڕدۆنگیان هەیە.

ئەم ئەکتەرە دیاسپۆراییانە لەڕێگەی جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی و پسپۆڕانەی خۆیان لە سەرچاوە هزری و مادییەکانی وڵاتانی نیشتەجێ کەڵک وەردەگرن و لەڕێگەی چوارچێوە نۆرماتیڤەکانی شارۆمەندیی ژووڕسنوور و ناسیۆنالیزمی دووڕمەودا ڕێک دەکەون. ئامانجیان ئەوەیە ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان هان بدەن تاکو بە گوتاری برایەتی تەوەر و فێدرالییە ئێران تەوەرەکاندا بچنەوە و ئەجێندایەکی ڕووتری سەربەخۆییخوازانە بهێننە ئاراوە. ئەجێندایەک کە خوازیاری دابڕان لە پێکهاتە کۆلۆنیالیستییەکانی ئێران و بەهێزکردنی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ دەستەبەرکردنی سەروەریی سیاسی و نەتەوەیی و لە ئاکامدا بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی بووە.

لە پێکهاتەی ڕوو لە گۆڕانی دیاسپۆرای کوردانی ڕۆژهەڵاتی ، چالاکییە هزری و گوتارییەکان شێوەیەکی واتادار و سەمبۆلیک لەخۆ دەگرێت. ئەم وتارە لەڕێگەی "سەرنج و تێڕوانینی ئێتنۆگرافیی سایبێری"، بەڕەیەکی بەربڵاو لە بەشداربووانی دیاسپۆرا دەناسێنێت کە زانایان، خوێندکاران، شاعیران و نووسەران و وەرگێڕان و هەروەها ڕۆژنامەنووسان، چالاکانی بواری مافی ژنان، ژینگەخوازان و چالاکانی سیاسی، فەرمانبەران و بازرگانە خۆجێییەکان لەخۆ دەگرێت. ئەم گرووپانە لە چوارچێوەی شارۆمەندیی ژووڕسنوور و بەشێوازی جۆراوجۆر و بە کاردانەوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە گەڵاڵەکردنی گێڕانەوەیەکی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدار دەبن. ئەم گێڕانەوە لە سەرووی ئیدعای ڕێبەرە سیاسییەکاندایە و تێدەکۆشێت لە ئاستی گوتاریدا مەودای نێوان نیشتمان و دیاسپۆرا کەم بکاتەوە و لە خەیاڵ و وێنایەکی نەتەوەیی هاوبەشدا یەکگرتوویان بکات (Brah ١٩٩٦).

لەم بەستینەدا، نەوەی نوێی خوێندکار و چالاکە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیاسپۆرا، هێزێکی چالاک و کارامە بۆ پێکهێنانی گێڕانەوەیەکی سەربەخۆییخوازانە ئەژمار دەکرێن. ئەم کەسانە، سەرەڕای ئالینگارییە جۆراوجۆرەکان، نەتەنیا لەڕێگەی دەقی ئاکادێمیک و تیۆریکی تێروتەسەل، بەڵکو لەڕێگەی پەیوەندییە سەمبۆلیک و سەرچاوە میدیاییەیە فرەچەشنەکانەوە لە بەستێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکی دەکەن. بەپێی گێڕانەوەی دیاسپۆرایی، دەتوانین ئاماژە بە سێ تایبەتمەندیی سەرەکی بۆ ئەم پێوەندی و تۆڕە هزرییە بدەین:

١. وشیارییەکی سیاسی لەسەر بنەمای مێژوو کە هەم گۆڕانە ناوچەییەکان و هەم کاریگەرییەکانی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی پیشان دەدات. ئەم ئاگامەندییە نوێژنکردنەوەیەکی تیۆریک لە گوتاری سیاسیی کوردی لێ دەکەوێتەوە. گەرچی ئاکادێمیسیەن و چالاکان هەوڵ دەدەن کە دیاسپۆرا و نیشتمان لە چوارچێوەی یەکەیەکی نەتەوەییدا جێگیر بکەن، زۆربەی کات هەوڵەکانیان ڕووبەڕووی لەمپەر و پێکهاتەی سەختگیرانە و سەرەڕۆیانەی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان دەبێتەوە.

٢. پێشکەوتوویی مەعریفی فۆرمگەلی هێژمۆنۆتیکی بیری ناسیۆنالیستی کوردی تووشی ئالینگاری دەکات. تۆڕی دیاسپۆرا خۆی وەک شوێنگرەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ ئەو شتە دەناسێنێت کە وەک ڕۆشنگەرییەکی نەتەوەییخوازانەی گەندەڵ پێناسە کراوە، ڕۆشنگەرییەک کە بە ئاقاری دەستکاری، فریودەری، دژەڕۆشنبیری، زانیاریی چەواشە و دووجەمسەری کردنەوەی سیاسەت دەچێت. پەیامی فکریی

دەرکەوتوو لە دیاسپۆرا پرۆڕوونە: پێویستە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان خۆیان لە داوی دووانەی ئێرانیبوون و کوردبوون دەرباز بکەن، ئەو دوو ناسنامەیە کە هەر لە بنەماوە ناکۆک و نەگونجاوە.

٣. پێیەندبوون بە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و ڕژیمی حەقیقەتێکی جیاواز کە لەڕێگەی نووسینەوەی بەردەوامی مێژووی کوردی لە ڕوانگەی پەراوێزخراوانەوە هاتووەتە ئاراوە. ئەم ڕژیمی حەقیقەتە هەوڵ دەدات چالاکییە کۆلۆنیالیستی و ئەمپێریالیستییە بەردەوامەکانی دەوڵەتی ئێران ئاشکرا بکات و هاوکاتیش خوازیاری ڕێبەریی سیاسی بۆ نەتەوەی کورد وەک مافێکی جیهانداگر دەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم تایبەتمەندییانە دەرخەری سەرهەڵدانی گێڕانەوەیەکی سەربەخۆییخوازانەیە کە دیاسپۆڕای کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە بەشەکانی تری کوردستان جیاواز دەکات. ئەم دیاسپۆرایە بەجێگەی پێبەندبوون بە پێکهاتە نەریتییە حیزبییەکان یان دابەشبکارییە ناوچەییەکان، گێڕانەوەیەکی سەربەخۆییخوازانە جومگەبەندی دەکات، سنوورە نەتەوەییەکان تێدەپەڕێنێت و لەناو نەخشەیەکی ژوورنەتەوەیی گەورەتردا کار دەکات. ئەم نەخشە ڕوو لەگەشەیە، پانتای گشتی و گۆڕەپانی مەدەنیی چەند وڵاتی نیشتەجێ لەخۆ دەگرێت و دەوری سەرەکیی دیاسپۆرا لە بیچمدانی ئەجێندای سیاسی و ڕەوتی داهاتووی ڕۆژهەڵات بەرجەستە دەکات.

* https://doi.org/١٣٦٢١٠٢٥,٢٠٢٦,٢٦/١٠,١٠٨٠١٣٨٤١

پەراوێزەکان:

1- transborder citizenship

2- narrative

3- transnational

4- long-distance nationalism

5- ethnonational

6- home away from home

7- cyberethnographic

8- participant observation

9- reflexive

10- media anthropology

11- dual citizenship

12- multiple citizenship

13- origin and destination

14- self-reflexivity

15- TISHK

16- Rêga

17- Sako

18- inter-subaltern colonialism

19- The Invention of Africa

20- in-depth interview

21- brutal political economy

22- necro-labor

23- living dead

24- The Souls of Black Folk

25- Black Skin, White Masks,

26- internalizing

27- experience of double consciousness

28- Other

سەرچاوەکان:

on Great Britain." Diaspora Dialogues for Development and Peace Project, Berghof Peace Support ۳۱–۱. https://hdl.handle.net/۱۸۱۱٤/۱۸۱٤ .

Baser, B. ۲۰۱۲. "Inherited Conflicts: Spaces of Contention Between Second-Generation Turkish and Kurdish Diasporas in Sweden and Germany." Doctoral diss., European University Institute. https://hdl.handle.net/۲۵۱۹۷/۱۸۱٤.

Baubӧck, R. ۱۹۹٤. Transnational Citizenship: Membership and Rights in International Migration. Aldershot, Hants, England: Edward Elgar.

Begikhani, N., and A. K. Gill. ۲۰۱٦. Honour-Based Violence: Experiences and Counter Strategies in Iraqi Kurdistan and the UK Kurdish Diaspora. London: Routledge. doi:۹۷۸۱۳۱۵۵۸۷۰۱۱/۱۰,٤۳۲٤ .

Berkowitz, L., and L. M. Mügge. ۲۰۱٤. "Transnational Diaspora Lobbying: Europeanization and the Kurdish Question." Journal of Intercultural Studies –۷٤ :(۱) ۳۵ ۹۰. doi:۰۷۲۵٦۸٦۸,۲۰۱۳,۸٦٤٦۲۵/۱۰,۱۰۸۰.

Brah, A. ۱۹۹٦. Cartographies of Diaspora: Contesting Identities. London: Routledge. doi:۹۷۸۰۲۰۳۹۷٤۹۱۹/۱۰,٤۳۲٤.

Brubaker, R. ۲۰۰۵. "The 'Diaspora' Diaspora." Ethnic and Racial Studies :(۱) ۲۸ ۱۹–۱. doi:۰۱٤۱۹۸۷۰٤۲۰۰۰۲۸۹۹۹۷/۱۰,۱۰۸۰

Carter, D. ۲۰۰۵. "Living in Virtual Communities: An Ethnography of Human Relationships in Cyberspace." Information, Communication & Society ۱٦۷–۱٤۸ :(۲) ۸. doi:۱۳٦۹۱۱۸۰۵۰۰۱٤٦۲۳۵/۱۰,۱۰۸۰.

Clifford, J. ۱۹۹٤. "Diasporas." Cultural

Ahmadzadeh, H. ۲۰۰۳. "Nation and Novel: A Study of Persian and Kurdish Narrative Discourse." Doctoral diss., Uppsala University. Acta Universitatis Upsaliensis. ۱۰,٤۰۰۰/abstractairanica.٦۵٤۲.

Alinia, M. ۲۰۰٤. "Spaces of Diasporas: Kurdish Identities, Experiences of Otherness and Politics of Belonging." Doctoral diss. University of Gothenburg, Department of Sociology. https://gupea.ub.gu.se/handle/۱٦۲٦۹/۲۰۷۷ .

Alinia, M., and B. Eliassi. ۲۰۱٤. "Temporal and Generational Impact on Identity, Home(land) and Politics of Belonging Among the Kurdish Diaspora." Nordic Journal of Migration Research ۸۱–۷۳ :(۲) ٤. doi:۱۰,۲٤۷۸/njmr۰۰۰۸-۲۰۱٤- .

Anderson, B. ۱۹۹۸. "Long-Distance Nationalism." In The Spectre of Comparisons: Nationalism, Southeast Asia, and the World, edited by B. Anderson, –۵۸ ۷٤. London: Verso.

Arendt, H. ۱۹۷۳. "The Origins of Totalitarianism." In New with Added Prefaces, ۵۲۷. San Diego, NY, & London: Harcourt, Brace Jovanovich.

Ayata, B. ۲۰۱۱. "Kurdish Transnational Politics and Turkey's Changing Kurdish Policy: The Journey of Kurdish Broadcasting from Europe to Turkey." Journal of Contemporary European Studies :(٤) ۱۹ ۵۳۳–۵۲۳. doi:۱٤۷۸۲۸۰٤,۲۰۱۱,٦۳۹۹۸/۱۰,۱۰۸۰ ۸ .

Baser, B. ۲۰۱۱. "Kurdish Diaspora Political Activism in Europe with a Particular Focus

and Political Otherness: Kurdish and Palestinian Experiences. New York: Palgrave Macmillan. doi:٦-٧٦٦٩٨-٠٣٠-٣-٩٧٨/١٠,١٠٠٧.

Fanon, F. ١٩٦٧. Black Skin, White Masks. Translated by C. L. Markmann. New York: Grove Press. doi:١٠,٢٣٠٧/j.ctt١vwmfcj

Gebauer, C., and R. Sommer. ٢٠٢٣. "Beyond Vicarious Storytelling: How Level Telling Fields Help Create a Fair Narrative on Migration." Open Research Europe :(١٠) ٣ ١٠. doi:١٠,١٢٦٨٨/openreseurope.١٥٤٣٤,٢.

Gilroy, P. ١٩٩٣. The Black Atlantic: Modernity and Double Consciousness. London: Verso.

Glick-Schiller, N. ٢٠٠٥. "Transborder Citizenship: An Outcome of Legal Pluralism Within Transnational Social Fields." In Mobile People, Mobile Law: Expanding Legal Relations in a Contracting World, edited by F. von Benda-Beckmannvon Benda-Beckmann, K. von Benda-Beckmann, and A. Griffiths, ٦٢–٣٩. London: Routledge. doi:٩٧٨١٣١٥٢٤٨٨٠٦/١٠,٤٣٢٤ .

Glick-Schiller, N., and G. E. Fouron. ١٩٩٩. "Terrains of Blood and Nation: Haitian Transnational Social Fields." Ethnic and Racial Studies ٣٦٦–٣٤٠ :(٢) ٢٢. doi:٠١٤١٩٨٧٩٩٣٢٩٥١٢/١٠,١٠٨٠ .

Glick-Schiller, N., and G. E. Fouron. ٢٠٠١. Georges Woke Up Laughing: Long-Distance Nationalism and the Search for Home. Durham, NC: Duke University Press. doi:٩٧٨٠٨٢٢٣٨٣٢٣٩/١٠,١٢١٥ .

Hassanpour, A. ٢٠٠٣. "Diaspora, Homeland and Communication Technologies." In The Media of Diaspora: Mapping the Globe, edited by K. H. Karim, ٨٨–٧٦. London: Anthropology ٣٣٨–٣٠٢ :(٣) ٩. doi:١٠,١٥٢٥/ can.١٩٩٤,٩,٣,٠٢a٠٠٠٤٠ .

Diallo, M. M., and M. Muwanga. ٢٠٢٣. "Narrating Diaspora. The African Diaspora as a Counter-Narrative." DIEGESIS : Interdisziplinäres E-Journal für Erzählforschung: Interdisciplinary E-Journal for Narrative Research –٧٤ :(٢) ١٢ ٩١. doi:١٠,٢٥٩٢٦/cfrc-ad٩٦ .

Dryaz, M. S. ٢٠٢١. "Minority, State and Nation: Kurdish Society in Iran in the Aftermath of the Revolution." In The Cambridge History of the Kurds, edited by H. Bozarslan, C. Gunes, and V. Yadirgi, ٤٣٥–٤٠٧. Cambridge: Cambridge University Press. doi:٩٧٨١١٠٨٦٢٣٧١١,٠١٧/١٠,١٠١٧ .

Du Bois, W. E. B. ١٩٠٣. The Souls of Black Folk: Essays and Sketches. Chicago: A.C. McClurg & Co. doi:١٠,٢٣٠٧/j.ctv٣٤٦v٠g .

Eccarius-Kelly, V. ٢٠٠٢. "Political Movements and Leverage Points: Kurdish Activism in the European Diaspora." Journal of Muslim Minority Affairs ١١٨–٩١ :(١) ٢٢. doi:١٣٦٠٢٠٠٠٢٢٠١٢٤٨٥٤/١٠,١٠٨٠ .

Eliassi, B. ٢٠١٠. "A Stranger in My Homeland: The Politics of Belonging Among Young People with Kurdish Backgrounds in Sweden." Doctoral diss., Mid Sweden University. http://miun.diva-portal.org/ smash/get/diva٢:٣٣٧٥٩٧/FULLTEXT٠١ .

Eliassi, B. ٢٠١٦. "Statelessness in a World of Nation-States: The Cases of Kurdish Diasporas in Sweden and the UK." Journal of Ethnic and Migration Studies –١٤٠٣ :(٩) ٤٢ ١٤١٩. doi:١٣٦٩١٨٣/١٠,١٠٨٠X.٢٠١٦,١١٦٢٠٩١ .

Eliassi, B. ٢٠٢١. Narratives of Statelessness

America. Macmillan.

Mahmod, J. ٢٠١٩. “New Maps of Identity: The Kurdish Diaspora and Digital Networks.” Kurdish Studies ٦١–٤٤ :(١) ٧. doi:١٠,٣٣١٨٢/ks.vVi١,٥٣٠ .

Matin, K. ٢٠٢٢. “Decolonising Iran: A Tentative Note on Inter-Subaltern Colonialism.” Current Anthropology :(٢) ٦٣ ٤–١. doi:٧١٩٨٨٦/١٠,١٠٨٦ .

Mofidi, S. ٢٠٢٤. “The Experience of Suspension Among Political Identities; Kurdish Nationality and Aspiration for Kurdistani Citizenship Among Kurdish Immigrants in Western Europe.” Studies in Ethnicity and Nationalism ٣٨٦–٣٦٣ :(٣) ٢٤. doi:١٠,١١١١/sena.١٢٤٣٥ .

Mofidi, S., and J. Aghapouri. ٢٠٢٣. “The Role of Kurdish Identity in Shaping Political Identity: A Case Study of Kurdish University Students in Rojhelat, Kurdistan-Iran.” Journal of Ethnic and Cultural Studies ١٠ ١٧–١ :(٣). doi:١٠,٢٩٣٣٣/ejecs/١٤٦٥ .

Mohammadpour, A. ٢٠٢٢. Blood for Bread: Kurdish Kolbers, State Violence, and Another Call for Militant Anthropology (A Dissertation Portfolio). Doctoral diss., University of Massachusetts Amherst. DOI: ٢٧٩٢٨٠٤١/١٠,٧٢٧٥ .

Mohammadpour, A. ٢٠٢٤. “Blood for Bread: Necro-Labor, Nonsovereign Bodies, and the State of Exception in Rojhelat.” American Anthropologist ١٣٤–١٢٠ :(١) ١٢٦. doi:١٠,١١١١/aman.١٣٩٤١ .

Mohammadpour, A., and A. Javaheri. ٢٠٢٤. “Weeping Without Tears: Kurdish Female Kolbers and Gendered Necropolitics of State Routledge. doi:٩٧٨٠٢٠٣٣٨٠٦٤١٢/١٠,٤٣٢٤ .

Hassan Zadeh, A. ٢٠٢٥. “Toward a Political Synthesis for Eastern Kurdistan: Self-Determination as a Feasible Path within the Strategic Framework.” Tishk –١٣٨ :(٢٦) ٧١ ١٥٩. doi:١٠,٦٩٩٣٩/TISHK٠٠٧١١ .

Khalili, M. ٢٠٢٢. “Beyond a Centre–Periphery Approach: Inter-Minority Tensions and the Development of Contested Categories of Kurdish Mobilization in Iran.” Studies in Ethnicity and Nationalism :(٣) ٢٢ ٢١٨–٢٠٣. doi:١٠,١١١١/sena.١٢٣٧٤ .

Khayati, K. ٢٠٠٨. From Victim Diaspora to Transborder Citizenship? Diaspora Formation and Transnational Relations Among Kurds in France and Sweden. Doctoral diss., Linköping University. ١٠,٣٣٨٤/diss.diva٩٢٧٥- .

Khayati, K. ٢٠٢٥. “Sovereignty, State, Citizenship, Statelessness, and the Kurds: A Preliminary Study.” Tishk ٣١–١٠ :(٢٦) ٧١. doi:١٠,٦٩٩٣٩/TISHK٠٠٧١ .

Khayati, K., and M. Dahlstedt. ٢٠١٤. “Diaspora Formation Among Kurds in Sweden: Transborder Citizenship and Politics of Belonging.” Nordic Journal of Migration Research ٦٤–٥٧ :(٢) ٤. doi:١٠,٢٤٧٨/njmr٠٠١٠-٢٠١٤- .

Khayati, K., and M. Dahlstedt. ٢٠١٥. “Diaspora: Relations and Communities Across Borders.” In International Migration and Ethnic Relations, edited by M. Dahlstedt and A. Neergaard, ١٠٣–٨٠. London: Routledge. doi:٨-٩٧٨١٣١٥٧٦٤٩٧٩/١٠,٤٣٢٤ .

Laguerre, M. S. ١٩٩٨. Diasporic Citizenship: Haitian Americans in Transnational

Free Tibet: Cyberspace and the Ambivalence of Cultural Translation." In The Media of Diaspora: Mapping the Globe, edited by K. H. Karim, ۲۰۲–۱۸۹. London: Routledge. doi:۹۷۸۰۲۰۳۳۸۰٦٤۲/۱۰,٤۳۲٤ .

Sheffer, G. ۲۰۰۲. Diaspora Politics: At Home Abroad. New York: Cambridge University Press. doi:۱۰,۱۰۱۷/CBO۹۷۸۰۵۱۱٤۹۹٤۳۲ .

Sheyholislami, J. ۲۰۱۰. "Identity, Language, and New Media: The Kurdish Case." Language Policy ۳۱۲–۲۸۹ :(٤) ۹. doi:۱۰,۱۰۰۷/s-۹۱۷۹-۰۱۰-۱۰۹۹۳y.

Soleimani, K., and A. Mohammadpour. ۲۰۱۹. "Can Non-Persians Speak? The Sovereign's Narration of "Iranian Identity"." Ethnicities ۹٤۷–۹۲۵ :(۵) ۱۹. doi:۱٤٦۸۷۹٦۸۱۹۸۵۳۰۵۹/۱۰,۱۱۷۷ .

Soleimani, K., and A. Mohammadpour. ۲۰۲۰. "Life and Labor on the Internal Colonial Edge: Political Economy of Kolberi in Rojhelat." The British Journal of Sociology ۷۱ ۷٦۰–۷٤۱ :(٤). doi:٤٤٤٦,۱۲۷٤۵-۱٤٦۸/۱۰,۱۱۱۱ .

Soleimani, K., and B. Shojai. ۲۰۲۵. Kurdish Paradox of Statelessness: Öcalan's Confederalism and Turkeyification Strategies. London: Palgrave Macmillan. doi:۳-۸۳۷٤٦-۰۳۱-۳-۹۷۸/۱۰,۱۰۰۷ .

Tohidi, N. ۲۰۲۳. "Iran in a Transformative Process by Woman, Life, Freedom." Freedom of Thought Journal ۵۷–۲۹ :(۱۳) ۱۳. doi:۱۰,۵۳۸۹۵/ftj۱۳۱٤.

TÖlÖlyan, K. ۱۹۹۱. "The Nation-State and Its Others: In Lieu of a Preface." Diaspora: A Journal of Transnational Studies ۷–۳ :(۱) ۱. doi:۱۰,۱۳۵۳/dsp.۱۹۹۱,۰۰۰۸ .

Tsaliki, L. ۲۰۰۳. "Globalization and in Iran." Gender, Work & Organization ۳۲ ۸٦۷–۸٤۳ :(۲). doi:۱۰,۱۱۱۱/gwao.۱۳۱۸٤ .

Mojab, S. ۲۰۰٦. "Gender, Nation and Diaspora: Kurdish Women in Feminist Transnational Struggles." In Muslim Diaspora, edited by H. Moghissi, ۱۵۸–۱٤۲. London: Routledge. doi:۹۷۸۰۲۰۳۹٦۱۲۵٤/٤۳۲٤.۱۰ .

Mudimbe, V. Y. ۱۹۸۸. The Invention of Africa: Gnosis, Philosophy, and the Order of Knowledge. Bloomington and Indianapolis: Indiana University Press.

Ong, A. ۱۹۹۹. Flexible Citizenship: The Cultural Logics of Transnationality. Duke University Press. Postill, J. ۲۰۰۵. "Media Anthropology in a World of States". In EASA Media Anthropology E-Seminar ۲٦–۱۹. Accessed August ۲۰۲۵ ,۱۰. https://scholar.google.com/scholar?hl=sv&as_sdt=۲٪۰C۵&q=Media+Anthropology+in+a+World+of+States.&btnG= .

Pries, L. ۱۹۹۹. "New Migration in Transnational Spaces." In Migration and Transnational Social Spaces, edited by L. Pries, ۳۵–۱. London: Ashgate. https://books.google.fr/books?id=jE-OAAAAMAAJ .

Pripp, O. ۲۰۱۹. "Music, Dance and Ethnic Elasticity in a Kurdish Cultural Association: The Complexity of Intercultural Experience." El Oído Pensante ۱۱۸–۱۰۰ :(۱) ۷. https://diva-portal.org/smash/get/diva۲:۱۲۸۷۲۹۷/FULLTEXT۰۱.pdf .

Safran, W. ۱۹۹۱. "Diasporas in Modern Societies: Myths of Homeland and Return." Diaspora: A Journal of Transnational Studies ۹۹–۸۳ :(۱) ۱. doi:۱۰,۱۳۵۳/dsp.۱۹۹۱,۰۰۰٤ .

Santianni, M. ۲۰۰۳. "The Movement for a

Hybridity: The Construction of Greekness on the Internet." In The Media of Diaspora: Mapping the Globe, edited by K. H. Karim, ١٨٨–١٧٤. London: Routledge. doi:٩٧٨٠٢٠٣٣٨٠٦٤٢١/١٠,٤٣٢٤ .

Vali, A. ٢٠١٤. Kurds and the State in Iran: The Making of Kurdish Identity. London & New York: I. B. Tauris/Bloomsbury Publishing. https://www.bloomsbury.com/٩٧٨٠٨٥٧٧٣٣٣١٣

Van Bruinessen, M. ١٩٩٩. "The Kurds in Movement: Migrations, Mobilization, Communications and the Globalization of the Kurdish Question". Working Paper No. ١٤, Islamic Area Studies Project, Tokyo. https://dspace.library.uu.nl/handle/٢٠٥١٠/١٨٧٤ .

Vertovec, S. ٢٠٠١. "Transnationalism and Identity." Journal of Ethnic and Migration Studies ٥٨٢–٥٧٣ :(٤) ٢٧. doi:١٣٦٩١٨٣٠١٢٠٠٩٠٣٨٦/١٠,١٠٨٠ .

Vertovec, S., and R. Cohen. ١٩٩٩. "Introduction." In Migration, Diasporas and Transnationalism, edited by S. Vertovec and R. Cohen, xiii–xxviii. Cheltenham, UK: Edward Elgar Publishing.

Wahlbeck, Ö. ١٩٩٩. Kurdish Diasporas: A Comparative Study of Kurdish Refugee Communities. London: Springer. https://researchportal.helsinki.fi/en/publications/kurdish-diasporas-a-comparative-study-of-kurdish-refugee-communit .

Ward, K. J. ١٩٩٩. "Cyber-Ethnography and the Emergence of the Virtually New Community." Journal of Information Technology ١٠٥–٩٥ :(١) ١٤. doi:٠٢٦/١٠,١١٧٧ ٨٣٩٦٢٩٩٠١٤٠٠١٠٨

Werbner, P. ٢٠٠٥. "The Translocation of Culture: 'Community Cohesion' and the Force of Multiculturalism in History." The Sociological Review ٧٦٨–٧٤٥ :(٤) ٥٣. doi:١٠,١١١١/j.٩٥٤-١٤٦٧X.٢٠٠٥,٠٠٥٩٤.x .

Zettervall, C. ٢٠١٣. Reluctant Victims into Challengers: Narratives of a Kurdish Political Generation in Diaspora in Sweden. Doctoral diss., Lund University. https://portal.research.lu.se/en/publications/reluctant-victims-into-challengers-narratives-of-a-kurdish-politi.

جوغرافیا زەوتکراوەکان:
بێدەوڵەتی و بەرخۆدانی ژینگەیی لە ڕۆژهەڵات*

ئەحمەد مەحەممەدپوور

وەرگێڕان: کەماڵ حەسەنپوور

ئەم وتارە کەڵک لە سەرچاوەی جۆراوجۆر وەردەگرێت، کە پێک هاتووە لە شیکاریی بەڵگەنامەیی، لێکۆڵینەوەی ژینگەیی و بەرهەمی ئەتنیکناسی کە لە لایەن ڕێکخراوی مەدەنیی کورد و چالاکانەوە بەرهەم هێنراوە، لەگەڵ تۆماری هایدرۆلۆژیک، زانیاریی فەرمی، بڵاوکراوەی زانستی و، ڕاپۆرتی شایەتحاڵان لە لایەن پارێزەرانی ژینگەی خۆجێیی. زانیاریی بەرهەمهاتوو لە لایەن ئەنجومەنی سەوزی چیا و ڕایەڵەی مافەکانی مرۆڤی کورد، دوو لایەنی خاوەن پێگە و جیگەی متمانە کە زانیاری لەسەر ڕۆژهەڵات کۆ و بڵاو دەکەنەوە، تەوەری سەرەکیی ئەم وتارەن.

پوختە

ئـــەم وتارە گەڵاڵەیەکـــی دژەکۆڵۆنیال بۆ تێگەیشـــتن لە ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیی لە ئێران پێشکەش دەکات، بە جەختکردن لەســـەر ڕۆژهەڵات (کوردستانی ڕۆژهەڵات/ ئێران)، بە دۆخێکی ژینگەییـــەوە کە کاتێک نەتەوەیەک یـــان کولتووریـــک ســـەربەخۆیی سیاســـیی واتاداری بەســـەر خاکی خۆیـــەوە نەبێـــت، مـــن وەک ژینگەی بێدەوڵـــەت چەمکســـازی بۆ دەکـــەم. بـــە تێپەڕین لە بۆچوونە ڕۆژاواتەوەرەکانـــی دادپەروەریی ژینگەیی، ئەم وتارە باســـی ناسیۆنالیزمی فارسی-شیعی وەک پرۆژەیەکی ڕەگەزپەرســـتانە دەکات کە تێکدانـــی ژینگە وەک چەک بـــۆ بنکۆڵکردنی وڵات، ژیـــان و ژینگەی کـــوردان بەکار دێنێـــت. مـــن جەخت لەســـەر مینـــە چێنـــراوەکان، ئاگـــر تێبەردانی میلیتاریســـتی و، دروســـتکردنی بەنداو دەکـــەم تا بـــەوردی ئاماژە بکـــەم چـــۆن بەڕێوەبەریی ژینگە لـــە ڕۆژهەڵات بـــە پاشگۆێخســـتنی پێکهاتەیی، بـــە ئەمنییەتیکـــردن و دەســـتێوەردانی تاڵانکارانە چێ کـــراوە. بـــە کەڵکوەرگرتن لـــە بیرۆکەکانی دانیشـــتووە ڕەســـەنەکان و ســـڕینەوەی کۆلۆنیالیـــزم، وتارەکـــە چالاکیی ژینگەیی کوردی وەک سیاســـەتێکی ڕەســـەنی پێڕاگەیشـــتن، بیرهانیـــن و ڕەتکردنـــەوە، بەربەرەکانی لەگـــەڵ دەســـەڵاتداریی دەوڵەتـــی و ژینگەپارێزیـــی نەتەوەپەرســـتانە (سەرانســـەری) بیرۆکەیـــەک دەوروژێنێـــت. بـــەم کارە، وتارەکـــە دادپەروەریـــی ژینگەیـــی لـــە دەلاقـــەی ســـەربەخۆیی ژینگەیـــی و چـــارەی خۆنووســـینی دژەکۆلۆنیالـــەوە دادەڕێژێتەوە.

وشـــە کلیلەییـــەکان: ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیی، ژینگە بێدەوڵەتـــەکان، بەرخۆدانـــی ژینگەیـــی، ســـڕینەوەی کۆلۆنیالیـــزم، ڕۆژهەڵات

1. پێشەکی

چـــی ڕوو دەدات کاتێـــک خـــودی ژینگـــە دەبێتە چەکی دامـــودەزگای تونددوتیژیـــی دەوڵەت، کاتێک دارســـتانەکان دەســـووتێن، ڕووبـــارەکان وشـــک دەکرێـــن و، زەوی دەبێتـــە ئامـــرازی سیاســـی بە ئانقەســـتی کوشـــندە؟ پرســـیاری ئەوتۆ ئێمە ناچار دەکات بیـــر لەوبەری ڕووبەری بـــاوی دادپەروەریی ژینگەیی (لێـــرە بەملاوە د. ژ.) بکەینەوە و پرســـیار بکەین چـــۆن وێرانکردنی ژینگـــە دژی کۆمەڵگەی بێدەوڵـــەت و بـــە ڕەگـــەز پۆلێنکـــراوی وەک کورد کەڵکی لـــێ وەردەگیرێـــت (بڕوانە خشـــتەی ٤).

لە کۆمەڵناســـیی ئینگلیزی زماندا، ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی بووتـــە ڕوانگەیەکـــی بەهێـــز بـــۆ ئاشـــکراکردنی ئـــەم ڕاســـتییە کە چـــۆن کۆمەڵگە بـــە ڕەگـــەزە پۆلێنکـــراوەکان و پەراوێزخـــراوەکان بەشـــێوەیەکی ناڕێژەیـــی بـــەرەوڕووی مەترســـیی ژینگەیی و نادادپەروەری دەبنەوە (کۆل و فۆســـتەر، ٢٠٠١؛ داسۆن، ٢٠٠٠؛ لازاروس، ٢٠٠٠، پالیدۆ، ١٩٩٦، ٢٠٠٠، ٢٠١٦). لـــە بەرهەمە بنچینەییەکەی ڕابێرت بـــاڵارد (١٩٩٣) لەمەڕ فرێدانی زبڵی مەترســـیدار لە گەڕەکەکانـــی ئەمریکی-ئەفریقایی تـــا لێدوانەکانی ئەمدواییانـــە لەمـــەڕ د. ژ. کـــە وەک بەســـەرهاتی زەوتکـــردن دێنە ئەژمـــار (نیکســـۆن، ٢٠١١؛ پیلۆو، ٢٠٠٧؛ پولیـــدۆ، ٢٠٠٠؛ سیمپســـۆن، ٢٠٢٠)، بوارەکە بووەتە هۆی ســـەرنجدان بەو شـــێوازانە کە لەواندا ڕەگـــەز، شـــوێن و تونددوتیژیـــی دەوڵەتـــی یەک ئەگرنەوە تا نادادپەروەریـــی ژینگەیی بەرهەم بێنن. بواری توێژینەوەکە بەشـــێوەی پەرەئەستێن دان بەم شێوە نوێیەی ڕەگەزپەرســـتی دادەنێت (بڕوانە وایز، ٢٠٢١) وەک پێکهاتەیەکـــی ناونەتەوییی تونددوتیژی، ســـەرمایەداریی ڕیشـــەداکوتاو، کۆلۆنیالیـــزم و، هیرارشـــیی سیســـتەماتیکی ڕەگەزی (ئادیۆلا، ٢٠٠٩؛ وایـــت، ٢٠١٨). نیشـــانەکانی ئەم هەڵســـوکەوتە لە جوغرافیا و ڕێژیمی جۆراوجـــۆردا خۆی دەردەخات: پیشەســـازیی ژاراوی لـــە نزیکەی خەڵکی ڕەســـەن و کۆمەڵگە ڕەشپێســـتەکانی وڵاتـــە یەکگرتووەکان (جۆنـــز & ڕەینی، ٢٠٠٦؛ پالیـــدۆ & دی لارا، ٢٠١٨)، هێڵـــی بۆڕی کـــە نەتـــەوە یەکەمەکانـــی کانادا لە مەترســـی داوێـــن (مـــەک داناڵـــد، ٢٠٢٠)، میراتی شـــوێنەواریی ئاپارتایـــد لـــە ئەفریقـــای باشـــوور (بـــاڵارد، ٢٠٠٣)، ئاوارەکردنـــی بنچینەیـــی چینـــە پەراوێزخراوەکانـــی باشـــووری ئاســـیا (رانگاناتان، ٢٠٢١) و، خەباتی خەڵکی ڕەســـەن دژی بەتاڵانبردنی ســـامانە ژێرزەوییەکان لە ئەمریکای لاتین (بەیکۆن، ٢٠١٩؛ فییـــۆ، ٢٠٢١).

لەگەڵ ئەوەشدا، بەشـــێکی بەرچاوی ئەم وێژەیە لە لیبڕاڵ دێموکڕاســـییەکانی ڕۆژاوە سەرچاوەی گرتووە و بەهـــۆی ئیمتیازاتـــی ئەوانەوە بـــووە (پاوینێلی،

٢٠١١)، کــه بــه ناچاری لــه شــیکاریی چۆنیەتی کارکــردی ڕەگەزپەرســتیی ژینگەیی لــه چوارچێوه ســەرەڕۆ و پــاش کۆلۆنیالەکانــی خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت و بەتایبەت نەتەوە بەکەمینەکراوەکاندا ناســەرکەوتوو بووە. ئەم بێموبالاتییــە بووەتە هۆی گریمانەکانــی ئەوروپاتــەوەر و دەوڵەتتــەوەر کــه ئامانجی تووێژینــەوەی د. ژ. ئالنــگاری بۆ ئێمه دروســت بکات و بەو هۆیەوە تێگەیشــتنی ئێمه له دەوری ســەرکوت، میلیتاریزەکردن و نەتەوەپەرستیی ئەتنیکی بــۆ داڕشــتنی زەوتکردنــی ژینگەیی لەو ناوچانــەی لــه گوتاری گشــتی دەرهاویشــتراون، ســنووردار بــکات. ئــەم وتــارە بەتەمایــە ئــەم کەمایەســییە بە لێکۆڵینەوە له سیاسەتی ژینگەییی ئێــران بەرانبەر بە گەلی کورد، بــە کەڵکوەرگرتن له ڕوانگەی توندوتیژیی دەوڵەتــی بەرانبەر بە ئەتنیک و ڕەگەزی دیاریکراو، چارەســەر بــکات (مادریگانۆ & ســمیت، ٢٩٠٢٤). هۆدانــی مــن ئەمەیــە کە شێوازی دەســەڵاتداریی ژینگەیی دەوڵەتی ئێران له ڕۆژهەڵات یان کوردســتانی ئێــران (ڕۆژهەڵات، لێرە بــەدواوە) کەڵک له مێکانیزمــی ئەوتۆ وەردەگرێت که لەوانەیە بەشــێوەی بــاو له ئەمریــکای باکوور یــان ئوروپــا لێکۆڵینەوەیــان بۆ کــراوە، جیاوازە. لەجیــات قایل بوون بــە خراپتربوونــی یەکیان له ئەوی دیکــە، ئامانجی من ئەمەیە کە پیشــان بدەم چۆن بێدەوڵەتی، میلیتاریزە کردن و، شــارۆمەندیی ئەتنیکی-ڕەگــەزی، دەبێتــە هــۆی ئافراندنــی پێکهاتەیەک کــه لەویــدا زەرەری ژینگەیی ئەوتۆی لێ دەکەوێتــەوە کە هەڵوێســتەکانی دادپەروەریی ژینگەیی هەنووکەیی ڕەنگبــێ نەتوانێت بەتەواوی بیگرێتەوە (ســانتۆس، ٢٠٢٥).

ئــەم وتارە لە پێنــج بەش پێک هاتــووە. یەکەمیان بــاس لــه ڕەگەزپەرســتیی ژینگەیــی و چالاکیی ژینگەپارێــزی له چوارچێــوەی کوردیــدا دەکات؛ تــەوەری دووهەمیــان دیاریکردنــی چوارچێوەی ڕووبــەری سیاســی و ژینگەیــی ڕۆژهەڵاتــە و شــرۆڤەی ئەمە دەکات چــۆن تێکدانــی ژینگەی ئــەم ناوچە کوردییــەی ئێران له لایــەن دەوڵەتەوە مێکانیزمی کۆنترۆڵی کۆلۆنیالیســتی پیشان دەدات. بەشــی ســێهەم، گۆڕەپانێکــی تیۆریکــە کــه که لەویدا شــوێنی ئێران لــه گوتاری جیهانــی لەمەڕ ڕەگەزپەرســتیی ژینگەییدا به شــرۆڤەی گفتوگۆکان له دنیــای ئینگلیزی زمانــدا دەستنیشــان دەکات، له کاتێکــدا جەخــت لەســەر تاقانــە و تایبەتی بوونــی سیاســەتە ڕەگەزپەرســتانەکانی دەوڵەتی ئێــران بەرانبەر بــە دیمەنە کوردییــەکان دەکات. بەشــی چوارەم ســێ ڕێــکار، مینە چێنــراوەکان، ئاگــری دارســتانەکان و، هەڵبەســتنی بەنداوەکان شــرۆڤە دەکات و باســی چۆنیەتیــی بەرخۆدانی ڕێکخــراوە مەدەنییــە کوردییــەکان بەرانبەر بەو ژینگەکوژییــەی دەوڵەت دەکات (گرۆو & شــرایەر، ١٩٩٥). وتارەکە بــە ئاوڕدانەوەیەکــی ڕەخنەگرانە لــه هەڵــەی پاڕادایمەکانــی نەتەوەپەرســتانە و دەوڵەتتــەوەر کۆتایی دێت (ئارۆنزیــک، ٢٠٢٤)، که باس له پێداچوونەیەکی ســڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لــه دادپەروەریــی ژینگەیــی لەژێــر ڕووناکاییی زانیارییەکانــی گەلانی بێدەوڵەت و ڕەســەن دەکات (ســانتۆس، ٢٠٢٥؛ تاکاچ & کــووک، ٢٠٢٤).

٢. ڕۆژهەڵات کوێیە؟

ڕۆژهــەڵات، به کــوردی به مانای 'ڕۆژهەڵات'ــــەـ و نــاو کوردیــی بەشــی ڕۆژهەڵاتــی نیشــتمانی مێژوویی ئەوان، واتە کوردســتانی گەورەیە. ئێســتا ئەم ناوچەیە لەناو ســنووری جوغرافیای سیاســیی وڵاتــی ئێرانــدا هەڵکەوتــووە. بۆ خۆبــواردن له کەڵکوەرگرتــن له دەســتەواژەی ئێرانــی که بوونی کوردی دەســڕێتەوە و له ڕوانگەی کۆلۆنیالییەوەیە، مــن وەک کردەوەیەکی خۆڕاگریی زانســتی، کەڵک لــه ڕۆژهــەڵات وەردەگــرم. بــە ڕەچــاو کردنی توێژینەوەکانی پەیوەندیدار به گەلانی ڕەسەنەوە که جەخت لــه ســەر ئاماژە بەخــۆ کــردن و ڕەخنه گرتن له نەخشەکێشــیی کۆلۆنیال دەکەن (ریفکین، ٢٠١٧)، ناودێرکردنــی ئــەم جوغرافیایــە بەگوێرەی ویســتی کوردان هــەم شوناســە مێژووییەکەی و هەروەها خەباتــی هەنووکەیی بۆ ســەربەخۆیی کولتــووری و ژینگەیی پشتڕاســت دەکاتەوە (بڕوانە گەین، ٢٠٢٥).

لــه ڕوانگــەی بەڕێوەبەرییــەوە، ڕۆژهــەڵات چوار پارێــزگا دەگرێتــەوە: ئازەربایجانــی ڕۆژاوا، کوردســتان (ســنە)، کرماشــان و ئیلام. له کاتێکدا

زانیارییەکانی سەرژمێری، لە ڕووی سیاسییەوە دەستیان تێوەردراوە و دابەشکاریی ئەتنیکی-زمانیی دروستی ئەوان لابردراوە، ڕێژەی دانیشتووانی کوردی ڕۆژهەڵات لەنێوان ١٠ بۆ ١٢ ملیۆن دەخەملێندرێت. بەشی هەرەزۆری ڕۆژهەڵات چیاییە کە پێناسەکەی بارانی زۆر، دارستانی چڕوور و، ڕایەڵەیەک لە ڕووبارانی هەیە، لە ناوایندا جەغەتوو(زرینەرود)، زاب و، سیروان. سەرەڕای سامانە ژینگەییە بەرچاوەکەی، ڕۆژهەڵات بووەتە گۆڕەپانی قاتوقڕیی دەستکرد. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، دەوڵەتی ئێران ژمارەیەکی زۆر بەنداوی دروست کردوون و پڕۆژەی زەبەلاحی گواستنەوەی ئاوی جێبەجێ کردوون (میرزاوەند * باقری، ٢٠٢٠) و، ئاوی ناوچە کوردییەکانی بۆ پشتگیری لە کشتوکاڵ و گەشەی پیشەسازی لە ناوچەکانی خاوەن زۆرینەی فارس ڕاگواستووە (بەهرامی، ٢٠١٦).

تێکدانی ژینگەی ڕۆژهەڵات یەکێک لە تەنگەتاوترین و لە هەمان کاتدا پاشگوێخراوترین قەیرانەکان لە توێژینەوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە. لە توێژینەوەکانی ئێرانیدا، بەتایبەت هەم لە لایەن گوتاری زانستیدا و هەروەها لە بەرنامەی سیاسیدا پاشگوێ خراوە. سەرەڕای سەرەنجی پەرەئەستێنی ناونەتەوەیی بۆ د.ژ. (ئارۆنزیک، ٢٠٢٤؛ باڵارد، ٢٠٠٥؛ کۆڵ & فۆستەر، ٢٠٠١؛ کۆنفڕسی & فریس، ٢٠٢١؛ کەرالەگەن، ٢٠٢٣؛ پالیدۆ، ١٩٩٦؛ پالیدۆ ٢٠٠٠؛ شامیس، ٢٠٢٣؛ واکر & بالکەلی، ٢٠٠٦)، هەڕەشە ژینگەییەکان کە کوردان لە ئێران لە مەترسی داوێن، تا ڕادەیەکی زۆر بێدەنگەی لێ کراوە یان کراوەتە پرسی ناکارامەیی بەڕێوەبەریی دەوڵەت یان بە گشتاندنی ئاماژە بە ئاڵوگۆڕی کەشوهەوا، ناسیاسی کراوە (بڕوانە بەیگی حەیدەرلوو و ئەوانی تر، ٢٠٢٤). ئەم وتارە ئەم قەیرانە ژینگەیی-مرۆییە دیسان پێناسە دەکاتەوە کە ئاکامی بەئانقەستی دژەژینگەیی زنجیرەیەک سیاسەتی سیستەماتیک و دەوڵەتی بوون کە لە کۆتاییی جەنگی ئێران-عێراق لە ١٩٨٨ بەولاوە جێبەجێ کراون.

لەم سااڵانەی دواییدا، هێندێک لایەنی کەم ئەژمار بەاڵم پەرەئەستێنی زانستی دەستیان کردووە بە لێکۆڵینەوە لە وێرانکردنی ژینگەی ڕۆژهەڵات وەک ئاکامی بەئانقەستی سیاسەتی دەوڵەت (حەسەنیان، ٢٠٢١، ٢٠٢٤؛ سولەیمانی، ٢٠٠٥).

بە ڕەچاوکردنی زنجیرەیەک هەڵوێستی ڕەخنەگرانە، وەکو کۆلۆنیالیزمی ژینگەیی (داسۆن، ١٩٩٦)، تێرۆریزمی ژینگەیی (سولەیمانی، ٢٠٢٥)، لەگەشەخستن و کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی (محەممەدپوور & سولەیمانی، ٢٠٢٤)، ئامانجی ئەم توێژینەوانە تێگەیشتن لەوەیە کە چۆن زەرەرگەیاندن بە ژینگە وەک چەکێک دژی سیستەمی ژینگەیی کوردی کەڵکی لێ وەردەگیرێت. ئەم وتارە هەڵوێستێکی دژەکۆلۆنیالی بەرگریی ژینگەیی (واڵش، ٢٠٠٧) ڕەچاو دەکات. بەپێچەوانەی گوتاری باوی ژینگەیی، کە گریمانە دەکات دەسەاڵتی دەوڵەتی ئەرکداری بەڕێوەبەریی سامانە هاوبەشە ژینگەییەکانە، ڕوانگەیەکی دژەکۆلۆنیال بە هێنانە ژێر پرسیاری خودی ڕەوایی دەوڵەت لە چوارچێوەی بێدەوڵەتیدا و کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی دەست پێ دەکات (کۆچەنۆڤ، ٢٠٢٤؛ تورنەر، ٢٠١٧). لە نموونەی ڕۆژهەڵاتدا، ئەم شوێنەی دانیشتووانی کورد بەدرێژاییی مێژوو لە دانپێدانانی سیاسی، مافە زمانییەکان و سەربەخۆیی خاکی بێبەش کراون، تێکدانی ژینگە ناتوانێت لە پەیوەندییە بەرفراوانترەکانی کۆلۆنیالی جیا بکرێتەوە. دەستێوەردانە ژینگەییەکانی دەوڵەتی ئێران نە بێالیەنانەن و نە بەتەنیا تێکنۆکراتانەن. بیرۆکەی دژەکۆلۆنیال، بەتایبەت لە ئەمریکای لاتین و نەریتەکانی گەلانی ڕەسەن، یارمەتیدەری چەمکسازیی ئەم شێوازە نوێیەی تووندوتیژی وەک ڕێکاری کۆنترۆڵی کۆمەڵگە بێدەوڵەتەکان و ژینگەناسییە (بڕوانە کاول & ئاناند، ٢٠٢٥).

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، بە لەبەرچاوگرتنی هێرشەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر سیستەمی ژینگەیی کوردستان و، نەبوونی ژێرخانی واتادار بۆ بەرگری لەو، کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەڵات وڵامێکی تۆکمەی جەماوەری بەم هێرشانە بە دامەزراندنی ڕێکخراوی مەدەنی و دەستێشخەرییە سەوزەکانی پشتئەستوور بە کۆمەڵگە بۆ پارێزگاری لە ژینگە، بەتایبەت بۆ بەربەرەکانی

لە ئاگرکەوتنەکانی مەزرا و دارســـتانەکان، داوەتەوە
(بڕوانە خشـــتەی ژمـــارە ١).

ڕێکخراو/ئەنجومەن	ساڵ	شار/ناوچە
ئەنجومەنی سەوزی جیا	١٩٩٨	مەریوان
یاڕین	١٩٩٨	بانە
کۆمەڵگەی سەوزی کوردستان	٢٠٠١	سنە
جڕۆ	٢٠٠٨	ڕەوانسەر
ئەنجومەنی کاتیی کامیاران	٢٠١٠	کامیاران
دۆستانی زاگرۆس لە سەقز	-"-	سەقز
سەولی سەوڵاوا	-"-	سەوڵاوا
گیارەنگ	-"-	سەردەشت
کەوانە	-"-	کامیاران
ئەنجومەنی ژیانی سەوزی سەقز	-"-	سەقز
ئەنجومەنی نەوژینی کوردستان	-"-	مەریوان
ئۆرگی ئارەکەم	-"-	بۆکان
ژینیانان	-"-	بۆکان
ژینگەیارێزانی داڵاهو	-"-	کرند
ژینگەیارێزانی پیرانشار	-"-	پیرانشار
ئەنجومەنی ژیوای	-"-	یاوە، یارێزگای کرماشان
کۆژین	-"-	سەقز
ژیانەوەی ژینگە	-"-	مەهاباد
یارێزەرانی جیای کۆسالان	-"-	یاوە
ژینگەیارێزانی جاجەمە	-"-	سنە
ئەنجومەنی پیرۆزی موژمێ	-"-	سنە
سەرابی سەوز	-"-	قوروە
ژینگەیارێزانی داڵانیەر	-"-	ورمێ
مایریس	-"-	جوانڕۆ
یارێزەرانی ژینگە	-"-	سەلاسی باوەجانی
نەوژینی سەوز	-"-	نەغەدە
	-"-	

خشتەی ١

ڕێکخراو و ئەنجومەنەکانی ژینگەیارێز لە ڕۆژهەڵات، ئێران

سەرەڕای چاودێریی بەردەوام و ڕاگرتنی زۆرەملێی چالاکییەکانیان، ئەم تاقمانەی پشتئەستوور بە کۆمەڵگە، بەرگرییان لە سیستەمی ژینگەیی کوردستان و میراتە سروشتییەکان کردووە. ئەم ڕێکخراوانە بەتەواوی خۆبەخشانەن، تەنیا پشت بە یارمەتیی خەڵکی مەدەنیی کورد و پشتگیریکاران بۆ ڕێکخستنی چالاکیی پێشگرتن بە ئاگرکەوتنەوە و کوژاندنەوەی ئاگرەکان دەبەستن و کەمپەینی ڕاهێنانی ژینگەیی ڕێک دەخەن، شارەکان خاوێن دەکەنەوە و چالاکانە دژی پڕۆژە زیانبەخشە دەوڵەتییەکان وەک هەڵبەستنی بەندا و بەرنامەی گواستنەوەی ئاو بەرگری دەکەن. لە ڕووداوێکی کارەساتباری هاتوچۆدا، لە ڕاهێنانێکی چاییدا لە ٤ی جوونی ٢٠٢١، چوار ئەندامی ئەنجومەنی سەوزی چیا و ئەنجومەنی پاژینی بانە کوژران و، ١١ کەسی دیکەش بریندار بوون.(1) ئەم ڕووداوە ناخەڕێنە دەیسەلمێنێتەوە دەستپێشخەریی ژینگەپارێزیی کۆمەڵگەتەوەر دژی زەوتکرانی ژینگەیی چەند دژوارە.

ئەم تووندوتژییە کە بەهۆی زەوتکرانی ژینگەوە لە ڕۆژهەڵات ڕوو دەدات، ڕاستییەکی ڕۆژانەیە کە ئاسەوارەکانی لە جەستەکان، خاک و تازیەکاندا دیارن (بڕوانە خشتەی ٣). من بە کەڵکوەرگرتن لە لێدوانەکانی ئاشیل مبێمبێ (مبێمبێ، ٢٠٠٣)، ئەم بەشە بە باسکردن لە سێ ڕووداوی ئەم دواییانە کۆتایی دێنم تا ئاشکرای بکەم چۆن دەوڵەتی ئێران سەرپەرشتیی ژینگەی کوردستان دەکاتە گۆڕەپانی سیاسەتی دیاریکردنی مردن (نێکرۆپۆلیتیکس= تیۆرییەکی سیاسی کە باس لە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی یان سیاسی بۆ بڕیاردانی مان و نەمانی خەڵک دەکات. و.).

لە ٢٤ی جولای ٢٠٢٥، بڵێسەی ئاگر چیای ئاویەری سنەی داپۆشی. کاتێک خۆبەخشانی کورد، بەبێ هیچ یارمەتییەکی دەوڵەتی، بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە هەڵمەتیان برد، پێنج کەس گیانیان بەخت کرد، حەمید موردای، پارێزەر و سەرۆکی ڕێکخراوێکی مەدەنی؛ چیاکۆ یوسفی نژاد، چالاکێکی وەرزشوان و؛ خەبات ئەمینی (بڕوانە وێنەی ١). ئەوانی دیکەش بەسەختی بریندار بوون. ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمەکانیان کرا بە ناڕەزایەتیی جەماوەری، خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان و هاواریان دەکرد 'داگیرکەری ئێرانی، بکوژی ڕۆڵەکانمانی،'(2) و 'شەهید نامرێ.'(3) ئاگرکوژاندنەوە لێرە بوو بە جۆرێک شەهید بوون. سااڵێک پێشتر، لە ٢٥ی جولای ٢٠٢٤، پاش ناشتنی ئیسماعیل کەریمی، چالاکێکی ژینگەپارێزی کورد کە لە کاتی بەربەرەکانی لەگەڵ بڵێسەی ئاگر لە نەجەف ئاباد گیانی بەخت کرد، هێزە ئەمنییەتییەکان لانی کەم پێنج چالاکیان لەژێر هەڕەشەی تفەنگدا دەستبەسەر کرد. سپای پاسداران نەتەنیا ناڕازییەکانی سەرکوت کرد؛ ئەوانەیان ڕاوەدوو نا کە وێرایان بە ئاشکرا تازیە دابنێن، بەم شێوەیە هۆگری و یادکردنەوەی کوردییان نایاسایی کرد.(4) بێجگە لەوە، لە ئاگوستی ٢٠١٨، چوار ژینگەپارێزی مەریوانی، لە ناویاندا شەریف باجوەر، لە کاتی ئاگرکوژاندنەوەیەکدا گیانیان بەخت کرد کە بەگوێرەی ڕاپۆرت بەهۆی تۆپبارانی سپای پاسدارانەوە دەستی پێ کردبوو. خەڵکی ئەم مەڵبەندە گێرانەوەی دەوڵەتییان قبووڵ نەکرد. ناڕەزایەتییەکان دەستیان پێ کرد. خەڵک گوتیان ئاگر تێبەردان بووەتە ستراتێژییەکی سەربازی، هێرشێک بۆ سەر دارستانەکانی کوردستان کە لەژێر دەمامکی ڕووداوی نەخوازراو حەشار دەدرێت. لە کاتی ناشتنی تەرمەکانیان و هەروەها لە یادکردنەوەیاندا خەڵک هاواریان کرد، 'شەهید نامرێ' و 'شەهیدان ڕێپێشاندەری ئازادیی کوردستانن.' ئەم وتارە ژینگە وەک گۆڕەپانی ژێردەستەیی سیاسی سەیر دەکات، شوێنێک کە لەوێدا دەوڵەت دەسەڵاتەکەی بۆ تێکدانی ئەو ملک و دیمەنە سیمبۆلیکانە دەکار دەکات کە شوناسی کورد دەپارێزن. چوارچێوەی وەک ناسیۆنالیزمی ڕۆژانە (بیلینگ، ١٩٩٥) یان ناسیۆنالیزمی ژینگەیی (ئاروێنزیک، ٢٠٢٤؛ داسۆن، ١٩٩٦، ٢٠٠٠؛ شامیس، ٢٠٢٣)، ئەگەرچی بۆ لێکۆڵینەوە لە چێکردنی دەوڵەت یان سیاستی شوناسی ژینگەیی لە دەوڵەت-نەتەوەکاندا بەکەڵکن، بەاڵم لەم چوارچێوەیەدا خاوەن کەمایەسین. ئەم جۆرە هەڵوێستانە زۆر جار دەوڵەت وەک ئاسۆی کردەوەی سیاسی،

ئاســـایی دەکەن و گریمانەی ژینگەیەکی نەتەوەیی گشـــتگیر دەکەن. ئەوان ناتوانـــن دۆخی بێدەوڵەتی لەبەرچاو بگرن، باســـی ئـــەوەش ناکەن چۆن خودی گوتـــاری ژینگـــە بـــۆ قووڵترکردنەوەی هیرارشـــییە کۆلۆنیالییـــەکان دەتوانـــێ کەڵکی لـــێ وەرگیرێت.

٣. شێوازەکان، ئەتنیکەکان و، هەڵکەوتە

ئـــەم وتـــارە کەڵـــک لـــە ســـەرچاوەی جۆراوجۆر وەردەگرێـــت، کـــە پێـــک هاتـــووە لە شـــیکاریی بەڵگەنامەیـــی، لێکۆڵینـــەوەی ژینگەیی و بەرهەمی ئەتنیکناســـی کە لە لایـــەن ڕێکخـــراوی مەدەنیی کـــورد و چالاکانـــەوە بەرهـــەم هێنـــراوە، لەگەڵ تۆماری هایدرۆلۆژیـــک، زانیاریی فەرمی، بڵاوکراوەی زانستی و، ڕاپۆرتی شـــایەتحاڵان لە لایەن پارێزەرانی ژینگەی خۆجێیی. زانیاریـــی بەرهەمهاتوو لە لایەن ئەنجومەنی ســـەوزی چیـــا و ڕایەڵـــەی مافەکانی مرۆڤی کـــورد، دوو لایەنی خـــاوەن پێگە و جیگەی متمانە کـــە زانیاری لەســـەر ڕۆژهەڵات کـــۆ و بڵاو دەکەنـــەوە، تەوەری ســـەرەکیی ئەم وتـــارەن. من هەروەهـــا کەڵکم لـــە زانیاریی مێدیـــای هەرێمی و شـــتی بەرهەمهێنـــراو لـــە لایـــەن چـــالاکان و دەســـتەکانی ژینگەپارێز وەرگرتووە کە لەمێژســـاڵە پەیوەندیی پیشـــەیی و فکریم لەگەڵیـــان هەیە. بۆ دڵنیابـــوون لە دروســـتیی زانیارییـــەکان، کەڵکم لە بەراوردکـــردن و پێکگرتنی ئیدیعـــاکان و بەڵگەکان لە چەنـــد ســـەرچاوەی جۆراوجـــۆرەوە وەرگرتووە، وتوویـــژم لەگـــەڵ خەڵکـــی ناوچەکە کـــردووە و یارمەتیم لە پشتڕاســـتکردنەوەی بـــەردەوام لەلایەن چـــالاکان و تۆڕەرانی تێوەگلاو لـــە کاری ژینگەیی لە ڕۆژهـــەڵات لـــە تـــەواوی ئـــەم توێژینەوەیەدا وەرگرتـــووە. ئەم کارە بـــە ئامـــرازی دیجیتاڵ وەک واتســـئاپ، تێلێگرام و گوگڵ میـــت جێبەجێ کراوە. ڕێکخراوە مەدەنییـــە کوردییـــەکان و داکۆکیکارانی ژینگە هەروەها گرووپی تێلێگرام و ئینســـتاگرامیان چێ کـــردووە کـــە ئارشـــیوی فـــرە دەوڵەمەند و دەنگ و ڕەنگیان تێدان کە بەهاســـانی بەردەســـتن و من بـــۆ هەڵســـەنگاندنی بەڵگـــە و ئیدیعاکانی پێشکەشـــکراو لەم وتارەدا کەڵکم لـــێ وەرگرتوون. بـــە مەبەســـتی پارێـــزگاری لـــە ژینگەپارێـــزان و ڕێکخراوە مەدەنییـــەکان، خۆم لـــە درکاندنی ناوی تاکـــەکان یـــان هـــەر جـــۆرە وردەکاری کـــە ببێتە هۆی دەستنیشـــانکردنی ئەم کەســـانەی هاوکارییان کردووم، بواردووە. من تەنیا ئامـــاژە بە ڕووداوەکان، بەڵگـــە وێنەییـــەکان و پێشـــهاتەکان و زانیارییەک دەکـــەم کە هـــەر ئێســـتا بەشـــێوەی بەرفـــراوان بڵاو بوونـــەوە و خەڵکـــی ناوچەکە لێی ئـــاگادارن، واتە لـــە زانیاریی بەردەســـت کە لـــە ماڵپەڕەکانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، سوســـیال مێدیـــا، ناوەندە خەبەرییەکانـــی ناوچەیـــی و سەرانســـەری کە بە ئاشـــکرا لە ئێـــران چالاکن، بەردەســـتن و هەروەها لـــە بڵاوکراوە زانســـتییەکان کەڵکـــم وەرگرتوە.

بـــۆ دیاریکردنی شـــوێنی تاکی و هزریـــی خۆم لەم لێکۆڵینەوەیـــەدا، من لە ئێـــران لەدایک بووم، گەورە بووم و خوێندوومە، ســـەردەمی منالـــی، خوێندنی ســـەرەتایی و ناوەندیـــی من لە جەنگـــەی جەنگی ئێران-عێـــراق بوو، کـــە بوونە هەوێنی کەســـایەتی و کاری زانســـتیی مـــن. زانیاریی ئـــەم توژینەوەیە، هەروەهـــا بەرهەمـــی دوو دەیـــە تێڕوانینـــەوەی ئەتنیکناســـییە کە مـــن لە سەرانســـەری ڕۆژهەڵات لـــە ١٩٩٩ بـــەولاوە، زۆرتر لـــە سەردەشـــت، بانە، مەریـــوان، مەهابـــاد و هەورامـــان و، هەروەها لە توێـــی چەند پـــرۆژەی هاوبەش لە شـــوێنی دیکەی ناوچەکە بەڕێوەم بـــردووە. پەیوەندیی درێژخایەنی من، ئـــەو متمانانەی من لەگـــەڵ خەڵکی ناوچەکە هەمبووە بۆ پشتڕاســـتکردنەوە و هەڵســـەنگاندنی زانیاریـــی کەڵک لـــێ وەرگیراو لـــەم توێژینەوەیەدا یەکلاکـــەرەوە بوون. بـــۆ ئەم مەبەســـتە، من دەبێ تێبینییە دەســـتی یەکەم و شـــایەتحاڵەکانی گەڵێک لەم کارەســـاتانەی باســـکراو لەم وتارەدا زیاد بکەم. بۆ وێنـــە، لەبیرمە چۆن لە ماوەی چەنـــد کاتژمێردا، ســـێ کەس لە هاوپۆلەکانـــم قاچەکانیـــان بەهۆی تەقینـــەوەی مین لە قـــەراخ گوندەکەمـــان لەکیس دا. وەکـــو زۆر کوردی دیکە کە نیشـــتمانیان کراوەتە مەیدانـــی میـــن، منیـــش دەیـــان هێکتـــار زەویی کشـــتوکاڵیم بینیـــوە کە دەســـتی لـــێ هەڵگیراوە. ئـــەم ناوچەیەی مـــن لێـــی دەژیـــام، یەکێک لەو شـــوێنانەیە لەم وتـــارەدا لێکۆڵینەوەی لـــێ کراوە، کە ســـەرجەم گـــرد و بەرزاییەکانـــی مۆڵگەیەکی ســـەربازی لێیە. دەوڵـــەت بە هەمان شـــێوە چەند بەنـــداوی لەوێ، بەبـــێ هەڵســـەنگاندنی ژینگەیی

هەڵبەستوون. بێجگە لەوە، من شایەت بوومە چۆن خاک، کانگاکان و زیخی ڕێڕەوی ڕووباری زاب دەرهێنراوە و بۆ شوێنی دیکە بەڕێ کراوە. ئەم کاتانەی دیتنی ڕاستەوخۆی ئەم ڕووداوانە، تێگەیشتنی منی لە ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی وەک بەشێکی جیانەکراو لە پێکهاتەی دەوڵەتی بۆ کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی و خاپوورکردنی ژینگەی ڕۆژهەڵات دارشتووە. لێکۆڵینەوەی پێشکەشکراو لێرەدا لەسەر ئەم بەریەککەوتنانە بنیات دەنرێت و ئەوان دەکاتە سەرچاوەی گفتوگۆی بەردەوام، بە تۆڕینەوەیەکی گەشەئەستێن کە کەڵک لە دەلاقەی سڕینەوەی کۆلۆلیالیزم وەردەگرێت بۆ وەرددانەوەی زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە مشتومڕی دادپەروەریی ژینگەیی و سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم.

٤. ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی و چالاکیی ژینگەپارێزیی کوردی

لە سەرەتای ٢٠٠٠کانەوە، چالاکییە ژینگەپارێزییەکانی کوردی وەک بەرپەرچدانەوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرانبەر بە کردەوەکانی دەوڵەت کە پانتای کوردستانی وەک شتێکی قابیلی قوربانیکردن سەیر دەکرد، دەستیان پێ کرد. گەشەی بەرخۆدانی ژینگەیی کوردی هەروەها بە باسە هەنووکەییەکانی پەیوەندیدار بە سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم بووژاونەوە (کۆرێیا & گالیانا، ٢٠٢٥؛ هانت، ٢٠٢١)، کە لە لایەن نەوەی لاوی ڕۆشنبیرانی کورد و کۆمەڵگەی مەدەنیی گەشەئەستێنەوە پێشوازی لێ کراوە. ئەم جووڵانەوەیە خۆی لە پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی وەک گۆڤاری تیشک(5) ، بڵاوکراوەیەکی کوردیزمانی خاوەن ڕێزی بەرفراوان کە سەکۆیەکە بۆ گەنگەشەی ڕۆشنبیرانە و تێکۆشانی چالاکان، و هەروەها بەهۆی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ئەنجومەنە ژینگەپارێزەکان کە خولی فێرکاری، بەرنامەی ڕاهێنان و دەستپێشخەریی مەدەنی ڕێک دەخەن و هەم هۆشیاریی ڕەخنەگرانە و هەروەها تێوەگلانی بە کردەوە لەگەڵ خەباتی ژینگەپارێزی و کۆمەڵایەتی-سیاسی بەرەو پێ دەدەن.

یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم جووڵانەوەیە ئەوەیە کە باشترکردنی سیاسەتی ژینگەیی تاکوتەڕا بەولاوەترە (بالارد، ٢٠٠٥) و لە بنەڕەتدا فەلسەفەی بوونی بیرۆکەی دەوڵەتداریی ئێرانی ڕەت دەکەنەوە (دیلۆن، ٢٠٢٢)، کە لێرەوە من ئاماژە بەم ئیدیعایە سەرەکییە دەکەم کە دیاری دەکات کێ وەک شارۆمەندی دڵخواز بەدوای شوناسی ڕاستەقینەوەیە و، کام شێوازی ژیان لە پەرگالی خاکی و نەتەوەیی ئەودا قبووڵ دەکرێت. لە ئاستی زانستیدا، دەوڵەت پشت بە گوتارێکی نەتەوەیی دەبەستێت کە لەسەر زمان، کولتوور و مێژووی فارسی وەک پێوەری ئاساییی ئێرانیبوون و خاوەن ماف بوون دامەزراوە. لە لایەنی بوونناسییەکەیدا، نەتەوە وەک یەکەیەکی یەکچەشن و یەکپارچە پێناسە دەکات کە مانەوەی بە کۆنترۆڵ و تواندنەوەی نافارسەکان گرێ دراوە. ئەم گریمانانە ڕێنوێنیکاری بەڕێوەبەریی وڵات، خاک و سروشتن. ژینگەی کوردی کەمتر وەک شوێنی ژیانی بوونەوەران و زۆرتر وەک پەراوێزی ئەمنییەتی، شوێنی تاڵانکردن و گۆڕەپانی گوماناوێکراو سەیر دەکرێت. ئەم گریمانانە کە لەسەر بیرۆکەی باڵادەستیی زمانی فارسی و هێژەمۆنی ئایینی شیعە چێ کراون، بیرهێنەرەوەی ئایدیۆلۆژیای سپیپێستبوون لە ئوروپا و ئەمریکای باکووەرە (مەقبوولە، ٢٠١٧). وەک داسۆن (٢٠٠٠) لە پەیوەندی لەگەڵ خەباتی ژینگەیی خەڵکی ڕەسەندا دەڵێ، وەدەرنران لە 'خەڵک' نەتەنیا دەبێتە هۆی بێدەسەڵاتیی سیاسی بەڵکو پشتکردن لە ژینگەکەشت. لەم دۆخەدا، پەلە ئاگرکۆژێنەوە کوردەکان، ناڕەزایەتییەکان بەرانبەر بە دروستکردنی بەندداو، هەوڵەکانی چاندنەوەی دارستانەکان و، یادکردنەوە لەو کوردانەی بە 'شەهیدانی ژینگە' ناسراون، وەک شەریف باجوەر و حەمید مورادی، کە هەردووکیان لە کاتی ئاگرکۆژاندنەوەدا گیانیان بەخت کرد، نموونەی سیاسەتی ژینگەی جێگرەوەیە. ئەم کردەوانە وەک سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە ژیانی ڕۆژانەن (کۆرێیا & گالیانا، ٢٠٢٥) چونکە ئەوان بەتەمای گۆڕینی ژینگەی کوردی لە هەرێمی بە ئەمنییەتیکراو بۆ گۆڕەپانی کردەوەی سیاسی و نوێبوونەوەی کولتوورین، وەک لە دروشمەکانیان و هەڵبەستەکانیاندا

دەردەکەوێت، بەشێوەیەک یادی شەهیدانی ژینگە دەکەنەوە کە پەیوەندیی قوولی بە هەستی نەتەوەیی کوردییەوە هەیە.

چەمکی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی، لە ١٩٨٢ لە لایەن بنیامین چاوێس داڕێژرا کە بۆخۆی لەناو خەباتی مافە مەدەنییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە سەری هەڵدابوو (ئیگان، ٢٠٠٢). لە کاتێکدا کە وێژە سەرەتاییەکان زۆرتر جەختیان لەسەر وڵاتە یەکگرتووەکان دەکردەوە، لەو کاتیەوە ئەم چەمکە بەرفراوانتر کراوەتەوە تا کۆمەڵگەی بێدەسەڵاتی دیکە و جوغرافیا پەراوێزخراوەکانیش بگرێتەوە (پێلۆ، ٢٠٠٧، پالیدۆ، ٢٠١٧). دەستێوەردانەکانی ئەم دواییانە هەڵوێستی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و جوغرافیای سیاسی دەخوازێت تا شێوازە جیاوازەکانی لێکگرێدانی ڕەگەز و ژینگە لە چوارچێوە ناڕۆژاواییەکان شیکاری بۆ بکرێت (کۆرێیا & گالیانا، ٢٠٢٥؛ لیباریۆن، ٢٠٢١؛ وایت، ٢٠١٨). ئەم ڕەگەزپەرستییە ژینگەییەی لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دژی نەتەوە بێدەوڵەت و بە کەمینەکراوەکان، بەتایبەت کورد، ڕەچاو دەکرێت، نموونەی دۆخێکی تەنگەتاو بەڵام لە هەمان کاتدا کەمتر باسکراوە، کە چوارچێوە زاڵەکەی د.ژ. تووشی ئالنگاری دەکات و دەیهەژێنێت (وینگرۆڤ-هاوگلەند & مەکڵاود، ٢٠٢١).

لە سەرەتای نەوەدەکانی زایینییەوە، بەرخۆدانی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو لە وەڵامی هەڵمەتە ژینگەییەکەی دەوڵەتی ئێران کە ڕۆژهەڵاتی بە ئامانج گرتووە، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. بەشێکی بەرچاو لە تۆڕێنەوەی کوردی (حەسەنیان، ٢٠٢٠، ٢٠٢١، ٢٠٢٤؛ سوڵەیمانی، ٢٠٢٥) و چالاکیی دیکە ئێستا بە گوتاری ژینگەیی باسی مافە ئەتنیکی-



وێنەی ١. ئەسیاردەکردنی تەرمی حەمید مورادی، ژینگەپارێزێکی کورد کە گیانی خۆی لە کاتی ئاگرکوژاندنەوە لە جولای ٢٠٢٥ بەخت کرد. نووسراوەی سەر بەیداخەکە دەڵێ: 'شەهیدی نیشتمان'[٦]

نەتەوەییەکان دەکەن، بێجگە لە داواکانی پێشوو لەمەڕ مافی چارەی خۆنووسین. ئەم ئاڵوگۆڕە، وەرسووڕانی توێژینەوەی ڕەخنەگەرانەی گەلانی ڕەسەن و بێدەسەڵات پشتڕاست دەکاتەوە (کایوەیلا، ٢٠١٨؛ ئیگان، ٢٠٠٢؛ بیرد و ڕۆتبرگ، ٢٠١١)، کە باسیان دەکرد چۆن کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان بە خەمخۆری بۆ ژینگە وڵات دەستێننەوە، لە کاتێکدا هێشتا شەڕە یاساییەکان و خەباتی سیاسی درێژەی هەیە (وایەت، ٢٠١٨؛ پاڤینێلی، ٢٠٢١). هەوڵەکانی چاندنەوەی دارستان، پڕۆژەکانی پاراستنی ئاو، پەلەکانی ئاگرکوژێنەوە و، ناڕەزایەتی بەرانبەر بە دروستکردنی بەنداو لە ڕۆژهەڵات، کە بەشێکی لەم وتارەدا باس دەکرێت، دەبێ لەژێر ڕووناکاییی ئەم دیاردەیەدا لێی تێبگەین. ئەم دەستپێشخەرییە دژەکۆلۆنیالانە نموونەی ئەو شتەیە کە هێلێن ستایسی (٢٠٠٥) وەک 'سەروەریی پەیوەندییەکان' باسی دەکات، دیاردەیەک کە لەویدا وڵات وەک سامانێک سەیر دەکات کە زیادترە لە خاوەن بوونی و بەڕێوەبردنی، بەڵکو ڕایەڵەیەکە لە پەیوەندییەکان.

جەختکردنەوە لەمە گرنگە کە چالاکیی ژینگەپارێزیی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر زایەندییە. ژنانی کورد کەسایەتیی یەکلاکەرەوەی ئەم خەباتە بوون، بەتایبەت بە دەوری پێشەنگانەیان لە دەستپێشخەرییە کولتووری، پەروەردەیی و ئاگادارکردنەوەکانیان. لە کاتێکدا ڕەنگە ئەوان کەمتر لە ڕیزی پێشەوەی پەلە ئاگرکوژێنەوەکاندا دیار بن، دەوری ئەوان بۆ بەردەوامبوونی یادەوەریی ژینگەیی و وروژاندنی تێوەگلانی جەماوەری فرە پێویستە. چڵەپۆپەی بەشداریی ئەوان و دیاربوونیان لە کاتی جووڵانەوەی ژینادا بوو کە بە جووڵانەوەی 'ژن، ژیان، ئازادی' ناوبانگی دەرکرد و، لەویدا نیگەرانییەکانی ژینگەیی لەگەڵ خەباتە بەرفراوانترەکانی گرێدراویی زایەندی، خاکی و سیاسی تێکەڵ کرا. ئەوان بە هەمان شێوە لە ڕێوڕەسمەکانی ناشتن، تازیە و یادەکردنەوەکانی شەهیدانی ژینگەدا دەوری بەرچاویان هەیە. ژنانی کورد یاریدەدەری ئەستاندنەوەی مافەکانیان بەسەر سروشتدان، لە کاتێکدا هەم تووندوتیژیی دەوڵەتی و هەروەها نەریتە پیاوسالارەکان لە کۆمەڵگەکانیاندا تووشی ئالنگاری دەکەن.(7)

بەرخۆدانی دژەکۆلۆنیالی کوردی (کارماکار & پال، ٢٠٢٥) تێچوویەکی مەزنی هەیە. ژینگەپارێزان بەرەوڕووی دەستبەسەرکرانی ڕۆژانە، لەژێر چاوەدێریدا بوون و، تەنانەت تاوانبارکران بە تێرۆریست دەبنەوە (بەهرامی، ٢٠١٨). هیوا بوتیمار(8)، ژینگەپارێز و ئەندامی ئەنجومەنی سەوزی چیا (ڕێکخراوێکی بەناوبانگ و چالاکی ژینگەپارێزی لە مەریوان)، یەکێک لە نموونە سەرەتاییەکانە. ناوبراو لە جولای ٢٠٠٨ سزای مردنی لە لایەن دادگای شۆڕشی مەریوان بە تۆمەتی 'فساد فی الارض' بەسەردا سەپێنرا. دەوڵەتی ئێران بەشێوەی هەڕەمەکی چالاکیی ژینگەپارێزی وەک هەڕەشە بۆ سەر تەناهی سەیر دەکات و پاراستنی ژینگە هاوسەنگیی جیاییخوازی و یاخیبوون دادەنێت. ئەمە ڕەنگدانەوەی شێوازێکی بەرفراوانتری جیهانییە کە لەویدا خەڵکی ڕەسەن(9) و داکۆکیکارانی ڕادیکاڵی ژینگە بەشێوەی ناهاوسەنگ جارز و دەستبەسەر دەکرێن، یان لە لایەن دەوڵەتەوە بە بارمتە دەگیرێن و بەهۆی چالاکییەکانیانەوە تاوانبار دەکرێن. لە دۆخی کوردانەدا، بە حاشاکردن لە مافە جەماوەرییەکان و بە ئەمنییەتیکردنی زێدەڕۆیانەی ناوچە سنووریەکان، سەرکوتەکە چڕتر دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە دروست لەو دۆخانەدایە کە چالاکیی ژینگەپارێزیی کوردی دەبێتە نموونەی واتادارترین کردەوەی بەرجەستەکراوی بەپەرۆشبوون، یادەوەری و خۆڕاگری (سولەیمانی، ٢٠٢٥).

٥. سیاسەتی ژینگەیی و بەڕێوەبەریی ژینگە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

لە کاتیکدا کە د.ژ. گەشەی کردووە و بە ئەزموونەکانی ئەمریکای باکوور و ئوروپا ئاڵۆز بووە، ژینگەناسیی سیاسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئاشکرای دەکات چۆن تێکدانی ژینگە بەقوڵی ئاوێتەی دەوڵەتداریی سەرەڕۆیانە، نەتەوەپەرستیی سامانەکان و بە ئەمنییەتیکردن

کـــراوە، کە ئـــەم وێژەیە تەنیا بەشـــێکی شـــرۆڤە دەکات. بەتایبـــەت لـــە ئێـــران، تووێـــژەران دەوری ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆی دەوڵەتیان لە ژێرخانی ئاو، دەرهێنانی ســـامانە ژێرزەوییەکان و بەکارهێنانی زەوی وەک ئامرازی کۆنترۆڵی کۆلۆنیالیســـتی تۆمار کردووە (حەســـەنیان، ٢٠٢٥). لەگەڵ ئەوەشـــدا، لە تووێژینـــەوە ئاســـاییەکانی کوردیدا، کە بەشـــێوەی ســـەرەکی جەخت لەســـەر پێکهاتەکانی دەسەڵاتی دەوڵـــەت دەکەنـــەوە، بەڕێوەبەریـــی ژینگەیـــی بەتـــەواوی پاشـــگۆێ دەخرێـــت یـــان زۆرتر وەک پاشخان باســـی دەکرێت، لەحیات ئاماژە بە ئامرازی سەرەکیی دەوڵەت بۆ ســـەپاندنی کونترۆڵ. سەرەڕای کەڵەکەبوونـــی خراپیـــی قەیرانـــە ژینگەییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســـت، لـــە ناوچانـــدا کەمیی ئاو، تێکچوونـــی خـــاک و، زەختەکانی ســـەر ســـامانە سروشـــتییەکان، چەمکەکانی د.ژ. و ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی بەشـــێوەیەکی بەرچـــاو لـــە تووێژینەوە هەرێمییەکانـــدا پاشـــگۆێ خراون. ئـــەوان زۆر جار کەوتوونەتە ژێر ســـێبەری بەرنامە تێکنۆکراتییەکانی بەردەوامی یـــان لێکدانەوە خەیاڵییەکانی جوگرافیای سیاســـی کە زەرەرەکانی سەر ژینگە، کە ڕاستییەکانی ژیانـــی ڕۆژانـــەی کۆمەڵگە پەراوێزخـــراوەکان پێک دێنن، لە دەوڵەتداریی ڕەگەزپەرســـتانە، تاڵانکارییە کۆلۆنیالیســـتییەکان و، زەوتکردنـــی دەوڵەتـــی جیا دەکەنەوە. یەکـــەی گەشەئەســـتێنی تووێژینەوە لە کوردســـتان بەڵگەی حاشـــاهەڵنەگری ئەم ڕەوتەیە کـــە زۆر دەمێکـــە پاشـــگۆێ خـــراوە (ئالمۆنێ & فیلیپـــس، ٢٠٢١؛ ئایبۆغـــا، ٢٠١٨؛ هانـــت، ٢٠١٩؛ ساســـتام، ٢٠٢١؛ ویکتۆر-مـــەچ، ٢٠٢٥، ٢٠٢٥؛ چایلـــی، ٢٠٢١، ٢٠٢٥؛ ئۆزوک-گوندۆغـــان، ٢٠٢٤)، ئەگەرچـــی ئـــەوان بە گوێـــرەی پێویســـت قەیرانە ژینگەییـــەکان ناخەنە ناو چوارچێـــوەی بەرفراوانی تیۆریکی ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی، وەک چۆن لە تووێژینەوەکانی ســـەر گەلانی ڕەشپێســـت، ڕەسەن و ســـڕینەوەی کۆلۆنیالیزم، گەشـــەی پێدراوە.

ئـــەم وتـــارە، بـــە پیشـــاندانی ئـــەم ڕاســـتییە کە بەڕێوەبەریـــی ژینگەیی لـــە هەناوی دەســـەڵاتی کۆلۆنیالیســـتیی ئێرانیـــدا بـــە ســـەر ناوچـــە کوردییەکانـــدا جێـــی گرتـــووە، لەســـەر هەمـــان تووێژینـــەوەی ئاماژەپێکـــراو لـــە ســـەرەوە بونیات نـــراوە. بـــۆ ڕوونکردنـــەوەی ئـــەم تێکەڵاوییە، من چەمکـــی "ژینگـــەی بێدەوڵەت" بۆ شـــیکردنەوەی ئـــەو مەرجـــە ژینگەییانـــە پێشـــکەش دەکەم و کاتێـــک ڕوو دەدات کـــە گەلێـــک ســـەروەریی واتاداری سیاســـی بەســـەر ئـــەو خاکـــەوە نییە کە لەســـەری دەژیت. چەمکەکە پانتای ئـــەم کارەی تا ئێســـتا لە ســـەر د.ژ.، ژینگەناســـیی سیاسیی گەلە ڕەســـەنەکان و، کۆلۆنیالیزمـــی ناوخۆیـــی کراوە، بە بەرجەستەکردنی ئاســـەوارە ژینگەییەکانی نەبوونی ســـەروەریی سیاســـی، بەرفراوانتر دەکات. بەم پێیە، ژینگەناســـیی بێدەوڵەت ســـەرنجەکان بەرەو ئەوە ڕادەکێشـــێت کە چۆن تێکدانی ژینگـــە تەنیا ئاکامی گەشەنەســـەندوویی نییە، بەڵکو بەهـــۆی نەبوونی دەســـەڵاتی سیاســـییەوەیە کە توانایـــی بەرگری لە بەرژەوەندییە ژینگەییەکانی گەلێکی ژێردەســـتەی هەبێت. لەم تووێژینەوەیەدا، من شـــیکاریی شێوازی نادادپەروەریـــی ژینگەییـــی دەوڵەتی ئێـــران وەک ئەقڵانییەتی کۆلۆنیالیســـتی دەکەم کە ژیانی ڕۆژانە و وڵاتی کوردان وەک شـــتێکی قابیلـــی قوربانیکردن و بەکارهێنـــان ســـەیر دەکات و لەبـــەر ئەم هۆیە بەرخۆدانەکـــەی وەک بەربەســـتێک بۆ ســـەپاندنی پرۆژە هێژەمۆنیخوازەکانی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی لە ١٩٢٥ بەولاوە ســـەیر کـــردووە (محەممەدپوور، ٢٠٢٣ئـــ محەممەدپـــوور، ٢٠٢٤). ئـــەم پرۆژەیە خاکـــی کـــوردان دەکاتـــە گۆڕەپانـــی تاڵانـــکاری، پاشگۆێخســـتن و، لەناوبـــردن لەژێـــر دەمامکـــی تەناهـــی، گەشـــەپێدان و یەکپارچەیـــی خاکی. لەم چوارچێوەیەدا، هەڵوێســـتێکی تیروتەسەلی داڕێژراو لەســـەر دادپەروەریـــی ژینگەیـــی دژەکۆلۆنیال و لێکۆڵینەوەی گەلانی ڕەســـەن فـــرە بەکەڵک (دیم، ٢٠١٨؛ مەهتـــا، ٢٠٢٥). مەبەســـتم لـــە ڕەســـەن، شوناســـێکی ڕۆمانتیک کراو نییـــە، بەڵکو خەڵکێکە کە پەیوەندییە سیاســـی، کولتووری و، ژینگەییەکەی لەگـــەڵ خاک لـــە هیـــی دەوڵەت-نەتـــەوە کۆنتر و بەرفراوانتـــرە و، زەوتکرانەوەکـــەی چالاکانـــە لە لایەن ڕێژیمە ســـەردەمییەکانی دەســـەڵاتدار نوێ دەکرێتـــەوە. تووێژەرانی وەک پـــاولا پالیدۆ (٢٠٠٠)، کایـــڵ پۆیس وایـــەت (٢٠١٨) و، لیئان سیمپســـۆن (٢٠١٧) داوامـــان لـــێ دەکـــەن پاشگۆێخســـتنە ژینگەییـــەکان وەک ناکارامەیی بیرۆکراتیک ســـەیر

نەکەین، بەڵکو ئەوان وەک کردەوەی بەئانقەستی تووندوتیژیی لەسەرخۆ و زەوتکردنی ژینگەیی گرێدراو بە پڕۆژە ڕەگەزپەرستانەکانی کۆنترۆڵی خاک و پێملکردن سەیر بکەین.

لە کاتێکدا ئەم وتارە شۆڕنپێی چەسپاندنی کۆڵۆنیالیزمی ڕەگەزپەرستانە لە ئێران دەگەڕێنێتەوە بۆ ١٩٢٥، ئەم چرکەساتە دەبێ هاوشانی ئاڵوگۆڕە بەرفراوانترەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم سەیر بکرێت کە دەسەڵاتی دەوڵەت و دەوڵەتداری بەشێوەیەکی فرە قووڵ لە ناوچە کوردییەکان گۆڕدرا. سەرهەڵدانی دەوڵەتی پەهلەوی لە ١٩٢٥، نیشانەی بەدامەزراوەییکردنی پەرگالێکی کۆڵۆنیالیستیی نوێ بوو کە لەسەر ناوەندتەوەریی خاک، ئارامکردنەوەی سەربازییانە، قاچاخکردنی کۆچی وەرزانەی خێڵەکان، سەرکوتی زمانی و داڕشتنەوەی بیرۆکراتیکی ناوچە پەراوێزییەکان، کە وەک ناوچەی دژوار بۆ حوکمڕانی و گومان لە "نەتەوەیی" بوونیان دەکرا، دامەزرابوو. جوغرافیا کوردییەکان مۆرکی بەرەی ناوخۆییان لێ درا کە پێویست بوو کۆنترۆڵ بکرێن، گەڵاڵە بکرێن و لە ڕوانگەی ئابووریەوە ئاوێتەی داواکارییە ئایدیۆلۆژیکییەکان و ماددییەکانی ناسیۆنالیزمی فارسی-شیعی بکرێن. ئەم ئاڵوگۆڕە دەستپێکی شێوازێک لە دەوڵەتداری بوو کە تەنیا بە زاڵبوونی سیاسی جێبەجێ نەدەکرا، بەڵکو بە ڕێسادانان، تەیمانکردن و زەوتکردنی خودی خاکەکە، بەشێوەیەک کە خاکی کوردانی لەجیات شوێنێک بۆ ژیان و دنیای پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی نێوان مرۆڤان سەیر بکات، دەیکردە سامانی قابیلی حوکمڕانی. ئەو هەروەها بناغەی پێکهاتەیی چڕترکردنەوەی تێکدانی ژینگە و ڕێکارەکانی دەرهێنانی سامانە ژێرزەوییەکان، بەتایبەت پێشەسازیی پشتگیریکراو لە لایەن دەوڵەتەوە و گەشەسەندوویی، کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم لە ناوەندی وڵات هاتە ئاراوە، دانا. لەم ڕوانگەیەوە، تێگەیشتن لە سیاسەتەکان و کاولکردنەکانی کە لەم وتارەدا دێنە ژێر لێکۆڵینەوە، ناتوانێ لە ئەقڵانییەتی ڕەگەزپەرستانەی کۆڵۆنیال کە ناوچە کوردییەکان وەک هەرێمی قابیلی بەکارهێنان و قوربانیکردن بۆ خۆشبژیوی ناوەندی ئێران سەیر دەکات، جیا بکرێتەوە.

هۆدانەکە، سیاسەتی ژینگەیی ئێران دەخاتە ناو باسەکانی گوتاری جیهانیی بەرینتر لەمەڕ ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی و دادپەروەریدا (شلۆسبەرگ، ٢٠٠٧). من ئەم بەراورد کردنە بە شێتێکی فرە گرنگ دەزانم، چونکە شێوازە پێکهاتەییە هاوبەشەکان ئاشکرا دەکات، وەک بەکارهێنانی ژینگە بۆ سزادانی خەڵکی پەراوێزخراو، هاوکات ئاشکرای دەکات چۆن بە شێوازی جۆراوجۆر ڕەگەز، ئەتنیک و ئایدیۆلۆژی لە چوارچێوەی گوتاری ئێرانیدا یەک دەگرنەوە. بۆ وێنە، لە دنیای ئینگلیزیماندا، ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی بە لێکۆڵینەوە لە میراتەکانی کۆڵۆنیالیزمی تازە نیشتەجێبووەکان، کۆیلەیی و کاپیتالیزمی ڕەگەزپەرست هەڵدەسەنگێندرێت (گیڵمۆر، ٢٠٠٧؛ پالیدۆ، ٢٠١٧). لە ئێران، بەپێچەوانە، ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی بە ڕێچکەی نەتەوەپەرستانەی جیاوازدا، بەڵام بە هەمان ڕادە بە زەبروزەنگ، واتە پرۆژەی ڕەگەزپەرستانەی نەتەوەسازیی دامەزراو لەسەر ئایدیۆلۆژی ئاریایی و درکاو بە یەکچەشن کردنی زمانی، ئایینی و خاکی جێبەجێ کراوە. ئەم ئایدیۆلۆژیایە بناغەی پێناسەی دەوڵەت بۆ شارۆمەندی و نەتەوەبوونە. وەک لە توێژینەوەکانی ئەم دواییانەدا لەمەڕ ناسیۆنالیزمی ئێرانی و بەرخۆدانی کوردی پیشان دراوە (سوڵەیمانی & محەممەدپوور، ٢٠٢٥؛ سەعیدی و عوسمانزادە، ٢٠٢٥)، هەڵوێستی ڕەگەزپەرستانە بەرانبەر بە کوردان بە پرۆسەی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی جێبەجێ دەکرێت، کە لەویدا هەرێمی کوردی بە قازانجی خولیای ئەتنیکی-نەتەوەیی فارسی-شیعی، میلیتاریزە دەکرێت، دواکەتوو ڕادەگیرێت و، ژینگەکەی تێک دەدرێت. بەم شێوەیە، تێکدانی ژینگە مێکانیزمێکی دەسەڵاتی ڕەگەزییە، نەوەکوو زەرەری لاوەکی.

٦. ژینگەکانی پۆلێنکراو بەگوێرەی ئەتنیک-ڕەگەز لە ئێران: ڕوانگەیەکی جیها نی

هێندێک ڕوونکردنەوەی چەمکی پێویستن. ئەم وتارە لە شێوازە تێکەڵاوەکانی تووندوتیژیی

دەوڵەتـــی دەکۆڵێتـــەوە، کە ئەوەش پێناســـەکردنی دەســـتەواژەکانی کەڵک لێوەرگیراو لـــە لایەن منەوە دەخوازێـــت. مـــن بۆ شـــیکردنەوەی شـــێوازەکانی زەرەرگەیانـــدن بە ژینگـــە لە لایەن سیاســـەتەکانی دەوڵـــەت لـــە ناوچـــە کوردییـــەکان، کەڵـــک لە دەســـتەواژەی ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیی وەردەگرم، کـــە دەگەڕێتەوە بـــۆ ئایدیۆلۆژیـــی ڕەگەزی-زمانیی دەوڵەت و هەڵســـوکەوتی بەرانبەر بـــە گەلی کورد، کە وەک شـــتێکی قابیلی قوربانیکردن سەیری دەکات. ئامانجی ئـــەم کردەوانە لاوازکردنی مەرجەکانی ژیانی هاوبەش بە ســـتراتیژیگەلی بە ئانقەســـتە. لەمەش گرنگتـــر، ئەم کردەوانە نوێ نین؛ ئـــەوان هی نەریتی کۆنی توندوتیژیی بەئەســـپایی، بـــە کەڵکوەرگرتن لە هەڵمەتـــە خێرا ســـەربازی و تەناهییـــەکان لە دوو دەیـــەی یەکەمـــی هەوڵەکانی کۆمـــاری ئیسلامی بـــۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچـــە کوردییەکانـــە. هەر دوو سیســـتەمەکە ناوچە پەراوێزییە کوردییەکانیان هێنایە ژێـــر ڕکێفی ناوەندی فارس، پرۆســـەیەک کە زۆر جار وەک کۆلۆنیالیزمـــی ناوخۆیی باســـی لێوە دەکرێت (محەممـــەی، ٢٠٢٥). ئـــەم توندوتیژییە هەم خەڵک و هەروەها خاک بـــە ئامانج دەگرێـــت. توندوتیژی بەئەســـپایی، زەوتکردنی درێژخایـــەن دەگرێتەوە کە بە سیاســـەتی ئەوتۆ جێبەجـــێ دەکرێت کە بێدەنگ و زۆر جار خشـــکەپییە. مـــن ئـــەم کردەوانە وەک بەشـــێک لە پرۆژەیەکی کۆلۆنیالی بەرفراوانتر ســـەیر دەکەم. کۆلۆنیالیزمـــی ناوخۆیی ئەمە ڕوون دەکاتەوە کە چـــۆن دەســـەڵاتی سیاســـی، بـــە کەڵکوەرگرتن لـــە هیرارشـــییەکی چەقبەســـتووی ناوەند-پەراوێز، ڕۆژهـــەڵات دەکاتـــە شـــوێنی ژێردەســـتەکردنی پێکهاتەیـــی. ســـڕینەوەی زمانـــی، پەراوێزخســـتنی ئابووری، بەڕێوەبەریی میلیتاریستی و، دەستێوەردان لە دیموگرافی بە مەبەســـتی لاوازکردنی حەشیمەتی کورد، کەڵکوەرگرتن لە گەشـــەپێدانی دەوڵەتی وەک ئامرازێک بـــۆ کۆنترۆڵ و ناچارکردن. بـــۆ وێنە پرۆژە ’نەتەوەییەکانـــی‘ وەک پیلانەکانـــی گواســـتنەوەی ئاو یان دروســـتکردنی بەنداوی مـــەزن، هەموویان ئامرازی زاڵبوونن. ئەوان ســـوڕی ژینگەیی هەرێمەکە دەشـــێوێنن، خەڵـــک ڕادەگوێزن، هـــەژاری پەرە پێ دەدەن و، بەســـتراوەیی ئابووری دروســـت دەکەن، خەڵک تووشـــی کارەســـاتی مـــاددی و کۆمەڵایەتی دەکەن. لـــەم دەلاقەیـــەوە، قەیرانەکانـــی ژینگەی ڕۆژهەڵات نموونەی تونـدوتیژیـــی پلان بۆدارێژراو و ســـنووردارکردنی دەرفەتەکانـــی نەوەکانی داهاتوون (ستراید & ســـتۆفلەر، ٢٠٢٤). کۆنترۆڵ بەسەر خاک و ســـامانە سروشـــتییەکاندا لە کۆنترۆڵکردنی خەڵک لێک جیـــا ناکرێنـــەوە و، کێشمەکێشـــەکان بۆ ئەم ســـامانانە، پەیوەندیـــی نزیکی نێـــوان دەوڵەتداریی ڕەگەزپەرســـتانە، کۆنترۆڵـــی ژینگـــە و، توندوتیژیی دەوڵەتی ئاشـــکرا دەکەن.

خاڵی ســـەرەکیی بەراوردکردنی ئێران وەک دۆخێکی نارۆژاوایی و هاوشـــێوە ڕۆژاواییەکەی، ئاشکراکردنی ڕەگەزپەرســـتیی شـــوێنەواری و ژینگەییـــە کـــە بەگوێـــرەی هێڵـــە ئەتنیکی-ئایینـــی و زمانییەکان چـــێ کراوە. بـــاڵارد (٢٠٠٠)، تایلـــۆر (٢٠١٤) و، پیلۆ (٢٠٠٧) نووســـیویانە کە چۆن لـــە ئەمریکای باکوور، ئەگەری هەڵکەوتنی گەرەکەکانـــی خاوەن زۆرینەی دانیشتووی ڕەشپێشـــت و ئەمریکای لاتینی لە نزیک شوێنی پاشـــماوەی مەترســـیدار، پاڵاوتنگە و زبڵدان زۆرترە. لە ئەمریکای لاتیـــن، توێژەرانی وەک ئارتورۆ ئێســـکۆبار (٢٠٠٨) و ماکارێنا گۆمێز-باریس (٢٠١٧) پیشـــانیان داوە چۆن ناوچەکانی خەڵکی ڕەســـەن و خەڵکی بە ڕەچەڵـــەک ئەفریقایـــی وەک ’هەرێمی دەرهێنانـــی‘ ســـامانە ژێرزەوییـــەکان و ’هەرێمـــی قوربانیکـــردن‘ پێناســـە دەکرێن و دەبنـــە ئامانجی هەڵکەندنـــی زەوی بـــەدوای نەوتـــدا، کردنـــەوەی کانـــگا و بازرگانیـــی کشـــتوکاڵ. نادادپەروەریـــی ژینگەیـــی لێرە بە دزینـــی زەویی کۆلۆنیالیســـتی و بێنرخکردنـــی سیســـتەمە زانیارییـــە ژینگەییەکانی خەڵکـــی ڕەســـەنەوە گـــرێ دەدرێت. ئەم شـــێوازە لە ئێران لـــە ناوچەکانی نەتـــەوە کەمینەکراوەکانی ئەتنیکی-ئایینـــی، بەتایبـــەت کـــورد، ئەحـــوازی و بەلـــووچ، دووپـــات دەبێتـــەوە کـــە وڵاتەکانیـــان کراونەتە پەراوێـــزی ژیۆپۆلیتیکی و شـــوێنی ڕێکارە ئەمنییەتییەکان و پاشگۆێخســـتن (محەممەدپوور & ســـوڵەیمانی، ٢٠٢١؛ محەممەدپوور & ســـوڵەیمانی، ٢٠٢٤). بۆ وێنە لە کوردســـتان، پـــرۆژەی زەبەلاحی دروســـتکردنی بەنداو وک بەنداوی داریان لەســـەر ڕووباری ســـیروان بووەتـــە هۆی ئاوارەیی ســـەدان گوندنشــین و ئەوانی ناچـــار کردووە کـــۆچ بکەنە گەرەکە هەژارەکان و زەویی کشـــتوکاڵیی وشــکبوو

(حەســـەنیان، ٢٠٢٤، ل. ٤٣٢). بـــە هەمان شـــێوە، خوزســـتان شـــوێنی ژیانی گەلی عـــەرەب، بووەتە ئامانجی دەیان ســـاڵ ناکارامەیـــی بەڕێوەبەریی ئاو، پیســـکران لە لایەن پیشەســـازییەکانی پێتڕۆکیمیا و، ســـەرکوتی توندوتیژانەی ناڕەزایەتییە ژینگەییەکان. (10)

توێژینەوەکانـــی ئەم دواییانە، (حەســـەنیان، ٢٠٢٤، ٢٠٢٥) سیاســـەتە ئاوییەکانی ئێرانی وەک دۆخێکی 'ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی' دەستنیشـــان کردووە، کـــە پیشـــانی دەدەن چـــۆن دەوڵەت بەشـــێوەی سیســـتەماتیک ئاوی لـــە ناوچـــە پەراوێزییەکان، لە ڕوانگـــەی ئەتنیکـــی فرەچەشـــنەکانەوە، بۆ ناوچە پیشەســـازییەکانی ناوەنـــد گواســـتووەتەوە. ئـــەم سیاســـەتە بووەتـــە هـــۆی خراپتربوونـــی دۆخی کەمئـــاوی و تێکدانـــی ژینگـــە لـــەو ناوچانـــە کە شـــوێنی ژیانی نەتەوە پەراوێزخراوە نافارســـەکانە. توێژینەوەی حەســـەنیان (٢٠٢٤) بە زەقی ئاشکرای دەکات کـــە چـــۆن لە کاتێکـــدا ناوەنـــدی ئێران بە دەســـت 'مایەپووچیی ئـــاوەوە' دەناڵێنێت،' ناوچە پەراوێزەکانـــی وەک ڕۆژهـــەڵات بەهـــۆی پرۆژەی زەبەلاحی هەڵبەســـتنی بەنـــداو و گواســـتنەوەی ئاو، بە چـــڕی تـــاڵان دەکرێن. ئەم دەســـتێوەردانە ئەندازیارییانـــە کە دەوڵەت لەپشـــتیانە، بوونە هۆی وشکەساڵی، ســـووانی خاک، پەرەئەستاندنی بیابان و ڕۆچوونـــی خاک، کە کاریگەریی بەرچاویان لەســـەر کشتوکاڵ، تەندروســـتیی جەماوەری و بژیوی خەڵک هەیـــە (بڕوانە، کەرەمی‌دێهکـــوردی و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٤). وەک حەســـەنیان (٢٠٢٤) دەڵێت 'سیاسەتی گواســـتنەوەی ئاو 'خلە تاڵان دەکات تـــا بلە خەنی بکات'، لـــە دۆخی ئێراندا، تاڵانکردنـــی ئاو لە ناوچە پەراوێز و گەشـــەنەکردووەکانەوەیە بـــۆ ئافراندنی دەوڵەمەنـــدی و گەشـــەی ناوچەکانی ناوەڕاســـتی ئێران.(11)

ئـــەم شـــوێنانەی کـــە دۆخـــی دەوڵەتـــی ئێـــران جیاوازییەکـــی بەرچـــاوی لەگـــەڵ چوارچێـــوە بەرفراوانترەکانی وەک نیشتەجێبووە-کۆلۆنیالیستەکان یـــان کۆمەڵگەکانـــی پاش-کۆیلەیـــی هەیـــە، لـــە شـــێوازە جیاوازەکانی جیبەجێکردنی ڕەگەزپەرستی، بەردەوامکردنی و ڕەوایـــی پێدانییەتی. لە ئەمریکای باکـــوور، ڕەگـــەز لـــە کۆنـــەوە بناغـــەی لەســـەر تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بایۆلۆژیک دامەزراوە، کە خۆی لە توخمە دیارەکانـــدا دەردەخات و دەبێتە تێچنی سیســـتەمی یاســـایی وەک یاســـاکانی جیم کرۆ، هێڵەســـوورەکان و، سیاســـەتەکانی جیاکارانە (ئالێکســـاندەر، ٢٠٢٠؛ ویتمەن، ٢٠١٧). بەپێچەوانە، سیســـتەمی ڕەگەزپەرســـتی ئێران، لە پێش هەموو شـــتێکدا جەخت لەســـەر توخمە دیارەکان ناکات، بەڵکو لەنـــاو شـــانەیەکی پێچەڵپێچـــی کولتووری، زمانی، ئایینی و، هیرارشـــیی مێژوویییـــدا چڕ کراوە. ئەقڵانییەتی زاڵی باڵادەســـتیی فارس-شیعە دایناموێ جۆرێک لە ڕەگەزپەرســـتیی کولتوورییـــە، کە لەویدا شوناســـی زمانی (واتە فـــارس لە بەرانبـــەر کورد)، هۆگریـــی ئایینی (شـــیعە لـــە بەرانبەر ســـوننە) و، شـــێوازەکانی گرێدراویی نەتەوەیی دەبنە بڕیاردەری وەخۆ گرتن یـــان وەلانان لە ئێران. ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی لەم دۆخەدا ناتوانرێت تەنیا وەک پرســـی پاشـــگوێخران یان گەشـــەکردنی ناهاوسەنگ سەیر بکرێـــت، بەڵکو وەک ئامـــرازی دەوڵەتی بەکارهاتوو بۆ سزادان، بێدەســـەڵاتکردن و، ئاوێتەکردنی نەتەوە پەراوێزخراوەکان، بەتایبـــەت کۆمەڵگەکانی نافارس/ ناشیعە (حەســـەنیان، ٢٠٢٥؛ محەممەدی، ٢٠٢٥).

بێجگـــە لەمـــە، ئایدیۆلۆژیـــی 'ئێرانیبـــوون' یـــان 'فارســـبوون' بـــە خۆپێناســـەکردن بـــە ڕەگـــەزی خەیاڵیـــی ئاریایی، کراوەتە شـــتێکی ئەفســـانەیی و، بەهێزترکردنـــی ئەقڵانییەتـــی ڕەگەزپەرســـتانە لەژێـــر دەمامکـــی هێژەمۆنیـــی کولتووری-ئایینی (محەممەدپـــوور، ٢٠٢٣ب؛ محەممەدپوور، ٢٠٢٤). بانگەشەی نەوەی ئاریاییبوون تۆخێکی بایۆلۆژیکی دەکاتـــە بـــەر شـــتێک کـــە بـــێ ئـــەو وێدەچێ پرۆژەیەکی تۆخی کولتووری و شارســـتانییەتی بێت و، بەم جـــۆرە ڕەوایی بە نەریتـــی دەرهاوێژەر وەک شـــتێکی کەونـــارا و سروشـــتی دەدات. لەبەر ئەم هۆیە، نابـــێ ڕەگەزپەرســـتی لـــە ئێـــران تەنیا بە پاڕادایمـــی ڕۆژاوایی لەمەر ڕەگـــەز تێبگەی، بەڵکو لێکدانـــی ناســـیۆنالیزمی ئەتنیکی، بـــاوەڕی ئایینی و مێژوونوســـیی ئەفســـانەیی پێکـــەوە کار دەکەن تا شـــێوازی جۆراوجۆری شـــارۆمەندی، بەرکەوتنی ژینگەیی و، ڕەواییی سیاســـی بەرهـــەم بێنن. ئەمە یەکێک لـــە هۆیەکانە کورد، کە زۆرینەیان ســـوننین و هەروەها نافارســـن، بـــەرەوڕووی نادادپەروەریی

ژینگەیی دەبنـــەوە کە لەگەڵ ســـڕینەوەی زمانی و بەئەویترکردنـــی ئایینی لێک دەدرێـــت. کاولکاریی ژینگەیی دەبێ لەنـــاو بەرنامەیەکـــی بەرفراوانتری زەوتکردنـــی کولتووریـــدا شـــیکاری بکرێـــت، کە لەویدا پەیوەندیی کورد بـــە خاکەوە دەپچڕێندرێت تـــا داوای چـــارەی خۆنووســـین و ڕەگداکوتاویـــی مێژوویـــی بنکۆڵ بکرێن. هەمـــان دۆخ عەرەبەکانی خوزســـتانیش دەگرێتـــەوە. دانیشـــتووانی عەرەب، ئەگەرچـــی زۆرینەیـــان شـــیعەن، لەبەر شوناســـی عەرەبی و زمانەکەیان ســـەرکوت دەکرێـــن. لێرەدا، دەبینین کە هاوشـــێوەیی ئایینی بـــەس نییە، بێتوو زمان و شوناســـی ئەتنیکییەکەت بکەوێتە دەرەوەی ئاڵقەی ســـتانداردی شوناســـی فارسی.

لە وڵاتـــە یەکگرتووەکان، ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیی ناسپیێســـتەکان بە ئامانج دەگرێـــت کە 'بە فەرمی' شـــارۆمەندی یەکســـانن، ئەگەرچـــی ئەقڵانییەتی نێشتەجێبوو-کۆڵۆنیالیستییەکە درێژەدەری ئافراندنی زەوتکردنـــی ژینگەیـــی، بەتایبـــەت بەرانبـــەر بە کۆمەڵگەکانی خەڵکی ڕەســـەنە. لە ئێـــران، خودی شـــارۆمەندیی پلەبەندیکراو و مەرجـــدارە، هەم لە ئاســـتی یاســـای بنەڕەتیدا و هەروەهـــا کولتووریدا. توێژەرانی د.ژ. پێداگرن کە ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیی نابێ لە چوارچێوەی باری ناوهاوســـەنگی ژینگەییدا قەتیـــس بمێنێتەوە، چونکـــە حاشـــاکردن لە دانی شـــارۆمەندیی تەواو بە تاقمەکانی جیاکراوە بەهۆی ڕەگـــەزەوە و پەراوێزخـــراو دەورێکی هەســـتیارتر دەگێڕێـــت (پالیدۆ، ۲۰۰۰). بۆچوونە کلاســـیکەکەی ت. ه. مارشـــالس (۱۹۵۰) لەمەڕ شـــارۆمەندی وەک تێکەڵاوێـــک لـــە مافەکانـــی مەدەنی، سیاســـی و کۆمەڵایەتـــی ســـەلمێنراوە کە لـــە چوارچێوەی ئەم جۆرەدا کەمایەســـی هەبێت، چونکە لەو شوێنانەی هەڵســـوکەتی دەوڵـــەت دەبێتـــە هـــۆی وەلانان بەهـــۆی ڕەگـــەز و ئەتنیک/زمـــان، دەبێتـــە هۆی سەرلێشـــێواوی. لە زۆربەی وڵاتانی پـــاش کۆلۆنیال و خاوەن هەڵاواردنی ڕەگەزی، شـــارۆمەندیی تەواو زۆر بەدەگمـــەن قبووڵ کـــراوە (ســـوریل و ئەوانی دیکـــە، ۲۰۱۹؛ ڕۆدریگێز & ماســـیاس، ۲۰۲۲). ئەو هێشـــتا بەســـتراوەتەوە بە پێوەرە نەتەوەیی، ئایینی و زمانییەکانـــی لایەنـــی زاڵ. لـــە ئێران لە یاســـای بنەڕەتیـــی فەرمیـــدا نووســـراوە کە زمانی فارســـی وەک تاکە زمانـــی فەرمی (بەنـــدی ۱۵) و ئیسلامی شـــیعەی دوازدە ئیمامـــی وەک دینـــی فەرمیـــی دەوڵەتـــی (بەنـــدی ۱۲) دیاری کـــراون. بەگوێرەی ئەم بەندانەی یاســـای بنەڕەتی، خەڵکـــی نافارس/ ناشـــیعە بۆ شـــارۆمەندی پلـــە دوو دابەزێندارون، مێـــژووی دەوڵەمەند و میراتـــە کولتووریەکەیان بۆ شوناســـی خێڵەکی نزم کراوەتەوە، زمانـــە پڕ زاراوە و دەربڕینـــە فۆلکلۆرییەکەیـــان خراوەتـــە پەراوێز و پاشـــکۆی شـــێوازی فارســـتەوەری بەرهەمهێنانی زانســـت. لێرەدا ئەوەی ئێتیەن بالیبار (۱۹۹۱) وەک 'نەتەوەی خەیاڵی' باســـی دەکات، بـــە دامەزراوەیی کراوە، لە کاتێکدا نەتەوە وەک شـــتێکی یەکچەشـــن و دەرهاوێـــژەر بیـــری لـــێ دەکرێتـــەوە. بێتـــوو بێدەوڵەتیش تێکەڵی ئەم باســـە بکەیـــن، گفتوگۆی پەیوەندیـــدار بـــە ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیی ڕوون دەبێتـــەوە. وەک چۆن گەلێـــک دەتوانێ بێدەوڵەت بـــێ، شـــوێنیش بـــە هەمـــان شـــێوە دەتوانێت. بێدەوڵەتـــی کاردانەوەی ژینگەیی لـــێ دەکەوێتەوە کە لە هی ئـــەو کەمینانە جیاوازە کە شـــارۆمەندیی ڕادەیی یـــان تەواویان هەیـــە. بۆ کوردانـــی ئێران، شـــارۆمەندیی ســـنووردار یـــان مەرجـــدار مافـــە کۆمەڵایەتی-سیاســـییەکانیان ســـنووردار دەکات، لە ناویاندا بەشـــداری لە بڕیاردان لەســـەر ژینگە، پێش بە دەستڕاگەیشـــتن بـــە ســـامانەکان و کانەڵەکانی پاراســـتن لـــە لایـــەن دامـــەزراوە ئەمنییەتییەکان، لەجیـــات دامـــەزراوە مەدەنییـــەکان دەگرێت. ئەو هەروەها کاریگەری لەســـەر ئـــەوەش دادەنێت کە کام کۆ دراوە بەردەســـت بێـــت: زانیارییەکان لەمەڕ هـــۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان، شـــوێنی مینی چێنراو و، کاریگەرییەکانی ســـەر ئـــاو لە ناوچـــە کوردییەکان زۆر جـــار دەشـــاردرێنەوە. لـــەم هەلومەرجـــەدا، ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیـــی تەنیا بە مانای تووشـــی زەرەری ناهاوســـەنگ بـــوون نییە. ئـــەو هەروەها بە مانـــای وەلانـــران لە هـــەر جـــۆە مێکانیزمێکە ڕەنگـــە ئیزن بـــە کۆمەڵگـــەکان بدات تـــا پێش بە زەرەرەکانی ســـەر ژینگە بگیرێت یان چارەســـەریان بکا ت .

مـــن دەســـتەواژەی 'توندوتیژیی بەئەســـپایی' ڕاب نیکســـۆن (۲۰۱۱) بە دەســـتەواژەیەکی ڕوونکەرەوە و پەیوەندیـــدار بـــەم باســـەوە دەبینم. نیکســـۆن

توندوتیژیی بەئەسپایی وەک شێوازێک لە توندوتیژی پێناسە دەکات کە باڵ بەسەر کات و شوێندا دەکێشێت، زۆر جار نادیار و و ئاسایی کراوە، بەڵام فرە وێرانکەرە. لە ئێران توندوتیژی بەئەسپایی وەک سارا ڕۆی (١٩٩٥) دەڵێ بە سیاسەتی لەگەشەخستن جیبەجێ دەکرێت. لە کەرتی غەززە، ڕۆی (١٩٩٥:٤) لەگەشەخستن وەک 'کاولکاریی بەئانقەست و سیستەماتیکی ئابووریی ڕەسەن لە لایەن دەسەڵاتی زاڵەوە ... بۆ دڵنیابوون لە نەمانی بناغەی ئابووری، تەنانەت یەکێکی شێواویش کە بتوانێ پشتگیری لە بوونی سەربەخۆیانەی خەڵکی ڕەسەن بکات، پێناسە دەکات.' سیاسەتە ژینگەییەکانی پەسەندکراو لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، وەک دروستکردنی زێدەڕۆیانەی بەنداو بۆ وشککردنی ڕووبارەکانی کوردستان، میلیتاریزەکردنی دارستانەکان بەبێ پاراستنیان و، پاشگوێخستنی ژینگەی گوندی کە لە بەرانبەر ئاگرگرتندا بێ پارێزگارییە، کاریگەریی قووڵی لەسەر ژینگەی کوردی هەیە، باسی ئاسەوارەکانی بۆ سەر ئابووریی هەرێمیش ناکەین. چەمکی نیکسون ڕوونی دەکاتەوە چۆن تێکدانی ژینگەیی لەگەڵ تێپەڕینی کات، دەبێتە جۆرێک لە توندوتیژیی پێکهاتەیی بۆ شێواندنی شوێنی ژیانی خەڵکی بێدەسەڵات. دەبێ سەرنج بدەین کە بەئەسپایی بوونی ئەم توندوتیژییە، نابێتە هۆی کەمکردنەوەی چڕییەکەی؛ بەڵکو بە خشکە تەندروستی، بژیو، زمان و بیرەوەریی جەماوەری بنکۆڵ دەکات. توندوتیژی بەئەسپایی لە ئێران ستراتێژییەکی دەوڵەتیی بەڕێوەبەریی ڕەگەزپەرستانەیە بۆ قوربانیکردنی گەلانی نافارس/ناشیعە لە ڕوانگەی ژینگەیی بەبێ ئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر خاکەکەیانەوە هەبێت و هەروەها بەبێ مافی هەناسەدان، کشتوکاڵ و گەشەکردن. ئەم شێوازە توندوتیژییە بیرهێنەوەرەی ئەو شتەیە کە مبێمبێ (٢٠٠٣) پێی دەڵێ سیاسەتی مەرگ یان سیاسەتی دیاریکردنی مەرگ، دەسەڵاتێک کە بڕیار دەدات کێ بۆی هەیە بژی و کێ دەبێ بمرێت. لەم ڕووەوە، ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی ئێرانی لانی کەم بە دوو شێوە وەک پڕۆژەی دیاریکردنی مەرگ بەڕێوە دەچێت. یەکەم، بە وەلانانی ژێرخانی لە ناوچە کوردییەکان بەشێوەی سیستەماتیک پێش بە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، وەک ئاو، پاکژی، سیستەمی ئاوداشتن و پلانی گەشەی بەردەوام دەگیرێت. ئەم پاشگوێخستنە سەرجەم دانیشتووان تووشی مەترسیی نەخۆشی، ئاوارەیی و بێدەرەتانی دەکات. دووهەم، بە سزادانی چالاکانی ژینگەپارێز کە هەوڵ دەدەن بەرگری لە ژینگە یان 'نیشتمان' بکەن (شەهابی، ٢٠٢٥). ئەم چالاکانە زۆر جار مۆرکی 'جیاییخواز' یان 'تێرۆریست'یان لێ دەدرێت و دەستبەسەر دەکرێن، یان تەنانەت لەژێر دەمامکی تاوانی تەناهی نەتەوەیی لەسێدارە دەدرێن، وەک چۆن لە دۆخی هیوا بوتیمار لە ٢٠٠٨، نەوید کۆنەپوشی لە ٦ی ئاگوستی ٢٠٠٢(12) ، و سامان میرەکی لە ٢٣ی مارچی (13) ٢٠٢٢، ڕووی دا.

ئەم بێدەرەتانییە سێ ڕەهەندییەی خەڵک، کولتوور و، سروشت، ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی لە ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە گوتەی وۆلف (٢٠٢٦)، دەبێتە ئەقڵییەتی لەناوبردن. بەم شێوەیە، پێویستە گوتاری د.ژ. داڕێژرێتەوە تا لە گریمانەکانی لیبراڵی گشتگیری و بەشداری تێپەڕێت و بەرەو ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵ لە چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتنی دەوڵەتانی سەردەم لە ڕەگەزپەرستی و نایەکسانیی سروشتیکراو و ئافراندنی ڕەگەزپەرستیی ژینگەییش بگرێتەوە. لە کاتێکدا چوارچێوەکانی ئەمریکای باکوور و ئەمریکای لاتین ڕەنگبێ بناغەی تیۆریک بۆ توێژینەوەکانی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی دەستەبەر بکەن، دۆخی وەک ئێران هەڵوێستێکی شوێنتەوەر، پشتئەستوور بە ئەزموونی هەرێمی و دژەکۆلۆنیالیستی دەخوازێت. دەوڵەتی ئێران پشت بە ڕەگەزی بایۆلۆژیک یان پارادیمەکانی نێشتەجێ-کۆلۆنیکار بە واتای کلاسیکی خۆی نابەستێت؛ لەجیاتان، ئەو پرۆژەیەکی نەتەوەپەرستی فارس-شیعە، بە تێکەڵکردنی باوەڕمەندیی ئایینی شیعە، تاکزمانی و کۆنترۆڵی ناوەندگەرایانەی خاک جێبەجێ دەکات. بۆیە ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی هەم ڕەهەندی ماددی و هەروەها سیمبۆلیکی هەیە: ئەو ڕێسا بۆ خاک و جەستە دیاری دەکات، 'جیاوازی' تەنیا بەگوێرەی ڕەنگی پێست دانانێت

بەڵکو بە مـــەودای کولتووری لەگەڵ شـــارۆمەندی دڵخوازی فارس-شـــیعە.

٧. ژێرخانـــی کۆمەڵکوژیـــی ژینگەیـــی لـــە ڕۆژهـــەڵات

ئەگەرچی ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی لەم دواییانەدا ســـەرنجی نـــەوەی نوێـــی تووژەرانـــی کـــوردی ڕاکێشاوە (بڕوانە حەســـەنیان، ٢٠٢١؛ حەسەنیان & سۆهرابی، ٢٠٢٢؛ ســـوڵەیمانی، ٢٠٢٥)، هەڵسوکەوتە تووندوتیژانەکـــەی باس کـــرا، لەوانـــدا زۆر دەمێکە ئاوێتەی ڕاستییەکانی سیاســـی و ژینگەیی دەوڵەتی ئێـــران کراون. لـــە کاتـــی دامەزراندنـــی دەوڵەتی ژینگە تیکەڵی پـــرۆژە بەرفراوانترەکەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی کراوە. دەوڵەت کە لەســـەر ناســـیۆنالیزمی فارس-شـــیعە دامەزراوە، بەشـــێوەی سیستەماتیک کولتـــووری کـــوردی پەراوێز خســـتووە و قاچاخی کـــردووە و ســـەرکوتی کولتـــووری و زمانـــی بـــە زەوتکردنـــی خاک، ئـــاو و ســـامانە ژینگەییەکانی گـــرێ داوە. ئەم کردەوانـــە وەک ئـــەوەی زۆر جار پێی دەگوترێ کۆمەڵکوژیـــی ژینگەیی و تێرۆریزمی ژینگەیی، دێنـــە ئەژمـــار (بڕوانە ئامـــەدی، ٢٠٢٥؛ ســـوڵەیمانی، ٢٠٢٥؛ وایز، ٢٠٢١)، کە لەویدا دەوڵەت هەڵمەتێکـــی ژینگەیـــی دژی وڵات و ســـامانەکانی ئەتنیکەکانـــی 'دیکـــە'ی دەســـت پێ کـــردووە. بە




وێنەی ٢. ڕۆژهەڵات — سنووری ئێران-عێراق، ناوچەکانی گیرۆدەی مینی چێنراو

مودێـــرن لـــە لایـــەن حکوومەتـــی پاشـــایەتیی پەهلەوییـــەوە لە ١٩٢٥ و، لـــە دوای ١٩٧٩ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە درێژەی پێ درا، سیاســـەتەکانی لێکگرێدانـــی ئەمە بـــە چەمکی نیکســـۆن لەمەڕ تووندوتیژی بەئەســـپایی، ئـــەم کاولکارییە ژینگەییە، بەپێچەوانـــەی کردەوەی ســـەربازیی بـــاو، کەمتر

دیـــاره و به خشـــکەیە، لەگەڵ ئەوەشـــدا بەردەوام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ژیانـــی ژینگەیی-کولتووری دەشـــێوێنێت (بڕوانە دەیڤیـــس، ۲۰۲۲).

ئەم بەشـــە جەخت لەسەر ســـێ ئاڵقەی بڕیاردەری ڕەگەزپەرســـتیی ژینگەیی دەکاتەوە: مینی ژێرزەوی، ئاگرکەوتنەوەی دارســـتان و لێڕەوار و دروســـتکردنی بەنداو. من بـــە قەیرانی مینە چێنراوەکان دەســـت جوغرافیای ترســـی تاهەتایی، سەرانســـەر ناوچەی کوردی دەکەنـــە هەرێمی مەرگ کـــە کۆمەڵگەکان لێک هەڵدەتێکێنێـــت و ژیانی کولتووری و ئابووریی ئـــەوان تێـــک دەدات (ســـوبحانی & دانێشـــمێهر، ۲۰۲٤).

بەگوێـــرەی زانیاریـــی فەرمـــی، نزیکـــەی ۲۰-۱٦ ملوێـــن(14) مینـــی نەتەقێنـــراو مـــاون ، کـــە لە



وێنەی ۳. ژمارەی کوردی سەدەنی کە بەهۆی مینی چێنراو گوژراون یان بریندار بوون

پێ دەکەم کە ئاســـەواری ماڵوێرانکەری لەسەر ژیانی کوردان، ژینگـــە و ئابووریی هەرێمیـــی ڕۆژهەڵات هەبووە. وەک دێ لیۆن (۲۰۱۵) لە دۆخی ســـنووری نێوان مەکزیک-وڵاتە یەکگرتووەکان پیشـــانی داوە، خـــودی ژینگە/یان ناوچە ســـنوورییەکان وەک گوتار دەتوانێت بکرێتـــە 'چەکی کۆمەڵکـــوژ' کە لەویدا زەوییە مەترســـیدارەکان و مەترسییە شاراوەکان وەک ئامرازی بەئانقەســـت بۆ کۆنترۆڵ و چاوترسێن کردن کەڵکـــی لـــێ وەردەگیرێت. بە هەمان شـــێوە، مینە چێنراوەکانـــی ڕۆژهـــەڵات دەبنە هـــۆی ئافراندنی ڕووبەرێکـــی ٤۲۰۰۰ کیلۆمیتریی دووجـــا لە ناوچە ســـنوورییەکانی ڕۆژاوا و باشـــوور لـــە پارێزگاکانی خوزســـتان، ئیلام، کرماشـــان، ئازەربایجانـــی ڕۆژاوا و کوردســـتان چێنـــراون (۱۱۰۰ کیلۆمیتـــر ناوچەی ســـنووری، بڕوانە وێنـــەی ۲ و ۳). پارێـــزگای ئیلام، بە ۱۷۰۰۰۰۰ هێکتـــار زەوی مینڕێژکـــراو، زۆرترین کاریگەریی بەرکەوتووە، پاشـــان خوزســـتان بە ۵،۱ ملوێـــن هێکتـــار، کرماشـــان بـــە ۷۰۰۰۰۰ هێکتار، کوردســـتان بـــە ۱۵۰۰۰۰ هێکتـــار و، ئازەربایجانی ڕۆژاوا بـــە ۱۵۰۰۰۰ هێکتار. ئـــەم پارێزگایانە وەک

مینرێژکراوترین پارێزگاکانی وڵات دێنە ئەژمار.(15) ناوەندی مین هەڵگرتنەوەی ئێران گریمانە دەکات کە بەشێوەی ماماوەندی هەموو ڕۆژێک، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، سێ کەس دەکەونە بەر ئاسەوارەکانی مینە چێنراوەکانی ئەم ناوچانە (محەممەدزادە، مۆبەللیغی، ئەفخەمزادە & دێلپیشە، ۲۰۱۲). دانیشتووانی چوار دانە لە پێنج پارێزگای باسکراو لە سەرەوەدا کوردن. ئەم 'توندوتیژییە بەئەسپاییە' بەردەوامەیان دەکەوێتە ئەستۆ (نیکسۆن، ۲۰۱۱؛ محەممەدپوور، ۲۰۲۳ب؛ محەممەدپوور & جەواهێری، ۲۰۲٤).

ڕاپۆرتی جۆراوجۆر دەڵێن کە لە ۱۹۸۸ هەتا ۲۰۲۳ بەهۆی تەقینەوەی مین، زیادتر لە ۵۰۰۰ کورد کوژراون، بەتوندی بریندار، یان کەمئەندام بوون. نەبوونی تابلۆ، سیستەمی هۆشداریدەر و تەیمانکردنی شیاو، لەگەڵ سنووردانانی دەوڵەت

پارێزگا	ژمارەی ڕووداو	ڕێژەی لە سەدا
کوردستان (پارێزگا)	۸۸۹	۲۳،۹
ئیلام	۵۹٦	۱٦،۱
خوزستان	٤۵۱	۱۲،۱
کرماشان	۱۲۷۳	۳٤،۳
ئازەربایجانی ڕۆژاوا	٤۹٤	۱۳،۳
کەناری سنوور	۱۰	۰،۳
کۆ	۳۷۱۳	۱۰۰

خشتەی ۲

ژمارەی قوربانییانی مینی ژێرزەوی (۲۰۰۳-۱۹۸۸)

سەرچاوە: (سۆروش، ۲۰۰٦، ل. ۷۷).

مینە چێنراوەکان پاشماوەی جەنگی ئێران-عێراقن (۱۹۸۸-۱۹۸۰)، کە نموونەی کارەساتی ژینگەیی سەپێنراو لە لایەن دەوڵەتی ئێران بەسەر خاکی کوردانەوەیە. ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ، هەروەها لێدوانی فەرمیی جۆراوجۆر، پشتڕاستیان کردووەتەوە کە ئێران لە جێبەجێکردنی لانی کەمی ستانداردە ناونەتەوەییەکان بۆ هەڵگرتنەوەی مینی چێنراو شکستی هێناوە و، لە ۱۹۸۸ بەولاوە هیچ دەستپێشخەرییەکی بەرفراوانی دەوڵەتی بۆ هەڵگرتنەوەی مینی چێنراو لەم ناوچانە جێبەجێ نەکراوە. خەڵکی مەدەنیی کوردی ناوچەکە، بەتایبەت منااڵن، شوانەکان و کۆڵبەران (کرێکارانی سەر سنوور) باری قورسی بۆ دەستڕاگەیشتن بە نەخشەی ئەو شوێنانەی مینڕێژ کراون، شوێنەوارە کوردییەکانی کردووەتە هەرێمی نیشانەنەکراوی مەرگ، ئەگەرچی جەنگ دەیان ساڵ بەر لە ئێستا کۆتایی هاتووە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی دیکە لەنێوان ۱۹۸۸ هەتا ۲۰۱۷، مینی چێنراو و تەقەمەنیی دیکە بوونە هۆی لێکەوتنەوەی کۆی ۹۹۲۵ قوربانی. لەمانە، ۲۸۲۳ کەس کوژراون و، ۷۰۹۵ بریندار بوون یان بەشێکی جەستەیان لەدەست داوە. تەنیا لە نیوەی دووهەمی ساڵی ۲۰۱۸، زیادتر لە سەد کۆڵبەری سەر سنوور، بە تەقینەوەی مین کوژراون یان بریندار بوون. لە ۲۰۱۸، ٦۲ کەسی مەدەنی بەر تەقینەوەی مین کەوتوون؛ لەمانە ۱٤ کەسیان

گیانیان سپاردووە، لە کاتێکدا ٤٨ کەس بەشەختی بریندار بوون، لە ناویاندا تووشی کەمئەندامی و زەرەرکەوتن بەر دەست، چاو یان قاچیان.

پێویست بە جەختکردنەوەیە کە گەلێک لەو قوربانییانە منالّن. لە هێندێک نموونەی کارەساتباردا، منالّان ئەم مینە چێنراوانە دەدۆزنەوە و لەگەڵ لیستۆک لێیان تێک دەچن. لە ٢٠١٤(19)، پێنج قوتابی لە ناوچەی کەنجانچەم لە سنووری شاری مێهران، هەڵکەوتوو لە پارێزگای ئیلام، لە کاتی یاری و دوای تەواوبوونی قوتابخانە بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بوون و گەیاندیانە نەخۆشخانە. هەروەها، لە ٢٠١٨، چوار منالّ و بینایی لەدەست دا. لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨، محەممەدئەمین غالێبی حاجیوەند، تەمەن ١٢ ساڵ بەهۆی تەقینەوەی مین لە ڕۆژاوای ڕووباری کەرخە کوژرا. تەنیا چەند مانگ دواتر، لە فێبریوەریی ٢٠١٩، تەقینەوەیەکی دیکە لە هەمان ناوچە بووە هۆی پەڕینی دەستی سەعید نیازی، تەمەن ٩ ساڵ و نابیناکردنی. لە مارچ، کیژی ١٥ ساڵان سەعیدە چەنانی بەهۆی تەقینەوەی مینی چێنراو لە دێهلۆڕان کوژرا.(20)

عیسا بازیار، چالاکێکی بەناوبانگی هەڵگرتنەوەی مینی چێنراو، ڕەخنە لە شێوەی هەڵسوکەوتی ئێران بەرانبەر بە قەیرانی مینە چێنراوەکان

ناو	ڕێکەوتی گیانبەختکردن	شار/ئەنجومەنی ژینگە
حەمید مورادی [16]	٢٥ی جولای ٢٠٢٥	سنە
جیاکو یوسفی نژاد		سنە
خەبات ئەمینی	٢٧ی جولای ٢٠٢٥	سنە
ئیسماعیل کەریمی	٢٨ی جولای ٢٠٢٥	کامیاران (کارمەندی ئیدارەی سامانە سروشتییەکانی سنە)
	٢٢ی جولای ٢٠٢٤	
ئەلبورز زارعی [17]	٢٠ی جوونی ٢٠٢٠	کۆهگیلۆیە و بویرئەحمەد
موختار خەندانی [18]	٢٨ی جوونی ٢٠٢٠	یاوە
بیلال ئەمینی	٢٨ی جوونی ٢٠٢٠	یاوە
یاسین کەریمی	٢٨ی جوونی ٢٠٢٠	یاوە
شەریف باجومر	٢٥ی ئاگوستی ٢٠١٨	مەریوان
ئومێد کۆنەپۆشی	٢٥ی ئاگوستی ٢٠١٨	مەریوان
محەممەد یەزدانپەنا	٢٥ی ئاگوستی ٢٠١٨	سامانی سروشتی
ڕەحمەت حەکیم نیا	٢٥ی ئاگوستی ٢٠١٨	سامانی سروشتی
ئەمیر ئەرسەلان بیروتی	مای ٢٠١٦	مەهاباد

خشتەی ٣

بەشێک لە کوردانی پارێزەری ژینگە کە گیانی خۆیان لە کاتی ئاگرکۆژاندنەوەدا بەخت کردووە

کەوتنە سەر مینی چێنراو. لە مای ٢٠١٨، شایان فەرەجی تەمەن ١٢ ساڵ، لە کاتی تەقینەوەی مین لەسەر جادەی مەریوان-سنە هەر دوو دەست دەگرێت و پێداگرە کە ئێران نە پەیماننامەی ئۆتاوای واژۆ کردووە کە مینە دژەتاکەکانی قاچاخ کردووە و نە پێشوەچوونی ئەوتۆی لە هەوڵە

مرۆییانەی بـــۆ هەڵگرتنەوەی مینـــن تۆمار کردووە. بازیـــار هەروەهـــا ئامـــاژە دەکات کـــە دەوڵـــەت درێـــژە بـــە مینڕێژکـــردن لـــە ناوچە ســـتراتێژیکە ســـنوورییەکان بە بیانـــووی ئاسایشـــی نەتەوەیی دەدات. وەک بازیـــار ئاماژەی پـــێ داوە، هەوڵەکانی ڕێکخـــراوە مەدەنییەکان و چالاکان بـــەردەوام لەژێر چاودێریدایـــە و، زۆر جـــار لەجیات ســـەیرکردنیان وەک چالاکانـــی مرۆیـــی، مۆرکـــی ‘هەڕەشـــەی ئەمنییەتی’یـــان لێ دەدرێـــت. بە گوتـــەی بێهنام ســـادقی، زۆربەی ناوچەکانی گیرۆدەی مینی چێنراو لە نزیک شـــوێنی ژیان و هەرێمەکانـــی دابینکەری بژیوی خەڵـــک هەڵکەوتوون. ئەو جەختی لەســـەر دەکاتەوە، زۆرترین مەترســـی بـــەرەوڕووی کۆڵبەران و تاقمەکانـــی دیکـــە دەبێتـــەوە و ئـــەوان دەبنە قوربانیـــی تەقینەوەی مینی چێنراو.(21) پێویســـت بـــە گوتن ناکات کـــە زۆربەی قوربانییان دەســـتیان بە پێڕاگەیشـــتنی بەرفـــراوان و خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانـــەوە لـــە لایـــەن بیمـــە ڕانـــاگات. تەنیـــا ژمارەیەکـــی کەم لەوانەی دەکەونـــە بەر تەقینەوەی مین پشـــتگیریی ســـنووردارییان لە لایـــەن دایرەی خۆشـــبژیوی یان ڕێکخـــراوە یارییدەدەرەکانەوە پێ دەگات.

گیرۆدەبوونـــی بەرچـــاوی ڕۆژهـــەڵات بـــە مینی چێنـــراوەوە بووەتـــە هـــۆی زیانـــی بەرچـــاو لە کشـــتوکاڵ، مەڕومااڵت و، ئابووریی ناوخۆیی. مینی چێنـــراو بـــەردەوام لە کێڵگـــەکان، لێـــرەوارەکان و ڕێگاکانـــی هەوارچییان دەدۆزرێنەوە کە هەڕەشـــە لـــە ژیانی خەڵکی هەرێمەکـــە و چالاکییە ئابووریە نەریتییـــەکان دەکات. لەبەر بوونـــی مینی چێنراو، گەلێـــک لە گوندییـــەکان ناتوانن کەڵـــک لە زەوییە کشـــتوکاڵییەکانیان و لەوەڕگـــەکان وەرگرن.

بـــۆ وێنـــە(22)، سەردەشـــت، کە ســـاڵی ١٩٨٧ لە لایـــەن عێراقـــەوە کیمیاباران کـــرا و، لـــە ئاکامدا ســـەدان کەس کوژراو و بریندار بوون، ئێســـتا ١٩٣٥ هێکتار خاکی گیـــرۆدەی مینی ژێـــرزەوی هەیە. لە مەریوان، ســـەدان هێکتـــار خاکی بەپیـــت بەهۆی مینی چێنـــراوەوە بێکەڵک ماوەتەوە. شـــوانەکانیش بەدەســـت ئازارێکـــی زۆرەوە دەناڵێنـــن، چونکـــە لێـــرەواری بەرزاییەکان کـــە بـــۆ لەوەڕاندنی مەڕ و مـــااڵت کەڵکـــی لـــێ وەردەگیرا، ئێســـتا بوونەتە هەرێمی مەترســـیدار. پێویســـت بە گوتـــن ناکات، مەڕومااڵتیـــش لـــەم ســـااڵنەی دواییـــدا بەهـــۆی تەقینـــەوەی مین تێدا چـــوون. ئەم دۆخـــە بووەتە هـــۆی چوونـــە ســـەری ئاســـتی بێـــکاری، کۆچی خەڵکی گوند بـــەرەو شـــارەکان و، تێکڕمانی ژیانی بەردەوامـــی هەرێمەکـــە. بـــۆ وێنە، لـــە ٢١ی مای ٢٠١٤، مینێکی چێنراو لە بەرزاییەکانی کێڵەشـــینی شـــنۆ تەقییەوە و بـــووە هۆی کوژرانی ئیســـماعیل ئازمـــودەی تەمـــەن ٣٧ ســـاڵ و بریندار بوونی دوو برا بـــە ناوەکانی، ســـەید هـــادی و ســـەید هێمن موســـەوی، کە خەریکـــی کۆکردنـــەوەی گیاوگژی بەهاری بـــوون بۆ فرۆشـــتن. (23)

لەم شـــوێنانە کە مینـــی چێنراو، وەک پاشـــماوەی جەنگەکانـــی ڕابـــردوو، دەبنە هـــۆی چۆلکرانیان، ئاگرکەوتنـــەکان، لەبـــەر بێدەربەســـتیی دەوڵەت، میلیتاریزەکردنـــی نیشـــتمانی کـــوردان و نەبوونی ژێرخانـــی پێویســـت هەمـــان ئاکامیـــان هەیە. لە هاوینـــی ٢٠١٠، کارەســـاتبارترین ڕووداو لە شـــاری مەریوان و ســـەوڵاوا ڕووی دا کە لە لایەن ڕێکخراوی چیـــا وەک ’هاوینـــی ڕەش‘ ناودێـــر کـــرا. تەنیا لە ٢٠١٠، چیـــا نزیکـــەی ٩٣٥ ئاگرکەوتنـــەوەی چیا و دارســـتانەکانی تۆمار کردن، تۆمارێکی بێوێنەی چیا و دارســـتانەکان کە نە تەنیا لە ڕۆژهـــەڵات، بەڵکو لە سەرانســـەری ئێران. لە ٢٠٠٩ هەتا ٢٠١٥، چیا ٢١٠٠ ئاگری لـــەم جۆرەی تەنیـــا لە مەریوان و ســـەوڵاوا کوژاندووتـــەوە. نموونەیەکی دیکەی ئاگرکەوتنەوەی بەربڵاو لـــەم جۆرە لە ٢٠١٩ لە ئـــێلام(24) ڕووی دا. ئاگـــرەکان بۆ مـــاوەی ٩ ڕۆژ بە چیاکانی زاگرۆســـدا بڵاو بوونـــەوە و ڕووبەرەکانیان لەناو بـــرد. گریمانە دەکرێـــت ١٥٠٠٠ دار بـــەڕوو، ٥٠٠٠ دارە بـــەن، ١٠٠٠ دار کـــەوت، ١٠٠٠ دارگوێز و، ســـەدان ئاژەڵ و زینـــدەوەری ژێر مەترســـی لەناو چـــوون و بوونە خۆڵەمێش. دەوڵـــەت بەتەواوی بێدەربەســـت بوو و هیـــچ کردەوەیەکـــی بـــۆ یارمەتیدانـــی خاڵکی ناوچە بـــۆ کوژاندنـــەوەی ئاگرەکان نەبـــوو. وەک نموونەیەکـــی دیکـــە، تەنیـــا لـــە ٢٠٢٤، ١٨٠٠٠ هێکتـــار لـــە داربەڕووەکانی زاگرۆس وشـــک بوون. لە کاتێکـــدا ئاڵوگۆڕی کەشـــوهەوا و وشکەســـاڵی هـــۆی لەنێوچوونـــی نیوەی ئـــەم دارانەیـــە، ئەوی دیکە ئاکامی ڕاســـتەوخۆی سیاســـەتەکانی دەوڵەت

بەرانبـــەر بە ســـامانە سروشـــتییەکانی ڕۆژهەڵاتە. بە گەڕاندنـــەوەی ئاگرکەوتنـــەوە مەزنەکانی چیا و دارســـتانەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ئاڵوگۆڕی کەشوهەوا و 'هۆکاری سروشـــتی،' دەوڵەت کەڵک لە بیانوویەکی گوتـــاری وەردەگرێـــت کـــە مەیلـــی کـــردەوە، بەرپرســـیاری و مەبەست لە شـــتێک دەسڕێتەوە کە وێدەچێ هەڵمەتـــی باو و بە ئامانجی سیاســـی بۆ ســـەر ژینگە بێت. تۆپۆگرافیی چیاکانی کوردســـتان و کەشـــوهەوا ماماوەندییـــە مێژووییەکـــەی زۆر دەمێکـــە گریمانـــە دەکرێـــت لـــە بەرانبـــەر ئاگرکەوتنەوەی سروشـــتی لەم ئاستە و بەم چڕییەی دەیـــەی ڕابـــردوو خۆڕاگر بێت. بە ڕاســـتی، تۆماری درێژمـــەودا ئاشـــکرای دەکـــەن کە دارســـتانەکانی ڕۆژهـــەڵات بـــەر لـــە ٢٠١٠ ئاگرکەوتنـــەوەی لەم جۆرەیان بەخۆیانەوە نەبینیـــوە (چیا، ٢٠٢٤-٢٠١٠). لەگەڵ ئەوەشـــدا، لە ٢٠١٠ بـــەولاوە، ئاگرکەوتنەوە لە دارســـتانەکان بەشـــێوەیەکی بێوێنـــە، پەیتا پەیتا و، لـــە ڕووبەرێکی بەرچـــاودا دووپـــات بوونەوە و دەیان هـــەزار هێکتاریان گرتوونـــەوە، کۆژاندنەوەی ئاگـــری ڕووەکی نایاب و ئاژەڵـــی جۆراوجۆر، کە زۆر جار چەنـــد ڕۆژی خایاندووە و لەجیـــات دامەزراوە دەوڵەتییەکانـــەوە، لـــە زۆربەی دۆخەکانـــدا تەنیا بە هێـــزی مرۆیی و خۆ لە مەترســـی هاویشـــتنی خەڵکـــی ناوچـــە جێبەجێ کـــراوە (گۆڤـــاری چیا، ٢٠١٠؛ گۆڤـــاری چیـــا، ٢٠١٧؛ شـــەهابی، ٢٠٢٥). ڕێژەیەکـــی پەرەئەســـتێن لە توێژینەوەی زانســـتی ئەزموونی بەشـــێوەی یەکلاکەرەوە و بە پێشـــاندانی شـــوێن و کاتـــی ئاگرکەوتنەوەکان ســـەلماندوویانە کە هۆکاری ئـــەم ئاگرکەوتنەوانـــە چالاکیی مرۆیی، چڕیـــی ژێرخانی و، شـــێوازی بەڕێوەبەریی دەوڵەتە، نەوەک تەنیـــا بگۆڕەکانی کەشـــوهەوایی. بۆ وێنە، ســـەلەواتی و ئەوانـــی دیکـــە (٢٠٢٢)، کەڵکیان لە بەڵگـــەی سیســـتەمەکانی زانیاریـــی جوگرافیایـــی (GIS) و مودێلی بەراوردنوێنیـــی ئاماری وەرگرتووە کـــە ئاشـــکرای دەکات ئەگـــەری ئاگرکەوتنەوە لە نزیـــک جـــادەکان و ناوچـــەی گوندنشـــین (واتە شـــوێنی کشـــتوکاڵ و گردە نەوییەکان) لە شـــوێنی دیکە زیادترە، ئەمەش دەیســـەلمێنێت گەشەپێدانی دەوڵەتـــی و ژێرخانـــی چاودێـــری، تێوەگلاوییەکی قووڵی لەم شـــوێنانە هەیـــە. مروەتـــی و کەرەمی (٢٠٢٤) ئـــەو گریمانەیان بە پیشـــاندانی پەیوەندیی نزیکی ســـوڕی ئاگرکەوتنەوە وەرزییەکانی پارێزگای کرماشـــان لەگـــەڵ بوونـــی مـــرۆڤ و بەکارهێنانی شـــوێنەکان بەهێزتر کرد، لە کاتێکـــدا محەممەدی (٢٠٢٥) و محەممـــەدی و ئەوانـــی دیکـــە (٢٠١٤) پیشانیان داوە تۆپۆلۆژی، نشـــێو و، ڕێژەی بارانبارین تەنیا بەشـــێکی کـــەم لـــە هـــۆکاری ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنـــەوەن. لەوبـــەری ســـنووورەکانی ئێـــران، ئێکلونـــد و دینچ (٢٠٢٤) ئاشـــکرایان کـــردووە کە لـــە هەرێمـــی کوردســـتانی عێـــراق، ئاگرکەوتنەوە بەشـــێوەیەکی بەرچاو لـــەو شـــوێنانە ڕوو دەدات کـــە میلیتاریزە کراون و کێشـــەیان لێیـــە، ئەمانەش کاولکاریـــی ژینگەیی ڕاســـتەوخۆ بـــە ئەقڵانییەتی ئەمنییەتـــی و تووندوتیژیـــی پێکهاتەییـــەوە گـــرێ دەدەن، لەجیاتی ناســـەقامگیریی ژینگەیی. تەنانەت لەو شـــوێنانەی زەختە کەشـــوهەواییەکان ڕەنگبێ دەورێکـــی یاریدەدەرانـــە بگێڕن، بەڵام ئـــەوان لە دەســـتێوەردانی یەکلاکـــەرەوەی دەوڵەتـــی بەهۆی پاشگوێخستنی سیســـتەماتیک، بە ئەمنییەتیکردنی بەڕێوەبەریـــی ژینگـــە و، گۆڕینی بەئانقەســـتی بەکارهێنانـــی زەوی لـــە ناوچـــە کوردییـــەکان جیانەکراوەیـــە. ڕوودانـــی تۆمارکـــراوی زیادتـــر لـــە ٩٠٠ ئاگرکەوتنـــەوەی دارســـتانەکان تەنیا لە ٢٠١٠، لـــە هـــەر جـــۆرە گریمانەیەکـــی هۆکاری ئاڵوگـــۆڕی کەشـــوهەوا یان ســـوڕی ئاگرکەوتنەوەی سروشـــتی تێپـــەڕ دەبێـــت (گۆڤاری چیـــا، ٢٠١٠). ئەم نموونانە گۆڕینێکی شـــیکاری لـــە ئاگرکەوتنەوە وەک کارەســـاتێکی سروشـــتی بۆ ئاگرکەوتنەوە وەک بەرهەمێکـــی سیاســـیی ڕووداوی ژینگەیـــی لەناو هەناوی کۆنترۆڵ، پاشگوێخســـتن و، زاڵبوون بەسەر خاکـــدا لە لایـــەن دەوڵەتـــەوە دەخوازێت.

یەکێک لە هـــۆکارە ســـەرەکییەکانی ئاگرکەوتنەوە لە ڕۆژهەڵات میلیتاریزەکردنـــی ناوچەکە، بەتایبەت چیاکانی زاگرۆســـە، کە پارێزگاکانی کرماشـــان، ئیلام و کوردســـتان (ســـنە)ی گرتووەتەوە. دارستانەکانی زاگـــرۆس، کـــە بە 'ســـییەکانی ئێـــران' ناســـراون، بەردەوام ژینەکیترین ســـامانی سروشتیی ڕۆژهەڵاتن. ئەم دارســـتانانە دەورێکی ســـەرەکی لە پاراســـتنی هاوســـەنگیی ژینگەیـــی و بەربەرەکانـــی لەگـــەڵ ئاڵوگـــۆڕی کەشـــوهەوا دەگێڕن. ئـــەوان هەروەها

تواناییی پشتگیریکردنی پێشەسازیی بەردەوام، وەک بڕەدار، کشتوکاڵی ئۆرگانیک و دەرمانسازییان هەیە و دەتوانن بناغەی گەشەسەندنی ئابووریی هەرێمی دەستەبەر بکەن. بەڵام، ئەم دارستانانە لەژێر هەڕەشەی تونند بەهۆی سیاسەتی کاولکارانەدان کە لە لایەن سپای پاسدارانەوەی ڕەچاو دەکرێت. ئاگر تێبەردانی بەئانقەست کە هەواڵەکانیان لە لایەن خەڵکی هەرێمەکەوە بڵاو دەکرێتەوە، تەنیا یەکێک لە تاکتیکەکان بۆ لەناوبردنی سیستەمی ژینگەیی ناوچەکەیە. ڕاپۆرتە مەیدانییەکان ئاشکرای دەکەن کە کۆمپانیاکانی سەر بە سپای پاسداران لە فرۆشتنی بڕەداری نایاسایی بە هاوکاریی هێندێک لە بازرگانانی ناوچەکە سوود وەردەگرن. ئەم کاولکارییە نەتەنیا بووەتە هۆی زیانی قەرەبوونەکراوی ژینگەیی، لە ناویاندا لەدەستچوونی فرەچەشنیی بایۆلۆژیک و زیندەوەری کێوی، بەڵکو لەدەستچوونی ئەم پیشانەی کە پەیوەندییان بە پیشەسازییەکانی بەخێوکردنی بەردەوامی دارستانەکانەوە هەیە. لە ئاکامدا، بژیوی گەلێک لە دانیشتووانی ئەم ناوچانە خاپوور کراوە. (25)

ئاگرکەوتنەوە زنجیرەییەکانی دارستانەکانی زاگرۆس لە ناوەڕاستەکانی ٢٠٠٠ی زایینی دەستیان پێ کرد و لەو کاتییەوە ڕوو لە زیادبوونن.(26) ڕاپۆرتەکانی خەڵکی ناوچە و چالاکان ئاشکرای دەکەن کە هۆکاری سروشتی تەنیا هۆی ئەم ئاگرکەوتنەوانەی زاگرۆس نین. ئەم ئیدیعایە لە دۆخی مەریوان بەتایبەت ڕاستە، کە بەڵگەکان لە لایەن ئەنجومەنی سەوزی چیا بەشێوەیەکی بەربڵاو تۆمار کراون.(27) بە گوتەی پسپۆران، هۆکارە سروشتییەکان تەنیا یارمەتیدەری چڕتربوونەوە و بڵاوبوونەوەی ئاگرەکان دەبن، نەوەک هۆکاری دەستپێکردنیان. بۆ پێشکەشکردنی چەند نموونە، ئەنجومەنی سەوزی چیا ڕایگەیاندووە کە لە ٢٠٢٠، لانی کەم ١٨٨ ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی دەوروبەری مەریوان و سەوڵاوا ڕوویان داوە. ڕاپۆرتێکی دیکە لە لایەن هەمان ڕێکخراوەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەی ئاگرکەوتنەوەکان لە ساڵی ٢٠٢١ لە بەراورد لەگەڵ ٢٠٢٠، سێزدە هێندە زیادی کردووە.

یەکێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنەکە گوتوویەتی کە تەنیا لە نیوەی یەکەمی ٢٠٢٣، ژمارەی ئاگرکەوتنەوەکان، ئەوانی دەوروبەری سەوڵاویان لێ دەربکرێت، لە ٣٣٠ دۆخ تێپەڕ بوون. شێوازی باوی دەستپێکی ئەم ئاگرانە ئەوەیە کە لە کاتێکی دیاریکراودا دەست پێ دەکەن و لە هێندێک ناوچەی تایبەتیی زاگرۆسدا ڕوو دەدەن کە سروشتیبوونی هۆکارەکە گەلێک بەدوور دەزانرێت. لێدوانەکانی چالاکانی ژینگەپارێز، پسپۆران، شایەتحاڵان و ڕۆژنامەوانان پشتڕاستی دەکەنەوە کە زۆربەی ئەم ئاگرانە لە ئاکامی کردەوەی مرۆیی دەستیان پێ کردووە. لە ناویاندا لەناوبردنی دارستانەکان بە مەبەستی گۆڕینی دارستانەکان بۆ زەویی کشتوکاڵی؛ بڕینی دارەکان بۆ بەرهەمهێنانی خەڵووز و بە قاچاخبردنی بڕەدار؛ هەروەها چالاکییە سەربازی و ئەمنییەتییەکانی وەک ڕاهێنانی سەربازی و، تەقاندنەوەی مینە چێنراوەکان، هەم هیی سەردەمی جەنگی ئێران-عێراق و هەروەها ئەو مینانەی لەم دواییانەدا(28) لە لایەن هێزە سەربازییەکانەوە بە بیانووی پێشگرتن بە دزەکردنی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆن چێنراون.

ئەندامێکی ئەنجومەنی سەوزی چیا پشتڕاستی کردووەتەوە کە بەناو پارێزگارانی دارستان (جنگلبان) بەردەوام ئازادانە داری چەند سەدەیی دەبڕنەوە، بارى زەبەلاحی بڕەدار و خەڵووز بێئەوەی بچووکترین ڕێگرییەکیان لە بازگەکان لێ بکرێت، دەگوازنەوە و دەیانگەیەننە هەر شوێنێک پێیان خۆش بێت. بە گوتەی ناوبراو و بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئەنجومەنی سەوزی چیا، کە کاربەدەستانی پارێزگاکەش دانیان پێدا ناوە، لە کاتی ئاگرکەوتنەوەیەکی ساڵی ٢٠٢٣، زیادتر لە ١٠٦٥ هێکتار دارستانی داربەڕوو لە ماوەی چند ڕۆژدا لەناو چوو.(29) ئەم سەرچاوەیە ئەمەشی زیاد کرد کە لە نیوەی یەکەمی ٢٠٢٣، زیادتر لە ٥٠٠٠ هێکتار دارستانی دەوروبەری مەریوان سووتاون، لە کاتێکدا کۆی ناوچەی دارستانیی ناوچەکە ئێستا ١٠٠٠٠٠ هێکتارە. بەگوێرەی ئاماری فەرمی، ناوچە دارستانییەکان هێشتا ١٧٠

بـــۆ ١٨٥ هـــەزار هێکتـــار دەگرنەوە. ئـــەم ژمارەیە وێدەچـــێ بـــۆ پێـــش دەســـتپێکی ئاگرکەوتنـــەوە زنجیرەییەکانی ناوەڕاســـتەکانی ٢٠٠٠ی زایینی بێت. بەراوردکردنێکـــی ســـاکاری ئەم ئامارانە ئاشـــکرای دەکات کـــە لە مـــاوەی نزیکەی ١٥ ســـاڵدا، زیادتر لـــە ٧٠ هەزار هێکتار دارســـتانی مەریـــوان بووەتە خۆراکی بڵێســـەی ئاگـــرەکان .(30)

هاوپەیمانیـــی نێوان ســـپای پاســـداران و ڕایەڵەی بەهێزی مافیای دارســـتان لە ڕۆژهـــەڵات، کاولکاریی ژینگەیـــی ناوچەکـــەی خێراتـــر کـــردووە. لە ژێر دەمامکـــی پڕۆژەکانـــی گەشـــەپێدان و ئاسایشـــی نەتەوەیی، سپای پاســـداران سڕینەوەی دارستانەکان، داگیـــر کردنـــی زەویـــوزار و، تاڵان کردنی ســـامانە سروشـــتییەکان، بە تایبەت داربەڕووەکانی چیاکانی زاگرۆســـی جێبەجێ کردووە (ســـوڵەیمانی، ٢٠٢٥). ئیزنـــی کەتیـــرە کـــردن بـــە نرخێکی هـــەرزان بە ناوبژیکار و دەڵاڵان دەفرۆشـــرێتەوە و، ئەوانیش بە نرخێکی بـــەزر دەیفرۆشـــنەوە، کـــە دەبێتە هۆی بـــەرەودان بە کـــۆ کردنـــەوەی چەوســـێنەرانە، کە سیســـتەمی ژینگە دەشێوێنێت. ســـپای پاسداران و کۆمپانیاکانی ســـەر بـــە ئـــەوان وەک خاتەمولئەنبیا دەورێکـــی ســـەرەکی لە ئـــەم چەوســـاندنەوەی ژینگـــەدا دەگێـــڕن و، زۆر جـــار ڕێســـاکانی ژینگە بۆ دروســـتکردنی بەنـــداو و داگیرکردنـــی زەویوزار پاشـــگوێ دەخـــەن. چالاکانـــی ژینگەپارێـــز کـــە ئـــەم پێشـــێلکارییانە ئاشـــکرا دەکەن، بەشـــێوەی سیســـتەماتیک دەستبەســـەر و زیندانی دەکرێن و تەنانـــەت حوکمی ئیعدامیان بـــۆ دەبڕنەوە. موختار خەندانـــی، دامەزرێنـــەر و وتەبێـــژی ئەنجومەنی ژینگەپارێـــزی ژیوای لە شـــاری پـــاوە، لەگەڵ دوو هاوڕێی چالاکـــی ژینگە لـــە کاتـــی کوژاندنەوەی ئاگری دارســـتان لە ناوچەکانی بۆزیـــن و مەڕەخێڵ، بەشـــێوەیەکی کارەســـاتبار لـــە ٧ی جـــولای ٢٠٢٠ گیانیـــان بەخت کرد.(31) بەر لـــە مردنی، خەندانی نیگەرانیـــی قووڵی لەمـــەڕ ئیزندانـــی کۆکردنەوەی بخورد لـــە هەورامان دەربڕیبوو. ناوبراو هۆشـــداری دابـــوو کە ڕایەڵـــە مافیـــاکان ئەم ئیزنانـــە بەهۆی پەیوەنـــدی لەگەڵ هێزە ســـەربازییەکان وەردەگرن. تۆمـــارە فەرمییەکانـــی نووســـینگەی ســـامانە سروشـــتییەکان و بەڕێوەبەرایەتیی ســـەرچاوەکانی ئاوی پارێزگای کوردســـتان ئاشـــکرای کـــردووە کە بـــە قاچاخبردنـــی بـــڕەدار یەکێک لـــە مەزنترین نیگەرانییەکانی ئەم مەڵبەندەیـــە و، بێتو ئەم دۆخە بـــەردەوام بێت، لە ماوەیەکی نزیکـــدا دەبێتە هۆی لەناوچوونـــی دارســـتانە داربەڕووەکانـــی ناوچەکە. لـــە ڕاپۆرتەکـــەدا هاتووە کـــە لە ســـەرەتای ٢٠٢٠ هەتـــا کۆتاییی مانگـــی ئۆکتۆبەر، کـــۆی ٢٢٦ میتر ســـێ جای بڕەداری نایاســـایی قاچاخچی دەستیان بەســـەردا گیراوە. ئەو هەروەها ئامـــاژەی بە هۆکارە شاراوەکانی پەرەســـەندنی بازرگانیی نایاسایی بڕەدار لـــە پارێزگاکـــە کردبوو، کـــە دژواریـــی دابینکردنی بژیـــو، هـــەژاری و بێـــکاری لەنـــاو دانیشـــتووان دەگرێتـــەوە.(32) بە زیادکردنی چەوســـاندنەوەی پەرەئەســـتێنی ئابووری لە لایەن ســـپای پاســـداران و کۆمپانیاکانـــی پەیوەندیـــدار بـــە دەوڵەتەوە، کە بەشـــێوەی هێرشـــبەرانە ســـامانە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکـــە تاڵان دەکـــەن. بۆ وێنە، لە ســـەقز و بانە زێـــڕ، مس و ئاســـن لە لایەن کۆمپانیاکانی ســـەر بە ســـپای پاســـداران دەردەهێندرێن، لە ئاکامدا ئاوی ژاراویکـــراو، لێـــڕەواری کاولکراو و، گواســـتنەوەی زۆرەملێی کۆمەڵگـــە کوردییەکانی لێ کەوتووەتەوە. ئەم پرۆســـەیە وەک کۆلۆنیالیزمی ژینگەیی لە لایەن توێژەرە کوردەکان باســـی لێوە کراوە (حەســـەنیان، ٢٠٢٤؛ کۆکەبیـــان، ٢٠٢١؛ ســـوڵەیمانی، ٢٠٢٥).

ئاگرکەوتنـــەوەکان لـــە ڕۆژهەڵات هێندە ئاســـایین کـــە ئێســـتا بوونەتە بەشـــێکی دانەبڕاو لـــە ژیانی کوردەواری (بڕوانە وێنـــەی ٤) و، بڕیاردەری هەموو شـــتێک لە کۆچی وەرزی تا بیرەوەریـــی هەڕێمین، وەک چالاکێکـــی کـــورد گوتـــی 'دارســـتانەکانی مەریـــوان هەمـــوو شـــەوێک مۆتەکـــەی ئاگرگرتن لێیـــان دەنیشـــێت' (گۆڤـــاری چیـــا، ٢٠١٠، ل. ٢). دواییـــن ڕووداوی لـــەم شـــێوەیە لـــە ٢٥ی جولای ٢٠٢٥، لـــە شـــاخی ئاویـــەری ســـنە ڕووی دا، لـــە ئاکامدا ســـێ پارێزەری ژینگە گیانـــی خۆیان بەخت کـــرد و دووانیـــان بەســـەختی بریندار بـــوون. لە ڕووداوێکی دیکەدا، لە ســـەرەتای ئاگوســـتی ٢٠٢٣، ئاگرکەوتنەوەیەکی بەربڵاو لە دارســـتانی دەرەواران لە نزیـــک مەریوان دەســـتی پێ کـــرد، کە حەوت شـــوێنی جیاوازی گرتنـــەوە، بەتایبـــەت گوندەکانی دەرەواران، ئاســـناوا، گۆمـــارە لەنـــگ، کانیمیران و

سەیی. کاربەدەستانی ئێرانی زەرەرەکانیان بە ٣٠٠ هێکتار خەملاند، بەڵام ژینگەپارێزانی سەر بە ئەنجومەنی سەوزی چیا ڕایانگەیاند کە کولکارییە ڕاستەقینەکە ٢٠٣٥ هێکتار بووە، کە دارستانی وەها چغووری گرتووەتەوە کە وەک بەنرختریـن شوێنی ژینگەیی ناوچەی زاگرۆس دەهاتنە ئەژمار. چالاکان هەروەها گوتیان کە هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکان بەهۆی گیرۆدەبوونی بەربڵاوی ناوچەکە بە مینی چێنراو وەستێندرا کە لەناو بڵێسەی ئاگردا دەتەقینەوە و لە شوێنە سنوورییەکانی وەک ئاسناوا ئۆپەراسیۆنەکانی کوژاندنەوەی ئاگرەکانیان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دوا خست. هەزاران خۆبەخش لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتەوە، لە دەستەی هەزار کەسی کە لە لایەن ئەنجومەنی سەوزی چیاوە ڕێک خرابوون، لە مەیداندا بوون و تەواووەخت و بەشێوەی شیفت خەریکی ئاگرکوژاندنەوە بوون. ژنانیش دەورێکی گرنگیان لەم هەوڵانەدا گێڕا، کە بە لۆجیستیک و کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کەلوپەلی پێویست لە بەرەی پێشەوەدا یارمەتییان دەکرد. ژینگەپارێزانی ناوچەکە و چالاکانی مەدەنی بە سەر یەکەوە لایەنە دەوڵەتییەکان، بەتایبەت سپای پاسداران و هێزە سەربازییەکانیان بە ئاگر تێبەردانی بەئانقەست تاوانبار کرد و، ئاماژەیان بە ئاگرکەوتنەوەی هاوکات لە نزیک مۆڵگە سەربازییەکان و بنکە سنوورییە پارێزراوەکان و، هەروەها نەبوونی دەستێوەردانی واتاداری دەوڵەتی مەگەر لە کاتی دەربڕینی ناڕەزایەتیی جەماوەری کرد. وەڵامی کاربەدەستان ناردنی دوو هێلیکۆپتەری سەربازی و دە هێزی تایبەت بوو. شایەتحاڵەکان باسی ناکارامەیی هێلیکۆپتەرەکان و 'فڕینی شانۆگەرییانەی' ئەوانیان کرد، کە بڵێسەکانی ئاگرەکانیان بەهۆی باوەشێنکردن، ب بێ فڕێدانی تاکە دڵۆپێک ئاو، مەزنتر دەکرد. ژمارەیەک چالاکی ژینگە، لە ناویاندا ئازاد ڕووحی، لایق ئەحمەدی، سەرکەوت عیبادی، ئالان ئەردەشیری و، دلێر محەممەدی، لە لایەن هێزەکانی هەواڵگرییەوە لە سەرەتاکانی قەیرانەکەدا دەستبەسەر کران. هەواڵەکان باسی تووندوتیژی لە کاتی دەستبەسەرکرانیان دەکەن و، هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەمەڕ دۆخی یاساییان لەبەر دەستدا نەبوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، زیادتر لە ٢٠ ئاگرکوژێنەری خۆبەخش لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکاندا بریندار بوون کە بریتی دووانیان قورس بوو.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە هەشتاکانی زایینییەوە، دەوڵەت بەردەوام ئەم ناوچە ژینگەییە دەوڵەمەند و کولتوورییە گرنگانەی (حەسەنیان، ٢٠٢١) بە بیانووی بەربەرەکانی لەگەڵ هێزە کوردییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی وەک حدکا و پژاک، بە ئەمنییەتی کردووە. بە سەپاندنی دۆخی بەردەوامی ڕیزپەڕیی سەربازی، دەوڵەت ستراتێژیی زەویی سووتاوی پێکهاتوو لە تۆپبارانی لەگۆتەرە، بۆمبارانی ئاسمانی و، ئاگر تێبەردانی دارستانەکان بە بیانووی نەهێشتنی حەشارگەی جەنگاوەرانی کوردی ڕەچاو کردووە. ئەم کردەوانەی تێرۆریزمی ژینگەیی (سولەیمانی، ٢٠٢٥) سیاسەتی زەوتکردن، کە لەگەڵ ژینگەی کوردان لەجیات سەیرکردنی ئەو وەک ماڵی خەڵکی مەدەنی، وەکو مەیدانی ستراتێژیکی جەنگ هەڵسوکەوت دەکات، دەپارێزن. کۆی گوندی وەک ناودارانی، کانی دینار و بەشێک لە سەوڵاوا چۆل کراون. لە هەمان کاتدا بە فەرمانی سەربازی، دانیشتووانی ناوچەکانی کەنار دارستانەکان و لێرەوارەکان ڕێگایان پێ نادرێت دەستیان بە لەوەڕگەکان، سامانی دارەکان و ڕێگاکانی بەرەو لێرەوارەکان ڕابگات. پاسەوانە دەوڵەتییەکان، چاودێرانی دارستانەکان و ژینگەپارێزان دەستبەسەر دەکەن و، تاوانباریان دەکەن کە یارمەتیی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەکەن. (33)

بە ناو 'ناوچە سنوورییەکانی' ڕۆژهەڵات بە مۆڵگە و بنکەی سەربازی دابێژدابێژ کراوە. بورج و خاڵی چاودێری و، بازگەی پشکنین، هاتوچۆ سنووردار دەکەن و ئابووریی هەرێمەکە تێک دەدەن. ڕێگاکانی پێکەوەبەستنەوەی گوندەکان (لە شوێنی پڕ مەترسی وەک کۆسالان لە باشوور و قەندیل لە باکوور) یان لە دەوروبەری شارەکانی وەک سەردەشت، بانە، پیرانشار، مەریوان، سەوڵاوا و، پاوە، لەگەڵ هیندێک شوێنی دیکە، زۆر جار بەستراون، بەتایبەت لە کاتی ڕاهێنانە

سەربازییەکاندا، کە بژیوی جووتیار و شوانەکان دەبڕێت. بۆ وێنە، لە ٢١ی جوونی ٢٠١٩، تۆپباران کرد، کە بووە هۆی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی داربەڕوو و پێش بە کوژاندنەوەی



وێنەی ٤. پارێزەرانی کوردی ژینگە و خەڵکی مەدەنی خەریکی بەربەرەکانێ لە ئاگرن. سێ پیاوە گەورەسالەکەی ناو وێنەکە گیانی خۆیان لە کاتی بەربەرەکانی لەگەڵ بڵێسەکانی ئاگر بەخت کرد.[٣٥]

ڕایەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان ڕایگەیاند کە سپای پاسداران دارستانی ناوچەیەکی بەربەرینی بڕیوە هەتا ڕێگاوبان بۆ مۆڵگە سەربازییەکانی لە ناوچەی کۆسالان لێ بدات. دوای سەردانی فەرماندەی هێزی پیادەی سپای پاسداران بۆ چیاکانی شاهۆ، پلانی کردنەوەی مۆڵگەی نوێ درا، کە بەو شەش مۆڵگەیەوە زیاد بکرێن کە لە ٢٠٠٨ بەولاوە دروست کراون. تۆپباران لە لایەن ئەم مۆڵگانەوە دەبنە هۆی ئاگرکەوتنەوە. لە ١٨ی جوونی ٢٠١٩، هێزەکانی سپای پاسداران بەرزاییەکانی میراجی لە نزیک گوندی نێیان ئاگرەکە لە لایەن چالاکانەوە گیرا.(34) میلیتاریزەکردن، چاندنەوەی دارستانەکان یان هەوڵەکانی پێشگرتن بە ئاگرکەوتنەوە لە لایەن چالاکانی ژینگەپارێزی کوردی نزیکەی ناومکین کردووە. نموونەیەکی کارەساتبار لە ئاگوستی ٢٠١٨ ڕووی دا، کاتێک شەریف باجوەر و سێ هەڤاڵی چالاکی ناوبراو لە کاتی هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگر، کە گریمانە دەکرا لە ئاکامی تۆپبارانی سپای پاسدارانەوە دەستی پێ کردبێت، گیانیان بەخت کرد (حەسەنیان، ٢٠٢١؛ سولەیمانی، ٢٠٢٥). بێجگە لەوە، زێدەڕۆیی لە دروستکردنی بەنداو

و پڕۆژەکانی گواستنەوەی ئاو، سیستەمی ژینگەی ڕۆژهەڵاتی وێرانتر کردووە. سیاسەتی ئاوی دەوڵەتی ئێران بە سیاسەتێکی ناوەندگەرا، هاڵاواردنکار و بە پێشداوەریی ئەتنیکییەوە بەڕێوە دەچێت، بۆیە ئاوی ناوچە پەراوێزخراو و دەوڵەمەند لە ڕوانگەی سامانەکانەوە بۆ پارێزگاکانی ناوەند دەگوازرێتەوە و، پێشترییەتی بە نوخبە و بەرژەوەندییە پیشەسازییەکانی ناوەند لەسەر حیسابی بەردەوامیی ژینگەیی و مافی گەلانی پەراوێزخراو دەدرێت (ئەمینی، ۲۰۱۷؛ حەسەنیان، ۲۰۲۰، ۲۰۲۱، ۲۰۲٤).

وێنەی ٤. پارێزەرانی کوردی ژینگە و خەڵکی مەدەنی خەریکی بەربەرەکانی لە ئاگرن. سێ پیاوە گەورەسااڵەکەی ناو وێنەکە گیانی خۆیان لە کاتی بەربەرەکانی لەگەڵ بڵێسەکانی ئاگر بەخت کرد. (35)

زیادتر لە ۲۵۰ بەنداو لە پارێزگاکانی چوارمەحاڵی بەختیاری، خوزستان و کوردستانن. هەر ئێستا، تەنیا لە پارێزگای کوردستان (سنە) ۱۰ بەنداو هەن، بە نزیکەی ۲٦ بەندی مەزن و بچووک کە لە قۆناغی دروستکردن، بەکارهێنان یان، لێکۆڵینەوەدان. بێتوو پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام و ناوچە کوردییەکانی ئازەربایجانی ڕۆژاواش زیاد بکەین، ژمارەی بەنداوەکانی ڕۆژهەاڵت لە ۵۰ تێدەپەڕێت. لەم ڕوانگەیەوە، تەنانەت هەواڵەکانی ناوەندی توێژینەوە ستراتێژیکەکانی سەرۆککۆماری ئاماژە بە پرسی بەنداوەکانی کوردستان وەک 'نەهامەتیی بەنداو' و 'کارەساتی ژینگەیی' دەکەن. (36)

وەک حەسەنیان و سۆهرابی (۲۰۲۲) پیشانیان داوە، پارێزگای کوردستان (سنە)، سەرەڕای پێبڕانی ۷٪ی ئاوی چۆراوکە و ٤۵۵ ملم بارانی ئێران، کە

ژمارە	ناوی بەنداو	شار	ساڵی دەستبەکاربوون
۱	زۆلا	سەڵماس	۲۰۱۰
۲	ساروق (گوگەردچی)	تیکاب	۲۰۰۹
۳	شەهرجای	ورمێ	۲۰۰۵
٤	شەهید کازمی	بۆکان	۱۹۷۱
۵	بارون (ماکۆ)	جاڵدوران/ماکۆ	دیاری نەکراوە
٦	مەهاباد	مەهاباد	۱۹٦۹
۷	سیلوە	پیرانشار	۲۰۰۸
۸	ئاق-چای	چاپیارە	۲۰۱۱
۹	حەسەنلو	نەغەدە	۲۰۰۰
۱۰	دەریک	سەڵماس	۲۰۱۰
۱۱	شەهید قەتیمری	ماکۆ	۲۰۰۷
۱۲	دێگورجی	شنۆ	۱۹۸۸
۱۳	سەنجەق	مەهاباد	۲۰۰۹
۱٤	هەریس	هەریس	۱۹۹۷
۱۵	کانسیی	ورمێ	۲۰۰۹
۱٦	ئەحمەد ئاباد	تیکاب	۲۰۱۰
۱۷	ئاراس ۲	یۆلدەشت	۱۹۷۱
۱۸	جەڵدیان	پیرانشار	۲۰۱۱
۱۹	قیقاج	(دەشتی قیقاج)	دیاری نەکراوە
۲۰	وەرگێڵ	سەردەشت	۲۰۱۰
۲۱	خۆراسانە	بۆکان	۲۰۱۱
۲۲	دانالو	ماکۆ	۲۰۰٦
۲۳	بابا ئەحمەد	جاڵدوران	۲۰۱۱

خشتەی ٤

بەنداوە جالاکەکانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا کە کاریگەرییان لەسەر هیدرۆلۆژیی گۆلی ورمێ هەیە [۳۹]

بەگوێرەی زانیاریی فەرمی، ئێران ۱۷۲ بەندی خراوە کار (خاوەن یەدەگی ئاو)، ٦۷۲ بەندی بەکارهاتوو، ۱۲۰ دانەی خەریکی دروستکران و، ۱۷٦ دانەی ژێر لێکۆڵینەوەی هەن. لەوانە، دەکاتە ۱۰،۹۳ میلیارد میتری سێ جا، گیرۆدەی کەمئاویی جیددی بەهۆی ناکارامەیی دەوڵەت و پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاوە. سامانەکانی ئاوی نوێبووەوەی پارێزگاکە نزیکەی ٤،۸ میلیارد میتری

سێ جایە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا ١،٢١٣ میلیارد بەکار دەهێنرێت، لەم ڕێژەیە سەرچاوەی ٦٠٪ی ئاوی سەر زەوییە، کە گەلێک لە سنووری بەردەوامی تێدەپەڕێت. بەشی کشتوکاڵ زۆرینەی بەر دەکەوێت (١،٠٨٢ میلیارد میتری سێ جا)، پاشان تێچووی ماڵەکان (١٢١ ملیۆن) و بەشی پیشەسازی (١٠ ملیۆن). پسپۆران هۆشداری دەدەن کە دەبێ تەنیا ٤٠٪ ئاوی نوێبووەوە بەکار بهێنرێت تا پارێزگاری لە یەدەگی ئاوی ژێرزەوی بکرێت، بەڵام کوردستان ئەم سنوورە دەبەزێنێت، لە ئاکامدا ساڵانە ٢٢٧ ملیۆن میتر سێ جا ئاوی ژێرزەوی بێجێیە. سەرەڕای ئەم دۆخە، دەوڵەت درێژە بە دروستکردنی بەنداو بۆ گۆڕینی ئاراستەی ئاو بەرەو پارێزگاکانی دیکە دەدات، حەسەنیان و سۆهرابی (٢٠٢٢). وەک لە تۆژینەوەی حەسەنیان (٢٠٢٠) دەردەکەوێت، ئەم زێدەڕۆییە لە بەکارهێنان، بەردەوامیی ئاو لە درێژخایەندا دەخاتە مەترسییەوە، کە دەبێتە هۆی ڕۆچوونی خاک، سووان و تێکچوونی ژینگەی ڕۆژهەڵات.

دروستکردنی بەنداوی مەزن لەسەر ئەو ڕووبارانەی لە کوردستان سەرچاوە دەگرن، هۆی سەرەکیی وشکەساڵی و کەمئاوی لە ڕۆژهەڵاتن (حەسەنیان & سۆهرابی، ٢٠٢٢، ل. ٣٢١؛ حەسەنیان، ٢٠٢١). نموونەیەک وشکبوونی گۆلی ورمێیە (ڕەنجبەر، ٢٠٢٣). بەگوێرەی ئاماری پێشکەشکراو لە لایەن ماڵپەڕی کۆمپانیای بەڕیوەبەریی سامانە ئاوییەکانی ئێران، ٥٦ بەنداوی دروستکراو، ٩ بەنداوی خەریکی دروستکران و ٣٩ بەنداوی ژێر لێکۆڵینەوە لە سەر چەم و ڕووبارەکانی کە دەڕژێنە گۆلی ورمێ هەن. لەناو ئەمانەدا ١٠ بەنداو بە توانایی گلدانەوەی ٢٠ ملیۆن میتر سێ جا، هەر ئێستا لەسەر حیسابی خەزێنەی ئاوی گۆلی ورمێ، چالاکن (بڕوانە خشتی ٤). ئەمانە بەنداوەکانی شەهرچای، مەهاباد، حەسەنلو، زۆلا، دەریک، سەڵماس، ساڕوق و بۆکان دەگرنەوە، کە هەموویان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا هەڵکەوتوون، بە توانایی گلدانی نزیکەی ١٢٠ ملیۆن میتر سێ جا.(37) ڕووبارە مەزنەکانی وەک زەرینەرود(جەغەتوو)، سیمینەرود(تەتەهوو) و گادەر، کە سەردەمانێک ئاوەکانیان دەڕژایە ناو گۆلی ورمێوە، ئێستا پێشیان پێ گیراوە و ئاوەکانیان بۆ کشتوکاڵ و گواستنەوە بۆ پارێزگای دیکە، بەتایبەت ناوچە ناوەندییەکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ئیسفەهان، کەڵکی لێ وەردەگیرێت. سەرچاوەی دیکە ئاماژە بە بوونی ١٠٣ بەنداو لە سەرانسەری ئازەربایجانی ڕۆژاوا، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و کوردستان (سنە) دەکەن، کە یارمەتیدەری وشکبوونی گۆلی ورمێ بوون.(38) ئەم پچڕاندنە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر کەمکردنەوەی ئاوی ڕژاو بۆ ناو گۆلی ورمێ هەبووە و، ئاسەوارە نەرێنییەکانی فرە بەرچاو بوون: زۆنگەکان لەناو چوون، فرەچەشنیی زیندەوەران کەمی کردووە و، گەردەلوولی تۆزی سوێر گەلێک باو بوون، کە بوونە هۆی مەترسیی مەزن بۆ سەر کشتوکاڵ و تەندروستیی گشتی (حەسەنیان، ٢٠٢٠، ٢٠٢١). ئەم بەنداوانە هەروەها هاوسەنگیی هیدرۆلۆژیکی ناوچەکەی تێک داوە و بووەتە هۆی کەمئاوی لە زۆر ناوچەی کوردیدا. دروستکردنی زێدەڕۆیانەی بەنداو لە ڕۆژهەڵات، لەجیات دانیشتووانی کوردی هەرێمەکە، بە قازانجی پێداویستییە ئاوییەکانی پارێزگاکانی دراوسێ تەواو بووە، ئەمە دەکرێ وەک شێوەی باوی دابەشینەوەی سامانەکانی ئاو لە لایەن دەوڵەت شڕۆڤە بکرێت. بۆ وێنە، بەنداوی تالوار لە بیجار (پارێزگای سنە) ئاوی پارێزگاکانی زەنجان و هەمەدان دابین دەکات و بەڕێوەبەرییەکەی لە دەست کاربەدەستانی پارێزگای زەنجاندایە. بە هەمان شێوە، بەنداوی قوچەم ئاوی زەوییە کشتوکاڵییەکانی هەمەدان دابین دەکات، سەرەڕای کەمئاویی بەرچاوی ناوچە کشتوکاڵییەکانی کوردستان. لانی کەم، ئاوی ١٣ بەنداوی ڕووبارە سنووریەکانی کوردستان بەرەو پارێزگاکانی وەک ئیسفەهان دەنێردرێت، لە کاتێکدا زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردستان، ئیلام، کرماشان و ئازەربایجانی ڕۆژاوا بەرەوڕووی کەمئاویی دژوار بوونەوە. لە کۆنفرانسێک لە ئاستی وڵاتدا، کە لە زانستگەی کوردستان (٢٠٢٥) بەڕێوە چوو، دوکتور هوشەنگ قەمەرنیا(41) ، پرۆفیسۆری ئەندازیاریی ئاو لە زانستگەکانی نیوکاسێڵ و

ڕازیی (کرماشـــان)، هۆشـــداری دا کە نزیکەی٨٠٪ی ئاوی کوردســـتان لـــە بەنداوەکانی تالوار، گاوشـــان، داریـــان و لەگـــز بـــۆ پارێزگاکانـــی دراوســـێ دەگوازرێتەوە، سیاســـەتێکی وزەتەوەر کە هەرەشە لـــە ســـەرچاوە ژێرزەوییەکانـــی ئاو، کشـــتوکاڵ و سیســـتەمی ژینگەیی دەکات و دەبێتە هۆی کۆچی گوندنشـــینان. وەک لە لایـــەن کەرەمی‌دێهوکوردی و ئەوانـــی دیکەوە پێداگری لەســـەر کرا، ســـەرەڕای ئیدیعـــا فەرمییەکان لەمەڕ هۆی گواســـتنەوەی ئاو، ئالنگارییەکانی کەشـــوهەواو و کەمئـــاوی، لاوازییە دامەزراوەیـــیـــەکان، وەک نەبوونـــی بەڕێوەبەریـــی یەکگرتوو، کەمیـــی بودجە و، نەبوونی دەســـەڵاتی چەنەلێـــدان و نیگەرانییـــە جەماوەرییـــەکان (واتە مەترســـیە ژینگەییـــەکان و نەبوونی بەشـــداریی) گواســـتنەوەی ئـــاوی لەجیات دەرفـــەت، کردووەتە ئالنـــگاری. ئەمینـــی (٢٠١٧) بـــە کەڵکوەرگرتن لە هۆدانی هاوشـــێوە لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەسەر ئاوی ڕووباری ســـیروان لـــە پارێزگای کوردســـتان، دەڵێت پرۆژەکانـــی گواســـتنەوەی ئاو کێشـــە دامەزراوەیی و جەماوەرییـــەکان چڕتر دەکاتـــەوە، بەڕێوەبەریی ئـــاوی بـــەردەوام بنکـــۆڵ دەکات و، لـــە کۆتاییدا دەبێتـــە هـــۆی خولقاندنـــی ئالنگارییەکـــی مەزن بۆ ســـەر خۆشـــبژێویی کۆمەڵایەتـــی، ئابووریی و ژینگەییـــی پارێزگاکە.

چونکـــە ئـــەم بەنداوانە بەبـــێ هەڵســـەنگاندنی ژینگەیـــی، ئابووریی، یـــان کۆمەڵایەتی دروســـت کـــراون، بوونـــە هـــۆی تێچـــووی فرە مـــەزن بۆ سیســـتەمی ژینگەیـــی کورد. بـــۆ وێنـــە، بەنداوی ژاوە لـــە ســـنە (ئەمینـــی & گۆفتـــارح، ٢٠١٧) و بەنـــداوی ســـیازاخی دیوانـــدەرە (ئەکبـــەرزادە & کابۆلـــی، ٢٠١٧) ئێســـتا بە زێراوی گونـــدەکان پیس بـــوون و بێکەڵـــک و مەترســـیدارن. بەرچاوتریـــن ئاســـەواری نەرێنیی ناچارکردنـــی کۆمەڵگەکانی لای ســـەرەوەی بەنداوەکان، نەهێشـــتنی پیشە باوەکان (بەخێوکردنی مەڕومـــاڵات، کشـــتوکاڵ)، ئافراندنی پیشـــەی ســـاختە لەناو دانیشـــتووانداو، وێرانکردنی مزگـــەوت و قوتابخانـــە، زەرەری ژینگەیی و بڕینی دارەکان و، لەدەســـتچوونی خاوەندارێتیـــی زەویی ئـــەو شـــوێنانەیە کە کەوتوونـــە ژێر ئـــاو (هەمان ســـەرچاوە، ٢٠١٧). بەهـــۆی بەنـــداوی داریان کە لەســـەر ڕووباری ســـیروان هەڵبەســـتراوە، زیادتر لـــە ١٠٠٠ هێکتار دارســـتانی پارێـــزراو و هەروەها چەند گونـــدی هەورامـــان، ناوچەیەک کـــە لەبەر فرەچەشـــنیی زیندەوەران و مێژوویەکەی بەناوبانگە، کەوتنـــە ژێر ئاو. ئـــەو هەروەها لانی کەم ســـەدان بنەماڵـــە، بەتایبەت هیـــی گوندەکانـــی 'هەجیج'، 'ڕوار' و، 'داریـــان'ی ناچـــار کـــرد کۆچ بکـــەن. لە ٢٠١٥، هەڵمەتێکـــی مێدیایی جەمـــاوەری بەناوی 'کانیـــاوی کانی بـــەل ڕزگار بکەن' لە سەرانســـەری ڕۆژهەڵات دەســـتی پـــێ کرد کە لە لایـــەن خەڵکی هەورامانـــەوە بەڕێـــوە دەچـــوو. کۆمەڵگەکانـــی ناوچەکە بەردەوام داوایان لـــە دەوڵەت کرد کانیاوی بڵ، ســـەرچاوەیەکی ژینەکیی ئـــاو و ژیانی ناوچەکە بپارێزێت. لـــە کردەوەیەکی بەهێـــزی ناڕەزایەتیدا، هێندێـــک چالاکـــی ژینگەپارێز مانیان لـــە خواردن گرت و داوای پاراســـتنی ســـەرچاوە سروشتییەکانی ئاوی ناوچەکەیـــان کرد. ئەم هەوڵـــە هەرەوەزییانە لە گوشـــار خستنەسەر کاربەدەســـتان بۆ ڕاکێشانی ســـەرنجیان ســـەرکەوتوو بـــوو و ئـــەوان هێندێک پارێزگارییـــان پێشـــکەش کـــرد. بـــەڵام ســـەرەڕای چالاکییەکان، دروســـتکردنی بەنـــداو بووەتە هۆی کەمبوونـــەوەی بەرچـــاوی ئـــاوی ســـەرچاوەکە و یارمەتیدەری وشـــکبوونی ڕووباری ســـیروان.

٨. کۆتا قســـە: داهاتووی بێدەوڵەتی و ســـڕینەوەی کۆلۆنیالیـــزم لە ژینگە

چالاکییە ژینگەپارێزییەکانی ڕۆژهـــەڵات، ڕێبازێکی ڕادیکاڵی ســـڕینەوەی کۆلۆنیالیزمە کە تێگەیشـــتنی قووڵـــی لـــە بێدەوڵەتـــی هەیـــە. بەپێچەوانـــەی جووڵانـــەوەی ژینگەپارێزیـــی بـــاو، کە بەشـــێوەی ســـەرەکی لە چوارچێـــوەی ســـنوورەکانی دەوڵەت-نەتـــەوەدا کار دەکات (ســـونکا، ٢٠٢٣)، کـــە داوای چاکســـازی، پاراســـتن، یان بەردەوامیی ئاراســـتەی دامـــەزراوە 'نەتەوەییـــەکان' دەکات، چالاکیـــی ژینگەپارێزیـــی کـــوردی لـــە دۆخی ژێردەســـتەیی کۆلۆنیالیســـتیدا، داگیرکاریـــی ئەتنیکی-خاکـــی و، پاشـــگۆێخرانی پێکهاتەیی، کە ئاکامی ئەم دۆخەیە، ســـەرهەڵدەدات (محەممەدپـــوور & ســـولەیمانی، ٢٠٢٤). ئـــەم چالاکییانە نابێ تەنیا وەک بەرســـڤی تێکچوونـــی ژینگەیی ســـەیر بکرێـــن. بەڵکو دەبێ وەک ئەســـتاندنەوەی خـــاک، ژیـــان و، زمـــان لە

بەرانبەر ڕێژیمی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی شیکاری بکرێت (گۆنزالێز، ١٩٦٥؛ پیندرهیوز، ٢٠١١؛ تورنر، ٢٠١٧) کە حاشا لە سەربەخۆیی سیاسی و ئیرادەی ژینگەیی کوردان دەکات.

وەکو پێشدا ئاماژەی پێ کرا، بەشێکی بەرچاو لە گوتاری جیهانی لەمەڕ ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی، هەم لە لایەن تۆێژەران و هەروەها چالاکانەوە، هێشتا لە چوارچێوەی بوونەوەرناسیی مودێرنیستیی گەشەدا قەتیس ماوە کە لە سەر ئەقڵانییەتێک دامەزراوە کە پێکهاتەکانی خاکی، بەڕێوەبەری و زانستناسیی دەوڵەت-نەتەوەوە لێک گرێ دەدات. لە دانوستانەکانی سیاسەتی کەشوهەوا تا ستراتێژییەکانی پاراستن، گریمانە دەکرێت کە خەڵک، نزیکەی گشت کات شارۆمەندی ناو سیستەمێکی بەڕێوەبەریی دانپێدانراون. ئەم جۆرە چوارچێوانە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕاستییەکانی نەتەوە بێدەوڵەتەکانی وەکو کورد، کە کاولکاریی ژینگەکەیان بەشێک لە پڕۆژەی درێژخایەنی کۆنترۆڵی ڕەگەزپەرستانە و زەوتکردنە، شکست دێنن. لێرەدا من باسی بێدەوڵەتی وەک دۆخێکی نەبوون ناکەم، بەڵکو وەک دۆخێکی خەبات، جۆرێک بوونی چالاکانەی، یاخیبوو لە دنیادا. چالاکیی ژینگەیی لەم ڕووەوە دژەکۆلۆنیالە، چونکە دەوڵەت وەک بەڕێوەبەری خاکی کورد ڕەت دەکاتەوە. ئەوە پارانەوە لە دەوڵەت بۆ وەخۆگرتن یان دانپێدانان نییە، بەڵکو دابڕانێکی زانستی و سیاسییە: خۆبواردن لە ڕادەستکردنی سروشتی کوردی بۆ ناسیۆنالیزمی فارس-شیعە، کە خاک لە زمان جیا دەکاتەوە و، خۆبواردنە لە سەیرکردنی ژینگە وەک شتێکی جیا لەو خەڵکەی تێیدا دەژین و دەیناسن.

زمان و ئاکاری چالاکیی ژینگەیی لە ڕۆژهەڵات، بەڵگەیەکی دیکە بۆ وێژەی دژەکۆلۆنیالە. کاتێک خۆبەخشانی ژینگەپارێز و بەرگریکارانی دارستانەکان گیانی خۆیان لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگر لە هەرێمە میلیتاریزەکراوەکان بەخت دەکەن یان بەرەوڕووی لەناوبردنی دارستانەکان لە لایەن دەستوپەیوەندەکانی دەوڵەت دەبنەوە، ئەوان وەک ژینگەپارێزی سروشتی تازەیان بۆ ناگیرێت. ئەوان وەک شەهیدانی کوردستان، ڕۆڵەکانی نیشتمان، یان شێرانی زاگرۆس ڕێزیان لێ دەگیرێت، وەک شێوەی ناشتنی شەریف باجوەر لە ٢٠١٨ و ئەوانی ئەم دواییانە، واتە حەمید موورادی، خەبات ئەمینی و چیاکۆ یوسفنژاد لە جولای ٢٠٢٥، کە وەک شەهیدانی ژن، ژیان، ژینگە تازەیان بۆ گیرا. ناشتنەکانیان بوون بە کۆبوونەوەی سیاسی کە لەوێدا دروشمی وەک 'دەوڵەت دوژمنی کوردستانە،' کوردستان، ئێران نییە' و، 'ئەم وڵاتە هی بابوبابپیرانمانە' گوترایەوە. ئەم دەربڕینانە، گەلێک لەولاتری داوای ی.ژ.ل. لە چوارچێوەی شارۆمەندیی ئێرانی، خودی ناڕەوابوونی دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی ئێرانی ڕاگەیاند. بە یارمەتیی هەرێمی ناشارۆمەندیی (کۆچەنۆڤ، ٢٠٢٤)، ئەم هەڵوێستە بەشێوەی ڕادیکاڵ خۆ لە ئەقڵانییەتی باوی ژینگەیی جیا دەکاتەوە.

بێجگە لەمە، ئەم چالاکییە ئاوێتەی نەریت و بوونەوەرناسیی دژەکۆلۆنیال بووە. زانستی پاراستنی وڵات لەناو کورداندا بەهۆی زمان، مێژووی زارەکی، دابونەریت و گەردوونناسییەوەیە. وێژەی کوردی پڕە لە مێتافۆر کە سروشت بە ژن، دایک، یان بوونەوەری مرۆیی وێنا دەکات. دەستەواژەی نیشتمان ناوێکی باوی ژنانە، لە کاتێکدا چیا بۆ پیاوان بەکار دێت. پێشگری کەژ لە چەندین ناوی کەسیدا بۆ ژن و پیاو جێگیر کراوە. لە ناوچەی وەک هەورامان، پاراستنی دار، کانیاو و لێڕەواری گشتیی پیرۆز وەک ئەرکێکی ئایینی و جەماوەری سەیر دەکرێت. ئەم نەریتانە لە کاتێکدایە کە دوڵەتی ئێران زمانی کوردی نایاسایی کردووە و نەریتە ئایینییە ناشیعەکان سەرکوت دەکات، کە نموونەی ئەو شتەیە کە ماریسۆڵ دێ لا کادێنا (٢٠١٨) بە 'نابەوکان': ئەم شوێن و زانستانە کە لە بەرانبەر پۆلێنی دەوڵەت خۆڕاگری دەکەن، باسی دەکات.

وەک کۆتا قسە، باسکردنی 'ڕەگەزپەرستیی ژینگەیی' یان 'نادادپەروەریی ژینگەیی' لە ڕۆژهەڵات لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوە و سیاسییەوە بەس نییە، بێتو بێدەوڵەتی لە ناوەندی باسەکەدا نەبێت. کۆمەڵگە کوردییەکان زەرەری ژینگەیی بە پێکهاتەیەکی کۆلۆنیالیزمی ژینگەیی ئەزموون دەکەن. ئێمە دەبێ بڕوانینە ئەوبەری لێکدانەوەی

هــەڵاواردن یــان شکســتی گەشــەپێدان و بیر لە ئەقڵانییەتی ڕەگەزپەرســتیی دەوڵەتداری بکەینەوە. بــە هانابــردن بــۆ تیۆریــی گلۆریــا ئانــزا لّدووا (٢٠١٢) لەمەڕ شــوبهاندنی ســنووەرەکان بە ‘بڕینی کــراوە،’ ڕۆژهــەڵات دەکــرێ وەک ژینگەیەکی ژێر ڕەگەزپەرســتی ســەیر بکرێت کە لەوێدا دەوڵەت یەکگرتوویی نەتەوەیی بــە لەناوبردنی پەیوەندییە ژینگەییــەکان دەپارێزێــت. ئانزالّــدووا بیرمــان دەخاتەوە کــە تونــدوتیژی دژی خــاک، تونــدوتیژیە دژی خەڵــک، بەتایبــەت کاتێک خاکەکــە ڕەمزی مانەوەی کولتووری بێت. چالاکیــی ژینگەپارێزانەی دژەکۆلۆنیــال لەم چوارچێوەیەدا بەدوای چاکســازی یــان چاوەڕوانیــی چاکســازییەوە نییە لــە لایەن ئــەو دەوڵەتانــەی هــەن، بەڵکو پێداگرە لەســەر گەڕاندنەوەی خاک، زمان و خودی ژیان. سیاســەتی ژینگــە، کاتێــک پێداگری لــە وێژمانــی دەوڵەتی دەکات، لە هەژمارکردنی خەباتەکانی ڕیشــەداکوتاو لــە بوونەوەرناســیی بێدەوڵەتیدا ناســەرکەوتوویە. دۆخی کورد لە ڕۆژهــەڵات پێداچوونەوەی بنەڕەتی بە ناوەڕۆکــی دادپەروەریی ژینگەیــی دەخوازێت. بەرخۆدانــی ژینگەیــی لــەم ناوچەیــە لەژێــر ئەقڵانییەتی کۆلۆنیالیســتیی دەوڵەتــی ئێراندایە، لە کاتێکــدا کە بــەدوای دیدی دووری ســەربەخۆیی ژینگەیــی لەســەر بنەمــای زانســتی باوباپیران، هاوســۆزیی نێــوان نەوەیــی و ڕەتکردنــەوەی سیاســییەوەیە (کارماکار & پــال، ٢٠٢٥). ئەو ئاماژە بە داهاتوویەکی بێ کۆلۆنیالیــزم دەکات کە لەویدا چارەی خۆنووســین بــە پەیوەندییەکانــی گرێدراو بە خاکــەوە، یادەوەریــی جەماوەری و، ڕەوشــتی هاوپشــتیی بێدەوڵەت جێبەجــێ دەکرێت.

پەراوێزەکان:

1- https://hanahr.org/en/news/15-kurdish-environmental-activists- killed-and-injured-in-a-car-accident/

2- https://kurdistanhumanrights.org/en/news/2025/07/25/kurdish-activist- dies-four-injured-battling-wildfire-in-sanandaj

3- https://hengaw.net/en/news/2025/07/article-150

4- https://iranwire.com/en/news/132163-iran-arrests-five-activists-at-envir onmentalists-funeral/

5- https://tishk.org/tishk-journal/

6- https://بــۆ وردەکاری و وێنەی زۆرتر ســەیری ئەم بەســتەرە بکــە: shorturl.at/sR17h; https://shorturl.at/tV714; https://shorturl.at/5XMx9

7- بۆ زانیاریی زیادتر بڕوانە: https://shorturl.at/GBDDN
https://www.ncr-iran.org/en/news/human-rights/iran-hiwa-boutimar-toface-gallows-again-despite-a-temporary-stay-of-execution/

8- لــەم وتــارەدا، من بــە پارێــز و شــیکارییانە کەڵک لە ’ڕەســەن‘ بۆ دەربڕینــی پەیوەندییــە لەمێژینەکانــی نێــوان کۆمەڵگــە کوردییەکان و وڵاتەکەیــان دەکەم، هــاوکات دان بــەوەدا دەنێم کە ئەم بەشــە لە ئێران خاوەنــی ئاڵۆزیی سیاســی و یاســاییە و لە لایەن بەشــێک لــە توێژەران هێنراوەتە ژێر پرســیار.

بەراوردکــردن لەگــەڵ خوزســتان بــە مەبەســتی پیشــاندانی دۆخــە هاوشــێوەکانە، نــەوەک دۆخێکــی توێژینــەوەی تــەواو بەراوردکارانە. ئەگەرچــی وێکچوونــە مێژووییەکانــی ناوچــە کــوردی وەعەرەبییەکان لــە هێندێــک ڕوانگەی گرنگــدا لێک جیــاوازن، وەک ڕێچکەی گەشــەی پیشەســازی، دەرهێنانی ســامانە ژێرزەوییــەکان و، وەبەرهێنانی دەوڵەتی، لە هــەردوو دۆخدا ئاشــکرا دەبێــت کە چــۆن بەڕێوەبەریــی ژینگە لە ئێران بەشــێوەیەکی ناهاوسەنگ قورســایی دەخاتە ســەر ناوچە پەراوێزە ئەتنیکی-زمانییەکان.

9- https://news.exeter.ac.uk/faculty-of-humanities-arts-and-social-scienc es/irans-war-policy-is-discriminatory-and-an-example-of-environmental-raci sm-study-says/.

10-https://kurdistanhumanrights.org/en/news/detentions-and-arrests/2022/ 08/08/iran-intelligence-ministry-arrests-kurdish-environmental-activist-3/

11- https://hengaw.net/en/news/archive/45442

12-ڕێوێســت بــە ئاماژەیە کــە ئامــاری پەیوەندیدار بە گیــرۆدە بوون بە مینــی ژێــرزەوی و قوربانییەکانی بەگوێــرەی ســەرچاوەکان جیاوازە، بۆیــە دەبــێ بــە پارێــزەوە هەڵســوکەوتیان لەگەڵــدا بکرێــت. ئامارە فەرمییەکان بەشــێوەی ســەرەکی لە لایــەن ناوەندی میــن هەڵگرتنەوەی کۆمــاری ئیسلامی و ناوەنــدە دەوڵەتییەکانــی دیکــەوە بڵاو دەکرێنەوە، بــەڵام خەملاندنێکــی جێگرەوە لــە لایەن ڕێکخــراوە مرۆڤدۆســتەکان، دەســتەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤی کورد و، توێژەرە ســەربەخۆکان تۆمــار دەکرێت. چونکە دەستڕاگەیشــتن بە نەخشــەی مەیدانەکانی مین و تۆمــارە ســەربازییەکان ســنووردارە و، لەبەر ئەو هۆیە کــە ڕووداوەکان لە ناچــە گوندییــە دوورەکان زۆر جــار ڕەنگدانــەوەی کەمیــان هەیە، ئامــاری قوربانییــەکان دەبــێ وەک ڕێژەیەکــی خەملێنــدراو و نە وەکو کــۆی ئەوان ســەیر بکرێت. لەم توێژینەوەیەدا، من پشــت بــە پێککرتنی ئاماری ســێ ســەرچاوە، لە ناویاندا تۆمارەکانی ڕێکخــراوە مەدەنییەکان، توێژینەوەی ئاکادێمیک و، ڕاپۆرتی فەرمیی بەردەســت دەبەســتم. ئاکامی ئــەم پێککرتنە، هــاوکات کە ژمارە دروســتەکە هێشــتا ناڕوونــە، دەڵێت کــە ئاســتی ناوچەکانــی گیرۆدەبــوو و زەرەری مرۆیی بۆ ســەر ناوچە کوردییەکان فــرە بەرچاوە.

13- https://www.iranhr.net/fa/articles/4757/

14- https://kurdistanhumanrights.org/en/news/2025/07/28/two-more-activi sts-die-from-injuries-after-mount-abidar-wildfire

15- https://www.tehrantimes.com/news/449066/Iranian-hero-dies-fighting -Zagros-forest-wildfire

16- https://www.firefighterclosecalls.com/iran-three-volunteers-die-fighti ng-wildland-fire/

17- https://www.radiozamaneh.com/208262

18- https://www.radiozamaneh.com/448826/

19- https://shorturl.at/PKKH8

20- https://www.radiozamaneh.com/308212

21- https://kurdistanhumanrights.org/fa/news-fa/landmine-victims-fa/2024/ 05/21/p34370

22- https://www.avatoday.net/node/5680

23- https://kurdistanmedia.com/fa/news/2025/01/2

26- بڕوانە ئەم ڕاپۆرتانە https://prod.iranwire.com/en/news/143564-third-environmental-activist-dies-from-wildfire-burns-in-iran/; https://www.en-hrana.org/death-of-three-environmental-activists-in-abidar-mountain-fire/; https://shorturl.at/SdWdU

24- https://fa.chya.ir/

25- https://iranwire.com/en/features/130947-government-claims-contradicte d-as-landmine-danger-persists-in-western-iran/

26- https://www.radiozamaneh.com/830246/
27-https://kurdistanhumanrights.org/fa/articles-fa/2024/02/14/p32587/
28- https://www.en-hrana.org/tag/mokhtar-khandan/
29- https://shorturl.at/tRk5Z
30- https://dckurd.org/2019/06/25/environmental-degradation-as-a-form-of -persecution/
31- https://kurdistanhumanrights.org/fa/news-fa/environment-fa/2019/06/ 21/p9087/
32- بڕوانــه ئــەم هەواڵانــه https://prod.iranwire.com/en/news/143564-third-environmental-activist-dies-from-wild-fire-burns-in-iran/;
33-https://www.en-hrana.org/death-of-three-environmental-activists-in-abidar-mountain-fire/;
34-https://shorturl.at/SdWdU
35- https://www.radiozamaneh.com/819568/
36- https://archive.fo/ts4di#selection-225.396-225.995
37- https://www.tribunezamaneh.com/archives/50048
38- https://www.tasnimnews.ir/fa/news/1402/10/20/3020238/23-%D8% B3%D8%AF-%D9%81%D8%B9%D8%A7%D9%84-%D8%B4%D9%85%D8% A7%D9%84-%D8%BA%D8%B1%D8%A8-%DA%A9%D8%B4%D9%88%D8%B1-%D8%AF%D8%B1-%D8%AD%D8%A7%D9%84-%D8%B1%D9%82%D9% 85-%D8%B2%D8%AF%D9%86-%D9%85%D8%B1%DA%AF-%D8%AF%D8% B1%DB%8C%D8%A7%DA%86%D9%87-%D8%A7%D8%B1%D9%88%D9% 85%DB%8C%D9%87-%D9%87%D8%B3%D8%AA%D9%86%D8%AF-%D8% AA%D8%B5%D8%A7%D9%88%DB%8C%D8%B1
39- https://shorturl.at/mijC7
40- https://kurdistanmedia.com/fa/news/2025/11/262
41- https://kurdshop.net/en/geography/3495

سەرچاوەکان

Adeola, F. O. (2009). From colonialism to internal colonialism and crude socioenvironmental injustice: Anatomy of violent conflicts in the Niger Delta of Nigeria. In F. C. Steady (Ed.), Environmental justice in the new millennium: Global perspectives on race, ethnicity, and human rights (pp. .135–163). New York: Palgrave MacMillan

Akbarzadeh, P., & Kaboli, S. H. (2017). Assessing the socio-economic effects of reservoir dam construction: Case study; Siahzakh in Divandareh, Iran. جغرافیــا و پایداری محیط Geography and Environmental Sustainability], 7(2), 53–65. https://ges.] .razi.ac.ir/? lang=en

Alexander, M. (2020). The new Jim Crow: Mass incarceration in the age of .colorblindness. The New Press

Almonte, M. A. P., & Phillips, T. J. (2021). The Kurdish ecology movement and human rights. In Ecological solidarity and the Kurdish freedom move- .(ment: Thought, practice, challenges, and opportunities (p. 203

Amadi, L. (2025). Redefining eco-terrorism: A third world perspective. Critical Studies on Terrorism, 1–30. https://doi.org/10.1080/17539153.2025.2532965

Amini, A. (2017). Evaluation of inter-basin water transfer plans based on source watershed development potential: Case study of the Sirvan watershed, Kurdistan Province. Journal of Watershed Engineering and Manage- .ment, 9(2), 217–228

Amini, A., & Goftari, Z. (2017). Assessment of the influence of Zhaveh dam on the neighboring rural areas; sanandaj county. Journal of Geography and Regional Development, 15(1), 213–236. https://doi.org/10.22067/geography.v15i1.55294

Anzaldúa, G. E. (2012). Borderlands/La frontera: The new mestiza (4th .ed.). Aunt Lute Books

Aronczyk, M. (2024). Branding the nation in the era of climate crisis: Eco-nationalism and the promotion of green national sovereignty. Nations and .Nationalism, 30(1), 25–38

Aybo˘ga, E. (2018). Ecology discussions and practices in the Kurdish free- .dom struggle. Komun Academy

Bacon, J. M. (2019). Settler colonialism as eco-social structure and the production of colonial ecological violence. Environmental Sociology, 5(1), .59–69

Bahrami, A. (2016). Iran's water policies triggering regional resistance. from http:// www.payvand.com/news/16/jul/1148.html. (Accessed 15 December .(2020

Bahrami, A. (2018). Why are environmental activists under pressure?. from .(https: //www.radiozamaneh.com/384089. (Accessed 15 December 2020

Balibar, ´E. (1991). The nation form: History and ideology. In ´E. Balibar, & I. M. Wallerstein (Eds.), Race, nation, class: Ambiguous identities (2011 .ed., pp. 86–106). London: Verso

Beygi Heidarlou, H., Gholamzadeh Bazarbash, M., & Borz, S. A. (2024). Unveiling the role of climate and environmental dynamics in shaping For- .est fire patterns in Northern Zagros, Iran. Land, 13(9), 1453

.Billig, M. (1995). Banal nationalism. London: Sage Publications

Bullard, R. D. (2000). Dumping in Dixie: Race, class, and environmental .quality (3rd ed.). Routledge

Bullard, R. (2003). Confronting environmental racism in the 21st century. .Race, Poverty & the Environment, 10(1), 49–52

Bullard, R. D. (2005). The quest for environmental justice: Human rights .and the politics of pollution. San Francisco: Sierra Club Books

Byrd, J. A., & Rothberg, M. (2011). Between subalternity and indigeneity. .Interventions, 13(1), 1–12

Çaylı, E. (2021a). Contemporary art and the geopolitics of extractivism in Turkey's Kurdistan. Transactions of the Institute of British Geographers, .46(4), 929–943

Çaylı, E. (2021b). The aesthetics of extractivism: Violence, ecology, and .sensibility in Turkey's Kurdistan. Antipode, 53(5), 1377–1399

Çaylı, E. (2025). Earthmoving: Extractivism, war, and visuality in Northern .Kurdistan. University of Texas Press

Cayuela, R. S. (2018). Subaltern environmentalism in can sant joan. In S. Cristiano (Ed.), Through the working class, ecology and society investigat-

G´omez-Barris, M. (2017). The extractive zone: Social ecologies and decolonial perspectives. Duke University Press.

Gonz´alez, C. P. (1965). Internal colonialism and national development. Studies in Comparative International Development, 1(4), 27–37.

Hassaniyan, A. (2020). Environmentalism in Iranian Kurdistan: Causes and conditions for its securitisation. Conflict, Security and Development, 20, 355–378.

Hassaniyan, A. (2021). The environmentalism of the subalterns: A case study of environmental activism in Eastern Kurdistan/Rojhelat. Local Environment, 26, 930–947.

Hassaniyan, A. (2024). Iran's water policy: Environmental injustice and peripheral marginalisation. Progress in Physical Geography: Earth and Environment, 48(3), 420–437.

Hassaniyan, A. (2025). Environmental injustice in Iran's peripheral regions. Current History, 124(866), 348–353.

Hassaniyan, A., & Sohrabi, M. (2022). Colonial management of Iranian Kurdistan: With emphasis on water resources. Journal of World-Systems Research, 28, 320–343.

Hunt, S. E. (2019). Prospects for Kurdish ecology initiatives in Syria and Turkey: Democratic confederalism and social ecology. Capitalism Nature Socialism, 30(3), 7–26.

Hunt, S. (2021). Ecological solidarity in the Kurdish freedom movement. Lanham: Lexington Books.

Jones, R. E., & Rainey, S. A. (2006). Examining linkages between race, environmental concern, health, and justice in a highly polluted community of color. Journal of Black Studies, 36(4), 473–496.

Karamidehkordi, E., Karimi, V., Singh, G., & Naderi, L. (2024). Water conflicts and sustainable development: Concepts, impacts, and management approaches. In S. A. Bandh, & F. A. Malla (Eds.), Current directions in water scarcity research, 8 pp. 233–244). Elsevier.

Karmakar, G., & Pal, P. (2025). Decoloniality, solidarity, and indigenous ecology: Reading Nemonte Nenquimo's we will not be saved as hope in the Anthropocene. Journal for Cultural Research, 1–17.

Kaul, N., & Anand, D. (2025). Contemporary colonialities: Kurds and Kashmiris. University of Westminster Press.

Kernalegenn, T. (2023). Greens and the nation: Is small beautiful? Nations and Nationalism, 29(2), 432–448.

Kochenov, D. V. (2024). Statelessness: A radical rethinking of the dominant Citizenism paradigm. Annual Review of Law and Social Science, 20(1), 117–139.

Kokabian, P. (2021). Co-colonialism: Near colonizer and far colonizer. Arizona.

Lazarus, R. J. (2000). In Environmental racism, that's what it is, A pp. 257–258). Georgetown University Law CenterN./

Liboiron, M. (2021). Pollution is colonialism. Duke University Press.

MacDonald, E. (2020). Environmental racism in Canada: What is it, what ed through the lens of labour (pp. 35–52). Venezia: Edizioni Ca' Foscari.

Chya magazine (p. 2). (2010). November 3rd year, Issue 50.

Chya magazine. (2017). Tehran, Tehran. Sociocultural Monthly, 2(18), 1–8.

Cole, L., & Foster, S. (2001). From the ground up: Environmental racism and the rise of the environmental justice movement. New York: New York University Press.

Conversi, D., & Friis Hau, M. (2021). Green nationalism. Climate action and environmentalism in left nationalist parties. Environmental Politics, 30(7), 1089–1110. https://doi.org/10.1080/09644016.2021.1907096

Correia, J. E., & Galeana, F. (2025). Anti-colonial environmental justice in, of, and from Abya Yala: An introduction. Latin American and Caribbean Ethnic Studies, 1–21. https://doi.org/10.1080/17442222.2025.2518709

Crowe, D. M., & Shryer, J. (1995). Eco-colonialism. Wildlife Society Bulletin, 23(1), 26–30.

Davies, T. (2022). Slow violence and toxic geographies: 'Out of sight' to whom? Environment and Planning C: Politics and Space, 40(2), 409–427.

Dawson, J. I. (1996). Eco-nationalism: Anti-nuclear activism and national identity in Russia, Lithuania, and Ukraine. Durham: Duke University Press.

Dawson, J. I. (2000). The two faces of environmental justice: Lessons from the eco- nationalist phenomenon. Environmental Politics, 9(2), 22–60.

de la Cadena, M. (2018). Uncommons. Theorizing the contemporary, fieldsights. https:// www.culanth.org/fieldsights/uncommons.

De Le´on, J. (2015). The land of open graves: Living and dying on the migrant trail. Oakland: University of California Press.

Deem, A. (2018). Mediated intersections of environmental and decolonial politics in the no Dakota access pipeline movement. Theory, Culture & Society, 36(5), 113–131.

Dhillon, J. (2022). Indigenous resurgence: Decolonialization and movements for environmental justice (NED-New edition, 1). Berghahn Books.

Egan, M. (2002). Subaltern environmentalism in the United States: A historiographic review. Environment and History, 8, 21–41.

Eklund, L., & Dinç, P. (2024). Fires as collateral or means of war: Challenges of environmental peacebuilding in the Kurdistan Region of Iraq. Ecology and Society, 29 (3), 25.

Escobar, A. (2008). Territories of difference: Place, movements, life, redes. Duke University Press.

Filho, R. D. (2021). Drilled Mountains, pulverised bodies: Mining, extractivism, and racialisation in Brazil. Journal of Latin American Cultural Studies, 30(3), 417–436.

Gain, K. (2025). Decolonial ecofeminism: A paradigmatic contribution to critical research of gender, ecology and coloniality. Journal of Gender Studies, 1–12.

Gilmore, R. W. (2007). Golden gulag: Prisons, surplus, crisis, and opposition in globalizing California (1st ed.). University of California Press. http://www.jstor.org/stable/10. 1525/j.ctt5hjht8.

Mohammadpour, A., & Soleimani, K. (2024). The racial policies of development in the Middle East: A comparative study of Palestine and Rojhelat (Eastern Kurdistan). Current Anthropology, 65(6), 965–989. https://doi.org/10.1086/733239

Morovati, M., & Karami, P. (2024). Modeling the seasonal wildfire cycle and its possible effects on the distribution of focal species in Kermanshah Province, western Iran. PLoS One, 19(10), Article e0312552.

Nixon, R. (2011). Slow violence and the environmentalism of the poor. Harvard University Press. https://doi.org/10.2307/j.ctt2jbsgw

Ozok-Gündo˘gan, N. (2024). Extractive colonialism and state making¨ in early modern Ottoman Kurdistan. South Atlantic Quarterly, 123(4), 665–687.

Pellow, D. N. (2007). Resisting global toxics: Transnational movements for environmental justice. The MIT Press.

Pinderhughes, C. (2011). Toward a new theory of internal colonialism. Socialism and Democracy, 25(1), 235–256.

Povinelli, E. A. (2011). Economies of abandonment: Social belonging and endurance in late liberalism. Duke University Press.

Povinelli, E. A. (2021). Between Gaia and ground: Four axioms of existence and the ancestral catastrophe of late liberalism. Duke University Press.

Pulido, L. (1996). Environmentalism and economic justice: Two Chicano struggles in the Southwest. Tucson: University of Arizona Press.

Pulido, L. (2000). Rethinking environmental racism: White privilege and urban development in Southern California. Annals of the Association of American Geographers, 90(1), 12–40.

Pulido, L. (2016). Geographies of race and ethnicity II: Environmental racism, racial capitalism, and state-sanctioned violence. Progress in Human Geography, 41(4), 524–533.

Pulido, L. (2017). Geographies of race and ethnicity II: Environmental racism, racial capitalism and state-sanctioned violence: Environmental racism, racial capitalism and state-sanctioned violence. Progress in Human Geography, 41(4), 524–533.

Pulido, L., & De Lara, J. (2018). Reimagining 'justice' in environmental justice: Radical ecologies, decolonial thought, and the black radical tradition. Environment and Planning E: Nature and Space, 1(1–2), 76–98.

Ranganathan, M. (2021). Caste, racialization, and the making of environmental unfreedoms in urban India. Ethnic and Racial Studies, 45(2), 257–277.

Ranjbar, A. M. (2023). The greening of human rights in Iran: Lake Orumiyeh, human rights, and environmental justice. Environment and Planning E: Nature and Space, 6 (2), 1214–1228.

Rifkin, M. (2017). Beyond settler time: Temporal sovereignty and Indigenous self-determination. Duke University Press.

are the impacts, and what can we do about it? Ecojustice. https://ecojustice./ca/news/environmenta l-racism-in-canada.

Madrigano, J., & Smith, G. S. (2024). Editorial: Environmental racism: Consideration of structural racism in environmental epidemiology. Frontiers in Epidemiology, 4, Article 1472215.

Maghbouleh, N. (2017). The limits of whiteness: Iranian Americans and the everyday politics of race. Stanford University Press.

Marshall, T. H. (1950). Citizenship and social class: And other essays. Cambridge: University Press. Eng.

Mbembe, A. (2003). Necropolitics. Public Culture, 15(1), 11–40. https://doi.org/ 10.1215/08992363-15-1-11

Mehta, L. (2025). The challenges of decolonising sustainability and the environment in development studies (DS). European Journal of Development Research, 37, 454–466, 2025.

Mirzavand, M., & Bagheri, R. (2020). The water crisis in Iran: Development or destruction? World Water Policy, 2020, 1–9.

Mohamadzadeh, H., Moballeghi, J., Afkhamzadeh, A., Alizadeh, K., & Delpisheh, A. (2012). Landmine victims in Iran Kurdistan; demographic features and accident characteristics.

Mohammadi, N. (2025). Peripheralization and multi-layered exploitation: The mechanisms of socio-economic life destruction in rojhelat (Eastern Kurdistan). Contemporary Review of the Middle East, 12(3), 327–348, 2025.

Mohammadi, F., Bavaghar, M. P., & Shabanian, N. (2014). Forest fire risk zone modeling using logistic regression and GIS: An Iranian case study. Small-Scale Forestry, 13, 117–125.

Mohammadpour, A. (2023a). Persian orientalism: Raciolinguistic ideologies and the construction of 'Iranianness'. Nations and Nationalism. https://doi.org/10.1111/ nana.12990

Mohammadpour, A. (2023b). Blood for bread: Necro-labor, nonsovereign bodies, and the State of exception in rojhelat. American Anthropologist, 126(1), 120–134. https://doi. org/10.1111/aman.13941

Mohammadpour, A. (2024). The invention of Iran: From 'Iranianness' to 'Persianness'. Asian Studies Review. https://doi.org/10.1080/10357823.2024.2355110

Mohammadpour, A., & Javaheri, A. (2024). Weeping without tears: Kurdish female kolbers and gendered necropolitics of State in Iran. Gender, Work and Organization, 1–25. https://doi.org/10.1111/gwao.13184

Mohammadpour, A., & Soleimani, K. (2021). 'Minoritisation' of the other: The Iranian ethno-theocratic state's assimilatory strategies. Postcolonial Studies, 24(1), 40–62. https://doi.org/10.1080/13688790.2020.1746157

Rodriguez, S., & Macias, E. (2022). 'Even being a citizen is not a privilege here': Undocumented latinx immigrant youth and perceptions of racialized citizenship. .Sociology of Race and Ethnicity, 9(1), 21–36

Roy, S. (1995). The Gaza strip: The political economy of de-development. Wash- .ington, DC: Institute for Palestine Studies

Saeidi, F., & Osmanzadeh, D. (2025). Colonial sovereignty and religious necropo- litics: The sacred victimization of infidel Kurds in the Middle East. Ethnicities, .25(5), 655–678

Salavati, G., Saniei, E., Ghaderpour, E., & Hassan, Q. K. (2022). Wildfire risk forecasting using weights of evidence and statistical index models. Sustainability, .14(7), 3881

Santos, F. (2025). The necropolitics of statelessness: Coloniality, citizenship, and .disposable lives. Citizenship Studies, 29(1–2), 17–40

Schlosberg, D. (2007). Defining environmental justice: Theories, move- .ments, and nature. Oxford: Oxford University Press

Shahabi, S. (2025). Environmental activism and resistance in Kurdistan. The Fire Next Time. https://firenexttime.net/environmental-activism- ./and-resistance-in-kurdistan

Shamis, A. (2023). Reclaiming A.D. Gordon's deep eco-nationalism. Na- .tions and Nationalism, 29(1), 85–100

کوردها و ایزدی‌ها:
علت درگیری‌های هزارساله و پیامدهای آن!*

یوری رومانوویچ داسنی
برگردان از روسی: کامران امین آوه

بـا وجـود آنکـه کُردهـا و ایزدی‌ها ریشـهٔ تاریخی مشـترک، آداب و رسـوم، زبـان و فرهنـگ نزدیک به هم دارنـد، در جهـان کنونیِ سال‌هاسـت این بحث جریـان دارد که چه کسـی کُرد به شـمار مـی‌رود و چـه کسـی ایزدی. شـایان توجه اسـت کـه حتی در انجمن‌هـای علمی نیـز در این باره نظـر قطعی وجود نـدارد. از بیـرون، همه چیز سـاده به نظـر می‌آید: [داشـتن] تاریخ، زبان و فرهنگ مشـترک بـه معنای یـک ملت بـودن اسـت. اما بـا وجود روشـن بودن پاسـخ، اختلاف میـان این دو جامعه تا بـه امروز پایان نیافته اسـت.

کُردهـای مسـلمان بر این باورنـدِ کـه ایزدی‌ها کُرد هسـتند. ایزدی‌هـا به سـه گروه تقسـیم شـده‌اند: گروهی معتقدند کـه کُردها و ایزدی‌هـا یک ملت‌اند؛ گـروه دوم می‌گوینـد که کُردهـا همـان ایزدی‌هایی هسـتند که دین دیگـری را پذیرفته‌اند؛ و گروه سـوم بـر این باورند کـه ایزدی‌هـا ملتی مسـتقل از کُردها بـوده و تاریخ، فرهنگ و زبـان اصیل خـود را دارند. با توجه بـه این‌که، ایـن اختلافات پیشـینه‌ای دیرپا و آشـتی‌ناپذیر، و ریشـه در باورهای دینـی دارند، این مسـاله تاکنون حل‌نشـده باقی مانده اسـت.

کلیدواژه‌ها: کُردها، ایزدی‌ها، ایزدی‌گری، ملت کُرد، زبان کُردی، کُردستان جهان امروزین سرشار است از درگیری‌های اتنیک و میان اتنیک؛ برخی از آن‌ها بدون دلایل جدی آغاز شده و ادامه می‌یابند. دلبستگی نشان ندادن طرف‌های درگیر برای رسیدن به آشتی، اغلب شرایط بالقوه‌ای برای فراروییدن این اختلافات به درگیری‌های مسلحانه را فراهم می‌سازد. در شرایط جهانی‌شدن، چنین درگیری‌های اتنیکی می‌توانند جنگ‌های بین‌المللی، مهاجرت‌های جمعی گسترده و فاجعه‌های زیست‌محیطی را افزایش دهند و حتی بطور هم‌زمان زمینه‌ساز بی‌ثباتی در چندین کشور شوند.

کشمکش‌شناسی[۲] بعنوان یک رشته علمی مستقل، در میانهٔ سدهٔ بیستم شکل گرفت. جامعه‌شناسانی مانند ج. بارتون، ل. کوزر و ر. دارندورف از بنیان‌گذاران این رشته به شمار می‌آیند. برپایهٔ نظریه‌های کشمکش‌شناسی، درگیری و ستیز در هر جامعه‌ای به علت تفاوت منافع افراد گریزناپذیر است. در پس هر تضادی، معمولاً یک اختلاف میان‌فردی[۳] نهفته است که می‌توان آن را نخستین عامل شکل‌گیری هر نوع درگیری دانست. اما شدیدترین شکل ادامهٔ این اختلافات، تضادهای اجتماعی است. بطور معمول، علت تضادهای اجتماعی در رویارویی افراد یا گروه‌هایی نهفته است که اهداف مهم اجتماعی را دنبال می‌کنند.

نابرابری اجتماعی، پیگردهای سیاسی، بیگانه‌هراسی و... از جمله سبب‌سازهای چنین تضادهایی هستند. برای پیش‌بینی، جلوگیری یا حل هر نوع کشمکشی، باید علت‌ها، دلیل‌ها و شرط‌های آن را به‌روشنی درک کرد [دارندورف، ۱۹۹٤، صص. ۱٤۷-۱٤۲].

مەخوانیایمن، گوواێ شعر ڤە زوان "گا" یا "چوی" فرە کەم بی. ڤە زاهر، ئێ شعرەلە بێمەزرت و ئایلکانە بین، گوواێ ڤەڕاسی، ئەبزار ئەڕا ئنتقاڵ ڕەوایەتەل ستعماری ڤە ژمارە مەهاتن. ئەوان هەر ڤە ئە ساڵەل ئەڤەڵە، کارێکە مەکردن تا مەگز ئێمە ڤەگەرد زوان و فەرهەنگ بێگانە سا بایژێ، ئێگلە زوانەل وژمان ڤەرەڤەرە ئێ بێدەنگیا ئەژ ڤیرە مەچیان. ئێ کاریگەرییە تاگەر ئێمڕووژیش درێژە درێ.
هەنێ نامڕۆک ئاموزشێ ک ڤە سەر بنەما ئۆرووپایی کووک بوو. نەتەنیا ئایلەل، بەڵکوو وژێ مەئلمەلیش ئقتدار زوانییان ڤە کیسە مەچو. چوون ڤە نام هانە نزامێ، ئەڤە ک ئەرزش درێ، زوان و فەرهەنگ ئۆرووپاییە نە تەجرەبە و زانستێ ک ئەژ ژیان و فەرهەنگ بوومی هێزە مەگرێ.
ڤەسان یەوا، مەئلمەل ڤە جیا یە ک "خاون دەنگ" بوون، ماون ڤە گوماشتە سیاسەتەلێ ک ڤە جاێ ترا نۆسریانە. و ڕاسایڕاس هەر ڤە ئێرەسە ک ئاموزش ئەژ مانا و پەێڤەند ئێنسانی هالییە ماو. من ئێ قسەلە ڤەگەرد هومە مووشم، تا ڤە سەر ئێ نوکتە پا بەیمن ڤە گەز و ئەژ وژمان بپرسیمن:
چ کەسەلێ ڕەوایەتەل ئاموزشی ئێمە مەنۆسن؟
و چۆیە مەتۆنیمن ئاموزش چەندزوانە ڤە ژێر چنگ سیبەرە ڕەوایەتەل ئەوانە ئازادا بکەیمن؟ ئەڤەیش ڤە شێڤە ئێنسانی، فەرهەنگی و هێزگرتێ ئەژ حەقیقەت ژیان وژمان.

ڤە رای من، چاڵشەل و سەرکەتنەل ئاموزش چەندزوانە پەێڤەنی ڤەگەرد یە درێ ک ئەسڵەن چ فامێ ئەژ چەندزوانەگی داشتۆمن. یەکێ ئەژ ڕادیکاڵترین و پیشرەفتەترین گامەل ئەڕا گوڕانن ئێ ڕوانگە، فام دوارە ئەژ چەندزوانەگییە. ئەڤەیش نەتەنیا ڤە ئونوان کوومە بین چەند زوان ڤە لادەست یەک، بەڵکوو ڤە ئونوان یەک شێڤەێ ژیان، یەک

زوان پەیڤەندێ هامبەش.
ڤە سەر تەجرەبە ئەفریقایی، پەیجوورەل مووشن:
چەندزوانەگی بەشێ ئەژ حەقیقەت ژیاین ڤە نام ئەفریقایە، ڤەڕاسی چەندزوانەگی وژ زوان هامبەشێ ئێمەیە.
گوواێ پرسیار ها ئێرە:
هەنێ ئەژ زوان هامبەش، یا هەر ئە "لینگوا فرانکا" قسە مەکەیمن، مەبەست چێیە؟ ڤە نام فرەێ ئەژ ڤلّاتەل ئەفریقایی، زوانەلێ چۆ ئینگلیسی، فەرانسەوی، پرتقالّی یان عەرەبی ڤە ئونوان زوان فەرمی یا هامبەش قەبوول کریانە.
ئێ ڕەواڵە، ڤە زاهر، چارەسەری ئەمەلّی ئەڕا جووراجووری زوانییە، گوواێ ڤە نام کار، ئاستەل شاردریا ئەژ زوور و فەرمانرەوایی مایژێ ڤە ڕێ.
هەر ئە جووڕە ک " ئێنگرێید پیلر" زوانشناس ئاماژە مەکەێ، هەنێ تەنیا یەک زوان بیلیمن ڤە پێوەر ئەڕا ئاموزش و پەیڤەنی گرتن، ڤەڕاسیا دریمن ڤەگەرد چەم هایشتن تاکەزوانی سەیْر پەدیدەکە مەکەیمن.
هانە چەم هایشتنێ، جووراجووری زوانی سادە و یەکدەست کریا نیشانە مەێ، هانە ک بگر هەر تەنیا یەک زوان "جەهانی" و "مۆدرن" ڤە چەم باێ و ئەیاکی زوانەل، بێئەرزش و ناکارامە ڤە ژمارە بان.
هەتا ڤە نام پەیجووریەل زانستگایی هەم، چەندزوانەگی فرەتر ئەژ دەروەچ زوان ئینگلیسی بەڕسییە مەکەرێ، ک ئێ کارە بێ یە ک بەیتیمن هەر ئە "زهنیەت غالّب"ە دوارە زنێیە مەکەێ ک مەگستیمن ڕەخنە ئەژنێ بگریمن.
گوواێ کێشە "زهنیەت غالّب" تەنیا یەک باس تاکەکەسی نییە، بەڵکوو ساختاری و نەهادییە. هەنێ نزام ئاموزش تەنیا یەک زوان فەرمی ڤە ئونوان زوان ئاموزش دیاریە مەکەێ، ڤە ئەساس درێ زوانەکە ک بوومییە مایژێ ڤە لاوا، نڤشتار بوومی مایژێ ڤە پەراوێز. و ماناێ "زانست دورس" ڤە سوود یەک زوان دەسەلّات پەیْداکردێ دوارەنۆسییە مەکەێ.
ڤە غەنا دوما سەرڤەخویی، ئینگلیسی ڤە ئونوان زوان یەککگرتن نەتەوەیی هەڵوەژاردریا. ئەمان ڕاسیەکە یەسە ک ئێ هەڵوەژاردنە ڤە ژێر کاریگەری ڕاسایڕاس ئولّگوەل ستعمار و ئەمریکا بی. ئولّگوەلێ ک سەخت ڤە سەر سەواد ئەلفبایی و زوان ستاندارد بین. دەسکەت چە بی؟ کوومەلّگا چەندزوانە، ئەمان گرفتار ڤە نام نزام تاکە زوانە. زوان هامبەش ڤە جیا یە ک پێلّ پەیْڤەند بوو، بی ڤە ئاشپاڵن ک تەنیا برێ ئەژ دەنگەل ڤەرنێ ڕەدا مێڤیا. ڤە نام هانە دووخێ، مەفهووم تازە گرینگی پەیْدا مەکەێ: ئقتدار چەندزوانە.
ئێمە بایس بپرسیمن: کی شرووڤە مەێ ک چەندزوانەگی یانێ چە؟
و کی حەق یە درێ ک ئەڤە ڤە سەرکلّاس دەرس و سیاسەت ئاموزشی دامارزنێ؟ ڤە نام پەیجووریەکە وژم ، ئەژ ئە ڕەوانگە سونەتی "چەندزوانەگی ڤە ئونوان کێشە یا سەرچەمە" دۆر گرتمە و ڤە جیا ئەڤە، ئەژ مەفهووم "ئقتدار چەندزوانە" قسە کردمە.
ئقتداری ک ڕیشی ڤە نام توانایی مەئلمەل درێ تاگەر بتۆنن زوان سیاسەت ئاموزشی ڤە نام چەند زوان بخوەنن، فامێ بکەن و دوارە تەفسیرێ بکەن. ئقتدار زوانی، مەئلم تەنیا ڤە چەم پێشکەشکار تاماشا نمەکەێ، بەڵکوو مەئلمەکە مەکەێ ڤە هەڵگەردانکەر و نامجیکەر زوانی و فەرهەنگی، کەسێ ک ئەژ دڵ تەجرەبە ژیاین وژێ سیاسەت ئاموزشی مارێ ڤە ئەمەڵ. ئێ ئقتدار زوانییە خێاڵی نییە، ڤە نام مێژوو و حەقیقەت ژیان ئەفریقایەل ڕیشی درێ. چەندزوانەگی ڤە ئەفریقا چێ تایبەتێ نییە، بەڵکوو بنەما ژیان ئاساییە. ڤە نام ئێ نووڕستنە، چەندزوانەگی دی ئەبزار یان مەهارەت نییە، بەڵکوو جەوهەر زانستن، ئاموزش و ژیانە.
هانە گوەڕیاینێ، نووڕستنەکە ئێمە ئەژ ڕەخنەگرتن پەتی، ڤەرێ دوارەسازی و ئافراندن دوارە ئاموزش ڕەهنەماییە مەکەێ. یانێ دوارەشناسی ئقتدار چەندزوانی، نە ڤە ئونوان ئێمتیاز، بەڵکوو ڤە ئونوان زانست قۆل و تەجرەبە زنێ ک ڤە نام زوانەل مەحەلی، ڤت و بووشەل ڕووژانە و شێڤە دەرس داین مەئلمەل نموود پەیْدا مەکەێ.گوواێ ئێ

گوەڕیاینە تەنیا ڤە نام واژە و ڤەچڕ خنجا نمەو. ئەڕا زنێ کردن ئقتدار چەند زووانە، بایس وژێ ئە ساختار ئاموزشیشە ئەژ نوو دامارزان. سالّان سالّە هانە مەئلمەل هووکارە کردیمنە ک چەندزوانەگییە وژیان بشارن، نە یە ک پەروەرشێ بێیەن. ئێسکە ڤەخت ئەڤە ڕەسییە ک ڤە گشت زوانەل زنێ کوومەلّگامان گووش بتەکنیمن."تەرەنس لەنگویجینگ" و "پلوری لینگویسم"، مەفهووممەل تازە نین ک ئەژ غەرب هاتۆن، بەلّکوو هەر ئە شێڤە مێژوویی ژیاین، یادگرتن و پەێڤەندی ڤە ئەفریقان. میرات باوان ک دوارە گلامارنا تاگەر ڕێگا نوو ئەڕا ئاموزش بانان ئێمە ڕووشن بکەن.

ڤە بەرامبەر ئە چالّشەلە ک ئێ غەنا ڤە چەم دیمن، مەێتم ڤە بابەت نموونەێ تر ئەژ ئەفریقا ڤەگەرد هومە بووشم. نموونەێ ک دیمەن ڕووشن ئەژ ئە چێیە ک ئمکانێ هەس نیشانە مەێ. هەنێ ک ئقتدار چەندزوانە ڤە ناوەند ئاموزش بوو.

ئەژ چەمگە من، تازەگەری ئاموزشیێ

"Bua_lit"

ڤە ناوچە "وسترن کیپ" ڤە ئەفریقا جنووبی، نموونەێ ئێلهام بەخش ئەژ ئێ گوەڕیاینەسە. ڕەوایەت ک دیارە مەکەێ ڤە ڤیرسەپاردن ئەسکە چۆیە مەتۆنێ بوو ڤە ئاز ئەڕا گورانکاری ئاموزشی.

Bua_lit

گرووهێ بی ک ئەڕا واکنش ڤە ئاژاوە سەواد ڤە ئەفریقا جنووبی پاگرت. گوواێ چەمهایشتن ئێ گرووهە، بەرچەپ فرەێ ئەژ بەرنامەل ڤەردەست، ڤە سەواد چۆ "کەم وکورتی فەنی" تاماشا نمەکرد. ئەوان ڤە سەر نەزەرییە زوانشناسی "بریان ستریت"، سەواد چۆ یەک کردار کوومەلّگایی ماناە مەکردن. چێی ک ڤە بەستەر ژیان، ڤیر و پەێڤەندەل ئێنسانی شکلە مەگرێ. هانە بووشیمن ک ئێ گرووهە باوەڕ داشت ئاموزش کاریگەر هەنێ پا مەگرێ ک زانست، زوان و فەرهەنگ وژێ کوومەلّگا ڤە ناوەند بوو.

دووس و هامڕێ من، "زولیسا گۆزۆلا" ئەڕانم شروووڤە دا ک ئێ گرووهە دەسکەت هامکاری چەند پەیجوور و مەئلم پێشڕەوە ک ئەفریقا جنووبی کردێیەسە پێشڕەوێ خوەنینەل ئاموزش چەندزوانە. ڤە سەر ڕێگا نیشاندانەل زوانشناسەل و ئوستادەلێ چۆ "کارۆلین مەک کەینی" ،"کاترین کل"،

"زولیسا گۆزۆلا"،"ڕۆبین تایلر"

گرووهێ

Bua_lit

ڕەوشێ ڤە ئسم "پداگۆژیێ تەرەنس لەنگویجینگ" ڤە پێش بردن. ڕەوشێ ک چەندزوانەگی نە ڤە ئونوان دێوار ڤە سەر ڕێ ئاموزش، بەلّکوو سەرچەمە ئەڕا یادگرتنە مەزانێ.

ئێ ڕەفتارە، ڕەوایەتەل ڤەردەست ڤە چالشە مەکیشێ ک چەندزوانەگی ڤە ئونوان " کێشەێ ئەڕا چارەسەر کردن"ە مەزانێ. ڤە جیاێ، چەندزوانەگی ڤە پەدیدە سروشتی و کوومەلّایەتییە مەزانێ ک بایس ڤەگەرد زانیاری و ڕێز ڤەگەردێ ڕۆەڕۆ بۆن. ڤە چەم ئەوانە، "تەرەنس لەنگویجینگ" تەنیا یەک ڕەوش ئاموزشی نییە، بەلّکوو شێڤەێ ئەژ کردار کوومەلّایەتی دژ ڤە ستعمارە، یەک ڕێ ئەڕا ڤیرهایشتن و دوارەسازی ئقتدار زوانی ڤە نام دڵ کوومەلّگالێ ک سالّەل فرەێ بێدەنگ بینە.

ڤە چوارچوە پلان

Bua_lit

گامەل سەرەکی ئەڕا ئاموزش چەندزوانە و دادگەرانە هانەسە:

- هەلّسەنگانن ڤە نام مانا "سەواد" و پەڕە داین ڤە بنێ ڤەرێ لا ماناەل فەرهەنگی و کوومەلّایەتی

_دوارە تاریف ئەژ ژێدەرەل ک ئەڕا ئاموزش ڤە نام مەدرەسەل و زانستگال نیاز ڤە بنان هەس.

_بەراوەرد کردن دوارەێ ئازموونەل ستاندارد و پێوەرەل سەرکەتن

_بەڕەسی نەخش سیاسەتەل زوانی ڤە نام دوارەسازی نابەرابەری

_ و دەست ئاخر، چەم خڕداین دوارە ڤە نام کتاوەل دەرسی و ئەبزارەل یادگیری

ئامانج ئێ جمشته، بازسازی ئایندە چەندزوانەگییە ئایندەێ ک ڤە نامێ، سەواد نە یەک پێشە فەنی، بەڵکوو پرۆسە کوومەڵایەتی، ئێنسانی و فەرهەنگییە.

Bua_lit

دیمەنێ دیاریيە مەکەێ ک ڤە نامێ یادگرتن ها سەر پایە زوانەل، تەجرەبەل و شوناسەل جوورانجوور ئایلەل مەدرەسەڕەو. ئەوانە ئەژ مەئلمەلە مەێتن تاگەر ڤە جیا فەرمانبەری بێدەنگ ئەژ سیاسەتەل، ڤەگەرد حەقیقەت زوانی کڵاس وژیان دەرگیر بوون و ئاموزش ئەژ چوارچوو یەک مەهارەت هوشک، بگوڕنن ڤە یەک فەرهەنگ زنێ و یەک پەێڤەند ئێنسانی.

ڤە نام ئێ دیدگا، دی سەواد هەر تەنیا خوەنین و نۆسانن نییە، بەڵکوو توانایی سازین مانا، گرتن پەێڤەندی و ئافراندن زانستێکە ک ئەژ دڵ زوان و فەرهەنگ تافەیە مایێ. دەست ئاخر یە ک، ئامانج ئەوانە پەروەردە کردن ئە چێیەسە ک ڤە بنێیە مووشن "سەوادەل دەوڵەمەنتر".

ڕویکرد گشتگیر ک گشت زوانەل و ستعدادەل ئایلە مەدرەسەیەل مەگرێ ڤە ڤەر و تاریف گوجەر و تاک زوانە سەواد ڤە چالشە مەکیشێ.

بازسازی بانانەل چەندزوانە، یانێ ڤیرکردن دوارە ڤە سەر مانا ڕاسکانی"سەواد"، نە تەنیا ڤە ئونوان مەهارەت فەنی، بەڵکوو ڤە ئونوان پرۆسە کوومەڵایەتی، فەرهەنگی و ئێنسانی.

گرووە

Bua_lit

ڤە ئەفریقا جنووبی، چوارچووە گوڕاندەر ئەڕا ڕەسین ڤە ئێ ئامانجە پێشنیار داس. ئەوانە کوومەێ ئەژ ئەسڵەل و ڕێگاێ چارەسەری دیاریيە مەکەن، نە ڤە ئونوان نسخە یەکلایی کەر، بەڵکوو ڤە ئونوان بانگەوازی ئازاد ئەڕا ئەندێشەێ دوارەێ ئاموزش و یادگرتن.

ئامانج ئەوانە پەروەردە کردن چێیکە ک نامێیە مەنن ڤە "سەوادەل دەوڵەمەنتر". ڕویکردێ گشتگیر، ک ڤە جیا بەن کردن ڤە تاکە زوانی، گشت شێڤەل ڤتن، زوانی و فەرهەنگی ئایلەل مەدرەسەڕەو ڤە ڤەر مەگرێ.

ئێ ڕەوانگە ئەژ مەئلم مەێتێ ک:

_ڤەگەرد ڤەرچەم گرتن زوانەل و ئاگاهی ئایلەل کار بکەن، تا ئایلەل بتۆنن ئەژ گشت توان زوانییان ئەڕا یادگرتن بەهرە بگرن

_ ڤە سەر کڵاس ڕێز ئەژ کار کردن ڤەگەرد زوانەل دو یان چەندگانە بگرن و ڤە ماف بزانێ و وژیان هەم تووڕ ئە کارە بگرن.

_ئاموزش داین خوەنین و نۆسانن ڤە نام بەستەر کارەل و شوونەل ڕاسکانی ئەنجام بێیەن نە جیا ئەژ ژیان ئاسایی.

_هەر ڤە نام گام یەکەم ئاموزش، ڤیریان ڤە چوار نەخش ئەساسی سەواد بوو:

ڕەمزڤازکەر و نۆسەر، ماناساز و شروڤەکار

کاربەر و بەرهەم هێنەرێ دەق و پەخشان

و دەست ئاخر، ڕەخنەگەر و داهێنەرێ دەق و پەخشان.

_یارمەتی ئایلەل بێیەن تا ڤەگەرد خێاڵ و بازی و حەزەل تاکەکەسی وژیان پەێڤەندی ئەرێنی و لەزەتبەخش ڤەگەرد خوەنین و نۆسانن بگرن.

_ڕوشد کردن سەواد تەنیا ڤە نام ساڵەل سەرەتایی نەزانن، بەڵکوو ڤە سەرانسەر دەوران دەرسخوەنین شوونگیرێ بوون، ئەڤەیش ڤە نام گشت دەرسێ، نە ک تەنیا ڤە نام زوان و ئەدەبیات.

_ئاموزش دوزوانە و چەندزوانە ڤە نام سیاسەتەل، بەرنامەل دەرسی و هەڵسەنگاندن و حەتا ڤە نام مەواد دەرسی دامارزیا بکەن.

_ئەڕا گشت ئایلەل ئمکان دەسڕەسی ڤە کتاو، سەرچەمەل خوەنستەنی و ئەبزارەل دیجیتال مانادار ئامادە بکەن.

_هاندەر مەئلمەل بوون تا وژیانیش هووکارە خوەنین و نۆسانن بوون، تا ڤە نام کار نەخش چالاک و داهێنەر پرۆسە ئاموزش داشتوون.

_دەست ئاخر،ڤەگەرد ئایلەل کاربکەن، تا سەبارەت

ڤە زوان و هێز زوان ڤە نام کوومەڵگا زانیاری ڕەخنەیی پەیدا بکەن. گشت ئێ بنەماڵە ڤەسەر یەک ڕێگا هامبەش کووە ماون:

بنیات نیان بانان فرەزوانە و دادگەرانە. ئایندە ک ڤە نامێ پەروەردە ئەژ پابەن بوون کوور ڤە سیاسەتەل مەگزەرێ و ماو ڤە دیالۆگ زنێ ڤە بەێن زوانەل، ئێنسان و فەرهەنگەل. ڤە هانە بانانێ، دی خوەندەواری مەهارەت سنووردار و هوشک نییە. بەشکەم پەێڤەندێکە زنێ و فەرهەنگی ڤە نامڕاس مەئلم و شاگرد.

پرۆسەێ ک یادگرتن ئەژ دڵ ژیان سەرچەمە مەگرێ.

ئەڕا یە ک ڤەڕاستی بتۆنیمن بانان فرەزوانە بنیات بنیمن، بایس ڤەگەرد ئێ مەێل هەمیشەگییە ڤە نام پەیجووری و سیاسەت ڕۆەڕۆ بۆمن، مەێلێ ک حەقیقەت فرەزوانی ئەژ ڕەوانگە تاکەزوانی شییە مەکەێ.

هەرچەندە فرەزوانی ڤە فرینەێ کوومەڵگال ئەفریقا پەدیدە سروشتی و کونەیە، گوواێ هالیپا چۆ پرسێک نوو یان تەنانەت کێشەدار ڤە گوتارەل جەهانی سەێرە مەکەرێ. ڤە فرەێ ئەژ لێکۆڵینەوەل، هەمەچەشنی زوانی جنووب جەهانی هەڤاتی دەرئەنجام جەهانگیری یان فاکتورێ "بڵخە" شناسە ماو نەک چۆ بەشێ ئەژ دیرووک و ناسنامەێ خەڵک. ڕوانگەێ ڤە ئێ شێڤە، فرە زوانەوانی چۆ بێ ڕەگ و ڕیشەیی دیاریە مەکەێ، ڤەحاڵێ ک ڤە ڕاستیا، فرەزوانی وژ زەمینە مێژوویێ ژیان ڤە نام ئەفریقایە. دەرئەنجام چەندین سەدە بازرگانی و کووچ و بەرخودان و یادەوەری دەستە جەمی. زوانناسەلێ چۆ "سینفری ماکۆنی"، "ئەلاستار پێنیکۆک"، "ئانتا پاڤلێنکۆ" و "ڕوانی تۆپاس" ئێ تاماشاکردن سنووردارە ڤە چالش کیشانە.

ئەوانە دەنگمانە مەکەن ئەڕا دوارە بنیات نیان فاممان ئەژ فرەزوانی. پێناسەکردنێ ک نە تەنیا زوانەل، بەڵکوو ئە کەسەڵە ک ڤە ئە زوانەڵە مەژین ڤە مەرکەزە مەێلێ.

ڤەتایبەت "تۆپاس" ئەڤە مایژێ ڤە ڤیر ک سیاسەت زوانی هەمیشە ڤەگەرد یادەوەری مێژوویی پلکیانەسە یەکا.

ئەڤە مووشێ: هەرگل مێژوو ستعمار و توندوتیژی و پاڤەگەزداین ڤەڤیر بکەیمن، ڤەڕاستی هەر ئە سیستەم زوانی زاڵبینە دروسە مەکەیمن- تەنانەت ئەگەر مەبەستمان چاکسازیش بوو. ئێ قسە تۆپاسە ڤەگەرد ئەزموون ئێمە ڤە غەنا ڕاسە مای:

ک سیاسەتەل پەروەردە زوان داڵکی

تەنیا بەرهەم ستعمار بەریتانیا نەڤین، بەڵکوو ڤە ژێر کاریگەری سیاسەتەل پەروەردە دوما هەڵوەشاندن بەردەداری ڤە ئەمریکایش بین. یەیشەم ئەڤە مایژێ ڤە دەیشت ک مێژووی ستعمار تەنیا یادەوەری نام وژ نییە، بەڵکوو شەبەکەێ جەهانی ئەژ کۆنترۆڵ و نۆنەرایەتیە.

ڤە پەیچووری من ئەر کڵاسەل دەرس غەنا دیم ڤە چەم ک مەئلمەل بێ ئەڤە ک بزانن یادەوەری دامازریاێ حەزڤ زوانی ڤە کووڵە مەکیشن. ئێ یادەوەری دەرۆنی کریا بییە، کاریگەریێ ڤەسەر چۆنیەتی تەفسیر و جێڤەجێ کردن سیاسەتەل پەروەردە ڤە ئێمڕووژە هەس.

گلگلێ ڤە شێڤە پاڤەگەزداین، گلگلێ ڤە شێڤە دوارە دورستکردنێ هەر ئە ئولگوەل کوینە.

سە ڤەکیس چین ئقتدار فرەزوانی مەئلمەل تەنیا پرسێک پەروەردەیی نییە؛ بەشێکە ئەژ میرات مێژوویی هەر ئە سیستمە ک "سەواد دورس" تەنیا ڤە نام زوانەل ستعماری پێناسە مەکەێ.

ئێ دیرووکە ڤە نام بێدەنگی کتاوەل دەرسی شاردریاس.

دیرووکێ ئەژ سڕینەوە، ڤە بێدەنگ کردن، ڤە جاوازکردن ڕێنۆس و واژەل ڕەسەن ڤەگەرد ئەلفوبێ ستعمار.

ئەڕا ئەڤە ک پەروەردەێ فرەزوانی ڤەڕاستی هەڵگیردێ ڤە سەر مانای ڕاسکانی وژێ، بایس ڕۆەڕۆ ئە ڕابردووە بۆمن و ڤە سەر نوو بشناسیمنێ. تەنیا ئە ساتەسە ک پەروەردە مەتۆنێ ئەژ ئاست "فێرکردن

زوان" بانتر بچوو و بوو ڤە فەزایێ ئەڕا دوارە سازکردن دادپەروەری زوانی و فەرهەنگی، شوونێ ئەڕا زنێ کردن متمانە ڤەوژ بوون و یادەوەری و سەرڤەوژ بینێ فکری.

ڤە بنیات نیان ئاینده فره زوانی، نیازە ک سیاسەتەل زوانی ڤە دەور مەردم ئاڕاستە بکەیمن- ڤە سەر تەجرەبەل ئێنسان، یادەوەرییەل زوانی و ئە پەیڤەندی کوومەڵایەتییە ک زوان ڤە نامجا ئێمە دورسە مەکەێ.

ڤە ئێرە، من ئێلهام ئەژ چەمکێ فەلسەفی "ئوبونتو"ە مەگرم —

ئە ئەندێشە ک مووشێ:

"من هەم، چونکە ئێمە هەیمن."

ئەژ ڕوانگە ئوبونتو زوان و مەردم ئەژ یەکتری جیا نمەکەرن.هۆچ زوانێ بێ ئێنسان ماندار نییە، و هۆچ ئێنسانێ ڤەبێ زوان کامڵ نییە. ئەگەر ڤەێ ڕوانگە سەیر پەروەردە بکەیمن، مەونیمن ک زنێ کردنی فره زوانی تەنیا پرسێک تکنیکی نییە. بەڵکوو جمشت ئێنسانی و ئەخلاقییە.جمشت ئەڕا هەڵگەڕدانن پەیڤەندی، هامدڵی و بەرپرسایەتی ڤە نام پەروەردە. فره زوانی تەنیا ئامرازێ نییە ئەڕا یادگرتن، بەڵکوو شێوازێکە ئەڕا ڤەگەرد یەکتری ژیاین.

مەیتم ڤە ئاخر جەخت ڤە ئەڤە بکەم ک

فەرزوانی دیاردەر مۆدێرنیتە و مۆد ڕووژ نییە. فەرزوانی ڤەقەد وژێ ئێنسان دیرووک درێ، ڤە قەد مەیل ئێمە ئەڕا پەیڤەندی گرتن و بازرگانی کردن و ڤەیەکا ژیاین دیرووکییە.

ڤە ڕاسیا فەرزوانی پلکیاس ڤە پەیکەرە شارستانیەتی بەشەر، ڤە بازرگانی، ڤە فەرهرنگ،ڤە بنەماڵە و ڤە نام نەسڵەڵێ ک ئەژ تۆڕ زوان زانست و هەستە وژیان ئنتقاڵ دانە. ئەگەر ئێمڕووژ بەیتیمن پەروەردە ئەژ کۆڵۆنیالیزم ڕزگار بکەیمن، بایس واز ئەژ ئێ نووڕستن هەڵە باریمن، ک مووشێ فەرزوانی داهێنانێک تازەییە. نەخێر- فەرزوانەوانی میرات بەشەرە،گووایێ میراتێ ک ساڵانێکە بێدەنگ ڤە ژێر فشار سیاسەت تاکە زوانی کەتێیەسە پەراوێز.

دوارە بنیات نیان بانانێک فەرزوانە ڤە مانا هەڵگەڕدانن دادپەروەری زوانییە. نەک تەنیا ڤەگەرد زیادکردن زوانەل، بەڵکوو ڤەگەرد یادهاوردن ئەڤە ک ئەژ دەس چییە.

زوانەل ڕەسەنمان تەنیا ئەژ ڤیر نەچییە؛ ڤە ئەنقەست بێدەنگ کریانە. سە زنێ کردنیان تەنیا کردەیک پەروەردەیی نییە، کردەیک ئەخلاقی و مێژوواییە. ئێمە نمەتۆنیمن بانان فەرزوانە بنیات بنیمن بێ ئەڤە ک ڤەگەرد ئەسکەێ کۆڵۆنیالیزمی ڕۆەڕۆی بۆمن. بایس ڕوودواوەلێ چۆ کۆنفرانس بەرلین ساڵ١٨٨٤ و ١٨٨٥ ڤە ڤیرمان بوو هەنێ زلهێزەل ئەوروپا، ئەفریقایان ڤە نام وژان بەشبەش کرد، بێ ڤەرچەم گرتن خەڵک و فەرهەنگ و زوانەلیان.

ئە ڕوودواوە تەنیا سنوور جوگرافیا نەگۆڕان؛

بەڵکوو سنووڕەل زانست و زوانیشێ ئەژ نووێڕا کێشا. زوانەل ئوروواپایی چۆ زوانی "فەرمی" و "پێشکەتێ" دیاری کریان و زوانەل ڕەسەن پەراوێز کەتن.

ڤیرهاوردن کۆنفرانس بەرلین جووریێ ئەژ نۆستالژی نییە؛

بەڵکوو تەڤەلایکە ئەڕا ڤەدوماسەنن بیرەوەری، یادهایشتنێ یانێ فام ئێ ڕاستییە ک باندەستی زوانەل کۆڵۆنیالیزمی ڤە پەروەردە، دەسکەت ڕووداو یا هەڤەجەێ مێژوویی نەڤی بەڵکوو بڕیارێک سیاسی و هۆشیارانە بی.

ئێ زوانەل هامبەشانە، ک ئێسکە ڤە ئامراز پەیڤەند جەهانییە مەزانیمان، ڤە بنەڕەت ئامراز کۆنترۆڵکردن و نەهێشتن فەرهەنگی بین. ڤە زاهر پەرد ئەڕا پێشکەتن،گووایێ ڤە کردە دیوار ڤە نامجا خەڵکان و ڕەگە و ڕیشییان. ڤە ئێ بابەتە، بنیات نیان ئاینده فەرزوانی پڕۆژەیەکە ئەڕا دادپەروەری زوانی و یادەوەری مێژوویی.ئێمە بایس مەدرەسەلمان بکەیمن ڤە پەناگا زوان و فەرهەنگمان. شوونەل زنێ ک ڤە نامیان زوان مەردم نە ڤەدەڤە کریا بەڵکوو ئەرجدار بوون.ڤە نام هانە مەدرەسەلێ، مەئلمەل

تەنیا درێژەدەر سیاسەت نین،
ئەوانە یادەوەرییە مەپارێزن، ئەوانە ئەژ ڕێگە زوان،
ڕابردوو پەێقەندە مێیەن قە بانان. قە دەست ئاخر
ئامانج ئێمە هەڵبژاردن قە نامجا تاکە زوانی و فرە
زوانی نییە.
ئامانج ئەقەیە مرۆڤ بایژرێ قە ناوەندێ پەروەردە،
ئەڕا ئەقە ک بایژێ قە قیرمان ک زوان بەشێکە ئەژ
ژیان نەک تەنیا ئامرازێ ئەڕا ئمتحان و نمرەداین.
زوان مەژی.
زوان لوو لووە.
و تێۆری زوانیش بایس قە وڕە دەست قەرنێ بکرێ
قەگەرد ئە ئایمەلە ک زوانەکە مەژین.

*https://www.mcgill.ca/mosaique/dialogues/A?utm_source=chatgpt.com

دەفرە کوڵاوەکەی تاران لە ٢٧ی دیسەمبەری ١٩٧٩*

نووسەر: ڤ.م. ڤینۆگرادۆڤ

وەرگێڕان: مەنسوور سدقی

پێشەکی وەرگێڕ

گۆڤاری "ئەرشیڤی رۆژهەڵات" بڵاوکراوەیەکی زانستیی ڕووسییە کە لە ساڵی ١٩٩٨وە لەلایەن پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا ساڵانە دوو ژمارەی لێ بڵاو دەکاتەوە. ئەم گۆڤارە بابەتگەلی مێژوویی، شوێنەوارناسی، بەڵگەنامە دیپلۆماسییەکان و دەستنووسە دەگمەنەکانی ڕۆژهەڵات (واتە وڵاتانی ئاسیا، ئەفریکا) و لەوانەش مێژووی کورد و کوردستان دەخاتە بەردەستی خوێنەران.

لە ژمارە (٢) (٢٧)ی ساڵی ١٩١٣ (ل.ل. ٨٧-٩٥) ، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی ڤلادیمیر میخایلۆڤیچ ڤینۆگرادۆڤ، باڵیۆزی یەکێتیی سۆڤیەت لە تارانی بڵاو کردووەتەوە (٣) کە بریتییە لە دیدارێکی باڵیۆز دەگەڵ خومەینی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩.

دەستەی نووسەران (نڤیسیارانی)گۆڤارەکە لە سەرەتای وتارەکەدا ئەم تێبینییەیان گونجاندووە:

"دیپلۆماتکاری بەناوبانگی یەکێتیی سۆڤیەت، "ڤلادیمیر میخایلۆڤیچ ڤینۆگرادۆڤ (١٩٢١/٠٨/٠٢ ڤێنیز/ئیتاڵیا- ١٩٩٧/٠٦/٢١ مۆسکۆ)"، نووسەری ئەم بڵاوکراوەیە کە باڵیۆزی فرەتایبەت و تەواوبڕیارپەدەستی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێران بووە. ئەڵێکساندر ڤلادیمیرۆڤیچ، کوڕی ف.م. ڤینۆگرادۆف دەستنووسی بیروەرییەکانی باوکی کە زۆر بەباشی لە ئەرشیڤی باوکی پاراستبووی، بەدڵفراوانییەوە پادەستی ئێمەی کرد".

لە کۆتاییشدا، ڤیکتۆر گریگۆریڤیچ کۆرگوون(٤) ، لێکدانەوەیەکی ڕەخنەگرانەی لەسەر نووسیوە کە وەرگێڕدراوەکەی لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە.

وەک لە دەقەکەدا دەردەکەوێت، ئەم بەشەش لە بیرەوەرییەکان کورتکراوەیە، چونکە لە چەند شوێندا بە سێ خاڵ و یان بە (<...>) قرتێندراوە.

بڵاوکردنەوەی یاداشتی دیپلۆماتکاران و کاربەدەستانی دەوڵەت، کەرەستەیەکی خاو و یەکەمین سەرچاوە پێشکەش بە مێژوونووسان دەکات. بەڵام لە ڕوانگەی مێتۆدۆلۆژیای زانستییەوە، ئەم جۆرە دەقانە هەمیشە دەکەونە ژێر پرسیار و گومانەوە، چونکە بەشێکی زۆریان لە چوارچێوەی "مێژوونووسیی پاساوخواز" یان خۆدۆزینەوە لە بەرپرسیارێتیی مێژوویی دەنووسرێنەوە. ئەو دەقەی لێرەدا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، نموونەیەکی ناوازەی ململانێی نێوان "گێڕانەوەی فەرمی" و "ڕەخنەی مێژوویی"یە؛ بابەتەکە لە بەشێک لە یاداشتەکانی ڤلادیمیر میخایلۆڤیچ ڤینۆگرادۆڤ، باڵیۆزی پێشووی یەکێتیی سۆڤیەت لە تاران (١٩٧٧-١٩٨٠) پێکهاتووە و پاشکۆیەکی شیکاریی و ڕەخنەیی لە لایەن پڕۆفیسۆری مێژوونووس ڤیکتۆر گۆرگیڤیچ کۆرگوون بۆ زیاد کراوە. بایەخی ئەکادیمیی ئەم بابەتە لەوەدایە کە خوێنەر تەنها لەبەردەم گێڕانەوەیەکی تاکلایەنەدا ڕانەگرێت، بەڵکو پڕۆفیسۆر کۆرگوون بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی مێژوونووسیی ڕەخنەیی و پێداچوونەوەی مێژوویی، بەرپەرچی هەندێک لە یاداشتەکان دەداتەوە.

لێرەدا دەتوانین چەند ڕەهەندێکی ڕەخنەیی مێژوویی لەم بابەتەدا بەرجەستە بکەین:

ڕەخنەی دەرەکی و ناوەکیی دەق

کۆرگوون تەنها دەقی گوتەکانی باڵیۆز وەک ڕاستییەکی ڕەها وەرناگرێت، بەڵکوو لە ڕێگەی بەراوردکردنی یاداشتەکان لەگەڵ بەڵگەنامە فەرمییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و ئەرشیفە نهێنییەکانی کەی-جی-بی، ڕادەی ڕاستگۆیی و "بابەتیبوونی" نووسەر دەپێوێت.

دیاردەی "شێواندنی مێژوویی بە ئەنقەست"

پاشکۆ دەری دەخات کە چۆن باڵیۆز لە ڕێگەی "سڕینەوەی مێژوویی" یان شاردنەوەی بەشێک لە ڕاستییەکان، ویستوویەتی قەبارەی ئەو شکستهێنانە دیپلۆماسیی بشارێتەوە کە مۆسکۆ لە تاران دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لە ٢٧ی دیسەمبەری ١٩٧٩دا تووشی ببوو.

دژە-گێڕانەوە

پڕۆفیسۆر کۆرگوون لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکەیەوە، دژە-گێڕانەوەیەک بەرامبەر بە "گێڕانەوەی فەرمی" دەوڵەتی سۆڤیەت ئاشکرا دەکات. ئەو دەیسەلمێنێت

کاتێک باڵیۆز ویستوویەتی لە تاران پاساوی "یاسایی و دۆستانە" بۆ هێرشکردنە سەر ئەفغانستان بهێنێتەوە، لە ڕاستیدا لە ناوەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئەم هەنگاوە وەک "پێشێلکارییەکی ڕوونی یاسای نێودەوڵەتی" و هێڵێکی سوور سەیر کراوە.

گرنگیی وەرگێڕانی بابەتەکە بۆ توێژەرانی کورد

ئەم وەرگێڕانە بۆ خوێنەر و توێژەری کورد لە بوارەکانی مێژوو، زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، گرنگییەکی میتۆدۆلۆژیی هەیە. بابەتەکە فێرمان دەکات کە چۆن مامەڵە لەگەڵ یاداشتە سیاسییەکاندا بکەین و بە بێ بەکارهێنانی "میتۆدی ڕەخنەیی" کەرەستە ئەرشیفییەکان وەرنەگرین. هاوکات، دەروازەیەکی زانستییە بۆ تێگەیشتن لە هاوکێشەکانی جەنگی سارد و دیپلۆماسیی قەیران لە ناوچەکەدا، کە کاریگەریی قورسی بەسەر چارەنووسی گەلی کوردیشەوە هەبووە.

لە پرۆسەی وەرگێڕانی ئەم بابەتەدا، هەوڵ دراوە پارسەنگی و ئەمانەتی زانستی لە گواستنەوەی زاراوە مێژوویی و ڕووسییەکاندا بپارێزرێت، تاوەکو دەقەکە وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا بەکار بهێنرێت.

(١)

بەشێک لە بیرەوەری باڵیۆزی یەکێتیی سۆڤیەت ق.م. ڤینۆگرادۆف
تاران. ٢٧ی دیسەمبەری ١٩٧٩

باڵیۆزخانەی یەکێتیی سۆڤیەت. سەرەتای ساڵی نوێ. لە دوا ساتەکانی ساڵی ١٩٧٩ ڕووداوێکی نائاسایی و دەگەمەنی ژیان ئەزموون کرا. ئێمە هەموومان کەوتینە نێو دەفرێکی کوڵاو. دەفرەکە خرۆشان پەری سەند و ئیتر تەقییەوە: لە فێبریوەریدا شۆڕشێک ڕوویدا و کۆتایی بەو دەسەڵاتە پاشایەتییە هێنا کە زیاتر لە دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ حوکمڕانی ئەم وڵاتە کەونار و بەناوبانگەی کردبوو... .

شا و ڕاوێژکارانی دەروەی وڵاتەکەی، بەسە ڕووداوەکاندا زاڵ نەبوون. نە لە ڕۆژاوا و نە لە پاریس، لەژێر ئاگری چاوبەزێنی ڕاگەیاندن سەبارەت بە کۆشکە زێرینەکانی وڵاتێکی کەونار و بریقە بریقی خشل و مرواریەکانی، ڕق و کینەی کەڵەکەبووی ملیۆنان خەڵکی هەژاری نەخوێندەوار کە لەنێو کۆخە سەدە نێوەڕاستییەکاندا کپی یەکتر دەژیان، دیار نەبوو. لە بەندەر عەببەس، یەکێک لە بەندەرەکانی باشوور، ئێمە شەوانە لەبەر کرێکارانی پاڵکەوتووی بەندەر کە پاش ڕۆژێکی دژواری کارکردن لێرەو لەوێ خەوتبوون، نەماندەتوانی لە پارکێکدا پیاسە بکەین. ئەم دیمەنە بۆ بەرپرسە باڵاکانی پارێزگار کە یاوەری ئێمە بوون زۆر ئاسایی بوو و جگە لە بێزاری هیچ هەستێکی دیکەیان نەدەوروژاند.

شا نەیبینی کە تەنانەت دەوڵەمەندەکانی وڵاتەکەشی لەبەر بێبەشبوونیان لە دەسەڵات، ڕقیان لێیەتی و چاوەڕێی کەوتنین. ئاخر زۆر شت پێویست بوو بگۆڕدرێت، بەڵام بەپێچەوانە تەنانەت ئەو سەرمایەدارە نوێیانەی پارەی زۆریان هەبوو، ناچار بوون کرنۆش لەبەر دەم شا و بنەماڵە زۆر و زەوەندکەیدا بکەن و بۆ بەڕێوەچوونی کارەکانیان خۆیان بچوک بکەنەوە.

[ئەی] خۆپێشاندانە شۆڕشگێڕانەکانی خوێندکاران؟ گەڵتەجارییەکی منداڵانەیە، منداڵبازاریی. دەبێت لە زیندان بکەڕێن و لە زانکۆ دەریان بکەن.

ئاخر شا دەزانێت وەرگرتنیان لە زانکۆ، چەندە دژوارە. ئەمەش ئیتر هەڵەیەکە بۆ چاوپۆشیین نابێت:

ئەی مەلاکان کێن؟ کە پێشتر ڕەزاشای باوکی، سەرکوتی کردن، و شاژنیش بە بێ چارشێو دەردەکەوت!

ڕێک بەهانەیەک بوو بۆ خومەینی تاکوو پاساو بۆ شەرعیەتی دەسەڵاتی ئیسلامی بهێنێتەوە و بەرامبەر بە پارێزبەندی دیپلۆماسیی هەموو ئەمریکییەکان لە ئێران، ناڕەزایەتی دەربڕێت. محەمەد ڕەزا پەهلەویش بۆ عێراق، بۆ کەربەلا، بۆ لای گۆڕە پیرۆزەکانی شیعە دەربەدەری کرد:

بڕۆ لەوێ دابنیشە و دەگەڵ ڕیشی خۆتدا چی

دەڵێیت بیڵێ و بۆخۆت بۆڵەبۆڵ بکە.
حیزبی مارکسیستیی تووده هیچ سەرنجراکێش نییە: پەیکەرەی سەرکووت کراوە، دیارە هێشتا کەسانێکیان بە نەهێنی ماون و لە تاراوگەش هەن و لە دەروەی وڵات زانیاری بڵاو دەکەنەوە؛ مەترسییان بۆ نێوخۆ نییە. گشت هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانەیان لە نمایشێک زیادتر نییە.
شا بێ ئاگا لەوەی لە دەوروبەری چی دەگوزەرێت، ئامانجی خۆی بەم شێوانە دەردەبڕی:
خەڵک دەبێ دڵخۆش بن. وڵاتەکەیان لە گەشەکردندایە، بەرەو "شارستانیەتێکی گەورە" هەنگاو دەنێت.
بەڵام لەناکاو ... لە ماوەی چەند مانگێگدا، دەسەڵاتی پاشایەتی نەما و شەپۆلی بەهێزی سەرهەڵدانی گەل، ڕژێمی سڕیوە.
گەلێک زانیاری، بیرۆکە و هەواڵی دژبەیەک بڵاو دەبوونەوە.
لە کاتی گۆڕانکارییە مێژوویەکاندا، جیاکردنەوەی ڕاستی لە درۆ، پێویستی بە هۆشیاری و زانیاری هەیە. لەنێو جەرگەی ڕووداوەکاندا، لە ژینگەیەکی ٢٤ سەعاتی تەقەکردن، خۆپیشاندان، تەقینەوەی هەستی جەماوەری و نەبوونی "چالاکوانانی" دەنگ بەرز، چۆن مرۆڤ دەتوانێت دیاری بکات ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەڕۆن؟
ئێمە بە خۆشییەوە، هەم سەردەمیانە و هەم بەشێوەی دروست هەڵسوکەوتمان کرد؛ تێگەیشتین چی ڕوویداوە. لەخۆڕا نەبوو کە ئێمە بۆ لێکۆڵینەوە لە مارکسیزم-لینینیزم و یاساکانی گەشەسەندنی مێژوویی، ئەوەندە خۆمان ماندوو کردووە.
١١ی ٢ی ١٩٧٩، سەرەنجام شۆڕش سەرکەوت. ڕێک ١٥٠ ساڵ پاش کوشتنە قێزەونەکەی ئا.س. گریبایدۆف، بالیۆزی ڕووسیا لە پارس و سڕینەوەی گشت نێردراوەکانی ئێمە. بەڕاستی ڕێکەوتێکی سەیرە.
لێکدانەوە و تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی یەکەم مانگەکانی دوای شۆڕش ئاسان نەبوو. بە هەر حاڵ، یەکەم باڵیۆز کە ڕۆژی دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەگەڵ بازرگان، سەرۆکی حکومەتی کاتیی کۆبووەوە، باڵیۆزی سۆڤیەت بوو. هەروەها یەکەم باڵیۆز لەنێو تەواوی باڵیۆزەکاندا کە خومەینی، ڕێبەری نوێی ئێران، تەنها دوای هەفتەیەک پێشوازی لێکرد، دیسان باڵیۆزی سۆڤیەت بوو. ئاخر ئێمە هاوسێین. "ڕوو بەکاتە باکوور"، ئامۆژگارییەکی ئەوەندە خراپ نییە، بەڵام هەنووکە دەبێت بە ڕۆانگەیەکی جیاوازتر بێت. دیارە دواتریش چەند دیدارێکی دیکە دەگەڵ خۆمەینی کرا کە دەوروبەرە کۆنەپەرستەکانی تووڕە کرد.
بارمتەگرتنی کارمەندانی بالیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران ڕووداوێکی ئاڵۆزی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧٩ بوو. داخوازییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتی بوون لە: ڕادەستکردنی شا و گەڕانەوەی دارایەکانی ئێران کە لە بانکەکانی ئەمریکا ئەسپاردە کرابوون.
"گرتنی باڵیۆزخانە" بێشک کۆمەڵێک تایبەتمەندی سەیر و سەمەرەی بەدوادا هات.
ڕێک لەم کاتەدا "لینگن"(٥) ، کاربەڕێکەری کاتیی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران، واتە سەرۆکی باڵیۆزخانە، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەکات! دیارە ... هەر لەوێندەرێ مایەوە و "ماڵی مانەوە"یان بە تەلەفۆن لەبۆ پەیوەندی بەردەوام دەگەڵ واشینتن، لە پشتەوەی وەزارەتی دەروە بۆ دابین کرد و تەنانەت باڵیۆزی سویس پەیامە دیپلۆماسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بەردەوام پێدەگەیاند...
ساڵی تازە نزیک دەبووە. کاروبارەکان کەمتاکورت سەقامگیر ببوون. تا ڕادەیەک دەکرا ئاسوودە بین. لە ٢٦ی دیسەمبەر بانگهێشتی باڵیۆزەکانی چیکوسلاڤیکیا، کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا، بۆلگارستان، هەنگاریا، پۆلۆنیا و ڕۆمانیا، دەگەڵ کارمەندەکانیانمان کرد. لە تەواوی مانگە پڕ لە دڵەڕاوکێکاندا، شانبەشان کارمان کرد، زانیارییەکانمان ئاڵوگۆڕ کرد، ڕووداوەکانمان بە هاوبەشی شرۆڤە

کرد، چەند جار لە هەفتەدا کۆ دەبووینەوە، لە باری دارایی یارمەتی یەکترمان کرد، لە کاتی مەترسیی هێرشەکاندا، ژنان و منداڵانی یەکترمان دەشاردەوە. بە یەک وشە - هاوڕێ و هاوسەنگەر بوون.

هۆڵی باڵیۆزخانەکەمان پڕ بوو لە میوان و دیارە هەواڵانی خۆمان زۆرتر بوون. کۆنسێرتی "ئەنترناسیۆنالیستی"، یاری و سەما بەڕێوە چوو. هەڵبەت خوانێکی ڕازاوەش هەبوو، پیم بلی ئاخر ساڵ تازە چۆن بێ خواردن و خواردنەوە بەڕێوە دەچێت؟ لە کەشێکی ئارام، خۆشی و شادیدا بووین، وەک بڵێی باریکی گران لەسەر شانمان لاچووبێت. زیاتر لە دوو ساڵ بوو پشووی ئاوامان نەدیبوو.

... لە یەکێک لە دەرگاکانی کە بە هۆڵەکەدا دەکرانەوە، چاوم بە درزێکی تاریک کەوت و یەکێک لە هاوڕێکانمان دەرکەوت و ئاماژەیەکی پێم دا. داوای لێبوردنم لەو باڵیۆزانە کرد کە لەدەوری مێزێکدا دانیشتبووین و بەرەو دەرگاکە چووم.

-ڕاسپاردەیەکی خێرا بۆ ئێوە هاتووە.

بانگی یەڤگێنی دمیتریۆیچ ئاستراڤێنکا، ڕاوێژکاری باڵیۆزم کرد: "با بچینە نهۆمی سەرەوە".

... بە تووڕەییەوە کاغەزەکەم فڕێدایە سەر مێزەکە، هەستم بە نائارامی دەکرد. بۆچی ئەوە کراوە؟ ئەوە بێمانایە، ئایا کەس لە مۆسکۆ، داب و نەریتی گەلانی ڕۆژهەڵات و ناناسێت؟ شکستە شەرمەزارکەرەکەی ئینگلیزەکان لە ئەفگانستان تەنها ٦٠ ساڵ لەمەوبەر بوو! ئێڤگنی دیمیتریڤیچیش بە سەرسوڕمانەوە سەری دەلەقاند- چ هاوڕێیەکی وریا بوو. ئەی لەو کارەی! هیچ ناکرێت، ئەرکێکە بۆ باڵیۆز و دەبێت جێبەجێ بکرێت.

ڕاسپاردەکە: خێرا خومەینی ئاگادار بکرێتەوە کە بەگوێرەی داواکاریی دەوڵەتی ئەفگانستان، لە ٢٧ی دیسەمبەردا، حکومەتی سۆڤیەت "یەکەیەکی سنووردار" لە سەربازانی سۆڤیەتی بۆ هاوکاری و بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژی دەرەکی بۆ سەر ئەفگانستان، ڕەوانەی ئەم وڵاتە دەکات. هیوادارین ئێران بە تێگەیشتنەوە سەیری ئەم هەنگاوە کاتی و ناچارییە بکات.

چاوم لە کاتژمێر کرد: نزیک ١٠ی شەو بوو. تەنیا ٢ کاتژمێر بۆ ٢٧ی مانگ مابوو. ماوەیەک پێش خومەینی ڕایگەیاندبوو دیدار دەگەڵ باڵیۆزە بیانییەکان ناکات و بۆ ئەمە دەوڵەت هەیە و ئەو دەوڵەتمەدار نییە، بەڵکوو ڕێبەرێکی ئایینی کۆمەڵانی خەڵکە و دەچێتە شاری قوم بژی؛ ئەو شارەی کە شوێنی نیشتەجێبوونی نەریتیی، ڕێبەرانی باڵای ئایینیی باڵای ئێرانە و ١٥٠ کیلۆمەتر لە تارانەوە دوورە.

تێماوم چی بکەم؟ وێدەچوو ئەم ئەرکە جێبەجێ ناکرێت. بەڵام یەک شت ڕوون بوو و منیش زۆر باش لەوە تێدەگەیشتم: بە دڵنیاییەوە دەبێت کاری وا بکەم کە ئەم هەواڵە، ئەگەرچی دڵنیام بۆ خومەینی ناخۆش دەبێت، لە منەوە ببیستێت نەک لە ڕاپۆرتی ڕاوێژکارەکانییەوە، کە دیار بوو ئەوانیش بەیانی لە ڕادیۆ بیانییەکانەوە پێیان دەزانی. لە ڕاستیدا، مەبەستی سەرەکی لە سەردانی خومەینی هەر ئەمە بوو؛ لێم ڕوون بوو هەرچەندە هەوڵیش بدەم، ناتوانم قەناعەت بە خومەینی بێنم کە ئەم هەنگاوە نائاساییەی ئێمە ڕاستە، چونکە خۆشم بەڕادەیەکی زۆر لێی تووڕە و بێزار بووم.

هاوڕێیانم ڕاسپارد هەوڵ بدەن خێرا پەیوەندیی بە نووسینگەی خومەینی بکەن و بە پێداگرییەوە داوای کۆبوونەوەیەکی بەپەلە بکەن و ئاماژەش بەوە بکەن کە پرسێکی نائاسایی ڕوویداوە؛ هاوکاتیش داوای یارمەتی لە وەزارەتی دەرەوە بکەن تاکوو ڕێگە بدەن خیرا بچینە قۆم. ئینجا گەرامەوە بۆ لای میوانەکان و داوای لێبوردنم لێیان کرد کە بەهۆی ئەرکێکی بەپەلە دەبێت بەجێیان بهێڵم، بەڵام داوام لێ کردن سبەی کاتژمێر ١٦ کۆببینەوە و هەموو زانیارییەکانیان پێ ڕادەگەیێنم. باڵیۆزەکان کەسانی بەئەزموونن؛ لە دۆخی من تێدەگەن. ئاخر ئێمە دەمێکە متمانەمان بە یەکتر هەیە.

بەداخەوە هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون. نووسینگەی خومەینی وەڵامی دایەوە: هەموو باڵیۆزەکان ئاگادار کراونەتەوە کە خومەینی بەشداری لە کاروبارەکانی

دەوڵەت ناکات و پێویستە پەیوەندی بە بەرپرسانی دەوڵەتەوە بکەن؛ هەڵبەت ئیمام باڵیۆزی یەکێتیی سۆڤیەت باش دەناسێت، ئێستا خەوتووە. ئایا باڵیۆز نەریت و هەڵسوکەوتی ئێرانییەکان نازانێت؟

لە وەزارەتی دەرەوەش کەسێکی ئێشکچی پاش ماوەیەک وەڵامی دایەوە، "تاکوو بەیانی چاوەڕوان بن". لەم سەردەمەدا قوتبزادە، وەزیری دەرەوەی ئێران بوو (لە ساڵی ١٩٨٣ بە تۆمەتی سیخوری بۆ ئەمریکا لەسێدارە درا). هەر ئەو کاتیش هەستمان بە نامۆیی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی کردبوو و نەماندەویست تەلەفۆنی بۆ بکەین، چونکوو دەمانزانی بابەتەکە چۆن پێشکەش بە ئیمام دەکات. بڕیاریش نەبوو زانیارییەکان بۆ کەسی تر بگوازینەوە. ئەی چی بکەین؟

دوام کرد دیسان تەلەفۆن بۆ وەزارەتی دەروە بکەن و ژمارە تەلەفۆنی "حەقگوو" وەربگرن کە یەکێک لە جێگرانی وەزیری دەرەوەی ئێران بوو و وای نیشان دەدا کە هەمیشە ئاگای لە ئێمە هەیە. ژمارەی ماڵەکەیمان وەرگرت، بەڵام خزمەتکارەکەی(!) بۆڵە بۆڵێکی کرد و گوتی حەقگوو لە ماڵ نییە و ناتوانێت ژمارەی ئەو شوێنەمان بداتی (دیاربوو لە شوێنێک ڕایدەبوارد). پاش پێداگرێکی زۆر (هەڵبەت ئاستراقێنکا و نیکەڵای کۆزێرڤ فارسییەکی باشیان دەزانی) خزمەتکارەکە ژمارە تەلەفۆنەکی پێ داین. تەلەفۆنمان کرد و داوای حەقگووەمان کرد و من قسەم دەگەڵ کرد (بە زمانی ئینگلیسی). پێم ڕاگەیاند کە هەڵگری ڕاسپاردەیەکی فرە گرنگ و بەپەلەم کە دەبێت هەر ئەمشەو ڕاستەوخۆ لە دیدار دەگەڵ خومەینی پێی ڕابگەیەنم؛ دیارە نزیک نێوە شەوە و ئیمام لە قۆمە، بەڵام لە ژیاندا بارودۆخی چاوەڕواننەکراو و نائاسایی ڕووە دەدات. چی بکەین؟

حەقگوو(٦) دوای کەمێک بیرکردنەوە، وتی کە بێگومان ناتوانێت دیدارێک لەگەڵ خومەینی ڕێکبخات – دەرەنگ بووە، بەڵام مۆڵەتی فەرمی بۆ گەشتەکە بۆ قوم دەدات. ئەمە ئیتر دەسکەوتێک بوو. بەگەرمی سپاسی حەقگووم کرد و تکایەکی دیکەم لێکرد: چەند پاسەوانێکی (چەند پاسدارێکی) چەکدارمان دەگەڵ بخات ، چونکوو شەوە و گەلێک بازگە لەسەر ڕێگەکان هەن و ڕێگەکەشمان دوور و درێژە و ئێمە دوو ئۆتۆمبێلمان پێ دەبێت. جێگری وەزیر بەڵێنیی پێداین، داواکانی ئێمە جێبەجێ بکات. پاش نزیکەی ٢٠ خولەک، سێ چەکداری ڕیشدار پەیدا بوون. ئێمەش خۆمان بۆ سەفەر ئامادە کردبوو. کاتژمێر ٣ی بەرەبەیانی بوو.

تاریکیی باڵی بەسەر شەقامەکاندا کێشابوو، هیچ جموجوولێک نەبوو. شار مردبوو. هەندێک جار چرای دەستی پاسەوانانی بازگەکان دەدروشانەوە. دەبوو وەک هەمیشە ئاڵای یەکێتیی سۆڤیەت لە ئۆتۆمبێلەکانمان بدەین. بەڵام بەتووڕەییەوە گوتیان: نەخێر نابێت، لە دووڕەوە دەنگی تەقە دەهات. پاسدارەکان گوتیان چرای ئۆتۆمبێلەکان خامۆش بەکەین و چرای ژووڕەوە هەڵکەین.

وەڕێ کەوتین، هەمان شەوەزەنگ لە ڕێگەش دایگرتین. هەوڵم دا بە ڕادیۆی ئۆتۆمبێلەکە ئیزگەیەکی بیانی بگرم. یەکێکم دۆزیەوە، بەڵام سەبارەت بە ئەفگانستان هیچ هەواڵێکی پێ نەبوو. چەلی بەڕێوەین و بیر لە پلانێک بۆ ئەم دیدارە بەڕواڵەت محاڵە دەگەڵ خومەینی دەکەمەوە و پرسیاری ئەو و وەلامی خۆم دەخەملێنم. بێگومان ئەو دەقە ڕەقەی کە لە مۆسکۆوە لەنێو کەوانەدا نێردراوە، شایانی خوێندنەوە نییە چونکە لەوێدا ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی لایەنی بەرامبەر، کەشی گفتوگۆکە، و ئەو بارودۆخانە نەکراوە کە ڕاسپاردەکەی تێدا جێبەجێ دەکرێت.

پەیوەندییەکانی ئێران دەگەڵ ئەفگانستان ئاڵۆزە. دۆستایەتێکی مێژوویی لەنێوانیاندا نەبووە. شەڕیان هەبووە، هەندێک جار ئێران سەرکەوتووە و هەندێک جاریش ئەفگانستان. ناکۆکییان هەیە، بۆ نموونە لەسەر ئاوی ڕووباری هیرمەند. لە ئێراندا، ڕق و کینە لە ئەفگانستانییەکان پەرەی پێدراوە. زۆرێک لە ئێرانییەکان خۆیان لە هەر ڕوویەکەوە هەمیشە باڵاتر لە ئەفگانەکان زانیوە و

وەک ڕەگەزێکی نزمتر چاویان لێکردوون. ئەمەش بەهۆی ئەو ڕاستییەوە بوو کە لە سەردەمی شادا نزیکەی ٩٠٠ هەزار ئەفگانستانی بێکار لە ئێران بۆ بژێوی ژیانیان ناچاربوون قورسترین کارەکان بکەن. بەپێی دابونەریتی نەتەوەیی، هەر ئەفگانستانییەک چەقۆیەکی لەنێو چەکمەکەیدا شاردووەتەوە، بۆیە زۆربەی تاوانەکان دەخرێتە ملی نەفگانستانییەکان. لە ماوەی خزمەتم لە ئێراندا، چەندین حاڵەتی دادگاییکردنی سەرشەقام و خۆسەپاندنی یاسا لەلایەن جەماوەرەوە دژ بە ئەفگانستانییەکان ڕوویداوە و وەک ڕێگر و چەتە لەسەر ستوونەکان هەڵدەواسران. شای ئێران لە گفتوگۆکانیدا دەگەڵ من، هەمیشە بەگاڵتەجاڕی و سووکیەوە باسی ئەفگانستانی دەکرد. کاتێک لە ساڵی ١٩٧٨ شۆڕشی ئاوڕیل(٧) لە کابول ڕوویدا ، شا نیگەران بوو. لە وتوێژێکدا لێی پرسیم: ئەوانە چ کەسانێکن هاتوونەتە سەر دەسەڵات؟ ئەو گومانی نەبوو کە حکوومەتەکەی داوود گەندەڵە و دیارە هیوادار بوو، بڕووخێت. بەڵام دەیگوت ئەم کەسە نوێیانە کێن؟ دەڵێن چەپ و مارکسیستن.

پرسیارم لە شا کرد: بۆچی نیگەرانی هاتنە سەر دەسەڵاتی چەپەکانە، چ پەیوەندییەکییان پێکەوە هەیە؟

شا خەریک بوو هەڵچێت، گوتی: دەڵێی چی؟ ئاخر ئەو کاتە ئیوە بۆ دەریا گەرمەکان نزیکەی ٤٠٠ کیلۆمەترتان دەمێنێت! ئینجا ڕاسپاردەکەی پێتری مەزن وەدی دێت. لەوێ پاکستانە، من ڕێگە نادەم هیچ کەس تخوونی بکەوێت!

دەرفەتم بۆ ڕەخسا لەبارەی بەهەڵە تێگەیشتنی "ڕاسپاردەی پێتری یەکەم"، ڕوونکردەوەیەکی مێژوویی پێی بدەم، پاشان جەختم لەوە کردەوە کە: "پێویست ناکات نیگەران بن، مەگەر ئێوە هەمیشە نەتان گوتووە کە هیچ کات لە سنووورەکانی باکووری ئێران، واتە لە یەکێتیی سۆڤیەتی کۆمۆنیستیی، نیگەران نیم. ئێستاش پێویست ناکات سەبارەت بە سنووورەکانی ڕۆژهەڵات، واتە ئەو شوێنەی ئێوە پێتان وایە ئەفگانستانی چەپە، نیگەران بن". شا زەردەخەنەیەکی بەم حەنەکەی من هێنا ...

... گومبەزەزێرینەکانی مزگەوتەکانی قوم لەژێر کازێوەی بەرەبەیانی، لێمان دەرکەوت. زۆر پێشتر لە دەروازەی شار، بە چەند بۆشکەیەکی ئاسنی پڕ لە زیخ ڕێگەکە گیرابوو، ئەمە یەکەم بازگە بوو. چەکدارێکی ڕێشدار لە بۆتکەیەک بەپەلە دەرکەوت و بەسەرسووڕماویی تەماشای ئاڵا سووورەکەی دەکرد. پاسەوانە ڕێشدارەکانمان گووتیان "خۆمانیین"، باڵیۆزی یەکێتیی سۆڤیەت لەبۆ ئەرکێکی بەپەلە دەچێتە سەردانی ئیمام.

پەلەیان نەبوو ڕێگەمان بدەن. هەوالەکەیان بۆ ئەملا و ئەولا برد و گەڕانەوە و ڕێگەیان پێداین. پاش کیلۆمەترێک، دیسان هەمان چیرۆک. بەم شێوەیە لە ٥ یان ٦ بازگە تێپەڕ بووین، پەیامیان بۆ یەکتر دەنارد: "باڵیۆزی یەکێتیی سۆڤیەت دەچێتە لای ئیمام".

ئێمە گەیشتینە نزیک ئەو کۆڵانەی کە خانووی بچووکی خومەینی لێ هەڵکەوتبوو. ئێمە ڕێگەکەمان بە باشی دەزانی. ئاخر چەند جارێک هاتبووین. پاسەوانەکان کە دەوری ئاگرێک کۆببوونەوە و دیار بوو تەواوی شەو خەریکی برژاندن بوون، بەهەڵاتن بەرەوڕوومان هاتن و بەتوندی دەورەیان داین. بەهیچ شێوەیەک ڕێگەیان پێ نەدەداین تێپەڕ ببین و گوێیان بە داوکارییەکانی ئێمەش نەدەدا. فەرماندەکەیان لەمنی پرسی: مەگر نازانی ئێستا ئیمام خەوتووە. منیش چاوێکم لە کاتژمێرەکەم کرد، کاتژمێر ٧ و نیوی بەیانی بووە. گوتم نا، ئیمام نیو کاتژمێرە لەخەو هەستاوە و خۆی بۆ نوێژ ئامادە دەکات (خشتەی بەرنامەی ڕۆژانەی خومەینیمان بەباشی دەزانی). ئینجا فەرماندەکە ڕێگەی پێداین بەرەو نووسینگەی ئیمام تێپەڕ بین. لە خانوویەکی بەرامبەر بە شوێنی مانەوەی خومەینی، ئاستراڤێنکا دەگەڵ بەرپرسی نووسینگە باسی بابەتەکەی بۆ کرد و ئێمەش هەر لەوێندەری چاوەڕوان بووین. پاسەوانەکان ڕازی نەبوون، ئاستراڤێنکا دەگەڵیان ڕۆیشت.

ئێمە نزیکەی ٤٠ خولەکێک چاوەڕوان بووین.

سەرەنجام ئاستراڤێنکا گەڕایەوە و گوتی کە بەرپرسی نووسینگە، سەری سووڕماوە و گوتوویەتی، ئێمام ڕێگە نادات، بەڵام پاش گفتوگۆیەکی دوور و درێژ، ڕازی بووە باڵیۆز بێتە نووسینگە. ئاستراڤێنکا دوای گەڕانەوەی بۆ لای ئێمە گوتی کە بەرپرسی نووسینگە، عەبا ڕەشە درێژەکەی لەخۆی پێچا و بە چەکە چەکی نەعلەکە بەرەو ماڵی خومەینی بۆ ئەو دیوی کۆڵانەکە ڕایکرد.

ئێمە چووینە نێو "نووسینگە". پاسەوانە چەکدارەکان لەسەر فەرشێکی سوور لەسەر زەوی دانیشتبوون و چایان دەخواردەوە و بەڕێزەوە داوایان لە ئێمە کرد دانیشین و لە پیاڵە کەمەر باریکەکاندا چایمان پێبدەن. نەدەکرا ڕەتی بکەینەوە. بەدڵفراوانێکی زۆرەوە پیشوازییان لێ کردین. لە پشتی شووشەکانی پەنجەرەیەکی گەورەوە، ڕێک لە کۆڵانێکی تەنگدا، ماڵەکەی خومەینی دیار بوو.

نیوکاتژمێرێک دواتر بەڕێوەبەری نووسینگە کە تووڕەیی پێوە دیار بوو وەژوور کەوت و گوتی، ئیمام دەتانبینێت و خێرا دەرچوو. ١٠ خولەکێکی پێچوو و بە دەست ئاماژەی پێ کردین، خێرا بن، خێرا.

ئێمە چووینە ماڵی خومەینی. وەک نەریتە، پێش چوونە نێو ژووری پێشوازی، پێڵاوەکانمان داکەند. چووینە ژوورەوە و لێرە وەک هەمیشە هیچ مۆبلێکی لێ نییە. لای یەکێک لە دیوارەکان، لەسەر زەوییەکە بەتانییەکی شین و سپی شەترەنجی کە دووجار بە درێژایی قەد کراوەتەوە، ڕخڕاوە. ئەمە ئەو شوێنەیە کە دەبێت ئیمام و من لێی دانیشین.

پاش دوو خولەکێک خومەینی دەرکەوت. بە نیمچە کڕنۆشێک سلاومان لێ کرد، خومەینی دەست لە تەک هیچ کەس ناداتەوە، بەڵام لە یەکەم دیدارماندا، دەستمان لە یەک داوە. بە دەست ئاماژەی پێکردین، دانیشین. چاوەکانی وریا، بەڵام بەگومان بوون، برۆ پڕمووکانی بە مۆنی وێک هێنابوو، و مێزەرە ڕەشەکەی کەمێک بەرەو پشتەسەری لار ببووەوە، دیار بوو بەپەلەپەل بەسترابوو، هەموو ئەمانە دەگەڵ وریاییەکەی نەدەگونجا.

دیارە من بە داوای لێبوردن سەبارەت بەوەی پێشتر مۆڵەتی دیدارمان لێ وەرنگرتووە، دەستم پێکرد و گوتم، لە ژیان و کاروباری ڕۆژانەدا بەدەگمەن ڕووەدات کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان، دەبێت چاوپۆشی لە ڕێوشوێنەکان بکەین. بۆیە ئێمە زۆر سپاسی ئیمام دەکەین کە بەم بەرەبایەنییە ئێمە قبووڵ کردووە.

پێشەکییە درێژ و پڕ لە ڕێزەکەم کە بە باشترین شێوازی فارسی داڕێژرابوو، کاریگەری لەسەر ئیمام دانا. هەستم پێکرد کە کەمێک ئارام ببووەوە، تەنانەت جار جار سەری بە نیشانەی ڕەزامەندی دەلەقاند، وەک ئەوەی بڵێت، شتگەلێکی چاوەڕواننەکراو لە ژیاندا هەیە.

لە ژوورەکەدا بێجگە لە ئێمە، واتە ئاستراڤێنکا، ماریاسۆڤ و من کەسی دیکەی لێ نەبوو. ئەمەش بۆ گفتوگۆیەکی ڕۆژهەڵاتیانە دۆخێکی گونجاو بوو. دیارە لەڕووی هیچ نووسراوەیەک نەدەدوام، دەنا هەوڵەکەمان پووچەڵ دەببووەوە. بۆ دەربڕینی بیرۆکەکە، بەرز و نەزم کردنی ئەدای پەیڤەکان و مەودا دان لەنێوانیندا و جووڵەی سووکی دەست، یارمەتیدەرم بوون.

کرۆکی بابەتەکەم بەوە دەستپێکرد کە بەپێی ڕێنماییەکانی سەرکردایەتی باڵای وڵات هاتووم لای و ڕاسپێردراوم ئەو زانیارییانە تەنیا بیگەیەنمە خودی ئیمام، بۆیە ئەوەندەش پێداگر بووم بۆ ئەم چاوپێکەوتن؛ چونکە لە دۆخی ئاساییدا، دیارە ئەم شێوەیە بەڕەوا نابینرێت.

دواتر باسی مێژووی پەیوەندییەکانی ئێمە دەگەڵ ئەفگانستانم کرد هەر لە ساڵی ١٩١٩ەوە کاتێک ئەم وڵاتە سەربەخۆیی بەدەست هێنا. ئەم بابەتم باش دەربڕی، چونکە لە ساڵانی ڕابردوودا جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و بەرپرسی پەیوەندییەکان دەگەڵ ئەفگانستان بووم و چەندین جار سەردانی وێندەرێم کردبوو؛ هەروەها بە بۆنەی ٥٠ ساڵەی پەیوەندییەکانی ئەفگانستان و یەکێتیی سۆڤیەت، پێداچوونەوەم بە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی

سەرنجڕاکێش سەبارەت بەم پەیوەندییانە کردبوو. بەڕاستیش لە مێژووی پەیوەندییەکانی ئێمە دەگەڵ ئەفگانستاندا، زۆر قۆناغی سەرنجڕاکێش و هەژێنەر هەبووە. ئیمام دیار بوو بەباشی گوێی هەڵخستبوو. هاتمە سەر بارودۆخی هەنووکەیی و باسی تایبەتمەندیی نێوخۆیی شۆڕشی مانگی ئاوریلی ئەفگانستان و تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئامانجەکانی حکوومەتی تازەی ئەم وڵاتەم کرد، هەروەها جەختم لەوە کردەوە کە ئەم ئامانجانە لەگەڵ بەرنامەی چاکسازییەکانی ئیمام لە ئێراندا، هاوبەشی زۆریان هەیە و مەبەستی هەردوو، دروستکردنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرە. باسم لە نەیارانی شۆڕش و هەوڵە بەردەوامەکانیان کرد بۆ گەڕاندنەوەی ڕژێمی کۆن و ئەو هاوکارییە سەربازییانەی لە ئەمریکاوە پێیان دەگات. ئاماژەم بەو هەوڵانە کرد بۆ وەستاندنی دەستێوەردانی دەرەکی و چەندین جار داواکاریی حکوومەتی ئەفگانستان لە یەکێتیی سۆڤیەت بۆ یارمەتی سەربازی؛ بەڵێ، بەڕاستی، ئەگەر ئەفگانستان ڕوو لەو وڵاتە دراوسێیەی نەکات کە سەرەڕای ئەو حکوومەتانەی لە ٦٠ ساڵی ڕابردوودا لە کابوول لەسەر کار بوون و دۆستانەترین پەیوەندی دەگەڵیاندا هەبووە، ئەی ڕوو لە کێی بکات؟ باسی دۆخی سەختی خۆمان لە پێوەندی دەگەڵ ئەم داواکاریانەدا کرد و لە کۆتاییشدا، بۆ وەڵامدانەوە بە داواکاری حکومەتی ئەفغانستان، ئاماژەم بە بڕیاری پڕ ئازاری خۆمان کرد. گوتم ئەمڕۆش یەکەیەکی سنووردارى هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ماوەیەکی کاتیی دەچنە نێو ئەفگانستان. پێمان خۆشە ئیمام پێشوەختە لەم بارەیەوە ئاگادار بکەینەوە و سەبارەت بەوهۆکارانەی پاڵنەری ئەم هەنگاوە نائاسایی و سەختە بووە، ڕوونکردنەوەیەکی دەستی یەکەم وەربگرێت. جەختم لەوە کردەوە کە دەستێوەردانی سەربازیی دەرەکی لە ئەفگانستان کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکان و تەناهی یەکێتیی سۆڤیەت دەبێت، چونکە ئەفگانستان هاوسێی ئێمەیە.

پشوویەکم دا. ئیمام بێدەنگ بوو. چاوەڕێی ئەوە بوو بزانێت هەموو شتێکم گوتووە یان نا. لە کۆتایی قسەکانمدا گووتم: "ئەمە هەموو ئەوانە بوون کە ڕاسپێردرابووم بیگەیێنم بەو هیوایەی کە ئەم هەنگاوە لەلایەن ئیمام و ئیرانەوە مایەی تێگەیشتن بێت".

ئیمام بڕۆکانی بەرزکردەوە و گوتی: "ئەو بەبڕەک کارمەلە کێیە"؟ وەڵامم داوە، بەڕاستی نازانم، بەڵام تەنها ڕاو بۆچوونی ئەرێنم سەبارەت بەو بیستووە.

ئیمام داوای کرد سوپاس و پێزانینی بە سەرکردایەتی سۆڤیەت بگەیەنین کە بە پێویستیان زانیوە پێشوەختە ئاگاداری بکەنەوە. دیارە ئەمەش هێمای دۆستایەتی و متمانەیەکە کە ئەو بەرز دەینرخاند.

ئیمام وەک هەمیشە، بە یەک تۆن و هێواش دەدوا، وەک بڵێیت بیرۆکەکانی کۆدەکردەوە، چونکە دەبوو زۆر بەڕپرسانە پەرچەکردار بەرامبەر بەم زانیارییە نائاساییانە بداتەوە. ئاماژەی بەوە دا کە مافی هەموو نەتەوەیەکە بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی بڕیار لە کاروباری خۆی بدات؛ وەک ئاگادار کراوەتەوە لە ئەفگانستاندا، ستەم لە مامۆستایانی ئایینی دەکرێت و مزگەوتەکان دادەخرێن. ئەمە کارێکی دژە گەلییە و نابێت ئاوا ڕەفتار بکرێت. ئیسلام تێکنەشکێنەرە و نابێت قەدەغە بکرێت. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئینجا پێویستە سۆڤیەتییەکان لەسەر ڕێبەڕانی ئەفگانستان کاردانەوەیان هەبێت. ئەفگانستان وڵاتێکی موسڵمانە، بەشێکە لە جیهانی مۆسڵمان، ئێران بێدەنگ نابێت بەرامبەر ئەوەی لەوێ دەگوزەرێت. ئەگەر لەوێندەرێ ڕێبەڕی دانا هەبێت، ئەوان نابێت ستم لە ئیسلام بکەن. خومەینی گوتی: "بێگومان ناردنی هێزی سەربازیی بۆ وڵاتێکی موسڵمان، کارێکی ناحەزە و شیاوی وڵاتێکی وەک یەکێتیی سۆڤیەت نییە، کە ئێمە ڕێزمان بۆی هەیە؛ دیارە بێشک ئێران ناتوانێت ئەم کارە پەسەند بکات. بەڵام مادام ئێستا هێزەکان چوونەتە [ئەفگانستان]، پێشنیاری من بۆ مۆسکۆ ئەوەیە کە هەرچی زووتر ئەرکەکەی خۆیان جێبەجێ بکەن و ئینجا هێزەکان

بکشێننەوە. چەند ساتێک پشووی دا و گوتی بێجگە لەوەش "تکا لە ڕێبەرانی یەکێتیی سۆڤیەت دەکەم بەوردی هەڵسوکەوت دەگەڵ وڵاتانی موسڵمان بکەن، دەنا سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئاست ئەم وڵاتانەدا، سەرکەوتوو نابێت". لێرەدا ئیمام بێدەنگ بوو و سەری داخست.

من سپاسم لە خۆمەینی کرد بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆی و جەختم لە ڕاستی لێدوانەکەی کردەوە کە پێویستە لایەنەکانی وەک ئایین و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی دانیشتوان لەپێش چاو بگیرێت. ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێمە.

کاتێک دیتم سەبارەت بەم زانیارییانەم کاردانەوەی خومەینی تووندوتیژ نەبوو، سەرکێشیم کرد و هیوای خۆم دەربڕی کە بریا نە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێران و نە وتاربێژانی مزگەوتەکان، سۆز و تورەبوونی خەڵک لە دەوروبەری ئەو پرسەی ئەمڕۆ باسی لێوە کرا، گەرم نەکەن، بۆ ئەوەی کاریگەریی نەرێنی نەکەنە سەر پەیوەندییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و ئێران.

پڕیشکێکی خێرا لە چاوەکانی خومەینیدا گەشانەوە و بەجێگەی وەڵامدانەوەی من، گوتی: "دەتوانم دوو پرس ئاراستەی ئێوە بکەم؟ بڕیارە لەم ڕۆژانەدا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، سەبارەت بە بارمەتەکانی بالیۆزخانەی ئەمریکا پرسی سەپاندنی سزا بەسەر ئێران، تاوتۆ بکرێت. من تێناگەم بۆچی ئەمریکاییەکان لەسەر ئازادکردنی دارایییەکانی ئێمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڵ ئێمە ڕێک ناکەون. ئایا یەکێتیی سۆڤیەت پشتیوانی لە بڕیاری سزاکان بۆ سەر ئێران دەکات؟ ئێمە دەزانین، تەنانەت ئەگەر بڕیاری سزاکان پەسەند نەکرێن، ئەمریکاییەکان هەوڵدەدەن تەواوی بەندەرەکان ئێران لە کەنداوی فارس گەمارۆ بدەن. ئایا لەم حاڵەتەدا ئێران دەتوانێت لە هێڵەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکان بۆ ئەوروپا کەلک وەربگرێت؟"

بێگومان من هیچ ڕێنماییەکی تایبەتم لەسەر ئەو پرسانە نەبوو، بەڵام شیاو نەبوو وەڵامی خومەینی بدەمەوە بەوەی کە داواکانی بە مۆسکۆ دەگەیەنم. ئەگەر بەو جۆرە هەڵسوکەوتم بکردایە، وا پیشان دەدرا کە ئێمە بە جۆرێک لە دووڕەڕێزی لەگەڵ ئێران مامەڵە دەکەین، یان وەک هەندێک لە دیپلۆماتکاران دەڵێن: "خۆمان دوور دەخەینەوە". ئەمەش لەم ڕۆژەدا کە سەبارەت بە هەنگاوە بەڕاستی بیرلێنەکراوەکەی ئێمە لە ئەفگانستان، پێویست بە کاردانەوەی هێدی ئێران هەبوو، ڕێگەپێدراو نەبوو. بە ڕوونی دیار بوو کە لە چیرۆکی بارمتە ئەمریکییەکاندا، لە لایەنی ئەمریکاشەوە هەموو شتێک پاك و بێگەرد نەبوو؛ واتە نەیاندەویست ئێران وەک هاوبەشێکی یەکسان لە دانوستانەکاندا سەبارەت بە دارایییەکانی ئێران ببینن. هەرچەندە دەستبەسەرداگرتنی کارمەندانی بالیۆزخانەی ئەمریکا لەلایەن ئێرانییەکانەوە بە پشتیوانی خومەینی، بێگومان پێشێلکارییەکی ئاشکرای یاسا نێودەوڵەتییەکان بوو. بەڵام سەبارەت بە کەلکوەرگرتنی ئێران لە هێڵەکانی گواستنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، لەمێژبوو بەرکار بوو و لە بەرژەوەندی ئێمەشدا بوو.

بۆیە بە بێ دوودڵی وەڵامی خومەینیم داوە کە دەبێت دڵنیا بێت کە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، بڕیاری سزا لە دژی ئێران پەسەند ناکرێت؛ سەبارەت بە هێڵەکانی گواستنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، هەر لە ئێستاوە ئامادەین داواکارییەکی ئێمام جێبەجێ بکەین.

بێگومان بۆم ناچێتە سەر تەواوی گفتوگۆکەم دەگەڵ خومەینی وەک خۆی بگێڕمەوە؛ چونکە ئەمە یادەوەریی پتر لە دە ساڵ لەمەوبەرە. لای من، ئەوەی نووسراوە گوزارشتە لەو شوێنەوارە قوواڵەی کە ئەو دیدارە لە ناخمدا جێی هێشتووە، بەڵام بەوردی لە هەناو و زەینمدا نیشتووە. ڕووداوی ئاوا، هەرگیز فەرامۆش ناکرێت.

بەڕوونی دیار بوو خومەینی لەم دیدار ڕازی بووە.

دەمزانی درێژدادڕی کاریگەریی نەرێنی بەجێ دەهێڵێت، بۆیە بە سوپاسەوە مااڵواییمان لە ئیمام کرد. ئەویش هەستا سەر پێ و تەنانەت دەستی بە ئاماژەی مااڵوایی، و وەک سپاس بۆ ئێمە لە ژێر عەباکەی دەرهێنا و بەرزی کردەوە.

کاتێک هاتینە دەرەوە تووشی قوتبزادە بووین کە بەنارەزایی و تەنانەت بە هەندێک ئیرەییەوە سەیری ئێمەی دەکرد. نازانم چۆن وا بەپەلە خۆی گەیاندبوو؟ کاتژمێر ٨ی بەیانی بوو. ئێمە چاکوخۆشیمان دەگەڵ کرد، ئەویش پێشنیاری کرد لە گۆشەیەکی نووسینگەکەدا دانیشین و گفتوگۆ بکەین. ئێمە سەرسام بووین بەوەی کە کارمەندانی نووسینگەکە بە بێڕێزییەکی زۆرەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. شۆنێک بۆ دانیشتن دابین کرا. دیارە من نەمدەتوانی هیچ شتێک سەبارەت بە دیدارەکە دەگەڵیدا باس بکەم، دیارە قوتبزادە، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران بوو و سوودی نەبوو پەیوەندییەکانمان دەگەڵی تێک بچێت (هەڵبەت ئەو کاتی نەمدەزانی پاش ٣ ساڵی دیکە وەک سیخوری ئەمریکا تیرەباران دەکرێت).

بۆیە بۆ قوتبزادەم گێڕاوە کە سەبارەت بە چوونی ئەمڕۆی هێزێکی سنووریاری یەکێتیی سۆڤیەت بۆ نێو ئەفگانستان و هۆیەکانی، زانیاریمان بە خومەینی داوە. بەئەنقەست باسی کاردانەوەی خومەینی و داواکارییەکانیم نەکرد. قوتبزادە وا خۆی نواند کە بەو هەواڵە سەرسام نەبووە، ڕوخسارێکی سارد و بێباکانەی گرتە بەر و پاشان مااڵواییمان لێک کرد...

لەژێر هەتاوی بەیانیدا بەرەو ماڵ وەڕێکەوتین. لە ڕێگە باسمان لە کاردانەوەکەی خومەینی کرد و گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بڕیارێکی ژیرانە بووە. کاتێک لە تاران نزیک دەبووینەوە، ڕادیۆی ئێرانمان گرت؛ خەریکی بڵاوکردنەوەی هەواڵی گفتوگۆکەمان دەگەڵ خومەینی بوو. بەڵام جێی سەرسووڕمان بوو لەو زانیارییانەی بە خومەینیمان دابوو، کورتکراوەیەکی پەخش کرا و تەنها باسی چوونە نێوەوەی هێزەکانی ئێمە بۆ ئەفگانستان کرا، پاشان وەڵامێک کە دیار بوو لەلایەن کەسێکەوە داڕێژڕابوو و گوایە خومەینی وەڵامێکی توند، نەرێنی و تیژی پێی داوین. هۆکارەکەی بۆ ئێمە ڕوون بوو: دەبا سەردانەکە و زانیارییەکانمان ئاشکر بکرێن و پێویست بووە خومەینی باسیان بکات، هەروەها پێویست بووە هەڵوێستی ئیمام بەتوندی دەربڕن و هەوڵ بدەن وشەی توند بەکاربهێنین بۆ ئەوەی خەڵک لە هەڵوێستی توندی خومەینی ئاگادار بن. هەڵبەت باسی داواکارییەکانی خومەینی هەر نەکرا.

بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە سەپاندنی سزا لە دژی ئێران، پەسەند نەکرا، ئاڵوگۆڕی کەلوپەلەکان لە ڕێگەی یەکێتیی سۆڤیەت پەرەی پێدرا، و بەم شێوەیە هەوڵی گەمارۆی ئێران پۆچەڵ کرایەوە. سەرەڕای یەکەم ڕاگەیاندنی توند سەبارەت بە دیدارەکەی ئێمە، پاشان لە ماوەی نزیک بە ٦ مانگاندا نە لە لێدوانەکانی خومەینی و ڕێبەرانی سیاسی-ئایینی دیکەدا، ڕەخنەی توند لە چوونی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ نێو ئەفگانستان بڵاو نەبووەوە. پاکستان، وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بریتانیا و وڵاتانی دیکە بە تورەیی و ناڕەزایەتییەوە دەنگیان بەرز کردەوە، بەڵام ئێرانی دراوسێمان بە کردەوە هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەدا. ئیمام لەسەر بەڵێنی خۆی مایەوە. ئەرکەکە جێبەجێ کرا.

پاش تێپەڕبوونی ٣ مانگ، کاتێک هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، وەک ڕاسپاردەکەی خومەینی نەیانتوانی "ئەرکەی خۆیان جێبەجێ بکەن"، خومەینی لە لێدوانەکانی خۆیدا، ڕەخنەی توندی ئاراستەی یەکێتیی سۆڤیەت کرد.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە وردەکارییەکی سەرنجڕاکێش دەکەم: [کەسێک] زانیوێتی کە خومەینی پاش دیدارەکەی ئێمە، کۆبوونەوەیەکی دەگەڵ ڕێبەرانی باڵای وڵات پێک هێنا. ئێمە نازانین ئەم کەسە کێ بووە، بەڵام بە ئێمەیان ڕاگەیاند، قوتبزادە کە لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بووە، پێشنیاری کردووە کارمەندانی باڵیۆزخانەی یەکێتیی سۆڤیەت لە تاران

تاکوو کشانەوەی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئەفگانستان، بە بارمتە بگرن. ئیمام ڕەدی کردووەتەوە و گوتوویەتی: "ئێمە هەر ئێستا لەگەڵ یەکێک لە زلهێزەکان لە کێشەداین، چ پێویست دەکات لەگەڵ یەکێکی تریشیان ببینە دوژمن؟".

دیارە قوتبزادە سەرەنجام نیازی خۆی بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان سۆڤیەت و ئێران جێبەجێ کرد. واتە هێرش کرایە سەر باڵیۆزخانە و وێرانکارییەکی زۆر کرا، ئەگەر دەستوەردانی خومەینی نەبوایە، کە ڕاستەوخۆ لەناو باڵیۆزخانە گەمارۆدراوەکەوە و لەژێر دەنگی شکانی پەنجەرەکان و هاواری جەماوەردا بەناچاری پەنا بۆ خومەینی برا، کارەکە بە خراپی کۆتایی دەهات. بەڵام ئەوە چیرۆکێکی ترە.

دەقی تایپکراوی ڕەسەن، بە ڕاستکردنەوە و واژۆی خودی نووسەر

پاشکۆ

ب، گ، کۆرگوون

لە یەکەم نیگادا، ئەو کارەی کە باڵیۆزخانەی یەکێتی سۆڤیەت لە تاران لە شەوی ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩دا ئەنجامی دا، بە شتێکی باوەڕپێنەکراو یان تەنانەت ئەفسانەیی دێتە بەرچاو؛ بەتایبەت ئەگەر بارودۆخی ئەو کاتەی ئێران و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە دراوسێیە لەبەرچاو بگرین. تەنانەت کەسێکیش کە شارەزاییەکی باشی ئەو بارودۆخەی هەبێت، دەتوانێت ڕێک بێژێت: " هەرگیز نەدەکرا شتێکی وا ڕووبدات!" چونکە لە ڕاستیدا، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لەو سەردەمەدا بەتوندی ئاڵۆز ببوون؛ هێشتا ساڵێک بەسەر شۆڕشی ئێراندا تێنەپەڕیبوو، کە یەکێک لە دروشمەکانی بریتی بوو لە "مەرگ بۆ شەیتانی بچووک!"(٨) (واتە یەکێتیی سۆڤیەت) . بە هەر حاڵ، لە بارودۆخێکی پڕ لە دوژمنایەتیدا، باڵیۆزخانەی سۆڤیەت ناچار بوو ئەو ئەرکە چاوەڕواننەکراو و سەختەی کرێملین جێبەجێ بکات و بە سەرکەوتوویش لێی دەرچوو.

کارێکی لەو شێوەیە دەبێت پاڵنەرێکی سیاسیی زۆر جیددی لەپشت بووبێت. هەر بۆیە نەبوونی هیچ ڕوونکردنەوەیەک لە یاداشتەکانی باڵیۆز (ق. م. ڤینۆگرادۆڤ) سەبارەت بەو هەنگاوەی مۆسکۆ، ئەم پرسیارە سەرەکییە بێ وەڵام دەهێڵێتەوە: "ئامانج لەو جوواڵە دیپلۆماسییە بێ وێنەیە چی بوو کە هیچ ئەنجامێکی دیاری نەک بۆ پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و ئێران، بەڵکوو بۆ هەڵوێستی دواتری ئایەتوواڵا خومەینی و خودی ئێران بەرامبەر شۆڕشی ئەفغانستان نەبوو؟ ئایا باڵیۆز و ڕاوێژکارەکانی بیریان لە لێکەوتەکانی هەنگاوێکی وەهایان کردبووەوە؟ بە هەر حاڵ، ئەمە زیاتر پرسیارێکە بۆ ستراتیژیستەکانی کرێملین کە پلانی سەرکێشییەکەی ئەفگانستانیان کێشابوو. ئەو لێکەوتانەش، دەیانتوانی بۆ پەیوەندییەکانی داهاتووی نێوان هەردوو وڵات زۆر نەرێنی بن. مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەفگانستان بەڕاستی هەرگیز نزیک و گەرموگوڕ نەبووە. بەڵام دەستێوەردانی سەربازیی سۆڤیەت بۆ نێو وڵاتێکی دراوسێ، نەک تەنها بە واتای داگیرکردنی لەلایەن "بێباوەڕان" و بڕێزیکردن بە ئیسلام و یاسا و دابونەریتەکانی دەهات، بەڵکو دەبووە هەڕەشەیەکی گەورەش بۆ سەر خودی ئێران؛ ئەمەش شتێک بوو کە دەبوو ئایەتوواڵا بە ڕوونی لێی تێبگات. لەو ڕووەوە، هێمنی و نەبوونی هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی سۆزداری لە لایەن خومەینییەوە لە کاتی گوێگرتن لە هەواڵێکی وەها ناخۆش کە دوای چەند ڕۆژێک ڕای گشتی جیهانی هەژاند، جێگەی سەرسوڕمانە. ڕووداوێک کە لە ساڵی ١٩٨٠ەوە تاوەکو کشانەوەی هێزەکان لە ساڵی ١٩٨٩، زۆرینەی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کشانەوەی دەستبەجێی هێزە بیانییەکانیان لە ئەفگانستان دەکرد، لە کاتێکەدا بێجگە لە سوپای یەکێتیی سۆڤیەت هیچ هێزێکی تری بیانی لەوێ نەبوو. ئایا باڵیۆزی سۆڤیەت پێشبینی ئەم جۆرە کاردانەوەیەی لە لایەن ڕێبەری ئایینی ئێرانەوە کردبوو؟ ئەم پرسیارە وەک زۆر پرسیاری دیکە، بێ وەڵام ماونەتەوە. باڵیۆز

چیرۆکێکی فەرمی دەربارەی هۆکاری هێرشکردنە سەر ئەفگانستان بۆ ئێرانییەکان باس کردووە، بەڵام ئەو قسانە ئەو کاتیش زۆر دەستکرد و بێمانا و ناڕاست بوون. لە وەڵامی ئەو پاساوەی کە ئەمریکا هاوکاری نەیارانی شۆڕشی ئەفگانستان دەکات، خومەینی ئاماژەی بەوە کرد کە: "مافی هەر گەلێکە خۆی بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی بڕیار لەسەر کاروباری خۆی بدات". هاوکات، گلەیی لەوە دەکرد کە دەسەڵاتدارانی نوێ لە ئەفگانستان "ستەم لە پیاوانی ئایینی دەکەن و مزگەوتەکان دادەخەن، و ئەمەشی بە "کارێکی دژە گەل" لەقەڵەم دەدا. لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکی گشتیدا، دەکرێت ڕای ئیمام وەک شتێکی ناڕوون یان دوو لایەنە لێک بدرێتەوە، واتە ئایا مەبەستی دەستوەردانی یەکێتیی سۆڤیەت پشتگیریکردنی ڕژێمێکی دژە ئیسلام نەبووە، بۆیە هێزی ڕەوانەی وڵاتێکی موسڵمان کردووە؟ ئەگەرچی ئەمە ئەگەرێکی کەمە، بەڵام دەکرێت وا بووبێت.

بە ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخە سیاسییەی بڕیاری ڕەوانەکردنی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ئەفگانستان تێدا درا، ڕەوایی و ڕاستگۆیی ئەم هەڵوێستە دیپلۆماسییە دەکەوێتە ژێر پرسیار و دەکرێت وەک مانۆڕێکی لاوەکی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. پێدەچێت بۆ ئەم کارە هۆکاری بنەڕەتی هەبووبێت. ئێستا ئیتر زانراوە کە بڕیاری ناردنی سوپا بۆ ئەفگانستان لەنێو بازنەیەکی تەسک، واتە لەلایەن شەش ئەندامی سەرکردایەتی پۆلیتۆبۆرۆی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت دراوە. ئەم بڕیارە بەنهێنی و بەبێ ئاگاداریی سەرکردەکانی دیکەی حیزب و دەوڵەت، کۆمیتەی ناوەندی، ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت و تەواوی گەل دراوە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە بەو هەموو نهێنیپارێزی و بێمتمانەییە، چۆن زانیارییەکی یەکجار نهێنی گەیەندراوەتە سەرۆکی وڵاتێکی دراوسێ کە زۆریش دۆست نەبووە؟

ئێستا تەنها دەتوانرێت مەزەندە بکرێت کە ڕێبەرانی کرێملین چییان لە خومەینی ویستووە: گومان دەکرێت ئەوان بەدوای پشتیوانی خومەینیدا بووبن، ئایا هەوڵیان داوە بەم شێوەیە بۆ ماوەیەکیش بێت، ئەگەری کردەوەی دوژمنکارانەی ئێران پووچەڵ بکەنەوە؟ ئایا بەڕاستی کرێملین پشتی بە کورتخایەنی ئەو هەڵمەتە سەربازییە بەستبوو و مەبەستی ئەوە بووە دەرفەت نەداتە ئێران وەک وڵاتێکی نەیاری ئێمە، داگیرکاریی یەکێتیی سۆڤیەت پووچەڵ بکاتەوە و یان بە لانیکەم ڕێگری لێ بکات؟ خۆشبەختانە تاران نەیتوانی، یان بەتەمای ئەوە نەبوو بە شەڕ وەڵامی کردەوەکەی یەکێتیی سۆڤیەت بداتەوە، هەرچەندە زۆر بە توندی دژی شۆڕشی ئەفغانستان وەستایەوە. هەرچەندە زۆر شتی نادیار و پرسیاری بێ وەڵام و گریمانەی جیاواز هەیە، بەڵام ناتوانین گومان لە قسەی ئەو دیپلۆماتکارە گەورە و جێگەی متمانە بکەین کە لە یاداشتەکانیدا باس لە ڕاستییەکی مێژوویی دەگمەن دەکات و لایەنە شاراوەکانی پەیوەندیی نێوان سۆڤیەت، ئێران و ئەفگانستانمان بۆ دەردەخات. بەتایبەتی کە لەم دواییانەدا ئەم چیرۆکە لە کتێبە مێژوویی بنەڕەتییەکەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەفگانستانی "وەحید موژدە" بە ناونیشانی "پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئێران و ئەفغانستان لە سەدەی بیستەمدا"، کە ساڵی ٢٠١٠ لە کابول چاپکراوە، پشتڕاست کراوەتەوە . بەداخەوە، ئەم نووسەرە زۆر بە کورتی تیشکی خستووەتە سەر دیداری نێوان ئایەتوڵڵا خومەینی و باڵیۆزی سۆڤیەت، کە تێیدا باڵیۆزەکە ڕێبەری ئێرانی لە چالاکییە سەربازییە چاوەڕوانکراوەکەی وڵاتەکەی بۆ سەر ئەفگانستان ئاگادار کردبووەوە. لەم نێوەندەدا، "وەحید موژدە"(٩) وتەیەکی خومەینی بەرامبەر سۆڤیەت تۆمار کردووە کە دەڵێت: "ئەگەر ئەفغانستان داگیر کەن، ناتوانن تێیدا بمێننەوە"(١٠) . بە ڕاستیش پێشبینییەکەی ڕاست دەرچوو...

*https://ivran.ru/f/Arhiv-Vostok٢٠١٣-٢٧-.pdf

پەراوێزەکان:

١- ئەم ناونیشانە هەڵبژێردراوی وەرگێڕە.
٢- https://ivran.ru/f/Arhiv-Vostok-٢٧-٢٠١٣.pdf

٣-بە ناونیشانی « تاران. ٢٧ی دیسەمبەری ١٩٧٩. لە یاداشتەکانی باڵیۆزی یەکێتی سۆڤیەت».
٤-ڤ. گ. کۆرگوون، پرۆفیسۆر و دوکتۆری زانستە مێژوونییەکان، ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیەتی-ڕووسی لە ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٨ وەک وەرگێڕی کارای باڵیۆزخانەی یەکێتیی سۆڤیەت لە کابوڵ پایتەختی ئەفگانستان کاری کردووە. لە ١٩٦٨-١٩٧١ لە بەشی زمانە بیانییەکانی پەیمانگای سەربازی سەر بە وەزارەتی بەرگری یەکێتیی سۆڤیەت مامۆستای زمانی فارسی بووە و لە ساڵی ١٩٧٥ەوە وەک کارمەندی زانستیی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٩٠ بە بانگهێشتی زانکۆکانی ویلایەتەکانی نێیراسکا و کالیفۆرنیای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وانەی دەربارەی ئەفگانستان گوتووەتەوە. لە ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٥ مامۆستا بووە لە بەشی مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست لە پەیمانگای وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا لە زانکۆی دەوڵەتی لۆمۆنۆسۆڤ مۆسکۆ و بەشی توێژینەوەی ناوچەیی لە زانکۆی سەربازیی زمانە بیانییەکان لە وەزارەتی بەرگری فیدراسیۆنی ڕووسیا. لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە مامۆستا بووە لە بەشی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات لە پەیمانگای دەوڵەتی مۆسکۆ بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.- وەرگێڕ.
٥- لە دەقە ڕووسییەکادا بە هەڵە «لێنگمان» نوسراوە. «L. Bruce Laingen ١٩٢٢-٢٠١٩» .-وەرگێڕ.
٦- دکتۆر جەمشید حەقگوو، لەدایکبووی ورمێ لە ساڵی ١٣١٧. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩، بوو بە پارێزگاری ورمێ و دواتر بوو بە جێگری کاروباری ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران.-وەرگێڕ.
٧- مەبەست ڕۆخانی ڕژێمی داود خان بە دەست ئەفسەرانی «حیزبی دیموکراتیکی ئەفغانستان»ـەـ.-وەرگێڕ.
٨- دروشمی «شەیتانی مەزن» و ئاماژەی سەرەکی دژایەتیکردنی ئێرانییەکان ڕووبەڕووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە.
٩- وەحید موژدە. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئێران و ئەفگانستان لە سەدەی بیستەمدا. کابوڵ ٢٠١٠ (بە زمانی دەری).
١٠-هەمان، ل. ٢٠٩.

دیلی و کۆیلایەتی زایەندی و ئەتنیکی لە پارسیی سەفەویدا: پێداچوونەوەیەکی وێژەیی*

لادەن رەهبەری

وەرگێڕان: کەماڵ حەسەنپوور

پوختە:

هەڵوێستی کۆمەڵگەی سەفەوی بەرانبەر بە سێکسوالیتە و زایەندە بووەتە سەرچاوەیەک بۆ گوتاری "پێش-مودێرن"، کە لەویدا زایەند و سێکسوالیتە بە ،دەستەواژەی ئەمڕۆیی، خۆی لە کویریی [کویر=کەسێک کە مەیلی سێکسی خۆی لەدەرەوەی جیاڕەگزخوازیی یان هاوڕەگەزخوازیدا پێناسە دەکات] و شەییدا [شەیی= دۆخێک کە لەویدا مەیلی سێکسی بە گوێرەی کات، هەلومەرج و دۆخ دەگۆڕدرێت. و.] دەنوێنێت. لە کاتێکدا کە گرینگە ڕوانگەی ڕۆمانسییانەمان لەمەڕ وێنەی خۆرهەڵات وەک بەهەشتی هاوڕەگەزخوازان نەبێت، دەکرێ کۆمەڵگەی سەفەوی وەک گۆڕەپانێکی گرینگ بۆ لێکۆڵینەوە سەیر بکەین کە تێگەیشتنی بەنرخمان لەبارەی زایەند و سێکسوالیتەی پێش-کۆلۆنیال بۆ دەستەبەر دەکات. لایەنێکی کەمتر باسکراو لە وێژەی سەفەویدا لەمەڕ زایەند و سێکسوالیتە، کۆیلایەتی زایەندی و سێکسییە. ئەم توێژینەوە پێداچوونەوە بە وێژەی دەستی یەکەم و دووهەمی سەردەمی پاشایەتی سەفەویدا دەکات، لەناویاندا سەفەرنامەکانی ڕۆژاوایی. ئامانجی وتارەکە ئاشکرا کردنی پەیوەندیی نێوان شێوازە هەنووکەییەکانی دیلی و فاکتەرەکانی وەک پاشخانی زایەندی و ئەتنیکییە. توێژینەوەکە لە بەربڵاویی کۆیلایەتی ئاماژە پێکراو لە وێژەی سەفەویدا و چۆنیەتی پێناسە کردنی پلەی کۆیلەکان لەناو هیرارشی کۆمەڵایەتیدا، دەکۆڵێتەوە.

وشە سەرەکییەکان: دیلی، ئەتنیک، زایەند، کۆیلایەتی سێکسی، سەفەوی، ژنان

١. دیلی لە سەردەمی سەفەویدا

دیلی و کۆیلایەتی وەک مرۆڤان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتووری لە زۆر وڵاتان هەبووە. بەسەرهاتە هەرێمییەکانی کۆیلایەتی سەرچاوەی بەردەوامی دڵەڕاوکێ و سەرشۆڕیی بۆ سەرجەم ئەم کۆمەڵگایانە بوون کە کۆیلایەتی تیایاندا بەڕێوە چووە، لەناویاندا هی بەشێک لە وڵاتانی ئیسلامی (کلارێنس-سمیت ٢٠٠٦). وەک لە لایەن بابایی و ئەوانیترەوە (٢٠٠٤) باس کراوە، لە دنیای ئیسلامیدا، کۆیلایەتی پرۆسەیەک بووە کە بە کۆیلە کردنی ناموسڵمانان، بە موسڵمان کردنیان و پاشان ئازاد کردنی نەوەکانیان، دەستی پێکردووە. لە گوتارە یاساییەکەیدا ئەمە ئایینە نەوەک پەیوەندی ئەتنیکی کە ڕەوایی بە کۆیلەبوون دەدات (بابایی و ئەوانیتر ٢٠٠٤). کۆیلەکان لە وەرگێڕانی نووسراوە ئیسلامییەکاندا بە وردی پێناسە کراون و ئەوان یان وەک کۆیلە لەدایکبوون، یان لە شەڕەکاندا و بە شێوازە "ڕەواکانی" دیکە کراونە کۆیلە. سەرەڕای ئەم پێناسە بە ڕواڵەت ڕوونە یاساییە، کۆیلەکان دەوری سەرسوڕهێنەری جۆراجۆری کۆمەڵایەتی بە پلەی کۆمەڵایەتی جیاوازیان پێ دراوە، لە ئەمیرەوە بگرە تا دەربەدەر (کلێرێنس-سمیت ٢٠٠٦). بێجگە لە ئاییەن وەک توخمێکی یەکلاکەرەوە، دەگوترێ زایەند و پاشخانی ئەتنیکیش یارمەتیدەری پێوەرەکانی دیلی لە چوارچێوە ئیسلامییەکاندا بوون. لە ورگێڕانەکانی ئیسلامیدا کە لەبەردەستدان، دەستراگەیشتنی "خاوەن" بە جەستەی کۆیلەی مێینە مسۆگەر بوو. دەستراگەیشتن و بەکارهێنانی جەستەی کۆیلە مێینەکان دیاردەیەکی باو لە ماوەی سەدان ساڵدا بووە (گۆردۆن ٢٠١٧) و، تێکەڵاویی زایەند و کۆیلایەتی "مێینەیی" بە شێوازە ئاڵۆزەکانی پەیوندیی سێکسییەوە شوێنەواریان لە مێژوودا دیارە (گۆردۆن ٢٠١٧). ڕەنگبێ ئایین یەکێک لە فاکتەرەکانی ڕەواییدان بە کۆیلایەتی بێ، بەڵام ئەم دەستەواژانەی بۆ کۆیلایەتی لە زمانی عەرەبیدا هەن ئاماژە بە پێگەی زایەندی، کارکردی، ئەتنیکی و کۆمەڵایەتی کۆیلەکان دەکەن (نیلسۆن ٢٠١٧)، کە ئاماژەیە بە فرەچەشنیی فاکتەرەکانی کریگەر بە سەر دیلییەوە.

کۆیلایەتی لە ئێران تا ڕادەیەکی زۆر پاشگوێ خراوە (خوسرەونژاد ٢٠١٦) و، بوون و گرینگییەکەی لە مێژووی ئێرانیدا هێندێک جار لە وێژەدا کەمایەخ دەکرێت (بۆ وێنە سەیدیی ٢٠٠٨). لە ئاکامدا، بەرێوەبردنی کۆیلایەتی لە مێژوودا بە دەگمەن لە لایەن بیروڕای گشتی ئێرانیدا زانراوە، باسی لێوە دەکرێت یان دانی

پێدا دەنرێت. بەڵگەی ئاشکرا و بەردەوام لە بارەی کۆیلەی سێکسیی "حەبەشی"، "زەنگی"، "هیندی" و، "قەفقازی"، کۆیلەی سەربازی و، خزمەتکاری کۆیلە لە لەشفرۆشخانەکان، چایخانەکان، حەرەمەکان و، لە ناو بنەماڵەکانی چینی ماموناوەند و سەرووی ئێرانیدا و لەناو خێڵە شوانکارەکاندا لە سەرەتاکانی سەدەی پازدەوە هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هەن (کلارێنس-سمیت ٢٠٠٦؛ خۆسرۆنژاد ٢٠١٦). بەڵام، وتاری زانستی و تێز بە پادەیەکی کەم لەسەر پرسی کۆیلایەتی، بازرگانیی بە کۆیلان، ڕێگاکانی بازرگانیکردن پێیان، شوێنی کۆ کردنەوەیان، بازرگانانی ئەم دیاردەیە یان کۆیلایەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست، سەرەتای سەردەمی مودێرن، یان مێژووی سەردەمی مودێرنی ئێران لەبەردەستدان (ریکس ٢٠٠١). ئەمە دەکرێ هەم وەک نەبوونی حەز و هەروەها وەک پاشگوێ خستنی کۆیلایەتی لە لێکۆڵینەوەکانی مێژووی ئێران سەیر بکرێت.

لە ماوەی پتر لە دوو سەدە دەسەڵاتداریدا، بنەماڵەی پاشایەتی سەفەوی لە پارس ئایینزای شیعەیان وەک ئایینی فەرمی سەپاند و سنوورەکانی ئیمپراتوورییەکەیان سەقامگیر کرد. هەڵوێستی کۆمەڵگەی سەفەوی بەرانبەر بە سیکسوالیتە و زایەند ئەوی کردووەتە سەرچاوەی گوتاری "پێش-مودێرن". ئەم هەڵوێستە و گوتاری گشتی لەمەڕ سێکسوالیتە لە پارسی پێش-مودێرن یان سەرەتاکانی سەردەمی مودێرن وەک نموونەی گوتاری کلاسیکی سێکسوالیتە باس کراون کە لەویدا نەریتەکانی جیاوەگەزخوازی و هەڵسوکەت لەگەڵ ڕەگەزی جیا تەنیا نەریتی چەسپاو لە کۆمەڵگادا نەبوون (نەجم ئابادی ٢٠٠٥؛ ڕەهبەری ٢٠٠٩، ٢٠١٨). لەم دەورانەدا، نواندن و ئاخاوتنە زایەندییەکان لە پرسی دەربڕینی بیروڕای جیاواز بەولاوەتر چوون و لایەنێکیان دەردەخست کە لە دەستەواژەی ئەمڕۆییدا دەکرێ وەک کویریی زایەندی و شلەیی سێکسی سەیر بکرێت (بۆ وێنە بابایان ٢٠٠٨؛ لۆسێنسکی ٢٠٠٩؛ ڕەهبەری ٢٠٠٩، ٢٠١٨). من لەم وتارەدا کەڵک لە "کویر" وەک ئاوڵناو بۆ ئاماژە کردن بە ئاراستەی سێکسی یان شوناسی زایەندی وەرناگرم. لەجیاتان من ئەوی بۆ ئاماژە کردن بە گوتاری زاڵی شلەیی زایەندی و سێکسی بێ ئەوەی شلەیی تەنیا "ناجیاوەگەزخواز" بێت بەکار دێنم. بە کەڵک وەرگرتن لەم لایە کولتوورییەکەی کویر، توێژەران گوتارەکانی ڕۆژهەڵاتناسان لەمەڕ سێکسوالیتە لەم سەردەمەیان هێناوەتە ژێر پرسیار تا لاگریی ئەوان لە توێژینەوەکانی مێژووی ڕۆژهەڵات ئاشکرا بکەن. لە کاتێکدا ئەم بواریە لێکۆڵینەوە کاری بەنرخی تێدا کراوە (بۆ وێنە کرۆنین ٢٠١٥)، گەلێک گرینگە کە خۆ لە وەرگێڕانی ڕۆژهەڵاتی پێش-مودێرن وەک بەهەشتێکی کویر و ئازاد ببوێرین. لە لایەکی دیکەوە، لە کاتێکدا توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی بەرەوڕووی وەرگێڕانەکانی ڕۆژهەڵاتناسان بوونەوە، دەکرێ کۆمەڵگەی سەفەوی وەک گۆڕەپانێکی گرینگ بۆ لێکۆڵینەوە لە تێگەیشتنی بەنرخ لەمەڕ زایەند و سێکسوالیتەی پێش-مودێرن دەستەبەر بکات.

ئامانجی ئەم وتارە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان دیلی و کاریگەریی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی وەک زایەند و پاشخانی ئەتنیکی لە بارودۆخی کۆیلەیی و دیلییە. ئەمە بە نووسراوە هەیە کە لە سەردەمی سەفەویدا سەدان هەزار کەس بە پاشخانی ئەتنیکی و ئایینیی جیاوازەوە (زۆرینەیان بە زۆرەملی) لە ناوچەکانی دیکەوە بۆ ناوەندی پارس ڕاگوازران (مائیدە ٢٠٠٤؛ ریکس ٢٠٠١). سیستەمەکانی بازرگانیی بە کۆیلەکانەوە لە سەردەمی سەفەویدا بە چڕیی تۆمار نەکراون و، هەڵسەنگاندنی ئاڵوگۆڕە دێموگرافیکەکان بەم هۆیەوە دژوارە (مائیدە ٢٠٠٤؛ ریکس ٢٠٠١). ئەم ڕاستییە کە سەردەمی سەفەوی دەورانی جووڵەی جەماوەریی، کۆچکردن و، ڕاگواستنی زۆرەملێ بووە، وادەکات کە لێک جیا کردنەوەی ئاڵوگۆڕی دێموگرافیک، فرەچەشنیی ئەتنیکی بە شێوەی ورد و تۆمار کردنی شێوازەکانی جموجۆڵەکان گەلێک دژوار بێت. گەلێک لە خەڵکانی ئاوارە کراو، سەرکەوتووانە لە ژینگەی نوێدا ئاوێتە بوون و لە چین و توێژە جۆراجۆرەکانی کۆمەڵگەی سەفەویدا پێگەی خۆیان دۆزییەوە. بەڵام، ڕێچکە و مەرجەکانی ژیانیان و دەوری چاوەڕوانکراویان

لــە دوای ڕاگواســتن بــە فاکتــەری وەک ڕەنگی پێســت، زمان، ئاییــن و زایەند گرێدرابــوو، بەڵام تەنیــا هەر ئەمانــەش نەبوون.
ئەم وتــارە کەڵک لە هەڵوێســتی پەرتوکناســانانە و پێداچوونەوە بە هێندێک ســەرچاوەی دەســتی یەکــەم و دەســتی دووهەم بــۆ ئاشــکرا کردنی بەشــێک لــە لایەنــە ئەتنیکــی و زایەندییەکانی دیلــی و کۆیلەیی لە ســەدەکانی دەســەڵاتداریی ســەفەوی لە پــارس وەردەگرێت. ئــەم وێژەیەی بە ســەفەرنامە ڕۆژاواییــەکان (بۆ وێنە شــاردین؛ دێلا ڤــال؛ فیگۆرۆئا؛ گــرەس؛ کامفــەر؛ ئۆلیریوس؛ سانسۆن؛ شــیرلی؛ شاردین، شــارلێت و تاڤەرنییەر) و، ســەرچاوە هەرێمــی و گێڕانەوەکاندا چووەتەوە (بــۆ وێنــە ئاســف ١٩٦٩؛ ئەســکەندەر بەگــی مونشــی ١٠٣٨؛ خاتونئابادی ١٧٠٨؛ میرزا ئەفەندی ١٩٩٥). تۆژینەوەکــە بــاس لــە دەوری زایەند لە دۆخەکانی دیلیــدا بۆ ژنانی مێردکردوو و ســەڵت لە بەشــەکانی دواتــردا دەکات. پاشــان، باســی گرینگــی پاشــخانی ئەتنیکی، ئاییــنــی و چینایەتی دەکات. باســەکە دەســتکەوتەکانی دەخاتــە ناو چوارچێوەیەکی بەرفراوانتری کۆمەڵگەی ســەفەوی.

٢. زایەند و دیلی

بە هۆی شــەپۆلی بەردەوامی بەندییــەکان بۆ ناو ئیمپراتوریــی ســەفەوی، کــە لە قەفقــاز بە دیل گیرابوون یان لە هیندوســتان و ئەفریقا کڕدرابوون، گەلێکیــان بوونــە خەســیوی حەرەمســەراکان، هاوجــێ، کاربەدەســت یــان ســەرباز، دەوڵەتی پارســی شــیعەی ســەفەوی گیرۆدەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی پەرەئەســتێن ببوو (کلارێنس-ســمیت ٢٠٠٦). بەشــێک لە ســەرچاوە ڕۆژاواییــەکان ئەم زێدەهەبوونــی دێموگرافیک لــە مرۆڤی لاو، کۆیلە و ئــاوارەی بیانــی لــە ژن و پیاو، کە پشــتگیریی کۆمەڵایەتییــان نەبــوو، وەک هــۆی تەشــەنەی بەربڵاوی پیشەســازیی کۆیلەیی سێکســی ســەیر دەکەن (بــۆ وێنــە فیگورۆئــا ١٩٨٤). بێجگە لەم جەمــاوەرە ئــاوارە و کۆیلەیــە، خەڵکــی دیکەش ژنانــی لەدایکبــوو لە پارســیان بە هەمان شــێوە وەک کۆیلەی سێکســی ســەیر دەکــرد، نەوەکوو لەبەر پلەی یاســایی ئــەوان وەک کۆیلــە، بەڵکو لەبــەر ئەم ڕاســتییە کە ئــەوان لەپێــش هەموو شــتێکدا وەک ئامرازی وەچەخســتن سەیر دەکران (شــاردین ١٩٩٣؛ تاڤەرنییــەر ٢٠٠٣). ئەگەرچی بە شــێوەی بەرفــراوان قبوولکــراوە کە ســەردەمی ســەفەوی دەورانــی ســنووردارییکۆمەڵایەتی-کولتووریی گشــتی بۆ ژنان بــووە، هێندێک تۆژەر لــە ئەگــەری بوونــی گوتــاری خــاوەن ئامانجی ســەربەخۆی ژنان لەم دەورانــەدا کۆڵیوەتەوە (بۆ وێنە بابایــان ٢٠٠٨).
پلــە، خزمەتگوزاییــەکان و مەرجەکانــی کۆیلەکان گەلێــک جیــاواز بــوون. بەتایبــەت زایەنــد، دەورێکــی گرینگــی لــە مەرجەکانــی دیلیــی کۆیلەکــە و پەیوەندیــی نێوان کۆیلــە و خاوەندا دەگێــڕا. تۆژینــەوەی دیکە لەبــارەی کۆیلایەتی لــە چوارچێوە ئیسلامیــدا ئاماژەیان بــەوە کردووە کــە، بێجگە لە پیــاوان، ژنانی چینی باڵادەســتیش لــە وەبرەهێنان و بازرگانیــی و ڕاگرتنی کۆیلەکاندا بەشــدار بــوون (میــرن ٢٠١٧). لە کاتێکــدا ئەم لێکۆڵینەوەیــە بەڵگەی بەشــداریی چالاکانەی ژنان لە بازرگانیــی کۆیلەکاندا نەدۆزیوەتــەوە، زایەندی کۆیلەکــە و هەروەهــا زایەنــدی خاوەنەکــەی بــە گشــتی دیاریکــەری ژمــارە و جۆراجۆریــی خزمەتەکانــی چاوەڕوانکراو بــوون. ڕاگرتنی کۆیلە زۆرتــر لە لایەن دانیشــتووانی چینی سەردەســت بــوو، بەڵام بــە گشــتی دیاردەکە لــە کۆمەڵگەدا قبوولکــراو بــوو. بــە هــۆی جیاوازیی لــە پلەی کۆیلــە مێینەکانــی ســەردەمی ســەفەویدا، باس لەوە دەکرێت کــە ڕەنگبی هەڵســوکەوت لەگەڵ کۆیلــە "نوخبــە" مێینــەکان لەچــاو ئەوانــی "ئاســایی" باشــتر بووبێت. لە کاتێکدا نووســەری ئەم وتــارە تووشــی بەڵگــەی ئەوتۆ نەبــووە کە ئەمە بســەلمێنێت یــان ڕەتی بکاتــەوە، بەڵام لە چوارچێــوەی دیکــەدا، وەک بۆ وێنە ســەردەمی عەببا‌ســی عێراق، کــە میــرن (٢٠٢٧) تۆژینەوەی لەســەر کــردووە، کۆیلەی نوخبە بــوون نەدەبووە هــۆی ئەمنییەتی تاکەکە؛ لە ڕاســتیدا، ئەم کۆیلانە ڕەنگێ بەرەوڕووی ســزای زۆرتر و ســنووردارییزیاتــر دەبوونەوە. من لــە بەشــەکانی داهاتوودا زۆرتــر دەپڕژێمە ســەر ئەم باســە.

٢.١ هاوسەرێتیی، هاوجێیی و دایکایەتی

هێندێک شێوازی ڕەوای هاوسەرگیریی لە ئیسلامدا ئیزن بە پیاوان دەدەن هاوکات چوار ژن و ژمارەیەکی بێ سنوور هاوجێیان هەبن. لە هێندێک گوتاری پێشووتری ئیسلامیدا، هێندێک جار هۆی نەریتی بەربڵاوی فرەژنی دەگەڕێننەوە بۆ هەبوونی کۆیلەی سێکسی بە شێوەی هاوجێ (میرن ٢٠١٧). وەک ئافاری (٢٠٠٩) ئاماژەی پێکردووە، لە پارسی پێش-مودێرن، ژن هێنان ڕەت دەکرایەوە و لایان وابوو پەیوەندیی سێکسی لە گەڵ ژنان دەبێتە هۆی لاواز کردنی تواناییە فیزیکییەیان. ئەم بۆچوونە، لەگەڵ هۆی کولتووریی دیکە، بەو مانایە بوو کە پەیوەندیی سێکسیی ناجیارەگەزخوازانە لە سەردەمی سەفەویدا قبوولکراو و باو بوو. بە ئێرۆتیککردنی جەستەی نێرینە و جووتبوونی هاوڕەگەزیی لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامیدا مۆد بوو و لە سەردەمی سەفەویدا گەیشتە ترۆپک (یاقووبی ٢٠١٦). یاقوبی (٢٠١٦) تۆێژینەوەی لەسەر بەرهەمە کولتوورییەکانی پارس کردووە، کە لەواندا باسی ئێرۆتیکی هاوڕەگەزخوازانە کراوە و، دەڵێت ئەم بەرهەمانە یان پەیوەندیی خاوەن-کۆیلە پیشان دەدەن، کە لەواندا کۆیلەکان لە لایەن خاوەنەکانیانەوە سێکسیان لەگەڵ دەکرا، یان نەریتی سۆفییانەی شاهیدبازییان تێدا پیشان دراوە، کە لەواندا کوڕانی هەرزەکاری بێ ڕیش، دەکەوتنە ژێر حەزی پیاوان. نەریتی شاهیدبازی توخمی ڕووحی، سۆزداریی و هێندێک جار هەوەسیشی لەخۆ دەگرت (بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەوە، بڕوانە نەجمئابادی ٢٠٠٥؛ زەرگەر ٢٠١٣).

پەیوەندیی سێکسیی کویرانە لە پارسی سەردەمی سەفەویدا هەم لە لایەن نووسەرانی خۆجێییەوە و هەروەها گەڕۆکە ڕۆژاواییەکانەوە باسی لێوە کراوە (ئاسف ١٩٦٩؛ ئۆلاریوس ٢٠٠٦؛ شیرلی و ئەوانیتر ١٩٨٣). سەفەرنامە ڕۆژاواییەکانیش باسی هەبوونی بەربڵاوی کۆیلەی نێرینە لە لەشفرۆشخانەکانی سەفەویان کردووە (ئافاری ٢٠١٩). بەڵام، بوونی "سێکسوالیتەی ناجیا ڕەگەزخوازانە" بە شێوەی بەربڵاو، ڕێگری لە هاوسەرگیریی جیارەگەزخوازانە نەدەکرد. هاوسەرگیریی و هەبوونی هاوجێ بەشێکی دانەبڕاو لە وەچەخستن بوون و گەلێک باو بوون. بەو پێیە، شاردین (١٩٩٣) لە سەر گرینگیی منالبوونی ژنان جەخت دەکاتەوە. وەک لە سەفەرنامە ڕۆژاواییەکاندا نووسراوە، وەچەخستن هێندە گرینگ بووە کە کاتێک ژنان چیدیکە سوڕی مانگانەیان نەدەبوو، مێردەکانیان ڕووبان لە دیلە مێینە لاوە بەسکوزاکان یان هاوجێەکانیان دەکرد چونکە ئەوان توانایی دووگیانبوونیان هەبوو (شاردین ١٩٩٣). بۆ بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان، هاوسەرگیریی نەتەنیا بۆ وەچەخەستن بەکەڵک بوو، بەڵکو دەبووە هۆی چێکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی-سیاسی لە نێوان بنەماڵەکاندا.

گەڕۆکە ڕۆژاواییەکانی وەک تاڤەرنییەر (٢٠٠٣) و شاردین (١٩٩٣)، نووسیویانە کە هاوسەرگیریی لە سەردەمی سەفەویدا هاوشێوەی دۆخی کۆیلەیی بوو. هاوسەرگیریی لە سەرەتاکانی ئیسلامدا تا ڕادەیەکی زۆر پرسێکی بنەماڵەیی بوو و، تێوەگلانی خزمان لە ڕێکخستن و بەمێرددانی ژنان و کچاندا باو بوو (عەلی ٢٠١٠). ئەمجۆرە تێوەگلانی چڕی خزمان لە سەردەمی سەفەویشدا باو بوو (ڕەهبەری ٢٠٠٩). ژمارەی ئەم ژنانەی بە کڕین دابین دەکران، بە شێوەی هاوجێ و مارەکراو جیاواز بوو و لە ناو پیاوانی دەسەڵاتدار و شاهانەدا دەگەیشتە سەدان کەس. شا سەفی (ماوەی دەسەڵاتداریی لە ١٦٢٩ هەتا ١٦٤٢) سێ هاوسەری هەمیشەیی و ٣٠٠ کۆیلەی کچ (کەنیز) و هاوجێی لە حەرەمەکەیدا هەبوون (ئۆلیریوس ٢٠٠٦). گریمانە دەکرێت سەرای شا سوڵتان حوسێن (ماوەی دەسەڵاتداریی لە ١٦٩٤ هەتا ١٧٢٢) پێنج هەزار کۆیلەی نێرینە و مێینەی سپی و ڕەشی لێبوون، لە ناویاندا یەک سەد خەسیوی ڕەش هەبوون کە تاقمی هاوڕێی پاشایان پێکدەهێنا (ریکس ٢٠٠١). ئەم ژمارانە بۆخۆیان دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە هاوسەریی و هاوجێیی هەمیشە بە مەبەستی سێکس و وەچەخستن نەبوو.

هاوسەرانی پاشاکانی سەفەوی هەمیشە وەک قوربانی وێنا نەدەکران. هێندێک مێژووناسی ڕۆژاوایی و خۆجێیی حەرەمەکانی سەفەویان وەک شوێنێکی پڕ لە خۆشی و زۆروزەبەندی ناساندووە (بۆ وێنە، دێلا ڤال ١٩٩١؛ کامفەر ١٩٨٥). بەڵام، ئەمە هیچ لە ڕاستییەکە ناگۆڕێت کە ژنانی حەرەم، تەنانەت ئەوانی خاوەن ئیمتیازیش، مەترسی کەوتنە بەر تووڕەیی پاشایان لەسەر بوو. شا عەببباسی دووهەم (ماوەی دەسەڵاتداریی لە ١٦٤٢ هەتا ١٦٦٦) سێ هاوسەری خۆی لەبەر خۆ بواردن لە خواردنەوە لەگەڵیدا بە زیندوویی سووتاندن (شیرلی و ئەوانیتر ١٩٨٣) و، ژنێکی دیکەشی لەبەر درۆ کردنی لەبارەی سۆڕی مانگانەکەیەوە سووتاند (شاردین ١٩٩٣). شا سەفی ژنەکەی لەبەر نافەرمانی بە خەنجەر کوشت (شیرلی و ئەوانیتر ١٩٨٣). شیرلی و شاردن باسی ئەمەیان نەکردووە ئاخۆ ئەم ژنانە ژنی هەمیشەییان بوون یان هاوجێ. دێلا ڤال (١٩٩١) نووسیویەتی کە خەسێنراوەکان فێر کرابوون بێتوو شا لە شەڕدا تووشی شکست بێت، دەبێ سەرجەم ژنەکانی شا بکووژن بۆ ئەوەی شەڕەفی پاشا بپارێزن کە بەستراوە بەو ژنانەیەوە بوو کە بەگوێرەی ئایین مارە کرابوون. بە گوێرەی نووسراوەکان، لەناو خەڵکی ئاساییدا، ژنانی زیناکار یان ئەو ژنانەی گومانی زیناکاریان لێدەکرا، یان دەنگۆی ئەم کردەوەیان لەسەر بڵاو کراباوە، لە چاڵاویان داویشتن، لە مینارەی بەرزەوە فڕێیان دەدانە خوارەوە یان ئاگریان دەدان (سانسۆن ١٩٦٧؛ شیرلی و ئەوانیتر ١٩٨٣؛ تاڤەرنییەر ٢٠٠٣). ئۆلێریوس (٢٠٠٦) نووسیویەتی کە پیاوێک تەنیا لەبەر دەنگۆی خیانەتی هاوسەرەکەی، سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی، بە ژن و منداڵەوە کوشت بۆ ئەوەی ناوبانگی خۆی ڕاست بکاتەوە و ناموسی بپارێزێت. لەم گێڕانەوانەدا، تیشک خراوەتەوە سەر باسی چەمکی نامووس و پەیوەندییەکەی بە پیاوی ماڵەوە.

وێدەچێ ئەم چەمکی ناموسی بنەماڵە (یان ڕەنگبێ، ناموسی پیاوانی تایفە) لە هەموو بنامەڵەیەکی سەرەدەمی سەفەویدا باو نەبوو. فیگورۆئا (١٩٨٤) باسی ژنانی خاوەن مێردی کردووە کە سەماکار و کرێکاری سێکسی بوون، بەڵام وردەکاریی کاتی تەرخان کراو بۆ هەرکام لەم کارانەی ئاشکرا نەکردووە. گێڕانەوەی دیکەش لەبارەی کرێکاری سێکسیی مێینە هەن، کە دوای کۆ کردنەوەی سامان، تۆبە و مێردیان کردووە (بۆ وێنە، شاردین ١٩٩٣؛ ئەسکەندەر بەگی مونشی ١٩٣٨).

بە گوێرەی نووسراوەکان، بەخشینی ژنان، هاوجێ و هەروەها کۆیلە مێینەکان، ئەگەر لە کۆمەڵگەشدا باو نەبووبێ، لانی کەم لە بنەماڵە شاهانەکاندا باو بووە. بە هۆی زیاد هێنانی بەردەوامی هاوسەرانی پاشا، کە بەردەوام لەناو ژنانی لاوی کۆیلە و ئازادەدا ڕاکێش دەکران، ژنان پێشکەشی کارمەندانی بنەماڵەی پاشا و نوخبەی دیکە دەکران (شاردین ١٩٩٣؛ دێلا ڤال ١٩٩١؛ ئۆلیریوس ٢٠٠٦). حەمید (٢٠١٧) باسی دیاردەی هاوجێیی لە سەردەمی تەیموورییەکانیشدا (١٥٠٧-١٣٧٠) کردووە، کە ئەوکاتی هاوجێیەکان هەمیشە کۆیلە نەبوون، بەڵکو وەک مرۆڤی ئازاد لە دایک ببوون. دۆخی هاوجێ کۆیلەکان و هاوجێ ئازادەکانی ئەوکاتی، جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو. وێدەچێ، لە هێندێک وڵاتی ئیسلامیدا، هاوجێیوون تەنیا تایبەتی ژنانی کۆیلە بووبێت، بەڵام لە پارسی سەردەمی سەفەویدا بەم شێوەیە نەبووە. لە کاتێکدا کە بەشێک لە هاوجێیەکان کۆیلە بوون، بەشێکی دیکەیان بە ئازادی لەدایک ببوون بەڵام دواتر لە لایەن بنەماڵەیانەوە پێشکەشی سەرای پاشا کرابوون یان بەزۆر ڕاکێشی سەرای پاشا کرابوون. ئەم هاوپەیمانییانەی بە هاوسەرگیریی چێ دەکران، ئامانجی کۆمەڵایەتی و سیاسییان لە پشت بوو. بەخشینی ژنان بە پاشا و جێگیر کردنیان لە حەرەمی پاشادا شێوازی چارەسەر کردنی گیروگرفتی کێبڕکێی نادڵنیای سیاسی و پشتڕاست کردنەوەی وەفاداریی بوو (حەمید ٢٠١٧). تێکەڵ کردنی ژنانی ئازاد لەگەڵ هاوجێیەکانی پاشا، سەرەڕای زۆروزەبەند بوونی کۆیلە مێینەکان، ئەمە دەگەیەنێت کە هاوجێبوون یارمەتیدەری تایبەتمەندییە سیاسییەکانی پەیوەندیی

بنەماڵەیی بوو (حەمید ٢٠١٧) و بۆ شتی زیاتر لە بەردەوامیی دەسەڵاتی بنەماڵەیی پاشا و وەچەخستن کەڵکی لێ وەردەگیرا. ئەمە بەو مانایە نییە کە ژنان کۆیلەی سێکسی نەبوون. پەیوەندیی سێکسییان هەبا یان نا، ژنان بە هۆی زایەندیانەوە، دەبەخشران، ماڕە دەکران و دەفرۆشران.

ئەگەرچی ئەوان قوربانیی مامەڵەی خراپی سێکسی و کۆمەڵایەتی بوون و، لە کۆتوبەند دابوون، ژنانی کۆیلە، بە گشتی لە مێژووی ئیسلامیدا، هەوڵیان داوە و هێندێک جاریش تێیدا سەرکەوتوو بوون، تا پلەی کۆمەڵایەتی خۆیان بەرز بکەنەوە و بگەنە پلەی بەرزتر و ببنە خاوەن دەسەڵات. لە سەردەمی عەبباسیدا، هاوجێیە مێینەکان کەڵکیان لە زەوق و سێکسوالیتەی خۆیان بۆ زاڵبوون بەسەر پیاوانداوەردەگرت، پیاوان لەبەر گوێڕایەڵبوونیان ئەوانیان لە ژنە ئازادەکان پێ باشتر بوو (میرن ٢٠١٧). بە گوتەی میرن (٢٠١٧)، هاوجێیانی عەبباسیی عێراق لە هێندێک ڕوانگەوە تەنانەت لە ژنانی ئازاد، ئازادتر بوون. ئەوان ئازادیی جموجۆڵی زیاتریان پێ دەدرا، هەم لە ڕوانگەی سیمبۆلیکەوە و هەروەها جوغرافییایەوە. ئەوان بە یارمەتی خاوەنەکانیان ڕاهێنانیان پێ دەکرا، چونکە خاوەنەکانیان بە هۆی نووساندن و گۆرانی و شێعر گوتنی لێهاتووانەیان، پرێستیژیان زیاد دەبوو. ڕێگایەکی دیکە بۆ وەدەستهێنانی پلە و ئازادیی بە هۆی وەچە خستن و دایکایەتی بوو. هاوسەرگیریی پیاوێک لەگەڵ ژنێکی کۆیلە، دەیتوانی دۆخی یاسایی و کۆمەڵایەتی ژنەکە بگۆڕێت (شارلێت ٢٠١٧). ئەگەرچی دووگیان بوون هەمیشە نەدەبووە هۆی ئازاد بوونی ژنان، ئەوانی دەکردە دایکی منداڵی خاوەنەکە و، لەبەر ئەم هۆیە چیدیکە نەدەفرۆشران و، دوای مردنی خاوەنەکە، ئازاد دەبوون (ئوربان ٢٠١٧)، بێتوو پێشتر بە ویستی خاوەنەکە ئازاد نەکرابان. بە گوێرەی بەڵگەکان دەوری کۆیلە مێینەکان، لە سەرەتاکانی مێژووی ئیسلامی، پەیوندیی بە دایکایەتی و گرینگیی منداڵبوونەوە هەبوو (ڕابینسۆن ٢٠١٧). ماریا، کۆیلەی هاوجێی پێغەمبەر، دوای ئەوەی منداڵێکی کوڕی بوو (ئیبراهیم) ئازاد کرا، کاتێک ئەمە لە لایەن خودی پێغەمبەرەوە ڕاگەیەنرا (ئوربان ٢٠١٧). بێجگە لە ئەگەری گۆڕینی پلەی کۆمەڵایەتی، ئەم نموونەیە بایەخی کۆمەڵایەتی دایکایەتی پیشان دەدات. بەڵام، منداڵانی هاوجێیانی کۆیلەی ئەتنیکەکانی بە ئەویتر کراو دەبوونە هۆی سەرسوڕمان و دڵەخورپەی مەزن بۆ ئەو کەسانەی خولیای پاراستنی پاکی و باڵادەستیی ئەتنیکییان هەبوو (دان ٢٠١٧).

لە سەردەمی سەفەویدا، پاشخانی ئەتنیکی ژنان، دوای منداڵبوون، بوون بە دایک، یان تەنانەت ئازاد بوون، لەبیر نەدەکرا. لە کاتێکدا وێدەچوو بیرۆکەی پاکیی ئەتنیکی لە ئایدیۆلۆژی سەفەویدا دەوری سەرەکی نەدەگێڕا، شا ئیسماعیلی دووهەم (ماوەی دەسەڵاتداریی لە ١٥٧٦ هەتا ١٥٧٧) جارێک گوتوویەتی کەنیزەکان شایانی سەرجێیی لەگەڵیدا نین (تاهیری ١٩٧٠). چونکە هێندێک جار، کەنیزەکان ناچار دەکران ببن بە شیعە، ڕەنگبێ شا ئیسماعیلی دووهەم ئاماژەی بە چین و پلەی کۆمەڵایەتی، یان پاشخانی ئەتنیکی ئەوان کردبێت. "قبوڵ کردنی" ژنە کۆیلەکان وەک هاوجێ، یان ئازاد کردنیان بە هۆی دایکایەتییەوە، دەکرێ بە هەمان شێوە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئەوان بۆ ئامرازی بەردەوامبوونی ڕەچەڵەکی پیاوان دابەزێنێت. هەژمار کردنی منداڵەکانیان وەک ڕەچەڵەکی باوکیان بەو مانایە بوو کە یارمەتی ژێنێتیکی ئەم ژنانە بە شوناسی منداڵەکانەوە پاشگۆ دەخرا (ئوربان ٢٠١٧). ئەم شوناسانە بە تەواوەتی لەبیر نەدەکران، بەڵام لە ژێر سەرکوتی سیاسی و بنەماڵەییدا بەرنگارییان دەکرد.

٢.٢ نمایشکاران، نۆکەران و قەرەواشان و، کرێکارانی سێکس

بێجگە لە هاوجێیەکان، لەشفرۆشان بە چینی باڵادەست، کۆیلەکان یان نمایشکاران و، نۆکەران و قەرەواشان، ئەم تاقمە دیلانە بوون کە بە بەربڵاوی لە شوێنە جۆراجۆرەکانی سەردەمی سەفەویدا هەبوون. پەیوندیی نێوان دیلی و سەرگەرمیی موسیقایی لە ناوچەکانی

ژێـر دەســەڵاتی پــارس و، شــۆڕش و ســەردەمە جۆراجۆرەکانــی ئیسلامیدا تۆمار کراوە. ســەرگەرم کردنی مۆســیقایی لــە لایــەن کۆیلەکانــەوە لە ســەرا شــاهانەکانی ئۆمەوی و عەبباســیدا تۆمار کــراوە. لە ســەردەمی ســەفەویدا، ســەما کردن، ژەنینــی مۆســیقا و، خزمەتکردن لە لایــەن کۆیلە نێرینــە و مێینــەکان و هەروەها ژنــان و پیاوانی ئازادەوە ئاســایی بــوو (فیگورۆئا ١٩٨٤؛ سانســۆن ١٩٦٧). نووســەرە خۆجێیی و گەڕۆکــە بیانییەکان بە شــێوەی بەربڵاو باســی نمایشی ســەماکاران، مۆسیقاژەنان و نمایشــکارانی زایەندە جیاوازەکانیان کردووە.

هێندێک جار ژنانــی نمایشــکار توانیویانە نەریتە کۆمەڵایەتییــەکان بە نمایشــی خۆیــان تێکدەن و دەوری خۆبەدەســتەوەدەرانە لەگــەڵ ئەرکپێدەر بگۆڕنەوە (نیلســۆن ٢٠١٧). لــە هێندێک دۆخدا، هونەرمەندە نمایشــکارەکان بە هــۆی دەرکەوتنە فــرە نایاباکانیانــەوە دەبوونــە خــاوەن ناوبانگ و دەســەڵات و، بــە هــۆی خاوەنەکانیانــەوە دەردەکەوتــن و پشــتیوانیان لــی دەکــرا. ئــەم ڕێبــازەی دەســەڵاتی ڕێژەیــی بــەم واتایــە بوو کــە هێندێک نمایشــکار لــە کۆتاییــدا دەبوونە خاوەنــی سیســتەمێکی پشــتیوان. ئۆلیریــوس (٢٠٠٦) نووســیویەتی کــە پیاوانی دەســەڵاتداری ســەفەوی هێندێک جار پشــتگیرییان لە کرێکارانی ســێکس دەکرد. ئەو بــە چاوی خــۆی دیتوویەتی فەرماندارێک بەجیددی بەدواداچوونی بۆ ســکاڵای کرێکارێکی ســێکس کــردووە کە مشــتەرییەکەی دراوی پێ نــەداوە و تا دڵنیا نەبــووە کرێکارەکەی ســێکس مزی خزمەتەکــەی پێ نەدراوە دەســتی هەڵنەگرتووە. گەڕۆکەکان و مێژووناســانی خۆجێیی باســی ئەوەیان کردووە کە ســەرگەرمیی سێکسی و پێشــکەش کردنــی خزمەتگوزاریی سێکســی بە میوانــان گەلێک بــرەوی هەبووە (ئاســف ١٩٦٩؛ ئۆلیریــوس ٢٠٠٦؛ ڕەهبــەری ٢٠١٨)، لــە ناویاندا لــە لایــەن کرێکارانی سێکســەوە، یــان هێندێک جــار نمایشــکاری ئێروتیکی بۆ جووتبــوون پاش یــان لە کاتی نمایشــەکانیاندا لەبەردەســتدا بووە. شــیرلی و ئەوانیتر (١٩٨٣) باســی ئەمەیان کردووە کە لــە کاتێکدا کــە کرێکارانی ســێکس لە هەموو زایەنــدەکان لەبــەر دەســتدا بــوون و نەریتێکی باو بــوو کــە ئــەوان بــۆ ســەرگەرمیی پیاوانی نوخبــە بانگ بکــەن، نزیکبوونەوە بە مەبەســتی ســێکس بە بــێ ڕەزامەندیی کرێکارانی ســێکس و خزمەتکارەکان ڕێگــە پێدراو نەبوو، بێتوو ئاشــکرا ببوایــە، هێندێــک جار دەبــووە هۆی ســزادانی پێشێلکاران.

بــەڵام، بــە گوتــەی کلارێنس-ســمیت (٢٠٠٦)، چالاکییەکانــی دیکــەی کۆیلــەکان لــە وێــژەی پەیوەندیــدار بــە کۆیلایەتی لە دنیــای ئیسلامیدا بە کۆیلایەتی سێکســی و ناوخۆیی حەشــار دراوە. ئەو دەڵــێ کۆیلــە مێینــەکان زۆر کاری دیکەیان دەکردن؛ بــۆ وێنە، تورکەمەنەکانی ناوەندی ئاســیا ناچــار بــوون چاودێریی مــەڕ و مــاڵات بکەن، خواردەمەنــی ئامــادە بکــەن و فەڕشــان بچنن. موسڵمانەکانی باشــووری ئاســیا کاری جۆراجۆری دەرەوەی ماڵیــان جێبەجێ دەکــردن. پێموایە ئەمە لە وێــژەی ســەردەمی سەفەویشــدا بــە هەمان شــێوە بــووە. نەتەنیا وێژە بە شــێوەی ســەرەکی لە باســی شــارەکاندا قەتیس ماوەتــەوە، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر جەخت لەســەر ژیانی تاقمی نوخبە و بنەماڵــەی پاشــاکان و، تا ڕادەیــەک وێناکردنی خەیاڵاویی شانوشــەوکەتی حــەرەم دەکات. بۆیە، چالاکییەکانــی دیکەی کۆیلە مێینــەکان و کرێکاران ڕەنگبــێ لە وێــژەدا بزر بێــت هەتــا کاری ژنان بۆ ســێکس و چالاکییەکانــی ناومــاڵ و هەرێمی کەســێتی دابەزێنرێت.

٣. پاشــخانی ئەتنیکــی، ئایین و، چین لە دیلیدا

مرۆڤناس پێــدرا خوســرەونژاد (٢٠١٦) ئاماژە بەمە دەکات کــە بازرگانیی بــە کۆیلــەی ئەفریقایی لە کەنــداوی فارس پێش ســەردەمی ئیسلام دەســتی پێکــردووە. کۆیلــەکان و بازرگانیی بــە کۆیلانەوە لــە ئێران لــە نووســراوەکانی ســەدەی ســێهەم [پــاش لەدایکبوونــی عیســای پێغەمبــەر] تۆمار کراوە (ڕیکــس ٢٠٠١). گێڕانەوەکانی ســەدەکانی ناوەڕاســت جاروبار باســی کۆیلە دەکەن کە وەک خزمەتکاری ماڵ، پاسەوان، میلیشــیا و دەریاوان لە کەنــداوی فارس، لەناویاندا ئەم شــوێنانەی ئێســتا

باشـــووری ئێرانە، کار دەکەن. ئـــەم نەریتە مایەوە و لە مـــاوەی چەند ســـەدەدا ئالۆگۆڕی بەســـەردا هـــات (خوســـرەونژاد ٢٠١٦). بۆیـــە، کۆیلایەتی لە ئێـــران لەگەڵ هاتنـــی ئیسلام بۆ ناوچەکە دەســـتی پـــێ نەکـــرد، بەڵکـــو لە مـــاوەی چەند ســـەدەی مێژووی ئیسلامیی پارســـدا بـــەردەوام بوو.

پێغەمبـــەری ئیسلام بۆخۆی بـــەردەوام هەڵواردنی بـــە هـــۆی ڕەگـــەز و پاشـــخانی ئەتنیکـــی ڕەت کردووەتـــەوە. کۆیلـــەی (ئـــازاد کـــراوی) ڕەش و پارســـی لـــە بەناوبانگتریـــن هاوڕێیەکانـــی بوون (کلارێنس-ســـمیت ٢٠٠٦). لە کاتێکـــدا کە ناوبراو داوای دلۆڤانیـــی بەرانبـــەر بە کۆیلـــەکان کردووە، خاوەنەکان بـــە کەیفـــی خۆیان هەڵســـوکەوتیان لەگەڵ کۆیلـــەکان دەکرد. هێندێک جـــار کۆیلەکان پەیوەندیی فـــرە نزیکیـــان لەگـــەڵ خاوەنەکانیان دروســـت دەکرد (بابایـــی و ئەوانیتـــر ٢٠٠٤) بەڵام بە گشـــتی، پێشـــداوەرییە ئەتنیکی و ڕەگەزییەکان لـــە کولتـــووری گشـــتیدا، هاوشـــێوەی وەفاداریی بنەماڵەیی، تایفی و ناسیۆنالیســـتی باون (کلارێنس-ســـمیت ٢٠٠٦). نووســـەرانی فارس و کەسایەتییە ئایینییەکان، دەوریان لە ئاســـایی کردنی کۆیلایەتی و، هەروەهـــا مەرجـــە ئەتنیکی و یاســـاییەکانیدا گێڕاوە. لە پێش ســـەردەمی ســـەفەوی، ئیبن ســـینا (٩٨٠-١٠٣٧)، فیزیکزان و فەیلەســـوفی بەناوبانگی پـــارس، داکۆکی لـــە بیرۆکەی کۆلایەتی سروشـــتی دەکـــرد، هەروەهـــا دەیگـــوت گەرمای لـــە ڕادە بەدەر دەبێتە هـــۆی ئافراندنی خـــووی گونجاو بۆ کۆیلایەتی لەناو خەڵکی سپیپێســـت و ڕەشپێســـتدا بە تایبەت سلاڤـــەکان، تورکـــەکان و ئەفریقییەکان (کلارێنس-ســـمیت ٢٠٠٦). لـــە گێڕانەویەکـــی دیکـــەدا، نەســـیرەددین توســـی (١٢٧٤-١٢٠١)، نووسەرێکی فارســـی شـــیعە لەمەڕ ئەخلاق، باسی کۆیلەکانـــی وەک دیاریـــی خـــودا بـــۆ مرۆڤایەتی کـــردووە. ناوبراو دانـــی بەوەدا ناوە کـــە هێندێک کۆیلە "بە سروشـــت"، ئـــازادن، لەگەڵ ئەوەشـــدا ئامۆژگاریـــی دەکـــرد کە دەبـــێ لە جیـــات ئازاد کردنیان، هەڵســـوکەوتی باشـــیان لەگەڵـــدا بکرێت (کلارێنس-ســـمیت ٢٠٠٦). ئـــەم تیۆرییانە دەتوانن یارمەتیدەری سروشـــتیکردنی هەســـتی بااڵدەستیی "پارســـەکان" و ئاســـاییکردنی کۆیلایەتی بووبن.

لـــە ســـەردەمی ســـەفەویدا، دۆکترینـــی شـــیعە تەنانـــەت دەورێکی مەزنتـــری لە پێناســـە کردنی پلـــەی کۆیلـــەکان لـــە کۆمەڵگـــەدا و ئافراندنـــی ڕوانگـــەی دادپەروەریی ئیسلامی شـــیعەدا گێڕاوە. بـــە تایبـــەت دوو نووســـراوەی گرینگـــی شـــیعە (پەرتووکـــی فیقهی) لە ســـەر داوای شـــا ســـوڵتان حوســـێن (ماوەی دەســـەڵاتداریی لـــە ١٦٩٤ هەتا ١٧٢٢) لەبـــارەی کۆیلایەتیدا نووســـراون. لە یەکێک لـــەم نووســـراوانەدا، کـــە لـــە لایـــەن محەممەد خاتونئابـــادی (١٧١٤-١٦٤٨) مەلای شـــیعە و زانای ئایینی نووســـراوە، بە وردی باســـی ئەمە کراوە کە کـــێ دەکرێ "بە شـــێوەیەکی ڕەوا" لـــە ناوچەکانی دەوروبـــەری ســـنوورەکانی ئیمپڕاتووریـــی پارس بکرێتە کۆیلە. لەم نووســـراوەیەدا، ناوبـــراو ئاماژە بـــە ڕەنگـــی پێســـت و شـــوێنی جوغرافییایی ئەم خەڵکـــە دەکات، بـــەڵام فاکتەری یەکلاکـــەرەوە بۆ ئەگـــەری بە کۆیلە کـــردن بە شـــێوەی ڕەوا، ئایینی گیـــراوەکان بـــووە، کە بـــە گوێرەی ئـــەم لێدوانە، تەنیـــا موســـڵمانەکان، بە بـــێ لەبەر چـــاو گرتنی ئەمە کە ســـەر بە کام لقـــی ئیسلام بـــن، نەدەکرا بکرێنە کۆیلـــە (خاتونئابـــادی ١٧٠٨، ئامادە کردنی جەعفەریـــان ٢٠١١). نووســـراوەکەی دیکـــە، لـــە لایـــەن میـــرزا عەبدوڵڵا ئیســـفەهانی (ناســـراو بە میـــرزا ئەفەندی، ١٧١٨-١٦٥٦)، باســـی مەرجەکانی ئازادیـــی کۆیلـــەکان دەکات. لە وەڵامی پرســـیاری پاشـــا کە ئاخۆ خەســـاندنی کۆیلەکان بە شـــێوەی ئوتوماتیـــک دەبێتە هـــۆی ئازادیی ئـــەوان، میرزا ئەفەنـــدی پەرتووکەکـــەی نووســـی (جەعفەریان ٢٠١١) کـــە لەویدا ناوبـــراو ئـــەم بۆچوونەی ڕەت کـــردەوە و، بەمشـــێوەیە بیانوویەکـــی "ئایینـــی" دا بە پاشـــا بـــۆ ئەوەی کۆیلـــە خەســـێندراوەکان ڕاگرێت (میرزا ئەفەنـــدی ١٩٩٥). ئەم ڕەواییدانەی بڕینـــی جەســـتەی کۆیلـــەکان لە نووســـراوەکەی دواتردا ڕەنگدانەوەی تووندوتیژیی ئاســـاییکراو و لە ڕادابـــەدەر دژی جەســـتەی کۆیلەکانە.

ئـــەم بنەمـــا ئایدیۆلۆژیکانـــە بوونـــە هـــۆی بەردەوامبوونـــی کۆیلایەتـــی لە مێـــژووی دواتری ئێرانیـــدا، کە لـــەوێ کۆیلەکان بەردەوام بەشـــێکی دانەبـــڕاو لـــە بنەماڵـــەی نوخبـــەکان بـــوون (خوســـرەونژاد ٢٠١٦). بازرگانیکـــردن بـــە کۆیلـــە

و کاری کۆیلەکان یارمەتیدەری بیناسازییەکانی سەفەوییەکان، خزمەتگوزاریی گشتی و، دروست کردنی ڕێگاوبان و پرد و، بازرگانیی ڕێگای دوور بوو (ڕیکس ٢٠٠١). پیاوانی پێست قاوەیی و ڕەشپێست بەردەوام وەک پاسەوانی خەسێنراو لە ناومااڵ و حەرەمەکانی پاشاکان و ژنانی پێست قاوەیی و ڕەشپێست قەرەواشی ژنانی نوخبەکان بوون (خوسرەونژاد ٢٠١٦). وەک لەسەرەوە دیترا، پاشخانی ئەتنیکی بابەتێکی دژوارە بۆ سەیر کردن، چونکە ئەو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دۆکترینی یاسایی ئیسلامییەوە نەبوو، لە کاتێکدا فاکتەری دیکە، وەک زایەند و پەیوەندیی ئایینی، بۆ ماف و ئەرکەکانی کۆیلەکان یەکلاکەرەوە بوون (دێ لا پوێنتێ ٢٠١٧). بەاڵم، بەڵگەی پێویست هەن کە دەیسەلمێنن ڕەنگی پێست و گریمانەی پاشخانی ئەتنیکی کاریگەرییان لەسەر مەرجەکانی دیلی و کارکردنی کۆیلەکان هەبووە.

لە توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە کۆیلایەتی لە سەردەمی سەفەویدا، تاقمە قەفقازییەکان وەک کریستیانەکانی چەرکەس، گورجستانییەکان، ڕووسییەکان، ئەرمەنییەکان و خەڵکی دیکەی خاوەن پاشخانی ئایینی کریستیان، وەک تاقمی سەرەکی تۆمار کراون کە لە لایەن پارسییەکانی سەفەوییەوە وەک خەسێنراو، کۆیلە، قەرەواش، هاوسەر و هاوجێ کەڵکیان لێ وەرگیراوە (لە چەند سەفەرنامەدا ئاماژەیان پێکراوە، بۆ وێنە دێلا ڤاڵ ١٩٩١؛ فیگورۆئا ١٩٨٤؛ گەرەس ١٩٧٣؛ کامفەر ١٩٨٥؛ ئۆلیریوس ٢٠٠٦). دەگوترێ شا عەباس ١٣٠ هەزار پیاو و ژنی لە شەڕ لەگەڵ پاشایەتی کارتلی-کاخەتی کردە کۆیلە (غەفاریفەرد ٢٠٠٥). لە هەڵمەتێکی ١٧٩٥دا پارسییەکان بە چڕی پشتیان بە کۆیلە قەفقازییەکان بەست کە بووە هۆی دەستبەسەر کردنی ١٥ هەزار گورجستانی (کلارێنس-سمیت ٢٠٠٦). فیگورۆئا (١٩٨٤) لەبارەی بازرگانی و بازاڕی کۆیلەفرۆشیدا نووسراوەی هەیە. ناوبراو باسی کردووە کە لەبەر کڕیاری زۆر لە بازاڕ، تاتار و لەزگینەکان و، هێندێک جار هاووڵاتییە چەرکەسەکانیان، خەڵکی چەرکەس، ژن و پیاویان دەفڕاند و دەیانهێنانە پارس تا لە بازاڕی کۆیلەفرۆشاندا بیانفرۆشن.

گرژییەکانی نێوان لقەکانی شیعە و سوننی ئیسلام بووە هۆی بەرز بوونەوەی ڕێژەی کۆیلەی موسڵمانی بەشێک لە لقەکانی دیکە. سەرەڕای قەدەغە کرانی بە کۆیلە کردنی موسڵمانی دیکە لە ئیسلامدا، بەاڵم بەڵگەی ئەوتۆ لەبەردەستدان کە عوسمانییەکان و ئۆزبەکەکان بە کۆیلە کردنی شیعەی ئێرانییان بە ڕەوا دەزانی چونکە ئەوانیان بە کافر دەزانی (بلۆ ٢٠١٤؛ ئەردەم ١٩٩٦). بەاڵم، بەڵگەی ئەوتۆ لەبەردەستدان کە سەفەوییەکان موسڵمانی سوننییان بە کۆیلە نەدەکرد. بە گوتەی مێژووناسی سەفەوی ئەسکەندەر بەگی تورکمان (ناسراو بە بەگ مونشی)، دەسەاڵتی سەفەوی هەڵسوکەوتی "باشتریان" بەرانبەر بە بارمتە موسڵمانەکان هەبوو، کە مەبەستی ئەمە بوو لەجیات بە کۆیلە کردنیان، سەفەوییەکان بە زۆرەملی بارمتەکانیان دەکردە شیعە (مائیدە ٢٠٠٤) یان بهاتبا و ئەو کارەیان نەکردبا، دەیانکوشتن.

٤. خەسێنراوەکان و کۆیلەکانی نوخبە

خەسێنراوەکان پاسەوانی جێگای متمانەی حەرەم بوون، چونکە بەشێک یان تەواوی ئەندامی زاوزێیان دەرهێنرابوو. بابایی و ئەوانیتر (٢٠٠٤) باسی ئەمە دەکەن کە سەرجەم کۆیلەکان ڕیشەکێش کران بەاڵم خەسێنراوەکان لە پیاوەتی خران و خەسێنراوە ڕەشپێستەکان لە حەرەمەکاندا خزمەتیان پێکرا. شاردین (١٩٩٣) باسی هیرارشییەکی کردووە لەناو خەسێنراوەکاندا کە نە تەنیا بە گوێرەی پاشخانی ئەتنیکیی ئەوان بەڵکو ڕەنگی پێستیشیان بووە؛ بە شێوەیەک کە ڕەنگی پێستی خەسێنراوەکان بڕیاردەر بووە بۆ دیاریکردنی پلەی ئەوان وەک پاسەوانی حەرەمی پاشا. ئەو نووسیویەتی کە خەسێنراوەکانی ڕەشپێست تەنیا کەسانێک بوون کە ئیزنیان پێ دەدرا و متمانەیان پێدەکرا لە شوێنەکانی ناوەوەی حەرەم و لە نزیک ژنان بن، لە کاتێکدا خەسێنراوەکانی خاوەن پێستی ڕوونتر ئەرکی پاسەوانی و پاراستنی دەروازەکانی دەرەوەیان پێ دەسپێردرا (شاردین ١٩٩٣). کامفەر (١٩٨٥) هەمان وەسفی کردووە و نووسیویەتی تەنیا خەسێنراوە

ڕەشپێستەکان دەیانتوانی ئازادانە لە حەرەمدا بسووڕێنەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن. بوونی دەوری جیاواز بە گۆڕەی ڕەنگی پێستی خەسێنراوەکان دەرخەری ئەمەیە کە لەم جۆرە دۆخانەدا، ئەگەر پاشخانی ئەتنیکیش نەبا، ڕەنگی پێست مەرجەکانی کۆیلایەتی جیاواز دەکرد. شاردین، کامفەر و، گەڕۆکە نێرینەکانی دیکەی ڕۆژاوایی، دەستیان بە حەرەم ڕادەنەدەگیشت و گێڕانەوەکانیان لەمەڕ پێکهاتە و هەروەها وێناکردنی، دە بێ بە گومانی پێویستەوە سەیر بکرێن. ماری پێتیت، باڵوێزی مێینەی فەڕانسە لە پارس، باسی ژیانی حەرەمی نەکردووە (گرەس ١٩٧٣). هەروەها، خەساندنی کۆیلە نێرینەکان تەنیا بۆ نەهێشتنی مەیلی سێکسییان، بە مەبەستی پاراستنی ژنانی حەرەم نەبوو، بەڵکو بەمۆیەوە ئەوان هیچ میراتگرێکیان نەدەبوو (کلارێنس-سمیت ٢٠٠٦). سانسۆن (١٩٦٧) گوتوویەتی کە میراتگری خەسێنراوەکان پاشای پارس بوو و، بێتوو لە ماوەی ژیانی خۆیان دا سامانێکیان کۆ کردباوە، پاش مردنیان سامانەکەیان دەدرا بە گەنجینەی پاشا.

فەرمانڕەواکانی سەفەوی خەساندنیان وەکوو سزاش دەسەپاند (کلارێنس٠سمیت ٢٠٠٦) و، بەڵگەی ئەوتۆ هەن کە پیاوی ئازادی خەسێنراو، دروست وەکوو کۆیلە خەسێنراوەکان، وەک کۆیلە دەفرۆشران. ئەم شێوازە سزادانە بە چەند هۆ جێبەجێ دەکرا. خەساندن و بەکۆیلە کردن هێندێک جار دەیتوانی وەک سزای تاوانێکی پیاوێکی ئازاد جێبەجێ بکرێت. تاڤەرنییەر (٢٠٠٣) باسی کردووە کە ئەو دزانەی کە نەیانتوانیبا کەلوپەلە دزراوەکان بڕدەست بکەنەوە، وەک کۆیلە دەفرۆشران و، بێتوو ئەمە بەس نەبا، ژن و منالّەکانیشیان دەفرۆشران تا قەرەبووی قەرزەکە بکاتەوە. شاردین (١٩٩٣) هەروەها ئاماژەی بە کێشەی سیاسی و یان تاکی کردووە و گوتوویەتی فەرماندارێکی خۆجێیی کەسێکی وەک کۆیلە فرۆشتووە کە کێشەی لەگەڵ هەبووە، پاشان کوڕەکانی خەساندووە و کردوونیە نۆکەر و کچەکانیشی وەک کۆیلە فرۆشتووە. بەڵام، خەساندن هەمیشە نەدەبووە هۆی کۆیلایەتی. سارو تەقی، وەزیری مەزنی سەردەمی سەفەوی، بە هۆی هەبوونی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ کوڕانی لاو، خەسێنرا (شاردین ١٩٩٣)، بەڵام پلەکەی وەک کاسایەتییەکی گرینگی سیاسی دوای خەسێنران پارێزرا. ئەم نموونانە ئەمە دەگەیەنن کە بێجگە لە خەساندن، پلەی کۆمەڵایەتی و چین فاکتەری بڕیاردەری دیلی و مەرجەکانی بوون.

کلارێنس-سمیت (٢٠٠٦) ئیدیعای کردووە شا عەببباسی یەکەم (ماوەی دەسەڵاتداریی لە ١٥٨٧ هەتا ١٦٢٩) لەو وڵاتانەی داگیری دەکردن، فەرماندارەکانی دەستنیشان دەکردن و نوخبەی کۆیلەی دروست کردبوون. ئەرمەنییەکی خەڵکی گورجستان بۆ ماوەی زیاتر لە پازدە ساڵ (١٦١٣-١٥٩٥) فەرماندەی گشتیی هێزە سەربازییەکان بوو (ئینسایکلۆپیدیای ئیرانیکا). ڕێژەی کۆیلەکانی ناو هێزە سەربازییەکان بە هەزاران دەخەملێندرا و سێ هەزار خەسێنراو لە ئیسفەهان خزمەتیان بە پاشا دەکرد کە بەشێکیان خاوەن دەسەڵات بوون. ئەم گەشە بەرچاوەی کۆیلەی نوخبە، بووە هۆی تووڕەیی و کاردانەوەی تووندی ئایینی. شا عەببباسی دووەم (ماوەی دەسەڵاتداریی لە ١٦٤٢ هەتا ١٦٦٦) لە ١٦٤٥ بڕیاری کوشتنی سارو تەقی دا و ڕووی لە بنئاژۆخوازیی شیعە کردەوە. مەلاکان بە گوڕوتینەوە دژی دەسەڵاتی زاڵی سیاسیی نوێموسڵمانەکانی گورجستانی و ئەرمەنی بوون، ڕەنگبێ بەو هۆیە کە ئەوان لە ڕووڕاستییان بەگومان بوون. ئەگەرچی کۆیلایەتی سەربازیی و کارگێڕیی لاواز کرا، بەڵام قەت بە تەواوی کۆتایی نەهات (کلارێنس٠سمیت ٢٠٠٦).

زانایانی مێژووی ئیسلامی بێجگە لە دیلیی ئەوان، لایەنەکانی دیکەی چالاکییەکانی کۆیلە مێینەکانیان تۆمار کردووە و، پیشانیان داوە کە ئەم ژنانە دەیانتوانی ڕێچکەی بەرەو ئازادی و تەنانەت پلەی بەرزتر بدۆزنەوە و ، لەم ڕێگایەوە تاقمێکی نوخبەش پێکبێنن. لە هەموو مێژووی ئیسلامیدا، ژنانی کۆیلەی خوێندەوار هێمای پلە و پایە بۆ خاوەنەکانیان بوون و بۆ بەردەوامیی هاوپەیمانییەکان وەک دیاری پێشکەش دەکران

(شـــارلێت ٢٠١٧). ژمارەیەکـــی بەرچـــاو لە منالّانی نوخبـــە لـــە لایـــەن هاوجێیەکانـــەوە لەدایکبوون و، خاوەنە ئـــازادە نێرینەکانیان و وەچەخســـتنیان دەیتوانی کاریگەریی لە ســـەر ژیانـــی هاوجێیەکان هەبێت. بەشـــێک لـــە ئیمامە شـــیعەکانیش منالّی هاوجێیـــەکان بـــوون (گـــۆردۆن ٢٠١٧). کۆیلـــە خوێنـــدەوارەکان ســـەرقالّی شـــێعر هۆنینـــەوە، قورئـــان خوێندن یان مۆســـیقا بـــوون و هێندێک جار پلە و دەســـەلّاتیان بەرز دەبووەوە (شـــارلێت ٢٠١٧). کیژانـــی گۆرانیبێژ دەســـەلّاتی بەرچاویان، تەنانەت بەســـەر خەلیفەکانیشـــەوە هەبووە. بێتوو هاوجێیـــەک کوڕێکی بۆ پیاوێکی بەدەســـەلّات ببا، دەیتوانـــی کاریگەریـــی هەبێت، بـــە تایبەت پاش مردنـــی خاوەنەکەی. ژنان و خەســـێنراوەکان وەها دەستڕۆیشـــتوویەکیان هەبوو کە بـــە ئیمپراتوریی سەرەتاکانی ســـەدەی حەڤدەی تورکی عوسمانییان دەگوت "ســـوڵتانییەتی ژنان"، یان "ســـوڵتانییەتی خەســـێنراوە ئەفریقییـــەکان" (کلارێنس-ســـمیت ٢٠٠٦). بـــەڵام، بواری گەیشـــتنی کۆیلـــە مێینەکان بە جیاوازیـــی کۆمەڵایەتـــی گەڵێک لە هاوشـــانە نێرینەکانیـــان بەرتەســـکتر بـــوو (دان ٢٠١٧). ســـەرەڕای ئەمە، نموونـــەی گواســـتنەوەی چینی کۆمەڵایەتـــی ژنانی کۆیلە لەبەردەســـتدان. بۆ وێنە، لە سەردەمی شـــا ســـەفیدا (ماوەی دەسەڵاتداریی لـــە ١٦٢٩ هەتا ١٦٤٢)، بەشـــێک لـــە هاوجێیەکان جێگای شـــازادەکانیان وەک دایکی دەســـەڵاتداران گرتـــەوە و، میراتـــی بنەماڵەکانـــی بەڕێوەبـــەرە کۆیلەکان ســـەری هەڵـــدا. هەرچەند ســـنوورداربە، ئەم بەڵگەیە پیشـــانی دەدات کـــە تەنانەت پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانـــی جێگیر لەســـەر تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییـــە ڕیشـــەداکوتاوەکانی کەســـایەتیش، هێندێک جـــار لاواز دەبن و دەشـــێوێندرێن.

٥. گفتوگۆ و دەرئەنجامی کۆتایی

ئـــەم وتـــارە پێداچوونـــەوەی بە بەشـــێک لە وێژە لەبـــارەی بەرفراوانبوونـــی کۆیلایەتی لـــە ماوەی دەســـەڵاتداریی ســـەفەویدا و کاریگەریی پاشخانی زایەندی و ئەتنیکی لەســـەر مەرجەکانی کۆیلایەتی دەکات. وتارەکـــە پیشـــانی دا کـــە بازرگانیکـــردن بـــە کۆیلـــە و وزەی کۆیلەکانـــەوە یارمەتیـــدەری ئاڵوگـــۆڕە سیاســـی، ئابـــووری و کۆمەڵایەتییەکانی پارس بوون (وەکـــوو لە توێژینەوەکانی دیکەشـــدا پیشـــان دراوە، بـــۆ وێنـــە ریکـــس ٢٠٠١). نەریتی کۆیلایەتـــی بـــە شـــێوەی ڕاگواســـتنی زۆرە ملێی ســـەدان هـــەزار کەســـی ناوچـــە جۆراجـــۆرەکان بـــۆ ناوەنـــدی پـــارس بـــاو بـــوو. بۆیـــە، لەگەڵ دەستبەســـەرکرانی کۆیلـــەکان لـــە شـــەڕەکاندا، جموجۆڵ بەشـــێکی دانەبڕاو لە ژیانـــی کۆیلەکان بوو کـــە کۆتاییەکەی دەگەیشـــتە گواســـتنەوە بۆ بازاڕەکانی فرۆشـــتنی کۆیلە (تۆماشـــێڤا ٢٠١٧). شا عەببباســـی یەکەم (ماوەی دەســـەڵاتداریی لە ١٥٨٧ هەتـــا ١٦٢٩) سیســـتەمی پێشـــووتری هێـــرش بۆ بەکۆیلە کردنی خەڵکی کریســـتیان، گورجســـتانی و ئەرمەنـــی ناوچەکانی قەفقـــازی بەرفراوانتر کرد و دەســـتی کرد بـــە ڕاگواســـتنی جەماوەریی خەڵکی شـــار و گونـــد لـــە ناوخـــۆی ئێـــران و هەروەها ســـنووورەکانی ئیمپراتوورییەکـــەی (ریکس ٢٠٠١). بەڵگەی بـــە کۆیلە کردنـــی خەڵکـــی جۆراجۆر بە پاشـــخانای زیەندی، ئەتنیکی و ئایینـــی جیاوازەوە لەبەردەســـتدان (موســـڵمانەکان لـــە ڕوانگـــەوی پاشـــخانی ئایینییەوە ڕیزبەڕ بـــوون). لێکۆڵینەوەکە لە وێژە بە هەمان شـــێوە پیشـــانی دا کـــە زایەند، پاشـــخانی ئەتنیکـــی، ڕەنگـــی پێســـت و چینـــی کۆمەڵایەتـــی ئـــەم فاکتەرانـــە بوون کـــە گرینگە دەکرێت کاریگەرییان لەســـەر پلـــەی کۆیلەکان لە کۆمەڵگـــەی ســـەفەویدا هەبووبێت.

پیـــاوان و ژنانـــی کۆیلـــە دەوری جیاوازیـــان لـــە کۆمەڵگـــەی ســـەفەویدا دەگێڕا. لەگەڵ ئەوەشـــدا، ئـــەوان خەریکـــی چالاکیـــی هاوشـــێوەش وەک کرێکاری بەشـــی خزمەتگوزاری و ســـەرگەرمکردن و، لە نـــاو پێشەســـازیی سێکســـدا بـــوون. ژنانی بەکۆیلەکـــراو و کرێکارانـــی ســـێکس زۆر جـــار ســـەفەریان دەکرد، چونکە ئەوان دەبردرانە بەرەی شـــەڕ بۆ پشـــتگیریی ڕەوشـــتیی لە ســـەربازەکان (فیگورۆئا ١٩٨٤). بێجگە لەمـــە. کاتێک خاوەنەکان ســـەفەریان دەکرد، هێندێک جـــار کۆیلە مێینەکانی ماڵەوەیـــان لەگـــەڵ خۆیـــان دەبرد چونکـــە ژنە ئـــازادەکان خۆیان لە مەترســـی و ناخۆشـــییەکانی ڕێگا بـــە ڕەت کردنەوەی هاورێیەتـــی مێردەکانیان دەبـــوارد، بـــەڵام کۆیلـــە هاوجێیـــەکان ئـــەم

دەســـەڵاتەیان نەبوو (تۆماشـــێڤا ٢٠١٧). ژۆلیریوس (٢٠٠٦) نووســـیویەتی کـــە بازرگانـــان و پیاوانـــی چینی نوخبـــە گەلێک ســـەفەریان دەکردن و چەند هاوســـەریان لە شـــارە جۆراجـــۆرەکان هەبوون کە لە کاتـــی ســـەفەردا لەم شـــارانە دەگیرســـانەوە. بێجگـــە لەمە، چونکـــە ژنانی کۆیلـــە هێندێک جار وەک دیاری پێشـــکەش دەکـــران، ئەوانیش لە کاتی ســـەفەردا گۆڕێنەوەیان پێدەکرا و، لەبەر ئەم هۆیە دەکەوتنـــە ژینگەیەکەوە کـــە پێـــی ڕانەهاتبوون (تۆماشـــێڤا ٢٠١٧). ئەمـــە دۆخی نالەبـــاری پلەی کۆیلـــەکان پیشـــان دەدات کە دەیتوانی دیســـان ژیانیـــان لێ تێکـــدات و ببێتـــە هـــۆی ئاڵوگۆڕی بەرچاو لـــە مەرجەکانـــی ژیانیان.

ســـنووردارییە جۆراجۆر بۆ توێژینـــەوە لە مێژووی ســـەفەی لە ئـــارادان، لـــە ناویانـــدا لێکۆڵینەوە لە دەستبەســـەرکران و کۆیلایەتـــی. ســـنووردارییەکی ئەوتـــۆ لە دۆخـــی کۆیلایەتیـــدا، کەمبوونی وێژەی ئاکادیمیکـــە. وەک لـــە لایـــەن عەلـــی (٢٠١٠) ئامـــاژەی پێکـــراوە، کـــە لێکۆڵینەوەی لـــە بارەی ســـەرەتاکانی ئیـــسلام کـــردووە، لاگرییەکی دیکە ناوچـــە گوندنیشـــنەکان لـــە توێژینەوەی گشـــتی لەســـەر کۆیلایەتی لـــە چوارچێـــوەی ئیسلامیدایە، لـــە کاتێکدا کە بەشـــێکی بەرچاو لـــە کۆیلەکان لە کەرتەکانـــی ناوچـــە گوندییەکاندا کاریـــان دەکرد، وەک کێڵگـــەکان و کانـــەکان. هەمـــان لاگریـــی لـــە مێـــژووی سەفەویشـــدا دووپـــات بووەتەوە، چونکـــە ژیانـــی ناوچـــە گوندییەکان بە شـــێوەی بەرفـــراوان تۆمـــار نەکـــراوە؛ ئەمە بـــە تایبەتی لە دۆخـــی ناوچـــە گوندییەکانی ســـەفەوی و ژیانی ڕۆژانـــەی ژنانی شـــارەکان ڕاســـتە، چونکە زۆربەی گەڕۆکەکان پەلکێشی ســـەراکانی شاهانە و ناوەندە کولتوورییەکانی شـــارە مەزنەکانی وەک ئیسفەهان دەکـــران. هەروەهـــا، بـــەربڵاو بوونـــی کویریی و هەبوونی لەتەنیشت و/یان ســـازانی لەگەڵ ئیسلام لە مێـــژووی پێش-مودێرنی ئێران لـــە لایەن ئێرانییە مودێرنیســـتەکان، ناسیۆنالیســـتەکان و، بیرمەندانی کۆلۆنیالیســـتەوە ڕەت دەکرێتـــەوە کە هەم بوونی کویریـــی و هەروەها ئایین وەک نیشـــانەکانی دژە پێشکەوتنخوازیی ســـەیر دەکەن (ڕەهبەری ٢٠٢٠). ئـــەم ڕوانگانە نەتـــەوەی ئێرانـــی "خەیاڵی" وەک نائیسلامییەکی "ڕەســـەن" دەنوێنـــن کە بێبەرییە لە کویر و کولتـــووری "ســـەرکوتکەرانە". ئەم خەیاڵە بووەتـــە مۆتەکـــەی ڕوانگـــەی زانســـتی لەبارەی مێژووی ئێـــران و گوتارێکی زاڵ کـــردووە کە کویر بـــوون و کۆیلایەتی هی "ئەوانیتر" بـــووە و، لەبەر ئەم هۆیە، بەشـــێک لە شوناســـی ڕەســـەنی ئێرانی نەبووە.

بەڵام، کۆیلایەتی ســـەفەوی تەنیا بەشـــێکی بچووک لـــە مێـــژووی کۆیلایەتـــی ئێرانییـــە و مژارێکە بە گەلێـــک وردەکاریـــی و کـــون و کەلێنـــەوە. وەک چـــۆن بەشـــێکی لـــەم وتـــارەدا پێشـــکەش کرا، نەتەنیـــا زایەنـــد و ئەتنیـــک، بەڵکـــو بـــە هەمان شـــێوە فاکتـــەری دیکـــەش، وەک تەمـــەن، چین، پلـــەی کۆمەڵایەتـــی، لێهاتوویـــی و، تایبەتمەندییە دڵخوازەکانـــی جەســـتەیی، کاریگەرییان لەســـەر مەرجەکانـــی کۆیلایەتـــی و ژیانـــی کۆیلـــەکان هەبـــووە. گوتارەکانی کۆیلایەتـــی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی نەریتە ئایینی، ڕەوشـــتی و کولتووری و بڕواکانـــەوە. ئەوان لە لایەن زانایان و کەســـایەتییە ئایینییەکانـــەوە ڕەواییان پێـــدراوە و، خزمەتیان بە ئامانجـــە دێموگرافیـــک، ئابووری و سیاســـییەکان کـــردووە. ئامانجـــی ئـــەم وتـــارە لێکۆڵەرییـــە پێداچوونەوە بـــە هێندێک وێژەی دەســـتی یەکەم و دەســـتی دووهەم بووە کە پانتـــای توێژەرانەکەی گەلێک ســـنووردار بـــووە. بـــەڵام وتارەکـــە تەنیا توێخی ســـەرەوەی مەرجەکانی دیلـــی و کۆیلایەتی ســـەردەمی ســـەفەوی و، پەیوەندییەکانـــی بـــە زایەنـــد، پاشـــخانی ئەتنیکیـــی کۆیلەکانـــە لاداوە. توێژینـــەوەی پەیوەندیـــداری دیکە کـــە ڕوانگەی ســـەرجەم خەڵکانی تێوەگلاو لـــە بازرگانیکردن بە کۆیلەکانـــەوە بگرێتە خـــۆ، جا بکەرانـــی کڕین و فرۆشـــتن بووبێت یان زۆرینـــەی بەکۆیلەکراوەکان و ئـــەو گەلانـــەی کەوتوونە ژێـــر کاریگەرییەکانی، بـــۆ ئافراندنـــی وێنەیەکـــی وردتـــر و بەرفراوانتر لەســـەر کۆیلایەتی لە پارسی ســـەردەمی سەفەویدا پێویســـتن. ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە شـــێوەیەکی حاشا هەڵنەگر ســـەلماندی کە کۆیلایەتی لە ســـەردەمی ســـەفەویدا بـــاو بوو و، کۆیلـــەکان لـــە زۆر بواردا یارمەتیـــدەری کۆمەڵگـــە و مێژووی پـــارس بوون، یارمەتییـــەک کـــە تـــا ڕادەیەکی زۆر هێشـــتا دانی

پێـــدا نەنراوە.

*https://www.mdpi.com/2076-0760/10/1/22

سەرچاوەکان:

Afary, Janet. 2009. Sexual Politics in Modern .Iran. New York: Cambridge University Press

Ali, Kecia. 2010. Marriage and Slavery in Early Islam. Cambridge and London: Har- .vard University Press

Asef, Mohammad Hashem. 1969. Rostam al-Hokoma: Rostam al-Tavarikh. Tehran: (Moshiri. (In Farsi

Babaie, Sussan, Ina Baghdiantz-McCabe, and K. Babayan. 2004. Slaves of the Shah: New :Elites of Safavid Iran. London and New York .IB Tauris

Babayan, Kathryn. 2008. 'In spirit we ate each other;s sorrow': Female companionship in seventeenth-century Safavi Iran. Islamicate Sexualities: Translations across Temporal .Geographies of Desire 39: 239–74

Blow, David. 2014. Shah Abbas: The Ruthless King Who Became an Iranian Legend. Lon- .don and New York: IB Tauris

Chardin, John. 1993. Chardin's Travels in Persia. Translated by Eghbal Yaghmayi. Teh- (ran: Toos Publication. (In Farsi

Clarence-Smith, William Gervase. 2006. Is- lam and the Abolition of Slavery. Oxford and .New York: Oxford University Press

Cronin, Stephanie. 2015. Introduction: Ed- ward Said, Russian Orientalism and So- viet Iranology. Iranian Studies 48: 647–62. [[CrossRef

Dann, Michael. 2017. Between History and Hagiography: The Mothers of the Imams in Imami Historical Memory. In Concubines and Courtesans: Women and Slavery in Is- lamic History. Edited by Matthew S. Gordon and Kathryn A. Hain. New York: Oxford .University Press, pp. 244–65

De La Puente, Cristina. 2017. The Ethnic Origins of Female Slaves in al-Andalus. In Concubines and Courtesans: Women and Slavery in Islamic History. Edited by Matthew S. Gor- don and Kathryn A. Hain. New York: Oxford .University Press, pp. 124–42

Della Valle, Pietro. 1991. Travelogue of Pietro Della Valle: Section on Persia. Translated by Shoaeddin Shafa. Tehran: Entesharate Elmi va (Farhangi. (In Farsi

Encyclopedia Iranica. n.d. Georgians in the Safavid Administration. Available online: http://www.iranicaonline.org/articles/georg- iavii .(accessed on 11 August 2018)

Erdem, Yusuf. 1996. Slavery in the Ottoman Empire and its Demise 1800–1909. London .and New York: Springer

Eskandar Beig Monshi, Torkman. 1938. His- tory of Alam Aray Abbasi. Edited by Soheili (Khansari. Tehran: Eslamiye. (In Farsi

Figueroa, Don Garcia. 1984. Travelogue of Don Garcia De Sila Figueroa. Translated by Gholamreza Samii. Tehran: Nashre No. (In (Farsi

Ghaffarifard, Abbas Gholi. 2005. Woman in Safavid Historiography, 1st ed. Tehran: Amir .Kabir

Gordon, Matthew S. 2017. Introduction: Pro- ducing Songs and Sons. In Concubines and Courtesans: Women and Slavery in Islamic .History

Edited by Matthew S Gordon and Kathryn A. Hain. New York: Oxford University Press,

tions and Reorganisation of the Regional Order in the Caucasus by Safavid Iran: Preconditions and Developments Described by Fazli Khuzani. In Reconstruction and Interaction of Slavic Eurasia and Its Neighboring Worlds. Sapporo: Slavic Research Center.

Mirza Afandi, Abdollah Isfahani. 1995. On the Freedom of Eunuchs (first edition 1698). In A Collection of Persian Treatises: Book Four. Edited by Najib Mayel Heravi. Mashhad: Islamic Research Foundation, Astane Ghodse Razavi. (In Farsi)

Myrne, Pernilla. 2017. A Jariya's Prospects in Abbasid Baghdad. In Concubines and Courtesans: Women and Slavery in Islamic History. Edited by Matthew S. Gordon and Kathryn A. Hain. New York: Oxford University Press, pp. 52–74.

Najmabadi, Afsaneh. 2005. Women with Mustaches and Men without Beards: Gender and Sexual Anxieties of Iranian Modernity. Berkeley: University of California Press.

Nielson, Lisa. 2017. Visibility and Performance: Courteasans in the Early islamicate Courts (661-950 CE). In Concubines and Courtesans: Women and Slavery in Islamic History. Edited by Matthew S. Gordon and Kathryn A. Hain. New York: Oxford University Press, pp. 75–99.

Olearius, Adam. 2006. Travelogue of Adam Olearius: Safavid Persia from a German Traveler's Perspective. Translated by Ahmad Behpoor. (Tehran: Ebtekare No. (In Farsi

Rahbari, Ladan. 2009. Investigating Dis-pp. 1–11.

Grès, Yvonne. 1973. The Beautiful Ambassador: The Travelogue of French Ambassador to the Court of Shah Soltan Hossein Safavi. Translated by Ali Asghar Saeedi. Tehran: Tehran Publications. (In Farsi)

Hamid, Usman. 2017. Slaves in the name Only: Free Women as Royal Concubines in Late Timurid Iran. In Concubines and Courtesans: Women and Slavery in Islamic History. Edited by Matthew S. Gordon and Kathryn A. Hain. New York: Oxford University Press, pp. 190–206.

Jafarian, Rasul. 2011. New Knowledge about Gulaman and Kanizan in the Safavid Period. (Payame Baharestan 2: 1833–924. (In Farsi

Kaempfer, Engelbert. 1985. Travelogue of Persia. Translated by Keykavood Jahandari. (Tehran: Kharazmi. (In Farsi

Khatunabadi, Mohammad Saleh. 1708. Adab-e Seniye. In New Knowledge about Gulaman and Kanizan in the Safivid Period. 2 vols. Edited by Rasul Jafarian. Tehran: Payame Baharestan, issue 2, vol. 14, pp. 1833–924. (In Farsi)

Khosronejad, Pedram. 2016. The Face of AFRICAN Slavery in Qajar Iran–in Pictures. Available online: https://www.theguardian.com/world/iran-blog/2016/jan/14/african-slavery-in-qajar-iran-in-photos (accessed on 9 August 2018).

Losensky, Paul. 2009. Poetics and Eros in Early Modern Persia: The Lovers' Confection and the Glorious Epistle by Muhtasham K¯ash¯an¯ı. Iranian Studies 42: 745–64. [[CrossRef

Maeda, Hirotake. 2004. The Forced Migra-

courses of Sexuality during the Safavid Dynasty in Travelogues. Master's thesis, Department of Anthropology, Faculty of Social Sciences, Tehran University, Tehran, Iran. (In Farsi). Rahbari, Ladan. 2018. "Their Beastly Manner": Discourses of Non-Binary Gender and Sexuality in Shi'ite Safavid Persia. Open Cultural Studies 2: 758–70. [CrossRef] Rahbari, Ladan. 2020. Duffs and Puffs: Queer Fashion in Iranian Cyberspace. Middle East Critique 29: 69–86. [CrossRef] Ricks, Thomas. 2001. Slaves and slave trading in Shi'i Iran, AD 1500–1900. Journal of Asian and African Studies 36: 407–18. [CrossRef] Robinson, Majied. 2017. Statistical Approaches to the Rise of Concubinage in Islam. In Concubines and Courtesans: Women and Slavery in Islamic History. Edited by Matthew S. Gordon and Kathryn A. Hain. New York: Oxford University Press, pp. 11–26. Sanson, François. 1967. Travelogue of Sanson: Iranian Kingdom under Shah Suleyman. Translated by Taghi Tafazzoli. Tehran: Ibn Sina. (In Farsi). Seydiye, Simin. 2008. Three Manumission Documents from Safavid Period. Payame Baharestan 2: 16–21. Sharlet, Jocelyn. 2017. Educated Slave Women and Gift Exchange in Abbasid Culture. In Concubines and Courtesans: Women and Slavery in Islamic History. Edited by Matthew S. Gordon and Kathryn A. Hain. New York: Oxford University Press, pp. 278–96. Sherley, Anthony, Robert Sherley, and Thomas Sherley. 1983. The Travelogue of the Sherley Brothers. Translated by Avans. Tehran: Negah. (In Farsi). Taheri, Abolghasem. 1970. Political and Social History of Iran from Teymur's Death until the Death of Shah Abbas II. Tehran: Habibi. (In Farsi). Tavernier, Jean-Baptiste. 2003. Travelogue of Tavernier. Translated by Hamid Arbab Shirani. Tehran: Niloofar. (In Farsi). Tolmacheva, Marina. 2017. Concubines on the Road: Ibn Battuta's Slave Women. In Concubines and Courtesans: Women and Slavery in Islamic History. Edited by Matthew S. Gordon and Kathryn A. Hain. New York: Oxford University Press, pp. 163–89. Urban, Elizabeth. 2017. Early Islamic Models of Slave Motherhood. In Concubines and Courtesans: Women and Slavery in Islamic History. Edited by Matthew S. Gordon and Kathryn A. Hain. New York: Oxford University Press, pp. 225–43. Yaghoobi, Claudia. 2016. Yusuf's "Queer" Beauty in Persian Cultural Productions. The Comparatist 40: 245–66. [CrossRef] Zargar, Cyrus Ali. 2013. Sufi Aesthetics: Beauty, Love, and the Human Form in the Writings of Ibn'Arabi and 'Iraqi. Columbia: University of South Carolina Press.

خەیاڵکردن: تێکدانی خەیاڵسازییە کۆلۆنیالییەکان و دروستکردنی گێڕانەوە پۆست-کۆلۆنیالیزمییەکان*

نووسەر: ئۆما کۆتهاری

وەرگێڕ: ڕۆژان کوردستانی

پوختە

چیرۆکەکان تەنیا دەربڕینی خەیاڵی تاکەکەسی نین؛ ئەوان شێوەیەکی بنەڕەتین بۆ ڕێکخستن و ماناداندن بە جیهان. بەڵام ئەم ماناسازییە هەرگیز بێ چوارچێوە و بێ کاریگەری نییە. هەموو گێڕانەوەیەک لەناو تۆڕێکی پەیوەندیداری خەیاڵسازییە هاوبەشەکاندا و لەژێر سێبەری گێڕانەوە سەردەستەکاندا پێک دێت.

ئەم بەشە دەیەوێت پیشان بدات کە گێڕانەوە کۆلۆنیالییەکان - وەک ڕژێمێکی ماناسازیی دەسەڵاتدار - چۆن لە چوارچێوەی کولتووری، سیاسی و مێژوویی تایبەتدا دروست بوون و چۆن بە تێپەڕبوونی کات دەکرێت بخرێنە بەر ڕەخنە، لاواز بکرێن و هەڵبوەشێندرێنەوە.

بە پشتبەستن بە چیرۆکی گەشتێکی ناوازە و دوورودرێژ لە بەریتانیاوە بۆ هیندستان لە ساڵی ١٩٥٥دا (کە دایک و باوکم ئەنجامیان دا)، ئەم نووسینە پێشان دەدات کە نەتەوە داگیرکراوەکان نەک تەنیا لەژێر دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکوو لەژێر دەسەڵاتی گێڕانەوەیی و خەیاڵسازییەکانیشدا دەژین. ئەو گێڕانەوە داگیرکەرانە زۆرجار لەناو خەیاڵێکی فانتازیایی-ئامێزدا جێگیر دەبوون کە بەریتانیایان وەک ناوەندی مۆدێرنیتە، شارستانییەت و شکۆداری پیشان دەدا؛ وەک ئەوەی ناوەند (بەریتانیا) ناوەندی ڕووناکی، مۆدێرنیتە و پێشکەوتن بێت و پەراوێز (کۆلۆنییەکان) شوێنی دواکەوتوویی، پاشماوەی مێژوو و پێویستی بە «ڕزگارکردن» لەلایەن ناوەندەوە بێت.

ئەم گێڕانەوانە تەنیا وێنەیەکی سادەی خەیاڵی نەبوون؛ بەڵکوو توانیان ژارەزوو و ئاوات دروست بکەن، ژاراستەی تێگەیشتن لە کات و شوێن، دیاری بکەن. لەبەر ئەوە، گەشتکردن لە پەراوێزەوە بۆ ناوەند تەنیا گواستنەوەیەکی جوگرافییانە نییە، بەڵکوو گەڕانێکە بۆ ناو مانا و چوارچێوەیەک کە پێشتر لەلایەن ئەو گێڕانەوانەوە دامەزرابوو و دیاری کرابوو؛ بەڵام کاتێک ژیانی ناوەند ئەزموون دەکرێت، ئەو دووربینەی نێوان خەیاڵ و ڕاستی دەردەکەوێت. لەم ساتەدا گێڕانەوە سەردەستەکان دەست بە لاوازبوون و شکاندن دەکەن و شوێن بۆ گێڕانەوەی دژە-دەسەڵاتدار و دژە-کۆلۆنیالی دەکرێتەوە؛ ئەو چیرۆکانەی لە ئەزموونی زیندوو، هەست و ژیانی ڕاستەقینەی خۆیانەوە سەرهەڵدەدەن و بە وردی دەگۆڕێن بۆ گێڕانەوەیەکی پۆست-کۆلۆنیالی.

لەم پرۆسەیەدا، خەیاڵ تەنیا هەڵگری وێنە نییە؛ مەیدانێکی کێشەی مانا و دەسەڵاتە. ئەو شوێنە خەیاڵییەی لە دووڕەوە جوان و ئارام دەبینرێت، کاتێک لە نزیکەوە دەبینرێت دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی بوون و ناسنامەی نوێ. ئەم گەڕانە لەناو جوگرافیا تەنیا جوواڵەیەکی فیزیکی نییە؛ گواستنەوەیەکە لەژێر دەسەڵاتی گێڕانەوەی سەردەستەوە بۆ سەر بنەمای خۆ-ئەزموون، خۆ-ناسین و خۆ-گێڕانەوە.

وشە گرینگەکان: کۆلۆنیالیزم، خەیاڵسازی، گێڕانەوە پۆست-کۆلۆنیالییەکان، دووڕەدیمەن، گوندی ئینگلیزی.

من لە منداڵیدا، گەڕانی دووبارە و بێئەنجامی دایک و باوکم بۆ دۆزینەوەی گوندنشینی ئینگلتەرا بە هەڵە دەزانی وەک نیشانەی نەشارەزاییان بە جیهان؛ بەڵام دواتر بۆم ڕوون بووەوە کە ئەو گەڕانە بەرهەمی تێکچوونی خەیاڵ و مێژووی کۆلۆنیالی بوو. لە ساڵانی شەستدا لە لەندەن، یەکشەممەی هەر حەوتوویەک لە هاویندا، خێزانەکان بە ئۆتۆمبێل دەچوون بۆ گەڕان بەدوای شوێنێکی ئارام و لادێیی بۆ گەشتوگوزار، گەشتێک کە لە ڕووی ڕووکارەوە چالاکییەکی ئاسایی خێزانی بوو، بەڵام لە ژێرەوەدا بەدواداچوونی وێنەیەکی ئایدیالیزەکراوی نیشتمان بوو. دایک و باوکم، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی بەریتانیادا لە هیندستان خوێندبوویان، لە چوارچێوەی سیستەمی پەروەردەی کۆلۆنیالیدا پەروەردە کرابوون و ڕۆمانتیسیزمێکی کۆلۆنیالیستییان لە ناخیاندا جێگیر ببوو؛ گوتارێک کە گوندنشینی ئینگلتەرا وەک فەزایەکی تاک، پاک و ئەفسانەیی دەگێڕاوە و ئارەزووی سەردانی ئەو شوێنەی لە دڵیاندا دروست

کردبوو.

وەک حەنیف قورەیشی (٢٠١٤) ئاماژە دەکات، بۆ زۆرێک لە کۆچبەرانی هیندی، گوندنشینی ئینگلتەرا لە هەمان کاتدا خاکێکی بێگانە و شوێنێکی ئارەزوومەند بوو؛ پەیوەندییەک کە لەناویدا نامۆیی و ڕاکێشان بە شێوەیەکی دووڕەهەندی تێکەڵ دەبوون. بەم شێوەیە، لەم یەکشەممانەدا لە پایتەخت دوور دەکەوتینەوە بەدوای دیمەنێکی ئەفسووناوی کە بتوانێت «ئینگلتەرای سەوز و خۆش» - ئەو وێنەیەی لە ئەدەبیات و گوتاری نەتەوەیی کۆلۆنیالیدا بەرهەم هاتووە - نیشانمان بدات. ئێمە لەناو ئۆتۆمبێلی "مۆریس مینی ماینەرە سووڕە دووەدەرگاکەماندا" قەتیس دەبووین، کە سەبەتەی پیکنیک و فلاسکێکی تێدا بوو و ئێمە سێ خوشک لە کورسیی پشتەوە دادەنیشتین. لە پەنجەرە بچووکەکانی ئۆتۆمبێلەکەوە سەیری دەرەوەمان دەکرد و دەمانبینی دیمەنەکان چۆن دەگۆڕێن. ژینگەی چڕی شارستانیی لەندەن دەگۆڕا بۆ پەراوێزی شار، پاشان بۆ زنجیرەیەکی درێژی کوێرەگوندەکان، پێش ئەوەی بگەنە کێڵگە و دارستانە سەوز و فراوانەکان - گواستنەوەیەک کە وەک گواستنەوە لە مۆدێرنییەتی شارەوە بۆ خەیاڵی «سروشتی پاک» دەردەکەوت.

بێ ماندووبوون بە ڕێگا گوندییەکاندا دەسووڕاینەوە؛ دەگەڕاین و سەیری دەوروبەرمان دەکرد، بەڵام زۆرجار بڕیارمان دەدا نەوەستین وەک ئەوەی هیچ شوێنێک نەتوانێت بەتەواوی لەگەڵ وێنەی لەپێشتر دروستکراو یەک بگرێت.

لەو گەڕانە یەکشەممانەماندا، ئەو «ئایدیاڵ»ـەی گوندی (گوندی خەیاڵی) هەرگیز بەتەواوی بەدی نەهات؛ دوای چەندین کاتژمێر شۆفێری، کەشوهەوای گەرم و لەناو مشتومڕ و نائومێدیدا، دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەکەمان لە باکووری لەندەن، چونکە جارێکی تر گوندنشینی شکۆمەندی ئینگلیزی - وەک ئەوەی لە خەیاڵدا دامەزرابوو - بە نەسیبمان نەدەبوو. گیاکان زۆر زبر بوون، گردەکان وەک لەو گێڕانەوە ڕۆمانتیکییەکاندا دەیانگوت نەبوون، خۆر بە دەگمەن بۆ ماوەیەکی درێژ دەدرەوشایەوە و ئەگەر لە ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزین، مێرووڵەکان بە بۆنی خواردنەکان کۆ دەبوونەوە و زۆر کاتمان بە دوورکردنەوەیان تێپەڕ دەبوو. بەڵام کاتێک فەرشێکمان لەسەر چیمەنی باخچەی پەراوێزی شارەکەمان بڵاو دەکردەوە و ڕۆتی و کاریمان دەخوارد، ئەو نائومێدییە گرنگیی نەدەما - و هەمیشە یەکشەممەیەکی تر هەبوو.

ئێمە بەردەوام ئەو گەشتانەمان دەکرد، بەڵام هەر جارێک بە کەمبوونەوەی تامەزرۆیی و زیادبوونی نائومێدیی پێشبینیکراو؛ چونکە گەڕان بەدوای گوندنشینییەکی ئینگلیزی تەواو و بێکەموکووڕ - وەک ئەوەی لە خەیاڵی کۆلۆنیالیدا دروست کرابوو - دووبارە و دووبارە بە شکست کۆتایی دەهات و... ئەوە ئەنجامی گەڕانی دووبارە و بێئەنجامەکەمان بوو، هەتا ئەو کاتەی دوای چەندین هەوڵی شکستخواردوو، دایک و باوکم و هاوڕێکانیان شوێنێکیان دۆزییەوە کە وەک وڵامێکی کاتی بۆ ئەو خەیاڵە درێژخایەنە دەردەکەوت: تەنیا چەند مایلێک لە ماڵەکەمان دوور بوو.

ڕۆیسلیپ لیدۆ

ئەم فەزا گوندنشینە، لە ناوچەی هیلینگدۆنی لەندەن، دەریاچەیەک و کەنارئاوێکی دەستکردی هەبوو. سەرەتا لە ساڵی ١٨١١دا وەک کۆگایەک (reservoir) دامەزرابوو بۆ دابینکردنی ئاوی کەناڵی گراند جانکشن (کە پاشان بوو بە گراند یونیۆن کەناڵ)؛ بەڵام لە ساڵی ١٩٣٣دا دووبارە کرایەوە و وەک لیدۆ (lido)یەکی گشتی بۆ مەلەوانی، بەلەمسواری و خۆشگوزەرانی ئامادە کرا. بەم شێوەیە، ئەو فەزایەی کە وەک سروشتێکی پاک و سەرەتایی دەردەکەوت، لە ڕاستیدا بەرهەمی دەستی مرۆڤ بوو - سروشتێکی ڕێکخراو، چاودێریکراو و سنووردار. ئێمە سواری ئەو بەلەمانە دەبووین کە لە کەناری ڕۆژئاوا بە کرێ تەرخان کرابوون، بۆ سووڕانەوە لەسەر ئاوە هێمنەکەدا؛ هەروەها سواری کەرەستەیەکی

دروستکراو دەبووین کە بەناو دارستانە کۆنەکاندا دەسووڕایەوە و بە دەوری گۆلەکەدا دەگەڕا. ئەم چالاکییانە تەنیا گەشتێکی سادە نەبوون، بەڵکوو شێوازێک بوون بۆ خۆگونجاندن و هاوسەنگی لەگەڵ وێنەیەکی دیاریکراو لە "لادێی ئینگلیزی".

دایک و باوکم لە کۆتاییدا لادێی ئینگلیزیی خۆیان دۆزییەوە: شوێنێکی هەڵبژێردراو، ڕێکوپێک و سنووردار، لە کۆتایی هێڵی میترۆپۆلیتان؛ فەزایەکی سەلامەت و کۆنترۆڵکراو کە تێیدا سروشت بە شێوەیەکی ئارام و بێ مەترسی پیشان دەدرا. ئێمە وازمان لە گەڕانە بێسنوورەکە هێنا و ڕۆژە درێژەکانی هاوینمان لەوێ بەسەر برد - هەرچەندە وێنەکان بە پاڵتۆ و ملپێچ نیشانمان دەدەن کە زۆرجار هەستمان بە ساردی دەکرد؛ بەڵام ڕازی بووین کە شوێنێکمان دۆزیوەتەوە کە «بە قەدەر پێویست ئینگلیزی» بوو.

بەم شێوەیە، ئێمە بووینە نموونەیەک بۆ ئەو تێبینییەی ئەمیت ڕۆی (٢٠٠٦) کە دەڵێت هیندییەکان هەستی تایبەتی خۆیان دەخەنە سەر ئەوەی چی لە لادێکانی ئینگلتەرا ئیلهامیان پێ دەدات. دایک و باوکم شێوازی تایبەتی خۆیان بۆ بینین، ئارەزووکردن و گۆڕینی ڕوویسلیپ لیدۆ پەرە پێ دا؛ ئەوان شوێنەکەیان گۆڕی بۆ فەزایەکی ئاشنا، خاکێکی هەستپێکراو کە دەتوانرێت لە ڕۆژێکی هاویندا بە خۆشی تێیدا بمێنینەوە. ئەمە جۆرێک لە «دروستکردنی شوێن» بوو - گۆڕینی فەزایەکی گشتی بۆ ناوچەیەکی مانادار و تایبەت لە ژیانی دیاسپۆرادا.

بەڵام گومانم هەیە کە ئەوە تەنیا گۆڕینی لیدۆ بۆ گوندنشینییەکی ئایدیاڵ بووبێت؛ چونکە گەڕانی ناوەوەمان هێشتا بەردەوام بوو. لە ڕووی منەوە، گەڕان بۆ «لادێی ئینگلتەرا» هێشتا تەواو نەببوو. لیدۆ خۆش بوو، بەڵام کاتێک لەگەڵ هاوڕێ سپیێستە بەریتانییەکانم ڕۆژێک بۆ گەڕان بە ئۆتۆمبێل دەچووم، هەمیشە وا دیار بوو کە دایک و باوکی ئەوان ئەو لادێیە شکۆمەندەیان دۆزیبووەوە کە دایک و باوکی من نەیانتوانیبوو بیدۆزنەوە: چۆڵەوانی سەوز و گەشاوە، دارستانەکان کە تیشکی خۆر لەناو دارەکاندا دەکەوێتەوە، چەمە پێچاوپێچەکان. وەک ئەوەی ئەوان بزانن لە کوێ و چۆن ئەو شوێنانە بدۆزنەوە. بەڵام ڕەنگە من ئەو شوێنانەی خۆمانم وەک ئەو شوێنانەی ئەوان جوان نەبینیبێت. ئەم جیاوازییە لە توانا و لێهاتوویی گەورەسااڵانداە هەستێکی بێڕەحمی لە منداا بەرامبەر بە دایک و باوکم وروژاند. من ئەوکات تێنەگەیشتم کە ئەوان و هاوڕێکانیان لە زێدی خۆیان دوورخراونەتەوە و هێشتا لە پرۆسەی خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگایەکی نوێ و چوارچێوەی نەتەوەیی کۆلۆنیالیدا بەردەوام بوون.

لە کاتێکدا کە ئەم هەوڵە بۆ جێگیرکردنی ژیانێکی نوێ بە شێوەیەکی سنووردار و ئارام دەردەکەوت، ئەوەی لەژێر ئەم دیاریکردنەدا شاراوە مابوو، ئەو بوێری و بێخەمییە بوو کە لە گەنجییاندا هەیانبوو. وڵاتێکی تەواو نوێ، بە دابونەریت و سەلیقە و شێوازی ژیانی جیاواز. بەڵام من ئەوکات ئەوانم بە دونیانەدیو، بێگەشت، بێتوانا و سنووردار دەزانی.

ئەو گەشتانەی کە بە شێوەیەکی ئاگادار و هەڵبژێردراو ئەنجام دەدران - وەک هەڵبژاردنی ڕوویسلیپ وەک شوێنێکی سەلامەت و کۆنترۆڵکراو - ئەو ڕاستییەیان نەخستە ڕوو کە ئەوان جارێک بوێر و بێخەم بوون. لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٥٥، لە ناوەڕاستی بیستەکانی تەمەنیان و ماوەیەکی کەم دوای هاوسەرگیرییان، دایک و باوکم بە کەشتییەک لە بۆمبای هیندستانەوە بەرەو ساوسهامپتۆن لە ئینگلتەرا بەڕێکەوتن. لە بەندەرەکەدا سواری شەمەندەفەر بوون و لەگەڵ گەیشتنیان بە لەندەن، ئۆتۆمبێلێکی دەستی دووی مۆریس مینۆریان کڕی. شەش مانگ دواتر، بە هەمان ئۆتۆمبێلەوە لە ڕێگای وشکانی بۆ هیندستان گەڕانەوە. ئەوان دەستیان بە گەشتێک کردبوو کە پێیان وابوو دەبێتە سەرگوزشتەیەکی دوورودرێژ. هەرچەندە ئەم گەشتە چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش و پڕ لە وردەکاری بوو، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ ئەزموون و بیرکردنەوەکانیان لە چوارچێوەی گفتوگۆ و گێڕانەوەی خێزانی و کۆمەڵایەتیدا جێگای خۆیان نەدۆزییەوە.

ئەوان بە تەواوی باسی چیرۆکەکانیان نەدەکرد و منیش دواتر ئامادەی گوێگرتن و تێگەیشتن لێیان نەبووم. لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، چەند ساڵێک دوای گەڕانەوەیان بۆ هیندستان، لە لەندەن کارێکیان پێشکەش باوکم کرد و کۆچیان کردەوە بۆ بەریتانیا. لەو کاتەدا کە خەباتیان دەکرد بۆ نیشتەجێبوون و خۆگونجاندن لە وڵاتێکی بێگانە، کات و دەرفەتی کەم هەبوو بۆ دەربڕینی نۆستالژیا یان بیرەوەرییەکانی ڕابردوو. بۆیە یادەوەرییەکانیان لە قۆناغێکی بێخەمی و گەنجی لە ژیانیاندا شاردەوە. لە ساڵانی خوێندنی سەرەتاییمدا، کاتێک دایک و باوکم هەندێک جار ڕووداوێکیان لەو گەشتە دەگێڕایەوە، من زۆر گرنگیم پێ نەدەدا. نەمدەتوانی وێنەی ئەوە دروست بکەم کە ئەوان بە جارێک گەنج و بوێر و هاوکات پڕ لە ئەزموون بن. ئێستا دەزانم کە تەنیا کاتێک دەتوانیت چیرۆکێک ببیستیت کە ئامادە بیت بۆ بیستنی - وەک ئەوەی دەڵێن گوێگرتن خۆی پرۆسەیەکی پێگەیشتن و گەشەکردنە. بەڵام کاتێک دایک و باوکم زیاتر ئاسوودە بوون، لە ژیانیان لە بەریتانیا جێگیرتر بوون و کەمتر سەرقاڵی کاروباری ڕۆژانە بوون، هەستیان کرد دەتوانن بیر لە ڕابردوویان بکەنەوە. زۆرجار هەندێک یادەوەریی کورت لە ژیانی پێش هاتنیان بۆ لەندەنیان دەگێڕایەوە. منیش زۆر بەوردی، بە حەز و ڕێزەوە دەستم دەکرد بە گوێگرتن. دواتر هانیانم دەدا بۆ بیرهێنانەوەی ئەڵقە سەرنجڕاکێشەکانی ژیانیان؛ پرسیارم دەکرد، هانم دەدان و دڵنیام دەکردنەوە کە چیرۆکەکانیان گرنگ و بەنرخن.

لە زمانی گوجاراتیدا زاراوەیەک هەیە بۆ گوێگرێکی چیرۆک، "سامبلا" (sambla)، ئەو کەسەی چیرۆکەکان وەردەگرێت و قبووڵ دەکات کە یادەوەرییەکانی گێڕەرەوە ناچار لەگەڵ بیرەوەرییەکانی خۆی تێکەڵ دەبن. بەم مانایە، یادەوەری تەنیا مووڵکی تاکەکەس نییە؛ بەڵکوو لەنێوان گێڕەرەوە و گوێگر دروست دەبێت و پەرە دەستێنێت. سامبلا ئەوە دەزانێت کە بەم تێکەڵبوونەوە، خۆی لەژێر کاریگەریی ئەو چیرۆکانەدا دەبینێتەوە و گۆڕانی بەسەردا دێت. لەم ڕوانگەیەوە، گوێگرتن خۆی کردارێکی دروستکردنی مانا و ناسنامەیە؛ پرۆسەیەک کە تێیدا ڕابردوو دووبارە لەناو گێڕانەوەدا دەبینێتەوە و خەیاڵە پێشووەکان لەژێر تیشکی یادەوەری و گوێگرتنە نوێیەکەدا دەکەونە بەر هەڵوەشاندن و نووسینەوە. وردە وردە، لەگەڵ دەرکەوتنی چیرۆکەکانیان، نەرێنییەکانی منیش - ئەو هەستە سەرەتاییانەی کە بەرامبەر بەو گەڕانە بێئەنجامانە و سنووردارییەکانیان هەمبوو - دەستیان کرد بە هەڵوەشاندن و گۆڕان. تێڕوانینی من سەبارەت بە دایک و باوکم سنووردار بوو؛ لە ڕاستیدا ئەوان زۆر چالاکتر و نوێخوازتر بوون لەوەی من لە سەرەتا دەمبینی. من و خوشکەکانم جاروبار لێمان دەپرسین بۆچی بڕیاریان دا گەشتێکی ئەوەندە بوێرانە و دوورودرێژ ئەنجام بدەن و داوامان لێ دەکردن دووبارە چیرۆکەکە بگێڕنەوە بۆمان.

دایکم بە خۆشییەکی ڕاستەقینە و بە ئاسانی وڵامی دەداوە و دەستی دەکرد بە بیرهێنانەوەی گەنجییان: "ئێمە خەڵکی ئاسایی بووین؛ شوێنمان نەدیتبوو، بەڵام بوێر بووین. دەمانویست دونیا ببینین." ئەوەی زیاتر لەو گەشتە درێژە لە بیرم ماوە وێنەکانن کە پڕن لە خۆشەویستی: لەسەر پردێک یان گردێک شانبەشان وەستابووین و دەوروبەرمان دەڕوانی.

بەپێچەوانەی ئەو ئەزموونەی ئایرین کاکاندێس (Irene Kacandes, ٢٠٠٩) باسی دەکات - کە باوکی حەزی لە قسەکردن لە ڕابردووی تروماتیکی نەبوو و بە دەستەوە نەدەدرا باسی بکات - دایک و باوکم بە حەماسە و دڵخۆشی قسەیان لە گەشتەکانیان دەکرد. چیرۆکەکانیان بە گشتی خۆشحاڵ، زیندوو و پڕ لە ژیان بوون. بە سەخاوەت و بە چێژەوە بیرەوەرییەکانیان باس دەکرد.

ئەم چیرۆکانە بەدرێژایی ساڵ دەردەکەوتن و مێژووی خێزانەکەمانیان زیندوو دەکردەوە. لە کۆبوونەوە خێزانییەکاندا، یان کاتێک ڕووداوێک یان کەسێک یادەوەرییەکی دەوروژاند، ئەوان چیرۆکی گەشتەکەیان دەگێڕایەوە. هەندێک چیرۆکیش

بەهۆی ڕووداوەکانی ئێستاوە هان دەدران. بۆ نموونە، سەختبوونی یاساکانی کۆچ و قەیرانی پەنابەران لە ئەوروپا هۆی ئەوە بوو کە بیر لەو ئاسانکارییانە بکەنەوە کە لە پەنجاکاندا بەهۆی پاسپۆرتەکانی کۆمەنوێڵس (Commonwealth)ەوە هاتوچۆکردن پێیان ئاسانتر بوو.

لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم چیرۆکانە، ڕوون بوو کە ئارەزوویان بۆ هاتوچۆ بۆ بەریتانیا و ئاواتەکانیان بە قوونڵی لەژێر کاریگەریی گێڕانەوەی سەردەستدا دەقی گرتبوو.

لە هیندستان، لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەر وێنەیەکی ئایدیاڵ و ڕۆمانتیک لە بەریتانیا دروست کرابوو: وڵاتێکی شارستانیتر، ڕێکخراوتر و تەنانەت شکۆدارتر. وەک زۆرێک لە خەڵکی کۆلۆنیالکراو، ناسینی ئەوان لە بەریتانیا لە ڕێگای پەروەردە، ئەدەب، فیلم و وێنەکانی کالێندەرە وێنەدارەکانەوە شێوەی گرتبوو - ئەو وێنانەی لە ماڵ و قوتابخانەکاندا هەڵواسرابوون. ئەمانە تەنیا بەشێکی هەڵبژێردراو و جوانکراوی بەریتانیایان نیشان دەدا و وێنەیەکی سنووردار و ئایدیاڵیان لەو وڵاتە دروست دەکرد. جوگرافیایەکی خەیاڵی دروست کرابوو کە تێیدا فەزای شارە گەورەکان و ئیمپراتۆرییەکان وەک ناوەندی شارستانییەت، پێشکەوتن و شکۆداری نیشان دەدران. لە ئەنجامدا، ئەم فانتازیایە کۆلۆنیالییانە - کە لە ڕێگای چیرۆک و سیمبۆلەکانی سەردەستەکانەوە دروست ببوون و ئەوان وەک سوژەی کۆلۆنیالیزم تێیدا قەتیس کرابوون - سەلیقە و خواستی ئینگلیزپەرستەکانیان پەرە پێ دا و حەز و ویستی سەردانی بەریتانیایان بە شێوەیەکی قوونڵ لە زەینیاندا جێگیر دەکرد. ئارت مالیک (Arti Malik, ٢٠١٦, p. ١) لەم بارەیەوە دەڵێت: کاتێک لێی دەپرسرێت بۆچی هاتووەتە بەریتانیا، هەمیشە وڵام دەداتەوە: "چونکە کاتێک ئێوە [ئینگلیزەکان] هاتنە هیندستان، پێتان گوتین ئێرە دڕەوشاوەترین شوێنە لەسەر زەوی."

ئەم فانتازیایە کۆلۆنیالییانە ئەوەندە بەربڵاو و قوونڵ بوون کە تەنانەت ناسیۆنالیستە دژە-کۆلۆنیالیستەکانیش - وەک دایک و باوکم - کەوتنە ژێر کاریگەرییان و هان دران بۆ سەردانی ناوەندی ئیمپراتۆرییەت. وەک محەمەد ڕەحمان (Mohammed Rahman, ٢٠٠٩, p. ١٣٠) دەنووسێت: "لەنێو ئەو هیندییانەی لە کۆلۆنییەکانی ژێر دەستی بەریتانیادا گەورە بووبوون، بەتایبەتی ئەوانەی بە ئینگلیزی خوێندبوویان، کەم کەس هەبوو کە حەزی لە سەردانکردنی بەریتانیای نەکردبێت."

لەگەڵ زیادبوونی دەرفەتی گەشتکردن دوای کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم (١٩٤٥) و سەربەخۆیی هیندستان (١٩٤٧)، ئەوانەی ئامادە بوون و توانایان هەبوو، دەیانتوانی ئارەزووی لەمێژینەی خۆیان بەدی بهێنن و ئەو شوێنانە ئەزموون بکەن کە پێشتر تەنیا لە ڕێگای چیرۆک، وێنە و گێڕانەوەی سەردەستەوە ناسێندرابوون. ئەم گێڕانەوانەی بەریتانیایەکی خەیاڵی و شکۆمەند کاریگەرییەکی قوونڵیان لەسەر دایک و باوکم هەبوو و هانی دان بۆ دەستپێکردنی گەشتێک کە لە سەرەتادا سەرسامییەکی گشتگیر و بێپرسیار بۆ شارستانیەتی ڕۆژئاوا پەرەی پێ درا. ئاشنابوونیان بە ڕەوتی بیرۆکە، بەها و نوێنەرایەتییە سەردەستەکانی بەریتانیا وای کرد تێگەیشتنێکی قوونڵیان لەبارەی مێژوو و شوێنە بەناوبانگەکان پەیدا بێت.

بۆیە، سەفەر بۆ بەریتانیا زیاتر وەک پشتڕاستکردنەوەی ئەوە دەچوو کە پێشتر لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆک و وێنانەی لەلایەن سەردەستانەوە لە خەیاڵیاندا جێگیر کرابوو، نەک وەک سەفەرێک بۆ شوێنی نەناسراو. لە هیندێک ڕووەوە، گەشتەکانیان بۆ ناو دڵی ئیمپراتۆریەت زیارەتێک بوو بۆ بیرۆکەکان سەبارەت بە بەریتانیا کە بە قوونڵی لە خەیاڵی بەکۆمەڵی هیندییەکاندا جێگیر ببوو (ڕەحمان، ٢٠٠٩، ل ١٣٣).

لە ئەنجامدا، کاتێک گەیشتنە بەریتانیا، هەستیان وەک ئەوە بوو کە ئەو شوێنەیان پێشتر دیوە - هەرچەندە یەکەمجار بوو دەیانبینی. لە سەرەتای گەشتەکەیاندا، بەریتانیا لە ڕێگای ئەو وێنانەوە دەبینرا کە چیرۆکە

کۆلۆنیالییانە پێشتر لە زەینیاندا دروستی کردبوو. ئەم کاریگەرییانە بە باشی لە ئەزموونی گەشتەکانی دایک و باوکمدا دەبینرێت: سەردانی شوێنە مێژووییە بەناوبانگەکانیان دەکرد و لەناو دیمەنە سەرنجڕاکێش و جوانەکاندا بە ئۆتۆمبێل تێدەپەڕین. زۆریان حەز دەکرد لە ئۆکسفۆرد و کامبریج وەک ناوەندەکانی پلەبەرزەکانی پەروەردەی بەریتانی، کات بەسەر ببەن و سەرنجیان ڕاکێشرابوو بۆ وەستان لە کەنارەدەریاکان، کاتێدراڵەکان (کلیسا گەورەکان) و قەڵاکان کە لە ماوەی خوێندندا خەیاڵیانی پڕ کردبوو.

ئەم خەیاڵ و بینینانە زیاتر لەلایەن کتێبی ڕێنمایی گەشتیارییەکەیانەوە کە زیادتر پێداهەڵگوتنی تێدابوو پەروەردە کرابوون، کە حەز و ئارەزوو بۆ گەشتیاران ساز بکەن و هانیان بدەن کە بەریتانیا شوێنێکی جوان و خاوەن گەشتیاری زۆرە: وڵاتێک کە بەهۆی پێکهاتە، شوێن و مێژووەکەیەوە، جوانی و سەرنجڕاکێشی پێشکەش بکات بە گەشتیارەکان لە هەر وڵاتێکی دیکەی جیهان.

جگە لە باسکردنی شکۆ و جوانکارییەکانی بەریتانیا، شێوەی دیکەی چیرۆکگێڕانەوەش هەبوون کە کاریگەرییان لەسەر پلانی گەشتەکەی دایک و باوکی من هەبوو. هەندێک لە گرنگترین شوێنەکانی گەشتەکەیان شوێنە سمبۆلیکییەکان بوون کە پەیوەندییان بە ئەدەبی ئینگلیزییەوە هەبوو. ئارەزووی سەردانی ئەم شوێنانە لە ناسنامەیەکی قوواڵەوە لەگەڵ بەرهەمەکانی شاعیران، شانۆنووسان و ڕۆماننووسانی بەناوبانگی بەریتانی هاتبووە ئاراوە، کە نووسینەکانیان لە بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکاندا وەک خوێندنەوەیەکی زۆر پێویست دابین کرابوون. ئەو کتێبە ئەدەبییەی Longman کە زۆر خوێندبوویانەوە، بە تۆندی هاندەری ئەوە بوو کە بچنە شوێنی لەدایکبوونی ویلیام شەکسپیر، سەردانی ماڵی لۆرد بایرۆن بکەن و بچنە ئیدنبەرە (پایتەختی سکۆتلەند) چونکە پەیوەندییەکی قووڵی بە والتەر سکۆتەوە هەیە.

جگە لە ئاشناییەکی قووڵ لەگەڵ ئەم نووسەرە کلاسیکانەدا لە ماوەی پەروەردەی کۆلۆنیالیدا، ڕۆیشتنی بەرفراوانی کتێبە ئینگلیزییەکان بە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتەکە وای کردبوو کە دەستیان بگات بە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی بەریتانی و ئارەزوویان بۆ بەرهەمەکانی جۆرج ئۆروێڵ، گراهام گرین، سۆمەرسێت ماگهام و ئەگاتا کریستی - کە لە ئاستێکی جیهانیدا زۆر بەناوبانگ بوو - گەشەی کردبوو. لە ئەنجامدا، لە ڕێگەی ئەم کتێبکۆچییەوە، بەرهەمە ئەدەبییەکان کۆچیان کردووە بۆ بەشە جیاوازەکانی جیهان، نەریتەکانی خوێندنەوەی ناوخۆییان گۆڕیوە و بیرۆکەیەکی دیاریکراویان سەبارەت بەوەی چیرۆکێکی باش چییە دامەزراندووە. ئەم کاریگەرییە قووڵەی بەرهەمە ئەدەبییە بەریتانییانە وەک جێبەجێکردنی ئەو فەرمان و باوەڕانە بوو کە لەلایەن بنیاتنەری سیاسەتی پەروەردەی کۆلۆنیالی بەریتانیا لە هیندستانەوە دەربڕاون.

لە کۆمەڵە وتارێکی فەلسەفی، ئیدنبەر لە ساڵی ١٨٤٦، Thomas Macaulay - مێژوونووس، شاعیر و سیاسەتمەدار - وتارێکی پێشکەش کرد: ئەدەبی بەریتانیا کاریگەرییەکی فراوانتری هەیە لە بازرگانییەکەمان و بەهێزترە لە هێزی سەربازیی ئێمە. ئەو لە وتارەکەیدا دەڵێت بەهای تەنیا یەک کتێبخانەی باشی ئەوروپی خۆی لە بەهای هەموو ئەدەبی ناوخۆیی هیندستان و عەرەبستان دەدات.

ئەم خەیاڵ و بینینانە زیاتر بەهێز کران بەهۆی کتێبی ڕێنمایی گەشتیارییەکەیانەوە بە ناوی "بەریتانیا: کتێبێک کە هەوڵ دەدات زیاتر لەوەی قەبارەکەی ڕێگەی پێ بدات کاریگەر بێت" (١٩٥٢)، کە تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی زیادەڕۆیانە بەریتانیا وەک شوێنی شکۆ و جوانی گەشتیاری پیشان بدات. وەک لەو کتێبەدا هاتووە: «وڵاتێک کە بەهۆی پێکهاتە، شوێن و مێژووی خۆیەوە، جوانی، سەرنجڕاکێشی و جۆراوجۆری زیاتر بە گەشتیارەکان پێشکەش دەکات بە نیسبەتی هەر وڵاتێکی دیکەی جیهان» (بەرنامەی

گەشتیاری بەریتانیا، ١٩٥٢، لاپەڕە ٧).
چیرۆکەکانی دایک و باوکم سەبارەت بە سەفەرە ئایینییەکانیان بۆ شوێنەکانی پەیوەندیدار بە شوێنەکانی ژیانی خولقێنەری بەرهەمە ئەدەبییەکان و سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە کۆلۆنیالییانە بەتەواوی پیشان دەدەن. لە ڕێگەی وەرگرتن و خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە لە شوێنێکی دیکەوە، کە لە کتێبەکاندا چاپ کرابوون و لە ناوچە جوگرافییە جیاوازەکانەوە گوازرابوونەوە، زانیاری دایک و باوکم سەبارەت بە کولتوور و زمانی بەریتانی دروست بووە و ڕۆڵێکی هاندەرانە و بگۆڕی لە گەشتەکانیاندا هەبووە. سەلیقە و هەڵبژاردەکانیان، کە لە چیرۆکە کۆلۆنیالییە کۆن و زۆربەکارهاتووەکانەوە کاریگەرییان لەسەر بووە سەبارەت بەوەی چی "ئەدەبی باش"ە، پەیوەندییەکی قوواڵی لەگەڵ بەرزکردنەوە و بەنرخاندنی زمانی ئینگلیزی هەبووە. بەڕاستیش وشەکانی باوکم - کە زۆربەیان کۆن و کەمبەکارهاتوو بوون - و هەروەها شێوازی قسەکردن و وشەدروستکردنەکانی، زۆر لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی کاریگەرییان وەرگرتبوو؛ ئەمەش هانی دا بوو کە بە تەواوی خۆی بۆ فێربوونی زمان تەرخان بکات. ئێمە پێدەکەنین بە هەڵە بەکارهێنانی وشەکانی و ئەو وەک شتێکی بێبایەخی دەبینی کاتێک ڕاستمان دەکردەوە و هیچ گرنگییەکی نەدەدا بە ڕاستکردنەوەی دەنگە هەڵەکانی؛ بەبێ وەستان هەر وشەیەکی نوێی دەدیت بەکاری دەهێنا، تەنانەت ئەگەر بە دروستی و بە وردی بەکار نەهێنرابێت. بۆ ماوەیەک دوای دەستپێکردنی گەشتەکەیان لە ساڵی ١٩٥٥دا، ئەوان پابەند بوون بە ئایدیاڵ و خەیاڵە کۆلۆنیالییەکان کە چاوەڕوانییەکانیان لە بەریتانیا دروست کردبوو.
بەڵام کاتێک "بەریتانیای ڕاستەقینە"یان بینی، کەمتر ئامادە بوون تەنیا ئەوەی دەیانبینی و هەستیان پێ دەکرد بەبێ بیرکردنەوە و بڕیاردان وەری بگرن و دەستیان کرد بە دروستکردنی چیرۆکەکانی خۆیان. ژیان لە بەریتانیا وای لێ کردن زیاتر هەستیار و ڕەخنەگر بن بەرانبەر کاریگەرییە کۆلۆنیالییەکان و دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لە هەڵبژاردە و ڕێگای دیکەی ژیان، جگە لەو جیهانبینییە داخراو و سنووردارەی کە پێشتر تێیدا دەژیان.
سەرەتا، ئەم گۆڕانکارییانە لە بیرکردنەوەیاندا سەبارەت بە ناوەندی ئیمپراتۆریەتەکە زۆر بە نهێنی و نەبینراو بوو، چونکە ڕەتی دەکردەوە ناسەقامگیری و نائارامی لەگەڵ تێگەیشتن لەوەی کە لە چیرۆکەکانیاندا پێیان گوترابوو یەکتریان ڕەت دەکردەوە بۆ ئەو شوێنانەی خەیاڵیان کردبوو تەنیا بەشێکی ساختە و خەیاڵی بوون. بە وردی، متمانەیان زیاد دەکرد؛ کاتێک چاوە کۆلۆنیالییە هەڵە و تێکچووەکە لە جێگەی چاوێکی بێفیلتەر و ڕاستەوخۆ جێگەی گرتەوە، دەستیان کرد بە خوێندنەوەی بەریتانیا بە شێوەیەکی جیاواز و ڕەخنەیان لەوە دەگرت کە پێشتر چۆن پێیان پێشکەش کرابوو پێش گەیشتنیان.
تێگەیشتن کە بەریتانیا چیدی پشتگیریی خەیاڵی کۆلۆنیالییان ناکات، بەڵکوو لەناو ژمارەیەکی زۆر لە هەست و کاریگەرییە نوێیەکاندا دایانگرت کە چیرۆکە سەردەستە کۆلۆنیالی و نەتەوەییەکان دەیانپەراندەوە. ڕوون بوو کە ئەو خەیاڵانەی لە ڕێگەی چیرۆکەکانیانەوە وەرگیرابوون نەگۆڕ و تاک و یەکجارەکی نەبوون. بەڵکوو هەمیشە لە ترسی ئەوەدا بوون کە ڕاستییەکان ئاشکرا ببن، چونکە ئەو وێنە ئەفسانەیی و زیادەهەڵئاوساوەی لەبارەی بەریتانیاوە هەیانبوو، لەگەڵ ڕاستیدا یەکی نەدەگرت؛ بەریتانیا جیاوازتر بوو لەوەی بۆیان گێڕدرابوو.
دایک و باوکم دەستیان کرد بە دروستکردنی «چیرۆکی دژ»ی تایبەت بە خۆیان، کە جۆرێک لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی پێ درابوو. کاتێک گەڕانیان بۆ ئەو وێنە بەرز و ئایدیالیزەکراوەی بەریتانیا لێیان ڕزگاری بوو، ڕوانینە ڕۆمانتیکییەکانیان سەبارەت بە بەریتانیا وەک جیهانێکی ڕۆشنبیرتر و ڕێکوپێکتر تووشی نائارامی، سەرزەنشت و دارمان بوو و دەستیان کرد بە لێکدانەوەی نوێی ئەو ئەزموونانە. ئەوان چیرۆکیان دەگێڕایەوە سەبارەت بە فرەیی تایبەتمەندی، ڕەفتار

و شۆینەکانی ژیانی ڕۆژانە - ئەو بابەتانەی لەو شتانە جیاوازن کە لە قوتابخانە، فیلم، کتێب و گۆڤارە بەناوبانگەکانی زمانی ئینگلیزیدا بڵاو کرابوونەوە و چێژیان لێ وەرگرتبوو.

بۆ ئەوان، زۆر سەرسوڕهێنەر بوو کە شایەتحاڵی فەقیریی بەریتانیایەکی دوای جەنگ بن، کە پڕ بوو لە وێرانە و شوێنە بۆمبڕێژکراوەکان. لەوەش زیاتر، لە کاتێکدا بەناو بەریتانیادا دەگەڕان، هەستیان دەکرد وەک کەسانێکی جیاواز سەیریان دەکرێت. هەرچەندە زۆرجار پێشوازییان لێ دەکرا و میواندارییان بۆ دەکرا، بەڵام هەندێک جار وەک نامۆ سەیر دەکران و بە سەیرکردنێکی نامۆیانە پێشوازییان لێ دەکرا. هەروەها ڕووبەڕووی کەسانی دیکە دەبوونەوە کە هەڵوێستی ڕەگەزپەرستانەیان هەبوو و سوودیان لە جیاوازییە پلەبەندییە باش لەبەرکراوەکان وەرگرتبوو، کە تێیدا دایک و باوکم وەک کەسێکی کەمتر دەبینران؛ بەڵام هەرچەندە تێگەیشتنە نوێ و جیاوازەکانیان سەبارەت بە وڵات پەرەی گرت و بەم شێوەیە وێنە کۆلۆنیالییە پێشووەکان لە لایاندا دەستیان کرد بە داڕمان، چیرۆکە نوێیەکانی پۆست-کۆلۆنیالییان ئەوەیان ئاشکرا کرد کە چۆن زۆرجار ڕووداوە ڕەگەزپەرست و دوژمنکارانەکان کەم دەکرانەوە یان بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو بیر دەخرانەوە.

هەندێک کەس ئەوەندە خۆش نەبوون، بەڵام دەیانگوت: "بۆچی ئەو شتە خراپانەمان لەبیر بمێنن؟ دڵ ئازار دەدات." کاتێک داوایان لێ دەکرا ئەو ڕووداوە ناخۆشانە بیر بهێننەوە، ئەوان وڵامیان دەداوە: «دڵ زۆر بچووکە بۆ ئەوەی جێگای ئەو بیرکردنەوە نەرێنییانە و هەستە خراپەکان بێتەوە» و بە جۆرێک سەرزەنشتیان دەکردین. باوکم جەختی لەوە دەکردەوە: "خەڵک بە گشتی لامان خۆشەویست بوون؛ زۆر بە دەگمەن کەسانێکمان ناسی کە خۆشمان نەوێن و ئەگەر بتانەوێت لەبیریان بکەم، ئەوە کاتێکی زۆری دەوێت." تەنانەت دەیگوت: "ئەوانەی بە هۆکارێک یان هۆکارێکی تر دژی ئێمە و شێوازی ژیانمان بوون، ئێمە ڕقمان لێیان نەبوو." بەڵام هەرچەندە زۆرجار لەو شتانەی کە بیریان دەهاتەوە دڵخۆشی پێوە دیار بوو، بەڵام هەندێک ڕووبەڕووبوونەوەی دژبەرانەش دەگێڕدرانەوە، زۆرجار بە فرمێسک و ئازار و خەمەوە. زیاتر لە جارێک باسی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ڕاهیبە ڕەگەزپەرستەکان و گاڵتەکردنیان لەلایەن کۆمەڵێک گەنجەوەم بیستووە. لە کاتێکدا هەندێک ڕووداوێکی ناخۆش مەیلیان هەبوو بە گاڵتەجاڕییەوە بگوازرێنەوە بۆ ئەوەی «دڵ ئازار نەدەن»، بەڵام ئەو ڕاستییەی کە ئەمانە و ئەڵقە خراپەکانی دیکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دەگێڕدرانەوە، نیشان دەدات کاریگەرییەکی قووڵ، درێژخایەن و دڵسۆزانەیان هەبووە.

جۆزێف زۆبێل (١٩٨٠) لە ڕۆمانی نیمچە ژیاننامەیی خۆیدا بە ناوی «کۆڵانی کەپرە ڕەشەکان» دەپرسی: چی دەکات چیرۆکێک شایەنی گێڕانەوە بێت؟ چیرۆکەکانی دایک و باوکم بە دڕەنگی و تەنیا لە سنووری فەزای ناوخۆیی ماڵەوە دەگێڕدرانەوە. دەیانتوانی بەتەواوی تایبەت بمێننەوە و وەک چیرۆکێکی کورت تەنیا لەنێوان ئەندامانی خێزاندا هاوبەش بکرێن. بەڵام کاتێک ئەم چیرۆکانە گەشەیان کرد و بەردەوام بوون، بۆم ڕوون بووەوە کە ئەوانە کۆمەڵە چیرۆکێکن کە نەک تەنیا شایەنی گێڕانەوەن، بەڵکوو پێویستە بیگێڕینەوە. کاتێک بیر لەوە دەکرێتەوە کە چی لەبیر دەمێنێتەوە یان لەبیر دەچێت، چی دەمێنێتەوە و چی لە دەست دەچێت و چی بە گرنگی دادەنرێت بۆ تۆمارکردن و پاراستنی بۆ نەوەکانی داهاتوو، بۆم ڕوون بووەوە کە ئەو ڕووداوە ناوازانەی کە پێکەوە کۆ دەبنەوە دەنگێکی جیاواز دروست دەکەن؛ چیرۆککەلێک کە پێویستە گوێی لێ بگیرێت و بناسرێت. وەک هونەرمەند و تیۆریستێکی کولتووری، ڕۆس گیبسۆن (٢٠١٥) دەنووسێت کە هەرچەندە چیرۆکەکان زۆرجار جیاواز بن و نزیک بە ژیانی تاکەکەسی بن، بەڵام دەتوانرێن وەک ڕوانینێکی ڕەخنەیی و بەدیل بەکار بهێنرێن بۆ

لێکۆڵینەوە لەو مێژووانە کە لە شوێنە تایبەتەکاندا و لە سەرانسەری جیهاندا دەردەکەون. ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی چیرۆکەکانی دایک و باوکمم بۆ گێڕانەوەی ئەزموونەکانیان. چیرۆکەکانیان سەبارەت بە گەشتێکی ناوازە و سەرنجڕاکێش بە ئۆتۆمبێل، کە تێیدا ئارەزووەکان، ڕێڕەوەکان، سەرقاڵییەکان و تێگەیشتنەکانیان باس دەکرێن، گێڕانەوەیەکی دەگمەنی گەشتیارانی ناڕۆژئاوایی پێشکەش دەکەن. ئەم گێڕانەوانە لە گێڕانەوە کۆلۆنیالییەکان و چیرۆکە گەشتیارییە باوەکانی نووسەرانی ئەوروپی و ئەمریکی جیاوازن.

ئەو بابەتەی کە سەیدیا هارتمان (٢٠٠٨) بە «بێدەنگی ئارشیفی» ناوی دەبات - کە تێیدا هەندێک چیرۆک لە سەرەتادا ون دەبن یان هەرگیز ناگێڕدرێنەوە - چیرۆکەکانی دایک و باوکم ئەوە نیشان دەدەن کە چ شتێک لە مێژووی هاوبەشی ئێمەدا نەماوە. ئێدوارد سەعید (١٩٧٨) دەنووسێت ئەوانەی پێشتر کۆلۆنیال کراون پێویستە ڕووبەڕووی ئەو تێکەڵبوونە ئاڵۆزانە ببنەوە کە لە ڕێگەی پڕۆسە کۆلۆنیالییەکانەوە دروست بوون و پێناسە و سنووردارياں کراون. گێڕانەوەی زاڵ و دەسەڵاتدارانە سەبارەت بە گەلانی کۆلۆنیالکراو، زۆرجار نە لەلایەن خۆیانەوە، بەڵکوو لەناو شێوازە گێڕانەوە کۆلۆنیالییەکاندا تێکەڵ کراون و بڵاو بوونەوە - وەک چیرۆکی فۆلکلۆر، ڕاپۆرتی زانستی بێلایەن یان ئەفسانە - کە تیپە بنچینەییەکانی کولتووریکی تر دەستنیشان دەکەن.

چیرۆکەکانی دایک و باوکم، چونکە نەگێڕدرابوونەوە و نەپارێزراو بوون و کاریگەرییەکی فراوانیان نەبوو و نەیانتوانی کاریگەرییان لەسەر خەڵکی زیاتر هەبێت. بۆیە ئێستا دەتوانم بە شێوەیەکی ڕوونتر ئەم چیرۆکانە بگێڕمەوە.

چیرۆکەکان ئەوە دەردەخەن کە شتەکان لە گۆڕاندان. بەڵام من ئاگادارم کە دەستڕاگەیشتن بە گێڕەرەوەی چیرۆکەکان لە سەرانسەری مێژوو و کولتووردا هەمیشە نایەکسان بووە. ئەو دەرفەتەی بۆم ڕەخساوە و توانای نووسینی ئەم گێڕانەوەیە، زۆر وابەستەیە بەوەی لین پیرس و نیکۆلا سپێرلینگ (٢٠٢٤) پێی دەڵێن "پەیوەندییەکی ئاڵۆزی هۆکارە مێژوویی تایبەتەکان: ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی-ئابووری، شوێنی جوگرافی و گوتاری بەردەست". من بەختەوەرم کە دەتوانم چیرۆکەکانی دایک و باوکم بگێڕمەوە، بەڵام ئەم ئیمتیازە لەو بەشداریە ڕەخنەیی و گرنگە کەم ناکاتەوە کە دەتوانم بیکەم: تۆمارکردنی چیرۆکێکی پێشتر پەراوێزخراو لە تۆماری گشتیدا. بەڵام گێڕانەوەی چیرۆکی دایک و باوکم کارێکی ساده نییە؛ بە ناچاری ئاڵۆز و پێچاوپێچە. چۆن چیرۆکەکەیان بە شێوەیەک بگێڕمەوە کە هەم تایبەتمەندییە نزیک و هەستبزوێنەرەکانی دایک و باوکم و گەشتەکانیان بگەیەنێت، هەم لە سنووری گێڕانەوەیەکی کەسی تێپەڕێت بۆ گێڕانەوەیەک کە دەنگدانەوەیەکی فراوانتری هەبێت؟ ئەمە پشت بە پراکتیک و هونەری گێڕانەوە دەبەستێت. لە کاتێکدا هەوڵ دەدەم ئەو چیرۆکە کەسی و پەرشوبڵاوانەی لە ماوەیەکی درێژدا بە شێوەیەکی بەش بەش گێڕدراونەتەوە پێکەوە ببەستم، تێدەگەم کە دروستکردنی گێڕانەوەیەکی یەکگرتوو لەم پارچەپارچەیە پێویستی بە ڕەچاوکردنی ئەمانە هەیە:

- چۆن یادەوەرییەکان کار دەکەن؛
- چیرۆکەکان چۆن دەگێڕدرێنەوە؛
- چۆن بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن.

دایک و باوکم ئەو ڕووداوانەیان هەڵبژاردن و دەیانگێڕایەوە؛ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕابردوویان بەوە لێک دەدایەوە کە جێیان هێشتووە و ئەوەی جەختیان لەسەر کردووەتەوە، ئەو بەشانەی قەبووڵیان کردووە و ئەوانەی شاردوویانەتەوە. یادەوەرییەکانیان سەرهەڵدەدات؛ ئەوان کۆگایەکی بێ جووڵە و بێدەنگ لە ڕاستییەکان نین، بەڵکوو پراکتیزێکی زیندوون کە هەست و ماناکان لە ڕێگەیانەوە دەگوازرێنەوە. هەرچەندە هەندێک بەش بە دووبارەگێڕانەوە سەرنجڕاکێشتر بوون، زۆربەی چیرۆکەکان بەدەگمەن بە شێوەیەکی یەکسان و بەردەوام گێڕدراونەتەوە. بە تێپەڕبوونی

کات، شێوە، جەختکردنەوە و تەرکیزەکانیان دەگۆڕان. لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەمەن و دووریی کات، چیرۆکە خۆشەکان و یادەوەرییە ڕۆمانسییەکان دەستیان کرد بە زاڵبوون بەسەر گێڕانەوەی سەرگەرمییە سەفەرییەکانیاندا. دایک و باوکم کەم کەم بەرەو پیری دەچوون و لە کاتێکدا کە من بە باشی تێگەیشتم کە چیرۆکەکانیان چەند گرنگن و دەستم کرد بە لێکۆڵینەوە لە وردەکارییەکان، یادەوەرییەکانیان کاڵ دەبوونەوە. ڕۆژێک کە باوکم نەیتوانی وڵامی پرسیارەکانم بداتەوە وتی:

"ببووە، کێشەکە لەدەستدانی یادەوەرییە. شتەکانم لەبیر چووەتەوە و گرنگییەکانیانم لەدەست داوە؛ ناتوانم وردەکارییەکانت پێ بڵێم. تۆ زۆر درەنگ ئەم چیرۆکانە کۆ دەکەیتەوە."

ئەم کەمبوونەوەی توانای بیرهێنانەوە تەنیا ئەنجامی پیربوون نییە، بەڵکوو بەشێکە لە شێوازی کارکردنی یادەوەری مرۆڤ. وەک کارمێن ماریا ماچادۆ (٢٠١٩، لاپەڕە ٢٧١) دەنووسێت: "کاتێک لە ڕووداوێک جیا دەبیتەوە، هەندێک شتی گرنگ بە تەواوی لەدەست دەچن." سیفەتێکی بنەڕەتی هەمیشە لەدەست دەچێت. لە دۆخی دایک و باوکمدا، ئەم لەدەستدانە هەندێکجار قەرەبوو دەکرایەوە؛ چونکە زۆرجار هەریەکەیان وردەکاریی جیاوازیان بیر دەکەوتەوە، بۆشاییەکانی یادەوەرییەکانی یەکتریان پڕ دەکردەوە و لەم ڕێگەیەوە یادەوەرییەکی هاوبەش دروست دەبوو. هەروەها پەیوەندیی نێوان بێژەر و گوێگر ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە شێوەدان بەو چیرۆکانەی دەگێڕدرێنەوە: ئەوەی چی دەگێڕدرێتەوە، چۆن دەگێڕدرێتەوە، کەی دەگێڕدرێتەوە و چی لەبیر دەکرێت. وەک گوێگرێک، من سوود لەو پەیوەندییە درێژخایەن و نزیکەی خۆم لەگەڵ دایک و باوکم و لەو پەیوەندییە سۆزدارییانەی نێوانمان وەردەگرم. بۆیە، لەو شوێنانەی کە بۆشایی هەیە، گریمانەی ئەوەم کردووە کە ڕەنگە دایک و باوکم چیان بیر هاتبێتەوە یان چیان هەست پێ کردبێت. وەک ماریا ستیپانۆڤا (٢٠١٧، لاپەڕە ٢٩) ئاماژەی پێ دەکات، منیش ئاشکرای دەکەم کە لە شوێنی ئەو یادەوەرییانەی تێیاندا نەبووم یان ڕووداوێک کە شایەتحاڵی نەبووم، لێکدانەوەی یادەوەرییەکانی دایک و باوکم هاوبەش دەکەم.

بە ڕوونکردنەوەی ئەو دەنگ و گێڕانەوەیانەی تا ڕادەیەکی زۆر لابراون، شاراوەن و پشتگوێ خراون و بە تۆمارکردنی ئەم چیرۆکانەی پێشتر بێدەنگ کراون لە ئارشیفدا، گێڕانەوەی دایک و باوکم وڵامی ئەو بانگەوازانە دەداتەوە کە جۆنی پیتس (٢٠١٩) پێشنیاری دەکات: هەڵگەڕاندنەوەی تۆمار و گوێگرتن لە «لایەنەکەی تر» واتە چیرۆکەکانی دەرەوەی چیرۆکە سەرەکییەکان. چیرۆکەکانی دایک و باوکم تەنیا باس لە چیرۆککێڕان و یادەوەری ناکەن، بەڵکوو باس لە کۆلۆنیالیزم و پۆست-کۆلۆنیالیزم، دیدار و پەیوەندییە جیهانییەکانیش دەکەن؛ و لە کۆتاییدا، سەرنج دەخەنە سەر ژیانی کەسانی ئاسایی کە بەشدارییەکی بچووکیان هەیە لە مێژوویەکی گەورەتردا. لە کۆکردنەوەی ئەو پارچانەی بەدرێژایی ساڵان دەنگیان داوەتەوە، هیوادارم چیرۆکەکانی دایک و باوکم - کە تێیدا مانا و هەستەکانی ناڕاستەوخۆی ڕابردوو دەگەنە ئێستا - ببنە هاندەرێک بۆ دروستبوونی جۆرە خەیاڵێکی نوێ و جیاواز.

*Kothari, U. (٢٠٢٦). Imagining: Disrupting Colonial Imaginaries, Creating Postcolonial Stories. In: Stories of Place. Palgrave Macmillan, Singapore. https://doi.org/٣_٤-٤٩٢١-٩٥-٩٨١-٩٧٨/١٠,١٠٠٧

سەرچاوەکان:

Behrendt, L. (٢٠٢١). After story. University of Queensland Press.

British Travel & Holidays Association. (١٩٥٢). Britain: a book which attempts to do more than its size permits. The British Travel and Holidays Association.

Memoryscopes: remnants .(٢٠١٥) .Gibson, R
.forensics aesthetics. Apollo Books
Venus in two acts. Small .(٢٠٠٨) .Hartman, S
Axe: A Caribbean Journal of
.(٢٠٠٩) .Kacandes, I .١٤–١ ,(٢)١٢ ,Criticism
Daddy's war: Greek American stories.
.University of Nebraska Press
My ear at his heart. .(٢٠١٤) .Kureishi, H
.Faber & Faber
In the dream house: .(٢٠١٩) .Machado, C. M
.a memoir. Serpent's Tail
Television has .(١٣ March ,٢٠١٦) .Malik, A
gone backwards- it's no longer
,colourblind. Radio Times. Accessed March
from https://www.radiot ٢٠٢٥
imes.com/tv/drama/art-malik-television-
has-gone-backwards-its-no-longer
colourblind
Recoding world .(٢٠١٦) .Mani, B. V
literature: libraries, print culture, and
Germany's pact with books. Fordham
.University Press
A visit to Europe. .(٢٠٠٢) .Mukhopadhyay, T
.Gale and the British Library
Auto/ .(٢٠٢٤) .Pearce, L., & Spurling, N. J
biography and mobilities in the
,time of climate emergency. Mobilities ١٩(٥),
.٨٢٢–٨٠٧
Afropean: notes from Black .(٢٠١٩) .Pitts, J
.Europe. Penguin UK
The Gaze: imperial .(٢٠٠٩) .Rahman, M. A
.Britain in Indian travel narratives
Doctoral Dissertation,. The) . ١٩٤٧–١٧٦٥
.University of Manchester
Indian artists inspired by .(٢٠٠٦) .Roy, A
English Countryside. Accessed
from https://www.telegraph. ٢٠٢٥ ,March
Indian-art/١٥٢٨٥٤٩/co.uk/news
ists-inspired-by-English-countryside.html
Orientalism. Pantheon .(١٩٧٨) .Said, E
.Books
In memory of .(٢٠١٧) .Stepanova, M
.memory. Fitzcarraldo Editions
The historiography of .(٢٠٠٥) .Whitehead, C
,British imperial education policy
,(٣) ٣٤ ,Part I: India. History of Education
.٣٢٩–٣١٥
.١٩٥٠ .Black shack alley .(١٩٨٠) .Zobel, J
Trans. Keith Q. Warner. Lynne Rienner
.Publishers

“ هەڵسەنگاندن ”

دیالێکتیکی ستەم و کەرامەت

ڕانانێکی پێکهاتەیی بۆ کورتەڕۆمانی «خاڵخاس»

کاروان مێراوی



ناساندن

کورتەڕۆمانی "خاڵخاس" لە نووسینی جەمیل سەرمەستی، نووسەر و دەرهێنەری خەڵکی شار سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە مانگی سەرماوەزی ٢٧٢٥ی کوردی، لەلایەن چاپەمەنیی "چوارچرا" و لە شاری سلێمانی، بە ژمارەی سپاردنی (٢٠٥٩) ی ساڵی ٢٠٢٥ی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان، بە تیراژی ١٠٠٠ دانە چاپ کراوە. ئەم کورتەڕۆمانە سێیەمین بەرهەمی چاپکراوی نووسەر و سەر بە ڕێبازی کلاسیکی قوتابخانەی ڕیالیزمە کە لە جۆری گێڕانەوەی "هەستبزوێن" و شێوازی ئەدەبیی ژیاننامەییە.

دەستپێک

ئەم بەرهەمە تراژیدیای گێڕانەوەی بەشێکی زۆر کەمی بەسەرهات و دۆخی تاڵی ژیانی نووسەرە لە سەردەمی منداڵیدا کە لە چواچێوەی کورتەڕۆمانێکدا نووسراوەتەوە. ئەگەرچی کاراکتەری سەرەکیی چیرۆکی ئەم کورتەڕۆمانە خودی نووسەرە وەک منداڵێکی قوربانیی جیابوونەوەی دایک و باوکی کە لە سۆزی باوەشی بنەماڵەکەی دابڕاوە و بێبەش کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا وێنای ژیانی بەشێکی زۆری منداڵانی کوردستانە کە قوربانیی کولتوورێکی داخراو و چەقبەستووی کۆمەڵگەن. لە کوردستاندا منداڵانی هاوشێوە کەم نەبوون و ئێستەش ئەگەرچی تا ڕادەیەک ئەو دیاردەیە کەم بووەتەوە، بەڵام هێشتا هەر ڕێژەیان بەرچاوە و ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکان یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕاپۆرت و هەواڵی قوربانیبوونیان دەبینین و دەژنەفین. لەوانەیە ئەو کەسانەی لە منداڵیدا قوربانی بوون و هەنووکە لە تەمەنێکی تردان و تەنانەت ئەوانەش کە ئێستە منداڵێکی قوربانین، گەورە ببن، توانا و بوێریی نووسینەوە یان گێڕانەوەی کارەسات و تراژیدیاکانی ژیان خۆیان نەبێت؛ بەڵام جەمیل سەرمەستی بە نووسینەوەی ئەم چیرۆکە، نەک تەنیا توانای نووسینەوەی بەشێک لە ئازارەکانی ژیانی خۆی هەبووە، بەڵکوو ئاوێنەیەکیشی دورست کردووە بۆ کەسانی هاوشێوەی خۆی تاکوو خۆیانی تێدا ببینەوە و ڕەنگە ڕێخۆشکەر و هاندەریش بێت هەتا ئەوانیش دەست بکەن بە نووسینەوەی خۆیان و ژیانیان لە هەر چوارچێوە و شێوازێکدا. لە کوردستان ڕێژەی ئەو گێڕانەوانەی کە نووسراوەنەتەوە، کەم نین، بەڵام زۆربەیان یان لە بازنەی بیرەوەریی تاکەکەسیی تاکە شۆڕشگێڕەکانە لەسەر ڕابردووی خۆیان و سەردەمی خەباتەکەیان نووسیویانە کە ئەمەش دەچێتەوە چوارچێوەی مێژوو، یان گێڕانەوەگەلێکی زارەکین لەسەر بابەتیگەلێکی دیاریکراو. زۆر دەگمەن کەسانێک هەبوون بتوانن گێڕانەوەکانی ڕابردووی ژیانی خۆیان بە شێوازی ئەدەبی دابڕێژنەوە. دەکرێت "خاڵخاس" بە یەکێک لەو دەگمەن گێڕانەوە ئەدەبییە ژیاننامەییانە ناودێر بکەین (لانی کەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا).

ئەدەبی ژیاننامەیی، یەکێک لە گرنگترین جۆرەکانی داڕشتنی ئەدەبییە کە پردێکی پتەو لەنێوان ڕابردوو و هونەری گێڕانەوەدا دروست دەکات. ئەم ڕەگەزە ئەدەبییە تەنیا گێڕانەوەیەکی وشکی ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکوو گەشتێکی قوواڵە بۆ ناو ناخی مرۆڤ، دۆزینەوەی پاڵنەرە شاراوەکانی پشت بڕیارە گەورەکان و نیشاندانی ئەو ململانێیە دەروونی و کۆمەڵایەتییانەیە کە کێشەتیی مرۆڤێکی پێ دەنووسرێتەوە؛ بەتایبەت ئەگەر ئەو مرۆڤە خودی نووسەر بێت. لە ڕێگەی ئەم ئەدەبەوە، خوێنەر دەرفەتی ئەوەی پێ دەدرێت کە ژیانی کەسانی دیکە بخوێنێتەوە و ئەگەر بۆی بکرێت ئەزموونەکانیان وەک وانەیەک بۆ فێربوون تاقی بکاتەوە و لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە سەیری جیهان بکات (بژار، ١٣، ٢٠٢٦).

تێری ئیگڵتن، بیردۆزەوان و ڕەخنەگری دیاری ئەدەبیی بریتانیایی، پێی وایە: گێڕانەوە، پارچەکانی جیهان - وەک ژیاننامە - لە یەک دەدات بۆ ئەوەی واتایەک بە ژیانی تاک ببەخشێت (ئیگڵتن، ٢٢، ٢٠٢٥). بەپێی ئەم بۆچوونە، نووسەری "خاڵخاس"

توانیویەتی پارچە شکاوەکانی دەروون و ڕۆحی ژیانی منداڵیی خۆی لە قۆناغێکی دیاریکراو و لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا وێنا بکات، نەک بۆ ئەوەی واتایەک بە ژیانی خۆی بدات وەک "تێری" ئاماژەی پێ کردووە، بەڵکوو بۆ ئەوەی مێژووش وەک بیرگەی خۆی ئەم ئازارانە لەبیر نەکات. سەرمەستی هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئازارەکانی ژیانی بە قەڵەمێکی ڕەوان و زمانێکی سادە داڕشتووەتەوە، باسی لە زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی ئێرانی داگیرکەر و هەوڵەکانی بۆ لەنێوبردنی کوردستان و کورد و هەروەها لە بەرانبەریشدا سەرهەڵدان و چڕۆ و چەکەرەکردنی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریی خۆی وەک نموونەی منداڵانی کوردستان کردووە کە لەژێر ناونیشانی خولیای پێشمەرگایەتی و بەهۆی دیمەنی لەسێدارەدانی تاکێکی کوردستانی لە گۆڕەپانێکی ناوەڕاستی شار و شوێنێکی گشتیدا گەیشتووەتە ترۆپک. ئەم بەرهەمە جیا لەوەی گێڕانەوەی ژیاننامەی تاکەکەسیی نووسەرە، دەکرێت وەک چاویلکەیەک لاپەڕەیەکی مێژووی پڕ لە ستەم، چەوسانەوە و بەرگریی نەتەوەیی لە کوردستان پێی بخوێنرێتەوە. لە درێژەی ئەم ڕانانەدا هەوڵ دراوە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم دەقە بخرێتە ڕوو.

تەکنیکی گێڕانەوە و پێشەکی

ناوەڕۆکی ئەم کورتەڕۆمانە پێکهاتەیەکی سووژەییە و کاتی نییە؛ واتە ڕێڕەوی گێڕانەوەکە لەسەر سووژەیەکی دیاریکراوە و کۆمەڵێک سووژەی تێکەڵاو و ئاڵۆز نییە؛ هەروەها کاتەکەشی دیاریکراو و لە ئاراستەی قۆناغێکی نزیک بە دوو ساڵ و نیوی ژیانی نووسەرە. ئەمەش دەکرێت بە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەم بەرهەمە دەستنیشان بکەین. خاڵێکی تری ئەرێنیی "خاڵخاس"، شێوازی گێڕانەوەی گێڕەرەوەیە کە نووسەر بە شێوەی هونەری ئەدەبی دایڕشتووەتەوە و خۆی کاراکتەری سەرکیی نێو چیرۆکەکەیە. تەنیا لە شێوازی نووسینی دەقی ئەدەبی ژیاننامەیی خودی، یان ڕۆمانی ژیاننامەیی خودیدا دەکرێت خودی نووسەر گێڕەرەوە و کاراکتەری سەرەکیی نێو دەقەکە بێت (ئەڵوەنی، ٢٠٢٥) کە سەرمەستی لەم کورتەڕۆمانەدا بەباشی کەڵکی لەم تەکنیکە وەرگرتووە و دەتوانین بڵێین بەم تەکنیکەش نووسینەوەی چیرۆکەی ژیانی خۆی، بردووەتە چوارچێوەی شێوازی "کورتەڕۆمانی ژیاننامەیی خودی"؛ ئەڵبەتە ناکرێت تەنیا ئەم تەکنیکە بە پێوەری سەرەکی دابنێین و هەر بەم پێوەرەش دەقەکە بپێوین. وەک چۆن ئەم دوو خاڵە ئەرێنییە خرانە بەر باس، ئەم دەقەش وەک هەر نووسینێکی تر، بێگومان دوور لە ڕەخنە نییە و دەبێت ئاماژە بە ڕەخنە و خاڵە نەرێنییەکانیش بکرێت.

ڕەخنەیەکی بەرچاو لەم بەرهەمە، پێشەکی و بەتایبەت ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی دەقەکەیە لەو پێشەکییەدا، کە هیچ پێویست نەبوون و بەتەواوی زیادەن. لە ڕاستیدا دەبێت تەکنیکەکانی گێڕانەوە، شێوازی داڕشتن و وێناسازیی ناو گێڕانەوەکە ئەوە بە خوێنەر بگەیەنن کە ئەم دەقە چیرۆکی بەسەرهات و ئازارەکانی ژیانی نووسەرە؛ چونکە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی چیرۆکبێژە و مرۆڤەکان لە ڕێگەی گێڕانەوە و ڕەوایەتەکانەوە دەتوانن نەک تەنیا لە جیهانی دەوروبەر تێ بگەن، بەڵکوو ژیانی خۆشیان پێی ڕێک بخەن یان ڕێکی بخەنەوە (فاتحی، ٢٧٢٦). ئەو پێشەکی و ڕوونکردنەوەیە، تا ڕادەیەک تەمومژ و جادووی ئەدەبیی ئەم دەقەی کەم کردووەتەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان "خەیاڵ"ی وێناکردن و ئەو جادووە ئەدەبییەی شکاندووە کە دەبێت لەنێوان خوێنەر و دەقدا دروست بێت؛ تەنانەت دەکرێت بوترێت ڕێگە لە دروستکردنیشیان گیراوە. وەک ئەوەیە، بەر لەوەی فیلمێک ببینین، کەسێک بێت و بەکورتی ناوەڕۆکی فیلمەکە بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئەوکات ئیتر لە فیلمەکە تێ گەیشتووین و چێژ لەم بەرهەمە هونەرییە وەرناگرین. خوێنەرانی بواری ئەدەبی زۆرتر چێژ لەو دەقە ئەدەبییانە وەردەگرن کە بەبێ زانیاری و ئاگاداریی پێشوەختە دەیخوێننەوە. وا باشتر بوو ناوەڕۆکی

ئەم کورتەڕۆمانە بەبێ پێشەکی ڕووبەڕووی خوێنەر بکرابایەوە و چیرۆکەکەش بە جۆرێک داڕێژرابایە کە سنووری نێوان "ڕاستی" و "خەیاڵ" کاڵ بووبایەوە، بە چەشنێک کە خوێنەر نەتوانێت سنووڕێک لەنێوان "خود"ی نووسەر و کاراکتەری گێڕەرەوەدا بدۆزێتەوە و لە ناوەڕۆکی گێڕانەوەکەدا وا هەستی بکردبایە کە ڕاستەوخۆ لە بەردەم نووسینەوە و ژیاننامەی ڕاستەقینەی (حقیقی) نووسەردا وەستاوە؛ چونکە لەم جۆرە دەقانەدا لێڵکردنی سنووری نێوان "ڕاستی" و "خەیاڵ" چێژی زیاتر بە خوێنەرانی بواری ئەدەبی دەدات و فرەتر خوێنەر بەرەو قوواڵیی خوێندنەوەی ڕادەکێشێت. نەمانی ئەم مەودایە لەنێوان کاراکتەری گێڕەرەوە و نووسەردا، دەبووە هۆی قووڵکردنەوەی هاوسۆزیی دەروونیی زیاتری خوێنەر و هەروەها ئەگەر "ڕاستی" و تا ڕادەیەکی کەمیش "خەیاڵ" لە دەقەکەدا تێکەڵ بووایان، قورساییەکی دەروونیی زۆرتریان پێ دەبەخشی.

سێگۆشەی ستەمی کۆمەڵایەتی لەو گێڕانەوەیەدا: پیاوسالاری و دابونەریت و ئابووری

وەک پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، بنەمای گێڕانەوەی چیرۆکی ئەم کورتەڕۆمانە، ڕیالیستیی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە کە جوگرافیاکەی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە بەشێکی کورتی ئەم گێڕانەوەیەدا باس لەو ئازار و ڕەنجانە کراوە کە دایکی کاراکتەری گێڕەرەوە هەم وەک کەسێکی ڕاستەقینەی ژیانی خۆی و هەم وەک نموونەی زۆربەی ژنانی کوردستان چەوساوەی دەستی سیستەمی پیاوسالاری و دابونەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگەن. نووسەر بەقوواڵی دەستی خستووەتە سەر ئازارێکی بنەڕەتی کە هەم یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتوویی کۆمەڵگەیە و هەمیش جەستەی کۆمەڵی کوردەواریی بریندار کردووە. لەم گێڕانەوەیەدا ڕەفتاری تووندوتیژانە و باڵادەستیی بەربڵاوی باوک وەک نوێنەری سیستەمی پیاوسالاری لە کۆمەڵگە و بەتایبەت لەنێو بنەماڵەدا، بارودۆخێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێی بۆ منداڵەکە دروست کردووە؛ ترسێک کە وەک گرێیەکی دەروونیی هەمیشەیی، وای لەو منداڵە کردووە کە لەگەڵ هەر ڕووداوێکدا، ترسی لەدەستدان و مردنی دایکی دایگرتووە و هەر پێشهاتێک یان شتێک لە دەوروبەر و نزیکی ئەوان قەوماوە، ئەو دڵی داخڕپاوە و وای زانیوە دایکی لەدەست داوە. ئاکامی کارەساتباری جیابوونەوەی دایک و باوک و کاریگەریی لەسەر ئەو منداڵە و تەنانەت لەسەر ماڵەباوانیش، هەروەها لێکەوتەی دڕندەیی و بێبەزەییی میمکی باوکی بەرانبەر بە منداڵێکی کەمتەمەن، نیشانەی تێکچوونی شیرازەی دەروونیی بنەماڵەیە لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا کە قوربانیی یەکەمی ئەم دۆخەش هەر منداڵە. نموونەی ئەم قوربانیبوونەشی لەو بەشەدا بەجوانی وێنا کردووە کە دڕندەیی و بایەخنەدانی میمکی وای لێ کردووە تا دەمەومەرگ چووە و دراوسێیەکی ماڵی میمکی، گیانی لە مردن ڕزگار کردووە و ناردوویەتییەوە بۆ ماڵی دایەگەورەی لە ئاواییی خۆیان (گاوەرە). مرۆڤدۆستیی ئەم دراوسێیەی ماڵی میمکی، هاوکات دلۆڤانیی دوو مامۆستای قوتابخانەکەی (ئاغای بارامی و ئاغای مەحموودی) کە دوو جار کۆت و پێڵاویان بۆی کڕیوە و ئەگەرچی میمکی لێی سەندوون و داونی بە منداڵەکانی خۆی، وەک تروسکایی و بروسکەیەکی هیوا دەرکەوتوون کە هەم بۆ ماوەیەکی کاتی دڵیان خۆش کردووە، هەم نەیانهێشتووە مرۆڤایەتی بەتەواوی بکوژرێت و بنێژرێت، هەمیش گیان و ژیانیان لە هەڵدێر و مەرگ ڕزگار کردووە.

نووسەر لەم کورتەڕۆمانەدا خاڵێکی گرنگ و هەستیاری کۆمەڵگەی خستووەتە بەر باس و دەستی ناوەتە سەر یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی چەوسانەوە و پرسی ژنانی کوردستان، ئەویش نەبوونی سەربەخۆیی ئابووریە؛ هەروەها ئەوەشی بەڕوونی لە وێنای دایکی و باوکییەوە نیشان داوە کە زۆرێک لە ژنانی کوردستان زەحمەتکێش و

ماندوون و کار دەکەن، بەڵام لەلایەن پیاوێک کە وەک نوێنەری سیستەمی پیاوسالاریی کۆمەڵ هەڵسوکەوت و ڕەفتار دەکات، دەست بەسەر ئاکامی کار و زەحمەتەکەیاندا دەگرێت و ئەو پارەیەی کە دەبێت بەرهەمی ئارەقڕشتنیان بێت و پێی بحەسێنەوە، بەپێچەوانەوە پیاوێک لەژێر ناوی شوو، باوک، برا، خەزوور، تەنانەت مامۆ و خاڵۆ یان هێوەر (برای شوو) و ... نەک هەر بەرهەمی ماندووبوونەکەیان دەبات، بەڵکوو بەچڕپیش هەوڵی چەوساندنەوەیان دەدات. سەرمەستی یان بە وتەی مامۆستای قوتابخانەکەی، "سەرمەست" ئەم ئاوێنە گەورەی کۆمەڵ کە لە ڕۆڵ و نەخشی دایک و باوکی خستووەتە ڕوو، بەم شێوەیە نەخشاندووە: "دایکم تەونی ئەکرد، نەقشە بیجار ... کەنیشک و ژنی ئاوایی گشت فێر تەونکردن کردبوو. تەینا ئەو تەونی ئەزانی لە ئاواییا، بەڵام هەر کە تەونەکەی ئەبڕی باوکم ئەیبرد ئەیفرۆشت و ئیتر دایکم چاوی بە تمەنێک لە پووڵی ئەو تەونە نەدەکەوت. ئابووریی ئەوکات و ئێستەش کێشەی سەرەکیی نەبوونی سەربەخۆیی ژنگەل بوو و هەیە" (ل ٨).

لێرەدا بەم شێوەیە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە پێوەندیی نێوان "ئازادیی ژنان" و "سەربەخۆیی ئابووری"ی ڕوون کردووەتەوە و ئەوەی گەیاندووە کە ئازادیی ژنان لە سەربەخۆبوونی ئابووریانەوە سەرچاوە دەگرێت. ژن کاتێک لە ڕووی دارایی و ئابوورییەوە پاشکۆی پیاو بێت و بەسترابێتەوە بە پیاوەوە، دەسەڵاتی بڕیاردان و سەربەخۆیی تاکەکەسیی خۆی لەدەست دەدات و ناچارە گوێڕایەڵی پیاوێک بێت؛ بۆیە ناتوانێت بەرگری لە مافە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی خۆی بکات.

دیمەنێکی تری ناو چیرۆکی ئەم کورتەڕۆمانە کە پێوەندیداری پرس و کێشەی ژنانی کوردستانە و دەکرێت بوترێت وێنایەکی ڕوونی لە تووندوتیژییەکان و بەتایبەت تووندوتیژیی فیزیکیی سیستەمی پیاوسالاری لەسەر ژنان لەناو کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا زەق کردووە، لێدانی دایکی لەلایەن باوکی و پەنابردنی دایکی بۆ خەسوویە (واتە دایەگەورەی کاراکتەری گێڕەرەوە)، کە ئەویش تەنیا بە ڕستەیەکی تاڵ دڵخۆشیی داوەتەوە و پێی وتووە ئەمە تەنیا دۆخی تۆ نییە و چارەنووسی هەموومانە. مەبەستی ئەوە بووە کە هەموویان گرفتاری دەستی پیاوانی پێڕەوی پیاوسالاری و دڵدەدەری کۆمەڵگەی ناتێگەیشتوو و یاسایەکی سەپێنراوی ئیسلامیی سیاسیین. لێرەدا ئەو دایکە تەنیا قوربانییەکی ناوماڵ نییە، بەڵکوو هێمای پێگەی گشتیی ژنانی چەوساوەی کوردستانە و ئەم وێنایەش زیاتر لەو ڕستەیەدا دەردەکەوێت کە پاش ئەوەی دایکی کاراکتەری گێڕەرەوە، دەردەدڵ و ئازارەکانی لای خەسووی خۆی باس کردووە، خەسووی پێی وتووە: "ئەزانم سەخت و دژوارە، بەڵام ئەمە چارەنووسی گشتمانە (وەک ژنان)".

شەڕی نەرمی زمان، فەرهەنگ و کێبەتیی نەتەوەیی

سەرمەست لەم کورتەڕۆمانەدا باسی لە جێکەوتنی ناوی عەرەبی بە بیانووی ئایینی ئیسلام و بە پاساوی ئیسلامیبوون لە کوردستان و مەترسیی سەر ناوە کوردییەکان کردووە و نووسیویەتی: "ناوەکانمان گشتی عەرەبی بوو. ئەیانوت ئەشێ موسڵمان ناوی ئیسلامی کە مەبەستیان عەرەبی بوو، بۆ منااڵەکانی هەڵبژێرێت کە بۆ خۆی جۆرێک سڕینەوەی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیەکی لێ دەکەوێتەوە؛ بەڵام بەخۆشییەوە دواتر ڕچەکە شکیا و ئێستا زیاتر ناوی کوردی باوە" (ل ١٢). ئەم خاڵەی کە ئاماژەی پێ کردووە، دوو ڕەهەندی سەرکی و مەترسیداری هەیە کە هەم وەک ئامرازی داگیرکەر و هەمیش وەک هەڕەشە بۆ سەر زمان و فەرهەنگی نەتەوەییمانە. دەوڵەتی ئێرانی داگیرکەر دەسەڵاتی خۆی لەسەر بنەمای ئایینزای شیعەی ئایینی ئیسلام بنیات ناوە و ئەو ئایینەشی وەک کەرەستە و ئامراز بۆ چەوسانەوە و سەرکوتکردنی بەشێکی زۆر لە خەڵکانی ناو جوگرفیای ئێرانی دەستکرد، بەتایبەت لە کوردستان

بەکار هێناوە و هەوڵی داوە بە زاڵکردنی هێژموونیی ئیسلامی سیاسی، لە کوردستان ڕێگری نەک هەر لە ڕێوڕەسمە ئایینییە کوردییەکان و دابونەریتی کوردەواری بکات، بەڵکوو ئەو ئازادییە سەرەتاییەش لە خەڵک بسێنێتەوە کە ناوی دڵخوازی خۆیان و مانادرای کوردی بۆ منداڵەکانیان هەڵبژێرن، بۆیە بە شێوەی پلان و بەرنامەدارێژراو هەوڵی داوە ناوە عەرەبییەکان لەناو خەڵکدا جێ بخات و ئەگەر کەسانێکیش نەکەوتوونەتە ژێر گاریگەریی ئەم پیلانە بۆ هەڵبژاردنی ناوی عەرەبی و بێگانە بۆ منداڵەکانیان، ڕێژیمی دگیرکەر خۆی لەو دامەزراوە و بەڕێوەبەرییانەی کە تایبەتن بە دەرهێنانی پێناس، ڕێگری لە ناوە کوردییەکان دەکرد و ناسنامەیان پێ نەدەدا؛ لە بەرانبەریشدا خۆیان لیستەیەکی ناوی عەرەبییان هەبوو (ئێستەش هەیە) و بەو کەسانەیان دەدا تاکوو لە باتیی ناوە کوردییە هەڵبژێردراوەکەی خۆیان، ناوێکی عەرەبی هەڵبژێرن؛ بۆیە خەڵکانێکی زۆر (چینی خۆڵەمێشی) دەترسان، یان لەبەر ئەوەی کە تووشی ئەوە کێشە و گرفتە نەبن، خۆیان هەر لە کاتی لەدایکبوونی منداڵەکەیان ناوێکی عەرەبییان بۆی هەڵدەبژارد. بەم هۆیەوە ئەم سیاسەتەی داگیرکەر بوو بە هۆکاری ئەوەی کە هێژموونیی ناوی عەرەبی لەسەر منداڵانی کورد و لە کوردستاندا زاڵ ببێت، ئەمە ئەو نیگەرانییەیە کە لە دەقەکەدا ڕەنگی داوەتەوە و سەرمەست نەیتوانیوە بەئاسانی لێی تێپەڕ ببێت.

نووسەر لە ڕێگەی ئاماژەکردن بە پرسی ناوەکان، ڕەهەندێکی گرنگی شەڕی فەرهەنگیی دەسەڵاتی ستەمکارانەی ئێرانی داگیرکەری خستووەتە ڕوو. لە کوردستان سەپاندنی ناوی عەرەبی بە بیانووی ئیسلامیبوونەوە تەنیا پرسێکی ئایینی نەبووە، بەڵکوو ستراتیژییەکی پێکهاتەیی بووە بۆ شێواندن و لە ئاکامدا سڕینەوەی زمان، فەرهەنگ و کێیەتیی نەتەوەیی کورد و لەبیرچوونەوەی ناوە ئەفسانەیی، هێمایی، ئەستوورەیی و واتاداڕە کوردییەکان و ناوی قارەمانانی مێژووی کوردستان و جێگرتنەوەیان بە ناوی عەرەبی و هێما و ئەفسانەی ئیسلامی. تێکشکانی ئەم پیلانەی داگیرکەر بە هەوڵی بەرەنگارانەی نەتەوەی کورد و بەتایبەت ڕووناکبیرانی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێژموونییە و شکانی ئەم ڕچەیە لە دواییدا، نیشانەی سەرکەتنی فەرهەنگی و هەروەها زیندووبوونەوەی ئاوەز و هزری کودرستانیبوون، هۆشیاریی نەتەوەیی و گەشەی بیری نیشتمانەروەری بەرانبەر بە هەوڵەکانی داگیرکەر بۆ تواندنەوەی نەتەوەکەمان وێنا دەکرێت کە توانیومانە بەرپەرچی ئەو هەوڵانەی دەوڵەتی ئێرانی داگیرکەر بۆ سڕینەوەی ناوە کوردییەکان بدەینەوە و پیلانی ئاسمیلاسیۆنی دوژمن لە کوردستان سەر نەگرێت. ئەم بەشەی دەقەکە ئاماژە بە شەڕێکی قوڵی نەرم لەنێوان دەوڵەتی دەسەڵاتداری ئێرانی داگیرکەر و نەتەوەی بێدەسەڵاتی کوردی نیشتمانداگیرکراو لە ڕەوتێکی مێژوویی و مەترسییەکانی دەکات؛ ئەویش سڕینەوەی ناوە کوردییەکان و لەم ڕێگەیەشەوە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی زمان و کێیەتیی نەتەوەییمانە لەژێر پەردەی ئایینداً.

دۆخی سیاسی، داگیرکاری و دەروونیی منداڵ

سەرمەست لە بڕگەیەکی تری وێناسازییەکانی ناو ئەم بەرهەمەدا بێزراوبوونی پێگەی جاش لە کوردستان و تەنانەت بێزاریی منداڵی کورد لەو کەسانەی بەکرێگیراو و نیشتمانفرۆشن، کردووە بە دیمەنێکی ڕوون و لە کاتی خوێندنەوەی ئەو بەشەدا بەجوانی ئەم دیمەنەی منداڵێک کە تامەزۆری پێشمەرگەبوونە و پێشمەرگایەتی لە مێشکیدا چەکەرەی کردووە، دێتە بەر چاو. ئەوەش نیشاندەری گەشانەوەی هەمیشەیی ئاگری خۆشەویستیی پێشمەرگەیە لە بیر و مێشکی منداڵانی کوردستاندا. باسی لەوە کردووە کە تەنانەت لە کایەکانی منداڵانیشدا منداڵی گەڕەکەکەیان و بەتایبەت کاراکتەری سەرەکی، ئامادە نەبوون ڕۆڵی جاش بگێڕێن و نووسیویەتی: "من زیاتر حەزم لە کایەی پێشمەرگە و جاش بوو، بەو

منالّییەش کەسمان حەزمان نەدەکرد ڕۆڵی جاشمان بەر کەوێت، بەڵام بە شێر و خەت و پڕ یان پووچ بەرمان ئەکەوت ... بۆ جارێکیش قەبوواڵم نەکرد ببم بە جاش و هەمیشە گزم ئەکرد و ئەگەر جارێکیش ڕۆڵی جاشم بەر کەوتبایە نەمەکرد، لە ئاخرەوە ئەیانوت باشە برا تۆ بێرە دەستەی پێشمەرگەوە (هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە باوکم پێشمەرگە بوو) ..." (ل١٢).

لێرەدا ئاماژەیە بەوەی کە چۆن دۆخی سیاسی و شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان، تەنانەت لەناو کایە و جیهانی منداڵانیشماندا ڕەگی داکوتاوە و وێنایەکی تایبەتی لە خیانەت و ڕووڕەشیی "جاش" و هەروەها گیانفیدایی، قارەمانی، بوێری، لەخۆبردوویی، خۆشەویستی و پێگەی بەرزی "پێشمەرگە" لە مێشکی منداڵانی کورددا وەک تابلۆیەکی دڕەوشاوە نەخشاندووە و وا نیشانی داوە کە هۆشیاریی نەتەوەیی شۆڕ بووەتەوە بۆ ناو جیهانی منداڵانمان؛ هۆکاری ئەمەش کاریگەریی باوکێکە (وەک نموونەی بنەماڵە) کە هەرچەند کوڕەکەی قوربانیی دەستیشی بووە و هیچ خۆشییەکی لە سێبەری باوکایەتییەکەیدا نەبینیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشتر پێشمەرگە بووە و دواتر بە هەر هۆکارێک پێشمەرگە نەماوە و ژیانی ئاساییی خۆی دەست پێ کردووەتەوە، دیسان هەر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو ڕابردووە، بەبێ ئەوەی لە ناوەڕۆکەکەی تێ بگات. کاراکتەری گێڕەرەوە باس لەوە دەکات چونکە باوکی پێشمەرگە بووە، ئەمیش حەزی کردووە ببێتە پێشمەرگە لەو دنیا بچووکەی خۆیدا و لەگەڵ ئەم حەز و خولیایەشدا گەورە بووە و دواتر خەونەکەی هاتە دی و ئێستە وەک پێشمەرگەیەک لە سەنگەری ئەدەب و هزر و ئەندیشە و پێنووس و هەروەها سەنگەری شۆڕش و چیا و چەکدا بۆ ڕزگاریی کوردستان تێ دەکۆشێت.

ئەم دیمەنەی وا سەرمەست لەم کورتەڕۆمانەدا خولقاندوویەتی، دەرخەری ئەوەیە کە ململانێی داگیرکەر و داگیرکراو کە لە وێنای پێشمەرگە و جاشدا دەرکەوتووە، تەنیا لە بەرەکانی شەڕدا نییە، بەڵکوو چووەتە ناو قووڵاییی جیهانی منداڵانی کوردستان و لە کایە منداڵانەکانیشیاندا ڕەنگی داوەتەوە. لای منداڵانی کورد "پێشمەرگە" ئەو فریشتە ڕزگارکەرەیە کە لە تاریکی ڕزگاریان دەکات و هەموو خەون و خولیا و ئاوات و ئامانجەکانیان دەهێنیتە دی، بەڵام "جاش" ئەو دێوەزمە شوومەیە کە نەک تەنیا گڵاو و پیسە، بەڵکوو دەیانڕفێنێت، دەیانکوژێت و ... ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی جاش لە کایەکانی ئەو منداڵانەدا، سەلمێنەری پێگەیشتنی هزریی نەتەوەیی و تێگەیشتنی فەرهەنگیی کۆمەڵی کوردەواریە و دیوارەکانی سنووری نێوان نیشتمانفرۆش و نیشتمانپەروەر بەو ڕادەیە بەرزە، تەنانەت منداڵانی کوردستانیش لە یەکتر جیایان دەکەنەوە.

هاوکات لە درێژەی ڕەوتی چیرۆکی کورتەڕۆمانەکەدا سەرەڕای ئەو گشتە نەهامەتییەی ژیانی خۆی و ئازارەکانی، نەیتوانیوە چاوپۆشی لە دڕندەیی و ستەمی ڕۆژانەی دەسەڵاتی ئێرانی داگیرکەر لەسەر خەڵکی کوردستان بکات و ڕەفتاری نەشیاوی بەکرێگیراوانی شارەوانی بەرانبەر بە کاسبکار و دەستفرۆشە هەژارەکان کە نیشانەی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ستەمی دەسەڵاتە، گێڕاوەتەوە و کاتێک پیاوانی شارەوانی کە خۆشیان کورد بوون و کاسبکارانی کورد لەسەر خاکی خۆیان داوەتە بەر شەق و شتەکانیان یان بردووە یان ڕژاندوویانە، لە کاتی خوێندنەوەیدا دیمەنێکی تاڵ و ناخۆش بە بەر چاوی خوێنەردا دێت و دەچێت کە پڕیەتی لە تووڕەیی و ڕق و بێدەسەڵاتی. لێرەدا دیمەنی دەسەڵاتی شارەوانی و لێدانی دەستفرۆشە هەژارەکان، ڕەهەندە ئابووری و چینایەتییەکەی ستەمی داگیرکەر دەردەخات کە چۆن تەنانەت نان و بژێویی ژیانیش بە تاکی کوردستانی لە نیشتمانی خۆی ڕەوا نابینێت.

هەروەها لە گێڕانەوەی دیمەنی لەسێدارەدانی لاوانی کورد لە پێش چاوی خەڵک و لە شوێنە گشتییەکاندا وەک "یاریگەی توپی پێی مەیدان ئەمین (ستادیۆم)" کە لەو دەقەدا هاتووە؛ یاریگەی توپی پێ، هێمای وزە و ژیانەوە و گرنگیدان بە تەندروستی یان بە

جۆرێک شۆڕشی سەیرانی لاوانە، لە باتیی ئەوەی شۆڕشی یاریکردنی لاوانی کوردستان بێت، بووەتە شۆڕشی لەسێدارەدانیان. ئەم بڕگەیە تراژیدییەکی لەبیرنەکراوی نەتەوەی بێدەوڵەتی کوردە کە داگیرکەری نیشتمانەکەمان بەم کردەوە نامرۆڤانەی، لووتکەی دڕندەیی و هۆڤانەی خۆی دەسەلمێنێت و دەیهەوێت شۆڕشی گشتی و خەڵکییەکان بکات بە مۆڵگەیەکی سەرکراوە بۆ تیرۆری دەروونی و چاندنی ترس و تۆقاندن بە مەبەستی جێبەجێکردنی پیلانە داگیرکارانەکانی؛ بەڵام نەک هەر ناتوانێت لەنێو خەڵک و بەتایبەت لە مێشکی منداڵانماندا ئەم بیرە ڕەشەی بچێنێت، بەڵکوو ئەم کردەوەیە لە ناخی منداڵان و لاوانی کوردستاندا (وەک نووسەر) دەبێتە هەوێنی چاندنی بیری تۆڵە و بەردەوامیی بەرگری لە نەتەوە و نیشتمان و سەنگەرگرتن بە دژی داگیرکەر و بەکرێگیراوانی. پەیامی سەرمەست لێرەدا ئەوەیە: ئاکامی ئەو سیاسەتی ترساندن و تۆقاندنەی داگیرکەر پێچەوانە بووەتەوە، لە باتیی شکاندنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و پاشەکشە لە سەنگەری نیشتمان، وستانەوە دژی داگیرکەر لە ناخی گشت نەوەکانماندا بووەتە هەوێنی نەک تەنیا چاندنی بیری تۆڵە، بەڵکوو ڕادیکاڵتربوون لەسەر نیشتمانپەروەری و هەوڵ و خەبات و تێکۆشان بۆ سەربەستیی کوردستان.

دەرەنجام

کورتەڕۆمانی "خاڵخاس" جیا لەوەی تەنیا گێڕانەوەی تراژیدیای ژیانی کاراکتەرێک بێت، نەخشاندنی کۆمەڵێک دیمەنی ڕوونیشە لەسەر ئازار و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ستەمی سیستەماتیکی داگیرکەر لە کوردستان، بێزاریی کۆمەڵگە (تەنانەت منداڵانیش) لە خیانەت و نیشتمانفرۆشیی جاشەکان و هەروەها گەشاوەبوونی پێگەی پێشمەرگەیە لەناو هەموو نەوەکانی سەردەمە جیاجیاکاندا وەک فریشتەیەکی ڕزگارکەر؛ هاوکات گەورەبوونی منداڵانی کوردستان بە خولیای پێشمەرگایەتی، وەک تروسکەی هیوا و ژیانەوەی نەتەوەیی نیشان دراوە. نووسەر توانیویەتی لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکی ڕیالیستیی هێڵی ژیانی بنەماڵەیی و تاکەکەسیی خۆیەوە، وێنایەکی مێژوویی گشتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەتایبەت چەوسانەوەی ژنانی کوردستان بەهۆی سیستەمی پیاوسالاری و قوربانیبوونی منداڵان لە کێشە بنەماڵەییەکاندا بنووسێتەوە. دەقەکە بەجوانی هاوتەریبوونی ستەمی کۆمەڵایەتیی ناوخۆیی و ستەمی داگیرکاریی دەوڵەتی ئێرانی داگیرکەری نەخشاندووە و نیشانی داوە کە چۆن تاکی کوردستانی لەناو ئەو هەموو نەهامەتییەدا، هۆشیاریی نەتەوەیی، تێگەیشتوویی فەرهەنگی و سیاسیی خۆی دەپارێزێت و گەشەی پێ دەدات. هەروەها سەرمەست لەم دەقەدا ئەوەشی نیشان داوە کە چۆن مرۆڤی کوردستانی لەنێوان بەرداشی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ستەمی داگیرکەردا گەورە دەبێت و ئەم نەهامەتییانە لە باتیی هۆکاری خۆبەدەستەوەدان بن، دەبنە هەوێنی پەرەسەندنی زیاتری هۆشیاریی نەتەوەیی و گەشەی هزریی نەوە لەدوای نەوەمان بۆ بەرگری لە نیشتمان.

سەرچاوەکان:

١- حەکیم، بژار. (٢٠٢٦). ئەدەبی بایۆگرافی لەنێوان خۆنووسین و خۆسڕینەوەدا. ڕۆژنامەی هەولێر- ژمارە ٤٥٧٦، ل ١٣: https://hawlerweb.net/١٤٢٨٩٦/٠٧/٢٠٢٦/hawlernewspaper/

٢- ئەڵوەنی، پ. د. نەجم. (٢٠٢٥). گێڕەوە کێیە؟ هەنگاوێک بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان لە ڕەخنەی ڕۆماندا. دووتوێیەکی پێنجشەممانی کوردستانی نوێیە، تایبەتە بە ئەدەب و هونەر - ژمارە ٣ ١٤٠٢، ل١: https://knwe.org/web/viewer.html?file=https://images.knwe.org/root/pdf.٢٠٢٥-١٢-٢٠_root/images/Adabu_Hunar

٣- فاتحی، کەیوان. (٢٧٢٦). تاکی کورد؛ لە قەیرانی ماناوە بۆ قەیرانی گێڕانەوە. ماڵپەڕی کوردستان میدیا: https://kurdistanmedia.com/so/

٢٧٢/٠٧/٢٠٢٦/news
٤- ئیگڵتن، تێری؛ و. گەڵاڵەیی، داستان. (٢٠٢٥). ڕۆمان چییە؟ ماڵپەڕی ژنەفتن. (PDF) ل٢٢:
https://jineftin.krd/٢٠٢٥/١١/٣٠٪d
٪a ٪٩٥ ٪d٩ ٪٨٦ ٪db ٪٨٦ ٪d٩ ٪٨٥ ٪d٨ ٪a٧ ٪d٩ ٪٨٦-
٪da٪٨٦٪db٪db٪٨c٪db٪٨٥٪d٨٪9f/

له نیشانەناسییەوە تا ئوستووڕە پەردازی
خوێندنەوەی شـێعری خاتوو « لەیلا سـاڵحی» بـە ناوی «کیژی
سوور خاوەن مانگە»

قەرەنی ئەحمەد ئاقایی

پوختەی بابەت:

ئوستووره گێڕانەوە یان کۆمەڵە گێڕانەوەیەکی ڕەمزی و نمادینی ئاوات، بایخ، ترس و ویستی میللەتەکانن، گێڕانەوە و دەربڕینێك چ لە ڕێگەی حیکایەت و بەیت و باو و بە گشتی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ،چ بە زمانی ئەدەبیات، سینما ، نیگارکێشی و ... تاد، دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە یەکێ لەو خاڵانەی کە لە پێناسەکەی ئێمەدا جێگەی سەرنجە ،ئەوەیە کە دەربڕین یان گێڕانەوە ڕەمزییەکە بە پێی گۆڕانکاری کۆمەڵگا بەرگی تازە دەکاتە بەر، بۆ وێنە ئەگەر ئەو دەربڕینە بۆ مرۆڤە ئەشکەوت نشینەکان لە ڕێگەی وێنە گەلێك بوو کە لەسەر دار و بەرد دەیانکێشاوە، مرۆڤی سەردەمی زانست لە ڕێگەی سینەما؛ موسیقا؛ ئەدەبیات و... دا ئەو گێڕانەوەیە بە ئەنجام دەگەیێنێ. لەو نووسینە دا حەول دراوە ڕەوتی ئوستووره پەردازییەکی نوێ لە دەقی شێعری شاعیری نوێخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاتوو لەیلا سالحی بخرێتە بەر باس و توێژینەوە و توانا ئوستووره‌ییەکانی ئەو دەقە دەستنیشان بکرێ.

وشە سەرکییەکان:

ئوستووره پەرادازی، کلتووری عامە، شوناس، شوناسی لە کیس چوو، کارکردی خود-ئیرجاعی

١
ئوستووره‌پەردازی لە ئەدەبیات دا

ئوستووره‌کان کۆمەڵێك کاریگەری دوو لایەنەی هۆکارگەلی کۆمەڵایەتی ــ مرۆڤایەتی و سروشتین کە لە پاڵوێنەی ڕووحی مرۆڤ دەدرێن و لەگەڵ پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی ڕووحی کۆمەڵایەتیمان ڕێك دەکەون. ئەوسا لەگەڵ نەریتە ئاواڵ دووانەکانیان سەرهەڵدەدەن تا بە ئامانجی سەرەکی خۆیان بگەن کە ئاشتی و ڕێکخستنی مرۆڤ و بۆنە کۆمەڵایەتیەکانیەتی لەگەڵ دنیای دەوروبەری دا. (١)

بە پێی ئەو بۆچوونە دەردەکەوێ کە ئوستووره‌کان هەمیشە و لە هەر سەردەمێك و بۆ هەر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و... زیندوو بوون و ئامادە بوونی خۆیان پاراستووە و لەگەڵ پێداویستیی و ئاواتی نەوەکان تێکەڵ بوونە و لە ڕێگەی زمانی ڕەمزی و هێمایییەوە بۆیان لە ڕاستییەکانی جیهان دەواون.

ئەوە ئاشکرایە کە (چ کۆمەڵێك مرۆڤی هزرمەند، چ کۆمەڵانی چاخی پیرۆز، ئوستووره‌کانیان خوڵقاندبێ) ئوستووره بەرهەمی ڕوانینێکی دەروونییە، واتا مرۆڤی سەردەمی بەدیهاتنی ئوستووره، بە ڕوانگەیەکی دەروونییەوە چاوی لە دیاردەکانی بوون کردووە؛ ئەو ئەوشتەی بە بیری دا هاتووە و بە دوایی دا شەقی بووە "هەم ژیاوە و هەم لە دەروون دا تاقیکردۆتەوە) کە هەر ئەو ڕوانگە دەروونییە دەبێت بە بنەمایەك بۆ بەدیهاتنی ئوستووره‌یەکی ڕەمزیی و هێمایی.

ئەوە یەکێك لە خاڵە هەرە بە هێزەکانی ئوستووره‌یە، چونکە ڕەمزی و هێمایی بوون و ڕاڤەخوازی بە وتەی فرانسوا لاپلانتین ئەو دەسەڵاتە بە هێزە بە ئوستووره دەبەخشێ کە ئیدئۆلۆژی ڕاوی نەکات و ببێت بە زمانی کۆمەڵێك مرۆڤی خوڵقێنەر و ماندوویی نەناس تا بە ژیان و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان مانا ببەخشن.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم شێوە دەربڕینە زیاتر لە نێو حیکایەت و بەیت و باو و بەگشتی هونەرە کەلامییەکاندا بەرچاو دەکەوێ. ئەوە هەر چەند سەرچاوەیەکە بۆ پێوەندی نێوان ئەدەبیات و ئوستووره لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا، دەتوانێ ژێرخانێکی باشیش بێت بۆ هونەرمەندی کورد کە لەم ڕێگەیەوە ئوستووره‌کان بناسێت و بتوانێ ویست و ئاوات و ئارەزوویەکانی کۆمەڵگایەکەی کە بە شێوەیەکی ڕەمزی لە ئوستووره‌کاندا شاردراونەتەوە، بدۆزێتەوە ، هەم داهێنان بە هونەرەکەی ببەخشێ و هەم بە شارەزاییەکی تەواو بەسەر شوناسی نەتەوایەتی و کولتووری خۆی، هەنگاوێك بۆ چارە سەرکردنی کێشەکانی هەڵبێنێتەوە. وەك پێشتر باسکرا بناغەی پێوەندی ئەدەبیات و ئوستووره زمانی ڕەمزیی و هێمایە. دەتوانین لێرەدا ئەوەی لێ زیاد بکەین کە ئەدەبیات و ئوستووره دەربڕینی حەول و تەقەلێی ئەندیشەیەکی تەڤگەرن

بۆ دۆزینەوەی ئەو حەقیقەتەی کە لە مێشکی مرۆڤ دا پاپۆکەی خۆاردۆتەوە.

ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان ئەدەبیات و ئوستووردا باسی لێکرا چ بوونی هەبێت و یان نەیبێت ناتوانین حاشا لەوە بکەین کە ئەدەبیات هەر لە سەردەمی کۆنەوە خەریکی نووسینەوەی ئوستووەرکان و (ئافراندنی ئوستووەرە) بووە.

بەر لە بەدیهاتنی فەلسەفە و سەرهەڵدانی زانستی نوێ، ئوستووەرە فۆرمێکی هونەری بووە کە هەر بەو هۆیەش هۆمێر لە ئیلیاد و ئۆدیسە دا ڕاستەوخۆ ئوستووەرکان دەنووسێتەوە بەڵام هەر چەند ئەوەی تا ئێستا گوتراوە بەشێکی زۆر لایەنەکانی ئوستووەرە لە پێوەندی لەگەڵ ئەدەبیات دا دەست نیشان دەکات کەچی تا ئێستاش نەیتوانیوە ئامانجەکانی ئێمە بپێکێ. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە بەشی زۆری ئەو توێژینەوانەی لە سەر ئوستووەرە کراون، لە دەلاقەی زانستەکانی جیا لە بواری ئەدەبیاتەوە بووە. وەک دەروونناسی، کۆمەڵناسی، زمانناسی و دیاردەناسی و ... تاد، لە لایەکی تریشەوە ئەوەی ئەم وتارە بە دوای دا دەگەڕێ ئامانج و شێوەکانی (ئافراندنی ئوستووەرە) لە ئەدەبیاتدایە کە واتا بۆ وێنە ئەگەر بەپێی قوتابخانەی فەلسەفی ئێرنێست کاسیرێر وەک ڕوانگەیەک بۆ ئوستووەرە بڕوانینە ئەدەبیات، دەبینین جیهانبینی لانی زۆری شاعیر و نووسەرە کلاسیکەکانمان دەکەونە چوار گۆشەی ئەو جیهانبینی ئوستووەرییەوە.

جیهانبینی شێعری نالی جیهانبینی یەکی ئوستووەرییە و دەکرێ لە شوێنێکی تر و بەشێوەیەکی تر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، کەچی ئەگەر لە نێو جۆگرافیای ئەم وتارەدا بیهێنینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە نە لە نێو ئامانج و نە لە نێو شێوەکانی ئوستووەرەپەردازی (کە دواتر باسی دەکەین) پۆلێن ناکرێ. بە کورتی دەمەوێ بڵێم ئەم وتارە نە بە قازانجی هیچ قوتابخانەیەکە بەڵکوو تەنیا بە پێی بەرژەوەندییەکانی بابەتی خۆی دا و بە جەخت کردن لە سەر ئەوەی کە ئوستووەرە لە چوارچێوەی ئەدەبیات دا پێناسە بکات دەچێتە پێش. لێرەدا ڕەنگە بکرێ بە هەڵبژاردنی هێندێك لەلایەنەکانی قوتابخانەی دیاردە ناسی میرچا ئیلیادە و دەروون ناسی و بەتایبەت نەستی بەکۆمەڵ و وێنە کۆنێنەکانی یۆنگ و هەروەها بە لەبەرچاو گرتنی ئەدەبییەتی ئەدەبیات، ئابەم شێوەیە ئوستووەرە پێناسە بکەین.

ئوستووەرە گێڕانەوە یان کۆمەڵە گێڕانەوەیەکی ڕەمزی و نمادینی ئاوات، بایخ، ترس و ویستی میللەتەکانن، گێڕانەوە و دەربڕینێك چ لە ڕێگەی حیکایەت و بەیت و باو و بە گشتی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ،چ بە زمانی ئەدەبیات، سینما ، نیگارکێشی و ... تاد، دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە یەکێ لەو خاڵانەی کە لە پێناسەکەی ئێمەدا جێگەی سەرنجە ،ئەوەیە کە دەڕبڕین یان گێڕانەوە ڕەمزییەکە بە پێی گۆڕانکاری کۆمەڵگا بەرگی تازە دەکاتە بەر، بۆ وێنە ئەگەر ئەو دەربڕینە بۆ مرۆڤە ئەشکەوت نشینەکان لە ڕێگەی وێنە گەلێك بوو کە لەسەر دار و بەرد دەیانکێشاوە، مرۆڤی سەردەمی زانست لە ڕێگەی سینەما؛ موسیقا؛ ئەدەبیات و... دا ئەو گێڕانەوەیە بە ئەنجام دەگەیێنێ. (٢)

لەگەڵ پێشکەوتنی عیلم و زانست و گۆڕان و پتەوبوونی چوارچێوەی ژانرە ئەدەبییەکان؛ نووسینەوەی ڕاستەوخۆی ئوستووەرەکان نەك هەر(ئوستووەرەپەردازی) نییە بەڵکوو دەکرێ وەك خەسارێکی ئەدەبی دەستنیشان بکرێ. کەواتە(اسگورە پەردازی) تـەنیا لـە چـوارچێوەی ڕێسا و یاساکانی ئەدەبیات دا مانـا پەیدا دەکـات . بۆ وێـنە ئەگەر لە مەکتەبی سەمبولیسم دا (ئافراندنی ئوستووەرە) دەکرێت؛ (ئافراندنی ئوستووەرە) لە چوارچێوەی ڕیساکانی ئەو مەکتەبە و بۆ ڕەمزیی کردن و هێما بەخشین، ڕەنگە بە ئامانجی خۆ دەرباز کردن لە سانسۆر و خۆ سانسۆری بێت. لە ئەدەبیاتی مۆدێرن ئوستووەرە وەك کەرەسەیەك بۆ دەربڕینی ئەو بیرۆکەیەی کە بە زمانی ئاسایی دەرنابردرێت کەڵك وەردەگیرێ و ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرن بۆ خوڵقاندنی دەقێکی چەند مانایی و بۆ دەربڕینی ژومارەیەکی زیاتری ئەو بیرۆکانەی کە دەرنابردرێن ئوستووەرەپەردازی دەکات.

ڕهنگه ئەوەمان بۆ دەرکەوتبێت کە چەندییەتی و چۆنییەتی و شێوە و ئامانجەکانی (ئوستوورەپردازی) لە هەر چاخێکی مێژوو و بۆ هەر بارودۆخێك بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ کراوە. ئەگەر لە مەکتەبی ناتۆڕالیسم دا بایخێکی ئەوتۆ بە ئوستوورە نادرێت لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆمانتیسم جارێکی تر ئەدەبیات ڕووەکاتەوە ئوستوورە و لە مەکتەبی سەمبولیسم دا دەگاتە ئەو پەڕی خۆی. لە ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم دا گەڕانەوە بۆ ئوستوورە و ئوستوورەپەردازی لە نێو شاکارە هەرەگەورە ئەدەبییەکان دا خۆ دەنوێنێت. جۆیس، یونێسکۆ، تی ئێس ئیلیووت، بۆرخس، مارکز، هیدایەت و کالوینۆ ...تا د بە شێوەیەکی بەرفراوان ئوستوورەپەردازی دەکەن. ئەدەبیاتی ئێمەش لەو نێوەدا بێ بەهرە نامێنێتەوە، بۆ وێنە (حەسار و سەگەکانی باوکم) ی شێرزاد حەسەن و (ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلی بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئوستوورە کەڵك وەردەگرن و بااڵ دەکەن. بەڵام لە نێو تەواوی ئەدیبەکان دا هەر بۆ ئامانجێك و بە شێوەیەك ئوستوورەپەردازی نەکراوە. ئەگەر بەختیار عەلی لە (ئێوارەی پەروانە) دا بە یارمەتی وەرگرتن لە ئوستوورەی مەزهەبی ـ دینی ئیسلام و شێرزاد حەسەن لە ڕێگەی ئوستوورەی ئودیپەوە خەریکی سرێنەوەی چەمکی دەسەڵاتن لە سەر مێشکی مرۆڤی کورد، شێرکۆ بێکەس لە ڕێگەی ئوستوورەی حەماسی و میللییەکانەوە خەریکی سازکردنەوەی قارەمان و ئوستوورەپەردازییە. هەڵبەت شێرکۆ بێکەس بە شێوەیەکی بەر فراوان ئوستوورەپەردازی کردووە و لە بەشێکی زۆری ئوستوورەکان یارمەتی وەرگرتووە، بۆ وێنە لە (خاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێ) دا لە ئوستوورەی مەزهەبی ــ دینی مەسیح کەڵك وەردەگرێت، بەڵام لەوێش دا ئەمەیان هەر بۆ ئامانجی بەراوەردی ژیانی تراژدیای مرۆڤی کوردە لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی مەسیح.

د. سەنعەتی دەڵێ: ئوستوورەپەردازی لە ئەدەبیات دا لانی کەم بە دوو ئامانج دەکرێت. یەکەم: کاتێ ئوستوورەپەردازی دەبێت بە کەرەسەیەك بۆ دەربڕینی ئەو بیرۆکەییەی کە بە زمانی ئاسایی دەرنابڕدرێ کە سەنعەتی بە (ئوستوورەسەرایی) نێودەبات.

دووهەم: کاتێ کە ئوستوورەپەردازی دەبێت بە بنەمایەك بۆ سرینەوەی ئوستوورە (ئوستورەزدایی) لە کلتوورێك دا کە ئوستوورە بووە بە زمان و شێوەی بیرکردنەوە و ژیان.(٣)

ئەوانە ئامانجی سەرەکی (ئوستوورەپەدازی) ن لە ئەدەبیات دا بەڵام بە گشتی ئامانجەکانی ئوستوورەپردازی لە کۆمەڵگا جیا جیاکان دا جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە، کە تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر مێژووی کلتووری و بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ...تاد بۆ وێنە لە ئامریکای لاتین بە شێوەیەکی تایبەت و بۆ ئامانجێکی جیاواز لەوەی باس کرا ئوستوورەپردازی دەکرێت. ئەوان لە ڕێگەی تێکەڵکردنی سوننەتی فۆلکلۆری کۆن کە لێی شارەزان و پاشماوەی ئوستوورەییان تێدا ماوەتەوە لەگەڵ ئاوەزمەندی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بە مەبەستی توند وتۆڵی و وزەبەخشین بە کلتووری نەتەوەکەیان ئوستوورەپردازی دەکەن. (٤) بەڵام هونەرمەندی ڕۆژئاوا کە خۆی بەشێکە لە کۆمەڵگای مودێرن بۆ ولێمدانەوەی ویستە مەعنەوییەکان و زەق کردنەوەی لە خۆ نامۆبوونی مرۆڤی کۆمەڵگای مودێرن لە ئوستوورە کەڵك وەردەگرێ.

ئوتورەنك دەڵێ: زانست بە جیا کردنەوەی مرۆڤ لە ڕابردووی، گەورەترین گرفت و سەرلێشێواوی بۆ مرۆڤ ساز دەکات، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەنووکەش هەر بە بایخە مەعنەوییەکانی ڕابردوویەوە دەژیت. ئەو پێی وایە مرۆڤی مۆدێرنیش بارتەقای مرۆڤی چاخەکۆنەکان خورافیینە کە ئەوەش بە هۆی ویستە مەعنەوییەکانییەتی(٥) بەڵام مرۆڤی کورد کە ئێستاش نەك عیلم و زانست بەڵکە عیرفان و ئوستوورە بە سەری دا زاڵە نازانێ بۆ کام ئامانجە مەعنەوییەك دەبێ ئوستوورەپەردازی بکات.

دەمهەوێ بڵێم ئەگەر مرۆڤی ڕۆژئاوا بۆ وەدەست هێنانەوەی مەعنەوییەتێکی لەدەست چوو ئوستوورەپەردازی دەکا مرۆڤی کورد بۆ مەترسی لەدەست چوونی شوناسی نەتەوایەتی و

مەعنەوییەتێکی داگیرکراو و دیاری کردنی پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا لە ئوستووڕە سوود وەردەگرێ. جگە لەوەی تا ئێستا باس کرا ئوستووڕەپەردازی دەتوانێ تەنیا بۆ ئامانجێکی هونەری بکرێت تاکوو لەم ڕێگایەوە بتواندرێ دەقێکی چەند تۆزێ و چەندلایە بەدی بهێنرێ کە بەردەوام خەریکی خۆ بەرهەم هێنانەوە بێت، کەچی ئەوە خۆی دەتوانێ مەبەستێکی زیاتر لە ئامانجی هونەری بپێکێ. چوونکە لە ڕێگەی فۆرمەوە دەتوانێ جیهانبینییەك دەست نیشان بکا کە بە ڕێژەیەکی زیاتر ئەو بیرۆکانەی کە بە زمانی ئاسایی دەرنابڕێن بگرێتە خۆ (جیهانبینییەك کە خۆی لە کردەوەی شێعری زمان، لە فەلسەفەی هایدگێر نیزیك دەکاتەوە.) وەك لە سەرجەمی ئەو باسە تا ئێرە ڕوون دەبێتەوە جگە لەو دوو ئامانجەی کە سەنعەتی باسی لێکردوون لە پۆلێن بەندییەکی لاواز و نازانستی دا دەکرێ لە ئەدەبیات دا سێ ئامانجیتریش بۆ ئوستووڕەپەردازی دەست نیشان بکەین.

یەکەم ـ (ئوستووڕەپەردازی) وەك بنەمایەك بۆ ولێمدانەوەی ویستە مەعنەوییەکان و (ئوستووڕەسازی) لە پێناو حەول و تەقەلایەك بۆ وەدەست هێنانەوەی شوناسی تاك و نەتەوایەتی.

دووهەم ـ (ئوستووڕەپردازی) وەك ئامرازێك بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی نێوان سوننەت و مۆدێرنیتە و توند وتۆڵی و وزەبەخشین بە بەرەوپێش چوونی کلتووری نەتەوەیی.

سێهەم ـ (ئوستووڕەپەردازی) وەك ئامرازێك بۆ خولقاندنی دەقێکی چەند تۆزێ و فرەدەنگ بۆ بەرهەم هێنانی ڕێژەیەکی زیاتری ئەو بیرۆکانەی بە زمانی ئاسایی دەرنابڕدرێن. جگە لە ئامانج و ویستەکانی (ئوستووڕەپەردازی) چەندییەتی و چۆنیەتی ئوستووڕە لەئەدەبیات دا یەکێکی تر لە لایەنە گرینگەکانی ئوستووڕەپەردازییە کە بە کورتی باسی لێدەکەین هەتا وەلێمی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە هونەرمەندی (ئەستووڕەپەرداز) دەبێ ئوستووڕەکانی کە کوێ وەربگرێت؟نورتروپ فرای بۆ ڕێکخستنی ئوستووڕە لە ئەدەبیات دا سێ قۆناخ دیاری دەکات. هەرچەند فرای بۆ دەست نیشان کردنی قالبە ئەدەبییەکان ئەو پولێن کارییە دەکات بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانێ یارمەتی دەری باسەکەی ئێمەش بێت؛ وەك گوترا نورتروپ فرای سێ قۆناخ دیاری دەکات.

١ ـ ئەو ئوستووڕانەی جێگۆرکێیان پێ نەکراوە و بە گشتی لەبارەی خواکان و دێوەکان دان کە دوو دنیایی لەبەر یەك و بەرەنگار وێنا دەکەن ؛ پاکی و ناپاکی بە هەشت و دۆزخ و. . .

٢ ـ ئەوئوستووڕانەی لەچوارچێوەی جیهانێکدا شاردراونەتەوە کە پەیوەندیەکی نیزیکیان لەگەڵ ئەزموونە مرۆڤییەکان هەیە.

٣ـ ئەو قۆناغە وەك فرای خۆی دەڵێ ڕهنگەهەردرێژێی(ڕۆمانس)خانەی دووهەم بێت، بە شێوەیەکی ڕوونتر ئەو شتەیە کە لە ئەدەب دا بە ڕئالیسم ناودێر کراوە و پتر باس لەو ئوستووڕانە دەکات کە لە ژیانی ئاسایی مرۆڤدا بوونییان هەیە.

(٤) ئەگەر کەسێك لە ڕێگەی ئەو ئوستووڕانەی گۆڕانکارییان بە سەر داهاتووە لە نێو مووزە و کتێبەکانی مێژوو دا دەتوانێ ئوستووڕە بدۆزێتەوە، بە شێوەیەکی تر دەتوانێ لە نێو کلتووری عامەش دا بیاندۆزێتەوە. هەمیشە هەر پێویست نیە دەستمان وەسەرچاوە ڕابگا. بۆ وێنە لە ڕێگەی ستەمی نەتەوایەتی و ئەنفال، خوێنەر دەتوانێ هەست بە ئوستووڕەی (کوشتنی شای ئاسمانان) قوربانی بکات کە ستەمی نەتەوایەتی و کارەساتێکی وەك ئەنفال هەر درێژەی ئەو ئوستووڕەیەن و بە درێژایی مێژوو گۆڕانکاریان بەسەر داهاتووە. کە واتا بەشەوەیەکی گشتی لە سێ شوێن یان ڕێگەوە دەکرێ ئوستووڕەکان هەڵبژێر بکرێن و (ئوستووڕەپردازی) بکەین.

١ ـ ئەو ئوستووڕانەی جێ گۆڕییان پێ نەکراوە و باسی کردەوەی خوداکان دەکەن، لێرەدا دەکرێ جگە لە ئوستووڕەکانی وڵات لە ئوستووڕەی وڵاتانیتریش کەڵك وەربگرین.

٢ ـ ئەو ئوستووڕانەی جێ گۆڕییان پێکراوە بەڵام بنەمای ئوستووڕەییان هەر پێوە دیارە و بە باشی دەناسرێنەوە وەك ئوستووڕەی مەزهەبی ــ یان

ئوستووره حەماسیەکان

٣ ـ ئەو ئوستوورانەی لە نێو فۆرمی کلتووری عامەدا بوونیان هەیە وەك نابەرابەی، ستەمی نەتەوایەتی خەباتی کۆمەڵایەتی و ... تاد بەشی زۆری ئوستوورەکانی کە دەکەونە ئەو خشتەیەوە دەکرێ بنکەیان لە فۆلکلۆردا داکوتابێ وەك ئوستووره عاشقانەکان.

٢

کە دەڤێکی ئەدەبی ئوستووره‌پەردازی تێدا دەکرێ بەر لە هەموو شت چەند پرسیارێکی سەرەکی ساز دەدات:

١ـ ئەو دەقە لە کام ئوستووره کەڵکی وەرگرتووە و بە چەند شێوە و بۆ چ ئامانجێك ئوستووره‌پەردازی تێدا کراوە؟

٢ـ چۆن دەتوانین لە نێو دەڤێکی ئەدەبیدا ئوستووره‌کان بدۆزینەوە و دەستنیشانیان بکەین؟

٣ـ چۆن دەتوانین لە ئوستووره تێبگەین و وەریگرین بێئەوەی بە هێما بیگۆڕینەوە یا خود تا ئاستی ڕەمز سڕینەوەیەك نزمی بکەینەوە؟

پێشتر بەپێی توانا ولێمی پرسیاری یەکەمم داوەتەوە. کەواتە بۆ بەرگریکردن لە درێژدادڕی و دووپاتەبێژی خۆینەر دەگەڕێنمەوە سەر وتاری گۆرین و تەنیا لە شوێنی پێویست و بەپێی پەیوەندی بابەتی ئەم خوێندنەوەیە دەگەڕێمەوە سەر باسەکە.

دەکرێ بڵێین گرینگترین شوێنی ئەم خوێندنەوەیە پرسیاری دووهەمە واتا ئەگەر نەتوانین ئوستووره‌کانی کە لەم دەقەدا کەڵکیان لێوەرگیراوە دیاری بکەین، تووشی هەڵەیەکی ڕەوشتناسانە بووینە و دوو پرسیارەکانی دیکەشمان بە لاڕێدا بردوون.

یەکێك لە ڕوانگە هەرە بە تواناکان بۆ دۆزینەوەی ئوستووره‌کان لە نێو دەقدا شێوە ڕوانینی «نۆرترۆپ فرای»یە. فرای دەڵێ: بە سێ شێوە دەتوانین دەقێك بخوێنینەوە(ئەو پێی وایە دەکرێ دەق وەك تابڵۆیەکی نەقاشی سەیر بکەین)

١ـ دەتوانین ئەوەندە لە تابڵۆکە نیزیك ببینەوە کە بە ئاسانی بتوانین وردەکارییەکانی قەڵەممووو و (کارەکی نەقاشی) تەحلیل بکەین، کە ئەمە لە ئەدەبیاتدا دەتوانێ جەختکردن لەسەر لایەنی بەلاغی بێت.

٢ـ ئێستا کەمێك لە تابڵۆکە دوور بووینەتەوە؛ تابڵۆکە ڕوونتر و ئاشکراتر خۆی دەنوێنێ کە ئەمەش لە ئەدەبیاتدا دەکەوێتە خانەی لێکدانەوەی ناوەرۆکەوە.

٣ـ هەرچی لە تابڵۆکە دوورتر کەوینەوە دەتوانین بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر بەسەر ئەوگەلێڵە ڕێکخەڕەدا زاڵ بین کە هەموو یەکە پێکهێنەرەکان لێك گرێ دەداتەوە، کە هەر لەم شوێنەیشەوە دەتوانین ئوستووره‌کان بدۆزینەوە.

ئێستا ئەگەر هەر لەو شوێنەی کە نورتروپفرای باسی لێدەکات چاو لە«کێژی سوور...»بکەین، کۆمەڵێك وێنە، ئارکی تایپ و بەگشتی ئوستووره دەبینین کە تەنیا فۆرمی دەقەکە دەتوانێ بەرجەستەیان بکاتەوە و لێکیان گرێ بداتەوە. بۆ وێنە لە ڕێگەی ئیرجاعەکانی دەق بۆ سەر خۆی یا خود ـ ئیرجاعی دەقییەوە هێندێك نیشانە بەرجەستە دەبنەوە کە لە ڕێگەی تێکەڵبوونیان بەردەوام دەتوانن مانا بەرهەم بێنن و ئوستووره‌کانیش بەرجەستە بکەنەوە. وەك لە درێژەی ئەم خوێندنەوەیەدا دەردەکەوێ، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی و لە دوورەوە بڕوانینە ئەم شێعرە دەبینین حەزیایەك لە ناخی شێعرەکەدا دەمی کردۆتەوە و خەریکە گەورەیی و شوناسی خاك و ژن و... هەڵدەلووشێ. حەزیایەك کە سالێنێکی دوورودرێژە هەرکەسەو بااڵندەکەی خۆی بۆ قوربانی دەکات و...

ئەوەی ئێمە لێرەوە باسی لێوە دەکەین ڕەنگە کەمتر کەسێك بێت لە حیکایەتە فولکلۆرییەکاندا نەبیستبێ، چەندە باسی ئەو وڵاتانەمان بیستووە کە تێیاندا ئەژدیهایەك بەری ئاو دەگرێ و تەنیا ئەو کاتەی کەسێکی بۆ قوربانی دەکەن و دەرخواردی دەدەن بۆ ماوەیەکی کورت بەری ئاوەکە بەردەدا و ... حیکایەت هەر درێژەی هەیە و ئێمەی گوێبیس خەونۆچکان دەبەینەوە تا ئەوکاتەی حیکایەت دەگاتە شوێنێك کە جوانترین و ڕازاوەترین کێژی شار پێشکێشی ئەژدیها دەکەن، دەینێرن بۆ مەسڵەخ، کە لە ناکاو قارەمان

دەگاتە قوربانگا و شێرێکی ئەستوونی و شێرێکی ئاسۆیی لە خۆی دەبەستێ، دەچێتە نێو دەمی ئەژدیها و چوارکوتی دەکات، جیاوازی نێوان ئەو حیکایەت و ئەوەی لەو دەقە شێعرییەدا هەیە ئەوەیە کە ژن چاوەڕوانی قارەمانێکی پیاو نییە کە دەربازی بکات بەڵکوو خۆی دەگەیەنێتە پلەی قارەمان، ژنێك کە خۆی لەسەر رەچەڵەکی ئیلاهە هەرە بەتواناکان بونیات دەنێتەوە.

وەك دەبینرێ ئەم دۆزەخە شوێنی وێرانکردن و فڕێدانی ئوستوورە خەساوەکان و وزە بەخشین بە ئوستوورە کاراکانە کە بوودا، قوربانی، خوای مانگ لە سەرەوەی هەموویان خۆیا دەبن کە هەمووی ئەوانەش بەیەکەوە و لە ڕێگەی فۆرمی چەند شێعر ـ کە دواتر باسی لێدەکەین ـ گێڕانەوە بەرفرەتر دەکەن. گێڕانەوەیەکی سەیال لە نێو چەند زەمەنی رابردوو، ئێستا و داهاتوودا. نوستالۆژیایەك لە پانتایی دالێکی نەحەجماو، خەمێکی گەورە و سەردێڕی شێعرەکە کۆ دەکەنەوە کە «کێژی سوور خاوەن مانگە».

سەرەڕای ئەوەی کە فرای خاڵی سێهەم زۆر بە جوانی ڕوون ناکاتەوە، واوێدەچێ ئەم خاڵە باس لە پێکهاتەیەکی گشتی ڕێکوپێك بکات کە شتێکی زیاتر لە پاژە پێکهێنەرەکانی دەگرێتەخۆی. لێرەدا بۆ ڕوونبوونەوەی ئەم بابەتە و ولێم دانەوەی پرسیاری سێهەم لە ڕەوشت، شێوە خوێندنەوە ورەمزهەڵێنانی (ڕمزگشایی) ئوستوورەی بارت کەڵك وەردەگرین، هەڵبەت بارت ئوستوورە لە دنیای ئەورۆدا بە ئەفسانە نێو دەبات کە لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەم وتارە لە سەر ئوستوورە یەك ناگرنەوە بۆیە بۆ بەرگریکردن لە هەڵەیەکی مەعریفەناسانە، تەنیا لە ڕەوشتی بارێت کەڵك وەردەگرین و ناچینە نێو باسەکەیەوە.

ڕۆلێن بارت لە ڕێگەی دووڕوویی دالەوە کە لە فۆرم و مانا پێکهاتووە، سێ شێوە خوێندنەوە دیاری دەکات:

١ـ ئەگەر جەخت لەسەر دالێکی خاڵی (تهی) بکەین، ڕێگە خۆش دەکەین تا مەفهوومێکی تایبەت و دیاریکراو، فۆرم پڕ بکاتەوە.

٢ـ ئەگەر جەخت لەسەر دالێکی پڕ بکەین زۆر بە ڕاشکاوی لە نێو فۆرم و مانادا جیاوازی دابنێین، ڕەمزەکانی دەلێڵەتێکی ئوستوورەییمان دۆزیوەتەوە وبەردەوام بەرهەمهاتنەوەی ئوستوورەمان لێستاندۆتەوە.

٣ـ ئەگەر جەخت لەسەر دالێکی ئوستوورەیی بکەین کە لە فۆرم و مانا پێکهاتووە خۆمان تووشی دەلێڵەتێکی ناڕاشکراو لێڵ کردووە. بارت دەڵێ خاڵی یەکەم و دووهەم وەستاو و شیکارین(ایستا و تحلیلی). بە ڕەمزهەڵێنان یا وەدیارخستنی نییەتی ئووستوورە، ئوستوورە وێران دەکەن و خاڵی سێهەم ئەو دالە تەڤگەرەیە کە ئوستوورە لە چوارچێوەی پێکهاتەی گشتی خۆیدا خۆیا دەکات و هێزی بەردەوام بەرهەم هاتنەوەی پێدەبەخشێ. بە کورتی و لەکۆی باسەکەی ئەم بەشەدا دەبێ ڕوون بێتەوە کە ئەم خوێندنەوەیە سەرەتا لەو شوێنەی فرای باسی لێدەکات و لە دەلاقەی بەیەکەوە سەیرکردنی فۆرم و ناوەرۆك یا پێکهاتەی گشتی شێعرەکەدا ئووستوورەکان دەدۆزێتەوە و دواتریش لە ڕێگەی نیشانەناسییەوە هەوڵدەدات دەست بەسەر ئەو دەلێڵەتە شاراوە و تەڤگەرەیەدا بگرێت کە ئووستوورەکان باسی لێدەکەن.

٣

شێعر ڕووداوێکە لە زماندا یا بە وتەی یاکوبسێن « کارکردی جوانیناسانەی زمان و هێرشی گەلێڵەدار و هوشیارانەیە بۆ سەر زمانی ڕۆژانە» ئەم بۆچوونەیە لە ڕێگەی زمانی پێوەڕەوە شێعر پێناسە دەکات واتا هەرچەند زمان بتوانێ خۆی لە زمانی پێوەر دوور بخاتەوە، لە زمانی شێعر نزیکتر دەبێتەوە. هەڵبەت زمانناسان چەمکێکی تایبەتیان بۆ ڕووبەڕەکانی زمان هەیە کەزمان بە چەند قۆناغدا دابەش دەکات:

١ـ زمانی پێوەر

٢ـ زمانی زانست(علم)

٣ ـ زمانی ژۆرنالیسم(ڕۆژنامەگەری)

٤ـ زمانی چیرۆك

٥ـ زمانی پەخشان

٦ ـ زمانی شێعر

وەك دەبیندرێ زمانی شێعر، لە بەرزترین پلە دایە

و لە هەموو بەشەکانی تریش بۆ تێکڕماندنی یاساو ریسا دیاریکراوەکان وێرانکردنی زمان، بەتواناترە. بەڵام ئەم پۆلێنکارییە لە روانگەی روانینێکی ڕەهادا ناتوانێ هەموو دەقەکان پۆلێن بکات. ئەمە یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شێعری «کیژإی سوور ...»ە کە نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم دەقانەی کە لە چوارچێوەی دیاریکراوی ژانردا ناحاوێنەوە و بە شێوەیەکی بەرفرە(تداخل)ی ژانرەکانی تێدا دەبیندرێ و هەروەها لە ئیمکاناتی فۆرمەکانی تری نووسین وەك شانۆ و چیرۆك کەڵك وەردەگرێ کە ئەم کارە خۆی لە خۆیدا پانتای ژانری شێعر بەرفرەوانتر دەکات و کەشوهەوا و فۆرمێکی نوێ بۆ خۆی دەستەبەر دەکات کە هەڵدەگرێ بە شێوەیەکی جیاواز باسی لێبکەین.

د. محەممەد عەلی حەقشناس لە سەر ڕەچەڵەکی «تیۆری پێوەندیی» یاکوبسێن دوو دەقی شێعری لێك جیا دەکاتەوە. شێعری گێڕانەوەیی و شێعری خوازەیی.

١ـ شێعری گێڕانەوەیی: هەردەقێك کە بابەت یا ناوەڕۆکەکەی لە درێژەی پەیوەندی مانایی هاونشینیدا ریکخرابێت و پەرەی پێدرابێت، ئەو دەقە دەقێکی گێڕانەوەیی یا ریوایيە.

٢ـ شێعری خوازەیی: هەر دەقێك کە بابەت یا ناوەڕۆکەکەی لە درێژەی پەیوەندی مانایی وێکچوون یا جێنشینی بۆ بنیاتنرابێت، ئەو دەقە دەقێکی خوازەیی یا غەیری ریوایيە. (جا ئەو وێکچوونە لە دەقدا چ لە ڕێگەی خوازە خۆی بێت چ هێما، یا ڕەمز یا کینایە و هەر شتێکی تر)

لە درێژەی ئەم پێناسەیەدا دەبێ دوو تایبەتمەندی سەرەکی دەقی ریوایی و خوازەیی لەبەرچاو بگرین: یەکەم ئەوەی کە دەقی ریوایی زمانێکی سادەی هەیە ئەگەر لە ڕووبەرەکانی زمانەوە لێی بڕوانین، زمان تا ئاستی زمانی ژوڕنالیسم دادەبەزێنێ و دەتوانین زۆر بە سانایی بە مانا بگەین؛ بەڵام دەقی خوازەیی لە بەرزترین قۆناخی زمان ؛واتا زمانی شێعر دایە و بە هۆی زمانێکی چەند توێژ و چەند لایە لە بەدەستەوەدانی مانایەکی تاك خۆ دەپارێزێ و دەقێك دەخوڵقێنێ کە ماناکان لەسەر یەك دەخزن و دەچنە پاڵ یەکتر. ئێستا پاش ڕوونبونەوە و جیا کردنەوەی ئەم دوو دەقە، ئەم پرسیارە ساز دەبێت کە دەقی شێعری«کیژی سوور خاوەن مانگە» لە کوێی ئەم هێڵکارییەدا جێدەگرێ؟

ئەم دوو دەقە هەر دووك بە هێزێکی زۆرەوە لە شێعری «کیژی سوور ...» دا بوونیان هەیە کە هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە سەرێکەوە تەنیا (ئولگوویەکی) ئوستووڕەیی هەڵنەبژێردرێ و نەنووسرێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی کۆمەڵێك بگۆڕ، تکنیك و بەگشتی فۆرمێکی گونجاو ئوستووڕەکان لە نێو دەقدا بتوێنەوە بە جۆرێك کە کەمتر هەست بە ئوستووڕە نووسینەوە دەکرێت و بەشی هەرەزۆری ئوستووڕەکان دەنووسرێنەوە.

لە ٥لایەکی ترەوە ئەو هێزە بە دەق دەبەخشێ کە چوارچێوی ژانر بەرتەسك نەکاتەوەوڕێگەبۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵێك کاردروستایی(تمهید) نوێ ئاوەلێ بکاتەوە کە بتوانن فۆرمێکی نوێ بەرهەم بێنن تا دەق بتوانێ بەردەوام خۆی تێدا بەرهەم بێنێتەوە کە ئەوەش سەرچاوەی ئەو پرسیارە بنەڕەتییەیە کە ئەو فۆرمە چییە و لە چی پێکهاتووە؟

پێشتر وترا هەردوو جەمسەری خوازە و گێڕانەوە بە تەوژم لەم شێعرەدا بوونیان هەیە کە لە ڕێگەی تێکەڵبوونیان هەم گێڕانەوەی هێڵی وێران دەبێت و هەم خوازە، واتا خوازە ئەڵقەکانی گێڕانەوە دەپچڕێنێ و بە هێندێك نیشانەی کردەوەیی(واکنشی) دەیکاتە پازێل و گێڕانەوەش خوازە بە هێندێك نیشانەی هۆژاندنی(القایی) ــ وەك زەقکردنەوەی وشە و خوڵقاندنی دال ــ سەرەڕۆ دەکات کە لە ئەنجامی ئەم هاموشۆیەدا گێڕانەوە دەکەوێتە زاوزێ و گێڕانەوەیەك دەبێت بە چەند گێڕانەوە و شێعر دەبێت بە چەند شێعر کە وێنەیەك لە پێرسپێکتیڤی ئەو پەڕزمانییە. ئەوەی وترا چوارچێوەی گشتی فۆرمی شێعری«کیژی سوور ...» بوو کە لەمەبەدوا بە فۆرمی چەند شێعر یا چەند گێڕانەوە نێوی دێنم کەپێموایە هەموو شێعرەکانی لەم چەشنەش دەگرێتە خۆی.

مەبەست لە چەند شێعر کەشێکی ئامادەیە بۆ چوونە پاڵیەکی ژانرەکان کە ڕەگەزی بە هێز و زۆرێك

لە ئیمکاناتی ژانرەکانی تر تێیدا بوونیان هەیە و دەورێکی بەرچاوی تێدا دەگێڕن. بۆ وێنە لە ئیمکاناتی شانۆ وەك دڕاماتیك و دڕاماتیکی مۆنۆلۆگ یا ئیمکاناتی چیرۆك وەك گۆشەنیگا، ئەڵقەکانی گێڕانەوە و بە گشتی گێڕانەوە و هەرچی کەڵکی لێوەردەگیرێ. ئەو وتەیە بەو مانایە نییە کە بڵێین شێعری«کێژی سوور ....» لە بنەڕەتدا خۆی بە شێوەی شانۆ یا چیرۆك دارشتبێتەوە بەڵکوو مەبەست زەقکردنەوەی داهێنان و فۆرمێکی تازەیە کە لە دەوری بازنەی بەرتەسکی ژانرەکاندا سەرهەڵدەدات. لە سەرێکی-دیکەشەوە ئەو ئیمکانات و تیکنیکی ژانرەکانیتر لەم کەشە نوێیەدا بە شێوەیەك مامەڵەیان لە گەڵ دەکرێ کە وەك هەمیشە ناتوانی دەستنیشانیان بکەی بۆ وێنە سەیری ئەم کۆپلە بکە:

چاوەکانی لە ئاکامی ئێوارەدا
پەنجەرەیەك خۆرهەڵێت و پەنجەرەیەك خۆرنشینن
بەڵکوو .....سات سیفرە بە کاتی خوێن
تەمەنی مەرگی باڵندە لە سەرەتا تێناپەڕێ

ئەو کۆپلەیە لە رێگەی سازکردنی مەودایەك لە نێوان «بەڵکوو و سات»دا کە بەدوای یەکیشدا هاتوون ئەو بۆچوونەی سەرێ دەسەلمێنێت. واتا ناکرێ بە راشکاوی بڵێین ئەو کۆپلەیە دڕاماتیك مۆنۆلۆگە یا بگێڕەوە(راوی) تێیدا دەگۆڕدرێ.

شێوەی بێهێز بوونی ئیمکاناتی ژانرەکانیتر لە نێو فۆرمی چەند شێعردا پرسیارێکی بەجێیە، وەك پێشتر باس کرا چەند شێعر سەرێکی لە گێڕانەوە دایە و سەرێکیشی بە خوازەوە بەندە ئێستا خود ـ ئیرجاعی یا ئیرجاعەکانی دەق بۆ سەر خۆشی لێ زیاد دەکەین کە کارکردی سەرەکی، راپێچ کردنی خوێنەرە بۆ نێو ئەو بازنەیە. ئەوسا لە ئاڵووێری(تعامل) سێ کوچکەی خودئیرجاعی، گێڕانەوە و خوازە (هەر بەو مانایەی پێشتر ئاماژەیان پێکرا) کۆمەڵێك تکنیك بەرهەم دێن کە بوونی ژانرەکانیتر کەم رەنگ دەکەن و گۆڕ و تین وەبەر زمان دەنێن و دەخرێتە بان بەرز ترین پلە. ئیتر گێڕانەوە گێڕانەوەی چیرۆك نییە و دراماتیك یان دراماتیك مۆنۆلۆگ بەو شێوەیەی لە شانۆدا دەوری هەیە خۆیا نابێت بەڵکو لە رێگەی ئاڵووێری ئەم سێ کوچکەیە کۆمەڵێك بگۆڕ سەر هەڵدەدەن کە هێندێك تکنیکیتریان دەخرێتە پاڵ و لە ئەنجامدا فۆرمی چەند شێعریان لێدەکەوێتەوە.

لێرەدا بگۆڕە هەرە بەتوانا و هەرە بنەڕەتییەکانی ئەم فۆرمە بە دوو دەستە دابەش دەکەم

١ ـ گێڕانەوەی هێرمۆنوتیکی

٢ ـ خود ـ ئیرجاعی دەق

لێکجیا کردنەوەی گێڕانەوەی هێرمۆنۆتیکی و خود ـ ئیرجاعی دەق بەتایبەت لە نێو فۆرمی چەند شێعردا کارێکی دژوارە ،چونکە لە زۆر شوێندا گێڕانەوەی هێرمۆنۆتیکی دەبێتە ژێر کۆی (زیرمجموعە)ی خود ـ ئیرجاعی، بەڵام بۆ دەسپێك بەم شێوەیە لێکیان جیا دەکەینەوە کە گێڕانەوەی هێرمۆنۆتیکی بەرهەمی بیر کردنەوەیەکی تەجەسسومییە و خود ـ ئیرجاعی بەرهەمی بیر کردنەوەی گوزارەیی کە بە شێوەیەکی وردتر باسیان لێدەکەین.

گێڕانەوەی هێرمۆنۆتیکی:

ئێمە هێرمۆنۆتیکمان بە مانای هەمیشەیی خۆی بە کار نەهێناوە بەڵکو مەبەست لە گێڕانەوەی هێرمۆنۆتیکی ١ ـ ئەو پرسیارە لێلێنەیە کە لە نێو دەقدا سەر هەڵدەدەن و هەر یەك لە گێڕانەوەکان بە قازانجی خۆیان لە نێو دەقدا پاساویان بۆ دەهێننەوە، هەڵبەت ئەو پرسیارانە گێڕانەوەکان لە ناکامی دەرباز دەکەن. بۆ وێنە لە رێگەی ئەم چەند پرسیارە دەکرێ چەند گێڕانەوەیەك دەستەمۆ بکەین.

لە کوێیە کات؟

چ رۆژە سۆمێنات؟

خودا کێن؟

٢ ـ ئەو گێڕانەوە هێرمۆنۆتیکییە دەتوانێ خزمەت بەتێکدانی (نحو) بکات کە ئەوە تێکدانێکی (نحو) ی زمان نییە بەڵکو ئیماژ سەر و بن دەکات، وێنەکان دەچنە پاڵ یەك، لەسەر یەك دەخزن نیشانەکان زەق دەکەنەوە و دەیانخەنە نێو سیستمێکی دەلالەتێکی لە برەو نەهاتوو جگە لەو دوو کارکردە کارکردی سێهەمی

گێرانەوەی هێرمۆنۆتیکی لەدەقی «کیژی سوور...» دا شێوەیەکی نوێی ئیجازە کە بەنۆبە لە سەریان زووم دەکەین و زیاتر شییان دەکەینەوە.

تێکدانی (نحو)ی وێنە: باسی ئەو بگۆڕانەیە کە سەرێکیان لە گێڕانەوە و سەرێکیشیان لە خوازە دایە واتا کۆپلەکان هاوکات کە یەکتر کێشبەر(جژب) دەکەن یەکتریش کێشدەر(دفع) دەکەن، شێوەیەك گەمەی زمانی لە رێگەی ئیماژەوە یان جوانترە بڵێین گەمەی ئیماژ واتا تێکدانی نەحوی وێنە، شتێکی جیا لە تێکدانی نەحوی زمانە. لە تێکدانی نەحوی زماندا یەکە زمانییەکان لەسەر یەك دەخزن و بەردەوام مانا بەرهەم دێنن کە چی تێکدانی نەحوی وێنە لە دوو قۆناغدا رووددا. لە رووکەشدا هەست بە تێکدانی نەحو دەکرێت سەرەڕای ئەوەی کە نەحو تێك نەچووە و لە قولێیشدا گەمە بە ئیماژ دەکرێ و شێوەیەکی نائاسایی و لە پەیوەندی لە گەڵ ئیماژەکانی نێو کۆپلەکانیتردا دادەرژێتەوە، هەڵبەت لە زۆر شوێندا تێك چوونی نەحوی زمانیش یارمەتی ئەو زمانە دەدات، بە کورتی تێکدانی نەحوی وێنە گەمەی ئیماژ دەگرێتە خۆی کە لە هەر دوو پرۆسەی هاونشینی و جێنشینی کەڵك وەردەگرێ کە لە نێو کۆپلەیەك یا پەیوەندی و کردەوە و دژکردەوەی (کنش و واکنش) نێوان کۆپلەکاندا گێڕانەوە (شێعر) بەرهەم دێنێت.

کوترا تێکدانی نەحوی وێنە لە چوارچیوەی کۆپلەیەکیشدا دەتوانێ دەور بگێڕێ، کەوابوو ئیتر کارکردەکەی ئەو کارکردە نییە کە لە پێکهاتەی گشتیدا هەیەتی بەڵکوو پتر وەك بنەمایەك بۆ زەقکردنەوەی نیشانە هێرمۆنۆتیکییەکان دەوری هەیە.

نمونەی بەرچاوی تێکدانی نەحوی وێنە لە نێو کۆپلەیەکدا گەمەیەکە کە لەوە بە دوا بە گەمەی پێچەوانە نێوی دەبەین کە لە هەر دوو پرۆسەی هاونشینی و جێنشینی کەڵك وەردەگرێ بەڵام زۆرتر لە پرۆسەی هاونشینی کەڵك وەردەگرێ. وەك ئەم نموونەیە کە دەیهەوێ گێڕانەوەی هێڵی ناکام بکات.

تەوارەکان

تا هەڵفرین دڵۆپ دڵۆپ دەبنە بەفر و
سپیاییەکان بەجێدێڵن

ئەم گوزارەیە لە ئیماژێکی لێڵ، نائاسایی و جیاواز بەرهەم هاتووە کە زۆرتر وەك تکنیکێکی سینەمایی دەچێ یا فیلمێك کە لەسەر تەسویر دەگەڕێندرێتەوە دواوە، بەفرێك کە چۆڕە چۆڕی کەوتۆتە بن چۆڕە چۆڕەکەی یا دڵۆپەکانی دەگەڕێنەوە، دبنەوە بە بەفر و لە سەر یەك کەڵەکە دەبن و ئەوسا سپیایەکان کلوو کلوو بەرەو ئاسمان دەگەڕێنەوە، ئەوە نمونەیەکی ئەو گوزارانە بوو کە بە زۆر لە پرۆسەی هاونشینی کەڵك وەردەگرن. شێوەی رێکوپێکتری تێکدانی نەحوی وێنە لە پانتای کۆپلە یا گوزارەیەکی تاك دا ئەو کاتە دێتەدی کە لە هەر دوو پرۆسە کەڵك وەردەگرێ. نمونەی بەرچاوی ئەو کۆپلەیانەن کە لە دێڕێکیاندا (نحو) تێکچووە ولە دێرەکانیتر ئیماژێکی هێڵی پێکهاتوون یا وەسفی و یا گێرانەوەیین. بۆ فاکت سەیری ئەو گوزارەیە دەکەین کە لە بەشی مبتدا دا (نحو)ی زمان تێکچووە و بەشی خەبەر وەسفی یان گێرانەوەیین.

١ ـ بمسپێرە ئاو
٢ ـ لە ئاگرێکەوە دەشنێم
کە دەنگەکان لە عەرسەی دا مەشخەڵێکی
بێئاکامن
«یا»

١ ـ سبەینێم کە هەتا رووناك
٢ ـ لە رەشاییەکەوە دەژیم
کە چاوەکان هەتا سەحەر دە دۆرێنێ
بەبێ ئەوەی
هێزی مێژوو

لەم نموونەی ئاخردا لە بەشی دووهەمی گوزارەکە بە شێوەیەك نەحو تێکچووە کە زۆر بەرچاو نییە. هەڵبەت ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بڕوانینە شێعرەکە هەتا شێعر بەرەو کۆتایی دەڕوات، نەحو دژوارتر دەبێت و دێدەکان بە شێوەیەکی نائاسایی تر دەچنە پاڵ یەك.

وەك:

شەهید بە لە ئێسکما درەختێك لە جەستەت ، خودایی
خۆر دەمرێ هەناسەم
هێندەی چاوت
هێندەی خوێنیشت
ئەستێرەیەکی هەڵفڕیو
شەپۆل دەکەم لە جەستەمدا ڕۆشناییت
....

بەڵام ئەم دێڕانەش لە هێندێك وشە و وێنەوە پێکهاتوون کە ڕێگەی گوزارەکانی بەرلەخۆیان زەختیان لەسەرە. وەك لە بەشی خودئیرجاعی دەقدا(دواتر باسی لێدەکەین) دەبیندرێ؛ هەر ئەوە زاوزێیەکی زۆرتر بۆ گێڕانەوە دەبەخشێ، هەروەها خزمەت بە تێکدانی نەحوی وێنەش دەکات و هاموشۆی ئیماژەکان لە دوودڵیدا دەهێڵێتەوە.

ئیجازی گێڕانەوەیی خوازەیی: بەرهەمی «تعامل»ی گێڕانەوە و خوازەیە. گێڕانەوە لە ڕێگەی خوازەوە بەردەوام جموجۆڵی پێدەبەخشرێ و هێرشی دەکرێتەسەر تا لە سنووری هێڵی خۆی لابدات؛ گێڕانەوەیەك ببێت بە چەند گێڕانەوە و شێعر ببێت بە چەند شێعر یا لانیکەم پانتای گێڕانەوە ــ شێعر بەرفرەتر بکات. لەلای نووسەری ئەو چەند دێڕە ئەوە نوێترین و بەبڕەوترین شێوەی ئیجازە لە چوار خشتەی کۆپلە دێڕ یا گوزارەدا .بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەو باسە بە هێنانەکایەی نموونەیەك لە شێعری« کێژی سوور ...» ئەو چەمکە پتر شی دەکەینەوە:

خوڵقاندمی لە سێ حیسسەدا خودای ڕاووناك
حیسسەی هەوەڵ.....لە ساردترین هەڵفڕیندا.....
باڵی ڕاستم
حیسسەی دووهەم.....لە بەردێکی وەجاخکوێردا.....
چاوی ڕاستم
حیسسەی سێهەم.....لە دەنگێکی چەماوەدا.....
زمانێکی کوێر
یا تۆ.....من وڵاتێکی بێوێنەی لە سوژدە دام.....بۆ سۆمێنات
یا مانگ و ساڵەکان سەدپاتەی ئافرۆدێت
یا ...

بەر لە هەموو شت نابێ ئەوە لەبیر کەین کە ئەم تیکنیکە بەرهەمی شێوەی نووسین و لە بەرامبەریەك دانانی دێڕەکانە. واتا بەر لە هەمووشت راست، نێوەڕاست و چەپ لە یەك جیا دەکرێنەوە. ئەوسا کەشێك دەخوڵقێ کە هەریەك لە دێڕەکان بە شێوەیەکی جیاواز لەتەك دێڕەکانیتر هاونشین دەبێت؛ بۆ وێنە لەم کۆپلەیەی ژێروودا جگە لە شێوەی ئاسایی خۆی بۆ چەند شێوە نووسینەوەیتر ئامادەبوونی هەیە وەك:

حیسسەی هەوەڵ.....لە ساردترین هەڵفڕیندا.....
باڵی ڕاستم
چاوی
ڕاستم
زمانێکی
کوێر
بۆ
سۆمێنات
«یا»

حیسسەی هەوەڵ.....لە ساردترین هەڵفڕیندا
لە بەردێکی وەجاخکوێردا
لە دەنگێکی چەماوەدا
من وڵاتێکی بێوێنەی لە
سوژدەدام.....بۆ سۆمێنات

دەشتوانین«یا تۆ» لەتەك « من وڵاتێکی بێوێنەی لە سوژدەدام بۆ سۆمێنات» نەنووسینەوە، هەروەك لە سەرەوە نەماننووسیوەتەوە بەڵکوو لەتەك دێڕەکانی .خوارەوە بینووسینەوە

یا تۆ

یا مانگ و ساڵەکان سەدپاتەی ئافرۆدێت
یا مەرگ و سۆمێنات و ئینانا و ئاناهید

ئەوەی مەبەستی ئێمە بوو هێنانەوەی فاکت بوو ئەگەر بڕیار بێت بە هەموو شێوەکان کە دەنووسرێنەوە ئەو کۆپلەیە بنووسینەوە، ڕێژەیەکی زۆرتر لەو نموونانە دەگرنەخۆ. جگە لەوە ئەگەر چاوێك بەسەر شێعری «کێژی سوور ...»دا بخشێنین نموۆنەی لەو جۆرەمان زۆر دەست دەکەوێ.

من : کە پشکووتن.....یا سۆمێنات
کە ئارامش.....یا یەخسیری
سەرکەوتنیش.....یا خوێن و یا باڵندە

ئەو کۆپلەیەش تایبەتمەندی کۆپلەکانی سەرەوەی هەیە جگە لەوەی جێپێی«من» قایمە و وا وێدەچێ نەیهەوێ بە هیچ شێوەیەك گێڕانەوە بدۆڕێت.

خود ــ ئیرجاعی دەق: پێشتر باس کرا کە ئاڵووێری (تعامل) سێکوچکەی گێڕانەوە، خوازە، خۆد ـ ئیرجاعی هەروەها کۆمەڵێك بگۆڕ و تیکنیکیتر کە دەخرێنە پاڵ ئەم سێیە، زاوزێ بەردبێتە گێڕانەوە و شێعر دەبێت بە چەند شێعر. ئێستا دەمهەوێ ولێمی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە خود ـ ئیرجاعی چ مکانیسمێکە و لەو فۆرمەدا خاوەنی چ کارکردێکە؟

کارتێکردنی خود ـ ئیرجاعی و دەقی شێعری « کێژی سوور ...» کارتێکردنێکی دوو لایەنەیە واتا هەم فۆرمی چەند شێعر دەبێتە هۆی بەدیهاتنی خود ـ ئیرجاعی و هەم خود ـ ئیرجاعی یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی بەدیهاتنی فۆرمی چەند شێعرە. هەڵبەت نموونەڕاستییەکانی(مچداق)ـەکانی بۆ خود ـ ئیرجاعی بوونی دەق جیاوازن. مەبەستی لە خود ـ ئیرجاعی، ئیرجاعی وشە، گوزارە و کۆپلەکانی دەقە بۆ سەر یەکتر کە بە شێوەی جۆراوجۆر لە تەك یەکتر هاونشین دەبن. بەگشتی خود ـ ئیرجاعی شێوەیەك بەرهەمهێنانی مانایە.

بە بارتەقای نموونەجیاوازەکان بۆ بەخود ـ ئیرجاعییوونی دەق، کارکردەکانی خود ـ ئیرجاعیش جیاوازن. سەرەکیترین نموونە بۆ خود ـ ئیرجاعی گەیشتنی دەق چەند پاتەبوونەوەی وشە لە نێو دەق دایە کە دوو کارکردی هەیە؛ لە سەرێکەوە خزمەت بە یەکگرتوویی بابەتی دەکات و لە سەرێکیدیکەشەوە وشە لە ڕێگەی چەند پات بوونەوە تایبەتمەندییەکی هێمائاسا بە خۆیەوە دەگرێ و وەکوو ڕەمز خۆی دەنوێنێ. ئەو نموونەیە خود ـ ئیرجاعییە زێتر لە دەقی هێڵیدا دەبیندرێ.

نموونەیەکیتر بۆ خود ـ ئیرجاعیبوونی دەق چەندپات بوونەوەی فرە شێوەی وشەیە لە نێو دەقدا کە لەو ڕێگەیەوە وشە لە مانای قاموسی خۆی جیا دەبێتەوە و لە ڕێگەی هاونشینی لە تەك وشە، گوزارە و کۆپلەکانیتری دەقدا زاوزێ دەخاتە زمان و بەردەوام مانا بەرهەم دێنێ. ئێستا ئەگەر وشەی چەندپاتبووەوەی فرەشێوە، پەیوەندییەکی نەپچڕاویان لە گەڵ یەکدا هەبێ و هاوشێوە بۆ گێڕانەوە جیاجیاکان ئامادەی بەرهەمهێنانی مانا بن، کارکردێکیتری خود ـ ئیرجاعی سەری هەڵداوە کە تایبەتمەندی دەقی شێعری کێژی سوور خاوەن مانگیشە کە لەوسۆنگەیەوە وشە وەکوو نیشانە بەرجەستە دەبێتەوە. بۆ نموونە وشەی «سبەینێ» لە دەقی ئەم شێعرەدا:

١ـ لە ڕێگەی چەندپاتبوونەوەی فرەشێوە لە مانای قاموسی خۆی ــ کە بۆ داهاتوو بەکار دێ ــ جیا دەبێتەوە

٢ـ لە ڕێگەی هاونشینی لەتەك بەشەکانیتر و ڕایەڵی پەیوەندی لە نێو وشەی دووپاتبۆوە. وشە دەبێت بە نیشانە

٣ـ بۆ خوێندنەوە جیاجیاکان ئامادەی بەرهەمهێنانی مانایە، بۆ نموونە لە یەکێك لە گێڕانەوەکان یا گێڕانەوەکەی ئێمەدا وشەی«سبەینێ» دەتوانێ بۆ ڕابردوو بەکار بێت کە ئەوەدەم خزمەت بە ئامادەکردنی کەش بۆ بەرجەستەکردنەوە و خوڵقاندنی نوستالۆژیا دەکات. نموونەی تری لەم چەشنە وشەکانی « بەرد، مانگ، باڵندە، زاگرۆس، دۆزەخ، درەخت ...» کە وەك نیشانە بۆ ئەم خوێندنەوەیە کەڵکمان لێوەرگرتوون.

نموونەیەکی تر بۆ خود ـ ئیرجاعبوونی دەقی شێعری«کێژی سوور ...» ئیژجاعی کۆڵلە و گوزارەکانی دەقە بۆ سەریەکتر کە دەتوانێ ئیمکاناتی ژانرەکانیتر کە لەم دەقە شێعرییەدا کەڵکیان لێوەرگیراوە کەمرەنگتر بکات و هێز بەو نیشانانە ببەخشێ کە ئوستووورەکان بەرجەستە دەکەنەوە. لە سەرێکی دیکەشەوە ئیرجاعی بەردەوامی گوزارە و کۆپلەکان(تکپر)بە دەق دەبەخشێ، ئەو(تکپر) بەخشینەش تا ئاستێکە کە نازانم ئەگەر بمهەوێ ئیرجاعی هەموو گوزارە و کۆپلەکانی دەق بۆ سەر یەکتر دەستنیشان بکەم چەندجار دەبێ ئەو دە قە بنووسمەوە. پێشم وایە ئەو وتەیە تا رادەیەك ئاشکرایە کە پێویست بە هێنانەوەی فاکت ناکا.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم یەکێکیتر لە کارکردەکانی خود ــ ئیرجاعی (لە پانتایەکی بەرفرەوانتر کارکردی چەند شێعریشە) کارا کردنی خوێنەرە واتا خوێنەر بەردەوام لە بەشێکەوە بۆبەشێکیتر ئیرجاع دەدرێتەوە و لە درێژەی ئەم کردەوە و دژکردەوانەدا دەبێت بە شاعیر و سەرلەنوێوە دەق بەرهەم دێنێتەوە، ئەوە شتێکە کە باریت بە چێژی دەقی(لژت متن) نێو دەبات و بە بإرواى نووسەرى ئەم چەند دێإرە ئەوە پلانی هەرە بە توانای چێژ وەرگرتنە لە دەقی شێعری « کێژی سوور خاوەن مانگە».

٤

یەك دوو هەنگاو بۆ دواوە دەکشێینەوە، خوێنی باڵندە لە سەر گۆنای بودا دەدرەوشێتەوە، زاگرۆس وردە وردە بە ناخی دۆزەخدا دەچێتە خوار، کێژی سوور جلی پاك و سپی سۆمێناتی کردۆتە بەر و لە بەردەم قوربانگە ڕاوەستاوە و ... هەرچەند هێشتاکەش بە تەواوی بەسەر تابلۆکەدا زاڵ نین، بەڵام نیشانەکان بەرجەستەتر(هەراوتر) خۆ دەنوێنن. ئێرە خانەی دووهەمی نورترۆپ فرایە یا بە واتایەکی ڕوونتر لە شوێنێکەوە سەیری دەق دەکەین کە دەتوانین زۆر بە سانایی سەرهەڵدانی نیشانەکان ببینین و سەیری جم وجۆڵی نیشانەکان بکەین بەبێ ئەوەی بە مانایەکی ڕەها گەیشتبین، چونکە نیشانەکان خاوەنی کارکردێکی ئیجابی نین و تەنیا لە ڕێگەی هاونشینی لە تەك نیشانەکانی تری دەقەوە مانا دەبەخشن. ئا بەم شێوە ڕەهەمەل هێنانی نیشانەکان، دەق لە تاکدەنگی بوون دەرباز دەکات و بەرەو چەند دەنگی-بوون هان دەدا و لە ئەنجام دا سەرهەڵدانی گوتار ڕێنوێنی دەکات.

بۆ تێبینی دەبێ بگوترێ کە تاکدەنگی بوون دەسکەوتێکە بۆ ئایدیۆلۆژیا، شارێکە کە ئایدیۆلۆژیا هەر لەوێوە دەتوانێ بەردەوامی بۆنە کۆمەلایەتییەکان، بە قازانجی دەسەلات بپارێزێ. لە سەرێکی دیکەشەوە ئەو بیرۆکە شۆڕشگێڕانەیەی کە خەریکی تێك ڕماندنی ڕێساکانە، سەرکوت بکات! بە پێچەوانە چەندەدەنگی بوون ئامادەکارییەکە بۆ سەرهەڵدانی گوتار لە نێو دەق دا کە وەك تایبەتمەندییەکی دەقی شێعری «کێژی سوور ...» لە ڕێگەی ئاوێتەبوون و هاونشینی نیشانەکاندا دێتە دی.

ئێستا لەو بەشەدا هێندێك لە نیشانە سەرەکییەکان شی دەکەینەوە، لە پەنا یەکتریان دادەنێین و ئاوێتەی یەکتریان دەکەین کە هەم ئوستووورەکان وەدیار دەخەین و هەم سەیری لە بەرامبەر یەك ڕاوەستانی بیرۆکەکان و سەرهەڵدانی گوتار دەکەین.

تەوارەکان، دایك، چریکە، مانگ، دەستەخوشکانی دەریایی، ئافرۆدێت، سۆمێنات، فریشتە، کێژی سوور ... سۆمێنات: واژەی «سۆم» بە مانای مانگ و «نات» بە مانای خاوەنە. سۆمێنات واتا خاوەن مانگ، لە نێو خواکانی هیند شوێنێکی بەرزی بۆ دانراوە. مەعبەدی سۆمێنات لە هیندی باستان دا(کەونارا) یەکێك لە پیرۆزترین و گەورەترین مەعبەدەکان(پەرستگاکان) بووە، هیندییەکان لەسەر ئەو باوەڕە کۆك بوون کە تەواوی کائینات، بگرە زەریاکان و ماسییەکانیش ستایشیان کردووە و لە سەدەی پێنجەم سولتان مەحموودی غەزنەوی هێرشی کردۆتە سەر ئەو مەعبەدە و ئێرانییەکان پەیکەری سۆمێناتیان بە تالێن بردووە.

دایکم و دەستەخوشکانی دەریایی
مانگ دەبڕن بە دوو بەش و
باڵندەیەك بۆ پەنجەرە کفن دەکەن

ئافرۆدێت: خۆشەویستی «ئادۆنیس»ەـ. پاش کوژرانی ئادۆنیس، ئافرۆدێت دەچێتە سەر تەرمەکەی و ئەوەندە دڵتەنگ دەبێ کە لە نێو خوێنی ئادۆنیس گوڵێڵە دەڕوێن. ئافرۆدێت خاوەنی مانگ و خوای بەهار و بارانیشە، بۆیە بە خوای کەمتەرخەمی نێوی دەبەن، چون ئەو چەند مانگە ئادۆنیس دەچێتە جیهانی ژێرەوە، تووڕە دەبێت و ناهێڵێ وڵات سەوز بێت.

یا مانگ و ساڵەکان سەت پاتەی ئافرۆدێت
یا مەرگ و سۆمێنات و ئینانا و ئاناهید...

سۆمەرییەکان پێیان وابوو هەریەك لە خواکان لە تەك ئەستێرە یا (سیارە)یەك پەیوەندییان هەیە و خاوەنی یەکێك لەوانن کە زۆربەی ئیلاهەکان لە نێو میللەتە جیاجیاکان دا بە خاوەنی مانگ ناسراون، مانگ لەو دەقە شێعرییەدا لە پەنا وشەی دۆزەخ وەك دوو نیشانەی بونیادی جێگیر دەبن کە دەبن بە هۆی پەیوەندی لە گەڵ نیشانەکانی تری دەق، ئەوسا وەك چەقێك(مرکزیت) نیشانەکانی تر بە دەوریاندا دەسووڕێنەوە.

لەوبەر ئەوبەری مانگ دوو نیشانەی تر هەیە کە یەکێکیان سەری لە چاخی پیرۆز دایە و ئەوەی تریان لە کات و شوێنێکی هەنووکەیی دا بە ئێش و ئازارەوە هەڵزناوە واتا سۆمێنات و کیژی سوور، کە لە پەنا یەك دانانیان هەم «تقابل» ساز دەدات و هەم دەتوانێ بۆ بەراوردکاری بەکار بێت. هەروەها لە درێژەی سووڕانەوەی نیشانەکان بە دەوری مانگ کە خۆی نیشانەیەکی ناوەکی یا « interpretant» ێکە (بە مانا ڕیفاتێرییەکەی) مانگ لە تەك ژن جێگە دەگۆڕێتەوە کە ئەوەش لە جێگەی ئیماژ، تلمیح، وەسف و هەموو تێکنیك و بگۆڕەکانی تری دەقی شێعرییەوە دەکرێت. بە کورتی دەکرێ بڵێین وەسف، ئیماژ، پرسۆنا و کردەوە و هەر شتێکی تر ژنانەن. بۆ وێنە پەڵەورەکان مێینەن، لە جێگەی هەڵۆ، تەوارەکان دانراون:

تەوارەکان

دڵیان سوورتر لە باران و
شوێنی دەنگیان
ئارشیوی سەردوولکەیە
...

یا:

ڕەنگە هێلانەی تەوارێك
لە سەر جوگرافیای دۆزەخ

یا «کردەوەی ژنانە»:

دایکم و دەستەخوشکانی دەریایی
مانگ دەبڕن بە دوو بەش و
باڵندەیەك بۆ پەنجەرە کفن دەکەن

یا «وەسف و کردەوە»:

بخوازن قیامەت
بخوازن دۆزەخ
پێشواز پێشواز
لە هەنگاوی بەرداوبەردی سۆمێنات
بە پیاڵە پیاڵە ئاگرەوە
بە چڵ چڵی ئابنووس وئاوێنەوە
تەمەننایە ستڕانی کەن

«یا»:

لە زگیانەوە
گڕکانێك دەبێتە خودا و
ئەوانیش میحڕابی دەبن.

دیارە بە جەختکردن لە سەر پەیوەندی زگ و زان «یا» چریکەی مەعبەدەکەت ... کە چریکە زێتر بۆ ژنان بەکار دێت و ... «یا» (ئینانا، ئاناهید، ئافرۆدێت، سۆمێنات، کیژی سوور) کە هەمووی ئەوانە بەیەکەوە دەوری ژن بەرجەستەتر دەکەنەوە و ژن دەکەن بە چەقی نیشانەکان یا نیشانەیەکی سەرەکی و بە توانا، هەڵبەت مەبەست لە بەرفرەی ژن لەم دەقەدا سەرهەڵدانی زمان یا «لحن»ێکی ژنانە نیە، بەڵکوو ئەو زمان و ئەو فۆرمە شۆڕشێکە دژ بە زمانی ڕاوکراو یا ئەو زمانەی کە ئایدیۆلۆژیا دەستی بەسەردا ڕۆگرتووە؛ هەر ئەوەش دەوری هەرە بەرچاوی فۆرمە نوێیەکانە. بە وتەی

مارگاریٚت میچێل؛ فۆرمە نوێیەکان بنەمایەکن تا سۆژە بگۆڕەکان بتوانن وەك سۆژەیەکی نەگۆڕ خۆیانی تێدا بەرهەم بهێننەوە(مەبەستی میچێل لە سۆژەی بگۆڕ «ژنە»). ژن لەم دەقەشێعرییەدا دووکەرت دەبێ «مانگ دەبڕن بە دوو بەش» و دەبێت بە چەقی گوتار لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا. کەواتا دوو نیشانەی تر پەرە دەستێنن و بالێ دەکەن:

١ـ سبەینێی کۆنەکان

٢ ـ دۆزەخی ئەمڕۆ سبەینێی کۆنەکان،

کە ژن تا هەنووکەش بۆی بەداخە، ڕابردوویەکی پیرۆزە، سەردەمی خوابوونی ژن، کە سێ پرسیاری نێو دەقە شێعرییەکە لە ڕێگەی خود ئیرجاعییەوە ئەم ڕابردوویە ساز دەدەنەوە:

لە کوێیە کات؟

چ ڕۆژە سۆمێنات؟

خودا کێن؟

لە ڕابردوویەوە سۆمێنات وەك نموونەی ئەم ئیلاهە بەتوانا و پیرۆزانە بۆ سازدانی نۆستالۆژیا و بەراورد لە تەك جێگەی هەنووکەی ژن هەڵدەبژێردرێ کە دوو خەونەکەی ئایینی سۆمێنات نموونەی بەرچاوی ئەم دیالۆگانەیە. هەرچەند سۆمێنات لە ڕێگەی فۆرمی چەند شێعرەوە پانتایەکی بەرفرەتری بۆ ئامادە دەکرێ، واتا لە ڕابردوودا نامێنێتەوە و بە کیژی سوور دەگۆڕدرێتەوە، بەڵام دەبێت بە نیشانەیەکی ناوەکی یا « interpretant »یێك تا پەیوەندی لە نێو نیشانەکان دا ساز بکات و بە ئاوێتەکردن و لە پاڵ یەك دانانی نیشانەکانی وەك: مەعبەد، سبەینێ، یەخسیرێکی ڕووناك، بودا، ئانینا و... مانا بەرهەم بێنێ.

دۆزەخی ئەمڕۆ: هەر درێژەی مێژوویە و لەتێکی سۆمێناتیشی لەتەك خۆیدا بۆ هەنووکە ڕاپێچ کردووە. کەواتا سۆمێنات و ژن یەکن، یا سۆمێنات لە خوایی خۆی دابڕاوە و خراوەتە ناو دۆزەخ. باسی جێگەی ژن لە ڕابردوو و گەورەیی ئیلاهەکان لە ڕێگەی تێکەڵکردنی چەند نیشانەیەکەوە وێنا کرا لە بەرامبەر ئەم ڕابردوویەدا بۆ ئەمڕۆ دۆزەخ بە هەموو ئێش و ئازارەکانییەوە دەبێت بە نیشانەیەکی ناوەکی کە هێندێك نیشانەی تر بە دەوری دا دەسووڕێنەوە. وەك: چریکەی مەعبەد، چەمانەوەی فریشتە، ئاگر بە نێرگز نۆشین، سێوی برین، عیبادەت بۆ مەرگ، ئەنگوستەچاوی مانگ، خوێن، قوربانی، مەسڵەخ، قەبر و ... بە کورتی ئەوەی نیشانە، وشە و گوزارەکان باسی لێدەکەن هەڵگەندنی دۆزەخێك لە چەقی شێعرەکە دایە، دۆزەخ یا ئەژدیها، ئەژدەهاك، درێندە، داگیرکەر و وشەگەلێکی لەم چەشنە.

جگە لە زەمەنی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو، هێندێك لە نیشانەکان شوێنی کارەسات یا دۆزەخ دەست نیشان دەکەن، بەڵام ئەو شوێنە کوێیە و چۆن دەتوانین دیاری بکەین؟ یەکێك لە تایبەتمەندی نیشانەکان ئەوەیە کە تووشی دەلالەتێکی نائاشکرا و لێڵمان دەکەن، کەڵك وەرگرتن لە ئوستووورەی وڵاتانی تر وەك سۆمێنات و بودا ئیرجاعەکان فریو دەدەن، پرسیارەکان لە سەر دیاری کردنی شوێنی دۆزەخ پەرە دەستێنن: ڕابردوو؟ هیند؟ ئاینەکان؟ دەرەوەی مێژوو؟ هەموو جیهان؟ هەرچەند ولێمدانەوەی ئەم پرسیارانە دژوارە، بەڵام من وەك خوێنەرێك هێندێك نیشانە بەهێز دەکەم هێندێکی تر لە نیشانەکان دەخەمە پەراوێز و لەو ڕێگەیەوە شوێنێك دیاری دەکەم بۆ وێنە؛ لە سەر دوو وشەی زاگرۆس و هەڵەبجە زووم دەکەم. لە نێو ڕووداوە میژوویەکانی پەرستگەی (مەعبەد) سۆمێنات جەخت لە سەر هێرشی سوڵتان مەحموود وەك کەسایەتییەکی داگیرکەری ... دەکەم(وەك هێمایەك) و شوێنێك بۆ ئەم دۆزەخە هەڵدەبژێرم.

ئەم شێوە مامەڵە کردنە لە تەك نیشانەکان لانی کەم ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە تا چ ڕ ادەیەك دەستمان ئاوالێیە بۆ ئەوەی نیشانەکان بخەینە پاڵ یەك و تێکەڵی یەکتریان بکەین. دەکرێ بڵێین ئەوەی تا ئێرەی باسەکە لەسەری دواین، سەرەکی ترین سیستەمی دەلالەتی بوو کە دەتوانێ جێ پێی نیشانەکان قایم تر بکات. ئێستا لە ڕێگەی زێتر شیکردنەوەی ئەم نیشانانەی کە جارێکی تر بوونەتەوە بە دال و بە دوای مەدلوول دا دەگەڕێن هەوڵ دەدەم بچمە نێو پلەیەکی سەرتری ئەم سیستەمە دەلالەتییەوە کە لە ناخی نیشانەکان

دا شاردراوەتەوە. بۆ وێنە ئەگەر تا ئێرەی باسەکە ژن وەك مەدلوولێك دیاری کراوە، جارێکی تر خۆی بووە بە دالێك کە بە دوای مەدلوول دا دەگەڕێ و یەکێك لە مەدلوولەکانی ولّاتە، کە بە وردی باسی لێدەکەین.

زەوی جەستەی ئیلاهەیە؛ ژن و زەوی بە شێوەیەکی ڕەمزی یەك شتن، زان و بەرهەمهێنان. زەوی کە گیا و درەخت بەرهەم دێنێ، ژنیش مرۆڤ، کەواتە بۆ کردەوەی زان و بەرهەمهێنان ژن مقیاس و نموونەی زەوییە. بۆچوونی سەرنج -ڕاکێش تر ئەوەیە کە لە باوەڕی ئوستووریی دا دایك هێمایەکە بۆ عەشقی (مادی) و خاك و باب هێمایەکە بۆ ئاسمان، جیهانی سەرەوە و عالەمی مەعنەوی (ئەو بۆچوونە لە سەر بە هێماکردنی شتەکان لە ئوستوورەدا دەورێکی بەرچاو دەبینێ، مار هێمایەکە بۆ جیهانی مادی(زەوی) و باڵندە هێمای عروج و جیهانی سەرەوەیە). ئەوە پەیوەندی نێوان ژن و زەوی بووە بەهۆی ئەوەی کە لە سەردەمی کۆن بە شێوەیەکی شایان ڕێزیان لێ بگیرێ، دایك وەك سەمبولی مێهرەبانی و خیلقەت، یەکەم خوایە کە پەرستش کراوە. هەبوونی خوایەکی مێ لە پەنا هەر خوایەکی نێردا شایەت و بەڵگەیەکی ئاشکران. جۆزێف کەمبێل دەڵێ: « ئوستووریی ئیلاهە مەزنەکان ڕوح سووکی و دلۆقانی لە ڕاست گشت گیانلەبەرەکانمان فێر دەکەن، لە ڕێگەی ئەو ئوستوورانەوەیە کە دەتوانین گەورەیی و پیرۆز بوونی زەوی دەرك بکەین چونکە زەوی جەستەی ئیلاهەیە.»

بەپێی ئەوەی کە وترا، ژن وەك مەدلوولێك جارێکی تر دەبێتەوە دال و دەمان گەڕێنیتەوە سەر ئوستووری. جگە لەوە لە ئیرجاعەکانی ناو دەقیش دا سۆمێنات هەڵدەبژێردرێ کە جەستەی سۆمێنات زەوییە و ئەویش ئیرجاعێکە بۆ ولّات و ...

ئێرەیە سۆمێنات جەستەی دۆزەخ و دەمی قەبرستانی هەتاودوکەڵ دەلوورێنێ لە ئێسکی دا وسبەینێی بەرد کەوابوو ئازارەکان دەگوازرێنەوە بۆ سەر ولّات یا جگە لە ژن، ولّاتیش لەم دۆزەخەدا قەتیس ماوە و قەبرستان چاوبرسییانە چاوەڕوانی دواوەیە(داهاتووی) وەرزەکانییەتی. لەو سۆنگەوە سۆمێناتیش هەر ئوستووری هیندوویەکان نیە و ئوستووری خەڵکی منیشە.(ئێمەشە) ئایینی سۆمێنات دوو خەونە:

دروشمی هیندووەکان: «دەریاکان گۆرانی دوعان بۆ سۆمێنات»

خەڵکی من: «ئاسمان و فریشتە و درەختیش»

هیندووەکان: «مانگ ڕەسووڵی هەڵفڕینە و سۆمێنات خاوەن مانگ»

خەڵکی من: «ئێمەش و خوێنیش و هەتاویش ڕەسووڵین»

میرچائەلیادە دەڵێ: لە ڕوانگەی مرۆڤی مەزهەبی هەموو شوێنەکان وەك یەك نین، واتا هێندێك شوێن لە بارەی چۆنیەتییەوە لە هێندێك شوێنی تر بایخێکی پتریان هەیە، مرۆڤی مەزهەبی باوەڕی بەوە هەیە کە ئەو جیهانە نموونەی جیهانێکی گەورەترە. بە پیرۆز زانینی شوێن ئەزموونێکە بۆ بنیات نانەوەی جیهانێك لەسەر ڕەچەڵەکی جیهانی سەرەوە، ئەوە نکۆڵی لێناکرێ کە مرۆڤ لەبەر ئەوە شوێنی پیرۆز دەدۆزێتەوە و ئاشکرای دەکات کە (معادل)ی مەرکەزێکە کە جیهان لەوێوە خەڵق کراوە، ئەو ڕوانگەیەی مرۆڤێك کە باوەڕی بە پیرۆز بوون (مقدس) هەیە، لە دەروونی مرۆڤێك دا کە باوەڕی بە پیرۆز بوون (مقدس) نیە، هەر ماوەتەوە، بۆ مرۆڤێك کە باوەڕی بە پیرۆز بوون نیە. شوێنەکان بێ لایەنن(خنپی) بەڵام جارێکی تر بە شێوەیەکی جیاواز هێندێکی تر لە شوێنەکان پیرۆز دەکرێن. وەك شوێنی لە دایك بوون، شوێنی خوێندن، یەکەم خۆشەویستی و...

لەم دەقەشێعرییەدا ژن لەسەر ڕەچەڵەکی ئیلاهە ساز دەکرێتەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی تر لە تەك نیشانەکان مامەڵە بکەین، جارێکی تر ڕیسەکەمان لێدەبێتەوە خوری. بۆ وێنە جێگای سۆمێنات و ولّات بگۆڕینەوە، ژن لەسەر ڕەچەڵەکی ولّات بنیات دەنرێتەوە یا سۆمێنات لە جێگەی ژن دابنێین ئەو دەم بۆ سازدانەوە، ولّات دەبێت بە چەقێك، بەگشتی سێ پاژی: ولّات، ژن و سۆمێنات سێ کوچکەیەك سازدەدەن هەر کوچکەیەك بۆخۆی دەبێت بە نیشانەیەکی ناوەکی بەتوانا . ئێستا لە ڕێگەی تێکەڵکردنی ئەم سێ نیشانەیە لە تەك

نیشانەکانی پێشوو وەك دۆزەخ، نوستالۆژیا قوربانی و ... دوو گێڕانەوە لە یەك جیا دەکەینەوە:

یەکەم: باسی ژنێکە کە تا دوێنی جێگەیەکی بەرزی بۆ دانرابوو، ئیلاهە بوو، بەڵام ئێستا شوناسەکەی لێ سەندراوەتەوە. دەستەکانی بوونە بە مەسلەخ، ژنێك کە تا هەنووکە قوربانی بووە و چی تر نایهەوێ ببێتە قوربانی، ژنێك کە بە ئیشراق گەیشتووە و دەیهەوێ ببێتەوە خاوەنی مانگ.

دووهەم: باسی دایك ـ وڵاتێکە کە داگیر کراوە، کولتوورەکەی کەوتۆتە مەترسی و بە هەموو شێوەیەك دەچەوسێندرێتەوە. دایك وڵاتێك کە لە شوناسی مێژوویی و نەتەوایەتی خۆی دادەبڕێ، دایك وڵاتێك کە دایکم و دەستەخوشکانی دەریایی لە پێشخانی پیرۆزی دا قوربانی دەکەن.

لێك جیاکردنەوەی ژن و وڵات لە دەقە شێعرییەکەدا کارێکی دژوارە، جگە لەوەش شێوەی هەڵس وکەوتی ئێمە لە تەك نیشانەکان، ئەو جیاوازییە لەنێو دەبەن. کەواتە ژن و وڵات بە یەکەوە دەگۆڕدرێنەوە تا ڕادەیەك کە ئەگەر لە شوێنێك یەکیان بریندار بوو ئەوەی تریان برینەکان لە سەر جەستەی خۆی دەدۆزێتەوە و بەکورتی و لە کۆی باسەکەدا دەبێ بڵێین ئازارەکانی وڵات دەبینێ و دابەزاندنی پلەوپایەی ژن بە یەکەوە دەبن بە هۆی گەیشتن بە ئیشراق و سەرهەڵدانی قارەمان کە لە ڕێگەی چەند نیشانەیەکی تر لە نێوان دەق دا سەرهەڵدەدات.

مەعبەدەکەی دووپاتەی بودایەکی دوور . درەختی پۆشیوە کیژی سوور

درەخت جگە لەوەی لە پەنا بەرد و چەند نیشانەیەکی تردا شوێنی پیرۆز ساز دەکاتەوە، دەوری هەرە بەرچاویشی لە سەرهەڵدانی قارەمانێکی ژن دایە کە دەیهەوێ شوناسی لە دەست چوو یان داگیرکراوی ژن و وڵات وەدەست بێنێتەوە. درەخت ڕەنگە لە سەردەمی مرۆڤی ئوستوورەییەوە لە لای مرۆڤ پیرۆز بوو بێ، کە تا هەنووکەش شوێنەوارەکەی هەر ماوەتەوە، د. مێهرداد بەهار لە کتێبی «ازاسگوره تا تاریخ»دا دەڵێ: لە سەردەمی کۆن دا باوەڕ لەسەر ئەوە بووە کە ڕووحی مردووە بەهێزەکانی عەشیرە، خواکان یا پەرییەکان لە نێو ئەم درەختانەدا دەژین یا ئەو درەختانە چاوگی ئەوانن. جگە لەوە درەخت وەك شهوود و ڕابوون لە زۆربەی باوەڕە کۆنەکان دا بوونی هەیە، ئەوەی کە سەردەمانێك پاشاکانی ئێران درەختیان وەك هێمایەك بۆ شهوود و ڕابوون لە دیوەخانەکان ڕادەگرت شتێکی بەرچاوە، بەڵام جوانترین بۆچوون لەو بارەیەوە لە باوەڕی بودا دایە کە وەك درەختی ئیشراق چاوی لێدەکرێ و پەیوەندییەکی نێزیکی لە تەك نیشانەی درەخت لەم دەقە شێعرییەدا هەیە.

ژن دووپاتەی بودایە کە جارێکی تر لە خەوی نەزانی ڕادەبێت و ئایین، بیرو شێوە جولێنەوەیەکی نوێ بۆ ژن و دایك ـ وڵات لەگەڵ خۆی دا دێنێ. زەق بوونەوەی نیشانەکانی قارەمان بەشی زۆری لە ڕێگەی ئیرجاعەکانی فۆرمەوە بە ئەنجام دەگات. سێ پرسیار، سێ وەسوەسە، ئایینی سۆمێنات کە سێ جار خەڵکی من و سێ جار وتەی هیندوەکان دەگرێتە خۆی، هەروەها هێندێك نیشانە و ئیرجاعی وشە و گوزارەی تری نێو دەق وەك: درەخت، بودا، پشکوتن، ئارامیش و ...هتد

بودا کە دەچێتە دارستان پاش ئەزموون و گەرانێکی زۆر وەخۆ دێتەوە و بە (شهود) دەگات، لە ڕێگەی گەیشتن بە ئیشراق بە سێ وەسوەسە تاقی دەکرێتەوە، یەخسیریان نابێت و سەردەکەوێ. یەکەم: شەهوەت، دووهەم: ترس و سێهەم: چوونە ژێر ڕکێفی (شعور متعارف) یا بیروڕای گشتی(افکار عمومی)

هەرچەند لە دەقی شێعری «کیژی سوور ...»دا کیژی سووری درەخت پۆشیو، راستەوخۆ وەك بودا وەخۆ دێتەوە و بە ئیشراق دەگات، بەڵام بوداش دەبەزێنی و دەیهەوێ پلەیەکی سەرتر بۆ خۆی دەستەبەر بکات. بە واتایەکی ڕوونتر وەسوەسەکان ڕێڕەوی لە سەرترە: / دووکەڵ دەلوورێنێ لە ئێسکی دا/، دەستەکانی دەبنە مەسلەخ، لە ڕەشاییەك دا دەژی ...، لە ئاگرێکەوە دەشنێ ...، باڵندەکەی بۆ پەنجەرە کفن دەکرێ و ... سەرەڕای ئەوەش ژن کۆڵ نادات، چاوەڕوانی هیچ قارەمانێکیش نیە تا دەربازی بکات، بەڵکوو خەریکە

خۆی دەبێت بە قارەمان. شێوەی هەڵس وکەوتی ئایدیۆلۆژیای ڕاوکراوی دەسەڵات، بیروڕای گشتی، ڕاهاتن بە داماوی و ... فریوی نادەن و گوێیان پێنادات. ژن لە ڕێگەی نۆستالۆژیا خۆی وەک خوایەکی بە توانا، قارەمانێك بنیات دەنێتەوە.

خستنە پاڵ یەك، هاونشینی و ئاوێتە کردنی نیشانەکان کۆمەڵێك گێڕانەوە شێعر بەرهەم دێنن کە لە سەرەوەی هەموویان سێ ئوستووڕەی قوربانی یا کوشتنی شای ئاسمانان، سۆمێنات و بوداخۆیا دەبن. لە ڕێگەی تێکەڵبوونی ئەم ئوستووڕانەوە لەلایەکەوە دۆزەخ، ژن ـ وڵات و نۆستالۆژیا و لە لایەکی ترەوە وشیاری، بەخۆداهاتنەوە و قارەمان ساز دەبنەوە، هەمووی ئەوانەش بە یەکەوە ئایدیۆلۆژی دەخەنە مەترسی. ئایدیۆلۆژییەك کە ئوستووڕەکانی کردوون بە ئوستووڕەی چەوسانەوە و داماوی. کەواتە دەکرێ بڵێین یەکەم ئامانجی ئوستووڕەپەردازی لەم دەقە شێعرییەدا سڕینەوەی ئوستووڕەیە یا سڕینەوەی ئوستووڕەیە لە کولتووڕێك دا کە ئوستووڕە خەساوەکانی کردووە بە زمان و شێوەی بیرکردنەوە و ژیان، ئەم ئوستووڕە ناکارایانە کە فرێ دەدرێن، ئوستووڕەیەکی کارا وەك ئوستووڕەی خوا ژنێکی قارەمان دەخرێتە جێی. بە کورتی ئەم دەقە شێعرییە دەتوانێ باس لە بنیاتنانەوەی قارەمانێکی ژن وڵات بکات کە ساڵەهای ساڵە خەریکە دەچەوسێتەوە و لە شوناسی هەمیشەیی خۆی (چ شوناسی تاك، کۆمەڵایەتی و مێژوویی) جیا دەکرێتەوە. کەواتە یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ئوستووڕەپەردازی لەم دەقە شێعرییەدا ولێمدانەوەی ویستە مەعنەوییەکانە نە مەعنەوییەکی لە دەس چوو، بەم شێوەیەی کە لە ڕۆژئاوادا بوونی هەیە، بەڵکوو مەعنەوییەکی داگیرکراو. جگە لەم دوو ئامانجە، ئامانجێکی تری ئوستووڕەپەردازی لەم شێعرەدا بوونی هەیە کە لە ڕووی پێکهاتە و فۆرمی دەقەوە دەستمان وێی ڕادەگات. بە واتایەکی ڕوونتر ئوستووڕەپەردازی ئامرازێکە بۆ خوڵقاندن و بەرهەم هێنانی فۆرمی چەند شێعر ـ گێڕانەوە. فۆرمێك کە تێکنیك، شێوە نووسین، بگۆڕ و زانستەکانی جیهانی مۆدێرن وەردەگرێ و لە تەك کۆمەڵێك شتی تر کە لە کولتووری عامەوە وەرگیراون یا لانی کەم مۆرکی مێژوویی ئەم نەتەوەیان پێوە دیارە، بە مەبەستی وزەبەخشین و بەرەو پێش چوونی کولتووری نەتەوایەتی دەیهەوێ بۆشایی نێوان سوننەت و مۆدێرن لەنێو ببات.

ژێدەر:

- بهار، دکتر مهرداد، از اسطوره تا تاریخ ، تهران، نشر چشمه:۱۳۷۱
- اسماعیل پور، ابوالقاسم، نسبت اسطوره با ادبیات و فلسفه، کتاب ماه، شماره ۳۵، تهران:۱۳۸٦
- صنعتی، دکترمحمد، صادق هدایت و هراس از مرگ، تهران، نشر مرکز:۱۳۸۰
- صنعتی، دکتر محمد، زمان و نامیرایی در سینمای تارکوفسکی، نشرمرکز، تهران:۱۳۸۱
- فرای، نورتروپ، تحلیل نقد، ترجمه صالح حسینی، تهران، نیلوفر:۱۳۷۷
- بارت، رولان، اسطوره در زمانه معاصر، ترجمه یوسف اباذری، مجله ارغنون شماره ۱۸، تهران:۱۳۸۰
- احمدی، بابک، ساختار و تاویل متن، تهران، نشر مرکز:۱۳۷٦
- کمبل، جوزف، قدرت اسطوره، ترجمه عباس مخبر، تهران،نشر مرکز:۱۳۷۷
- الیاده، میرچا، کتاب مقدس و نامقدس، ترجمه نصرالله زنگویی، تهران، سروش:۱۳۷۵
- الیاده، میرچا، رساله در تاریخ ادیان، ترجمه جلال ستاری، تهران، انتشارات سروش: ۱۳۸۵
- مەحموودزادە، ڕەهبەر، هەندەسەی پەیڤ لەشێعری شێت دا، گۆڤاری پەیژە ژوماره۱، زانکۆی تەورێز:۱۳۸۱-۱۳۸۰

به ناو کوردستانی ئازاددا؛

گەشتێک بە ناو وڵاتێکی تەڕی لە متمانە

هاوڕێ



پێشەکی

لە نێوان ئەو بەرهەمانەی کە لەسەر کوردستان، ژیانی گەلی کورد، ناسنامە و مێژووی ئەم گەلە نووسراون، هەندێک کتێب تەنها بەهۆی زانیارییەکانیان گرنگ نین، بەڵکو بەهۆی ئەوەیە کە بتوانن کوردستان و کورد لە ڕوانگەی مرۆڤێکی گەشتیار، چاودێر و بیرمەندەوە پیشان بدەن. کتێبی «بە کوردستانی ئازاددا» لە نووسینی خاتوو هێلا شلۆمبێرگێر لەو جۆرە بەرهەمانەیە کە گەشتکردن لەگەڵ بیرکردنەوە و هەست و تێڕوانین تێکەڵ دەکات.

ئەم کتێبە تەنها گێڕانەوەی گەشتێک بۆ ناوچەیەک نییە؛ بەڵکو هەوڵێکە بۆ نزیکبوونەوە لە خاکێک، خەڵکێک و کۆمەڵگەیەک کە لە درێژایی مێژوودا لەگەڵ پرسی ناسنامە و ئازادییەوە دەستی و پەنجەی نەرم نەبووە. لە خوێندنەوەی کتێبەکەدا، کوردستان تەنها ناوێکی جوگرافی نییە؛ دەبێتە شوێنی یادەوەری، خەون، خەبات، ناسنامە و هیوا.

لەو ڕووەوە، گرنگیی کتێبەکە تەنها لە بابەتی گەشتەکەی نییە، بەڵکو لەوەدایە کە خوێنەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆیی کوردستان پەیوەندی دروست دەکات.

کوردستان لە نێوان گەشت و ناسنامەدا

گەشتکردن لە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییە گەشتیارییەکاندا تەنها گواستنەوەی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر نییە؛ گەشت هەندێک جار شێوازێکە بۆ ناسینی مرۆڤ و کۆمەڵگە. لەم کتێبەشدا، کوردستان لە ڕێگەی گەشت و بینین و دیدارەوە دەبێتە بابەتی تێڕوانین و لێکدانەوە.

نووسەر بە چاوی گەشتیارێک دەڕوانێتە سروشت، گوند، شار، شاخ و دۆڵ و ژیانی خەڵک. بەڵام لە پشت ئەم وێنانەدا پرسیارێکی گەورەتر هەیە: ئەم خاکە بۆ خەڵکەکەی چییە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە تەنها لە جوگرافیا یان سروشتدا نییە. خاک لە هەستی مرۆڤی کورددا پەیوەندییەکی قوواڵی بە ناسنامەوە هەیە. کوردستان لە تێڕوانینی ئەم جۆرە گێڕانەوەیەدا دەبێتە شوێنی کۆبوونەوەی مێژوو و ئێستا؛ شوێنی یادەوەریی نەوەکان و هیوا داهاتوو. بۆیە خوێنەر کاتێک لەگەڵ وێنەی سروشتی کوردستان، ژیانی خەڵک و کەلتووریاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، تەنها وێنەی ناوچەیەکی جوان نابینێت؛ بەڵکو هەستی بەوە دەکات کە لە پشت هەر گوند و شاخ و شارێکدا چیرۆکێکی مرۆیی و مێژوویی هەیە.

مرۆڤ و خاک؛ پەیوەندییەکی قوواڵی ناسنامەیی

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی خوێندنەوەی «بە ناو کوردستانی ئازاددا» پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خاکە. لە تێڕوانینێکی ئەکادیمیدا، خاک تەنها بۆشاییەکی جوگرافی نییە؛ دەتوانێت ببێتە بەشێک لە ناسنامەی کۆمەڵایەتی و مێژووییی کۆمەڵێک مرۆڤ.

کاتێک باس لە کوردستان دەکرێت، ئەم پەیوەندییە زیاتر ئاڵۆز دەبێت، چونکە پرسی کوردستان بە مێژوو، زمان، کەلتوور و هەستی ناسنامەی کوردییەوە گرێدراوە. لەم ڕووەوە، ئەوەی کتێبەکە دەیخاتە بەردەم خوێنەر تەنها پرسیاری «کوردستان چۆنە؟» نییە، بەڵکو پرسیاری «کوردستان بۆ کورد چییە؟» یشە. ئەم جیاوازییە زۆر گرنگە. چونکە گەشتیار دەتوانێت شوێنێک ببینێت و وەسفی بکات، بەڵام تێگەیشتن لە مانای ئەو شوێنە بۆ خەڵکەکەی پێویستی بە تێگەیشتنێکی قوواڵتر هەیە. لەبەر ئەمە، خوێندنەوەی کتێبەکە دەتوانێت بۆ خوێنەر ببێتە دەستپێکی بیرکردنەوە لەسەر پەیوەندیی نێوان جوگرافیا و ناسنامە.

ئازادی؛ تەنها پرسیارێکی سیاسی نییە

ناوی کتێبەکە خۆی، واتە «بە ناو کوردستانی ئازاددا»، خوێنەر بەرەو پرسیاری ئازادی دەبات. بەڵام ئازادی نابێت تەنها بە مانای سیاسییەکەی بخوێندرێتەوە.

ئازادی دەتوانێت مانای پاراستنی زمان، کەلتوور، مێژوو و توانای کۆمەڵگە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێت. بۆ گەلێک کە ناسنامەکەی لەگەڵ زمان و کەلتوور و خاکدا پەیوەندییەکی قوواڵی هەیە، پاراستنی ئەمانە خۆی جۆرێک لە خەبات بۆ مانەوە و بەردەوامبوونە.

لـــەو ڕووەوە، کێشەکـــە دەتوانێـــت خۆینەر بەرەو تێگەیشـــتنێکی فراوانتـــر لـــە چەمکی ئـــازادی و ڕزگاری ببـــات. ئازادی تەنها گۆڕینی سیســـتەمێکی سیاســـی نییـــە؛ بەڵکـــو دەتوانێت ڕۆژســـەیەکی درێژخایـــەن بێـــت بـــۆ گەشـــەپێدانی کۆمەڵگە، بەرزکردنـــەوەی هۆشـــیاری، پاراســـتنی کەلتوور و بەهێزکردنـــی توانـــای مرۆڤ.

خەبات؛ لە چەکەوە بۆ هۆشیاری

یەکێک لـــە خاڵـــە گرنگەکانی ئـــەم خوێندنەوەیە ئەوەیـــە کـــە خەباتی گەلی کـــورد نابێـــت تەنها بـــە خەباتـــی چەکـــداری ســـنووردار بکرێـــت. مێـــژووی کۆمەڵگـــەکان پیشـــانی دەدات کە هیچ گۆڕانکارییەکـــی بنەڕەتـــی بـــە چـــەک بـــە تەنیا بەدەســـت نایەت.

خوێندن، هۆشـــیاری، پـــەروەردە، پاراســـتنی زمان، بەهێزکردنـــی کۆمەڵگەی مەدەنـــی، یەکگرتوویی و دروســـتکردنی بیرکردنەوەی سیاســـی، هەموویان بەشێکن لە پڕۆســـەی گەشـــەپێدانی کۆمەڵگە.

لـــەو ڕووەوە، ئەگـــەر کێشەکـــە وەک بەرهەمێکی تێکەڵکـــەرەوەی گەشـــت و مێژوو و کۆمەڵناســـی بخوێندرێتـــەوە، دەتوانێـــت پرســـیارێکی گرنـــگ بخاتە بەردەم خوێنـــەر: ئایا داهاتـــووی کۆمەڵگە تەنهـــا بە خەباتی سیاســـی و چەکداری دروســـت دەکرێت، یان پێویســـتی بـــە بنیاتنانـــی مرۆڤ و دامـــەزراوە و هۆشـــیارییەکی نوێش هەیە؟

ئـــەم پرســـیارە کێشەکە لـــە ســـنووری گێڕانەوەی گەشـــت دەرەخـــات و دەیباتـــە نـــاو بواریکـــی فراوانتـــری بیرکردنـــەوەی کۆمەڵایەتی و سیاســـی.

کەلتوور و زمان وەک بنەمای ناسنامە

لـــە هـــەر کۆمەڵگەیەکدا زمـــان و کەلتـــوور دوو بنەمـــای ســـەرەکیی ناســـنامەن. کوردیـــش لـــە درێژایـــی مێـــژوودا بە زمـــان، ئەدەب، مۆســـیقا، هۆنراوە، نەریت و شـــێوازی ژیانەوە ناســـنامەکەی پاراستووە.

بۆیـــە هـــەر گێڕانەوەیەک کە باســـی کوردســـتان و ژیانـــی خەڵکـــی دەکات، بـــە شـــێوەیەک یان شـــێوەیەکی تر دەچێتە نـــاو ئەم پرســـیارە: چۆن ناســـنامەی کۆمەڵایەتـــی لەگـــەڵ گۆڕانکارییـــە مێژووییـــی و سیاســـییەکاندا خـــۆی دەپارێزێت؟

لە کێشەکـــەدا، ئەم بابەتە لە چوارچێوەی گەشـــت و دیدارەوە دەردەکەوێـــت. خوێنەر لەگەڵ خەڵک و ژیانـــی ڕۆژانەیان نزیک دەبێتـــەوە و لە ڕێگەی ئـــەم نزیکبوونەوەیـــەوە دەکرێـــت تێبـــگات کە کەلتوور تەنها شـــتێکی مۆزەخانەیـــی نییە؛ بەڵکو بەشـــێکی زیندووی ژیانی ڕۆژانـــەی مرۆڤە.

ڕۆڵی وەرگێڕان

لە هـــەر بەرهەمێکی وەرگێـــڕدراودا، وەرگێڕ تەنها گواســـتنەوەی وشـــەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تـــر نـــاکات. ئـــەو هەروەهـــا پەیوەندییەکی نوێ لەنێـــوان نووســـەر و خوێنـــەری زمانەکەی خۆی دروست دەکات.

لـــە پەڕتووکی«بـــە ناو کوردســـتانی ئـــازادیدا»دا، وەرگێڕانـــی هەڵمـــەت مەعروفـــی گرنگیـــی تایبەتـــی هەیە، چونکـــە خوێنەری کـــورد بەهۆی وەرگێڕانەکـــەوە دەتوانێت ئەو جیهانـــە لە زمانی خۆیـــدا بخوێنێتەوە.

گرنگیی وەرگێـــڕان لەوەدایە کـــە دەبێت هاوکات دوو ئامانـــج بپارێزێـــت: یەکەم، واتا و مەبەســـتی دەقـــی ســـەرچاوە؛ دووەم، ڕەوانی و سروشـــتیی زمانی مەبەســـت. ئەگـــەر وەرگێڕ تەنها وشـــەکان بگوازێتـــەوە، دەقەکە دەتوانێت وشـــک و بێڕۆح ببێت؛ بەڵام ئەگـــەر بە ئازادییەکـــی زۆر لە دەقی ســـەرەکی دوور بکەوێتەوە، ئەوا دەنگی نووســـەر دەگۆڕێت.

لـــەو ڕووەوە، وەرگێڕانی ئـــەم کێشـــە دەتوانێت بەشـــێک لە پڕۆســـەی نزیککردنـــەوەی خوێنەری کـــورد بێـــت لەگـــەڵ بەرهەمێکـــی نووســـراو لە دەرەوەی زمـــان و ئەزموونی ڕاســـتەوخۆی کوردی.

هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە

بەهای کێشەکە لـــەوەدا نییە کـــە خوێنەر دەبێت لەگەڵ هەمـــوو تێبینـــی و هەڵســـەنگاندنەکانی نووســـەر هاوڕا بێت. بە پێچەوانەوە، خوێندنەوەی ئەکادیمـــی پێویســـتی بـــە جیاکردنـــەوەی نێوان «ئەزموونی کەســـیی نووســـەر» و «داتا و ڕاستییە مێژووییـــەکان» هەیە.

هـــەر گەشـــتیارێک شـــوێن و ڕووداو لـــە پێناوی ئەزموونـــی خۆیـــەوە دەبینێـــت. بۆیـــە ڕوانگەی نووســـەر، هەرچەندە دەتوانێـــت گرنگ و کاریگەر

بێت، بەڵام لە کۆتاییدا ڕوانگەیەکی مرۆیی و کەسییە. خوێنەری ڕەخنەگر دەبێت لەگەڵ ئەو دەلاقەیە گفتوگۆ بکات، نەک بەبێ پرس و پرسیار وەری بگرێت.

ئەم خاڵە هیچ بەهایەک لە کتێبەکە کەم ناکات. بەڵکو وای لێدەکات خوێنەر بە چاوێکی وردتر و بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەتر لێی بڕوانێت.

حیزب، سەرکردایەتی و هیوا

لە بەشێکی گرنگی تێڕوانینی کتێبەکەدا، خوێنەر تەنها ناچێتە ناو کوردستانی سروشتی و کۆمەڵایەتی، بەڵکو نزیک دەبێتەوە لە جیهانی سیاسی و خەباتی کورد و لە ناو ئەو جیهانەدا، لە حیزب و سەرکردایەتی و ئەو کەسانەی کە باری خەبات و هیوا و دڵسۆزییان لەسەر شانی خۆیان هەڵگرتووە.

ئەم بەشە لەبەر ئەوە گرنگە کە مێژووی سیاسیی کوردستان تەنها مێژووی ڕووداوەکان نییە؛ مێژووی مرۆڤەکانیشە. پشت هەر بڕیارێکی سیاسی، هەست و ترس و ئومێد و باوەڕی مرۆڤان هەیە. بۆیە کاتێک کتێبێک ئەم مرۆڤانە لە ژیانی ڕۆژانە و خەباتی سیاسییاندا نزیک دەخاتەوە، مێژوو لە شێوەیەکی زیندووتر دەردەکەوێت.

لەو ڕووەوە، ئەو سەرکردە و کەسانەی کە لە گێڕانەوەی کتێبەکەدا دەردەکەون، تەنها ناوی کەسایەتیيە مێژوویيەکان نین؛ بەڵکو هێمای ئەو کۆمەڵگەیەن کە لە نێوان خەبات، دڵسۆزی، بوێری و هیوا بۆ داهاتوودا دەژی.

کۆتایی

"بە ناو کوردستانی ئازاددا" دەتوانرێت لە چەند ئاستێکدا بخوێندرێتەوە: وەک گێڕانەوەی گەشت، وەک بەڵگەیەکی مرۆیی، وەک دەقێکی کەلتووری و وەک دەستپێکێک بۆ بیرکردنەوە لە پرسی ناسنامە و ئازادی.

هێزی سەرەکیی کتێبەکە لەوەدایە کە کوردستان لە چوارچێوەی نەخشە و جوگرافیا دەرەخات و دەیباتە ناو جیهانی مرۆڤەکان. کوردستان لێرەدا تەنها خاک نییە؛ خاکێکە کە یادەوەرییەکان لەسەرە، خەڵک لەسەر دەژین، کەلتوور لەسەر دەژی، و هیوا بۆ داهاتوو لە ناخی مرۆڤەکانیدا بەردەوامە.

خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ خوێنەری کورد دەتوانێت جۆرێک لە خۆناسین بێت، چونکە هەندێک جار پێویستە مرۆڤ خۆی و خاکەکەی لە چاوی کەسێکی دەرەوە ببینێت بۆ ئەوەی هەندێک لە وردەکارییەکانی زیاتر ببینێت. بۆ خوێنەری نائاشنا بە کوردستانیش، کتێبەکە دەتوانێت دەروازەیەک بێت بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگەیەک کە مێژوو و ناسنامە و ئازادی لە ناخیدا بە یەکەوە گرێدراون.

لە کۆتاییدا، «بە ناو کوردستانی ئازاددا» تەنها بانگەوازێک بۆ سەیرکردنی کوردستان نییە؛ بانگەوازێکە بۆ تێگەیشتن لە کوردستان. جیاوازیی نێوان «بینین» و «تێگەیشتن» لێرەدا زۆر گرنگە. دەتوانیت شاخەکان ببینیت، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە مانای شاخ بۆ مرۆڤی کورد، پێویستە مێژوو و کەلتوور و هەستی ئەو مرۆڤەش بخوێنیتەوە. لەبەر ئەوە، ئەم کتێبە دەتوانێت بۆ خوێنەر گەشتێک بێت؛ بەڵام گەشتێک کە کۆتاییەکەی لەگەڵ داخستنی دوا لاپەڕەی کتێبەکە نییە. چونکە ئەو پرسیارانەی کتێبەکە دەیخاتە بەردەم خوێنەر — پرسیاری خاک، ناسنامە، ئازادی، خەبات و داهاتوو — دوای تەواوبوونی خوێندنەوەکەش لە مێشک و هۆشی مرۆڤدا بەردەوام دەبن.

لەو ڕووەوە، «بە ناو کوردستانی ئازاددا» دەتوانێت بەرهەمێک بێت کە خوێنەر تەنها لە ڕێگەیەکی گەشتدا نابات، بەڵکو بەرەو ناو دڵی خاکێک دەبات کە لە مێژوودا هەمیشە خەونی ئازادیی بینیوە.

“ ڕێنمایی نووسین ”

ڕێنووسی کوردی

ئامادەکردن:
بەشی زمانەوانی

بە سەرنجدان بەوەی نووسەرانی تیشک و خوێندەوارانی کورد، بنەما گشتییەکانی ڕێنووسی کوردی دەزانن، بە پێویستیمان نەزانی هەموو بەشەکانی ڕێنووسی کوردی لێرە بنووسینەوە و تەنیا لەم نووسراوە کورتەدا ئاماژە بەو خاڵانە کراوە کە بەشێکی زۆر لە نووسەران لەبەرچاویان ناگرن و بە هەڵە دەیاننووسن.

کێشەی (ڕ)ی سەرتا

تەنیا لە شێوەزارەکانی کرمانجیی سەروودا پیتی «ر» لە سەرەتای وشە دەتوانێ بچووکیش بێت. لەباقیی شێوەزارەکان واتا شـێوەزارەکانی کوردیی ناوەندی و کوردیی گۆرانی و خوارەوەدا، ڕێی سەرەتا هەمیشـە قەڵەوە و بە قەڵەویش دەنووسرێت. ڕزگار، ڕێگا، ڕێباز، ڕێنوێنی.

کێشەی (و)ی پەیوەندی

پیتی (و) کاتێک بۆ پێکەوە بەسـتنەوەی دوو وشە پێکەوە دێتە ناو ڕستەوە، ڕۆڵی وشەیەکی سەربەخۆ دەگێڕێ و نابێ بلکێندرێ بە وشەی پێش یا پاش خۆیەوە.

ژن و پیاو
حیزب و لایەنەکان
کۆمەڵگا و حکوومەت
حەز و خولیا

لەو وشە لێکدراوانەی کە لە لێکدرانی دوو وشە بە (و) دروست بوون دەبێ بە یەک دانە (و) بنووسرێ نەک دوو دانە:

گفتوگۆ
هاتوچۆ
توندوتیژی
کەشوهەوا
کشتوکاڵ
هەڵسوکەوت

کێشەی (ی) ی خستنەسەر و ئاوەڵناو

هەموومان دەزانین بۆ لکاندنی ناو بە ئاوەڵناو یان موزاف بە موزاف ئیلەیهەوە، کەڵک لە نیشانەی (ی) وەردەگیرێت و (ی) دەلکێت بە ناوەکەوە.

پێشمەرگە + ی + ئازا = پێشمەرگەی ئازا
کتێب + ی + بەسوود = کتێبی بەسوود
خولیا + ی + ڕزگاری = خولیای ڕزگاری
خەڵک + ی + کوردستان = خەڵکی کوردستان

بەڵام ئەگەر ناوێک خۆی بە (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی)ی بچێتە سەر.

دیاری + ی + کوردستان = دیاریی کوردستان
یەکێتی + ی + نیشتمانی + ی + کوردستان = یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئەگەر وشەکە بە دوو (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی) وەربگرێت و بە سێ (ی) بنووسرێ.

ئاوارەیی + ی + کورد = ئاوارەییی کورد
شارەزایی + ی + کاربەدەستان = شارەزاییی کاربەدەستان
قەیرانی + ژینگەیی + ی + کوردستان = قەیرانی ژینگەییی کوردستان

(ی)ی جێناوی سێهەم کەسی تاک

پیتی (ی) جێناوی سێهەم کەسی تاکە. وەک ئەو سێ حاڵەتەی لە سەرەوە بۆ (ی)ی خستنەسەر باسمان کرد، ئەگەر لە شوێنێک پێویست بە (ی)ی جێناوی سێهەم کەسی تاک بێ دەبێ بنووسرێ. زۆربەی نووسەران بۆ حاڵەتی یەکەمدا کە حاڵەتی سادەیە دەینووسن بەڵام لە حاڵەتی

دووهەم و سێهەمدا ناینووسن بەڵام نووسینی پێویستە.

١.

پرسیاری کرد

وتاری نووسی

کتێبی خوێندەوە

٢ و ٣.

کورد ئازادیی دەوێ

شەریف چالاکیی ژینگەیی دەکرد

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

خۆپێشاندانی ناڕەزاییی بەڕێوە برد

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

نەتەوەی کورد سەربەخۆیی دەوێ

(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)

جێناوی لکاوی (ی) بۆ سێهەم کەسی تاک و (یان) بۆ سێهەم کەسی کۆ، کاتێک لەگەڵ «کاری تێپەڕ / فعل متعدی» دا بێن دەبێ وەک خۆیان بنووسرێن.

نموونەی گەردانکردن

گرتم، گرتت، گرتی / گرتمان، گرتتان، گرتیان

ئەگەر قەدی کردارەکە خۆی بە پیتی ...ـــی کۆتاییی هاتبێت، کاتێک کە جێناوی لکاویان دەخرێتە سەر نابێت ...ـــی بقرتێنرێت:

نووسین: نووســی:

نووسیم ، نووسیت، نووسیی (نووسی هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)

نووسیمان، نووسیتان، نووسییان (نووسیان هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)

پرســیــن:

پرســی + م = پرســیــم

پرســی + ت = پرســیــت

پرســی + ی = پرســیــی

دەبێت وا بنووسرێن: من پرسیم، تۆ پرسیت، ئەو پرسیی. (نەک ئەو پرسی).

پرسی + مان = پرسیمان

پرسی + تان = پرسیتان

پرسی + یان = پرسییان

دەبێت بنووسرێن: ئێمە پرسیمان، ئێوە پرسیتان، ئەوان پرسییان (نەک ئەوان پرسیان)

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیــی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

جێناوی لکاو لە کاری (تێنەپەڕ / لازم)دا:

بــەڵام ئەگەر کردارەکە (کاری تێنەپەڕ / فعل لازم) بوو وەک (باڕیــن، فڕین، خزین، وەڕین، پژمین) ئەو کاتە لە دۆخی ڕابردوودا کەڵک لەم جێناوە لکاوانەی (...م، ...ی / یت، ... ـــ / ...ین، ...ن، ...ن) وەڕدەگرین. ئەگەر قەدی کردارەکە بە ...ـــیــ کۆتاییی هاتبێت لە کاتی خستنەسەری ئەو جێناوانەدا نابێت ...ـــیــ لەبیر بکرێت و پێویستە بنووسرێت.

نموونەی گەردانکراو:

فڕین؛ فڕیــ م = فڕیم = من فڕیم، فڕیــ ی = فڕیی = تۆ فڕیــیــت، فڕیــ ـ = فڕی = ئەو فڕی.

تاک: فڕیم، فڕیی / فڕییت، فڕی.
کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین.
نموونەی تر:
کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).
هەروەها لە دۆخی کۆی سێیەم کەسی کۆش هەر بە هەمان شێوەیە:
پرسـیـیـان (نەک پرسیان)
گۆڕییان (نەک گۆڕیان)
دزییان (نەک دزیان)

کێشەی (ە) وەک فرمانی پەیوەندی و (ی)ی یاریدەدەر

بزوێنی (ە) لە زمانی کوردیدا ١٢ کارکردنی هەیە کە نووسەران زۆربەی کات بە شێوەی ئاسایی و بێ هەڵە بەکاریان دینن بەڵام لە چەند حاڵەتێکدا کە لێرە ئاماژەیان پێ دکەین تووشی هەڵە دەبن.
یەکێک لە کارکردەکانی (ە) لە کوردیدا بۆ کاری دانە پاڵە یا کاری نەتاوە
کچەکە جوانە
گوارەکەی زێڕە
کتێب بەسوودە.
کوردستان خۆشە.
بەڵام ئەگەر وشـەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێـت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.
ئەو شارەزایە.
کارێکی بەجێیە.
برینم کاریە.
کراسەکەی کرێشەیە.
یەکێکی دیکە لە کارکردەکانی (ە) ئەوەیە کە دەبێتە بەشێک لە هاوەڵناوی نیشانە.
ئەم گۆڤارە
ئەم کتێبە
ئەم حیزبە
ئەم کوردستانە
لەم حاڵەتەشدا وەک حاڵەتی پێشوو ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، ۆ، ی، ێ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.
ئەم کۆبوونەوەیە
(زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ھ» کۆتایی هاتبێ «یە» نانووسن کە هەڵەیە)
ئەم چیایە
ئەم ڕادیۆیە

ئەم ئەم ئاسانکاریە
ئەم جێیە
ئەم پێکهاتەیە
هێندێک جار ئەو دوو (ه)یە کە لە دوو حاڵەتی پیشوودا باسمان کرد بە دوای یەکدا دێن. لەم
هیوام بەم گۆڤارەیە
هیوام بەم کۆبوونەوەیەیە (وەک حاڵەتی پێشوو ڕۆڕبەی نووسەران ئەگەر وشــەیەک بە «ه» کۆتایی هاتبێ «یە»ی دووهەم نانووسن کە هەڵەیە)
چاوم لەم حیزبەیە
چاوم لەو چیایەیە
کورد نشتەجێی ئەم کوردستانەیە
کورد نشتەجێی ئەم جێیەیە
بە قازانجی ئەم پێکهاتەیەیە

کێشەی (بە، بێ)

(بە) بەمانای دارا و خاوەن و (بێ) بە مانای بێبەری بوون، هەم لە ئاستی وشەی سەربەخۆدا لە ڕستەدا دەور بگێڕن و هەم لە ئاستی وشەسازیدا کارا بن.

هەر کاتێک (بە) بەو مانایەی سەرەوە ئاوەڵناوێکی تازە دروست بکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت: بەسوود، بەتامـ = بەچێژ، بەبڕوا = بڕوادار

هەر وەها ئەگەر بێ بە مانای (بەبێ) نەبێت و دەستەی ئاوەڵکارـ دروست نەکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێتـــ و ئاوەڵناوێکی تازە دروست دەکات.

ئەو هیچ کاتێک مرۆڤێکی بێهیوا نەبووە. بێهیوا = ئاوەڵناو

بەڵام

بەبێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت.

یان بێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت. بێ هیوا = دەستەی ئاوەڵکار

کێشەی پێشبەندی لە

ئەگەرچی (لە) خۆی وەکوو ئامرازێکی سەربەخۆیە و لە بنەڕەتدا خۆی کار دەکاتە سەر وشەگەلی وەکوو (سەر، پشت، ژێر، ناو و ...) بەڵام ئیستا لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیلە بە یەک وشە و بە پێشبەندی حەساب دەکرێن: لەسەر، لەپشت، لەدوا، لەناو، لەنێوان، لەتەنیشت،

لەسەر ڕێگای گەڕانەوەم..
لەنێو ئەم دارستانەدا،
کێوێکی بەرز لەنێوان ئەم دوو شارەدایە.
لەپشت پەنجەرەکە ڕاوەستابوو.

تێبینی ا: سەر ئەگەر بەمانای خودی سەر بێت، ئیتر بە جیا دەنووسرێت.

بەردێکی لە سەری دا.

سەرتاپای لەشی تەڕ بووە. (سەرتاپا یەک وشەیە، بەواتای هەمووی جەستەی)

....، هەر لە سەر تا پاتەوە.

تێبینی۲: لە ئەم لا --- لەم لا
لە ئەو کا--- لەو لا

کێشەی (دا)

(دا) لە کوردیدا بە سێ شێوە دەردەکەوێت.

(دا) وەکوو بەشێک لە دووانەی (لە...دا) و (بە...دا) و (دە...دا) کە هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.

لە کوردستاندا، بەو ڕێگایەدا هاتم.

(دا) وەکوو پێشــگری دروستکەری کاری داڕێژراو: بە حوکمی پێشگر بوون و ســەربەخۆ نەبوونی، لەگەڵ ئەو وشەیەدا دەنووسرێت کە دەچێتە سەری:

دانیشتن

داگرتن

چۆکی دادا.

تێبینی: ئەو حوکمە بۆ دوولاگرەکانی تری وەکوو (لە...ەوە) و (لە...ڕا) و... دروستە.

(دا) وەکوو کاری سەربەخۆ کە هەمیشە بەجیا دەنووسرێت.

بەردێکی لە پەنجەرەکە دا.

خەنجەرێکی لەسەر دڵی دا.

کێشەی (ڕا)

ڕا دۆخێکی سادەتری لە دا هەیە. ڕا وەکوو بەشێک لە دوولاگری (لە...ڕا) و (بە...ڕا) هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.

ڕا دەوری پێشگر دەبینێت و کاری داڕێژراو دروست دەکات: ڕاهاتن، ڕاخستن

بە شتێک ڕاهاتن بە واتای فێر بوون و خوو پێوە گرتنە.

لەم موبایلە نوێیەت ڕازیت؟ ـ بەڵێ، پێی ڕاهاتووم.

تا ئیستە بۆ سندووس چوویت؟ ـ جارێک پێیڕا هاتووم.

ئەم/ئەو

ئەم و ئەو چ وەکوو جێناوی ئاماژە و چ وەکوو ئاوەڵناوی ئاماژە، وشــەی ســەر بەخۆن و نابێت بە وشەی پاش خۆیانەوە بلکێنرێن.

بەڵام وشەگەلی وەکوو ئەمشەو، ئەمڕۆ، ئەمساڵ بوون بە وشەی سەربەخۆ و ئەو ڕێسایە نایانگرێتەوە.

ئەمشەو بێ شێو سەر دەنێیتەوە.

ئەم شەوە چەند تاریک و بێدەنگە.

تێبینی:

لە ئەو ـــ- لەو

لە ئەم ـــ- لەم

لە ئەوێ ـــ- لەوێ

لە ئەمێ ـــ- لەمێ

لە ئێرە ـــ- لێرە

کاری پێشبەندی

پێ/ لێ/ تێ، جۆرێکی تر لە دەربڕینی دۆخی بە/ لە/ دە ـ ن و بەشێوەی ئاسایی دەبێت سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

پشتم پێ بەست

کتێبم پێ دا

گوشاری دوژمن چۆکمان پێ دانادا
دەستم لێ هەڵگرت
تێی هەڵدە
دەستی پێ بکە

هەندێک کار بە پێشبەندەکانیانەوە مانای تازە دروست دەکەن بۆیە دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن.

پێگەیشتن
تێگەیشتن
پێکەنین

ئیدیۆم

دەبێت مانای ئیدیۆمیی چەند وشە لەگەڵ کارەی لێکدراو جیا بکەینەوە. ئیدیۆمێک کە لە چەند وشە پێکهاتووە، بە پیچەوانەی کاری لێکدراو وشەکانی بە جیا دەنووسرێن.

دەست لێ هەڵگرتن
= وازهێنان
دەست لێ بەردان
= واز لێ هێنان
ئاسنی سارد کوتان
= کاری بێهوودە کردن
چاو لێ داخستن
= گرنگی پێ نەدان

ڕێنماییی نووسین
مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

١ تیشــک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.

٢ لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام توێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرسی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.

٣ گۆڤاری تیشک گرنگی بە چوار شێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:

- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ٨٠٠ تا ١٥٠٠ وشە؛ توێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ١٥٠٠ تا ٢٥٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی توێژینەوەکە شی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ٢٥٠٠ تا ٤٠٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێڕان:** لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەسەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.

٤ ئەو توێژەرانەی کە لە بڕۆژەهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.

٥ دەستەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵسەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.

٦ پێویستە لەگەڵ وتارەکان پوختەیەکی کورت لە نێوان ٥٠ تا ٧٠ وشە ئامادە بکرێ.

شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشک کەڵک لە سیستەمی سەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووسەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویستیان بە ئاماژە بە سەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووسەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەڕەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات ببێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

١. کتێب

عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤)، ٣٢٠.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانیذ، ١٣٨٣) ٥-٦.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion 1880-1925 (Austin, University of Texas Press, 1989) 83-4.

٢. بەشێک لە کتێب

Abbas Vali, "Nationalism and the Question of Origins," in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, 2003), 8-9.

٣. گۆڤار و ژورنالّ

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان،» گۆڤاری تیشک ٤٨ (٢٠١٨): ١٣-١٧.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, "Interrogating the tribal: the aporia of 'tribalism' in the sociological study of the Middle East," The British Journal of Sociology (2019 online): 18.

IN THE NEXT ISSUE
“Eastern Kurdistan in the Face of
War and Political Change:
The Kurdish Movement and
the Question of Reconfiguring
Political Forces”

ISSN (Print) 2942-7916
ISSN (Online) 2942-7894
DOI 10.69939/TISHK0074

TISHK Magazine presents a wide range of articles, interviews and analyses by leading scholars, researchers and experts in the field of Kurdistanology and the Middle East. It covers various topics related to Kurdistan, including politics, culture, history, language, literature, and much more.

Impressum:

Verlags- bzw. Erscheinungsort:
Bonn
Herausgeber: TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
Redaktion: TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
Druck: Eigendruck
Vertrieb: Durch den Herausgeber
Anschrift der Redaktion:
TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
Postfach: 840108
51033 Köln
Email: info@tishk.org
Webseite: www.tishk.org
Tel.Nr.: +4915110338428
V.i.S.d.: Siawasch Mohammadi

TISHK Magazine

Editor-in-Chief:
Nasir Muradi

Editorial Board:
Dr. Idris Ahmedi, Rizgar Amin Nezhad
Ali Esmailnazhad, Shahla Dabaghi
Kamal Hassanpour, Aram Kaykhosrawi, Siawasch Mohammadi, Zahir Mohammadi, Ali Monazzami, Davoud Osmanzadeh, Dr. Fateh Saeidi, Hezrin Sine, Dr. Rahim Surkhi and Hiwa Tase

Advisory board of TISHK Magazine:
Dr. Esmail Baziyar, Dr. Baban Eliassi
Dr. Biryar Jaweroiy, Dr. Allan Hassaniyan
Dr. Azad Mohammadyani
Dr. Qadir Wrya, Dr. Manisht Zagros

Contributors to this issue of the magazine
Copy Editors:
Taleb Ghaysari, Kamal Hassanpour, Kamel Najari
Rebwar Rojhelat, Ziyad Asad. Chiya Kalhor,
Rasool Sultani, Samal Ahmedi, Paya Kalhor

Editorial Assistant &Translation Coordination: :
Rebwar Rojhelat, Aso Ardalan and Halala Heidari

Editorial Assistant:
Rebwar Rojhelat

Designer:
Rebaz Rojhelat

Cover photo:
Keiwan Fatehi

www.tishk.org

TISHK Magazine

Spring & summer 2026 VOL 28 No 74

A Publication of the TISHK Center for Kurdistan Studies

Eastern Kurdistan in the Face of War and Political Change: The Kurdish Movement and the Question of Reconfiguring Political Forces

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

ISSN (Online) 2942-7894

74

www.tishk.org